الأكاديمية الكردية

مارتین ڤان بڕاونێسن

# کورد و مارتین

کۆمەڵێک لیکۆڵینەوەو وتاری مەردمناسی هۆڵەندی
مارتین ڤان بڕاونسێن سەبارەت بە کورد و کوردستان



هەولێر
٢٠١٧

مارتین ڤان برۆاونێسن

# کورد و مارتین

کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و وتاری مەردمناسی هۆڵەندی
مارتین ڤان برۆاونێسن سەبارەت به کورد و کوردستان

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
حەسەن قازی

# کورد و مارتین

**کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و ووتاری مەردمناسی هۆڵەندی مارتین ڤان بڕاونێسن سەبارەت  بە کورد و کوردستان**

بابەتەکان:

1.کوشتارێک کە خەریکە لە بیر بکرێ : دەرسیم ، ٣٨ ــ ١٩٣٧

2.سەرهەڵدانی شێخ سەعید ، ئیسلامی جەماوەری، ناسیۆنالیسمی کورد و ڕاپەڕینی دەرەوەی شاران
سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە تورکییە (١٩٢٥)

3.هەویەتییە لە گۆڕانهاتووە نەتەوایەتی و ئیتنیکییەکان: کوردەکان لە تورکییە ولە دیاسپۆرای ئورووپا

4.کۆمەڵگەی کورد: ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران

5.ساداتی نەهری یان گەیلانیزادەی کوردستانی نێوەندی

6.کوردان ، دەوڵەتان و، عەشیرەتان

7.مەم و زین ی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی ووشیاری نەتەوەیی کوردی دا

8.پرسی کورد: پرسی کێ؟ ووڵامی کێ ؟ بۆ ڕێزلێنان لە بیرەوەری وەدیع جو وەیدە

9.سماعیل بەشیکچی : کۆمەڵناسی تورک ، ڕەخنەگری کەماڵیزم و ، کوردناس

10. وتووێژی حەسەن قازی لەگەڵ مارتین ڤان براونێسن. ' بەراوەرد کردنی کوردی و ئێسپێرانتۆ گاڵتە جاڕی یە'

11.' کوردان کریانم بە ئینسان ' ، وتووێژی ماری لۆ ڕای لەگەڵ مارتین ڤان براونێسن

12.دەوڵەتێکی کوردی

13.دەستپێشخەرییەکانی تورکییە سەبارەت بە کوردان و عەلەوییان

14.چەند تێبینی سەبارەت بە میدیات و تۆرعابدین ، قسەکانم بۆ کردنەوەی سیمپۆزیۆمی میدیات
٦-٨ ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

# (١)

## کوشتارێک کە خەریکە لە بیر بکرێ: دەرسیم، 38- 1937

لە ساڵی 1990 لە تورکییە کتێبێک چاپ بوو کە هەر بە نێوەکەی ڕا ڕێژیمی تاقە پارتی تورکییە لە ساڵانی 1930 یەکانی تاوانبار دەکرد بە جێنۆساید لەناوچەی کوردی دەرسیم. [١] ئەو کتێبە دەستبەجێ قەدەغە کرا و ئەو دمەتەقە و مشتومڕەی لێ نەزاوە کە نووسەرەکەی، کۆمەڵناس ئیسماعیل بەشیکچی، هیوادار بوو سازی کا. بەشیکچی یەکەم ڕووناکبیری تورک و بۆ ماوەیەکی درێژ تاقە کەس بوو کە بە ئاشکرایی ڕەخنەی لە ئیدیئۆلۆژی ڕەسمی و سیاسەتەکانی تورکییە لە ئاست کوردان دەگرت. ئەو ڕەخنەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوەیەک دەست پێکرد لە ساڵی 1969 بە نێوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆژهەڵاتی تورکییە لە زنجیرەیەک نووسین دا کە هەتا دەهات نێوەرۆکیان زیاتر بەگژ دەوڵەت دا دەچوو.ئەو بوێرییە ئەخلاقی و ڕووناکبیرانەیە بە قیمەتی گران بۆ بەشیکچی تەواو بوو؛ گشت کتێبەکانی قەدەغە کران و لە بەر نووسینی ئەو کتێبانە زیاتر لە دە ساڵی دە زیندان دا بەسەربرد. ئەگەرچی ئەم ئاکامەی ئەمن لەم نووسینە دا پێی دەگەم لەوانەیە هێندێک لە تەسپیتەکانی وی جیا بێ، بەڵام لێرە دا پێم خۆشە قەرزداری و پێزانینی خۆم لەئاست زانایەتی بەرعۆدەیانەی وی دەرببڕم و ئەم فەسڵی ئەم کتێبەی پێشکێش بکەم.
ئەو کوشتارانەی وا کتێبەکەی بەشیکچی باسیان لێوە دەکا بە دەم دامرکاندنەوەی ناوچەی سەرهەڵداوی کوردی دەرسیم ( ئێستا نێوی نراوە تونجەلی) لە ساڵی 1937 و 1938 دا قەومان. ئەو ڕووداوانە ڕەشترین لاپەڕەی مێژووی تورکییەی کۆمارین و بە خشکەیی و یان بە ئانقەستە لە لایەن زۆربەی مێژوو نووسانەوە، چ لاوەیی بووبن یان تورک بێ دەنگیان لێ ڕا کراوە، یان شێوێندراون. [٢] هەر کە بەربەرەکانی و سەرکوتی دەرسیم بەردەوام بوو، کاربەدستان کارێکی وایان کرد تا ئەو جێیەی دەکرێ زانیارییەکی کەم لەمەر ئەو ڕووداوانە بگاتە دنیای دەرەوە. چاوەدێرانی دیپلۆماتیک لە ئانکارا ئەوەیان دەزانی عەمەلییاتی زۆر گەورەی نیزامی دەکرێ، بەڵام هیچ بۆیان نەدەچووەوە سەر یەک مەبەست لەو عەمەلییاتانە چن، لەگەڵ ئەوەشدا، دوای قەومانی ڕووداوەکان،کۆنسوولی بریتانیا لە ترابزۆن، کە شوێنی دیپلۆماتیکی هەرە نیزیک بوو لە دەرسیم، باسی زەبروزەنگی دڕندانە و بە بێ جیاوازی کرد و بە ئاشکرا ئەو ڕووداوانەی لە گەڵ کوشتاری هەرمەنییەکان لە ساڵی 1915 دا، بەراوەرد کرد. ئەو نووسی:

" بەهەزاران کورد ژن و منداڵیش دەناویان دا کووژران، ئەوانیدی، کە زۆربەیان منداڵ بوون،خرانە نێو چۆمی فرات؛ بە هەزاران کەسی دیکە لە ناوچەی کەمتر دوژمن ، کە لەسەرەتا دا ئاژەڵ و مەڕوماڵات و سامانی دیکەیان لێ ئەستاندبوون دوور خرانەوە بۆ ویلایەتەکانی ئانادۆڵی نێوەندی. بە دوای ئەو سەرکوتکردنە دا ڕاگەیێندرا ئیدی لە تورکییە مەسەلەیەک بە نێو مەسەلەی کورد بوونی نییە. [٣]

ئەمن لە پێشدا، بەکەلکوەرگرتن لە چەند سەرچاوەی بەردەست، حەول دەدەم بار و دۆخی دەرسیم بەر لە بەربەرەکانی دامرکاندنەوە باس بکەم و وێنەکی گشتی لە ڕووداوەکانی 1937 و 1938 بخەمە بەرچاو. دوایە حەول دەدەم نیشان بدەم ئەوەی ئێمە دەیبینین هەر تەنێ سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی سەرهەڵدانێکی نێوخۆیی نەبووە بەڵکوو بەشێک بووە لە سیاسەتێکی زۆر بەربڵاوتر بە دژی کوردەکان وەکوو کورد.
دەرسیم ناوچەیەکی دەستپێرانەگەیشتووی بەرزە، بە چیای سەر بە بەفر،شیوی باریک و دوڵ و دەرەی قووڵ لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی تورکییە. لە ناوچەکە دا ژمارەیەکی زۆر عەشیرەتی پچووک دەژیان و، بە ڕێگای بەخێو کردنی ئاژەڵ،باغەوانیی و گردەوەکۆیی بەرهەمی دارستان ژیانێکی مەمرە و مەژی و پەراوێزیان هەبوو.ژمارەی گشت دانیشتووانی ناوچەکە، لە نێوەڕاست ساڵانی 1930 دا بە 65000 تا 70000 کەس دەقەبلێندرا. [٤]

دەرسیم لەڕووی کولتوورییەوە ناوچەیەکی جیاواز و تایبەتی بوو لە کوردستان، بەشێکی لە بەر هۆکاری هاویردۆری و جوگرافیایی و، بەشێکیشی لە بەر تێکەڵاوێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی و دینی خۆی. هێندێک لە عەشیرەتەکان

بە کوردیی کورمانجی ، بەڵام زۆربەیان بە زمانێکی سەر بە کوردی کە بە زازاکی بەنێوبانگە قسەیان دەکرد. لە ڕووی دینییەوە هەموویان سەر بە فرقەی دینی عەلەوی بوون، کە ئەوانی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کوردە سونییەکان جیا دەکردەوە کە بەلای ڕۆژهەڵات و باشووری ئەواندا دەژیان (کە لە ناویاندا هەم زازاکی ئاخێو و هەم کوردی ئاخێو هەبوون). ئەگەرچی لە زۆر ناوچەی دیکەی تورکییەش دا عەلەوی هەن، بەڵام ئەوانەی دەرسیم دەستەیەکی جوێن،باوەڕی جیاواز و ڕێورەسمی جیاوازیان هەیە. [٥]
دەرسیم ، تا ناوەڕاستی 1930 یەکان، دوایین بەشی تورکییە بوو کە بە تەواوی نەکەوتبێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی نێوەندی . عەشیرەتەکانی دەرسیم لە لایەن هیچ حکوومەتێکی پێشتر مەهار نەکرابوون؛ تەنیا قانوونێکی ئەوان پێیان دەزانی و بە ڕەسمییان دەناسی قانوونی نەریتیی عەشیرەتی بوو.سەرۆک عەشیرەتەکان و ڕێبەرانی دینی دەستەڵاتێکی زۆریان هەبوو بە سەر هەڕەمەی خەڵک دا و، زۆر جار لە ڕووی ئابوورییەوە دەیان چەوساندنەوە. ئەوان تا ئەو جێیەی حکوومەت دەستێکی زۆری لە کاروبارەکانیان وەر نەدابا، وەنەبوو دژی حکوومەت بن. لە ڕاستیدا، زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان، بە دامەزرانی پێوەندی نیزیک لە گەڵ ئەو ئەفسەرە نیزامی و پۆلیسانەی لە هەرێم دەبەرکار نرابوون،هەڵویستی خۆیان بە هیزتر کرد. نەریتێکی وا هەبوو دەست لە دانی باج دەگێردراوە - دیارە شتێکی ئەوتۆش نەبوو ماڵیاتی لێ وەربگیرێ،چونکە ناوچەکە هەتا بڵێی دەستەنگ و هەژار بوو. لاوان ئەگەر توانیبایان خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تا ساڵی 1935 ژمارەیەکی بەرچاو لەوان لە ئەرتەشی تورکییە دا عەسکەرییان دەکرد.
دیارە لە نێو عەشیرەتەکاندا کێشەی بەردەوام هەبوو ،کە زۆر جار شێوەی شەر و دوژمنایەتی دوورو درێژی بەخۆیەوە دەگرت. زۆربەی عەشیرەتەکان چەکدار بوون و بە سەر عەشیرەتە دراوسێیەکان دادان وەنەبێ باو نەبوو بێ.
کاربەدەستانی نیزامیش لە ناوچە زۆر جار لە کێشەی نێو عەشیرەتەکانەوە دەگلان،چونکە هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان دووژمنەکانی خۆیان تاوانبار دەکرد بە کاکەوبراله کردن بە دژی دەوڵەت. لە هەمان کات دا کورانی خوێندەواری بنەماڵە سەرەکییەکان لە نێو عەشیرەتەکان دا بانگەشەی ناسیونالیستیی کوردییان دەکرد. [٦] لە ساڵی 1936 دەرسیم خرا بەر حوکمی نیزامی و ئامانجی ئەوەش وەک دامرکاندنەوە و "موتەمەدین "کردنی ڕاگەیێندرا.ووڵامی عەشیرەتەکان لە ئاست ئەو مۆدێرن کردنەی کە دەوڵەت بە دیاری هێنا بوو و، بریتی بوو لە کێشانی ڕێگا، سازکردنی پرد و ڕێباز و پاسگای پۆلیس، ناڕوون و لێڵ بوو.هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان حەولی سازان و هاتنە ڕەدایان دا لەگەڵ دەستەڵاتدارانی نیزامی، هێندێکی دیکەشیان بە دەستێوەردانی وان لە سەربەخۆیی پێشووی خۆیان زویر و دڵ ڕەنجاو بوون. تا ساڵی1937،دەستەڵاتداران پێیان وابوو، یان کارێکی وا کرا بوو لەو باوەڕە دابن کە، سەرهەڵدانێکی سەرەکی، وەک نیشانەیەک لە خۆراگری بە دژی بەرنامەی دامرکاندنەوە، لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە دەکرێ، ئەو کەسەی کە دەگوترا سەرۆکی پیلانەکە بێ ڕێبەرێکی دینی بوو، بە نێوی سەید ڕزا. دەگوترا پێنج عەشیرەت ( لە کۆی نیزیک 100 عەشیرەت) لەو پیلانە دا دەستیان هەبێ .

بەربەرەکانی نیزامی و هێرش بۆ سەر دەرسیم لە وولامی ڕووداوێکی بەرێژە چکۆلە دەستی پێکرد و،وا وێدەچوو ئەڕتەش لە بیانوو گەڕا بێ و چاوەڕوانی هۆیەکی ڕاستەوخۆی کرد بێ بۆ سزا دانی عەشیرەتەکان. ڕۆژێک لە مانگی مارسی 1937، پردێکی چرپی کە لە شوێنێکی ستراتێژیک بوو سووتێندرا و چەند هێڵی تەلەفون هەڵپسێندرا. بۆ ئەو کارە ئەڕتەش گومانی لە سەید ڕزا دەکرد و ئەو عەشیرەتانەی کەسەر بە وی بوون. ڕەنگە ئەڕتەش پێی وا بووبێ ئەوە سەرەتای ئەو سەرهەڵدانە چاوەڕوانکراوەیە کە پێی وا بوو دەقەومێ. سەرچاوەیەکی تورک باسی ئەوە دەکا هەر هاوکات لە گەڵ ئەو ڕووداوە لە شوێنێکی دیکەی کوردستانیش ڕووداوێکی پچووک قەوماوە و دەڵێ ئەوە نیشانەی هاوسەنگییە لە نێوان ناسیۆنالیستە کوردەکان دا. [٧]
بەڵام مێژووی ڕەسمی ئەو بەربەرەکانییە نیزامییە، ئەو ڕووداوە تەنێ بە شتێکی ناوچەیی باس دەکا و ئاماژە بە پێوەندییەک لە نێوان ئەو دوو ڕووداوانە دا ناکا. [٨] بە ئاوردانەوە لە ڕابردوو، زەحمەتە زبروزەنگیی نێوکۆیی عەشیرەتی لە سەرهەڵدانێکی بە ئانقەست بە دژی دەوڵەت بکرێتەوە. سەرچاوەیەکی لایەنگری تورک لە ڕاستییدا دەڵێ کە گومان و دڕدۆنگی لە سەید ڕزا لە سەر بنەمای ئەو بێزاری دەرپرین و مەحکووم کردنانەی بوو کە دۆژمنەکانی خۆجێیی وی لە ئاست وی کردیان. [٩]
هەر چۆنێک بێ، ئەڕتەش سۆنگەی دەست کەوت بۆ دەستتێوەردانی خۆی. یەکەم دەستە لەو سەربازانەی کە ناردران بۆ گرتنی گومانلێکراوان، لە لایەن عەشیرەتی چەکدارەوە پێشیان پێ گیرا. ئەو تێکهەڵچوونانە زۆر زوو گەورەتر بوونەوە. ئەو کاتەی کە عەشیرەتەکان دەستیان لەوە گێراوە ڕێبەرانی خۆیان ڕادەست بکەن، هێرشێکی گەورە دەستی پێکرد. عەمەلییاتی نیزامی بۆ مەهار کردنی هەرێمەکە لە گشت هاوینی ساڵی 1937 دا بەردەوام بوو. لە مانگی سێپتامبر، سەید ڕزا و هاوکارە هەرە نیزیکەکانی خۆیان ڕادەست کرد، بەڵام لە بەهاری دواییدا عەمەلیاتەکان

دەست پێکرانەوە، تەنانەت بە هێزی گەورەترەوە. ئەو عەمەلییاتانە دەبێ بە شێوەیەکی نەدیتراو بە زەبرو زەنگ و بێ بەزەییانە بووبن .
چەند ڕیوایەتی کە سەبارەت بە ڕووداوەکان بەدەستەوەن بە ڕێویستی لایەنگرانە نووسراون. کتێبێکی گرینگ لە لایەن پیاوێکی خەڵکی ناوچەکە نووسراوە،دوکتووری بەیتار و چالاکی ناسیۆنالیست نووری دەرسیمی،کە لە قۆناخە بەراییەکانی سەرهەڵدانەکە دا بەشداری کرد بوو و، ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسوکاری خۆی لە تۆڵەسەندنەوەی ئەڕتەش دا لە کیس دا. [١٠]
ئەو کتێبە کە ئەو چاردە ساڵ دواتر لە تاراوگەی سوورییە بڵاوی کردەوە بەڕاشکاوی بە ڕەنگ و بۆنی باوەڕی ناسیۆنالیستی وی خەملاوە و ڕەنگە هێندێک ڕاستکردنەوەی ڕواڵەتی تێدابێ، بەڵام لە سەریەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە.کاری هەرەباش ئەوەیە لێرە دا چەند پڕگەیەک لە قسەکانی وەکوو خۆی بگێڕمەوە.
کاتێک سەربازانی تورک دەستیان کرد بە سەرکوتکردنی عەشیرەتە سەرهەڵداوەکان، پیاوان دەستیان دەکردەوە، بەڵام ژن و منداڵ چوون و خۆیان دە ئەشکەوتی قوول دا شاردەوە. دەرسیمی دەنووسێ:

" بە هەزاران لەو ژن و منداڵانە لە نێو چوون، چونکە ئەڕتەش زارکی ئەشکەوتەکانی لە سەر سواغ دان. ئەو ئەشکەوتانە لە نەخشە نیزامییەکانی ناوچە دا بە ژمارە دیاریی کراون. لە زارکی ئەشکەوتەکانی دی دا، نیزامییەکان ئاوریان کردەوە و ئەوانەی لە ئەشکەوتەکان دابوون بە دووکەڵی ئەو ئاورانە خنکان. ئەوانەی حەولیان دا لە ئەشکەوتەکانەوە خۆیان ڕزگار کەن لە دەرێ بە سەرنێزان ساردیان کردنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی سەر بە عەشیرەتەکانی قورەیشان و بەختیار [دوو عەشیرەتی سەرهەڵداو] بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکەکان لە سەر ڕەوەزە بەردی بەرزەوە خۆیان بەرداوە نێو دۆڵی باریکی مونزور و پارچیک." [١١]
کیرگان، عەشیرەتێکی کە خۆی بەدەست ئەڕتەشی تورکەوە دابوو و پێوەندی لە گەڵ سەرهەڵداون پساند بوو،بەهیچجۆر نەکەوتە بەر بەزەیی و لێبوردنی ئەرتەش:
" لەبەرئەوەی کیرگانەکان باوەڕیان بە تورکەکان کرد و لە گوندەکاندا مانەوە، بەڵام بەختیارە سەرهەڵداوەکان لە گوندەکان کشانەوە.کیرگانەکان لە بەر ئەوەی مابوونەوە لە نێو چوون.سەرۆکەکانیان لە پێشدا ئەشکەنجە کران و دوایە تەقەیان لێ کردن و کوشتیانن. گشت ئەو کەسانەی حەولیان دا خۆیان ڕزگار کەن یان داڵدەیان بردە بەر ئەڕتەش گیران.پیاوەکان دەستبەجێ کووژران و ژنان و منداڵانیشیان دە کادێنان کرد و بە زیندوویی ئاوریان تێبەردان". [١٢]
کاتێک زستان بەسەر داهات و ئیدی ئەڕتەش نەیدەتوانی درێژە بە عەمەلییات بدا،ئاگربەسێکی ڕاگەیاند و پێشنیازی چارەسەرییەکی ئاشتیيانەی بە سەرهەڵداوان کرد، بەڵێنی دا خۆی لە عەشیرەتەکانی دیکە نەگەیێنێ و ئەو خەسار و سەدەمانەش کە گەیاندوویەتی قەرەبوو بکاتەوە. [١٣] ئەو بەڵێنانە بووە هۆی هەڵفریواندنی سەرۆکی سەرهەڵداوان سەید ڕزا و بەفێڵ هێنایانە نێو شاری ئەرزینجان ( کە ئەو قایممقامەکەی ئەوێی دەناسی و باوەڕی پێ دەکرد). سەید ڕزا بۆخۆی و پەنجا پیاوی کە لە گەڵی هاتبوونە نێو شاری گیران. خێرا محاکەمە کران و یازدە کەسیان، سەید ڕزاش دەناویان دا دەستبەجێ ئێعدام کران. [١٤]
لە بەهاری ساڵی 1938 تەنانەت بە شێوەکی بەربڵاوتر دەستکراوە بە عەمەلییاتە نیزامییەکان.عەشیرەتەکانی قەرەباڵ،فەرهاد و پیلڤانک، کە خۆیان بە دەستەوە دابوو، قەلاچۆ کران. ژنان و منداڵانی ئەو عەشیرەتانە لە کادێنان کران و بە زیندوویی ئاوریان تێبەردرا.پیاوان و ژنانی عەشیرەتەکانی پیلڤانک و ئاشاغی عەبباس، کە هەمیشە بە حکوومەت وەفادار ببوون لە دۆڵەکانی ئین و ئینجیگا لە ریز دران و کووژران. ژنان و کچانی گوندی ئیرگان گیران، نەوتیان بە سەر دا کردن و ئاوریان تێبەردان.خەچ، گوندی سەرەکی عەشیرەتی شێخ محەمەدان، کە خۆی تەسلیم کرد بوو، بە شەو هێرش کرایە سەری و هەموو دانیشتووانی بە ئاوری موسەلسەل و تۆپخانە کووژران. خەڵکی هۆزات و عەشیرەتی قەرەجا،پیاو،ژن و منداڵان،هێنرانە نیزیک ئۆردووگەیەکی نیزامی لە دەرەوەی هۆزات و لەوێ وەبەر موسەلسەلانیان دان.(...) بە هەزاران ژن و کچ خۆیان هاویشتە نێو چۆمی مونزور.(...) هەموو ناوچەکە لە بەر ئاوری تۆپخانە و بۆمبارانی هەوایی بە گازی ژاراوی مژێکی ئەستوور داپۆشیبوو (...) تەنانەت ئەو لاوانەی خەڵکی دەرسیمیش کە لە ئەڕتەشی تورک دا خەریکی خزمەتی سەربازی بوون لە هەنگەکانیان جوێ کرانەوە و تیرەباران کران.

کوردێکی ناسیۆنالیستی دیکەی خەڵکی دەرسیم، سەعید قرمزی تۆپراک،لە ساڵی 1970 بە نێوی خواستەمەنی دوکتور شڤان مێژویەکی بزووتنەوەی کوردی بڵاو کردەوە کە چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کردووە بۆ باسی کوشتارەکانی دەرسیم. [١٥]
ئەگەرچی ئەو لەو بوارە دا بە ئاشکرایی قەرزداری دەرسیمی یە، بەڵام چەند زانیارییەکی لە سەرچاوەی زارەکییەوە

زیاد کردووه. سەبارەت بە بەربەرەکانی ساڵی 1938 ئەو دەنووسێ: (وەرگێرانی ئازادی من، نووسەر) [١٦]

" لە بەهاری ساڵی 1938 دا حکوومەت لێخۆشبوونی ڕاگەیاند بۆ گشت ئەو کەسانەی چەکەکانیان دانێن و تەسلیمیان کەن.عەشیرەتەکانی قەرەباڵ، فەرهاد،پیلڤانک،شیخ محەمەدان و قەرەجا ، کە بە دەم ئەو بانگەوازەوە چوون، بە تەواوی قەڵاچۆ کران. لە قوناخێکی دواتر دا ئەوان زۆربەی ئەندامانی عەشیرەتی قورەیشانی ناوچەی مازگیرت، عەشیرەتەکانی یۆسفان و بەختیار، بە بێ ئەوەی دەست لە ژنان، پیرەپیاوان و منداڵان بپارێزن هەموویان بە کۆمەڵ کوشتن، زۆریان بەسەرنێزە. بەرەو کۆتاییەکانی هاوین عەشیرەتەکانی هۆرمەکان،قورەیشان و ئاڵان ی ناوچەی نازیمییە و، بەشێک لە عەشیرەتی بامەسوورانی مازگیرتیش بە بۆمبی گازی ژاراوی و بە سەرنێزە قەڵاچۆ کران. نەوتیان بە مەیتەکانیان دا کرد و ئاوریان تێبەردان." [١٧]
ئەو بەسەرهاتانە، گەرچی لەوانەیە بە نامومکین وەبەرچاو بێن، بەڵام تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە ئەو بەڵگەنامە ڕەسمییانەی کە سەبارەت بە مێژووی نێزامی بەربەرەکانییەکە بڵاو کراونەتەوە تەسدیق دەکرێن. [١٨] تەنێ ئەو ئیدیعایەی لەمەر بەکارهێنانی گازی ژاراوی بە دەست ئەرتەش لە هێرشەکەی ساڵی 1938 دا کە هەم دەرسیمی و هەم شڤان باسیان لێوە کردووە، ئەو بەڵگانە لە دوویان نادەن. ڕاپۆرتەکان لە چەندین جێگا دا ئاماژە بە گرتنی ژنان و منداڵان دەکەن، بەڵام لە شوێنی دیکە ئێمە سەبارەت بە کوشتنی بێ جیاوازی ئینسان و ئاژەڵان دەخوێنینەوە.
راپۆرتە ڕەسمییەکان بە شانازیی پیشەییەوە باسی ئەوە دەکەن کە چەندە "جەردە" و کەسوکاریان "قەڵاچۆ کراون" و ، چەند گوند و مەزرا ئاوریان تێبەردراوە. ئەو دەستانەی لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبووەوە هەموویان لە نێو چوون، لە ڕاپۆرتەکان دا ژمارەی کووژراونیش باس دەکرێ ( لە هێندێک تێکهەڵچوون دا ژمارەی 76 کەس بە تەواوی باس دەکرێ ، لە ڕاپۆرتی دیکە دا هاتووە"گشت دەستە و دایەرەی عەشیرەتی حەیدەران و بەشێک لە عەشیرەتی دەمەنان کووژران") و ئەوە دەگاتە ژمارەیەک لە نێوان سێ تا حەوت هەزار کەس، لە هەمان کات دا ڕاپۆرتەکان باسی وێران کردنی بە دەیان گوند دەکەن. تەنێ لە حەڤدە ڕۆژی پەلاماری 1938 دا باسی کووژران یان بە زیندویی گیرانی 7954 کەس دەکرێ ؛ [١٩] بە گردپری ئەوانەی بە زیندوویی گیراون کەمایەتی بوون. جا، بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕەسمییانە، بە تەخمین نیزیکەی لە سەد دا 10ی گشت دانیشتوانی تونجەلی کووژراون. بەڵام کوردەکان دەڵێن ژمارەی کووژراو و خەساریان زۆر لەوە زیاتر بووە.

### جێنۆساید یان ئێتنۆساید؟

بێ ئەملاو ئەولا کوشتارەکەی دەرسیم بەربڵاو، بێ دەست پاراستن و ئەو پەڕی دڕندانە و بێ بەزەییانە بووە، بەڵام داخو دا دەکرێ نێوی بندرێ جێنۆساید؟ داخودا ئەو کوشتارە " بە مەبەستی ئەوە کرا گشت کوردەکان بە تەواوی یان بەشێک لەوان قەڵاچۆ بکرێن ( یان تەنێ ئامانج لە نێو بردنی خەڵکی دەرسیم بوو) "وەک خەڵکی ئەو ناوچەیە؟ یان ئەوە تەنێ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانێکی چەکدارانە بوو،بە کوشتنی خەڵکێکی لە ڕادەبەدەر؟ ئەمن حەول دەدەم بیسەلمێنم هیچکامیان نەبوو. هیچکات سیاسەتێکی ئاوا لە گۆڕێ دا نەبوو کوردەکان بە پانەوە یان بەشێکیان وەک کورد لەنێوببردرێن و ڕیشەکێش بکرێن. بەڵام، لە بەربەرەکانی دەرسیم دا،مەبەستێکی بە ئانقەستە هەبوو کە سەرهەڵداوان و سەرهەڵداوانی توانایەکی قەڵاچۆ بکرێن، و ئەوە بەشێک بوو لە سیاسەتێکی گشتی لە ئاست کوردەکان وەک کورد، جا ئەو سیاسەتە زۆر بەجێترە وەک ئێتنۆساید نێو زەد بکرێ، واتە تێکدانی ناسێنەی ئێتنیکیی کورد.
مەبەستی بە ئانقەست لە نێوبردن دەکرێ بەو زمانەی بزاندرێ کە لە بڕیارنامەی نهێنی شوورای وەزیران دا بەکار هاتووە لە مەڕ لەشکرکێشی تەنبێ کردنی دەرسیم. ئەو بڕیارە لە 4ی مانگی مەی 1937 دەرچووە. [٢٠] ئەو بڕیارە پێشبینی دەکا چارەسەرییەک بێ بۆ کۆتایی هێنان بە سەرهەڵدانە بەردەوامەکان لە دەرسیم. بڕیارەکە دەڵێ: " ئەو جار خەڵک لە ناوچە سەرهەڵداوەکان دەگیرێن و دوور دەخرێنەوە." بەڵام هەر لەو بڕیارنامەیە دا فەرمان دەدا بە ئەرتەش " هەر لەجێدا ئەوانەی چەکیان بەکارهێناوە یان هێشتا بەکاری دەهێنن بۆ هەمیشە بە چۆک دابهێنن و بە سەریانەوە مەچن، گوندەکانیان پرووخێنن و بنەماڵەکانیان ڕاگوێزن". بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە دەزاندرا لە دەرسیم هەموو پیاوان چەک هەڵدەگرن،نێوەرۆکی ئەو فەرمانە بە کورتی یانی هەموو پیاوەکان لە ناوچەکەدا بکووژن.
لە سەرچاوە ڕەسمییەکان ڕا دەستبەجێ بە ئاشکرایی دەرناکەوێ کە بەربەرەکانی دەرسیم ڕاستەوراست بە دژی کوردەکان وەک کورد بووبێ.ناڕاستەوخۆ و بەسەرداگیراوی باسی کوردەکان دەکرێ، چونکە تا ئەو دەمی ئیدی کوردەکان وەک نەبوو داندرابوون. ڕاپۆرتە نیزامییەکان بە گشت خەڵکی دەرسیم بێ هەڵاواردن دەڵێن جەردە (هایدوت). بەڵام وەزیری کاروباری نێوخۆ، شوکرو کایا، بە پێویستی زانیبوو کە زانیاری بدا بە مەجلیسی نەتەوەیی و

لەوێ وەک "تورکانی ڕەسەن" باسی خەڵکی دەرسیم بکا و بەو شێوەیە بە ئاشکرایی پێ لە ڕەهەندی ئێتنیکی لە باسکردن نەشیاوی مەسەلەی دەرسیم بنێ. [٢١] هەڵبەت کێشەکە لەوەدا بوو کە زۆربەی خەڵکی دەرسیم هێشتا بە تورک بوونی خۆیان نەزانیبوو. زۆر لە خەڵک یەک ووشەی تورکێشیان نەدەزانی و، کاربەدەستان دەبوو بە ڕێگای دیلمانجەوە قسەیان لەگەڵ بکەن؛ [٢٢] فڕۆکەکان " بە زمانی ناوچە " ئاگەهییان بڵاو دەکردوە. [٢٣]
دەرسیمی و شڤان ، کە هەر دووکیان خەڵکی دەرسیم بوون، لە نووسینەکانیان دا حەوڵێکی زۆر دەدەن بیسەلمێنن سەرهەڵدانی دەرسیم دە ڕاستیدا سەرهەڵدانێکی ناسیۆنالستی کوردی بووە و، هۆی ئەو دڕندەییەش کە لەو بەربەرەکانییە دا دەکار کرا لە بەر ئەوە بووە. بەڵام وا وێدەچێ ئەوان زۆر زیاتر لەوەی کە بووە هەست و سۆزی خۆیان وەک بۆچوونی سەرهەڵداوەکان نیشان دەدەن، کە بە پێی بەرژەوەندی و وەفاداری زۆر بەرتەنگتر دەجووڵانەوە هەتا ئەوەی ئیدێئالی بەرزی نەتەوەییان دە مێشکی دا بێ. وا وێدەچێ ئەو سەرهەڵدانە بە دەرەجەی یەکەم ووڵام و کاردانەوەیەک بووبێ لە ئاست دەستێوەردانی حکوومەت لە کاروباری عەشیرەتەکان دا و خۆڕاگری لە ئاست ئەوەی دا کە حکوومەت بە " ئەرکی موتەمەدین کردن"ی خۆی دادەنا.

ڕێژیم ئەو ئەرکەی خۆی – کە زۆر بەر لە سەرهەڵدانەکە دەستی پێکردبوو – بە خەباتێکی یەکلاکەرەوە دەزانی بە دژی دواکەوتوویی و زۆرداری لە خەڵک بە دەست ئاغا فێئۆدالەکان، سەرۆک عەشیرەتەکان و ، ڕێبەرانی کۆنەپەرستی دینی. چاوەدێرێکی نیزیک لە کۆروکۆمەڵی حکوومەت،ماوەیەکی کورت لە دوای کۆتایی هێنان بە سەرهەڵدانی دەرسیم، بە زەوق وجۆشەوە سەبارەت بە کاردانەوەی موتەمەدین کردنی ئەو بەربەرەکانییە دەنووسێ:
" سەرۆک عەشیرەتەکان، ڕێبەرە نگریسە دینییەکان و هاوکارەکانیان گیراون و دوورخراونەتەوە بۆ ڕۆژئاوا، عەمەلییاتە سەرکەوتووەکانی ئەرتەش بۆ هەمیشە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جووڵانەویەکی جەردە و ڕێگرانی لە تونجەلی لە داهاتوو دا لە ریشە دەرهێنا.ئیدی لە ئێستاوە دەرسیم شوێنێکی ڕزگارکراو و هێمنە. هیچ جێیەک لە ناوچەی دەرسیم نەماوە کە ئەرتەش پێی تێ نەنابێ و لەوێ ئەفسەران و فەرماندەران ژێری و توانایی خۆیان بەکار نەهێنابێ. ئەرتەش بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە مەزنە جارێکی دیکەش پێزانی و سپاسی هەتاهەتایی نەتەوەی تورکی کردە ئی خۆی. [٢٤] لەگەڵ ئەوقسانەش، بە کردەوە،چەقی حەولی حکوومەت ، لەوانە عەمەلییاتەکانی لە دەرسیم، وەنەبێ هێندەش بە دژی "فئۆدالیزم" و پاشکەوتوویی بووبێ بەڵکوو زیاتر بە دژی ناسێنەی ئێتنیکی کورد بوو. بەربەرەکانی بێ بەزییانەی دەرسیم لووتکەی زنجیرەیەک لەو هەنگاوانە بوون کە بۆ بە زۆرملێ تواندنەوەی کوردەکان هەڵهێندرانەوە ، هەر وەک ئێستا لە خوارەوە نیشانی دەدەم .

**سیاسەتەکانی تورکییەی کۆماری سەبارەت بە کورد**

تورکییەی کۆماری ، کە لە ساڵی 1923 ڕاگەیێندرا، هەبوونی خۆی قەرزداری شەڕی سەربەخۆیی خوازییە،کە ئاتاتورک و هاوکارەکانی بە دژی ئەو نەتەوانە کردیان کە داوای بەشیان دەکرد لە خاک و کەوشەنی پێشووی عوسمانی بە دوای شەڕی هەوەڵیی جیهانی دا و بریتی بوون لە یۆنانییەکان، هەرمەنییەکان، فەڕانسەییەکان و ئیتالیاییەکان. "میساقێکی میللی" چوارچێوەی ئەو خاک و کەوشەنەی دیاری کرد کە بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی شەڕی بۆ دەکرد وەک خاکی پێشووی عوسمانی کە موسووڵمانە نا عەڕەبەکان تێیاندا دەژیان – بە ووتەیەکی دی، تورکەکان و کوردەکان، چونکە ئەوانە بریتی بوون لە گرووپی سەرەکی موسوڵمانی ناعەڕەب لە ئیمپراتۆرییەکە دا. کوردەکان لەو خەباتە دا شان بە شانی تورکەکان بەشدار بوون، لە ڕاستیدا ڕێبەرانی بزووتنەوەکە زۆر جار باسی برایەتی تورک- کورد یان دەکرد و ، دەیانگوت دەوڵەتی تازە لە تورکان و کوردان پێک هاتووە. لە مانگی ژانقییەی ساڵی 1923، مستەفا کەماڵ هێشتا باسی ئەوەی دەکرد کە دەکرێ ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی هەبێ بۆ ئەو مەڵبەندانەی کوردەکانی تێدا دەژیان،[٢٥] بەڵام سیاسەتەکانی وی زۆر بەخێرایی گۆڕان. هەر ئەو ڕاستییەی کەکۆماری تازە نێو نرا " تورکییە" ( ئەو ووشەیە لە زمانە ئوروپاییەکان قەرز کرا) نیشانەی ئەوە بوو کە هێندێک لە هاو ووڵاتییان لە وانی دیکە یەکسانتر دەبن.[٢٦]
نوخبەکانی کۆماری نوێ، بە ووردی دەیانەویست ئەو سەرکەوتنەی بە زەحمەت وەدەستیان هێنابوو بپارێزن،لەمەر هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاک و پیلانی ئیمپریالیستی بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی دڕدۆنگ بوون. لەو ڕوانگەیەوە کوردەکان بە مەترسییەکی جیدی دادەندران. بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی خوازی کوردی هەبوو، ئەگەرچی لاواز بوو و، لە سەرەتاوە بریتانیاییەکان هێندێکیان دەست بە پشتی دا هێنا بوو. لە ماوەی شەڕی سەربەخۆیی خوازی دا، بانگەوازی یەکێتیی موسوڵمانان، دە نێو کوردەکان دا زۆر زیاتر لە بانگەشەی ناسیۆنالیستی کوردی دەنگی دەداوە و کاریگەرتر بوو، بەڵام کاتێک تورکییە بەرەو سکولاریزم چوو، ئیدی بناخەی ئەو یەکێتییە لەق بوو

و نەما. کەماڵیستەکان حەولیان دا جێگای ئیسلام وەکوو هۆکارێکی یەکێتی بە ناسیۆنالیزمێکی شێوازی تورکییە پڕ بکەنەوە. بە کردنی ئەوە، ئەوان بوونە هۆی وورووژانی ناسیۆنالیزمی کوردی هەر ئەوەی کە لێی دەترسان.
هێندێک لەو سیاسەتانە بووە هۆی ساز بوونی ناڕەزایەتی گەورە دە نێو کۆروکۆمەڵی بەربڵاوتر دا و نەک تەنێ هەر دە نێو ناسیونالیستە کوردە بەرعۆدەکان دا. لە شەڕی جیهانی دا، ژمارەیەکی زۆر کورد ڕایان کرد بۆ ڕۆژئاوای تورکییە ئەو دەمەی لەشکرەکانی ڕووسییە ئانادۆڵی ڕۆژهەڵاتیان داگیر کرد. هەر لە بەراییەکانی ساڵی 1919 دا حکوومەت بڕیاری دا کوردەکان بە ئەستانەکانی ڕۆژئاوا دا بڵاو بکاتەوە، لە دەستەی ئاوا دا کە هەر کامەیان لە سێ سەد کەس زیاتر نەبن و، لە هیچ شوێنێک ئەوان نەدەبوو ژمارەیان لە 5 لە سەدی دانیشتووانی تێپەڕێنێ، هێندێک لە کوردەکانی کە پێیان خۆش بوو بگەڕێنەوە کوردستان پێشیان پێ گیرا. [٢٧] لە تورکییەی تازە دا، گشت پەروەردەی مۆدێرن ئیدی دەبوو بە زمانی تورکی بێ؛ لەوەش زیاتر، مەدرسە نەریتییە ئیسلامییەکان لە ساڵی 1924 داخران. ئەو دوو گۆڕانە ڕیشەییانە بە شێوەیەکی کاریگەرانە کوردەکانی لە دەستراگەیشتن بە خوێندن و پەروەردە بێ بەش کرد.
هەنگاوەکانی دیکە بەرەو سکولاریزم ( هەڵوەشاندنی خەلافەت، داخستنی بنکەی شێخولئیسلام و مەحکەمە دینییەکان؛ گشتیان لە ساڵی 1924 دا) بووە هۆی توورەیی و بێزارییەکی زۆر لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی موسوڵمان دا.
ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی کورد و ئەفسەرانی ناڕازی ئەڕتەش لە گەڵ ڕێبەرانی دینی ناڕازی یەکیان گرت و ئەوە یەکەم سەرهەڵدانی گەورەی کوردی لێ ساز بوو لە ساڵی 1925 دا بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید. [٢٨]

ئەو سەرهەڵدانە بە هێزێکی گەورەی نیزامی تێک شکا و کپ کرا، ڕێبەرانی گیران و لە سێدارە دران و ، تۆڵەی زۆر سەخت لەو ناوچانە کراوە کە بەشدارییان لەو ڕاپەڕینە دا کرد بوو. بەپێی سەرچاوەیەکی ناسیۆنالیستی کورد، عەمەلییاتە نیزامییەکان بوونە هۆی تالان کردنی زیاتر لە دوو سەد گوند و ڕووخاندنی زیاتر لە هەشت هەزار ماڵ و کووژرانی پازدە هەزار کەس. [٢٩] سەرهەڵدانی شێخ سەعید هەڕەشەیەکی جیدی نیزامی نەبوو لە سەر تورکییە، بەڵام نوختە وەرچەرخانێکە لە مێژووی کۆمار دا. ئەو سەرهەڵدانە ڕەوتی پێکهاتنی حکوومەتێکی سەرەڕۆیانەی خێراتر کرد و سیاسەتی ئەوتۆی هەڵخستەوە کە بە ئانقەستە ئامانجی لە نێوبردن و ڕیشەکێش کردنی ئێتنیسیتەی کورد بوو. هەر دەستبەجێ لە دوای دەستپێکردنی سەرهەڵدانەکە، فەتحی ئۆکیار کە بەڕێژە سەرۆکوەزیرێکی لیبێراڵ بوو لە سەر کار لا درا و عیسمەت ئینوێنووی زاڵم جێی گرتەوە. ئینوێنوو لە دیاریکردنی هەڵوێستی خۆی لە ئاست کوردەکان دا بە ئاشکرایی ڕایگەیاند، " ئێمە بە ئاشکرایی ناسیۆنالیستین. ناسیۆنالیسم تەنیا دۆزێکە ئێمە بەدەوری یەک دا دەهێڵێتەوە. جگە لە زۆربەی تورک، هیچ کام لە توێوەکانی [ ئێتنیکەکان] دیکە نابێ چ شوێنێکیان هەبێ. ئێمە، بە هەر نرخێک دەبێ بڵابێ، گشت ئەوانەی لە وولاتی ئێمە دا دەژین دەکەین بە تورک و، ئەوانەش لە نێو دەبەین کە بە خۆ دەپەڕموون لە ئاست تورک و وولاتی تورکان سەر هەڵێنن." [٣٠]
بە دوای ئەوە دا چەندین سەرهەڵدانی ناوچەیی دیکەش کران، ئەوی هەرە گەورەیان لە نێوان ساڵانی 30-1928 لە ناوچەی دەوروبەری چیای ئاگری کرا. ئەوە لە نێو سەرهەڵدانەکان دا نێوەرۆکی لە هەموان ناسیۆنالیستی تر بوو و لە لایەن پارتییەکی سیاسیی کوردی کە لە تاراوگە بوو ڕێک خرا و هاوسەنگی تێدا پێک هات. لەگەڵ ئەوەشدا، لە گشت ئەو سەرهەڵدانانە دا عەشیرەتەکان دەورێکی سەرەکییان گێرا و، لە ژێر سەرۆکایەتی ئاغاکانیان (سەرۆک عەشیرەتەکان) دا دەجووڵانەوە و ئەو سەرهەڵدانانە جار جاریش لە لایەن شێخەکان، ڕێبەرانی دینییەوە ڕێک دەخران کە دەستەڵاتێکی بەرفرەوانیان هەبوو.
(ئەوەش پاساوێک بوو ،بۆ جەخت کردنەوەی وێژمانی گشتیی تورکی، لە مەڕ پێویستی هەڵوەشاندنی "فێئۆدالیزم"، "عەشیرەتێتی" و کۆنەپەرستیی دینی.) حکوومەت، بە تێگەیشتن لەوە، وولامی ئەو ڕاستییەی بە ئێعدامی هێندێک لە شێخەخان و ئاغاکان داوە و ئەوانیدیشی لە عەشیرەتەکانیان جوێ کردەوە و دووری خستنەوە بۆ بەشەکانی دیکەی وولات. هێندێک لە عەشیرەتەکان ( بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرهەڵدانی ئاگری دا بەشدارییان کرد بوو) بە پانەوە دوور خرانەوە و بە ڕۆژئاوای تورکییە دا بڵاو کرانەوە.
یەکەم دوورخستنەوەکان بە ئاشکرایی تۆلەسەندنەوە بوون بە دژی عەشیرەتە سەرهەڵداوەکان.لە ساڵەکانی دواتر دا دوورخستنەوەکان بوون بە بەشێک لە حەولێکی پلان بۆ داڕێژراو بە مەبەستی تواندنەوەی کوردەکان، بەرنامەی بە تورک کردن کە لە لایەن ئینوێنوو ڕاگەیێندرا زۆر بە توندیی دەستپێکرا. زمانی کوردی، جلوبەرگی کوردی،فۆلکلۆری کوردی، تەنانەت ووشەی " کورد" یش قەدەغە کران. زانایان دەستیان کرد بە "پێ سەلماندن"ی ئەوەی کە "عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵات" لە بنەچەکەی خالیسی تورکن و، زمانەکەیان تورکی یە، ئەگەرچی هێندێک شێواوە لە بەر دراوسێ بوونیان لە گەڵ ئێران. بەو شێوەیە نێوی " تورکی شاخاوی"یان بە سەر دا بڕین. پێویست بە گوتن ناکا هیچ جێیەک نەبوو بۆ بۆچوون و دەنگی دژ لە ژیانی ئاکادێمی و گشتی دا. لەو سەروبەندی دا بە پشتیوانی و پاڵپشتی حکوومەت تێۆرییەکی مێژوویی دیکەش پێش خرا کە دەیگوت شارستانییەتە مەزنەکان – چین، هیندووستان،

موسڵمان تەنانەت میسری کەونارا و ئێتروسکان یش - ڕیشەیان تورکی یە. بۆیە بە تورک کردن، تەنانەت بە زۆرەملێش وەک پرۆسەیەکی فێرە شارستانییەت کردن دەناساندرا. بەڵام قەتیان ئەو پرسیارە لە خۆیان نەکرد کە بۆ وولامەکەی تێدا دەمان باشە چ پێویست دەکا خەڵک بکرێنە تورک لە کاتێکدا کە دەگوترێ ئەوان هەمیشە تورک بوون.
جێگۆرکێ کردنی بەربڵاو بە دانیشتووان یەک لەو هەنگاوانە بوو کە دەستەڵاتداران هیوادار بوون یەکپارچەیی خاکی ووڵات بەهێز بکا و پرۆسەی تواندەوە خێراتر کا. کوردەکان دەبوو بە پانەوە دوور بخرێنەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکییە و لێک دابیرێن و بڵاو بکرێنەوە و تورکەکان لە زێد و واری ئەوان دامەزرێن. بەڵگەنامەیەکی هەرە گرینگ لەمەر سیاسەتی حکوومەت، قانوونی دامەزراندنەوە و ماڵ دانانی ساڵی 1934، تەواو بە ئاشکرایی نیشان دەدا  بە تورک کردن ئامانجی هەرە سەرەکی ئەو دامەزراندنەوەیە بووە. ئەو قانوونە سێ جۆرە ناوچەی لێ دامەزران (ەوە) ی دیاری کرد:
--- یەکیان ئەو جۆرە ناوچانەی " کە چۆل کردنیان لە ڕووی لەشساخی، ئابووری،کولتووری، سیاسی و ئەمنییەتییەوە لەبارە و بە قازانجە و تێیاندا دامەزران و ماڵ دانان قەدەغەیە."
--- دووەم ئەو جۆرە ناوچانەی " کە بۆ ڕاگوێستن و دامەزراندنی ئەو جۆرە دانیشتووانە لەبەرچاو گیراوە کە تواندنەوەیان دە کولتووری تورکی دا لەبارە و بە قازانجە،"
--- و سێیەم " ئەو شوێنانەی کە زیادکردنی دانیشتووانیان بە کولتووری تورکی یەوە لەبار و بە قازانجە." [٣١]
بە گوتنێکی دی، هێندێک ناوچەی کوردی ( کە دوایە دیاری دەکران) دەبوو بە تەواوی چۆڵ بکرێن و خەڵکیان تێدا نەمێنێ. لە کاتێکدا لە ناوچە کوردییەکانی دیکە دەبوو تۆو و ژمارەی کوردەکان بە نێوەهاتن و ماڵدانانی تورکەکان کەم بکرێتەوە.( و ڕەنگە بە دوورخستنەوەی کوردیی خۆجێیی). دوورخراوەکان دەبوو لە ناوچە تورکی یەکان دامەزرێندرێن، لە جێی ئاوا کە بکرێ بتوێندرێنەوە.
مەبەستی تێکشکاندنی کۆمەڵی کوردی بە ڕێگای تواندنەوەی خێراتری لە چەندین بڕگەی قانوونەکە دا بە بەڵگەوە دەسەلمێ. بۆ نموونە، مادەی 11، پێش بە حەولی خەڵکی ناتورک دەگرێ بۆ پاراستنی کولتووری خۆیان بە ڕێگای پاڵوێکدان لە گوندی ئاوا دا کە لە ڕووی ئێتنیکییەوە یەکدەستن یان لە یەکێتییە کرێکارییەکاندا. " ئەوانەی کە زمانی دایکییان تورکی نییە ڕێگایان پێ نادری وەک گرووپ دێیەکی تازە یان ناوچەیەکی تازە ئاوەدان کەنەوە، یان کۆمەڵەی کرێکاری و پیشەیی دامەزرێنن و ، ئەو جۆرە کەسانە ڕێگایان پێ نادرێ لە گوندێک، ناوچەیەک، دەزگایەک یان کارگەیەکدا جێگە بۆ کەسانی سەر بە ڕەگەزی خۆیان بگرنەوە." [ ٣٢ ] بەئاشکرایی ئەوە زۆر لە جیاوازیی لەگەڵ کردنێکی قانوونی زیاترە و ؛ قانوونی دامەزراندنەوە و ماڵ دانان چوارچێوەیەکی قانوونی بۆ جێنۆسایدی دادەنێ.

لە سەر بنەمای ئەو قانوونەیە کە دەبێ دامرکاندنەوە و کپ کردنی دەنگی دەرسیم لە بەر چاو بگیرێ. دەرسیم یەکێک لە یەکەم هەرێمەکان بوو کە دەبوو ئەو قانوونەی تێدا وەگەڕ بکەوێ. ساڵێک لە دوای قانوونی دامەزراندنەوە،لە دێسامبری 1935 مەجلیسی گەورەی نەتەوەیی قانوونێکی تایبەتی لە سەر دەرسیم پەسند کرد. ناوچەکە کرا بە ئەستانێکی جیاواز و خرا بەر دەست فەرماندارێکی نیزامی، کە دەستەلاتی نائاسایی درایە بۆ گرتن ودوورخستنەوەی تاک وتەرا و خێزانان. وەزیری کاروباری نێوخۆی ئەو دەمی تورکییە، شوکرو کایا، پێویستی هەبوونی ئەو قانوونەی شی کردەوە بە ئاماژە کردن بە دواکەوتوویی و سەروەبەرنەهێنانی عەشیرەتەکانی. ناوچەکە لە هەلومەرجێکی بێ قانوونی دا دەژیا، ئەوەش لە بەر نەزانی، و هەژاری. عەشیرەتەکان بە پێی قانوونە عەشیرەتییە دواکەوتووانەکانی خۆیان، هەموو جۆرە کارو بارێکی قانوونی، مەدەنی و تاوانکارییان یەکلا دەکردەوە، بێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە دەوڵەت. وەزیرەکە ئەو هەلومەرجەی بە نەخۆشییەک دانا و ، لێی زیاد کرد کە یازدە بەربەرەکانی و هێرشی نیزامی پێشوو ، لە کاتی دەستەڵاتی ڕێژیمی کۆن دا ، نەیتوانیوە چارەسەرییەک بۆ ئەو نەخۆشیە بدۆزێتەوە. ئەو گوتی تیمار کردنێکی ڕیشەیی پێویستە و، ئەو قانوونە بەشێکە لە بەرنامەیەکی چاکسازی ( ئەو جەختی کردەوە بە " مێتۆدی شارستانیانە") کە کارێکی ئاوا دەکا ئەو خەڵکەش خێر و بەرەکەتی کۆماریان بەر بکەوێ. [٣٣]
کینایەی وەزیر لە مەڕ نەخۆشی و تیمار کردنی وا وێدەچێ لە ڕاپۆرتێک لە مەڕ دەرسیم وەرگیرابێ کە دە ساڵ پێشتر بۆ هەمان وەزارەتخانە ئامادە کرا بوو. ئەو بەڵگەنامەیە لە مێژووی ڕەسمی ئەو بەربەرەکانییە نیزامییە دا دیسان هاتەوە گۆڕێ، وەکوو ڕێنوێنییەک بۆ سیاسەتی نیزامی. نووسەرەکەی، حەمدی بەگ، دەرسیمی نێو نا بە " کوانێک کە دەبوو حکوومەتی کۆماری... عەمەلییاتی بکا بۆ ئەوەی پێش بە ئێش و ژانی خراپتر بگیرێ." ئەو زۆر لە شوکرو کەیا ڕەپوروتر بوو سەبارەت بە ناسازی دەرسیم : واتە بووژانەوەی ووشیاری لە زێدەی ئێتنیکی کورد. [٣٤]

تیمارکردنەکە بە کێشانی ڕێگاوبان و دروستکردنی پرد و ڕێباز و پاسگای پۆلیس و پێگەی حکوومەت لە هەموو گوندێکی گەورە دەستی پێکرد.ئەو نائارامییەی کە لە ئاکامی ئەو داسەپاندنەی کۆنترۆڵی حکوومەت دا سازبوو هۆیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ بەربەرەکانی و دەنگ کپ کردنی ساڵانی 38 – 1937، کە لە هەمان کات دا ڕێگەی خۆش

کرد بۆ ئەنجامدانی یەکەم دوورخستنەوەی بەربڵاو بە پێی قانوونی ساڵی 1934. [ ٣٥ ] دوای ئەوەی کە سەرهەڵدانی دەرسیم سەرکوت کرا، ئەو هەرێمانەی دیکەی کوردستان کە لە سەرەوە ڕا "موتەمەدین کرابوون" زۆر چاک دەیانزانی مانای خۆڕاگری چییە.

دەستگای کەماڵیستی حەولێکی زەبەلاح بوو بۆ دروستکردنی دنیایەکی نوێ. مستەفا کەماڵ و هاوکارەکانی دەوڵەتێکی نوێی بەهێزیان لە سەر وێرانەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، پیاوە نەخۆشەکەی ئوروپا دروست کرد بوو. بە ڕێگای قەدەغە کردنی ڕێنووسی عەرەبی ئەوان هەموو بیرەوەرییەکی ڕابردوویان لە نێو برد و دەستیان کراوە بوو بەو شێوەیەی کە خۆیان پێیان خۆش بوو سەر لە نوێ مێژوو بنووسنەوە . کەماڵیستەکان دەستیان کرد بە ساز کردنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، پێشکەوتوو و یەکپارچە لە شوێنێک کە پێشتر بریتی بوو لە پینەپینەی ناوچەی کۆمەڵگەگەلی ئێتنیکی. هەرچییەک بەوە داندرابا کە یەکێتیی نەتەوەیی لەق دەکا، چ جیاوازی ئێتنیکی با یان جیاوازی چینایەتی، دەستبەجێ نکووڵی لێ دەکرا و بێ بەزەییانە سەرکوت دەکرا. لە چاو کەماڵیستەکاندا، ئەوە پرۆسەیەکی ڕزگاری بوو، پێداگرییەک لە سەر قەدر وپلەی ئینسانی و یەکسانی .
مستەفا کەماڵ ڕایگەیاند، " خەڵکی ئانکارا، دیاربەکر،ترابزۆن و مەقدوونییە هەموویان منداڵی یەک ڕەگەزن، ئەو جەواهێرانەی کە لە یەک بەرد داتاشراون." بەڵام ژیانی ڕاستەقینە زۆر کەمتر لەوە یەکسانانە بوو. تەنانەت ئەمڕۆش، کەسێک پێناسەکەی نیشان بدا کە لە تونجەلی لە دایک بووە لە لایەن کاربەدەستانەوە بە دڕدۆنگی و بێزارییەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکرێ و ناتوانێ بە هاسانی کار پەیدا کا ، تەنانەت ئەگەر بە تەواویش بووبێتە تورک. [٣٦] قسەیەکی دیکەی بە نێوبانگی مستەفا کەماڵ ، کە لەسەر دیواری خانووبەرە ڕەسمییەکان و پەیکەرەکانی لە هەموو وولات دا هەڵکەندراوە،پرێک بە توێکڵە" چەند خۆشبەختە ئەوەی بەخۆی دەڵێ تورک!" --- واتە ئەوانەی وا بەخۆیان ناڵێن وا نین. وەزیری داد مەحموود ئەسەد زۆر کەمتر بە پێچ و پەنا بوو و ڕەپوو ڕوو لە ساڵی 1930 ڕایگەیاند،" تورکەکان تەنیا ئاغاکانی ئەم وولاتەن، تەنیا خاوەنی ئەم وولاتەن، ئەوانەی کە لە بنەچەکەی پاکی تورک نەبن لەم وولاتە دا تەنیا یەک مافیان هەیە، ئەویش مافی خزمەتکار بوون، مافی کۆیلە بوونە. با دۆست و دوژمن و تەنانەت با چیاکانیش ئەو ڕاستییە بزانن!" [ ٣٧]

دووڵی، یان ناکۆکی نێوخۆیی، کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە هەڵوێستی کەماڵیستی سەبارەت بە کوردەکان بۆ ماوەی نیو سەدە درێژەی کێشا. چەمکی کەماڵیستی تورک بوون لە سەر بنەمای ناساندنی بیۆلۆژی ڕەگەز نییە. هەموو کەس لە تورکییە ( ڕەنگە جیا لە کەمایەتییە مەسیحییەکان نەبێ) تورکە و، زۆر کورد هەن کە پلەوپایەی بەرزی سیاسییان وەدەست هێناوە بە وەخۆ کردنی ناسێنەی تورک، هەم پرێزیدێنت تورگوت ئۆێزاڵ و هەم ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆن ئەرداڵ ئینۆێنوو (نیوە)ی ڕەچەڵەکیان کوردییە، بەڵام هەستێکی باڵادەستی ڕەگەزیی تورکیش هەیە کە جار و بار بە دیار دەکەوێ. ئەگەرچی ئەو بۆچوونانە دوولایەنە ناکۆکن،بەڵام لە سەرکوتکردنی ئێتنیسیتەی کوردی دا هێزیان وەبەر یەکتری ناوە.

دێمۆکرات کردنی تورکییە، کە لە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی دەستی پێکرد،بووژانەوەی ووشیاری ئێتنیکی کوردی، پەیدا بوون و جۆششی ڕادیکالیزمی چەپ ئاژۆیی و ڕاست ئاژۆیی لە گەڵ خۆی هێنا. کودەتا نیزامییەکانی ساڵانی ١٩٦٠،١٩٧١ و، ١٩٨٠ حەولیان دا بۆ گێڕانەوەی و دامەزراندنەوەی خالێسێتی کەماڵیستی و ئەوە ئاکامی حەولی تازە بوو بۆ تواندنەوەی زۆر ملێی کوردەکان. تونجەلی، دەرسیمی کۆن بەشێکی زۆر لەو زۆردارییەی بەر کەتووە. ئیدی چی دی " حەشارگەی نەزانی و عەشیرەتگەریی دواکەوتوو" نییە،لە ماوەی چەندین دە ساڵی ڕابردوودا بە نێوەندی کۆمۆنیسم و پاشماوەی کوردایەتی کە ڕیشەی داکوتاوە، داندراوە.
چەند ساڵ لەمەوبەر، پلانی تازە داندرا بۆ ئەوەی بەشێکی گەورەی تونجەلی چۆڵ بکرێ و دانیشتووانی لە ڕۆژئاوا دابمەزرێندرێن،بە ڕواڵەت بە مەبەستی پاراستنی جەنگەڵ و دارستان.[ ٣٨] زۆربەی خەڵکی دەرسیم ئێستا لە تاراوگە دەژین، یان لە ڕۆژئاوای تورکییە یان لە هەندەران. شتێکی ئەتۆ لە کولتووری جیاواز و تایبەتی دەرسیم نەماوەتەوە.

**پەراویزەکان**

Ismail Beşikçi, Tunceli Kanunu (1935) ve Dersim Jenosidi [The 1935 law concerning Tunceli and the [١]
genocide of Dersim] (Istanbul: Belge yayınları,1990.

[٢] له دوو دەقی ستاندارد دا تەنانەت بە تاقە ووشەیەکیش باسی ئەو ڕووداوانە نەکراوە. بڕوانە:
,Bernard Lewis, The Emergence
of Modern Turkey (London: Oxford University Press, 1968), and Stanford J. Shaw and Ezel Kural Shaw, History of the Ottoman Empire and of Modern Turkey, vol. 2, The Rise of Modern Turkey 1808-1975Cambridge: Cambridge University Press, 1977.
ئەو نووسەرە تورکانەی وا ئاماژەیان بە دەرسیم کردووە بەلایانەوە پەسندە کە کوشتارەکان داپۆشن.بۆیە، ژەنەڕاڵی خانەنشین موحسین باتور لە بیرەوەریەکانی دا دەڵێ ئەو وەک سیتوانێکی گەنج لە ساڵی ١٩٣٨ لە بەربەرەکانی دەرسیم دا بەشداری کردووە بەڵام دەست لەوە دەگێڕێتەوە قسە بدرکێنێ و دەنووسێ " داوای لێبوردن دەکەم ، ئەمن ئەو لاپەڕەیە لە ژیانم نانووسم" بڕوانە:
"Muhsin Batur, Anılar ve
görüşler: üç dönemin perde arkası [Memoirs and views: behind the scene in three periods] (Istanbul: Milliyet, 1985), quoted in Musa Anter, Anılarım [My memoirs] (Istanbul: Doz, 1990), 44.

[٣] ڕاپۆرتی کۆنسوول لە ترابزۆنەوە، بڕوانە:
Report from the Consul in Trabzon, 27 September 1938 (Public Record Office, London, FO 371 files, document E5961/69/44.(

[٤] ئەو هەژمارە لە ساڵی 1935 لە لایەن وەزیری نێوخۆ شوکرو کایا را باس کراوە ( بەشیکچی، لە "تونجەلی کانونو" دا گێراویەتەوە) لە کاتی ئاماژە کردن بە ئەستانی تونجەلی. ناوچەی مێژوویی دەرسیم لە ڕاستیدا گەورەتر بوو لە تونجەلی و هێندێک بەشی لە ئەستانە دراوسێیەکانی سیڤاس، ئەرزینجان و ئەلازغ (ئەلعەزیز)یشی وەبەر دەگرت. ڕەنگە ئەوە شی بکاتەوە کە بۆچی نووسەرێکی هاوچەرخی دیکە ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم بە هەژمارێکی زۆر زیاتر دادەنێ،واتە 150000 کەس ، بە ڕواڵەت مەبەستی لە دەرسیمی گەورەترە. بڕوانە:
Naşit Uluğ, Tunceli medeniyete açılıyor (Istanbul: Cumhuriyet Matbaası, 1939, 144.
تونجەلی دەرگای بەرووی شارستانییەت دا دەکرێتەوە))
بەربەرەکانی و هێرشە نیزامییەکان بەشێوەی سەرەکی هەر لە ئەستانی تونجەلی دا کران. بۆیە ئەمن هەژمارەکەی پێشووم بەلاوە پەسندە.

[٥] سەرنجڕاکێشە ( ڕەنگە هێندێکیش گرینگی سیاسی هەبێ)، زۆر لە کوردەکانی دەرسیم بەشێک لە بنەچەکەیان دەچێتەوە سەر هەرمەنییەکان ---- دەرسیم دانیشتوویەکی زۆری هەرمەنی هەبوو. تەنانەت زۆر بەر لە کوشتاری هەرمەنییەکان، زۆر لە هەرمەنییەکان دڵخوازانە توانەوە و بوون بە کوردی عەلەوی، بڕوانە:
s (L. Molyneux-Seel,
"A Journey in Dersim," The Geographical Journal 44, no. 1 [1914]: 49-68.(
ڕچەی ئەوە هەم لە لەهجە ناوچەییەکانی زازاکی و هەم لە باوەڕی گشتی دا دەبیندرێ.

[٦] بە پێی لێکۆڵینەوەی نیزامی ووردە ڕیشاڵی ڕووداوەکان، ئەو هەرمەنیانەی لە دەرسیم لە دایک ببوون و لە جەنگەی کوشتاری هەرمەنییەکاندا ڕزگاریان ببوو و چووبوونە سوورییە، دواتر لە گەڵ ناسیۆنالیستەکوردەکان گەڕانەوە بۆ ناوچە و بە سەرکەوتوویی توانیان عەشیرەتەکان هان بدەن بۆ سەرهەڵدان. بڕوانە:
Reşat Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar (1924-
] (1938Rebellions in the Republic of Turkey, 1924-1938] (Ankara: T. C. Genelkurmay Başkanlığı Harp Tarihi Dairesi, 1972), 377.
[سەرهەڵدانەکان لە کۆماری ترکییە دا، 1938-1924 ]

Mahmut Goloğlu, Tek-partili Cumhuriyet, 1931-1938 [The one-party republic, 1931-1938] Ankara [٧]

.243 ,(1974

Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar,37 [٨]

Hıdır Öztürk, Tarihimizde Tunceli ve Ermeni mezalimi [The place of Tunceli in our history and the [٩] atrocities by the Armenians] (Ankara: Türk Kültürünü Araştırma Enstitüsü, 1984), 31-36.

[جێگای تونجەلی لە مێژووی ئێمە دا و فاجیعەکانی هەرمەنییەکان]
M. Nuri Dersimi, Kürdistan tarihinde Dersim [Dersim in the history of Kurdistan] Aleppo, 1952 ] [١٠]
دەرسیم لە مێژووی کوردستان دا ] دەرسیمی ئەو کاتە ناوچەکەی بەجێهێشت کە لیی ڕوون بوو فەرماندارى نیزامی تازەی دەرسیم ئەو بە هاندەرێکی سەرەکی سەرهەڵدانەکە دەزانێ. ئەوە بەر لەو سەروبەندەی بوو کە عەمەلیياتە نیزامییە تەواوەکان دەست پێبکەن. بۆیە دەرسیمی خۆی چاوەدێرێکی کوشتارەکان نەبوو؛ بە گشتی وا وێدەچێ ڕیوایەتەکەی وی لە ڕووی فاکتەوە دروست بێ، ئەگەرچی ئەو هەژمارانەی کە بەدەستەوەیان دەدا دەکرێ هێندێک گەورەکرابێتنەوە. ئەوەی لە کتێبەکەیدا ڕەنگە نەکرێ پشتی زۆر پێ ببەسترێ سەبارەت بە دەوری خۆیەتی وهەر وەها ئەو حەولەی کە داویە دانیشتووانی دەرسیم زیاد لەوەی کە بوون وەک ناسیۆنالیست بناسێنێ.سەرهەڵدانی دەرسیم زیاتر نیشانەی خۆراگریی نەریتی عەشیرەتی پێوە دیارە لەئاست دەستتێوەردانی حکوومەت دا هەتا ئەوەی کەئەوەندە مۆدێرن بووبێ ویستبێتی دەوڵەتێکی جیاواز دامەزرێنێ.

[١١] بە وەرگێران لە کتێبی دەرسیمی لاپەڕەکانی 86- 285 . لەو کچانەی کە خۆیان کوشت کچی نووسەر 'فاتۆ'ش یان دە نێو دا بوو.

Dersimi, Kürdistan tarihinde Dersim, 286-87[١٢]

[١٣] بە پێی قسەی دەرسیمی، لاپەڕەی 288، ئەرتەش وای دەنواند ئامادەیە داوخوازی سەرهەڵداوان قەبووڵ بکا. بەڵام باسی ئەوە ناکا ئەو داوخوازانە چ بوون.

[١٤] مەحکەمە و ئیعدامەکان بەوپەڕی خێراییەوە ئەنجام دران چونکە هەموو شت دەبوو جێ بەجێ بکرێ بەر لە هاتنی پرێزیدێنت ئاتاتورک، کە بەڕێوە بوو بۆ سەردانی هەریم و هاتن بۆ دەرسیم.ئەو کاربەدەستانەی بە سەر کارەکە ڕادەگەیشتن پێیان خۆش نەبوو پرێزیدێنت بەوە جاڕز بکەن کە خەڵکی ناوچە نامەی داوخوازی لێبووردنی بدەنێ. ڕووداوەکان بە هەستێکی ئاشکرای شەرمەوە، لە لایەن پیاوێکەوە گێردراونەتەوە کە فەرمانی ڕێکخستنی مەحکەمە و ئیعدام کردنی بەپەلەی دا، واتە وەزیری دواتری کارو باری دەرەوە ئیحسان سەبری چاغلاینگیل، ئەو قسانە لە بیرەوەرییەکانی دا هاتووە،
Anılarım (Istanbul: Yılmaz, 1990), 45-55

[١٥]دەرسیمی ، هەمان کتێب، لاپەڕەی 20 – 318 . ئەو بە تایبەتی باسی براکەی خۆی دەکا ، کە ئەو دەمی لە ڕێگەی هەوایی دیاربەکر پیشەیەکی دەفتەری هەبووە و ، لە وێوە لەگەڵ دوو دۆستی دەبردرێن و تەقیان لێ دەکەن و دەکووژرێن.

Dr. Şıvan, Kürt millet hareketleri ve Irak'ta Kürdistan ihtilalı [Kurdish national movements and the[١٦] revolution of Kurdistan in Iraq] (Stockholm, 1975; previously published clandestinely in Turkey in 1970
[ بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان و شۆڕش لە کوردستانی عێراق] ئەو کتێبە پێشتر لە ساڵی 1970 بەنهێنی لە تورکییە چاپ کرا]

Şıvan, Kürt millet hareketleri, 98 [١٧]

Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar, 365-480 [١٨]
[١٩] ئەم سەرچاوە گرینگە بە ووردە ڕیشاڵ باسی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی عەمەلییاتە نیزامییەکان دەکا و لە لایەن دیپارتمانی مێژووی شەرەوە ئامادە کراوە کە سەر بە ستادی ئەرتەشی تورکە. ئەو کتێبە لە بەر دەستی خەڵک دا نییە، بە تیراژێکی زۆر کەم چاپ کرا و، لەوەش زیاتر زۆربەی نوسخەکانی لە ماوەیەکی کورتی دوای بڵاو بوونەوەی داوا کرانەوە و لە نێو بردران. ئەو دۆستانەی کە پێیان خۆشە نێویان نەدرکێ فۆتۆ کۆپی بەشی لە مەڕ دەرسیمیان لە بەر دەست من نا. هێندێک لە بڕگەسەرەکییەکانی وەکوو خۆی لە کتێبی بەشیکچی دا هاتوون.
Beşikçi, Tunceli kanunu

[٢٠] لە کتێبەکەی بەشیکچی ، لاپەڕەی 67 دا بڵاو کراوەتەوە.Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar, 478

[٢١] بە پێی گێرانەوەی بەشیکچی لە کتێبەکەی سەرەوەی دا ( لاپەڕەی ١٠) وەزیرەکە کاتێک قانوونێکی تایبەتی لە مەڕ دەرسیم پێشکێش دەکرد، نیزیکەی دوو ساڵ بەر لە بەربەرەکانیەکان ڕایگەیاند کە خەڵکی ئەوێ " دەستەیەکن کە لە بناواندا سەر بە ڕەگەزێکی تورکن". ( ئاسلەن تورک ئونسورونە مەنسوپ ئۆلان بیر کیتلە دیر). تێکدانی ناسێنەی ئێتنیکی کورد ناکۆکانە بە کارێکی ڕەوا داندرا بە ڕێگای نکووڵی کردن لە هەبوونی ( بڕوانە خوارەوە)

Cağlayangil, Anılarım, 47 [٢٢]

Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar, 39 [٢٣]

Uluğ, Tunceli,159 (slightly abbreviated[٢٤]
( بڕێک کورت کراوەتەوە) . ناشیت هاکی ئولوغ لە مەجلیسی گەورەی نەتەوەیی دا نوێنەری ئەستانی کوتاهیا بوو و پێشتر ڕیوایەتێکی ژوورنالیستی لە سەر پێوەندییە " فێئۆدالییەکان" لە دەرسیم و پێویستی هەڵوەشاندنەوەیان بڵاو کردبووەوە.ئەو لە نووسینەکەی دا هیچ ناڵێ لە ئاست نرخی ئینسانی پرۆسەی " موتەمەدین کردن" و تەنانەت باسی تاقە کوشتنێکیش ناکا.

[٢٥] کاتێک حەوتوونامەی ئیکیینە دۆغرو ( " بەرەو 2000 " ) لە ژمارەی 6ی مانگی نۆڤامبری ساڵی 1988 ی خۆی دا یادداشتەکانی کۆبونەوەیەکی چاپەمەنی بڵاو کردەوە کە تێیدا مستەفا کەماڵ باسی ئۆتۆنۆمی دەکا، ئەوە هەرا و زەنایەکی زۆری لە تورکییە ساز کرد. گۆوارەکە دەستبەجێ بە تاوانی " بانگەشەی جیاوازیخوازانە" قەدەغە کرا، بەڵام دواتر بڕیارێکی مەحکەمە قەدەغەکەی هەڵوەشاندەوە.

[٢٦] لە سەردەمی خەباتی هاوبەش لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی دا، ئەو خاکەی دەبوو بەرگری لێ بکرێ نێوی " تورکییە" نەبوو بەڵکوو پێیان دەگوت " ئانادۆلی و ڕومەلی" ( نێوی نەریتی بۆ بەشە ئاسیاییەکان و بەشە ئوروپاییەکانی وولاتی ئێستا).

Foreign Office files, series [ ٢٧ ]
FO 371, 1919, item 44A/112202/3050 (Public Record Office, London). FO 371, 1919: 44A/112202/3050 (Public Record Office, London); A. Yamulki, Kürdistan ve Kürd ihtilalleri )Kurdistan and the Kurdish rebellions) (Baghdad, 1946), 70-71.
عەزیز یامولکی [ کوردستان و سەرهەڵدانە کوردییەکان] ئەم نووسەری دوایی باسی کەیسی سەرۆک عەشیرەتێک دەکا کە پێی خۆش بوو عەشیرەتەکەی کۆ کاتەوە و لە گەڵیان بگەڕێتەوە کوردستان و، پێشیان پێ گرت و نەیانهێشت بچێتەوە. کەیسی ئاوا دواتر وەک ناڕەزایەتی و گازندەی سەرەکی ئاماژەیان پێکراوە کە بووونە هۆی یەکەم سەرهەڵدانی گەورەی کوردی. بڕوانە:
"Vom Osmanismus zum Separatismus: religiöse und ethnische Hintergründe der Rebellion des Scheich Said," in Islam und Politik in der Türkei, ed. Jochen Blaschke and Martin van Bruinessen (Berlin: Express Edition,1985),109-65, at 143-

.44

Van Bruinessen, "Vom Osmanismus zum Separatismus"; Robert Olson, The Emergence of Kurdish [ ٢٨ ]
Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1920-1925 (Austin: University of Texas Press,1989.

Bletch Chirguh, La question kurde (Le Caire, 1930), 52 [٢٩]

[٣٠] ووتار له تورک ئۆجاکلاری دا له ئانکارا، له 21ی ئاوریلی 1925. گوینای ئاسڵان، له کتێبەکەی " قەسابانی یۆنیفۆرم پۆش" دا گێراویەتەوە.
Güney Aslan, Üniformalı
kasaplar (Butchers in uniform) (Istanbul: Pencere Yayınları, 1990), 14, after the popular history magazine Yakın Tarihimiz.

[٣١] تەرخان کردنی ناوچەی تایبەتی بۆ ئەو جۆرە نیشتەجێ بوونە ( کە لە بەر ڕوونتر بوون ئەمن جێگۆرکێم بە ڕیزیان کردووە ) دەبوو بە پێی ڕوحی قانوون لە لایەن وەزارەتی نێو خۆ وە ئەنجام بدرێ. قانوونەکە خۆی،چوارچێوە سیاسییەکەی و ئاکامەکانی بە دوور و درێژی لە لایەن ئیسماعیل بەشیکچی یەوە باسیان لێوە کراوە،
Kürtlerin "mecburi iskan"ı (The "forced resettlement" of the Kurds) (Ankara: Komal,1977); the quoted passages from article 2 are at 133. There is a French summary of the law in Rambout, Les Kurdes, 32-.33The partial translation in Ute Baran, "Deportations: Tunceli Kanunlari," in Documentation of the International Conference on Human Rights in Kurdistan (Bremen, 1989), 110-16, is unfortunately marred by serious errors. No serious study of the implementation of the law seems to have been made; a geographer who visited Kurdistan in the late 1930s, however, observed numerous recent Turkish settlements in the area (J. Frödin, "Neuere kulturgeografische Wandlungen in der östlichen Türkei", Zeitschrift der Gesellschaft für Erdkunde 79, no.1-2 [ 1944]:1-20.(
لەو دەمییەوە، زۆرێک لە ماڵدانەران کە هەستیان پێکردووە وەنەبێ زۆر بەخێر هێندراو بن، دیسان باریان کردووەتەوە بۆ ڕۆژئاوای ترکیە.

Beşikçi, Kürtlerin "mecburi iskan"ı, 142 [٣٢]

[٣٣] ووتاری کەیا لە بەردەم مەجلیسی گەورەی نەتەوەیی لە 25ی دیسامبری 1935 ( لە لایەن بەشیکچی یە لەکتێبەکەی دا، تونجەلی کانونو، 10، بە پێی یادداشتەکانی پارلمانی، گێردراوەتەوە).

[٣٤] ڕاپۆرت سەبارەت بە هەلومەرج لە دەرسیم نووسینی پشکنێری خزمەتی مەدەنی ،حەمدی بەگ لە 2ی فێڤرییەی 1926 ئامادە کراوە و لە کتێبی هاللی " تورکییە جومهووریيەتینده ئایاکلانمالار"، لاپەرەی 76 – 375 دا چاپ کراوەتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە باسی سیاسەتێکی درێژخایەنی ستادی گشتی ئەڕتەش دەکا لە سەر بنەمای ئەو فکرانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون کە دەڵێ بەربەرەکانی و هێرشی نیزامی تەنێ هەر لە وولامی ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوی ساڵی 1937 دا نەبوون. لە ساڵی 1926، کاتێک حەمدی بەگ ڕاپۆرتەکەی خۆی ئامادە دەکرد، هێشتا دەرفەتی ئەوە هەبوو ئاماژە بە کورد و هەست و سۆزی سیاسی کورد بکرێ؛ لە ساڵانی 1930 کاندا، دەکرا تەنێ بە بێژەی ناڕاستەوخۆی وەک "عەشیرەتی" ،" نا موتەمەدین" ئاماژەیان پێ بکرێ. ( واتە ئەوانەی شارستانییەتی مۆدێرنی تورک یان " بنچەکەی تورک" یان نییە.

[٣٥] تەنیا هەژمارێکی کە من سەبارەت بە دوورخستنەوەکانی ساڵانی 1930یەکان دیتبێتم لە لایەن ژەنەڕاڵی خانە نشین ئەسەنگین ڕا دراوە، بە پێی ئەوە، 3470 کەس کە سەر بە زۆر عەشیرەتی جیاواز بوون دوور خرانەوە بۆ ڕۆژئاوای ترکییە. پروانە:
Kenan Esengin, Kürtçülük sorunu (The problem of Kurdish nationalism) (Istanbul: Su Yayınları, 1976),

( کێشەی ناسیۆنالیزمی کورد)، ژمارەی ڕاستەقینە دەکرێ زۆر لەوە زیاتر بێ.

Cf. Peter Bumke, "Kızılbaş-Kurden in Dersim (Tunceli, Türkei): Marginalität und Häresie [ ٣٦]
Anthropos 74 (1979): 530-48
Daily Milliyet, 19 September 193

[٣٧] لە مانگی ژانڤییەی 1987 ، دانیشتووانی 233 گوند لە تونجەلی ( لە کۆی 434 گوند) لەلایەن ئیدارەی لێرەوار و دارستانی ناوچەییەوە ئاگادار کران کە دەبێ گوندەکانیان چۆڵ کەن و لە ڕۆژئاوای ترکییە یان لە باشووری ڕۆژئاوا دادەمەزرێندرێن. بڕوانە ڕاپۆرتێک لە حەونامەی ئیکیبینە دۆغرووی ئەستەنبووڵ، 21 – 15 ی فێڤرییەی 1978. پرۆتێست و ناڕەزایەتی دەربڕینی بەربڵاو کە هاوکات بوو لە گەڵ دەرکەوتنی ئەو ڕاپۆرتە بەڕواڵەت پێ چۆل کردنی گوندەکانی وەدوایە خستووە

تێبینی وەرگێر: ئەم بابەتە سەرەوە پوختەی نووسینێکی پرۆفێسۆر مارتین ڤان براونێسن ە بە ناوی
Genocide in Kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey (1937-38) and chemical war against the Iraqi Kurds 1988
"جێنوساید لە کوردستان؟ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی دەرسیم لە تورکییە (٣٨- ١٩٣٧) و شەڕی شێمیایی بە دژی کوردەکانی عێراق (١٩٨٨)". ئەم باسە لە ساڵی ١٩٩٤ لەم کتێبەی خوارەوە دا بڵاو کراوەتەوە
George J:Andreopoulos (editor), Conceptual and historical dimensions of genocide. University of Pennsylvania,1994,pp.141-170
کاتی خۆی من ئەو بابەتەم وەرگێرا و لە گۆواری "ڕابوون" لە سوێد بڵاو کراوە. ئەم دەقەی ئێستا بە تەواوی جارێکی دیکە وەرگێردراوە و دەکرێ هێندێک بێژە و زاراوەی لێرەدا دەکار کراون لە دەقی پێشوو جیاواز بن

# (٢)

## سەرهەڵدانی شێخ سەعید

### ئیسلامی جەماوەری، ناسیۆنالیزمی کورد و ڕاپەڕینی دەرەوەی شاران:
### سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە تورکییە (١٩٢٥)

لە مانگەکانی فێڤرییە و مارسی ١٩٢٥ کۆماری لاوی تورکییە بە ڕاپەڕینێکی جووتیرانی کورد کە بەخێرایی بە بەشێکی گەورەی ئوستانە ڕۆژهەڵاتییەکانیدا بڵاو بووەوە ڕاتڵەکا [ براونێسن ١٩٧٨؛ فرات ١٩٧٠، جەمال ١٩٥٥؛ تۆکەر ١٩٦٨؛ ئولسۆن و تاکر، ١٩٧٨]. دەستە و تیپەنی کەمچەکی جووتێران ، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئایینی و سەرۆک عەشیرەتان ، یەک بە یەک پەلاماریان بردە سەر شاران، ئیدارەی چڵ و نیوەچڵی خۆیان لێ دامەزراندن و گشت کاربەدستانی نیزامی و مەدەنییان ڕەپاڵ نا کە هێشتا وەفاداربوون بە حکوومەتی نێوەندی.جووڵانەوەکانی سەرهەڵداوان ڕێبەرێکی جەماوەری و سەرۆکی تەریقەتێکی دەروێشان،شێخ سەعید ڕێکی دەخست و، شێخەکانی دیکەی هەمان تەریقەت هەڵکەوت و پلەی سەرەکییان هەبوو لەو ڕاپەڕینە دا.ئامانجی بەڕواڵەتی ئەو ڕاپەڕینە پێشگرتن بوو لەو چاکسازییە نادینیانەی کە حکوومەتی تورکییە دەستی پێکرد بوو. ئەگەرچی، دواتر، ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەوە تاوانبار کران حەولیان داوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد.کپ کردنەوەی ئەو ڕاپەڕینە بە قیمەتی زیاتر لە دوو مانگ نێوەگلانی حکوومەت و بەکارهێنانی هێزی هەوایی و دەنگ دانی ٣٥٠٠٠ عەسکەری پیادە و خوێنڕێژییەکی زۆر لە سەر حکوومەت ڕاوەستا، بە دەم ئەو سەرکوتەوە، بەشی زۆری ئەو دێمۆکراسییە کەمەش کە لە تورکییە هەبوو قوربانی کرا.

ئەو ڕاپەڕینە،دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند مستەفا کەماڵ (ئاتاتورک) و عیسمەت (ئینۆینو) دەستەڵاتی دیکتاتۆریانە بەدەستەوە بگرن.حکوومەتی تا ڕادەیەک لیبێراڵی فەتحی بەی (ئۆکیار) لە کۆدەتایەک دا کە لە نێو پارتیی فەرمانڕەوا دا بەڕێوەچوو ناچار کرا لە سەر کار لاچێ و، عیسمەتی توند و تیژ، کە ئۆپۆزیسیۆنی "لێبراڵ"ومیانەڕۆ زۆریان ناخۆش دەویست، جارێکی دیکە وەک سەرۆکوەزیر دەستەڵاتی بە دەست گرتەوە.دوو حەوتوو دوای ئەوەی کە خەبەری ئەو ڕاپەڕینە گەیشتە ئانکارا، ئینۆینو کابینەی تازەی خۆی ڕاگەیاند. ڕۆژی دواتر ئەو قانوونێکی بە پەسندی مەجلیسی نەتەوەیی تورک گەیاند بۆ دامەزراندنەوەی هێمنایەتی، قانوونێک کە بە تەواوی دەستی حکوومەتی دەکردەوە چی پێی باشە بیکا. مەحکەمەی تایبەتی، کە بە پێی ئەو قانوونە دامەزران، ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کوردییەیان مەحکەمە کرد و بڕیاری مەرگیان دان و، نەک هەر ئەوان بەڵکوو زۆر دژبەری دیکەی سیاسیش بە دەست ئەو مەحکەمانە دادگایی کران و لە دار دران. لە بەر دەستەڵاتی دیکتاتۆریانەی حکوومەت، هەلی ئەوە ڕەخسا چاکسازییە کەمالیستییەکان بە خێرایی لە زێدە جێبەجێ بکرێن بەبێ کەمترین لا کردنەوە لە ئۆپۆزیسیۆن. یەکێک لەو هەنگاوە چاکسازییانە، کە ڕاستەوراست پێوەندی هەبوو بە ڕاپەڕینەکەوە، ئەوە بوو گشت تەریقەتە دەروێشییەکان،ئەوانەی کە بەندی هەناوی ئیسلامی جەماوەری بوون سەرکوت کران.ئاکامێکی دیکە بریتی بوو لە بەڕێوەچوونی سیاسەتی بە تۆبزی تواندنەوەی کوردەکان و بێبەش کردنیان لە مافە کولتوورییەکانیان.

ئەو سیاسەتەی دواتر، ئەگەرچی بۆ چەندین دەساڵان ڕەچاو کراوە، نەیتوانیوە ئامانجە ڕواڵەتییەکەی کە ئەویش لە ڕیشە دەرهاویشتنی جیاوازیخوازیی کورد بێ پێکێ. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ کاندا ناسیۆنالیزمی کورد وێدەچێ پێگەیەکی بەربڵاوی جەماوەری پەیدا کرد بێ هەم لە شاران و هەم لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکییە. ئەگەرچی زۆر لە ناسیۆنالیستەکانی ئەم ڕۆژگارەی کورد ڕاپەڕینی شێخ سەعید بە کۆنەپەرستانە دەزانن، بەڵام بیرەوەرییەکانی هێشتاش هەر زیندووە و، زۆری دیکەش لە کوردەکان بە شانازییەکی ئاشکراوە باسی لێوە دەکەن. چەندین گۆواری کوردی جێیەکی زۆریان بۆ ووتاری دوور ودرێژ سەبارەت بە سەرهەڵدانی شێخ سەعید تەرخان کردووە. ئەو سەرهەڵدانە بووە بە ڕەمزێک هەم بۆ کوردە ناسیۆنالیستەکان و هەم بۆ دژبەرەکانیان.

**پاشخان**

هۆی هەرە ئاشکرای ساز بوونی ئەو ڕاپەڕینە ئەو بەرنامەیەی لە دین شۆردنەوە بوو کە حکوومەتی کۆماری دەستی پێ کردبوو. هەڵوەشاندنەوەی سوڵتانایەتی لە ساڵی ١٩٢٣ ساڵێک دواتر هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی بە دوو دا هات، کە ئەوە لە نێو هێندێک لە کۆر و کۆمەڵی کۆنە پارێز لە نێوخۆ و لە هەندەران ناڕەزایەتییەکی زۆری ساز کرد. بە تایبەتی لە نێو کوردەکان دا خەلافەت جێگایەکی زۆر بەرزی هەبوو. کاتێک، لە دەستپێکی شەڕی جیهانی یەکەم دا، سوڵتان بە سیفەتی خەلیفە یان ڕێبەری هەرە گەورەی موسوڵمانانی نەریتی جیهاد (شەڕی پیرۆز)ی ڕاگەیاند، زۆربەی کوردەکان بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە چوون.دراوێکی زۆری کە ڕوسەکان تەخشان پەخشانیان کرد لە حەولێک دا بۆ کڕینی وەفاداری هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان هیچی لێ شین نەبوو و ،داوخوازی سۆزاوی ناسیۆنالیستە کوردەکانیش لە وزەی دا نەبوو لە قورسایی قسەی خەڵیفە کەم کاتەوە.بۆ زۆر کەسان، دەستگای خەلافەت، بڕبڕە پشت و نیشانەی سەرەکی ئیسلام بوو و، هەڵوەشاندنی بە گورزێک دەزاندرا لە ئیسلام درابێ. یەکەم چاکسازییەکان لە پەروەردەش دا وێدەچوو دەگژ دین ڕۆ بێن، چونکە نێوەندە نەریتییەکانی پەروەردەی دینی (مەدرەسە) هەڵوەشێندران و جێیان بە خوێندنگەی مۆدێرن و شێوە ڕۆژئاوایی پڕ کراوە.بە ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاپەڕین شێخ سەعید چەندین وەعزی بۆ خەڵک کرد و لە قسەکانی دا زۆر بە توندی ئەو هەنگاوانەی حکوومەتی شەرمەزار کرد، دواتر، لە مەحکەمە دا، شێخ کورتەی یەکێک لە ووتارەکانی خۆی بەم شێوەیەی
خوارەوە گێراوە کە لە پیران کرد بووی، ئەو شوێنەی کە ڕاپەڕینەکە پێش وەخت لەوێ دەستی پێکرد:

مەدرەسەکان [حوجرەی خوێندنی دینی ] داخراون. وەزارەتخانە و وەقفەکانی ئیمانداران هەڵویشێندراون. لە ڕۆژنامەکاندا گاڕانێک لە نووسەرانی بێدین بە ئانقەستە سووکایەتی بە دین دەکەن و نێوی گەورەمان پێغەمبەر پەڵەدار دەکەن. ئەمن ئەگەر بتوانم هەر ئەمڕۆ دەست بە خەبات دەکەم و دەبم بە یەکێک لەوانەی کە یارمەتیدەکەن بۆ پاراستنی دین ( جەماڵ. ١٩ دوو : ٢٤؛ تۆکەر ٣٨: ١٩٦٨)

دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکە دەستی پێکرد، شێخ سەعید بەردەوام بوو لە بە کارهێنانی ئەو جۆرە قسانە بۆ ئەوەی پشتیوانی زیاتر وەدەست بهێنێ. کە وابوو خۆراگری بە دژی بەرنامەی سکولاریستی کەماڵیستەکان لایەنێکی گرینگی سەرهەڵدانەکە بوو. یەکەم ئامادەکارییەکان بۆ سازکردنی ڕاپەڕینەکە لە لایەن ڕێکخراوەیەکی نهێنی کە لە کوردی خوێندەوار پێک هاتبوو ، کرابوو و ئامانجەکانی ئەوان بە هیچ جۆر پێوەندی بە دینەوە نەبوو و بە تەواوی ناسیۆنالیستی بوو.ئەوان پێوەندییان بە شێخ سەعید و شێخەکانی دیکەوە کردبوو چونکە دەستڕۆیشتوویی پێویستیان هەبوو کە ئەوان بۆ خۆیان نەیان بوو. بەر لەوەی زیاتر بچینە سەر باسی دەوری ئەوان دەبێ چەند قسەیەک بکەین سەبارەت بە بەشدارانی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانەکە و هۆی دەستڕۆیشتووی ئەوەندە زۆری شێخەکان لە نێویان دا.

**بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەی سەرهەڵداو**

ناوچەی چەقی سەرهەڵدان – ئەو ناوچەیەی سەرهەلدان لەوێ دەستی پێکرد و زۆربەی جووتێرانی ئەوێ لە گەڵی کەوتن – هەرێمێکی شاخاوی بوو بەلای باکووری دیاربەکرەوە . لە ناوچەی دووره دەستریش ڕووداوی توند وتیژی ڕوویدا و ، خەڵک لە دەرەوەی ئەو ناوچانەشەوە هاتن بۆ لەگەڵ کەوتنی سەرهەڵدانەکە. بەڵام هەر لەو ناوچەیە دا خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشدارییان تێدا کرد. زۆربەی ئەو کوردانەی لەو ناوچەیە دا دەژین بە زازاکی قسە دەکەن،زمانێکی ئێرانی خزم بەڵام ئەوانەی بە کورمانجی قسە دەکەن تێی ناگەن.هێندێک لە عەشیرەتە زازاکی زمانەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی دەرسیم دەژین، سەر بە دەستەی جوێ بیری عەلەوین، ئەوانی دی موسوڵمانی سونین. تەنێ زازاکی زمانەکانی دەوروبەری دیاربەکر لە سەرهەڵدانەکە دا بەشدار بوون.

ئابووری گوندە زازاکان، ئابوورییەکی داخراو بوو و، ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر هەر وایە. تەقریبەن هەر لادێییەک پەڵە زەوی و هێندێک ئاژەڵی هەبوو، ئەوەش تەنێ ژیانێکی مەمرە، مەژی بۆ دەرەخساندن.شتێکی کە جووتێران نەیان توانیبا خۆیان ڕەنێوی بهێنن ئەوەیان بە گۆڕینەوە وەدەست دەهێنا نەک بە کڕینو فرۆشتن، تەنیا ڕێزپەڕ تووتن بوو کە لە هێندێک لە گوندەکانی ناوچە ڕەنێو دەهات و بە بایی کەم بە ئینحیساری دوەڵەتیی تووتن دەفرۆشرا. لەبەر کەم پرشتی زەوی، لاوە زازاکان بە بەردەوامی دێیەکانیان بە جێ دەهێشت و بۆ کار دۆزینەوە دەچوونە شارۆچکە هەرێمییەکان و شارە گەورەکان.دیاربەکر، ئەلازغ(خارپێت) و ئەستەنبووڵ ژمارەیەکی زۆر لە موهاجیری خەڵکی ئەو گوندانەیان تێوە هاتبوون و، ئەوەش هۆکارێکی گرینگ بوو لە ماوەی سەرهەڵدانەکە دا.زۆربەی زازاکان جووتێری دامەزراو بوون، بە بێ ئەوەی مێژوییەکی تازەی کۆچ و کۆچبارییان هەبووبێ؛ گوندەکانی ئەوان بە شێوەیەکی توندی عەشیرەتی ڕێک خرابوون. هەر کام لە عەشیرەتە پچووکەکانیان تەنێ لە گوندێک یان چەند گوندێک پێک دەهات ، کە لە لایەن سەرۆکێکەوە بەڕێوە دەچوو کە زۆرکەم لە خەڵکی ئاسایی دەوڵەمەندتر بوو. بڕیاری سەبارەت بە هەموو

عەشیرەتەکە، وەکوو پارێزگاری لە خاکی عەشیرەتی، کێشەی عەشیرەتی و، هەر وەها ئەو ڕاپەڕینەی کرا دوای پرس و ڕا و ڕاوێژ بە ئەنجومەنێک دەدرا کە لە ئاغای گوند و خەڵکی بە ساڵداچووی ڕیش سپی و موختاری گوندەکان پێک دەهات.ئەندامانی ئاسایی عەشیرەت بە بێ پرسینەوە ئەو بڕیارانەیان ڕەچاو دەکرد.

لای باکووری هەرە سەرەوەی ناوچەی سەرهەڵداو، بە چیا بەرز و لەوەڕگە دەوڵەمەندەکانییەوە،نیشتگەی عەشیرەتی گەورەی کورمانجی ئاخێوی جیبران بوو، ئەوانیش وەک عەشیرەتە دراوسێیەکانیان، حەسەنان و حەیدەران، کە هێندێک بەشی ئەوانیش لە گەڵ سەرهەڵدانەکە کەوتن. جیبران پێشتر عەشیرەتێکی کۆچەر بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٥ تا ڕادەیەکی زۆر دامەزرا بوو و کۆچبەری نەدەکرد،خەڵکی ئاسایی عەشیرەتەکە لەگەڵ کاری کشتوکاڵی سەرەتایی هێندێک مەڕداریشیان دەکرد، بەڵام بنەماڵە سەرەکییەکان، کە هێندێک لکیان لە کارلۆڤا، (کانی ڕەش) ڤارتۆ (گم گم) و بولانک ( کۆپ) دەژیان و فەرمانڕەوای ئەو شوێنانە بوون، خاوەنی ڕانە مەڕی گەورە بوون.شێخ سەعیدیش مەڕدارێکی گەورەی ئاوا بوو، کە سەر بە هیچکام لەو عەشیرەتانە نەبوو، بەڵام لە بنەماڵەی سەرەکی و دەستڕۆیشتووی جیبران ژنی خواستبوو. ئەو لە شوێنی خۆی پاڵۆ ڕا گوێستبوویەوە بۆ هنس (خنووس) بۆ ئەوەی ڕانەمەڕەکانی لە لەوەڕگەی باشتر دا بحاوێنێتەوە و دەستەڵاتی ڕووحی و سیاسی خۆشی دە نێو کورمانجی ئاخێوان دا پەرە پێ بدا. شێخ و کورەکانی بە تەجارەتی ئاژەڵەوە خەریک بوون، کە زۆر جار ڕێیان دەکەوتە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبووڵ و حەڵەب. جگە لە کڕین و فرۆشتنی حەیوان و مەڕ و ماڵات وێناچێ تەجارەتێکی دیکە لە ناوچەکەدا هەبوو بێ. شارۆچکە پچووکەکان زیاتر نێوەندی ئیداری بوون تا ئەوەی کە نێوەندی بازرگانی بن.

زۆربەی لادێیەکان لە چیاکان دا جووتێری سەربەخۆی ئەوتۆ بوون کە ژیانی مەمرە و مەژی خۆیان دابین دەکرد، بە پێچەوانەی ئەوانەی وا پێدەشتە بە پیت و بەرەکەتانی دەور وبەری دیاربەکر و سیلڤان (فارقین)یان ڕەنێو دەهێنا. لەو شوێنانەی گەنمی لێ ڕەعەمەل دەهات،خاوەنموڵکێتی گەورە زاڵ بوو و زۆربەی لادێییەکان یان جووتبەندەی هەژار یان کرێچی بوون، هیچ ڕێکخستنی عەشیرەتییان نەبوو و بەو جۆرە خاوەنموڵکانە بەسترابوونەوە کە خۆیان لە گوندەکان نەدەژیان. وێناچێ ئەو جۆرە لادێییانە بەشدارییەکی چالاکانەیان لە سەرهەڵدانەکە دا کرد بێ.

**شێخەکان**

سەرۆکە هەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانەکە سەرۆک عەشیرەت نەبوون، بەڵکوو شێخ، واتە ڕێبەری ئایینی بوون. ئەوانە بریتین لە سەرۆکی تەریقەتەکانی سۆفی یان دەروێش و، لەم نموونە تایبەتییە دا ئەوان سەر بە تەریقەتی نەخشبەندی بوون کە لە کوردستان دا جەماوەری زۆرە.[ بڕوانە. ئاڵگار، ١٩٧٦؛ حورانی، ١٩٧٢؛براوئێسن، ١٩٧٨].ئەوە تەریقەتە دەروێشییەکان بوون و نەک دینی ڕەسمی مزگەوت کە پێداویستی سۆزی دینی و خۆ بەخت کردنی لادێییەکانیان دابین دەکرد.لە گەڵ ئەوەشدا، وەک زۆر بارودۆخی دیکە، لێرەش دا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان دینی ڕەسمی و دینی جەماوەری لە ئارا دا نەبوو، هەر کامێکیان جێی ئەویدی دەگرتەوە، ئەوان وەک نەریتی ڕقەبەر چاو لێنەدەکران بەڵکوو وەک بەشێک لە هەمان دامەزراوە.تەریقەتی نەخشبەندی زیاتر لە هەموو تەریقەتەکانی دی خەڵکی هان دەدا بۆ ئامادە بوون لە مزگەوتان و ڕەچاو کردن و جێبەجێکردنی تەواوی ئەرکە دینییەکان.لە سەرێکی دیکەشەوە مەلا و مجێوری مزگەوتان ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتیان لە زۆربەی شێخە نەخشبەندییەکان دەگرت. جا بۆیە کۆمەڵێک لە باوەڕە دینییەکانی نانەریتی و کردەوەی خۆبەختکەرانە بە دەوری ئەو تەریقەتە دا کە وەکی دیکە بەتەواوی تەریقەتێکی نەریتی بوو کۆ ببوونەوە. بۆ زۆرێک لە موریدەکانیان، شێخەکان هەر تەنێ عارفی بەئیمان نەبوون بەڵکوو وەک کەسی پیرۆزی ئیعجازکار چاو لێدەکران و نووشتووی دەستی ئەوان مەترسی و خراپەی ئیبلیسانی لە سەر دەڕەواندنەوە و، تفی زاریان بە دەرمانێکی یەکاویەک دادەندرا.بە ڕێگای هێزی لە سروشت بەدەر ئەوان یارمەتی ئەو جۆرە موریدانەی خۆیان دەدا کە کێشەیان هەبوو. تەنانەت هێندێکان ئیدیعان کرد لە ڕۆژی مەحشەرێ دا ئەوان موریدەکانیان لە پردێ دەپەڕێننەوە و بەرەو بەختەوەری هەمیشەییان دەبەن.

لە زۆر لە بەشەکانی کوردستان ئەوە بەپێویست دادەندرا کە ئیماندارێک تەنانەت بە قسەش بێ سەر بە شێخێک بێ. لە زمان خەڵکی بەساڵداچوو دا هێشتاش لەوانەیە مرۆ گوێی لێ بێ بڵێن ' ئەگەر تۆ شێخێکت نەبێ،ئیبلیس دەچێ دە قالبتەوە و خۆی وەکوو تۆ نیشان دەدا'. جا بۆیە ' شێخێک هەبوون' بۆ خەڵکی جیاواز مانای جیاوازی هەبوو. زۆربەی مورید و پێرۆیانی شێخێک تەنێ بە قسە موریدی بوون. ئەوان ساڵێ جارێک یان دوو جار سەری شێخیان دەدا، دەستیان ماچ دەکرد، دیارییان بۆ دەهێنا و شێخ دۆعای بۆ دەکردن، هێندێک جار کە پێیان لە کردەوەیەکی خراپ دەنا و پاشگەزبوونەوەی خۆیان دەدرکاند. لەوەش زیاتر، موریدان بۆ ڕاپەڕاندنی زۆر کێشەی جۆر بە جۆر دەچوونە زیارەتی شێخ لە چاک کردنەوەی نەخۆشییەوە بگرە، تا دەگەیشتە نەزۆک بوونی ژن، کێشە یان شەڕێکی خێزانی،

مەسەلەی باوەر، داخوازی تەلیسم یان پرس و ڕاوێژ پێ کردن لە مەڕ کاروباری شەخسی یان گشتی. ئەگەر نێوبانگی شێخێک بۆ پیرۆز بوون و هەبوونی هێزی ئیعجاز زیاتر بایە، یان زۆر بە شێوەیەکی ژیرانە کێشەی خەڵک و گیروگرفتی دیکەی یەکلا کردبایەوە، هەر ئەوەندەش ژمارەی پێرۆ و موریدانی زیادی دەکرد. شێخی گەورە گەشتی ساڵانەیان دەکرد بۆ ئەوەی دەرفەتی بەربڵاو بدەن بە موریدەکانیان بۆ گوێ گرتن لە وەعز و ئامۆژگارییەکانیان و، هەر وەها بۆ کۆکردنەوەی دیاری پچووک و گەورە.

موریدانی زۆر دەمارگرژتر لە کۆبوونەوەی خەلسە و حال هاتنی حەوتووانە یان زۆر زیاتر دا کە لە لایەن شێخ یان نوێنەرێکییەوە (خەڵیفە) بەڕێوە دەچوو بەشدارییان دەکرد. هەر تەریقەتەی ڕیازەت و ڕیوشوێنی ڕووحانی جیاوازی لە مەر خۆی هەیە، کە دەبێ موریدێکی سەر لەپێناو کە لەو ڕێورەسمە دا بەشدار دەبێ بەرێتە دۆخی جەزم بوون و خۆ لەبیربردنەوە کە ڕاستەوە ڕاست دەگاتە تەجروبە کردنی بینایی چاوان. ئەو جۆرە ڕێورەسمانە بە ئاسایی بەکۆمەڵ و بەهاوبەشی بەڕێوە دەچن.ئامادەبوونی شێخ بۆ خۆی یان ئامادە بوونی ڕوحانەتی بۆ سەرکەوتنی ڕێورەسمی ئەوتۆ پێویستە، بە تایبەتی دەنێو تەریقەتی نەخشبەندی دا، چونکە بە ڕێگای شێخە کە پێوەندی لە گەڵ خوڵای عالەمیان دادەمەزێ. کە وابوو ئەو موریدانەی شێخ کە لەو جۆرە ڕێورەسمانە دا بەشداری دەکەن پێوەندی و وەفادارییەکی زۆر پتەویان لە ئاست شێخ دا تێدا پێک دێ، ئەوان لە لایەنگرانی هەرە سەرسەخت و بانگەشەدەری سەرلەپێناوی شێخن و دەستکەوتە ڕوحانییەکانی بڵاو دەکەنەوە. شێخێک زۆر کەم وایە بەو پەڕییەوە لە سەدکەس زیاتر لە موریدی ئەوتۆی هەبێ. لە نێو تەریقەتی نەخشبەندییە دا، بە پێچەوانەی تەریقەتەکانی دیکە، کە زیاتر سەربە چینە نێوەراستە شارنشینە نەریتییەکانن، زۆر لە موریدان لە کوردستان لادێیی ن و، زۆر جار لادێ نشینی هەرە هەژارن. دوو جۆرە لایەنگر و پێڕۆی تایبەتی بە ئاسایی بریتین لە پیاوی بەساڵداچوو کە دەستیان لە ژیانی دنیایی هەڵگرتووە لە پێناو ڕێبازێکی ڕوحانی لە دەور و بەری شێخ دا و، لەو چوارچێوەی دا کە ئێستا باسی لێوە دەکەین ، ئەوانیدی بریتین لە خزمەتکارانی شێخ. ئەوانە پیاوی چەکدارن و وەک پاسەوان ، یان هێندێک جار وەک دابینکەری قانوونی شێخ دەجووڵێنەوە. پەیدا بوونی ئەوانە بەستراوەتەوە بەو دەورە سیاسی و ئابوورییانەی کە شێخەکان لە زۆر لە بەشەکانی کوردستان دا گێراویانە.

لە زۆر نموونان دا، شێخەکان لە ناوچەی شوێنی لە دایکبوونی خۆیان دا ناژین و، بەو پێیە ئەوان سەر بە هیچ عەشیرەتێکی خۆجێیی نین. ئەو دەورە، بەیەکەوە لە گەڵ بە پیرۆز دانانیان، ئەوان دەکا بە ناوبژیوانی هەرە بەکار لە گێرە و کێشە عەشیرەتییەکان دا و ئەوە دەستەڵات و سەروەت و سامانێکی بەرچاو دەدا بە شێخێکی بوێر. زۆر جار شێخی هەرە بە دەستەڵات لەو جۆرە ناوچانە دەژین کە سەرۆک عەشیرەتی زۆر بەتوانایان لێ نییە کە لە دەستیان بێ کێشەکان ڕاپەڕێنن، بۆ وێنە لە ناوچەی زازاکان کە ئێمە لێرە دا باسی لێوە دەکەین، لەوێ زۆر جار ڕقەبەری و کێشە لە گۆڕێ دا بوو لە نێوان زۆر لە سەرۆکە پچووکەکان دا. شێخ سەعیدی پاڵۆ، شێخ شەریفی گوێکدەرە و، ژمارەیەک شێخی دیکە، هەر کامەیان توانیبوویان لە هەرکام لە سەرۆک عەشیرەتە زازاکان لە ناوچە دا بەهێزتر ببن. ئەو شێخانە کەسانێک نەبوون کە هەر دەنێو خۆیان دا بن، بەڵکوو لە کاروباری دنیاییش دا بەشدارییان دەکرد وەک شێخانی نەخشبەندی لە شوێنی دیکە.ئەوان ئەوەندی لە سەر زینی ئەسپ بەکار بوون هەر ئاواش لە سەر بەرماڵی نوێژێ، چۆنییان تەسبێح دەگێرا ئاواش دەیانزانی تفەنگ بەکار بهێنن. نێوبانگی پیرۆز بوونیان لەگەڵ توانایی بەدەنییان یەکی دەگرتەوە. یەک لەوان شێخ شەریف، فەرماندەی هەنگی غەیری ئەڕتەشی کوردانی زازا بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا. دیارە هەموو عەشیرەتەکان دەستەڵاتی شێخەکانیان قەبووڵ نەبوو.لە دەور و بەری ناوچەی بەرباس ژمارەیەک لە عەشیرەتەکان سەر بە ڕێرەوی شیعە (عەلەوی) بوون. عەلەوییەکان و سونییەکان (نەخشبەندییەکان بە تایبەتی زۆر سوننی ویشکن) گاڵتە بەباوەرە دینی و نەریتەکانی یەکتری دەکەن و، ئەو هۆکارە ئیدێئۆلۆژییە کێشەی نێوان عەشیرەتە سونی و عەلەوییەکانی تەواو توند کردووە.لە ئیمپراتۆری عوسمانی سونی دا دەوڵەت و عەشیرەتە سونییەکان هاوکارییان بەیەکەوە دەکرد بۆ سەپاندنی زۆرداریی سیاسی بە سەر عەلەوییەکان دا.جا بۆیە جێی لێ تێگەیشتنە کە کاردانەوەی عەلەوییەکان لە ئاست حەولی ئاتاتورک بۆ سکولار کردن بە گشتی ئەرێیی بوو. چەندین عەشیرەتی خۆجێیی عەلەوی لە دژی سەرهەڵدانی شێخ سەعید دەرکەوتن و چالاکانە شەڕیان لەگەڵ کرد، یان ڕاستتر بڵێین، لە دژی دوژمنە نەریتییەکان بە شەڕ هاتن، کە لەگەڵ کەوتنی ئەوان لەگەڵ سەرهەڵدانەکە بیانوویەکی چاکی دابوونە دەست.

**ناسیۆنالیستەکان**

ئەو سەرهەڵدانەی کە بە کردەوە شێخ سەعید ڕێبەرایەتی کرد، لە سەرەتاوە بیری وی نەبوو، بەڵکوو بیری ڕێکخراوەیەکی نهێنی ناسیۆنالیستی بوو بە ناوی ئازادی، کە دەیەویست دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دامەزرێنێ . ئەگەرچی ئازادی یەکەم ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی کورد نەبوو ( بڕوانە جو وەیدە، ١٩٦٠؛ سلۆپی،١٩٦٩؛ پراونێسن ١٩٧٨)، بەڵام لە ڕێکخراوەکانی پێش خۆی باشتر ڕێک خرابوو. زۆربەی ئەندامەکانی ئەفسەرانی ئەرتەش بوون کە پاشخانی عەشیرەتییان هەبوو، لە جیات ئاریستۆکراتەکانی شارنشیی پێش خۆیان کە بە تەواوی لە ژیانی لادێ هەڵبڕابوون. ناسیۆنالیزمی ئەوان وەکوو کاردانەوەیەک بوو لە ئاست ناسیونالیزمی تورک کە دە نێو ئەرتەش دا بڵاو ببووەوە و هەر وەها نیگەرانی لەوەی کە کوردەکانیش چارەنووسێکی وەک هەرمەنییەکان چاوەڕوانیان بکا.ئەگەری دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، هەر وەها دەوڵەتێکی هەرمەنی، لە نێو پەیماننامەی سێڤر لە ساڵی ١٩٢٠ دا نووسرا بوو و ببووە هۆی هێندێک حەولی چڵ و نیوەچڵی  بریتانیاییەکان بۆ ساز کردنی دەوڵەتێکی پچووکی کوردی ناوگر لە نێوان عێراقی عەرەب و تورکییە دا. ئەندامانی ئازادی، سەرەڕای شۆر و شەوقی ناسیۆنالیستی خۆیان، زۆر چاک دەیانزانی کە هێشتا پشتیوانی کۆمەڵانی گەلی کوردیان نییە و، ئەو هێز و قورساییە پێویستەشیان نییە بۆ ئەوەی پشتیوانی جەماوەری وەدەست بهێنن. جا بۆیە ئەوان لە بەشە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان دا ڕوویان لە ڕێبەرانی بە دەستەڵاتی نەریتی نا. شێخ سەعید لە لایەن خالید بەگەوە بانگ کرا لە گەڵ بزووتنەوەکە بکەوێ. خالید بەگ خزمی هاوسەری شێخ سەعید و سەر بە بنەماڵەی سەرەکی عەشیرەتی جیبران، سەرهەنگی ئەرتەش و یەکێک لە ئیدێئۆلۆگە سەرەکییەکانی ئازادی بوو.شێخ سەعید بە گەرمی بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە هات و بەشدارییەکی سەرەکی کرد  لە نەخشە داڕشتنی سەرهەڵدانەکە کە لە ساڵی ١٩٢٤ دەستی پێکرد. لە سەرەتاوە مانگی مەی ١٩٢٥ ئەو بەرواره بوو کە بۆ ڕاپەڕینێکی گەورە داندرابوو  کە دەبوو زۆربە یان هەموو ئەیالەتە کوردییەکانی تورکییە بگرێتەوە. ئەو عەمەلییاتەی کە دەبوو بکرێن وا داندرابوو ئەفسەرانی بزووتنەوەی ئازادی ڕێکیان خەن، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموونی نیزامی بوون،ڕێبەرایەتی ناوچەیی دەبوو لە لایەن شێخەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە دابین بکرێ. بەڵام سەرهەڵدانە ڕاستەقینەکە بە پێی ئەو نەخشەیە بەڕێوە نەچوو . لە بەر بارودۆخی چاوەڕواننەکراو، خراپ بۆچوون و ژمارەیەک هەڵە،هەستی گومان و دڕدۆنگی دەستەڵاتدارانی تورک وروژا. تا کۆتایی ١٩٢٤، زۆربەی ڕێبەرانی سەرەکی ئازادی گیران و تەنێ چەند کەسێکیان توانیان خۆیان ڕزگار کەن و بچنە عێراق، کە لەوێ لە لایەن ئەفسەرانی هەواڵگری بریتانیاییەوە لێپرسینەوەیان لە گەڵ کرا.ناڕەزایەتی ئەوان لە حکوومەتی تورک ووشیاریی مووقەڵێشانەی ئەوان نیشان دەدا لە مەڕ فەرق و جیاوازی و دووچاوکی لە گەڵ کران و، ئەنگیزەیەک کە لە تەبیعەتی خۆی دا ناسیۆنالیستی یە و دینی نییە. [١]

## ڕاپەڕین

بەگیرانی زۆر لە ڕێبەرە گرینگەکان کە ئیدی یان لە نێو زیندان و یان لە هەندەران بوون، دەبوو چاو بە نەخشەی ڕاپەڕینەکە دا بخشێندرێتەوە . لەمانگی دیسامبری ١٩٢٤ یان ژانڤییەی ١٩٢٥، کۆبوونەوەیەک پێک هات لە نێوان ئەندامانی ئازادی و شێخەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان، کە ئەوانە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی زازا بوون.لەو کۆبوونەوەیە دا بڕیار درا سەرهەڵدانەکە دەست پێ بکا و تەنانەت کاتەکەشی هێنرایە پێشەوە و کرا بە مانگی مارس. لە مانگی ژانڤییەدا [ ١٩٢٥] شێخ سەعید دەستی کرد بە سەردانی ساڵانەی خۆی لە ناوچە زازاکی ئاخێوەکان و، ئەوپەڕی حەولی خۆی دا هەر جۆرە کێشەیەکی کە چەت لە یەکێتی ڕاپەڕینەکە بخا یەکلا کاتەوە و، لە گەڵ سەرۆکە عەشیرەتە ناوچەییەکان باسی ستراتێژی بزووتنەوەکە بکا. ووتارە ئاوراوییەکانی بوو بە ئیلهام بۆ لادێیەکان بۆ بیزو قێز هاتنەوەیان لە حکوومەتی کۆماری. [ بڕوانە جەماڵ،٢٤: ١٩٥١؛ تۆکەر، ٣٨: ١٩٦٨] لەو گەشتە دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک هاوڕێیەتی شێخ سەعیدیان دەکرد کە دەناویان دا زۆر خەڵکی چەکداریش هەبوو. لە کاتێکدا کە لە پیران دابەزی بوو، ئەو گوندەی کە برایەکەی عەبدولڕەحیم لەوێ دەژیا، ڕووداوێکی پچووک بووە هۆی هەڵ بوونی ناوەختی گڕی ئاگری ڕاپەڕینەکە لە ١٣ی فێڤرییەی ساڵی ١٩٢٥ دا. هێزی ژاندەرمەری تورک لە گوندی پیران لە نێو ئەو کەسانەی لە گەڵ شێخ بوون چەندین کەسیان ناسییەوە کە لە دەست عەداڵەت هەڵهاتبوون و ، هێندێکیان تاوانی ئینسان کوشتنیان لە سەر بوو. لە حەولێک دا بۆ گرتنی ئەو هەڵاتووانە لە نێوان پیاوانی شێخ و ژاندەرمەکان دا تەقە ڕوویدا، کە لەو ڕووداوە دا بەلانی کەمەوە ژاندارمێک کووژرا. لە بەر ئەوەی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین هێشتا تەواو نەببوو،شێخ ئەوپەڕی حەولی خۆی دا هەموو ڕووداوەکە دیزە بە دەرخۆنە بکا بەلام بۆی نەکرا. خەبەری ئەو ڕووداوە بە خێرایی بڵاو بووەوە و، لە شارۆچکەی دراوسێ لە هانی ( هێنە) دانیشتووان قایمقامی ئەوێ و گشت کاربەدەستە تورکەکانیان وەدەر نا. لە نیزیک لجێ پێشی بارهەڵگرێکی ئیدارەی پۆست گیرا. لە بەر ئەوەی ئیدی حکوومەت بەو ڕووداوانە وەخۆ هاتبووەوە سەرهەڵدانی گشتی دەبوو  بەڕێوەبچێ. شێخ گورج خۆی گەیاندە داراهێنێ، شارۆچکەیەکی پچووکی ناوچەیی کە دەستوێراگەیشتنی ئاستەم بوو ، و لە چوونی بەرەو ئەوێ چەند سەد کەس

لە تاکوتەرای عەشیرەتی کۆ کردەوە.داراهێنێ بە هاسانی گیرا و لە بەر ئەوەی زۆربەی هێزی ژاندارمەرییەکەی کورد بوون، ئەوان دڵخوازانە لە گەڵ شێخ کەوتن. شارۆچکەکە کرا بە پێتەختی کاتی سەرهەڵداوان. شێخ سەعید قایممقامی خۆی بۆ ئەوێ دانا، هەر وەها موفتییەک (پسپۆری قانوونی ئیسلامی) و، فەرماندەیەکی ژاندارمەری.کاربەدەستانی پلەی خوارەوە لە سەر کارەکانیان بەردەوام بوون لە ژێر فەرمانی ئیداری تازە دا.

لە داراهێنێ ڕا شێخ سەعید چەکدارانی خۆی بە هەموو لایەک دا نارد بۆ ئەوەی کۆنترۆڵێ نێوەندە ئیدارییەکانی هەرێمەکە بە دەستەوە بگرن. زۆربەی ئەو یەکە غەیری ئەرتەشییانە شێخەکان ڕێبەرییان دەکردن. شێخەکانی جان چاپاکچور یان گرت و، لەوێوە بەرەو کێغی چوون. شێخ عەبدوڵای خەڵکی ناوچەی سوڵحان (بۆنگلان) ناردرا بۆ ڤارتۆ (گم گم) و ناوچەی باکووری مووش . شێخ شەریف کە پێشتر فەرماندەیی میلیشیای کوردی کرد بوو لە گرتنی چاپاکچور دا بەشداری کرد و، بە دووی دا پالۆی گرت و لەوێوە بەرەو شاری گرینگی ئەلازغ (خارپێت) چوو و،بە هەر گوندێک دا تێدەپەڕی هێزی تازەی لە گەڵ دەکەوت. شێخ سەعید بۆ خۆی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی لە داراهێنێ یەوە بەرەو ناوچەی باشوور چوون.

لە هەمان کات دا، هەنگێکی پیادە و هەنگێکی سواری ئەرتەش نار درا بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سەرهەڵداوانی شاری سەرەکی هەرێم دیاربەکر. هەنگی پیادەی تورک بە دەستی جووتێرانی ناوچە لە ژێر فەرماندەیی شێخ محەمەد مەهدی گوندی سەردی لە نیزیک هانی ( هێنە) زەبری گورچوو یری لێ درا و چەند ڕۆژ دواتر هێزەکانی شێخ سەعید خۆی ئەو هەنگەیان تێک شکاند.تۆپخانەکانی ئەو هەنگە زۆر بەکەلک بوون بۆ سەرهەڵداوان کە هەر چەکی سووکیان هەبوو کە زۆربەشیان چەکی کۆن بوون. لە ٢٨ی فێڤرییەی ١٩٢٥، هەنگی سوارەی تورک کەوتە بۆسەی کوردەکان و تەسلیمیان بوو. لەو دەمە دا هەموو ناوچەی زازا نشین لە ئەرغەنی یەوە بگرە تا قولپ (پاسوور) بە ئاشکرایی لە سەرهەڵدان دا بوون. شارەکانی ئەرغەنی، هانی (هێنە) و لجێ بە دەست لادێییەکانی دەوروبەریان گیرا بوون ئەگەرچی، هێندێک لە شارنشینەکان دەستیان کردبووەوە. شێخ سەعید کە ئێستا باوەڕی بە هێزی خۆی هێنابوو هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە بۆ پەلامار بردن بۆ سەر گەورەترین شاری هەرێم واتە دیاربەکر، لە کاتێکدا، برایەکەی عەبدولڕەحیم ، لە گەڵ بەشێک لە هێزە زازاکان بەرەو ڕۆژئاوا چوو بۆ گرتنی مەعدەن، چێرمووک و سیڤەرەک. شێخ سەعید گەشتێکی کرد بۆ ناوچەکانی ئەگیل (گێل) بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی سەرۆک عەشیرەتە خۆجێییەکان. ئەو پەیکی نارده لای سەرۆک عەشیرەتە سەرەکییەکان لە مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستان بۆ وێنە بۆ لای عەشیرەتی بەهێزی میلان لە دەوروبەری وێرانشار و عەشیرەتەکانی دەوروبەری بیتلیس، کە ئەوانە گشتیان لە نەخشەدانانی سەرەتایی ئازادی بۆ ڕاپەڕین بەشدارییان کرد بوو. هیچ وولامێک لەو عەشیرەتانەوە نەگەیشتەوە.

لە سەرەتای مانگی مارس دا، دیاربەکر لە لایەن هێزێکی گەورەی سەرهەڵداوان گەمارۆ درا کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٠٠٠٠ کەس و بە بەردەوامی لە ژمارەیان زیاد دەبوو. شێخ سەعید بۆخۆی لە گوندێکی نیزیک شارییەوە ئەو عەمەلییاتانەی ڕێک دەخست. دیاربەکر کە سەربازخانەیەکی گەورەی لێ بوو و فەرماندەکەی کەسێکی بە توانا بوو بە نێوی مورسل پاشا و ، بە شووره پتەوەکانی دەورو بەری بە کردەوە شارێکی لە گیراننەهاتوو بوو. لە پێشدا مورسل پاشا بۆ قایمکاری هەموو خەڵکی مەدەنی چەک کردبوو. لەو ماوەیە دا کە شار گەمارۆ درابوو ئەو جووڵە و هات وچۆی بەتەواوی قەدەغە کرد و، مەترسی ئەگەری هاوکاری خەڵکی مەدەنی شارەکەی لە گەڵ سەرهەڵداوان کەم کردەوە. دوای گەمارۆدانێکی چەندین ڕۆژە و حەولی بێ ئاکامی سەرهەڵداوان بۆ پەلاماردانی شار، دەستەیەکی پچووک توانییان بە شەو بچنە نێو شاری، بە ڕواڵەت بە پشتیوانی دانیشتووانی کوردی زازای نێو شارەکە. هاتنیان بۆ نێو شاری پێی زاندرا و لە شەڕێکی خوێناوییدا سەربازخانەکە هەموویانی لە نێو برد و، تەنێ چەند کەسێک توانییان خۆیان ڕزگار کەن ( ٧-٨ی مارس)، دوای ئەو شکانە شێخ سەعید هێزەکانی خۆی لە دەوری شاری کشاندەوە و چەند ڕۆژێک مەرەخەسی کردن بۆ پشوو دان.

لە بەرەکانی دیکە دا هێندێک سەرکەوتن وەدەست هات. شێخ شەریف ئەلازغی گرت و بڵاوەی بە سەربازخانەکەی ئەوێ کرد. لە باکووری ڕۆژئاوا، ڤارتۆ گیرا و هنس (خنووس) چەندین جار پەلامار درا، ئەگەرچی زۆر لە ئەندامانی عەشیرەتەکانی جیبران و حەسەنەنان لە گەڵ هێزی سەرهەڵداوەکان کەوتن،عەشیرەتە دوژمنە نەریتییەکانیان، کە عەشیرەتەکانی هۆرمەک و لۆلان ی عەلەوی بوون زۆر بە توندی دژایەتییان دەکردن. نەخشەی گرتنی مووش و بیتلیس لە بەر ئەوەی عەشیرەتە خۆجێییەکان لە گەڵ سەرهەڵداوان نەکەوتن هەڵوەشاوە. دانیشتووانی سیلڤان (فارقین) تا ٢٥ی مارس گۆشەگیر بوون، لەو ڕۆژە دا کوردە زازاکان بە ڕێبەرایەتی شێخ شەمسەدین هێرشیان کردە

ئەوێ. لە ماوەی چەند ڕۆژان دا سەربازانی حکوومەت جارێکی دیکە فارقینیان گرتەوە. کەفو و کوڵ و خێرایی سەرەتایی ڕاپەڕینەکە نیشتەوە. بە خۆ باوەڕ بوون و سەروەبەرنەهێنانی ئاشکرا جێی خۆی دا بە ئامادەکاریی بەپەلە بۆ بەرگری لە ئاست دژ پەلامارێکی حکوومەتی تورک کە ئەمڕۆ و سبەی چاوەڕێ دەکرا.

## گرتن و لە دەست دانی ئەڵازغ (خارپێت)

ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن زۆر کەم باسی ئەنگێزە و ئاکاری جووتێرە سەرهەڵداوەکان دەکەن کە لە ڕاستیدا ئەوان بوون ڕاپەڕینەکەیان کرد. ئەوانەی ڕووداوەکانی سەرهەڵدانەکەیان لە بیر ماوە زۆر جار حەولیان داوە ڕاستییەکان بە دووی یەکدا بهۆننەوە، بەڵام لە بەسەرهاتەکانیان دا زیاتر باسی ڕێبەرەکانیان دەگێرنەوە و ناکرێ تێگەیشتنێکی کاریگەرانە سەبارەت بە سەرهەڵدانەکە بەگشتی لەو قسانە بخوێندرێتەوە. جا ئەو چەند ڕاپۆرتەی لە لایەن ئەوانەوە کە شاهیدی گیرانی شاری سەرەکی هەرێم ئەڵازغ (خارپێت) بە دەست سەرهەڵداوان بوون بە تایبەتی گرینگن بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن بەشە جیاوازەکانی دانیشتووان جووڵاونەتەوە [ بڕوانە ڕاپۆرتی وەزارەتی کارو باری دەرەوەی بریتانیا ٣٧١،٦١ / ٢٣١٩/٣٦٢ ئی: ٣٧١،١٩٢٥ ؛ جەماڵ، ٤-٣٢ : ١٩٥١]. لەو شارە دا کەسایەتی گرینگی چینی نێوەڕاست، وەکوو کاربەدەستان، بازرگانان، پارێزەران، سەنعەتکاری سەرەکی و کاڕگێرانی خوارەوەی خزمەتی گشتی ، زیاتریان تورک بوون، بەڵام ئەوانەی لە پیشە دەستییەکان دا کاریان دەکرد زیاتریان ئەو کۆچبەرە تازانە بوون کە لە گوندە کوردییەکانی دەور و بەڕ ڕا هاتبوونە شاری.

گورج دوای ئەوەی سەرهەڵداوان داراهێنێ و چاپاکچوریان گرت، دەنگۆ گەیشتە ئەڵازغێ کە چەندین سەد جووتێری کورد بەڕێوەن بۆ ڕاهێزانی هێزی سەرهەڵداوان دەنێو شاری دا. ئەوانەی کە گەیشتن دەستەیەکی زۆر بە هەڵپە و ترسێنەر بوون، ئاڵای سەوزیان ڕادەوشاند و قورئانیان بە دەستەوە بوو و هاواریان دەکرد" خودا پێغەمبەرمان بۆ ڕاوەستاو کا" و هەر کەس هاتبا سەر ڕێیان بە نێوی خودا داوایان لێدەکرد خۆی ڕا دەست کا. شارۆچکەی پالۆ تەسلیم بوو و سەرهەڵداوان بە هەڵپەیەکی زۆر و ماندوو نەناسانە بەرەو ئەڵازغ چوون.داوایان لە هەمووان کرد لە گەڵیان کەون. کاتێک یەکەم سێسەد کوردی سەرهەڵداو ڕووبەڕووی خەتی ئەڕتەش لە دەرەوی ئەڵازغ دەرکەوتن ، ئەوان دیمەنی زۆر ترسێنەریان لە خۆیانەوە نیشان دا و سەربازەکان لە جیات ئەوەی تەقە لە سەرهەڵداوان بکەن لەبەریان هەڵاتن چونکە ئەوان قورئانیان لە نووکی سەرنێزەکانیان شەتەک دابوو. کوردەکان لە لایەن زۆربەی دانیشتووانی شارییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا و، ئەوان پۆستی ژاندارمەری وخانووی دادگەیان تاڵان کرد، هێرشیان کردە سەر زیندان و ئەو پەروەندەی هەبوو سووتاندیانن. ئەو زیندانیانەی بەردرابوون ماڵی ئەفسەران و دەوڵەمەندانیان بە سەرهەڵداوان نیشان دا، بۆ " ئەوەی ئەوانەی پێشوو زیندانی بکرێن و ئەوانی دوایی تاڵان بکرێن". کۆڵبەر و دارشکێنی نێو شاری بە داوخوازی دڵی خۆیان لەگەڵ سەرهەڵداوان کەوتن. دواتر لەو ڕۆژە دا، فەرماندەی سەرهەڵداوان لەو بەرەیە دا، واتە شێخ شەریف، هاتە نێو شاری و بەڵێنی دا هێمنایەتی دابمەزرێنێتەوە.ئەو فەرمانی کوشتنی تاڵانکەرانی دا، بەڵام ئەو هەڕەشەیە هیچی لێ شین نەبوو، بۆ ڕۆژی دواتر تاڵانی ئەنباری ئەڕتەش و ئینحیساری تووتن بە زەبرو زەنگێکی زۆرترەوە ئەنجام درا. زۆر لە خەڵکی مەدەنی لە ئاست ئەو تاڵان و دزییە هیچ دەستیان نەکردەوە، چونکە ئەوان سەرهەڵداوانیان بە ئەڕتەشێکی ئیسلامی دەزانی. بە سەدان جووتێر لە گوندەکانی دەورو بەرەوە هاتنە نێو شاری بۆ پیرۆزبایی گوتن و قەدەم مبارەکی بە سەرهەڵداوان و، هێندێک لەوان لە گەڵ ئەڕتەشی سەرهەڵداوان کەوتن لە پەلاماری دا بۆ سەر ماڵاتییە. بەڵام شێخ شەریف کارێکی زۆر کەمی کرد بۆ پتەو کردنی دەستکەوتی سەرهەڵداوان، هەر ئەوەندەی کرد بەرپرسیارەتی کارو باری ئیداری دا دەست موفتی یەک (پسپۆری قانوونی ئیسلامی) و سەربازگەیەکی پچووکی لە دوای خۆی بەجێهێشت. کاتێک ئەوانە درێژەیان دا بە تاڵانکاری، کەسایەتیە ناسراوەکانی شاری دەستەی خۆڕاگرییان ڕێک خست بۆ دەرپەڕاندنیان لە شاری. دوای ئەڵازغ، سەرهەڵداوانی ژێر فەرماندەیی شێخ شەریف ئیدی چ سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا. ( تۆکەر، ٨٧: ١٩٦٨) بە ڕواڵەت سەرهەڵداوان قەت نەگەیشتنە ماڵاتییە.

## سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە

حکوومەت بە لەسەرخۆیی خۆی بۆ دژە-پەلامار ئامادە دەکرد، بە ناردنی ڕەنگە نیزیکەی ٣٥٠٠٠ سەرباز بۆ ناوچەکە. دەوڵەت داوای لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکانی دیکە کرد وەفاداری خۆیان لە ئاست کۆمار نیشان بدەن بە لە بەر دەستنانی نەفەرات بۆ شەڕ بەدژی سەرهەڵداوە کوردە هاوکووفەکانیان.هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتان بە دەم ئەو بانگەوازەوە هاتن، ئەگەرچی وا وێناچێ ئەوان بەدژی دەستوپێوەندی شێخ سەعید شەڕیان کردبێ. لە

کۆتاییەکانی مانگی مارس دا ئەرتەشی تورکییە دەستی کرد بە پەلامار دانی ناوچەی سەرهەڵداو لە سێ قۆڵەوە، بە پشتیوانی یارمەتیی زۆر بەنرخی هێزی هەوایی. بۆمبارانەکان ترسێکی گەورەی خستە نێو کوردەکان، کە زۆربەیان تا ئەو دەمی فرۆکەی شەریان نەدیبوو. لە ماوەی چەند رۆژێک دا شارەکانی هانی (هێنە)،سیلڤان (فارقین)،پالۆ، پیران و لجێ گیرانەوە و سەرهەڵداوان ناچار کران پاشە بکەن بۆ جێگەی ئاستەم کە بەزحمەت دەستیان وێرادەگەیشت، واتە ناوچە شاخاوییەکانی چاپاکچور و گەنج ( داراهێنێ). سەرەرای بەفری درەنگی زستان ئەرتەش وەشوێنیان کەوت و لە چەند نەبەرد و تێکهەڵچوونی بە زەبروزەنگی کراوە دا هێزە کوردەکانی تێک شکاند. ئەو سەرهەڵداوانەی کە مابوونەوە بە یەکەی پچووکی پارتیزانی دابەش بوون و بۆ چەند ساڵان درێژەیان دا بە عەمەلییات. شێخ سەعید چەند رۆژ دواتر لە نیزیک مووش گیرا، بە رواڵەت لە بەر خیانەتی هاوپەیمانێکی پێشووی کە بەو کارە دەیەویست گیانی خۆی بپارێزێ. لە دوای مەحکەمەیەکی کورت، شێخ سەعید و چل و حەوت رێبەری دیکەی راپەرینەکە، کە بەلانی کەمەوە حەوت کەسیان شێخ بوون مەحکووم بە مەرگ کران و لە ٤ی سێپتامبری ١٩٢٥ لە سێدارە دران. بە دوای ئەوە دا قانوونێک پەسند کرا و هەموو تەریقەتە دەروێشییەکان، نزاگە و شوێنە پیرۆزەکانیان قەدەغە کران [ ئاڵبایراک، ٢٠٦-١٨٦ : ١٩٧٣].

### خەسڵەتی ناسیۆنالیستی سەرهەڵدانەکە لە بەرانبەر خەسلەتە دینییەکەی دا

لە مەحکەمە دا دەستەڵاتدارانی تورک پێکێشیان کرد کە دنەی ئەو سەرهەڵدانە ناسیۆنالیستی بووە و، رێبەرەکانی مەبەستیان بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دامەزرێنن. ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئەو سەرو بەندیش خەسلەتی سەرهەڵدانەکەیان هەر وا ناساند [ بۆ وێنە شێرگۆ، ١٩٣٠].هیچ گومان لە پێوەندییەکان شێخ سەعید لە گەڵ ئەندامانی ئازادی و هەر وەها، ناسیۆنالیستی زۆر میانەرۆتر دا نییە . زانیاریدەری زارەکی سەرەکی من کە لە ماوەی سەرهەڵدانەکە دا لە شێخ نیزیک بووە، دەڵێ بۆ شەخسی شێخ سەعیدیش، ئەنگێزەی دینی بە رووونی لە چاو ویستی ناسیۆنالیستی لە پلەی دووەم دا بوو. لە راستیدا، یەکێک لە هاوکارە هەرە نیزیکەکانی شێخ، فەهمی بیلال ئەفەندی، بێ ئیمانێک بوو کە بە ئاشکرایی کفری دەکرد و تەنیا لە بەر ئازایەتی و ناسیۆنالیزمی فیداکارانەی خۆی شێخ تەحەمولی دەکرد. نە شێخە سەرەکییەکانی دیکە و نە لادێییە ئاساییەکانی دیکە وێناچێ هەست وسۆزی وەها روون و بەهێزی ناسیۆنالیستییان بووبێ.

لە گوندەکان دا شێخ سەعید بە مەبەستی بانگەشە و خەڵک وروژاندن بە شێوەی سەرەکی قسەی دینی بەکار دەهێنا کە ' هێرش کراوەتە سەر ئیسلام و دەبێ بپارێزدرێ'. رەمز و هێماکانی سەرهەڵداوان خەسلەتی ئایینیان هەبوو – ئاڵای کەسک و قورئان، هاواری ئیسلامی لە مەیدانی نەبەرد دا و، بەکارهێنانی زاراوەی شەری پیرۆز یان جیهاد.جۆرە بۆن و بەرامەیەکی مەهدەوییەت لە سەرهەڵدانەکە دەهات، ئەگەرچی وا وەبەرچاو دێ هیچ هێمایەکی ئاشکرا بە بیرو رای مەهدەوییەت نەکرابێ. شێوەی ئاکاری سەرهەڵداوان بە توندی ئەوە دەدرکێنێ ئەوان چاوەرێی ئەوەیان کردووە هەر بە چوونیان بۆ نێو شارەکان ئیسلام دەبووژێندرێتەوە و حوکمی عادڵانە دادەمەزرێندرێ. لە نێو لیستی درێژی نارەزایەتییەکانی ناسیۆنالیستە کوردەکان دا تەنێ چەند شت مانای هەبوو بۆ جووتێران - بە تایبەتی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت - . نارەزایەتییەکان بە شێوەی سەرەکی داوخوازی و نیگەرانییەکانی کوردە خوێندەوارەکانی دەدرکاند و، تا رادەیەکیش بەرژەوەندییەکانی توێژاڵکی نەریتی فەرمانرەوا. بیر و باوەری حوکمی خۆیی زۆر تازە بوو تەنانەت لە نێو سەرۆک عەشیرەتەکانیش دا.لەماوەی شەری یەکەمی جیهانی دا، ئەو لاوە رووناکبیرە کوردانەی خەریکی بانگەشەی ناسیۆنالیستی بوون بۆیان دەرکەوت سەرۆک عەشیرەتەکان بە دژی ئەو شتانەن ئاوان باسی لێوە دەکەن. وەفاداری لە ئاست سوڵتانی عوسمانی بە سیفەتی خەلیفەی موسوڵمانان هێشتا لە پلەی یەکەمی گرینگی دا بوو [ سلۆپی، ٩-٣٨ : ١٩٦٩]. هێزە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان لە دوای شەر وێدەچوو کەمتر لە دژی بیری دەوڵەتێکی کوردی بن، کە زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانی سەبارەت بە ئەگەری پرۆژەیەکی ئەوتۆ وەخۆ هێنابووەوە. بەڵام پشتیوانی هاوپەیمانان لەو پرۆژەیە قەت وەدی نەهات و، مستەفا کەماڵ توانی وەفاداری زۆر لە سەرۆک عەشیرەتە گەورەکان بەرەو لای خۆی رابکێشێ بە پێشنیاز کردنی دانی پلەو کورسی بەوان لە مەجلیسی نەتەوەیی تورکییە دا. نارەزایەتی و دڵمەندی راستەقینە بەتایبەتی لە نێو سەرۆک عەشیرەتی پچووکتر دا خۆی دەرخست، کە لە دەرەوەی سیستمی سیاسی دا مابوونەوە.زۆر لەوانە پرۆپاگاندای *ئازادی* یان لە دڵ دەنیشت. لە بەر ئەوەی جووتێران زۆر زیاتر بە دەنگ پەیامی دینیی ئیسلامییەوە دەهاتن تا شاپە وگاپەی ناسیۆنالیزمی کوردی،*ئازادی* پێی باش بوو لە پشت پەردەوە وەک دەزگایەکی نەخشە دارێژ و رێکخەر کار بکا و، ئەرکی دەنگدانی راستەوخۆ و فەرماندەیی مەیدانی بە سەرۆک عەشیرەتە خۆجێیەکان و شێخەکان بسپێرێ.کاتێک *ئازادی* هەڵوەشا، تەنێ رێکخراوەیەکی سەرەوەی عەشیرەتی مابووەوە کە ئەگەری ئەوە هەبوو بتوانێ ئەو دەوری

ڕێک خستنە وەئەستۆ بگرێ: ئەویش تۆری پێوەندی شێخانی نەخشبەندی بوو. لەوەش زیاتر، لە نێو ڕێبەرە دەستڕۆیشتووەکان دا کە لە سەرەتاوە *ئازادی* ڕووی لێنان، تەنێ شێخ سەعید بوو بڕیاری دا بەردەوام بێ لە سەر وەگەڕخستنی سەرهەڵدانەکە. شێخ سەعیدیش بە نۆرەی خۆی جگە لە شێخە پچووکترەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی خۆی نەبێ کە ئامادەبوون لەگەڵی کەون کەسی دیکەی بۆ نەدۆزراوە.

ئەو دەورە سیاسییەی کە ئەو شێخانە لە ڕووی نەریتییەوە گێڕابوویان جێیەکی هەڵکەتووی بۆ مسۆگەر کردبوون بۆ ئەوەی لە گەڵ سەرهەڵدانەکە بکەون یان نەکەون. لە ناوچەی مووش، کە سەرۆک عەشیرەتەکان بەهێزتر بوون لە ناوچە زازاکان، شێخی سەرەکی بە دەرەجەی یەکەم دەستەڵاتێکی ڕووحی بوو تا ئەوەی کە دەستەڵاتێکی سیاسی بێ و قەبووڵی نەکرد لە گەڵ بکەوێ. سەرۆک عەشیرەتەکانی مووش و هەر وەها ئی دەرسیمیش هەر ئاوایان کرد، ئەگەرچی چەند لەو عەشیرەتانە لە پێوەندی ڕاستەوخۆ دا بوون لەگەڵ *ئازادی*. تۆکەر [١٩٦٨:٨٣] ئەوە بەو ڕاستییە دەبەستێتەوە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە زیاتر بیری ناسیۆنالیستییان هەبووە و، بە توندی دژی خەسلەتی دینی ڕاپەڕینەکە بوون لە ژێر ڕێبەرایەتی شێخەکان دا. لە ڕاستییدا،عەشیرەتەکانی دەرسیم لە بەر عەلەوی بوونیان، چ هۆیەک لە گۆڕێ دا نەبوو لەگەڵ ئەو بزووتنەوە ویشکە سونییە بکەون کە دەکرا بە هاسانی لە دژی ئەوانیش هەڵگەڕێتەوە،سەڕەرای نامەی شێخ سەعید بۆ بانگهێشتنی عەشیرەتی عەلەوی هۆرمەک بۆ ئەوەی لە گەڵ سەرهەڵدانەکە بکەون[فرات، ٢٠٠: ١٩٧٠].ئەو عەشیرەتانە دواتربە پێی بۆچوونی خۆیان ڕاپەڕین.

لەبەر ئەوەی مەشرووعییەتی دەستەڵاتی شێخەکان بە دەرەجەی یەکەم دین بوو، ئاشکرایە بانگەشە و خەڵک دەنگ دان لە لایەن شێخەکانەوە بە ڕواڵەت لە سەر هەڕەشە لە سەر ئیسلام و ئەرکی دینی بۆ پاراستنی کۆ ببووەوە. ئەوان هۆی باشیان بەدەستەوە بوو ئاوا بکەن:تەنانەت ئەگەر چاکسازییەکانی کەماڵیستی هەموو ئیسلامیشی نەهاویشتبا مەترسییەوە؛ هەڕەشە بۆ سەر هەڵکەوت و پلە و پایەی شێخەکان بە ڕاستی هەڕەشەیەکی زۆر ڕاستەقینە بوو. لادێییە کوردەکان، کە زۆر بە توندی بە ئیسلامەوە بەسترابوونەوە ، قسەی شێخەکان دە نێو ئەوان دا قورساییەکی زۆر زۆر گەورەی هەبوو و، بە هاسانی جێبەجێیان دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر شێخەکان قسەی ئاوایان کرد با کە بۆنی شەڕی پیرۆزی (جیهاد) لێوە هاتبا.جا بۆیە شێخ سەعید نێوی ئەمیرولموجاهیدین ی لە خۆی نا و ڕایگەیاند هەر سەرهەڵداوێک بکوژرێ شەهیدە و یەکسەر دەچێتە بەهەشت.

لەگەڵ ئەوەشدا، شۆر و شەوقی دینی تەنیا هێز نەبوو بۆ وەجووڵە خستنی جووتێرە سەرهەڵداوەکان. لە ئەلازغ و شارەکانی دیکە دادگەکان تاڵان کران، پۆستەکانی ژاندارمەری پەلامار دران، زیندانیان ئازاد کران و ئینحیساری تووتنیش تاڵان کرا.ئەوانە هەر نیشانەی مەیلی تەماع و تالان نەبوون، شاهیدان دەڵێن ئەوە نیشانەی هەست کردنی توند و ئاشکرا بە جیاوازی نێوان پێوانە نەریتییە عەشیرەتی و ئیسلامییەکان لە لایەکەوە و، سیستمی قەزایی بیگانە و بە ئورووپایی کراو و هەر وەها ناڕەزایەتی تووتنکارەکان بوو لە سەرێکی دیکەوە.هەر هەمان جیاوازیش لە جەردەیی کۆمەڵایەتی باو لە هەرێمەکە دا بە جوانی لە بەر چاو بوو. چەندین جەردە لە گەڵ هاوڕێیانی شێخ سەعید کەوتن. لە چوونی بەرەو ئەلازغ شێخ شەریف،فەرماندەیی لە گەڵ یادۆ دابەش کرد، کە جەردەیەکی بەنێوبانگ بوو و وەک قارەمانێکی گەڵ چاوی لێ دەکرا.دوای شکانی ئەرتەشی سەرهەڵداوان، یەکەی پچووکی پارتیزانی هەر وا چالاک بوون و، شێوازی جەردەی نەریتی کۆمەڵایەتیی ناوچەیان وەخۆ کرد. هۆکاری سەرەکی کە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو سەرهەڵدانە دا بوو بریتی بوو لە کێشەی نێوان ئیدە و بیری ڕۆژئاوایی و سکوولاریستی کە دەوڵەتی نوێی تورک وەخۆی کرد بوو و بە زۆر جێبەجێی دەکرد و سیستمی نەریتی نرخی کوردی بە شێوە ئیسلامییە جەماوەرییەکانی خۆیەوە. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، کە هەتا ئەو دواییانە خاڵێکی بەهێز بوو بۆ کۆ کردنەوەی عەشیرەتە کوردەکان لە دەوری یەکتر و یەکگرتنیان لە پێناو خەباتێکی هاوبەش دا، لە لایەن جووتێرانەوە وا هەست دەکرا هێرشێکی ڕەمزی سەرەکی بێ بۆ سەر باوەڕەکانیان. شێخە خەباتکار و چالاکەکانی کوردی ناوچە زازاکان بوون بە ڕەمز و دەرخەری ئەو نرخە نەریتییانە. ئەوان ئەو ڕێبەرە لەبارانە بوون کە دەیانتوانی شەپۆلی بێ باوەڕی و ئەخلاقی بێگانە قەمتەر بکەن و، عەداڵەتی نەریتی دامەزرێننەوە. لە بۆنەی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا ، ئەوە ڕێبەرانی دیکە بوون کە ئەو دەورەیان گێڕا، کە خەسڵەتێکی کەمتر دینی دا بەو ڕاپەڕینانە. بۆ خەڵکی سادە و ئاسایی ئەوە لەوانەیە هیچ مانای نەبووبێ چونکە ئەوان خەباتیان دەکرد بۆ ڕاگرتنی ناسێنەی نەریتی خۆیان ، بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی لەو تێکۆشانە دا لایەنی دینی یان ئێتنیکی زەق دەکرێتەوە.

**ئەنجام**

تەریقەتی نەخشبەندی دەورێکی گرینگی ڕێکخراوەیی گێرا لەو سەرهەڵدانە دا. ناڕەزایەتی کوردەکان لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٢٠ کاندا، وێدەچێ وێکچوونێکی سەرنجراکێش نیشان بدا لە گەڵ هێزە پارتیزانییە ئیسلامییە ئەفغانییەکان لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا. تەنانەت ئەگەر ئێمە جیاوازییە ئاشکراکانی نێوان ئەو دوو هەلومەرجانەش لەبەرچاو بگرین، ئەوە ڕوونە کە عەمەلییاتی کوردە سەرهەڵداوەکان لە سەرەتاوە زۆر زیاتر هاو ئاهەنگی و سەرکەوتنی لە خۆیەوە نیشان دا بە بەراورد کردن لە گەڵ هاوتا ئەفغانییەکانیان. ئەو جیاوازییە ڕەنگە لە بەر ئامادە بوونی تۆری پێوەندی نەخشبەندی بووبێ لە نموونەی کوردی دا. دەوری شێخانی کورد بە تایبەتی لە سێ ڕووەوە گرینگ بوو. یەکەم، پرێستیژی دینی ئەوان، کە بریتی بوو لە باوەری بە هێزی لە سروشت بەدەری ئەوان کە بانگەشە و بانگەوازی ئەوانی ئەوەندەی دیکەش کاریگەرتر دەکرد و بەرپرسی ساز بونی شۆروشەقی مەهدەوییەت بوو لە نێو زۆر لە موریدەکانیان دا. دووەم، شێخەکان لە ناو زیاتر لە عەشیرەتێک دا قسەیان دەڕۆیی، ئەوەش هەلی بۆ دەڕەخساندن کێشە و گیروگرفتان یەکلا کەنەوە و بتوانن زوو خەڵکی ئاسایی و سەرهەڵداوی ڕەش و ڕووت یەکگرتوو کەن.سێیەم، شێخە سەرهەڵداوەکان هەموویان سەر بە هەمان بەش لە تەریقەتی نەخشبەندی بوون کە پێشتر هاوکاری یەکتریان کرد بوو، ئەوەش هاوکاری لە ناوچەیەکی هەراوتر دا بۆ ڕەخساندن. دەوری گرینگی شێخان لە پێشگرتن لە نەسازانی عەشیرەتی کە سەرهەڵدان بکاتە کاری نەکران هاوشێوەیەکی لە بزووتنەوەکانی سانوسی بەر لە سەربەخۆیی لیبی دا دەبێندرێ [ ئێڤانس – پریتچارد، ١٩٤٩].

سانووسییەش تەریقەتێکی عارفانەی جەماوەری بوو. تۆرێک لە خەڵیفەکانی شێخی هەرە بەرز عەشیرەتە بیدوییینەکانیان لە خەباتێکی هاوبەشی دژی کۆلۆنیال دا ڕێک خست و بناخەی سەربەخۆیی لیبی یان دامەزراند. لە کاتێکدا کە لیبیاییەکان سەرکەوتن، کوردەکان سەرنەکەوتن. هۆکارەکانی دەرەوەیی و دەوروبەری زیاتر لە بەرژەوەندی لیبیاییەکان دا بوون. بەڵام هۆیەکی زۆر گرینگی دیکەش بۆ سەرنەکەوتنی کوردەکان هەبوو. وەک لە بزووتنەوە مەهدەوییەتەکان دا هەمیشە باو بووە، کارەکانی کوردەکان هەتابڵێی تەبیعەتی ڕەمزی یان هەبوو و هیچ نەخشەیەکی ستراتێژیک لە گۆڕێ دا نەبوو بۆ پێشبینی کردن و هەنگاو نانی یەک لە دوای یەک بەرەو ئامانجی یەکجارەکی. کاتێک شوورەکانی دیاربەکر درزیان تێ نەبوو وەک ئەوەی لە جێریکۆی ئینجیل دا ڕوویدا، زۆر لە جووتێرە کوردەکان ورەیان بەردا. دوایە بەهێزی تورکەکان باوەڕی ئەوانی بە ئەرکی ئیلاهی خۆیان ئەوەندەی دیکەش بنکۆڵ کرد. بۆ خۆراگری سەرکەتووانە لە بەرانبەر دەوڵەتێکی مۆدێرندا، وێدەچێ هەبوونی ئیدێئۆلۆژی و ڕێکخستنێکی 'مۆدێرن' پێویستییەکی خۆ لێنەبوێر بێ. دە ڕاستییدا لە ڕاپەڕینەکانی دواتری کوردی دا ئەوە پەیدا بوو.

١.پروانە بەڵگەکانی:

Public Records Office, London, FO 371, 1924:E 11093/11093/65.

ئەوە یەکێک لە چەند سەرچاوەی زۆر کەمی هاوچەرخە سەبارەت بە گلەیی و گازەندە و دواخوازی کوردەکان. زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان سەبارەت بەو سەروبەندە دوای سەرهەڵدانەکە نووسراون و لایەنگرانەن بە دژی تۆڵە سەندنەوەکانی تورکان بە دوای شکانی ڕاپەڕینەکە دا. ئەندامانی ***ئازادی*** ئەم ناڕەزایەتییانەی خوارەوەیان گەڵاڵە کردووە:

١-قانوونێکی تازە سەبارەت بە کەمایەتییان بووەتە هۆی دڕدۆنگی. داخودا حکوومەت دەیەوێ کوردەکان لە ڕۆژئاوای تورکییە دامەزرێنێ و شوێنی ئەوان بە تورکەکان بگرێتەوە؟

٢-بە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، یەک لەو دوایین تایانەی کە تورکەکان و کوردەکانی لە یەکدی گرێ دەدا و یەکگرتووی دەکردن پساوە.

٣-بەکار هێنانی زمانی کوردی لە دادگە و لە مەدرەسە بەرتەنگ کراوە. لە بەر قەدەغە کردنی پەروەردەی کوردی، ئیدی لە نێو کوردان دا بە کردەوە هیچ خوێندنگە و مەدرەسە نییە.

٤-نێوی 'کوردستان' لە گشت کتێبەکانی لە مەڕ جوگرافیادا پاک کراوەتەوە.

٥-هەموو کاربەدەستە پایە بەرزەکان لە ئەیالەتە کوردییەکان دا تورکن، مووچە خۆری خوارەوە کوردن، بەڵام ئەوانیش زۆر بە تایبەتی دەستبژێر دەکرێن.

٦-له بری ئەو خاوە و ماڵیاتانەی دەدرێن بە حکوومەت هیچ یارمەتییەک ناگەڕێتەوە بۆ خەڵک.

٧-حکوومەت لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی نەتەوەیی لە ئەیالەتە کوردییەکان دا دەستێوەردان دەکا.

٨-حکوومەت بە بەردەوامی سیاسەتی بەکارهێنان و بەگژ داکردنی عەشیرەتێک بە دژی عەشیرەتێکی دی دەگرێتە بەر.

٩-زۆرجار هێرشی نیزامی دەکرێتە سەر گوندە کوردییەکان، دەست بە سەر ئاژەڵی خەڵک دا دەگیرێ و گەندەڵییەکی بەربڵاو لە گۆڕێ دایە لە پێوەندی لە گەڵ ڕەسید دان و دانی دراوی ئەو پێداویستییانەی کە وەردەگیرێن.

١٠-لە ئەرتەش دا بە خراپ لەگەڵ کوردی ئاسایی دەبزووونەوە و سووکایەتییان پێ دەکرێ؛ بە ئاسایی ئەوان کاری هەرە قورس و ناخۆشیان پێ دە ئەسپێردرێ.

١١-حکوومەتی تورک حەولی دا بۆ کەلک وەرگرتن لە سەروەتی کانگای ژێر زەوی کورد بە یارمەتی سەرمایەی ئەڵمانی.

تێبینی وەرگێر

ئەم بابەتەی پراونێسن لەم کتێبەی خوارەوە دا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەستەنبووڵ چاپکراوە وەرگیراوە:

Martin van Bruinessen,Mullas,Sufis and Heretics:The role of Religion in Kurdish society,’Popular Islam,Kurdish Nationalism and Rural revolt. The Rebellion of Shaikh Said in Turkey (1925)’, Collected articles, The ISIS Press, Istanbul,first printing 2000. 143-157

لەم وەرگێرانە دا ژێدەرەکان نەهاتوون.

# (٣)

## هەوێتییە لە گۆڕانهاتووە نەتەوایەتی و ئیتنیکییەکان: کوردەکان لە تورکییە ولە دیاسپۆرای ئورووپا[١]

### سەرەتا

ئەو کێشەی کوردی کە لە ساڵانی ٩٠دا بەرەو رووی تورکیا بووە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە گەڵ پرسی کورد کە لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا وەڕووکەوت. ئەو جۆرە سیاسەتانەی'نەتەوەچێکەر ' کە لە سەروبەندی پێشووتردا زۆر سەرکەوتووانە جێ جێ کران وێدەچێ لە سەروبەندی ئێستا دا ئاکامی پێچەوانەیان هەبێ. لە ماوەی چارەکەی دووهەم و سێهەمی ئەم سەدەی بیستەم ڕەوتی گشتی لەنێو کوردەکانی تورکییە، ئێران و عێراق دا ئەوە بووە بەرەبەرە لە نێو 'دەوڵەت نەتەوەکان 'ی تورکییە، ئێران و عێراق دا یەکانگیربین و لە کوردە هاوکووفەکانی خۆیان لە وڵاتە دراوسێیەکان دوور کەونەوە. بەڵام، ئەم ڕەوتە لە ساڵانی ١٩٧٠وە بە پێچەوانە بووە. بووژانەوە و سەرهەڵهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی لە ئاستی جیهانی دا شوێنی لە کوردانیش کردووە. ئەو ئاڵوگۆڕەی لە دەوروبەری جیهانیدا رووی داوە، لەمەش زیادتر بە شێوەیەکی جدی پاوانی پێشووی دەوڵەتانی لە سەر ئامزار و کەرەستەی "نەتەوە چێکردن" لاواز کردووە و هەنگاوی سەرکوتکەرانە کە ڕاستەوراست بۆ کپکردنی دەرپرینی هەستی ناسیۆنالیستی کورد هەڵهێندراوەتەوە شوێنی پێچەوانەیان بووە و لە جیاتی ئەوەی لە نێوی بەرن بوونەتە هۆی بەهێزبوونی.

#### نەتەوە چێکردن، سەرەوتنەکان و تێکشکانەکان

لە ساڵانی ١٩٢٠ بەم لایەوە، تورکییە،عێراق و ئێران سیاسەتێکی ئەوتۆیان بەڕێوە بردووە تا دانیشتووانی وڵاتەکانیان کە لە باری ئێتنیکییەوە جۆراوجۆرن دەسەریەک کەنەوە و نەتەوەی یەکدەستیان لێ سازکەن. ئەوانەی کە پێشتر بە هۆی وەفاداری دینی و سەر لە پێناوی بنەماڵە فەرمانڕەواکان یەیەکەوە راگیرابوون،بکەن بە نەتەوەگەلی مەدەنی یەکپارچە. ئەو سێ دەوڵەتە تازەیە، زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانیان لە نێوا خۆیاندا دابەشکرد و لە چوارچیوەی هەر سێ لەم دەوڵەتانەدا ئەو گرووپە ئێتنیکەی کە سەلماندوویە وەخۆکردن و یەکانگیرکردنی کاری هەرە زەحمەت و دژوار بێ، کوردەکان بوون[٢]. دیارە ئەو دژوارییە وەنەبێ لە بەر هێز و توانای ناسیۆنالیزمی کورد بوو بێ، بەڵکو زیادتر دەگەڕێتەوە سەر ژمارەی کوردەکان و بناخەی کۆمەڵایەتیی عەشیرەتی کۆمەڵگەکەیان .

ئەوە راستە کە تا سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠ لە نێو چینە خوێنەوارەکاندا ناسیۆنالیستی کورد و کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی کوردی هەبوون کە تێیاندا خەڵکی هەرێمی جۆربەجۆر و بە بەسترانەوەی دینی جۆراوجۆرەوە بە یەکەوە بەشدارییان تێدا دەکردن. لە گەڵ ئەوەشدا نفوزی ئەوان بە گشتی لە نێو دانیشتووانی کورددا بە تەواوی بەرتەنگ بوو ئەگەر لە گەڵ دەستەڵاتێکی دەستڕۆیشتووی نەریتی وەکوو شێخ سەعیدی پالوو، شێخ مەحموودی بەرزنجی سلێمانی یان سەرۆکی شکاکان سمایل ئاغا رێک نەکەوتبایەن ئەو ڕاپەڕینە گەورانەی وا لە لایەن ئەو دەستەڵاتە نەریتییانەوە رێبەری کران جوێ بوون. ئەو ڕاپەڕینە گەورانەی کە لە ژێر ڕابەرایەتی ئەو دەستەڵاتە نەریتییانە دا کران جیاواییان لەگەڵ سەر بزێوییە نەریتیە عەشیرەتییەکان بە دژی رێژیمە نێوندییەکان ، لەوەدا بوو کە بە ئاشکرا تۆو(element )ێکی ناسیۆنالیستی لەواندا بە دیارەوە بوو. لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەشدارانی ئاسایی لەو ڕاپەڕینانەدا ئەنگێزەی تێوەچوونیان لە بەر وەفاداری لە ئاست سەرۆکە عەشیرەتییەکانیان یان رێبەرە دینییەکان بوو ، و نەک لەبەر هەبوونی هەستی سەربە نەتەوەی کوردبوون. [٣]

جێگەی سەرنجە، ئەو سەربزێوییانە لە ڕووبەرێکی جوگرافیایی بەرتەنگ دا مانەوە و پشتیوانییەکەی زۆر کەمیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لێکرا. سەرەڕای بەربڵاوی وشیاریی سەبارەت بە هەوێتی کوردی، هێشتا ئاواتێکی

پتەو بۆ سەروەری  لە سەر بنەمای ئێتنیسیتەی کوردی لە گۆڕێدا نەبوو. پەیماننامەی سێڤر(١٩٢٠) بە ڕوونی هێمای بەو دەرەتانە کردبوو،ئەگەر زۆربەی کوردەکان ئاواتێکی ئەوتۆیان دەرپڕیبایە. بەڵام ئەو دەمی بۆ زۆربەی کوردەکان هاوپێوەندی عەشیرەتی یان ناوچەیی یان پێرەوی لە ئیسلام بوو کە حیسابی بۆ دەکرا. تا کۆتایی ١٩٢٢، ڕێبەری کوردی عێراقی شێخ مەحموودی بەرزنجی بیری لە هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەی کەمالیستی لە ئانادۆڵی دەکردەوە لە سەر بناوانی هەوێتی هاوبەشی موسوڵمانی  ( و هەڵبەت دیارە لە بەر بێزوقێزی هاوبەشیش لە بوونی بریتانییەکان لە هەرێمدا) .

لە هەر سێ وڵاتەکاندا، سەرکوتکردنی سەربزێوییە کوردیەکانی ساڵانی ١٩٢٠نیشانەی دەستپێکردنی سیاسەتەکانی "نەتەوە چێکردن" بوو کە تەنێ وردەوردە خۆیان دەگرت و دادەمەزران. ڕاگواستن ودوورخستنەوەی بەکۆمەڵ، بۆمبارانی هەوایی لادێیەکان و بەلانیکەمەوە لە نموونەیەکدا ئەو کارەی کە وێدەچێ زەبر و زەنگێکی ژینۆسیدیانە بوو بێ بە دژی خەڵکی بێچەک و لاشەڕ نیشانەی لایەنی هەرە دڕندانەی ئەو سیاسەتانە بوون [٤]. لە گەڵ ئەوەشدا،  زۆر گرینگتر و لە ئەنجامدا  زۆر سەرکەتووانەتر لەو شێوەیە زۆر هێمنانەترانە بوون کە ڕێژیمەکانی نەتەوەچێکەر لە هەموو جێگەیەک دەستیان داوەتێ : وەک پەروەردی گشتی تۆبزی،خزمەتی گشتی لە ئەرتەشدا (بەلانیکەمەوە بۆ پیاوان) و دامەزراندنی  رادیۆ و چاپەمەنی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت. قەدەغە کردنی نووسین بەکوردی، کە بە شێوەیەکی زۆر توندتر لە تورکییە و ئێران داسەپێندرا، پێوەندی ئەمدیو ئەودیوی سنووره دەوڵەتییەکانی بەرتەنگ کرد و دەستەبەری ئەوە بوو زمانی کوردی بەرەوە پێش نەچێ و نەبێ بە ئامرازێکی لەبار بۆ پێوەندی لە چوارچێوەی مۆدێرن و شارستانیدا. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، دنیای تازە تەنێ بە ڕێگەی زمانی دەوڵەتدا شیاوی دەست وێراگەیشتن بوو؛  ئەو کوردانەی کە بە تورکی خوێندەواربوون و هاوکووفە کوردەکانیان کە عەرەبی یان فارسییان بەکار دەهێنا دەستیان بەوە کرد لە عالەمی ڕەمزیی جیاوازدا خۆیان ببینەوە.

لە بەرایی سەدەی بیستەمدا، جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کەمتر بوو و پێوەندیی هاسان، لە نێوان ئەندامانی دەستەی ئێلیتی بەشە جیاوازەکانی کوردستا ن لە گوڕێدا بوو. لەو کۆمەڵە کوردییانەیدا  کە دوای ساڵی  ١٩٠٨لە ئەستەمبووڵ دامەزرێندران و، دیسان لە ١٩١٨، ئێمە ئەندامانی ئاوا دەبینین کە  کوردی عێراقی ئێستا و تورکییەی ئێستان . ئەوان لە عەینی گۆڤارە کوردییەکاندا هاوکارییان دەکرد و هیچ گیروگرفتیان نەبوو بۆ لێتێگەیشتنی نووسینەکانی یەکتر.  لە گەڵ ئەوەشدا، لە دەیەکانی دواتردا کوردە ئێلیتەکانی سێ وڵاتەکە و ، بە دووی ئەواندا دانیشتووان بە گشتی، دەستیان بەوە کرد لە یەکتری دوور بکەنەوە. کوردەکانی عێراق بێ ئەوەی دەست لە کوردبوونی خۆیان هەڵگرن، وردە وردە زیادتربوون بە عێراقی و تەنانەت تا ڕادەیەکیش عەڕەباوی بوون، ئەوانی ئێران زیادتر بوونە ئێرانی و کوردەکانی تورکییە زیادتر بوونە تورکییایی. ئەوە ڕاستە کە وشیاریی لە مەڕ هەوێتییەکی هاوبەشی کوردی و ئیدەی ئیتیزاعی قازانجی هاوبەش وەنەبێ قەت بە یەکجاری لە ناو چووبێ، بەڵام قەڵشتی فرەوانبووی نێوان فەرهەنگ و بۆچوون ڕێی لە کردەوەی هاوبەش گرتووە.

پەروەردەی ناڕەسمی، بەتایبەتی بە ڕێگەی بەشداریی سیاسی، چ لە ماشێنی سیاسەتی پارتییە دامەزراوەکاندا و چ لە ڕێکخستنە زۆر ئیدەئۆلۆژییەکانی بەرهەڵستکارییدا، شایەد زیادتر یارمەتی فرەوانتر بوونی ئەو قەڵشتەی دابێ تا سیاسەتە رەسمییەکانی حکوومەتی. کوردەکانی عێراق، خووخدەیەکی سیاسی عێراقیی جیاوازیان وەرگرت و، ئەو کوردانەش لە تورکییە کە نەتوابوونەوە جۆرە شێوەیەکی سیاسییان وەخۆ کرد کە دەستبەجێ لە ئی کوردەکانی عێراق یان ئێران دەکرایەوە. تا ئاخر و ئۆخری ساڵانی ١٩٧٠، کاتێک کە بزووتنەوە سیاسییەکانی جەماوەریی کوردی لە تورکییە و ئێران و  هەرەها لە عێراق  سەریان هەڵدا، گەلاڵەکردنی ئامانجەکانیان ئاوێنەیەک بوو لە دمەتەقەی عەڕەبی، فارسی، تورکی و شایەد زیادتر لە هەموو شتێکی کە بە تایبەتی کوردی بێ. جێی سەرنجە، تەنانەت بۆ چەمک (concept)ی  کلیلی وەکوو تۆتۆنۆمی، کوردەکانی ئەو سێ وڵاتانە زاراوەی جیاواز بەکار دەهێنن.

تەنانەت ئەو نموونەیەی کە بە گوێرەی ئەو ناسیۆنالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەری هەڵهێنا دەرەجەی سەرکەوتنی تێکۆشانی تورکییە بۆ نەتەوە چێکردن دادەگرێتەوە . ئەمن تووشی ژمارەیەکی زۆر کوردی ناسیۆنالیستی چالاک بووم کە  پێشتر تا کاتی خوێندن لە زانکۆ خۆیان بە تورک زانیوە یان تەنانەت دواتر هەوێتی کوردی خۆیان دۆزیوەتەوە. لە ناو پارتی و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٧٠ لە تورکییە پەیدا بوون، تەنێ یەکیان، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی تورکییە (تکدپ)، ئیلهامی لە پارتییەک هەر بە هەمان نێو لەعێراق وەرگرت. ئەوانی دیکە  بە دەم وەگەڕکەوتنی سەرانسەریی سیاسی لە تورکییە پەیدا بوون و ، لە زۆربەی کەیساندا وەکوو دەستەی جیابووەوە لە بزووتنەوە سیاسییەکانی تورکییە دامەزران.  ڕاوێژی زاریان، بیرکردنەوەیان و شێوەی

دەمەتەقە و موناقەشەیان و ئەو بابەتانەی موناقەشەیان لە سەر دەکرد هەموو وەک ئی تورکییە وابوون و زۆر کەم وەئی کوردەکانی عێراق و ئێران دەچوون. زۆربەی قسەوێژانی جیاوازیخوازی نوێی کوردی لە تورکییە ئی ساڵانی ١٩٦٠ کان و ١٩٧٠کان - ئەمن پێموایە، ئەوە لێوردبوونەوەیەکی گرینگە- لە ناو ئەو جۆرە کەسانە هەڵکەوتن کە زۆر قووڵ لەفەرهەنگی تورکیدا یەکانگیربببوون. ئەوان گشتیان دەقی کتێبە مەدەنییەکانی تورکییان خوێندبووەوە و زۆربەیان لە پلەیەک لە ژیانیاندا ستایشتکاری ئاتاتورک بوون.

هەڵبەت ئەوە بە زەحمەت جێی سەرسورمانە، چونکوو نموونەی زۆری ئەوتۆ لە نێو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی دیکە دا دەبیندرێ، بە تایبەتی لە کۆڵۆنییەکانی پێشووی ئورووپا دا. لە گاندی یەوە بگرە تا پۆل پۆت، رێبەرانی ناسیۆنالیست لە کۆڵۆنییەکاندا لە ژێر نفووزی قووڵی پێکهێنەری مەدرسە و زانکۆکانی دەوڵەتە کۆڵۆلیالیستییەکاندا بوون و، زۆربەی بیروراکانیان لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەتەک فەرهەنگی کۆڵۆنیالیستەکاندا قرچکی گرت. هەمان شت لە سەر رێبەرانی بزووتنەوە هەرێمییەکان ڕاستە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا لە دەوڵەت-نەتەوەکانی ئورووپاییدا پەیدا بوون. سەرهەڵهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە نزیکەوە بە دەستوێراگەیشتنی زیادتر بە خوێندنی بەرز لە ساڵانی دوای شەڕی جیهانی گرێدراوە و هەروەها بە زێدەبوونی وەگەڕکەوتنی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی( کە هەر دووی ئەوانە یارمەتی کرد بە یەکانگیربوونی ئێلیتی کورد لە فەرهەنگ و سیاسەتەکانی تورکیدا) و داکشانی خێرای بناخە نەریتییەکان لەوان ساڵاندا. [٥]

ئاڵوگۆر لە ١٩٨٠کانەوە بە پێچەوانە و بە بارێکی دیکە دا گەڕاوە لە ئاست ئەو دیمەنەی وا لە نێوان ساڵانی١٩٢٠-١٩٨٠ دێتە بەرچاو. تێکەڵاوی و پێوەندی لە نێوان کوردەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکان زیادی کردووە و رەنگە ئێرانی لێ دەرچێ، قەڵشتی چاوەڕوانکراوی نێوان کوردەکانی هەر وڵاتە و هاونیشتمانە ناکوردەکانیان فراوانتر بووەتەوە. ئەوە بەروبووی دەستەیەک هۆکارانە، کە لە نێو ئەواندا چوار هێشووی(cluster) سەرەکی دەکرێ بناسرێتەوە.

ئەلف: زوڵم و زۆرێ سەخت و توندوتیژ بە دژی درەپرینی هەستی جیاوازیخوازی یان تایبەتی کورد( و تەنانەت زۆر زیادتر چالاکی رێکخراوەیی سیاسی) لەتورکییە، عێراق و ئێران، کە ئاکامی لە شوێن خۆهەڵقەندرانی بە لێشاوی دانیشتووان، چ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە و چ بۆ دەرەوەی سنوورەکان لە هەرێمدا بووە.

بێ: باشتربوونی بەرچاوی ئامرازی گواستنەوە و پێوەندی، کە ئاکامی ئەوەش بووەتە هۆی زێدەبوونی بەرچاوی وەگەڕکەوتنی(mobility) خەڵک و بیرورا، کە تەنێ دەکرێ تا رادەیەک لەلایەن حکوومەتی دەوڵەتەکان ڕا کۆنترۆڵ بکرێن.

پێ: بوونی ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی موجاهیری تورک و کورد لە ئورووپای رۆژئاوا و، جەوێکی سیاسی لە وێ کە لایەنگری لە فەرهەنگە کەمایەتییەکان دەکا؛

تێ: تەواوبوونی شەڕی سارد و لە بەریەکهەڵوەشانی یەکێتی شوورەوی (کە جەرەیانی شەڕی کەنداو دەکرێ بە یەک لە نیشانەکانی دابندرێ).

**جووڵانی دانیشتووان لە هەرێم دا**

بەربەرەکانی بە گوڕی تورکییە لە دژی ناسیۆنالیستە کوردەکان دەستبەجێ بە دوای کوودەتای عەسکەریی ساڵی ١٩٨٠دا، بووە هۆی ئەوە کە زۆر لەو کوردانەی ببوونە سیاسی ڕاکەن بۆ وڵاتە دراوسێیەکان( تەنێ بۆ ژمارەیەکی کەم لەوانە ئورووپای رۆژئاوا یەکەم سەرپشک بوو). لە سەرەتاوە کوردستانی ئێران شایەد دراوسێی هەرە بەخێرهێنەر بوو. سەرەڕای شەڕ و پێکدادانی عەسکەری لە نێوان بزووتنەوەی کورد و ئەرتەشی ئێران و سپای پاسداران، ئەو پەنابەرانەی لە تورکییە ڕا هاتبوون لە لادێیەکانی کوردستانی ئێران یان لە ئۆردووگەی پێشمەرگەکاندا دەژیان و لەوێ لە گەڵ زمان، خوو و خدە و فەرهەنگی سیاسی کوردەکانی ئێران ناسیاو بوون- تا ئەو رادەیە کە لە کێشەکانی نێوان خانەخوێیەکانیشیاندا تێوەگلان.

لە بەر ئەوەی کە هێرشی عەسکەریی ئێران لە دژی کوردەکان سەرکەوتووانە بوو، پارتیزانە کوردەکانی ئێران و میوانەکانیان ڕەپاڵ نران و بە دەستەی بچووک دابەشبوون و خۆیان لە نزیک سنوور گرتەوەو، دواتر لە سنوور پەڕینەوە(١٩٨٢-١٩٨٣). لەو سەروبەندە ناسکەدا، یەک لە رێکخراوەکانی کوردی عێراق پدک( قیادەی مووەقەتە)، لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی لە دژی کوردەکانی ئێران هاوکاری دەکردو، پارتییەکەی دیکەی کوردی عێراق، ینک، لە باری

عەسکەرییەوە چالاکانە پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران دەکرد. کوردە ناسیۆنالیستەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق بنکەیان دانا، کە لەو بنکانەدا نەک هەر پارتیزانە جەنگاوەرەکان، بەڵکوو سیاسی بێچەکیش بەخاو و خێزانەوە دەژیان. زۆربەی کوردەکانی تورکییە، کە لە سەرەتاوە هیوایان بەوە بوو کە لە ئێران داڵدە و پەناگەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، ئەوانیش چوونە سەرووی عێراق. بە دەم درێژەکێشانی شەڕی نێوان عێراق-ئێران ژیان لە هەرێمەکە هەتا دەهات دژوار و دژوارتر دەبوو و ، لە کاتێکدا چ ئاسۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە تورکییە بەدینەدەکرا کوردەکانی تورکییە چاویان لە ئورووپا بڕی. بە ئێران یان سووریە دا و، زۆر جار بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆدا، زۆر لەوان ئاخرەکەی وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتە ئورووپاییەکان سەریان دەرهێنا .

بە هەمان شێوە و بە لێشاو، جەرەیانی هاتنی پەنابەران لە ئێرانەوە بەرەو تورکییە بەڕێوەبوو، بەو هیوایەی کە ڕێگایەک ببیننەوە بۆ چوون بۆ ئەمریکاو ئورووپای ڕۆژئاوا. کوردە عێراقییەکانی هەرە سەرنجڕاکێش لە وان ساڵاندا لە تورکییە پەنابەر نەبوون بەڵکوو توریستی بەنیسبەت دەوڵەمەندا( و ناسیاسی) بوون. ئەمن واق ورمانی خۆم وەبیر دێ بە دیتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە جلوبەرگی کوردی ( عێراقی)دا کە لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٨٠ لە گەڕەکەکانی ئاکسارای-لالەلی-بەیازیتی ئەستەمبووڵ لە دەگەڕان. بێ ئەوەی خۆیان پێبزانن، ئەوان واسیتەبوون و، جۆرە دان و ستاندنێکیان لە نێوان کوردەکانی تورکییە و عێراق( شایەد، کوردی ناسیاسی) پێکدەهێنا.زیادبوونی وەگەڕکەوتن کە حزووری ئەوان لە ئەستەمبووڵ نیشانەیەکی بوو، ئەو پەیامەی لە تورکییە هێنایە گۆڕێ کە ڕاستەقانییەکی کورد هەیە کە درەنگ یان زوو دەبێ بناسرێ و ددانی پێدابهێندرێ.( ئەگەرچی ماوەیەکی زیادتریشی پێ چوو بۆ ئەوەی ڕێک کەوتنێکی گشتی دەرکەوێ  سەبارەت بەوەی کە ئەو 'ڕاستەقانییەی کورد' چییە) .

بە ئاوایەکی زۆر بە گوشارتر هەبوونی نابەدڵی ڕاستەقانییەکانی کورد بە هۆی دوو شەپۆلی گەورە و لەباری هێزەکییەوە ئارامی تێکدەەری هاتنی پەنابەران لە عێراقەوە بە سەر ویژدانی گشتی تورکییەدا داسەپا. یەکەمیان لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕوویدا، بە دەیان هەزار کەس لە بەر هێرشە ژێنوسیدییەکانی ئەنفال لە عێراقەوە ڕایان کردە تورکییە. [٦] نزیکەی ٦٠٠٠٠کەس توانیان بێنە ناو تورکییە و لەوانە ڕەنگە نیوەیان دوای ئەوەی کە عێراق لێخۆشبوونێکی دیکەی ڕاگەیاند گەڕاینەوە عێراق. ئەوانی دیکە لە ئۆردووگەی چادریدا لە نزیک ماردین، دیاربەکر و مووش  لە هەلومەرجێکی ناڵەبار دا ( ئەگەر بە نەرمی بیڵێین) دامەزران. گەیشتنی ئەو کوردە عێراقییانە شوێنێکی گەورەی لە سەر وشیاریی گشتی تورکییە کرد، چ لە ناو کوردەکان و چ لە ناو ناکوردەکاندا. ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە خەڵک بتوانن ببیستن بەکوردی لە ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆندا قسە دەکرێ.

تورکییە دەستی لەوە گێراوە کە ئەو کوردانە وەک پەنابەر بناسێ و، ئەگەر واکرایا ئەوان شیاوی هێندێک ماف دەبوون ( و ئەوە خەرجێکی زۆری هەڵدەگرت). ئەوان وەک خەڵکی لەشوێنی خۆ هەڵکەندراو نێودێرکران و، گوشاری هەرە زۆریان خرا سەری بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە عێراق. جیاوازیی جووڵانەوە لە گەڵ ئەو کوردە پەنابەرانە کە لە عێراقەوە هاتبوون و پەنابەرانی تورک لە بولگارستانەوە کە هەر لەو سەروبەندیدا  گەیشتبوونە تورکییە گەیشتە  بەراوردکردنی خۆڵێنەربوێر و ئاکام لێدەرخستن کە ، بە چاو دەستەڵاتدارانەوە، کوردەکان بە لێبراوی لە تورکەکان جیاوازن و، ئەوان لێیان ناوەشێتەوە هەمان مافیان هەبێ. [٧]

سەرەڕای هەوڵدان بۆ تاکخستنەوە و بە دوور ڕاگرتنی  کوردە عێراقییەکاان لە دانیشتووانی خۆجێیی، ئەوە نەکرا و ، هەردووک لا یارمەتییەکی بەرچاویان کرد بە وشیاریی یەکتری، سەبارەت بە شێوەی دوان، فەرهەنگ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی-سیاسی یەکدی. ئەو ناسیاوبوونە نزیکترە، هەڵبەت، دەیتوانی بە دوو شێوە هەڵسووڕێ: دەیتوانی وشیاریی سەبارەت بە هەوێتییەکی هاوبەش بە هێزتر بکا، بەڵام لە هەمان کاتدا وشیاریی سەبارەت بە جیاوازییەکان زیادتر بکا و تەنانەت پێشداوەریش سەبارەت بە یەکتری پتەوتر بکا. ئەمن لەو بڕوایە دام کە ئەوە هاوکات هەردووک شوێنتێکردنی هەبووە. لە گەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕەنگە، وەک جووڵانەکانی پێشووی دانیشتووان کە ئاماژەی پێکرا، ژمارەی ئەو کوردانەی زیادتر کردبێ کە هێندێک زانیارییان سەبارەت بە شێوە ئاخافتنەکانی باکووری  و باشووری هەبوو و ئاگاداری بارودۆخی کوردەکان بوون لە وڵاتە دراوسێیەکاندا.  ئەوە یارمەتی کرد بە یەکانگیری 'نەتەوایەتی' کوردەکان.

دووهەم شەپۆلی خەڵک کە حەولیاندا لە عێراق رابکەن، لە ئاوریلی ١٩٩١ بوو و ، لە ڕوانگەی تورکییەوە ئەوە هەڕەشەیەکی زۆرتری پێوە دیار بوو. شکانی ئەرتەشی عێراق لە کووەیت و داوای ئەمریکا لە خەڵکی عێراق بۆ ئاوەژووکردنەوە و تێکڕووخاندنی سەددام حوسێن ئاکامی ڕاپەڕینێکی گەورە بوو لەسەرووی عێراق( هەروەها لە شوێنی شیعە لێ نیشتەجێی خواروو). لە گەڵ ئەوەشدا وادەرکەوت کە بەشە هەرە گرینگەکانی ئەرتەشی عێراق

دەستیان لێ نەدراوە و وەک خۆیان ماونەتەوە. سەربزێویی خوارووی عێراق بە توندوتیژییەکی بێبەزەییانەوە تێکشکێنراو ، دوای ئەوە ماشێنی شەڕی کاریگەری عێراق چووە سەر کوردەکان و تورکومانەکان لە سەروو. یەکەم شارەکانی کە لە لایەن ئەرتەشەوە گیران لە گەڵ زەوی تەخت کران و دانیشتووەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە بەر ئازار و ، ئەوەش بووە هۆی کۆچڕەوی گشتی لە شارەکانی دیکەوە بەرەو ئێران و تورکییە. ستوونی زرێپۆش و هێلیکۆپتێری گوللەهاوێژ وە دوای خەڵکی قەرەیەخەی بێچەک کەوتن کە خەریکی هەڵاتن بوون، بێئەوەی دەست بپارێزن کوشتیانن و برینداریان کردن. ئەو جارە بە دەیان هەزار کەس تا بەڵکوو بە سەدان هەزار کەس بوون کە لە ترسان خۆیان گەیاندە سنووری تورکییە .گەیشتنی ئەوان و دەستگێرانەوەی تورکییە بۆ وەرگرتنیان، لە بەرچاوی کارگێرانی تێلێڤیزیۆنە لاوەکییەکان دەکرا و ئەو کارەساتە بە زیندوویی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکرایەوە [٨]

ئەوە یەکەم درامای ئینسانی بەو بەربڵاوییە بوو کە ڕاستەوخۆ لەلایەن تێلێڤیزیۆنی مانگیلە (satellite) وە بڵاو دەکرایەوە. ئەو هەلومەرجە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا کە کوردەکان ببوونە قوربانی ڕێژیمێک کە لە ماوەی ساڵی پێشوودا شێلگیرانە لە چاپەمەنی و ئامرازە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوادا وەک ئیبلیس ناسێندرابوو، بیرورایەکی بە هێزی گشتی بۆ لە سەر کردنەوە و بە دەنگەوە هاتنی کوردەکان ساز کرد.حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان نەیاندەتوانی خۆیان لەبەر گوشاری گشتی دانیشتووەکانیان بۆ دەستتێوەردان ( و تەگبیر لێکردن) بگرن. ئەوە لەو ڕۆژانەدا بوو کە سەرۆک کۆماری تورکییە ئۆزال وڵاتەکەی خۆی وەک پارێزەری کوردان( کورتلەرین حامیسی) ڕاگەیاند و بەڵێنی سازکردنی ناوچەیەکی پارێزراوی لە نێو خاکی عێراق دا بۆ ئەوەی ئەو پەنابەرانە بەڵکوو بە ساغی لەوێ بگیرسێنەوە. هاوپەیمانەکانی تورکییە لە گەڵ ئەوە بوون کە ژمارەیەکی ئەوتۆی پەنابەران( تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕەسمی هەر وەک کەسی لە شوێنی خۆهەڵقەندراو یش دابندرێن) بارێکی قورسی شیاوی هەڵگیران نابێ( بە شانی) تورکیاوە و پشتیوانیان لە پێشنیاری تۆزال کرد بۆ پێکهێنانی 'ناوچەیەکی هێمن' لە سەرووی عێراق. ئەمن لە خوارەوە دەگەڕێمەوە سەر ئاکامەکانی ئەو نێونەتەوایەتیە کردنەی پرسی کورد [٩]. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە لە لێرەدا بە دەرەجەی یەکەم سەرنجی دەدەمێ، شوێنی ئەو ڕووداوانەیە لە سەر وشیاریی گشتی لە تورکییە.

مەسەلەی کورد لە عێراق چیدیکە نەدەکرا وەکوو گیروگرفتێکی نێوخۆیی عێراق چاو لێبکرێ، زۆر ئاشکرا و ڕوون بوو کە ئەم مەسەلەیە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی گرینگی ئابووری و هێمنایەتی تورکییە هاڵابوو. تەنانەت لە ئامرازە ڕاگەیەنە گشتییە سەرەکییەکاندا مەسەلەی کوردی عێراق لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفتی کوردی تورکییە خۆی باس و قسەی لێوەدەکرا و، ئەوە گەیشتە ددانپێداهێنانی زیمنی مەسەلەی کورد وەک یەک لە بابەتە توخە سیاسیەکانی تورکییە . ئەوەی بە سەر کوردەکانی عێراق هاتبوو جارێکی دیکە وشیاریی ئێتنیکی و هاوپێوەندیی کوردەکانی تورکیای بەهێزتر کرد. لە زۆر جێگایان کوردەکانی تورکییە دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی خۆراک و مادەی تری رزگاریدەر و، نێردران بۆ پەنابەرانی سەر سنوور( بەڵام ئەوە دەبێ پێی لێ بنرێ کە دەرەجەی ئەو هاوپێوەندییە چالاکانەیە لە تورکییە قەت نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کوردەکانی ئێران نیشانیان دا). ئەو ڕاستییەی کە دەستەڵاتدارانی تورکییە فەرق و جیاوازییان لە نێوان پەنابەرە کورد و تورکومانەکان دادەنا و، ئەوانی دواییان وەردەگرت و حەولیان دەدا کوردەکان لە کۆڵ خۆیان کەنەوە تەنێ ئەو بۆچوونەی بە هێز دەکرد کە تورکیا، سەرەڕای دەرپرین و وێژیاکی گەلویستانەی ڕەسمی ، فەرق و جیاوازی لە نێوان کوردەکان و تورکومانەکاندا دادەنێ. لە کاتێکدا سنووری ئێتنیکی لە نێوان کوردەکانی عێراق و کوردەکانی تورکییە دا، کە لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا پەیدا بووە، نزیک دەبووەوە، سنووری نێوان تورکەکان و کوردەکان لە تورکیا دەستی کردووە بە شێوەیەکی لە زێدە بێتەگۆڕێ-بەڵانیکەمەوە تا ڕادەیەک لە نەتیجەی بڕیاردانە سیاسییەکانی تورکییە .

### هەڵدانی پکک

چیرۆکی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٥ لە چەند لایەنێکەوە باسی تێکشکان و چەوسانەوەیە. سیاسەتی هەڵە بە وردی ئەو بەرەوپێشچوونانەی ڕەخساند کە ئەو سیاسەتانە بە مەبەستی ڕاگرتن یان بەربەستکردنی ئەوان گەڵاڵە کرابوون، سەرکوتکردنی هەموو لایەنەی بزووتنەوەی کورد لە بەرایی ١٩٨٠کان لە وەدا سەرکەوت تاکوتەرای لیبێراڵ و دێمۆکرات لەو بزووتنەوەیەدا نەهێڵێ.پکک، شایەد لە بەر تەبیعەتی داخراوی ڕێکخراوەکەی و ڕەنگە لەبەر ئەوەش کە ئەو ڕێکخراوەیە بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی دیکە باڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخست، تەنیا ڕێکخراوێک بوو کە توانی لە نێو خۆی تورکییە و لە هەرێمێکی هەراوتردا بمێنێتەوە و بژی.

لە ساڵی ١٩٨٠ پکک بە نیسبەت ڕێکخراوەیەکی بچووک بوو و ، تەنێ چەند هەزار ئەندامی هەڵسوور و لایەنگری هەبوو و ، لە نێو کورداندا پشتیوانییەکی جەماوەری ئەوتۆی لێنەدەکرا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٥دا ئەو ڕێکخراوە

شێلگیرانە خەریکی بەخۆداهاتن و گەورەبوونەوە بوو، نەک هەر بەر ئەوەی وەکوو دوژمنی هەرە مەترسیداری نەزم و هێمنی رەفتاری لە گەڵ دەکرا و هەروەها لەبەر ئەوەش کە چاپەمەنی گەلیی سەر بە حکوومەتی زۆریان لە سەر دەنووسی. دەستەڵاتدارانی سیڤیل و عەسکەری لەو سەروبەندیدا بێ پسانەوە ئەوەیان دادەگرتەوە کە دەوڵەت بە هێز و توانایە ( لە جیاتی ئەوە بۆ وێنە بڵێین دەوڵەتی عادڵ و خێرخوازی پارێزەری هاووڵاتییەکانی)، بە ئیستگرتنی زۆر لە سەر هێز و توانایی ئەوان بە شێوەی زیمنی رایانگەیاند پکک، بە رەوتی زەبر و زەنگەوە و ئەو لێزانییەی کە بۆ مانەوە و بەرگەگرتنی گشت ، ئاخرە زەبرەکانی کە ئەرتەش وەشاندوویە نیشانی داوە، تەنیا ئالترناتیڤی جیدییە .

پکک، پێوەندێ زۆر چالاکانە و شێلگیرتری لە تەک رێکخراوە  پارتیزانییەکانی فەلەستینی و، دواتر لە تەک حیزبوڵای لوبنانی دامەزراند. زیادتر لە هەموو گرووپێکی کورد یان تورک، ئەوە نە تەنیا بووە هۆی دەستڕاگەیشتنی وان بە ئامراز و هۆی تەدریب و پەروەردە لە خوارووی لوبنان، بەڵکوو هەروەها شوێنێکی ئاشکراشی کردە سەر قەوارەی پارتی و مێتۆدەکانی خەباتی. ئەمن لەسەرەوە باسم کرد کە ڕامانی کەماڵیستی و بۆچوونەکانی ڕچەی خۆی بە سەر زۆربەی پارتییە کوردەکان لە تورکییە دا هێشتووەتەوە، لەوانە پکک ش- ئۆیجالان بۆ خۆی لە چەندین بۆنەدا باسی فرووسماوبوونی خۆی بە ئاتاتورک کردووە [١٠] و ، لەئامانجەکانی پارتییەکەیدا مرۆڤ بە ئاشکرایی تیشکدانەوەی خەباتی کەماڵیستی بۆ سەربەخۆیی تەواو دەناسێتەوە. نفووزی دووهەمی شکڵپێدەر ئی بزووتنەوەی فەلەستین بوو و ، لە رێگەی حیزبوڵاشەوە، رادیکالیزمی شیعە بە ڕارەوی شەهادەتەوە.

پێوەندی هەرە نزیکی پکک لە گەڵ سێرڤیسە زانیارییەکانی سوورییە و، هەروەها هۆی جوگرافیایی-سیاسی ئەو هاوپەیمانییە، چاک پێی زاندراوە و حەوجێ بە لەسەر رۆیشتنی زیادتر ناکەن. ئەوە بۆ نکوڵیلێکردن نابێ کە سورییە تا دەرەجەیەک کۆنترولّی بە سەر پکک داهەیە، لە گەل ئەوەشدا، دانانی پکک بە بووکەپەڕۆیەکی دەست سورییە هەتا بڵێی هەڵەیەکی پیسە. پکک هەوڵی ئەوەی داوە باری هێلکەکانی بە یەکجار نەبزێوێ و سەرکەوتووانە ئاڵوگۆڕی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکانی تورکییە کردووە. هەروەها توانیویە پشتیوانییەکی سەرنجڕاکێش لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بۆ خۆی دابین بکا، هەم لە کوردستانی تورکییە و هەم لە کوردستانی عێراق. لەبەرایی ساڵانی ١٩٨٠دا پکک یەکەم بنکەکانی خۆی لە سەرووی عێراق دامەزراند و، بە لەوێ بوون بۆ زیادتر لە دەساڵ دەرجەیەک لە پشتیوانی لە نێو کوردەکانی عێراقدا بۆ خۆی وەدەست هێناوە-یەکەم رێکخراوی کوردی دەرەوەی عێراق کە کارێکی ئەوتۆی کردبێ[١١]. شەڕی خۆکوژی لە نێوان دوو پارتییە سەرەکییەکەی کوردیی عێراق کە ئێستا ئەوە دوو ساڵە بەردەوامە کارێکی وای کردووە کە ئەو پارتییانە خۆشەویستیی خۆیان لە نێو دانیشتووانداتا رادەیەکی زۆر لە کیس بدەن. ئەوە رێگە دەکاتەوە بۆ پارتی ئەوتۆ کە لە ریشەوە نوێنەرایەتی شێوەی بە تەواوی جیاوازی سیاسی دەکەن. دوو بەدیلی هێزەکی بریتین لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە ئێران پشتیوانی لێدەکا و پککەی تورکییە.

**کوردەکانی ئورووپای رۆژئاوا**

لە نێوان 'کرێکارانی میوان'ی تورکدا کە لە ئاخروئۆخری ١٩٥٠کانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئورووپای رۆژئاوا، ژمارەیەکی زۆر هەن کە بە دەم چەند دەساڵی رابردوودا پێیان زانیوە کە تورک نین بەڵکوو کوردن. تەخمین کردنی ژمارەی کوردان لە نێو کرێکارانی تورکدا لە هەندەران وەک تەخمین کردنی ژمارەی کوردان لە تورکییە دا کاری گران نییە و ، هەر لە بەر هەمان هۆ و سۆنگە،  دەستەڵاتدارانی ئاڵمانی ژمارەی کوردەکانیان لە وڵاتی خۆیان بە ٤٠٠٠٠٠کەس تەخمین لێداوە- رەقەمێکی کە واوێدەچێ بەپێی ئەو گریمانەیە داندرابێ کە کوردەکان ٢٠لە سەدی دانیشتووانی تورکییە پێکدەهێنن- هەر بۆیە ئەو رێژەیە دەکرێ لە سەر دوو میلیۆن دانیشتووی بنەچەکە تورک'ی ئاڵمانیش لە بەرچاوبگیرێ [١٢]. جگە لە چەند نموونە هەڵگرتنی لە گۆترەی دانیشتووان نەبێ، کرێکارانی میوان قەت بە شێوەیەکی بەتەکووز لێیان نەپرسراوە ئەوان بۆ خۆیان لە باری ئێتنیکییەوە چۆن خۆیان دەناسێنن.

بێتوو ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بە شێوەیەکی رێکوپێک و لە نێوان زەمانی دیاریکراودا کرابان، ئەمن  بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە زێدەبوونێکی بەرچاومان دەدی لە سەدی ئەو کەسانەی خۆیان بە کورد دەناساند لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا.
 هەمان شت لە نێو خۆی تورکیادا قەوما: جگە لە وانەی کە بە راستی کوردی( یان زازایی) دەزانن  خەڵکی ئەوتۆش هەن کە دایکوباوکیان وا دەکەن ( یان یەکیان دایک یان باوک)، خەڵکی ئەوتۆی کە دایکەگەورە یان باوکەگەورەیان کوردە و، خەڵکی دیکەی ئاواش کە دەگەنەوە سەر ئەژدادی کوردی، هیچ شتێک ناتوانێ پێش بەو کوردە هێزەکییە لێوارییانە بگرێ کە لە  هەلومەرجێکی تایبەتیدا کوردبوونی خۆیان بدۆزنەوە و دایگرنەوە.

تا ئاخر وئۆخری ساڵانی ١٩٧٠، بە رێژە ژمارەیەکی کەم لە کرێکارانی موهاجیر هەوێتی کوردی خۆیان دادەگرتەوە. زۆربەی کرێکاران، بە تایبەتی ئەوانەی کە رەچەڵەکی لادێییان هەبوو، پێیان خۆش نەبوو تێکەڵاوی کاری سیاسی بن و خۆیان لە سیاسەت دەپاراست.لەمەش زیادتر دەوروبەری ئوروپایی ئەوانی وەک تورک دەناساند و ، لە زۆر پێوەندییاندا ئەوە هەوێتی بەجێ بوو. کوودەتای ١٩٨٠ی تورکییە ژمارەیەکی زۆر ئینسانی سیاسی، کردە پەناخواز کە زۆربەیان گەنجی کورد بوون وحزووری ئەوان و ، هەڵبەت دەنگوباس سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی لە تورکییە، بوو بە پاڵوێنە catalyst یەک بۆ وشیاریی ئێتنیکی کوردی

بەراوردکردنی دوو وڵاتی ئورووپایی بەیەکەوە سەرنجراکێشە چونکوو دوو شێوەی تەواو جیاواز و شایەد لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکتری نیشان دەدا لە مەڕ وەگەڕخستنی ئێتنیکی و چالاکی ناسیۆنالیستی.سوێد ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی کرێکاری تورکی نییە، بەڵام بەڕێژە کۆمەڵگەیەکی گەورەی پەنابەرانی کوردی لێیە کە بەڕێژە خوێندەوارییان لە سەرەوەیە. بەتایبەتی نووسەران، رۆژنامەنووسان وروووناکبیرانی دیکە سوێدیان وەک داڵدە و پەناگەی خۆیان هەڵبژارد. سوێد دەرەتانێکی زۆر لە بەر دەست گشت کۆمەڵگە موهاجیرەکان دەنێ بۆ خوێندن، چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی زگماکی خۆیان. نووسەرانی کورد لە سوێد هەلومەرجێکی لەبار و دنەدەریان بەدیکردووە بۆ ئەوەی کوردی ( کورمانجی-تێبینی وەرگێر) ببێ بە زمانێکی مودێرنی ئەدەبی، کارێکی ئەگەر لە تورکیا مابانەوە پێیان نەدەکرا، تەنانەت ئەگەر زمانەکە لەوێ پاوانیش نەبووبایە لەبەر ئەوەی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی سوێد تەنانەت بەر لەوەی بگەنە ئەو وڵاتەش زۆر سیاسی بوون، پکک تەنێ ژمارەیەکی کەمی لە نێوان ئەواندا بەرەو لای خۆی رادەکێشا، ئەگەرچی ژمارەی ئەو کەسانەش کە بە هۆی پێزانینەوە دەستیان کردووە بە لایەنگری لێکردنی کەم نین، لەلایەکی دیکەوە لە ئاڵمان، کە ژماەی هەرە زۆری کرێکاران سیاسی نەبوون، رێکخەرانی پکک زەمینەیەکی زۆر بە پیت تریان دۆزییەوە بۆ راکێشانی پشتیوان و لایەنگری تازە، بە تایبەتی ئەندامانی دە پەراوێز کەوتووی وەچەی دووهەم کە لە ئاڵمان گەورەبوون بە نێوەچوون لە چالاکیەکانی پککەوە مانا و خۆبەهێندگری تێدا دەبیننەوە. ژمارەیەکی زۆر و زەوەند لە پیاو و ژنی گەنج ژیانی خۆیان لە پیناو پارتی ناوە و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە خۆیان بەخت بکەن، تا رادەیەکی ئەوتۆی کە بە دەگمەن لە رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەدا دیتراوە. پارتییە رەقیبەکان، چ کوردی یان رادیکاڵی چەپ، دەستیان لەو هەڵگرتووە دژایەتی پکک بکەن و گەیشتوونەتە دەرەجەی جۆربەجۆر لە هاوکاری کردن لە گەڵیدا، یان بەلانیکەمەوە دڵڕاگرتنی دوولایەنە.

دیاسپۆرای کورد لە ئورووپا گرینگییەکی نێوەندی وە دەستهێناوە بۆ بزووتنەوەی کورد لە تورکییە ( بە رادەیەکی کەمتر بۆ بزووتنەوەی کورد لە عێراق و ئێران). پارەیەکی زۆر لێرە کۆدەکرێتەوە بە مەبەستی پشتیوانی ماڵی لە چالاکییەکان لە تورکییە - و زۆربەی ئەو یارمەتییانە، واوێدەچێ دڵخوازانە بن. پیاوی گەنج لێرە بەرەو خەبات رادەکێشرێن بۆ گێرانی دەور لە بزوتنەوەدا- هێندێکیان وەک جەنگاوەری پارتیزان دوای ماوەیەک مەشق لە لوبنان، ئەوانی دیکە وەک رێکخەر، دیپلۆمات، تێکنیسییەنی جۆربەجۆر. پکک و رێکخراوە پشتیوانەکانی زنجیرەیەکی بەربڵاو رۆژنامە و گۆڤار بە تورکی، کوردی و زمانە سەرەکییەکانی ئورووپایی بڵاودەکەنەوە، کە چۆنیەتی تیکنیکیان لە ماوەی ساڵاندا هەتا هاتووە باشتر بووە، دامەزرانی پارلمانی کورد لە دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٩٩٥دا، کە تا ئێستا تێکۆشانی هەرە روون و ئاشکرای پکک نیشان دەدا بۆ ئەوەی ببێ بە فاکتۆرێکی ئاماڵ-دەوڵەت، زیادتر ئەوە دادەگرێتەوە کە ناوەندی چالاکی سیاسی( بە پێچەوانەی چالاکی عەسکەری) گوێزراوەتەوە بۆ ئورووپا.

پاوانکردنی رەسمی پکک لەلایەن ئاڵمان و فەرانسەوە لە ساڵی ١٩٩٤ وێناچێ شوێنێکی گەورەی هەبووبێ. دەستەڵاتدارانی پۆلیسی ئاڵمان لەو پروایە دان لەوەتا ئەو پاوانە کراوە پشتیوانی لە پکک لە نێو کوردەکانی ئاڵمان زیادی کردووە، ئەگەرچی چالاکییەکانی بۆ چاوەدێران زۆر کەمتر بە دەرەوەیە. ئەو خۆپێشاندانانەی کە وا زاندراوە پکک رێکیان دەخا نزیکەی ٥٠٠٠٠خۆپێشاندەر کۆدەکاتەوە-کە ئەوەش دەیکا بە فاکتوورێکی جیدی سیاسی لە ئاڵمان .

### چالاکییە زمانی و فەرهەنگییەکان لە ئوڕووپا

شایەد تەنانەت زۆر گرینگتر لە وەخۆخستنی سیاسیی کوردان لە تاراوگە لە درێژخایەندا چالاکییە فەرهەنگییەکان لەلایەن رووناکبیرانی کورد لە ئورووپا بێ، ئەمن لەو پروایەدام ئەوە شوێنێکی درێژخایەنی سیاسیشی دەبێ. تا ساڵی ١٩٨٠، کوردی زمانێکی لەباربوو بۆ ئەوەی لە نێو ماڵێ لە ژیانی لادێدا بەکار بهێندرێ، بەلام زۆر بە زەحمەت هەڵدەسوورا کە بابەتی هاوچەرخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو زمانە باسی لێوە بکرێ. سیاسی و رووناکبیرە کوردەکان بە تورکی بیریان لە بیرە هەرە گرینگەکانی خۆیان دەکردەوە و ، ئیدە هەرە بەرزەکانی خۆشیان بەو زمانە دەردەبڕی، چ بە قسەکردن و چ بە نووسین، چەندێک لە یەکەم نووسەرەکان کە بە کوردی چیرۆکیان نووسی لە

پێشدا ئەوانیان بە تورکی گەڵاڵە دەکرد و دوایە وەریان دەگێران. لەو بارەیەوە ئاڵوگۆر زۆر بووە، کوردی دەوڵەمەندتر بووە و ئەوەندە پێشکەوتووە کە وەکوو ئامرازێک بۆ دەربڕین و وێژیاکی discoursی مۆدێرنی سیاسی و ئەدەبی کەڵکی لێوەردەگیرێ. زۆر لەوانەی کە ١٥ساڵ لەمەوپێش بە کوردییەکی چڵ و نیوەچڵ یان بە زاراوەیەکی نائاسایی قسەیان دەکرد، ئێستا بەسەر شێوەیەک لە کوردی ستاندارد دا زاڵن.

ئەنستیتووی کورد لە پاریس، کە لە ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن کوردە رووناکبیرەکانی دانیشتووی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئوروپا دامەزرا، پێشەنگی ئەو حەولانە بووە بۆ کردنی کوردی سەروو( کرمانجی) بە زمانێکی ستاندارد بە رێگەی پێکهێنانی زنجیرەیەک کۆنفرانس و دەرکردنی گۆڤارێک کە لیستەی ئەو زاراوانەی کە رێکەوتنیان لە سەر کراوە بۆ کەلوپەل و بابەتی جۆربەجۆری ژیان بڵاو دەکاتەوە. ئەنیستیتوو هەروەها کۆکراوەیەکی دەوڵەمەندی لە کتێب و بەڵگە لەمەڕ مێژوو و فەرهەنگی کورد لە کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی خۆیدا کۆکردووەتەوە. دواتر، ئەنیستیتووی کوردی لە برووکسێل(١٩٨٩) و بێرلین(١٩٩٣) دامەزران، کە هەر کامیان لە باری پێرەو و بەرنامە و شێوەی چالاکییەوە لە ئەوانی دیکە جیاوازن، بەڵام هەموویان یاریدەی سەقامگیربوون و بە هێزبوونی زمان و فەرهەنگی کوردی دەدەن.

گۆڤار و کتێب بە کوردی لە ئاڵمان، فەرانسە، بێلژیک، هولەند و بە تایبەتی لە سوێد بڵاو دەبنەوە. هەژماری ئەو بڵاوکراوانە کەم کەم زیادیان کردووە، لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمهێنانی ساڵانەی کتێبی کوردی هەر لە سوێد لە نێوان ٤٠تا ٥٠بەرگ بوووە( کە لەوانە نیوەیان بە زاراوای کورمانجی بوون). [١٣] ئەوە ڕاستە کە ئەو کتێب و گۆڤارانە قەت زۆر بە بەربڵاوی بڵاو نابنەوە، چونکوو دابەشینەوەی کاریگەر دەریخستووە ئەرکێکی دژوار بێ. ئەوانەی ئەم بڵاوکراوانە دەخوێننەوە تاکوو ئێستا تەنێ بریتی بوون لە دەستەیەکی بچووک لە کوردەکان و کوردانی هێزەکی لە ئوروپا، بەڵام ئەو ئاڵقەی خوێنەرەوە و نووسەرە لە گەڵ ئەوەشدا جەماوەرێکی رەخنەییان پێکهێناوە بۆ بەرەوپێشبردنی زمانێکی مۆدێرنی پێنووسین. ئەو کریکارە موهاجیرانەی کە دەگەڕێنەوە وڵات کتیب و گۆڤاران لە تەک خۆیاندا دەبەنەوە تورکییە، بەڵام ئەو بڵاوکراوانە زۆر زەحمەتە بگەنە دەست خەڵکێکی زۆرتر بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەوانەی ئوروپا. ئەو ( وەزعە) گۆڕا کاتێک کە لە ساڵی ١٩٩١ قانوونی بڵاوکردنەوە بە زمانانی ناتورکی هەڵوەشاوە و ، کرا کتێب و گۆڤار بە کوردی لە نێو خۆی تورکییە دا دیسان چاپ بکرێن. کتێبی ئەوتۆی کە پێشتر لە ئوروپا چاپ کرابوون لە تورکییە چاپکرانەوە و، چەندین گۆڤاری کوردی نووسینگەی خۆیان لە ئوروپاوە گواستەوە تورکییە. گۆڤاری کوردیی نوێش دامەزران و ، چاپکردن بە کوردی بەراستی بووژایەوە.

زیندووبوونەوەی کورمانجی وەکوو زمانێک کە لە ڕاستیدا بەکار دەهێندرێ ( و نەک هەر وەک رەمزێکی هەوێتی بە بایەخێکی کەمی بەکار هێنانەوە) جێی سەرنجە کاتێک لە گەڵ دۆخی زمانە کەمایەتییەکانی دیکەدا هەڵبسەنگێندرێ. لە نێو ئیرلەندییەکاندا، گەیلیک قەت ئەو دەرەجە لە بایەخەی وەدەست نەهێناوە، سەرەڕای ئەو هەلومەرجە لەبارەی کە لە سەرەتاوە بەدیدەکرا. لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا ژمارەی کورمانجی ئاخێوەران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.دەورەی فێرکردنی زمان کە لە سەرانسەری ئوروپا رێک خران ئەو زمانەی کە وردەوردە دەبێ بە ستاندارد تێیاندا بە دەرس دەگوترێتەوە بەو کەسانەی کە هەوێتی کوردییان هەڵبژاردووە بەلام زمانی یەکەمیان تورکی، زازایی یان کورمانجی ناستاندارد بووە، چ لە نووسیندا و ، چ تا ئەو جێگەیەی ئەمن دەزانم، لە دەربڕینی زارەکیدا، ئێستا کوردی بە شێوەیەکی نە زێدە بەکار دەهێندرێ. [١٤]

ئەنیستیتووە کوردییەکان، چاپەمەنی کوردی و دەورەی زمانی کوردی کە لە ئوروپای رۆژئاوا دا هەڵدەسوورێن، بە گشتی لە ئاست کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکیا بەرگەیان گرتووە، و ئامرازی نەتەوەچێکردنیان بۆ بزووتنەوەی کورد پێکهێناوە کە لە گەڵ ئەو حەولانەی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە بە شێوەی نەرێتی کراون شیاوی بەراوردکردنن. لە ساڵی ١٩٩٥ ئامرازێکی بەهێز و توانای دیکە لەو دەرەتانە زیادی کرد. ئەویش دەستگای تێلێڤیزیۆنی مانگیلەی مێد تێڤێ بوو، کە بەرنامەکانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاودەکاتەوە، بەڵام دەکرێ لە ئوروپای رۆژئاوا و بەشێکی گەورەی ئاسیاش ببیندرێ. ڤیدیۆکاسێتی بەرنامەکانی مێد-تێڤێ لە شوێنی دیکەش لە نێو کۆمەڵگەی کورددا دەستاودەست دەگەڕێ. دەرسی زمانی ستانداردی کوردی، فیلمی کۆنی تورکی کە بە زمانی کوردی دوبلە کراون و، بەرنامەی زیندووی دمەتەقە لە ستودیۆ کەهاوکات خەڵکی دیش لە شوێنی جۆربەجۆری جیهانەوە بە تەلەفۆن بەشداری تێدا دەکەن لە زومرەی بەرنامەی حەوتوویی ئەو تێلێڤزیۆنە بوون. [١٥] دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ئەو وێستگە ئێلێڤیزیۆنییە لەلایەن پککەوە کرا، بەڵام حەولی داوە کە دیمەنێکی زۆر فرەلایەنی پێشکێش بکا -ئەگەر هەر لە بەر قەراروبڕیەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی چاوەدێریی تێلێڤیزیۆنی ( بریتانیایی)ش بێ، کە رێگەی داوە ئەو ویستگەیە دەستی وە مانگیلە رابگا و ئەو دەستەڵاتدارییەشە کە چاوی بە سەر بەرنامەکانەوەیە. کوردی سەر بە بیروڕای جیاواز گورج لە

توانای شۆرشگێرانەی وێستگەیەکی ئەوتۆ گەیشتن و بە دڵگەرمییەوە پشتیوانیان لێکرد، خەڵک بە پێشینە و بیروڕای جۆربەجۆرەوە بۆیان کراوە بیروری خۆیان کە بە ئاشکرایی لە ئی ڕێبازی پکک جیاوازن لە بەرنامەکانی ئەم تێلێڤیزیۆنەدا دەربرین، بێ ئەوەی قسەکانیان سانسۆر بکرێ.

**لە نێوەندکردنەوە decentralizingی تێکنۆلۆژی و لە خاککردنەوەی deterritorialisationمەسەلەی کورد**

مێد تێڤی تەنێ ئاخرین نموونەی بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژییە کە سەر وەبەر کۆنترۆڵی حکوومەتی نێوەندی ناهێنێ و شوێنی ئەوەی هەیە کە سەروەری تاقانەی دەوڵەتیی بە شێوەیەکی جیدی پێشێل کا. موسەجەلە (زەبتی سەوت) داهێنانێکی پێشووتر بوو کە دەورێکی گەورەی لە نێوەندکردنەوەدا هەبوو شریتی قسەو پەیامەکانی خۆمەینی، کە لە عێراقەوە بە قاچاغی دەبرانەوە ئێران یارمەتی ئەوەی کرد کە بناخەی شۆرشی ئیسلامی لە نێوەڕاست و ئاخروئۆخرەکانی ١٩٧٠دا دابندرێ. هەر ئاواش شریتی مووزیک و گۆرانی و بەیت و باوی بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستان چاک دەفرۆشران و کوردەکان لەو ساڵانەدا بەخۆشییەوە گوێیان لێ هەڵدەخست. ئەوانە کوردەکانی هەرێمە جیاوازەکانیان فێر کرد کە لە زاراوای یەکتری باشتر تێبگەن و،بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بۆچوونەیان دادەسەپاند کە فەرهەنگی کوردی زیندوو و دەوڵەمەند و جۆراوجۆرە. حەکایەتخوانانی نەریتی، واتە دەنگبێژان، لە رابردوودا پارێزەری بیرەوەریی مێژوویی و پێوانە ئەخلاقییە نەریتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوون، هەروەها لێکدەرەوەی ڕووداوەکانی هاودەم ، حەکایەتخوانی ئەوتۆ زۆر کەم ماون، بەڵام لە سۆنگەی شریتی دەنگگر، ئێستا دەکرێ چیرۆکەکانیان لە هەرێمی زۆر بەربڵاوتردا ببیسترێن، ئاستەکردنی دەنگی دەنگبێژ، گۆرانبێژ و موبەلیغان ئێستاش دەورێکی بەرەوژووربەری لە یەکانگیری و وشیارییدا هەیە.

وێستگەی رادیۆی هەرزانتر و سووکتریش کە لە ئاخری ١٩٦٠کانەوە پەیدابوون( لە تەک دەستگای رادیۆیی گەرۆک کە زۆر زوو نێوبانگێکی فرەیان پەیدا کرد) شوێنێکی زۆریان هەبووە، ئەوە بە تایبەتی کوردەکانی عێراق بوون کە کەڵکێکی زۆریان لەوانە وەرگرت بە مەبەستی بانگەشە(پرۆپاگەندا). رادیۆی پکک لە سەرووی عێراق، ئەگەر هێشتاش دەنگی مابێ، وێناچی گوێگری زۆری هەبوو بێ. رادیۆ و تێلێڤزیۆن ئامرازی هەرە بە توانا و کارین بۆ یەکانگیری نەتەوایەتی و، لە راستیشدا ئەوان ئەو دەورەیان لە ئێران، عێراق و تورکییە تەواو بەدڵ گێراوە ( ئەمن لە زمان چەندین دۆستی کوردەوە بیستوومەکە دایکە نەخوێندەوارەکانیان، کە لە لادێ دوورە دەستەکانی رۆژهەڵاتی تورکییە دا دەژین، دوای هاتنی تێلێڤیزیۆن بۆ گوندەکانیان لە ساڵانی ١٩٨٠ فێری تورکی بوون). هاتنی مێد تێڤی مزگێنیی رقەبەری لە نێو دوو نەتەوەچێکەراندا دەدا،کۆماری تورکییە و بزووتنەوەی کورد.

ماشێنی فاکس، تەلەفۆنی بێتەل و بڵاوکراوەی مانگیلە بەستنی پێوەندی و تێکەڵاوی دەستبەجێی لە نێو گرووپ و تاکوتەرایان لە چوار قورنەی گۆی زەویدا پێکهێناوە کە بۆ دەوڵەتان تەواو زەحمەتە چاویان بەسەریانەوە بێ، چ دەگا بەوەی سانسۆریان بکەن. کوردەکان لە ئورووپا و ئەمریکای باکووری دەرەتانی کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت یشیان تاقی کردووتەوە، پۆستی ئەلێکترۆنی، شاشەیەکی دەنگوباس، گرووپی دەنگوباس و هەتا دێ زیاتر ژمارەی ماڵپەران لە زیاد بوون دایە ( لە ناویاندا ماڵپەڕێک کە دەقی ئەو کتێبانە بڵاو دەکاتەوە کە لە تورکییە قەدەغە کراون) . ئەو تێکنۆلۆژییە پێشکەوتوو و بەڕێژە گرانە هێشتا لە دەستوێراگەیشتنی زۆربەی هەرەهەراوی کوردان بە دوورە. زۆربەی ئەوان تەنانەت بە هەبوونیشی نازانن، بەڵام ئێلیتێکی نوێی زۆر خوێندەواری گەنجی کورد هەتا دێ ژمارەی لە زیادبوون دایە و، لە چوارقورنەی گۆی زەوی دەژین، کە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئامرازانە پێوەندیەکی بەردەوامیان لە گەڵ یەکتری هەیە و ئامانجیان ئەوەیە ئەو تێکنۆلۆژییە نوێیە بۆ خزمەت بە نەتەوەچێکردنی کوردی بەکار بهێنن.

گشت ئەو تێکنۆلۆژییانەی باسیانکرا، لە تەک بوونی کۆمەڵگەی گەورەی کورد لە ئورووپای رۆژئاوا ( و لە ئەمریکای باکووری و لە ئاوسترالیا) لایەنێکی نوێیان لە بزووتنەوەی کورد زیادکردووە. دیاردەیەکی نوێ کە بۆ ئەوە بێنێدیکت ئاندرسۆن زاراوەی ناسیۆنالیزمی دوورمەودا long- distance nationalism داتاشیوە. [١٦] تاکوتەرا و کورد بە کۆمەڵ لە نێو کوردی هەندەراندا راستەوخۆ تێکەڵ بە خەباتی پارتیزانی بوون کە لە رۆژهەڵاتی تورکییە بەرپا کراوە. ئەگەر چی ئامانجی ئاشکرای خەبات هێشتا خاکی و جوگرافیاییە و دامەزراندنی کوردسانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمی لە سەردایە، بەڵام بزووتنەوەکە تەقریبەن بووە بە تۆرێکی نادیار کە لە گۆی زەویدا بڵاوبووەتەوە.

هەرچەشنە ناساندن وپێناسەیەک بەکاربهێندرێ بۆ دیاریکردنی ئەوەی نەتەوە چییە، بە کردەوە بە هەمووناساندنێک کوردان لە ماوەی دوودەیەی رابردوودا بوون بەیەکی ئەوتۆ و تا ڕادەیەک خۆیان لە دەوڵەت-نەتەوەکانی عێراق و تورکییە دوورخستووەتەوە. ئەوەش بەتایبەتی بە رێگەی بەرەوپێشبردنی فەرهەنگێکی جەماوەری گشتی کراوە -

تۆوێکی پێویست بۆ نەتەوەبوون، بە گوێرەی هێندێک ناساندنی بە نفووز [١٧] --و ئەوەی کە کوردەکان دەرەجەیەکی بەرزتر لە ئاستی یەکانگیریی نێوکۆییان پەرەپێداوە. لە هەمان کاتدا، ئەوان بوون بە کۆکراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە کەمتر لە باری خاک و جوگرافیاوە دەناسرێ. کوردستان وەکوو خاکێکی مێژوویی گەلی کورد هێشتا وەک بابەتێکی نێوەندی لە وشیاریی کورددیا ماوەتەوە، بەڵام لە سەدی ئەو کوردانەی کە لە راستیدا لە کوردستاندا دەژین لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو داکشاوە، لە بەرلەسەرەوەبوونی رێژەی زەوزوو، دانیشتووانی هەرێم ژمارەی رەبەقیان هەر لە زیادبووندا بووە، بەڵام ئەوانە رەنگە ئێستا تەنێ نزیکەی دوو لە سێی گشت کوردەکان بن و ، تەنانەت کەمتریش. لەتورکییە کۆچکردنی هێزی کار، هەڵاتن لەبەر شەڕ و بە تۆبزی چۆڵکرنی لادێیان بە میلیۆنان خەڵکی ناچار کردووە زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و بگوێزنەوە بەشەکانی دیکەی وڵات یان هەندەران و ، ئەوەش بە توندی تەبیعەتی مەسەلەی کورد و هەلومەرجی ئەگەری رێگا چارەکردنەکانی دەگورێ.

ئەستەمبووڵ و شارە گەورەکانی دیکە ئێستا دانیشتووی زۆری کوردیان هەیە، کە لە هێندێک گەڕەکی تایبەتیدا بە تێکپەستراوی کۆبوونەوە. هەرێمەکانی رۆخی مێدیتێرانە و ئێژەش ژمارەیەکی زۆر کوردیان بەرەولای خۆیان راکێشاوە، کە وردەوردە کوتێکی بەرچاویان لە دانیشتووانی ئەوە هەرێمانە پێکهێناوە. لە زۆربەی ئەو جۆرە جێیانەدا زۆربەی موهاجیرە کوردەکان لە چینی خوارەوە، کەمخوێندوو، کەم مووچە و بەرات، پێکهاتوون و لەلایەن خاوەنکار و دەستەڵاتدارییە ناوچەییەکانڕا فەرق جیاوازییان لە گەڵ دەکرێ. گرژی و ناخۆشی لە نێوان دانیشتووانی لە مێژینەی ئەو هەرێمانە و ئەو کوردە تازەماڵانە وردەوردە سازبووە، لەوەتا شەڕی پارتیزانی دەستی پێکردووە هەر لە زیاندبووندا بووە چونکوو زۆر لە گەنجانی ئەوە ناوچانە کە لە خوارووی رۆژهەڵات لە خزمەتی سەربازیدا بوون لە وێ ژیانی خۆیان لە دەست داوە.

ئەوەی کە دەکرێ بە لە' خاککردنەوە' ی مەسەلەی کورد نێودێر بکرێ، لەبەر شوێنی دوولایەنەی کۆچکردنی بەکۆمەڵ و جیهانی بوون، بە هیچ کلوجێک ئەوە ناگەیێنێ کە وەسوەسەی جیاوازیخوازی بەرەبەرە لاواز دەبێ، ئەو وەزعەی کە هێندێک لە سیاسییەکان چاوەڕێی دەکەن. موهاجیرە کوردەکان لە رۆژئاوای تورکییە یان لە ئوروپا زۆر زیادتر هەست بە جیاوازیی ئێتنیکی خۆیان دەکەن لە چاو ئەو کوردانەی کە ( لە بەشەکانی تورکییەی)ی کوردستاندا دەژین. بزووتنەوەی جیاوازیخوازی لەلایەن کوردەکانی تاراوگەوە بە توندی پشتیوانی دەکرێ، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم لەوانەیە بگەڕێتەوە بێتوو رۆژێک کوردستانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆم سازبێ( مرۆڤ دەکرێ پشتیوانی جوولەکە ئەمریکاییەکان لە دەوڵەتی ئیسرائیل وەبیربهێنێتەوە بۆ ئەوەی سەرەدەری لێکا کە ئەو کارە شتێکی ریزپەڕ نییە). لە گەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی کورد لە تورکییە ئیتر چیدیکە ناکرێ بەتەنێ لە چوارچێوەی ناوچەییدا دیاری بکرێ، چونکوو کەمایەتیی کورد لە رۆژئاوای تورکییە هەتا دێ زیادتر جێیەکی هەڵکەوتووتر لەو پرسە دا پەیدا دەکا. هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردیی بێ بەش و هەژار، لانی کەمی دەرفەتی بۆ وەگەرکەوتنی کۆمەڵایەتی ،کە دووچاوکی لەگەڵ کردنی ئێتنیکیشی لێ زیاد دەبێ، لەوانەیە لە دوارۆژدا مەترسییەکی گەورەتر بێ بۆ تورکییە لە بزووتنەوەی جیاوازیخوازی پارتیزانی لە خوارووی رۆژهەڵات

**ئاسۆگەکانی دابێ**

توندوتیژبوونی کێشەی نێوان کۆماری تورکییە و بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی کورد بەردەوامە. لە هەر دووکلا لەسەرەخۆ و نەرمەکان ملیان بۆ توندڕەو و بەگورەکان راکێشاوە و ئاسۆگی چارەسەرکردنێکی ئاشتێانە زۆر روون نییە. ئەگەر عەقڵ و ژیری سەرنەکەوێ- ئێمە لەوانەیە شاهیدی بۆ یەکچوونی بەردەوام و زەبروزەنگی لە زێدە و دڕندەیی بین کە تێیدا یان بزووتنەوەی جیاوازیخوازی کورد لە باری فیزیکییەوە تێکوپێک دەدرێ یان خەرجی کۆمەڵایەتی شەڕ ئەوەندە گران لە سەر تورکییە رادەوەستێ کە بەدیلی جیابوونەوە، کە تا ئێستا بیر بۆی نەچووە، بە رێگا چارەی هەرەباش دادەندرێ.

بیروڕای زۆربە لە نێو باڵی عەسکەری تورکییە دا هێشتاش وێدەچێ ئەوە بێ کە بە هێندێک تێکۆشانی زیادتر لەوانەیە پکک بە یەکجارەکی تێکبشکێ. تاقیکردنەوەی دوازدە ساڵی رابردوو، کە تێیدا پەیتا پەیتا شکانی پکک راگەیێندراوە، شک و گومان دەهێنێتە گۆڕێ، ئەوە راستە کە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا هێزەکانی ئەرتەش هێندێک زەبری قورسیان لە پکک وەشاندووە و واوێدەچێ ئەو رێکخراوەیە لە باری عەسکەرییەوە لە چاو چەند ساڵ لەمە پێشەوە لاوازتر بووبێ، ئەگەرچی، ئەو کارە تەنێ بە رێگەی گواستنەوەی فیزیکی دانیشتووانی وەرزێر کە پشتیوانیان لە پارتیزانان دەکرد و کاولکردنی بە هەزاران لە لادێیەکانی ئەوان مەیسر بووە،سیاسەتێکی کە وەزەندێکی گەورەی بە پێوەندی نێوان دەولەت و دانیشتووان گەیاندووە. لەمەش زیادتر، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا دانبدرێ کە

شکانی عەسکەری پکک هەر تاوێک ناتاوێکی دی سەردەگرێ، پکک ژمارەیەکی گەورە تێکۆشەری دنەدراوی پاشکەوتەی هەیە و هاسانیش دەتوانێ زۆر کوروکچی گەنجی دیکە وەخۆخا ( و بیانێرێتە مەیدان)، کەسی ئەوتۆ کە ئامادەن لە رێگەی ئاواتە سیاسییەکانیاندا خۆیان بەخت کەن.

هەروەها مرۆڤ ناتوانێ چاو لە دەستکەوتە سیاسییە گرینگەکانی پکک بقووچێنێ، کە ئێستا پشتیوانییەکی بەربڵاوی بۆ خۆی لە نێو کورداندا وەدەستهێناوە. خۆشەویستبوونی پکک، سەرەڕای زەبروزەنگی دڕندانەی جاروباری لە دژی کوردی بێچەک، تا رادەیەکی زۆر لەبەر ئەو ئاکارە زۆر دڕندانەترەیە کە هێزەکانی ئەمنییەتی تورک لە هەرێمدا هەیانە، کە بەشێکی سەرەکی لە دانیشتووانی کوردی لە دەوڵەت نامۆ alienated کردووە.ئێستا هەتادێ هەڵئاواردنی پکک لە دانیشتووانی کورد بە روونی، بە گشتی زیادتر زەحمەت دەبێ. ئەم کێشە چەکدارانەیە وشیاریی کوردەکانی سەبارەت بە هەوێتی جوێی ئێتنیکی خۆیان زیاد کردووە و بووتە هۆی سازبوونی هەستێکی دەستەبەجێ کە لە باشترین دۆخدا ئەوان بە هاووڵاتی دەرەجە دوو دادەندرێن. لە بەر ئەوەی کە زۆربەی قسەوێژانی لە سەرەخۆ و نەرمونیانی کوردان سووکایەتییان پێکراوە یان لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە بەند کراون. زۆران بەو ئاکامە گەیشتوون کە پکک وەک تەنیا هێزێک ببینن کە نوێنەرایەتییان دەکا. لە قسەکردنی خۆمانەدا ئەوان لەوانەیە سەبارەت بە سیاسەتەکانی پکک یان مێتۆدەکانی دڕدۆنگ بن بەڵام ئەوە چیدی سەبەب نییە بۆ ئەوەی خۆی لێ بێ ساحیب کەن و لەسەری نەکەنەوە. لە نێوبردنی پکک بە بێ کوشتاری بەکۆمەڵی کوردێکی زۆری قەرەیەخە و پێچەک هەڵناسوورێ.

ئەمە ئەو لایەنەیە کە هەڵوێستی ئەرتەشی تورکییەی لە خوارووی رۆژهەڵات وەک ئەمریکاییەکان لە ڤێتنام و رووسەکان لە ئەفغانستان لێکردووە یان – زۆر راستەوخۆتر شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ -- چەچەنستان. ئەو ئەرتەشانەش پێیان نەکرا کە بە هێزتربوونی هەرە زیادتری خۆیان بکەن بە سەرکەوتن. نەیانتوانی جەنگاوەری پارتیزان و خەڵکی بێچەک و ئاسایی لە یەکدی هەڵئاوێرن و بێ پسانەوە لادێیە ئاساییەکانیان کوشتوبڕ کرد و ، بەو شێوەیە ئاگری ڕق و بێزاری تەقریبەن تەواوی دانیشتووانیان خۆش کرد بە دژی خۆیان . ئەرتەشی ئەمریکا ئاخرەکەی ناچارکرا لە ڤێتنام پاشەکشە بکا، و رووسەکان لە ئەفغانستان کشانەوە و دەرچوونیان لە بەر ئەوە نەبوو لەوێ سەرکەوتنی عەسکەرییان وەدستهێنا بێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە شەڕ بووە هۆی ئێش و ئازار لەبەرەی نێوخۆدا، چەت و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، گرێوکوڵی هەرە سەختی خووگرتن بە مادەی نارکۆتیک وبەکار هێنانی زەبروزەنگ، بێباوەڕی قووڵ بە حکوومەت و دووبەرەکییەکی قووڵی لە کۆمەڵدا ساز کردبوو.

خەرجی کۆمەڵایەتی شەڕ لە کوردستان هەر هەمان تەبیعەتیان هەیە و وەکوو خەرجە ئابوورییەکان هەر زیاد دەکەن. ئێستا شتێکی وەک سیندرۆمی ڤێتنامیی تورکی لە ئارادایە، بەکارهێنانی نارکۆتیک و مادەی ئەلکۆڵی هەردێ و زیادتر دەبێ و ئاستی زەبر و زەنگ لە کۆمەڵگەدا هەر بەرەژووتر دەچێ. هێندێک لە دەستەڵاتدارییەکانی پۆلیس و قەرەیەخە وێدەچێ بەدەم قەومانی شەڕەوە زۆر بە قووڵی راکێشرابنە نێو کاری قاچاغی بە قازانجی نارکۆتیک و چەک فرۆشتن. پێشێلکران و تێکۆچوونی گشتی باری مافی مرۆڤ نەک هەر لە ناوچە کوردییەکان، بەڵکوو لەسەرانسەری تورکییە، بۆ حاشالێکردن نابێ، ونبوونی خەڵک و کوژرانیان بە دەست "بکەری نەناسراو"، کە تێیدا هێزە ئەمنییەکان بە گشتی شکی ئەوەیان لێدەکرێ دەستیان لەو جۆرە کوشتنانەدا هەبێ و، رووداوی وەک راپەڕینی غازی لە ١٩٩٥، کە تێیدا پۆلیس بە ئانقەستە-و بێئەوەی تاوانی بێتەوە سەری تەقەی لە خەڵک کرد بۆ ئەوەی خۆپێشاندەرەکان بکوژێ، بووەتە هۆی ئەوە کە زۆر لە هاووڵاتیان، نەک هەر کوردەکان بە تەنێ، باوەڕیان بە دەوڵەت نەمێنێ. دووبەرەکی قووڵ لە کۆمەڵگەی تورکدا دەستی پێکردووە خۆی وەرووبخا و مەترسی ئەوەی کە عەمەلیاتی پارتیزانی لە خوارووی رۆژهەڵات و ئەو شەڕەی لە دژی دەکرێ بتەنێتەوە و ببێتە شەڕێکی نێو خۆ لە رۆژئاوای تورکیا ( لە نێوان تورک و کوردا و، یان سوننی و عەلەوییان) بە هیچ جۆر بۆچوونێکی خەیاڵی نییە.

ئەگەرچی هێندێک گرووپی بەتوانا وێدەچێ قازانج و بەرژەوەندییان لە درێژەی ئەم شەڕەی ئێستادا هەبێ، دەکرێ هیوای ئەوە بکرێ  ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە پێش بە پێکەوەسووتانی تەواوی تەڕ و وشکەوە بگرن بێنەڕووو بەر لە وەی زۆر درەنگ بووبێ. دەکرێ رێگەیەک بۆ دەرکەوتن لەم دۆخەی ئێستای کێشەکە بە بێ کوشتاری بەکۆمەڵ یان جیابوونەوەی تەواو بدۆزرێتەوە. ئەمە دەکرێ بە رێگەی وتوویژ لەگەڵ ئەو رێبەرە کوردانە بکرێ کە لە نێو خەلکدا خۆشەویستن و ددانیان پێدادەنرێ و ، هەروەها مەیل و ئامادەیی بۆ دانی ئازادی زیادتر بە کوردەکان و فەرهەنگەکانی دیکەی کەمایەتی و لە گەڵ دانی ئیمتیازی سیاسی، چ پێش بەوە ناگرێ کە بۆچی لە وتوویژێکی ئەوتۆدا باسی چلۆنایەتی قانوونی کردنی پلۆرالیزمی فەرهەنگی و سیاسی لە تورکییە نەکرێ و،باسی ئەوە نەکرێ داخودا

لامەرکەزی ، ئۆتۆنۆمی و فێدرالیزم دەکرێ بەشێک لە چارەسەری جێی پەسند بن یان نا. هەر چۆنێک بێ
پلۆرالیزم(چەندایەتی)، مژارێکی بێگانە نییە بۆ تورکییە، ئانادۆڵی هەمیشە موزایکێکی فەرهەنگی بووە، ئیمپراتوری
عوسمانی بە ڕێگەی سیستەمی میللەت پلۆرالیزم و ئۆتۆنۆمی ناڕەسمی بۆ هەرێمە سەربزێوەکانی باڵکان و،
ئەستانە عەڕەبی و کوردییەکانی کردە قانوونی. مژاری دەوڵەت-نەتەوەیەکی یەکدەست، کە لە فەرانسە وەرگیراوە (
کە لە هەمان کاتدا خۆی بۆی دەرکەوتووە کە خۆشی دەوڵەت نەتەوەیەکی یەکدەستی ئەوتۆ نییە) ڕەنگە
بیسەلمێنێ کە تەنێ پەردەیەک بێ لە ( چیرۆکی) مێژووی تورکییە دا. وەک زۆر لە دەوڵەتەکانی هاودەم، تورکییە
لەوانەیە بۆی دەرکەوێ کە بەرژەوەندییەدرێژخایەنەکانی بە شێوەی هەرەباش لەوەخۆکردنی شێوەی نوێی پلۆرالیزمی
فەرهەنگی و سیاسی دایە.

**پەراوێزەکان**

[١]دەقێکی پێشووتری ئەم باسە لە سیمپۆزیۆمی نێونەتەوایەتی پێناسەکردنەوەی نەتەوە-دەولەت و هاووڵاتی لە
زانکۆی مەڕمەڕە-ئەستەمبووڵ نێوەندی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوایەتی ٢٨-٢٩ی مارسی ١٩٩٦، پێشکێش کراوە.

[٢] سوریە، کۆمارەکانی ئەوپەڕی قەفقاز و تورکەمەنیستان، کە گشتیان دانیشتووی کوردی بەرچاو بەڵام کەمیان
هەیە، لە دەرەوەی لێدوانی ئەم باسەی ئێستان.

[٣] پروانە شیکردنەوەکەی من سەبارەت بە سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە کتێبی:

Martin Van Bruinessen," Aga, Shaikh and state: The Social and Political Structures of Kurdistan" London, Zed books, 1992),pp. 265-305

هەروەها بزووتنەوەی سمکۆ لە کتێبی:

Kurdish tribes and the state of Iran, the case of Simko's revolt. In R. Tapper,ed, The conflict of tribe and state in Iran and Afganistan( London,Croom Helm, 1993)pp. 364-400.

[٤] ئەو سیاسەتە زاڵمانەیانە بابەتی نووسراوەکانی

Lucien Rambout( Pere Thomas Bois) J. es Kurdes et le droit( Paris, Editions du Cerf, 1947).

وە، خدر کوێکتاش:

Hider Göktaş: Kürtler isyan-tenkil ( Istanbul, alan,1991 پێکدەهێنن .
هەم بریتانیاییەکان لە عێراق و هەم تورکییە کوردە سەرهەڵداوەکانیان لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠کاندا بۆمباران کرد.
ئێران تا بەر لە ساڵانی ١٩٥٠ وای نەکرد. سەرکوتکردنی سەربزێوی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧ دا بە تایبەتی دڕندانە
بووو بۆ ئەوە دەبێ بە ژینۆسید نێودێر بکرێ.ئەو زاراوەیە لەلایەن ئیسماعیل بێشکچی لە کتیبەکەیدا لە سەر ئەم
بابەتە بەکار هاتووە.

Tunceli kanuun( 1953)ve Dersim jenosidi( Istanbul: belge,1990).

[٥] بۆ تێروانینێکی بە بەڵگە لەو بارەیەوە پروانە نووسراوەکەی من لە کتێبی:

"Genocide in Kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey ( 1937-38) and the chemical war against the Iraqi Kurds" in G.J. Andreopoulos, ed. Genocide, conceptual and historical dimensions( Philadelphia, University of Pennsylvania Press, 1994). Pp. 141-.70.

ئەم نووسراوەی مارتین بروئنێسن لەلایەن وەرگێرەوە کراوەتە کوردی خواروو و بە نێوی " ژینۆسید لە
کوردستان"سەرکوتکردنی راپەرینی دەرسیم لە تورکیا (١٩٣٧-١٩٣٨) و شەڕی کیمیایی لە ژدی کوردەکانی
عێراق(١٩٨٨). لە ژمارەی ١٢ و ١٣ی گۆڤاری رابوون دا بڵاوکراوەتەوە.

[٦] ئەو جەریانە بە وردە ڕیشاڵ لە نووسراوەکەی من دا باسی لێوە کراوە.

"Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems"in Ph. G. Krey enbroek & Sprel, eds. The Kurds: A contemporary overview( London: Routledge,1992),pp.33-67.

ئەو نووسراوەیە لەلایەن وەرگێرەوە کراوەتە کوردی خواروو و بە نێوی : کۆمەڵگەی کورد، ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران، لە ژمارەی ٣ی گۆڤاری گزینگ، ١٩٩٤دا بڵاو کراوەتەوە.

[٧] سەختی و توندوتیژی ئەو هێرشانە و ئیدعای کوردەکان کە گازی ژەهراوی بە بەبەرلاوی دەکارکرا، لەو کاتیدا لەلایەن هێندێک رۆژنامەنووسەوە گومانی لێدەکراو تەنیا دوای ١٩٩٠ ئەو شک و گومانە ڕەویەوە و سەلما کە وەزع زۆر لەوە خراپتربوو، کە پێی زانراوە. کاتێک کە بەڵگەکانی حکوومەتی عێراق کەوتە دەست کوردەکان وبۆ توێژینەوە نێردرا بۆ دەوڵەتە ( وڵاتە) یەکگرتووەکانی ئەمریکا.پروانە:

Human Rihgts Watch/ Middle East-Iraq's crime of genocide: the Anfal campaign against the Kurds (New Haven: Yale University Press, 1995)

بۆ پێداچوونەوەیەکی بیبلۆگرافی سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی لە سەر ئەو ڕووداوانە پروانە نووسراوەی من:

Genocide of the Kurds" in Israel W.Chany,ed. The widening circle of genocide( Brunswick: Transaction Books,1994) pp. 165,91.

٧) مەحمەد عەلی ئەسڵان:

Mehmet Ali Asaln, Mültecı Kürtler( Ankara: Demokrasi,1988), Erbil Tuslap Zehir Yuljü Bulutlar Halabçe' den Hakkari'ye( Ankara: Bilgi, 1989),

ئومیت فرات و کەسانی دی

Ümet Fırat Et al, Halebçe'den kamplara.... Kürtler( Istanbul, Alan-Belge, 1990), IHD Diyarbakir.

Surt,..subeleri," Ölaganüstü Hal Bölge"raporu-1990,( Ankara, Yurt, 1991).

[ ٨ ] ەوەندە خەڵکەش چوونە ئێران. لە سەر سنوور پێشیان نەگیرا و هێشتیان دەرباز بن. لەوێ کوردەکانی ئێران وەفریایان کەوتن و یارمەتی ئینسانییان پێکردن. لە گەڵ ئەوەشدا، لەبەر نەبوونی رۆژنامەنووسی بێگانە لەوێ وەزعی سنووری ئێران، بە زەحمەت گەیشتە دنیای دەرەوە. تورکییە پەنابەرانی لە سەر سنوور ڕاگرت. جگە لە تورکومەنەکان نەبێ کە وەریانگرتن و ناردیاننە کەمپێک کە لە ناوچەیەک لە نێوەڕاستی تورکییە ساز کرا.

[٩] دوو لێکۆڵینەوەی نوێ سەبارەت بە لایەنە نێو نەتەوایەتێەکانی عەمەلیاتی پرۆڤاید کامفۆرت ( ئاسوودەیی پێکهێنان") کە ناوچەی هێمن" ی دامەزراند( و هێزی چەکوچی ئامادەی هاوپەیمانەکان ) کە پارێزگاری لە ناوچەی هێمن دەکات بریتین لە نووسراوەکانی:

Helena Cook, The safe haven in northern Iraq, international responsibility for Iraqi Kurdistan( London Kurdistan Human Rights Project, 1995).

Baskın Oran, "Kalkki horozö"çekiç güç ve kürt devleti( Ankara Bilgi, 1996).

[١٠] بۆ وێنە پروانە هاوپرسەکی لە گەڵ مەهمەت عەلی بیراند:

Mehmet Ali Birand, Apo ve P.K.K( Istanbul, Milliyet,1992).

[١١] پشتیوانی لەو دیوی سنورەکانەوە لە بزووتنەوەی کورددا شتێکی تازە نییە،  پدک ی بارزانی لە کۆتایی ١٩٦٠ هێندێک پشتیوانیی چالاکی لە نێو کوردەکانی ئێران و هەروەها کوردەکانی تورکییە لە حەکاری و ئەستانی ماردین ی ( ئەو دەمی) وەدەستهێنا، کە ڕێگەی بۆ دابین کرد. هەرئاواش ینک ی تاڵەبانی لە ئاخروئۆخری ١٩٧٠کان پشتیوانی و یارمەتیی گرینگی تەداروکاتی لە کوردەکانی تورکییە وەرگرت.

[١٢]  ئەو زانیارێانەی کە لەلایەن دەستەڵاتدارانی پۆلیسی ئاڵمان بە هۆی نائارامییەکانی نەورۆزی ١٩٩٦ لەبەر دەست چاپەمەنییەکان نرا، دوو رەقەمی دیکەش هەر لەو دەمی سەبارەت بە توانایی پکک لە ئاڵمان پێشکێش کران و، لەوانەیە زۆر جێی باوەڕتر بن چونکوو بە پێی چاوەدێری باری ڕۆژ کراون- دەگوترێ کە پکک نزیکەی ٧٥٠٠میلیتانی بە گوری هەیە و نزیکەی ٥٠٠٠٠کوردیش ئامادەییان هەیە لە خۆپێشاندانەکانی پکک دا بەشداری بکەن.

[١٣] ئەو تەخمینانە لەلایەن حەسەن قازی، راوێژکاری ئەدەبی کوردی شورای فەرهەنگی دەوڵەت لە سوێد لەبەر دەست من نراوە. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، دوازدە دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی یارمەتییان وەرگرتووە بۆ چاپی کتێب بە کوردی. یەک لەوان ئاپیک، تا ئێستا ٧٢کتێبی چاپ کردووە، کە ٣٧بەرگیان بە کورمانجی یە.

[١٤]  لە سەرەتاوە پکک رێکخراوەیەکی ئەوتۆی کوردی بوو کە وێدەچوو گرینگییەکی ئەوتۆ نەدا بە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی. گشت بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی بە تورکی بوون. لەو دواییانەدا ئەویش سەرنجێکی زیاتری داوەتە سەر زمانی کوردی، بەهۆی پشتگرتنی پێکهاتنی کۆبوونەوە و کۆنفرانس لە سەر زمان و کاری هەرە گرینگ  وبە کەڵک، ئامرازی دەربرینی کوردی و لە بڵاوکراوەکانی مێد-تێڤێ، پرۆپاگەندەی دژی پکک زۆر جار ئەوەبوو کە ئۆیجالان بۆ خۆی نازانێ بە کوردی بدوێ، یان بە کوردییەکی زۆر خراپ قسە دەکا، بەڵام ئەو ئێستا زۆر لە وتار و قسەکانی خۆی بە کوردییەکی رەوان دەردەبڕێ.

[١٥] یەکەم لیکۆڵینەوە سەربارەت بە بەرنامەکانی مێد-تێڤێ و شوێنکردنەکانی کە ئەمن لێی ئاگاداربم ئەوەیە کە لە لایەن پسپۆری کامیونیکاسیۆن ئەمیری حەسەنپوور، بۆ خۆی کوردێکی ئێرانە، دانیشتووی مۆنتریاڵ، کراوە لە وتارێکدا لە زانکۆی ئازادی بێرلین لە٧ی نۆڤامبری ١٩٩٥ بە نێوی:

"Med-Tv, Britain and the Turkish state: a stateless nation's quest for sovereignty in the sky"

مێد-تێڤی، بریتانیا و دەوڵەتی تورکییە: هەوڵی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بۆ وەدەستهێنانی سەروەری لە ئاسمان.

لە کاتێکدا کە ئەم نووسراوەیە لە ژێر ئاخر پێداچونەوەدا بوو، مێد تێڤی لە ئاسمان ئاوا بوو و ڕەنگی نەما. ئەوەش ئاکامی تێکۆشانە دیپلۆماتییە سەرکەوتووەکانی تورکییە بوو. ئەو ماوەیەی کە دەدرا بە بڵاوکردنەوەی قسەکانی ئۆیجالان کە بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەشداری دەکرد لە دەمەتەقەکانی ستۆدیۆی بروکسێل لەماوەی مانگەکانی رابردوودا وێدەچێ کە ئیدعاکانی تورکییە داگرتبێتەوە لەمەڕ ئەوەی کە مێد-تێڤێ سەر بەخۆ نییە بەڵکوو ئامرازێکی پروپاگاندای پکک یە وهەر بۆیەش بڵاوکردنەوەی لە مانگیلەوە پاوان کرا. لە گەڵ ئەوەشدا چ هۆیەک نییە کە مرۆڤ وای دابنێ. دەزگایەکی تازە جێی ناگرێتەوە، لە سەر مانگیلەیەکی دیکە و بە ڕێلەکردنی بەرنامەکانی لە وێستگەی دیکەوە.

تێبینی وەرگێر: ئەو پێشینییەی نووسەر بە ماوەیەکی کورتی دوای دەرکەوتنی ئەوم نووسراوەیە وەراست گەڕا و سەرەڕای هەموو جۆرە حەولێکی تورک و هاوکاری هێندێک دەزگای ئەمنییەتی  لە بێلژیک و ئینگلستان مێد-تێڤێ بەرنامەکانی خۆی دەستپێکردەوە و جارێکی دیش سەرەوریی کوردانی لە ئاسمانان داگرتەوە.

[١٦]

Benedict R.O  G. Anderson,Long-distance nationalism: World capitalism and the rise of identity politics Amsterdam: Centre for Asian Studies, 1992).

[١٧]

Anthony S. Smith, National identity( London, Penguin Books, 1991).

ئانتۆنی د. سمیت لە کتێبەکەیدا نەتەوە ئاوا دەدەناسێنێ" خەڵکێکی بە نێوکراوی ئینسانی کە خاکێکی هاوبەش- ئەفسانەی هاوبەش و بیرەوەری مێژوویی هاوبەش، فەرهەنگێکی جەماوەریی هاوبەش، ئابوورییەکی هاوبەش و ماف و ئەرکی قانوونی هاوبەش بۆهەموو ئەندامەکانی هەبێ". سەرنج بدە کە ئەم پێناسەکردنە بە باشترین شێوە لەتەک دەوڵەت-نەتەوەی کلاسیکی و ئی خەڵکی تورکییە جوردێتەوە. بە پێ ئەم ناساندنە، ئێتنیسیتەیان هەرچیەکی دەبێ با ببێ. ئەوانە بە یەکەوە نەتەوەیەک پێکدەهێنن. لە کاتێکدا، هەر بە پێ ئەم ناساندنە کورد نەتەوە نین، یان تا رادەیەکی کەمتریەکی وان. هەروەها لەوەش سەرنج بدەین کە ماف وئەرکی قانوونی هاوبەش لەوانەیە لە تیۆری دا ( بە قسە) هەبێ بەڵام کردەوەی قانوونی و بەرێوەچوون و دەکارکردنی قانوون لە سەر کوردان بە فەرق و جیاوازی دانان لەگەڵیاندا بووە.

Martin van Vruinessen , ' Shifting National abd Ethnic Identitities: The Kurds in Turkey and the European Diaspora'
Journal of Muslim Affairs 18 (1) , 1998, 32-52.

وەرگێرانێکی دیکەی ئەو ووتارەی جاری یەکەم لە گۆڤاری گزینگ دا بڵاو کراوەتەوە.

# (٤)

## کۆمەڵگەی کورد:

## ئێتنیسیتی ، ناسیۆنالیسم و گیروگرفتی پەنابەران

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دا ، ئێمە شاهیدی هەڵاتن و دەربازبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە کوردستانەوە بووین. شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینە چەکدارییە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران ( یان ڕاستتر، دامرکاندنەوەی توندو تێژی بزووتنەوەی کورد لە پێناو ئۆتۆنۆمی دا ) بە سەدان هەزار کوردی لە شوێنی خۆیان هەڵقەندووە. ئەو کەسانەی کە توانیویانە سنوورە نێونەتەوەییەکان تێپەڕێنن وەک پەنابەری سیاسی وەبەر چاو دێن؛ ژمارەی پەنابەر و دەرکراوانی نێوخۆیی کە زۆر کەمتر وەبەر چاو دێن ڕەنگە زۆر زیادتر بێ. جگە لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ١٩٩١، تەنیا نموونەی تازەی ڕەو لە کوردستانەوە کە ئامرازە ڕاگەیێنەرە گشتییەکان سەرنجێکی زۆریان دایە، ڕەوێکی دیش لە مانگی ئووتی ١٩٩٨ کرا دوای ئەوەی عێراق دۆڵ و دەرەکانی ژێر دەستەڵاتی کوردەکانی لە باکووری عێراق وەبەر هێرشی شیمیایی دا و بە دەیان هەزاران کەس ناچار بوون هەڵێن و لە سنووری تورکییە بثەرنەوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا ژمارەیەکی زۆر زیادتر لە کوردەکانی عێراق هەلاتوون بۆ ئێران. لە هەر دووک ئەم ڕەوانە دا پەنابەران بریتی بوون لە ئینسانی چالاکی سیاسی و جەنگاوەرانی پارتیزان، ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆریان بریتی بوون لە لادێیی لە شوێنی خۆ هەڵقەندراو. ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانی چالاکی سیاسی لە ئێران و تورکییەوە لە کوردستان هەڵاتوون و پەنایان بردووەتە بەر وولاتەکانی ڕۆژئاوای ئورووپا ( و، ژمارەیەکی زۆر کەمتر بۆ ڕۆژهەڵات).
شەر و ڕاوەدوونانی سیاسی لە لایەن حکوومەتەکانەوە تەنیا هۆی هەڵاتن و ڕاکردنی خەڵک نەبووە. زۆربەی بە دەیان هەزار لە کوردەکانی تورکییە کە لە وولاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا داوای پەنابەرییان کردووە بە گشتی وەک پەنابەری " ئابووری" دادەندرێن کە لە دووت دۆخێکی باشتری ' ژیان ' دەگەڕێن تاکوو ئەوەی لە بەر ڕاوەدوونانی سیاسی هەڵهاتبن. ئەوە ڕاستە کە باری دواکەوتووی ئابووری کوردستان و بە نیسبەت ڕێژەی سەرەوەی زەوو زوو، لە هەموو ئەو وولاتانەی کە لە بەر باسن، بووەتە هۆی کۆچکردنی جێی سەرنجی هێزی کار لە کوردستانەوە بەڵام، لە نێو هۆکارەکانی پاڵپێوەنەری ئەو ڕەوتی کۆچکردنە دا، ئەنگێزەی ئابووری هەر یەکێکیانە و لە زۆر بارانەوە دۆخی سیاسی ئەو وەزعەی پێک هێناوە. ئەوە زۆر زیادتر سەبارەت بە ئەوانەی کە سەر بە کەمایەتییە ئایینییەکانن وەکوو ئێزیدییەکان و مەسیحییە سوریانییەکان ئاشکراتر و بەدەرەوەترە. ئەو کەمایەتییانە دەڵێن لە بەر ئازار وراوەدوونانی موسوڵمانە دراوسێیەکانیان هەڵاتوون،. یان عەلەوییەکان کە هەست بە هەڕەشە دەکەن لە لایەن زۆربایەتی سوننییەوە. بەڵام زۆر لە کوردە سوننییەکانیش ناچار کراون لە بەر شێوەی جیاوازی زوڵم و زۆری ناوچەیی یان گێرەوکێشەی سیاسی ڕا بکەن.

ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە کە کێشەی کورد تەنیا هەر بە گێرەوکێشەیەکی نێوان کوردان و عەڕەبان یان تورکان، یان کوردان و حکوومەتە نێوەندییەکان بزاندرێ، ئەگەرچی قسەی هەر دووک لا ڕەنگە بۆچوونێکی ئەوتۆ ساز کا. کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و پێچەڵپێچە، پڕە لە کێشە و هەرا و ڕکەبەریی نێوخۆیی کە ئەوانە هەم لە بەر گۆرانی ئابووری و هەم کێشەی سیاسی لە ئاستی دەوڵەتی دا، بەرەو توندوتیژی دەڕۆن. پێوەندییەکانی دەستەڵاتی ناوچەیی و کێشەکان بە ئی دەوڵەت و ئەوانەی کە لە ئاستی نێوان دان گرێدراون و شێوەی جۆر بە جۆری هاوکاری لە نێوان خاوەن دەستەڵاتانی ناوچەیی و دەستگای دەوڵەتی دا ( یان بزووتنەوەی کورد، کارایەکی دیکەی شێوەی دەوڵەت) ساز بووە. ئەو چلۆنایەتییە زۆر ئەوە وەزەحمەت دەخا کە ڕاوەدوونان لە لایەن دەوڵەتەوە و شێوەکانی ڕووتی ڕاوەدوونانی ناوچەیی بە ووردی لەیەک بکرێنەوە.

### کۆمەڵگەی کورد: وێکنەچوویی ، توێژبەندی، کەمایەتییەکان

بەلانی کەمەوە لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوو، کوردەکان ووشیارییەکی گشتییان هەبووە کە گەلێکی سەربەخۆن و جوێن لە فارسان، تورکان . عەڕەبان و هەر وەها دەستە جۆر بە جۆرە مەسیحییەکان کە نێو ئەواندا دەژین. هەر وەها بە لانی کەمەوە، لە نێو خوێندەواراندا، بیرێکی تەواو ئاشکرا هەبووە لە سەر ئەوەی کێ کورد بووە و کێ کورد نەبووە

و ئەوەی کە کوێ ژیاون. ئەو ووشیارییە سەبارەت بە کەسێتی و یەکێتی لە نێو کورداندا جێی سەرسورمانە، بە لە بەر چاو گرتنی زۆر شتی کە ئەوانی لێک جوێ کردووەتەوە ( و هێشتاش دەکاتەوە)، زمان و ئایین ، بۆ زۆر کوردان، لایەنی پێویستی کەسێتی یانە، بەڵام نەک هەموو کوردەکان پێرەوی ئایینێکی وەک یەکن و نەک هەمووشیان بە یەک زمان قسە دەکەن. کۆمەڵگەی کورد هەتا بڵێی توێژ توێژە، ئێلیتێکی عەشیرەتی بە سەر جووتێرانی نیشتەجێ دا زاڵە. کێشەی نێوان عەشیرەتەکان و پێوەندیی چەوسێنەرانەی نێوان توێژی بە دەستەڵات و توێژی بن دەستەڵات لە مێژە کۆمەڵگەی کوردی دابەش کردووە. قازانج و بەرژەوەندی سەر لە یەک سوێ هەمیشە پێشی بە کردەوەی هەرەوەزی گرتووە ، تەنانەت دە نێو هەموو کوردەکانی مەڵبەندێکی تایبەتیش دا. لەوەش دەرچێ ژمارەیەکی زۆر کەمایەتی ناکورد دەنێو ئەوان دا دەژین کە بە هۆی ڕایەڵەی ئاڵۆزی پێوەندیی کۆمەڵایەتی بە وان بەستراونەتەوە.

## جۆراوجۆری زمانی

کوردەکان بە ژمارەیەکی زۆر دیالێکتی جیاواز قسە دەکەن، کە زۆربەی ئەوان لە هەموویان تێ ناگەن. ئەو دەستە دیالێکتە سەرەکییانە کە بەرە بەرە دە یەکتر دا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، بریتین لە: کورمانجی ، یان کوردیی سەروو کە لە تورکییە و لای هەرە سەرووی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران قسەی پێدەکرێ؛ سۆرانی، کە لە کوردستانی خواروو پێی دەئاخەفن. هەم سۆرانی و هەم کورمانجی ترادیسیۆنی ئەدەبی نووسراوییان هەیە.

جگە لەو دیالێکتە ئەسڵییانەی کوردی، دوو زمانی دیکەی ئێرانیش لە کوردستان قسەیان پێ دەکرێ؛ زازا لە باکووری ڕۆژئاوا، لە ناوچەیەکی گەورە لە باکوور و ڕۆژئاوای دیاربەکر، گۆرانی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانی خواروو دا – ئاخێوەرانی زازا و گۆرانی خۆیان بە کورد دادەنێن ( کوردەکانی دیکەش ئەوان بە کورد دادەنێن)، سەرەڕای وورده جیاوازییەکی فەرهەنگی لەگەڵ کوردە کوردی ئاخێوەرەکان [١]. لەوەش دەرچێ، لە بەر تواندنەوەی بە تۆبزی یان توانەوەی دڵخوازانە، ژمارەیەکی زۆری کورد هەن کە هیچ بە کوردی نادوێن یان بە کوردییەکی زۆر خراپ دەئاخەفن و بەکارهێنانی تورکی ، عەڕەبی یان فارسییان لا پەسندترە و لە هەر کام لەو وولاتانەی لە بەر باس دان، ئەو کوردییەی کە قسەی پێ دەرێ چ لە باری ووشەوە و چ تەنانەت لە باری نەحوی ڕا، نفووزێکی زۆری زمانی ڕەسمی سەردەستی پێوە دیارە.
نفووز و دەستەڵاتی  ئەو دەوڵەتانەی کە بەشە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانیان دە سەر خۆیان کردووەتەوە هەر بە شوێن کردن لە سەر زمانی کوردی ڕاناوەستێ. سیستەمە پەروەردەییە جیاوازەکانی ئەو وولاتانە،ئامرازە ڕاگەیێنەرە گشتییەکانیان و فەرهەنگە جیاوازە سیاسییەکانیان، شوێنی قووڵیان دە فەرهەنگی کوردیش کردووە. کورەکانی عێراقی هەم عێراقین و هەم کوردن، غاڵبە بە هاسانتری دەبینن کە خۆ بە عێراقییەکانەوە بلکێنن تا بە کوردەکانی تورکییە. وێژیاکی دەرپرینی سیاسی لە هەر بەشەی کوردستان جیاوازە و شێوەکانی کردەوەی سیاسیش هەر ئاوایە.

## جۆراوجۆری ئایینی

ئەگەر بە زەحمەت بکرێ زمان وەک زەمینەیەکی واقیعی یەکایەتی ئێتنیکی کوردان دابندرێ، ئایینیش هۆکارێکی یەکخەری سەرەکی نییە. ئەوە ڕاستە، کە زۆربەی هەرەوای کوردەکان موسوڵمانی سوننین  و سەر بە مەزەبی شافیعین، بەڵام کوردێکی زۆری دیکەی پێرەوی ئایینەکانی دیکەش هەن. لەوەش دەرچێ، کوردە سوننییەکان، دەرەجەی عیبادەت و بەڕێوەبەریی ڕێسای ئایینیان زۆر لە یەک جیاوازە. تا دەسپێکی ئەم سەدەیە، خوێندنی تەقلیدی، لە حوجرەیان زۆر باو و بەربڵاو بوو و ئەمە ڕەنگە یارمەتی خۆ ووشیاری و ئاگادار بوونەوەی کوردانی دابێ. لەو شوێنانە دا خوێندکاران [ فەقێیان ] جگە لەوەی کە بە عەڕەبی و فارسی دەقە ئایینییەکان دەخوێند، شوێنەواری نووسەرە کوردەکانی وەک شاعیری " میللی " ئەحمەدی خانی و عارف مەلا ئەحمەدی جەزیری ( مەلێ جزیری ) یشیان دەخوێندەوە.

ئەو دوو شاعیرانەی سەدەی حەڤدەهەم دواتر لە لایەن ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستەوە ڕا وەک پێشەنگ وەخۆ کران و شوێنەوارەکانیان هەست و شانازی نەتەوایەتی بزواندووە.

ئەوە گرینگە سەرنجی بدرێتی کە، لە ناو زۆربایەتی سونیدا ، تەریقەتە عیرفانییەکان بە تایبەتی تەریقەتی نەخشبەندییە و قادرییە زۆر بە ڕمێن و خۆشەویستن و شێخەکانی ئەو تەریقەتانە لە لایەن جووتێران و شارنشینانی

چینەکانی خوارەوە تا ڕادەیەکی گەوجانە دەپەرستران ( ڤان. پراونێسن ، شێخ ، ئاغا، دەوڵەت ١٩٧٨ ل ٣٣٩ – ٢٤٩). چەندێک لەو شێخانە  پایەی زۆر گەورەی ئابووری و سیاسییان وەدەست خست و لە پایەی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان تێپەڕاند. لە پلەی سەرەتایی ناسیۆنالیسمی کورد دا، تەقریبەن لە نێوان ١٩٣٠ – ١٨٠٠ دا، ئەو تەریقەتە عیرفانییانە دەورێکی گرینگیان  لە وەخۆهێنانەوە و دەنگدانی کۆمەڵایەتی خەڵک دا گێڕا. ئەو تەریقەتانە لە داڕێژران و قەوارەی عەشیرەتی جیا بوون و لە ڕکەبەری و نێوان ناخۆ شییەکانی بە دوور بوون و دەیان توانی تەنانەت کێشەی ڕەقیبە لە مێژینە و باب کووژراوەکانیش بەلا دا بخەن و وێکیان بێنن. زۆربەی ڕێبەران، یان سەرۆکە بەرچاوەکانی ڕاپەڕینە کوردییەکان ، لەو سەروبەندی دا ، شێخەکانی تەریقەت بوون.

لە تورکییەی کەماڵیست دا،هەم مەدرەسەکان و هەم تەریقەتەکان، وەک لەمپەرێک لە بەر مۆدێرن بوون و ڕۆژئاوایی بوون، پاوان کران. سەرکوتکردنی دەربڕینی ئایینی و ئێتنیسیتی کورد لەوێ پێوەندی و بەیەکەولکانی  کوردایەتی و ئیسلامی سوننی بە هێز کرد [ بە لانی کەمەوە دە نێو کوردە سوننییەکاندا ). هەم مەدرەسەکان  و هەم تەریقەتەکان بە نهێنی لە سەر کاروباری خۆیان بەردەوام بوون. ئەگەرچی لە ئاستێکی بەرەتەنگ دا. لە هەموو بەشەکانی کوردستان، پەروەردە و بارهێنانی لاییک (عەلمانی) بە گشتی جێی پەروەردە و بارهێنانی تەقلیدیی ئایینی گرتووەتەوە. ئەگەرچی ئەو جۆرە مەدرەسانە لە ئێران و عێراق قەت دانەخران، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا دەورێکی لێوارەییان هەیە. تەریقەتە عیرفانییەکانیش ، گرینگیان لە کورتی داوە، ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێشتاش بنەماڵەی شێخەکانی تەریقەت هەن و دەستەڵاتی گەورەی سیاسییان هەیە.

بە گۆترەییەکی تەقریبی، تەنێ لە سەد دا ٨٠ی کوردەکان سونین .لە هەرە خوارووی کوردستانی خواروو، دە نێو کوردەکانی خانەقین و مەندەلی و کرماشان دا، نەک ئیسلامی سوننی، بەڵکوو شیعەی ' دوازدە ئیمامی ' [ ئیسنا عەشەری ] ئایینی سەردەستە. ئەوە ئەو کوردە فەیلییانەش دەگرێتەوە کە لە بەغدا دەژین ( پروانە موراد لەم کتێبە دا). لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ئەستانی خۆراسان هەرێمێکی گەورەی کورد نشین هەیە کە ئەوانیش هەموویان پێرەوی شیعەی دوازدە ئیمامین ( ڤ. پراونێسن، ١٩٧٨ ل ٢٢٠ – ٢١٥ ) . بە پێچەوانەی شیعەکانی کوردستانی خواروو ئەوان قەت چ دەوریان لە بزووتنەوەی کورد دا نەگێراوە.

لەوەش دەرچێ ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵی کەمایەتی لاردین لە نێو کورداندا هەن ( بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەوە پروانە مولێر ١٩٦٧). کەمایەتییەکی تەواو گرینگ ، لە کوردستانی تورکییە، عەلەوییەکانن. ئەوە نێوێکی پەردەیە بۆ کۆمەڵە چۆربەجۆرەکانی تیژرەوی شیعە و تێکەلئایین، کە لە پەرستنی عەلی و باوەڕە جۆر بە جۆرەکانی تورکی و ئێرانی بنەچەی بەر لە ئیسلامدا هاوبەشن ( مێلیکوڤ ١٩٨٢). بندەستەیەکی گرینگ لە کوردە عەلەوییەکان ، ئەوانەی دەرسیم ( تونجەلی) ، بە زازایی دەدوێن، بەڵام ژمارەیەکی زۆری عەلەوییانیش هەن کە کورمانجی و تەنانەت ژمارەیەکی زۆرتر تورک زمانن ( دەبێ لە بیر نەکرێ کە زۆربەی زازا سوننین). لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا عەلەوییەکان غاڵبە ڕاوەدوو دەنران، هەم لە بەر لاردینیخۆیان و هەمیش لە بەر ئەوەی گۆمانیان لێ دەکرا لایەنگری ئێران بن، هەر لە بەر ئەوەیە  کە زۆر لە جڤاتی عەلەوییەکان لێبران کە لە گوندە شاخاوییە کەلەلاکاندا بژین و تا ڕادەیەک لە دراوسێ سوننییەکانیان تاق کەوتنەوە. لە ساڵەکانی ١٩٥٠ بەم لایەوە زۆر لەوان کۆچیان کردووە بۆ شارەکان، کە لەواندا بۆ وەدەست هێنانی خانوو و کار لە تەک سوننییە جێییەکاندا لە ملە دان. لەو دەمییەوە  لە شارە نێوەندییەکانی تورکییە دا ، کێشە و هەرای لە زێدەی توند و تیژ لە نێوان سوننییەکان و عەلەوییەکاندا قەوماوە ( لە خوارەوە زێدەتری لە سەر دەڕۆین). هیچ ئەژمارێکی ڕەسمی سەبارەت بە عەلەوییەکان بەدەستەوە نییە، بەڵام لە سەر یەک ( عەلەوی تورک و کورد ) ئەوان دەبێ بە لانی کەمەوە ٤ یان ٥ میلیۆن کەس بن. تەخمینی تازە لە نێوان ٤ / ٥ تا ١٨ میلیۆنە (ئاندرووس، ١٩٨٩، ل٥٧).

کۆمەڵێکی هاوشوبار ئەهلی حەق یان کاکەیی یە لە کوردستانی خواروو ( کە بە دیالێکتەکانی سۆرانی و گۆرانی دەئاخەفن ، تەنانەت لە عێراق کاکەیی تورکمانیش هەن ). بۆ ئەوان ، عەلی تەنێ یەکێکە لە ناو زنجیرەی تەجەسوومەکان (علوولەکان) ی ئیلاهی دا ، ئەوی هەرە گرینگ لە نێو ئەواندا، دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، " سوڵتان ساهاک"ە [٢] . ئەو کۆمەڵەیە لە نێو گۆراندا سەری هەڵهێنا و ، لەو دەمییەوە بە هەموو ئێران و هێندێک بەشی عێراقدا بڵاو بووەتەوە. کوردەکان ئیتر زۆربەی پێرەوانی ئەو کۆمەڵەیە پێک ناهێنن. وەکوو عەلەوییەکان، ئەهلی حەقیش غاڵبە پێوەندییەکی نائارامیان لە تەک دراوسێ موسوڵمانە خاسدینەکاندا هەیە، کە ئەوە هەم سوننییەکان و هەم شیعەکان دەگرێتەوە. حکوومەتی شا بە دەرفەتهێنان لەو دوژمنایەتییە ئایینییە ژمارەیەکی لە عەشیرەتی قەڵخانی ئەهلی حەق ، لە هێزی شێوەنیزامی پۆلیسی سنوور دا کۆ کردەوە و دەبەر کاری نان. ئەوانە دەکرا متمانەی ئەوەیان پێ بکرێ کە لەتەک عەشیرەتە کوردە سوننییەکان نەکەون و بۆ ئامانجێکی هاوبەش یەک نەگرنەوە.

کۆمەڵەیەکی دیکەی تێکەڵئایین، کە تەنانەت زیاتر لەئیسلامی خاسدین (ئۆرتۆدۆکس) دوورە، ئی ئێزیدییەکانە کە زۆر جار بە هەڵە ناویان بە 'شەیتان پەرست ' هەکدەدرێ. وا وەبەرچاو دێ کە ئێزیدییەکان لە سەرەتاوە کۆمەڵێکی تیژرەوی سوننی بووبن و دواتر زۆر لە تۆوەکانی ئایینە کۆنەکانی ئێرانی و ئانادۆڵییان وەخۆ کردنبێ. لەوانە پەرستنی ڕۆژ و باوەڕ بە تەناسوخ، و فیشتەی تاووس ( تاووسی مەلەک ) کە ئەوان دەیپەرستن، لەوانەیە بە شەیتان دابندرێ.. بەڵام لە چاو ئەواندا، ئەو خودای خراپە نییە، ئەو جۆرەی کە موسوڵمانە و مەسیحییەکان پێیان وایە [٣]. ئێزیدییەکان بە کورمانجی دەدوێن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک لە موسوڵمانە هەرە لە خودا ترسەکان لە بەر سەمەرەیی ئایینەکەیان، کورد بوونیان بەرپەرچ دەدەنەوە. لە سەدەی حەڤدەهەم دا، ئێزیدییەکان هێشتا ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام لە بەر زوڵم و زۆری جەستەیی، ئەندامانیان لە کورتیی دا، ناچار کران لە دینی خۆیان وەرگەڕێن یان کۆچ بکەن.هێشتاش چوار هێشووی (پۆلی ) سەرەکی ناوچەی ئێزیدی ماونەتەوە: لە کورددااغ مەڵبەندی باکووری حەلەب، لە چیاکانی شنجار لە سنووری سووریە – عێراق ، لە ناوچەی شێخان لە باکووری مووسڵ و لە خوارووی ڕۆژئاوای قەوقاس. لە کوردستانی تورکییە، تەنێ چەند ناوپری پچووک ماونەتەوە ، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەستانی ئرفا، مێردین و شێرت. ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکان لە بەر هەستی ڕاوەدوونان لە لایەن دراوسێ موسوڵمانەکانیان ڕا و نەپارێزرانیان لە لایەن دەوڵەتەوە ، لە ماوەی چەند دە ساڵی ڕابردوو دا لە تورکییە ڕایان کردووە و پەنایان بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا هێناوە (شنایدر ١٩٨٤؛ ئاندروس ، ١٩٨٩ ل ٢٠٠ – ١١٨ ). جڤاتە ئێزیدییەکان لە کۆمارەکانی قەوقاسی سۆڤیەت تۆرەمەی ئەو پەنابەرانەی سەدەی نۆزدەهەمن کە لە ڕۆژئاوا و نێوەندی کوردستانەوە هاتوون و ڕەنگە زۆربەی کوردەکانی ئەوێ بن ( گێست ١٩٨٧).

**کەمایەتییە ناکوردەکان**

ئێمە جڤاتی جۆر بە جۆری مەسیحی بە زمان و ئایینزای جیاوازەوە دەبینین کە دەنێو کوردەکاندا دەژین. ئی هەرە زۆری ئەوانە ئەرمەنییەکان بوون. ئەوان بە پێی تڕادیسیۆن، کلیسای لە مەڕ خۆیان واتە کلیسی گریگۆریان هەبوو، بەڵام تا دەگەینە سەدەی نۆزدەهەم زۆر لەوان بە ڕێگەی کڕوکاش و تێکۆشانی میسیۆنێرە ئورووپاییەکان و بەڵێنی پاراستن و داڵدەی ئورووپایی، لەو کلیسایە وەرگەڕان و ڕوویان لە کاتۆلیسیزمی ڕۆمایی و پرۆتێستانیزم کرد. ئەرمەنستانی گەورە، شوێنێکی ژمارەی هەرە زۆری ئەرمەنییەکانی لێ دەژیا؛ ڕۆژهەڵاتی ئێستای تورکییە ( یان کوردستانی باکوور) ی دەگرتەوە. زۆربەی ئەرمەنییەکان جووتێر بوون؛ بەڵام زۆر لە سەنعاتکارەکان و زۆر لە بازرگانەکانیش هەر ئەرمەنی بوون. پێوەندی نێوان کوردەکان و ئەرمەنییەکان بە پێی باو، نابەرابەر بوو. ئەرمەنییەکان لە باری ئابوورییەوە دەچەوسێندرانەوە و هێندێک جاریش بە روند و تیژ لە لایەن سەرکردە کوردەکان ڕا سەرکوت دەکران، بۆ ئەوەی خۆیان لەو زوڵم و زۆردارییە بپارێزن، ژمارەیەکی نەزاندراو لە ئەرمەنییەکان لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا، بوون بە موسوڵمان و کەسێتی کوردیان هەڵبژارد. ئورووپاییەک کە لە سەرەتای سەودەی بیستەمدا سەری لە ناوچەی دەرسیم ( تەنجەلی ئێستا ) داوە بۆی دەرکەوت زۆر لە عەلەوییەکان یان قزڵباشەکانی ناوچە، لە ڕاستیدا ئەرمەنی تازە لە دین وەرگەڕاو و نوێ موسوڵمان بوون (مالینۆ- سیل ١٩١٤).

لە سۆنگەی دەر کردنی بە کۆمەڵ و کوشتوپرەکانی ساڵی ١٩١٥ ( کە هێندێک لە کوردەکان لەو کوشتارانە دا بەشدارییان کرد. لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان هەوڵیان دا ژیانی دراوسێ ئەرمەنییەکانیان ڕزگار کەن )، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم ئەرمەنی لە کوردستان ماونەتەوە. زۆربەیئەوانەی لە کوشتوپرەکان ڕزگارییان بووە، یان چوون بۆ قەوقاس کە لەوێ کۆمارێکی ئەرمەنستان دامەزرابوو، یان کۆچیان کرد بۆ ئورووپا یان بۆ ئەمریکا. هێشتاش جڤاتی ئچووکی ئەرمەنییان لە دیاربەکر و دێرک ( نزیک مێردین ) هەن و چەند گوندێکی ئەرمەنی نشین ماونەتەوە ( پروانە ئاندرووس ١٩٨٩، ل ٨ – ١٢٧ ). لەوەش دەرچێ ئەمن بۆخۆم توشی دەستەیەکی ئچووک لە ئەرمەنی نیوە کورد هاتم لە گوندەکانی باکووری سیرت؛ ئەوان زمانیان کوردی بوو و خۆیان بە کورد دادەنا بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەن ڕەچەڵەکی ئەرمەنییەتی خۆیان بشارنەوە.

کەمایەتییە ئچووکترەکانی مەسیحی بریتین لە " سوورەییەکان" ی ( سوریانی) ناوچەی تۆ حابدین لە ڕۆژهەڵاتی مێردین ( ئانشووتس ١٩٨٤) و ئاسۆرییەکانی کوردستانی نێوەندی ( ژۆزێف ١٩٦١ ؛ شاڤالییە ١٩٨٥ ) ، ئەوانە هەر دووکیان بە دیالێکە ئارامییەکان دەئاخەفن. هەر وەکوو ئەرمەنییەکان، زۆر لە ئەندامانی ئەو جڤاتانە لە کلیسا بنچینەییەکانی خۆیان وەرگەڕان (کلیسای یاقووبی و نەستووری) و وەبەر ئالای پرۆتێستانیسم یان کاتۆلیسیزم کەوتوون. ئاسۆرییە یوونییەتەکان زۆربەیان لە ناوچەکانی باکووری مووسڵ دەژین [ ئاسورییە یونییەتەکان ئەو ئیماندارە مەسیحییانەن کە سەر وەبەر فەرمانی پاپای ڕۆم دەهێنن بەڵام لە سەر ئایینزای خۆیان ماونەتەوە و نەبوون بە

کاتۆلیک. شیکردنەوەی وەرگێر] و کلدانی یان پێ دەڵێن . نەستوورییەکان پێشتر لە حەکاری نزیک سنووری ئێستای تورکییە – عێراق کۆ ببوونەوە؛ لە باری عەشیرەتییەوە شەرکەری ئازا و بە تەکووز بوون، ئەوان بە دژی عەشیرەتە ڕەقیبەکانی ئاسۆری و کورد دا ، پەیمانی سیاسییان لەتەک حەشیرەتە کوردەکان دەبەست. لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کوشتوبڕ و شەڕ ژمارەی ئەوانی کەم کردووەتەوە و بە باکووری عێراق و ناوچە دراوسێیەکانی ئێراندا بڵاوی کردوونەتەوە. زۆر لە وانەی ماونەتەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە و لە بەغدا، تاران و دەوڵەتە یەکگرتووەکان گیرساونەتەوە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم ، سوریانی تۆرعابدینیش لە هاوپەیمانە عەشیرەتییە کوردی و دژاتەتییەکاندا ، بەشدارییان نەدەکرد و تەواو خۆیان ڕادەگرت . لە شەڕی یەکەمی دنیاگر دا ، ئەوان خەسارێکی زۆریان لێ کەوت و لە ساڵەکانی دوای شەڕ دا ، زۆریان تۆرعابدینیان بەرەو سوورییە کە لە لایەن فەڕانسەوە داگیر کرا بوو بە جێهێشت. کۆچ بۆ ئەستەمبوڵ و لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لایەوە بەرەو ئورووپای ڕۆژئاوا، بۆ گەڕان بە دووی کار و هێمنایەتێکی زیادتر دا، ئەوەندەی دیکەش جۆشسی جڤاتە جێماوەکانی لە تۆرعابدین ووشک هەڵێناوە.

لە دەوەوەی زێدی ئەو دەستە مەسیحییە جۆر بە جۆرانەدا، ژمارەیەکی کەم لە هەر کامیان ( تەنانەت ژمارەیەکی کەمتریش لە مەسیحییەکانی پێرەوی کلیسای ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی) لە شارەکانی سەرتاسەری کوردستان دا دەبیندرێن .پێشتر لە سەرتاسەری کوردستان کەمایەتییەکی ئچووکی جوولەکەش، زیادتر لە شارە گەورەکان ژیاون. بەڵام ئەوانە تەقریبەن کوردستانیان بەرەو ئیسراییل جێ هێشتووە،

لە ماوەی سەدەی ڕابردوو دا ، هەموو جڤاتە ناموسوڵمانەکانی کوردستان لە بەر کوشتوبڕ، هەڵاتن و پەرەوازە بوون و ، تا ڕادەیەکی کەمتریش ڕەنگە لە بەر دین گۆڕین ، ژمارەیان کەم بووەتەوە. هەڵوێستی ئەوانەی ماونەتەوە زۆر ڕاڕاتری لێ هاتووە و ، بەلانی کەمەوە، سوریانی و ئێزیدییەکانی تورکییە، بە ڕواڵەت گەیشتوونەتە ئەوەی کە جڤاتەکانیان، چ داهاتوو و دەروویەکی ڕوونیان لەوێ لەبەر نییە وهەوڵی ئەوە دەدەن کە هەموو ئەندامەکانیان بەرەو ئورووپای ڕۆژئاوا ڕاگوێزن. ئاکامێکی ئەوە یەکدەست بوونی زیادتری کوردستان ە و دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لە سەر ئێتنیسیتی کوردی بە لانی کەمەوە، بووە بە شیاوی بیر لێ کردنەوە. ئەوە هەر وەکوو بیرێکیش خۆی هۆی نانەوە و ساز بوونی کێشە و هەرای نوێی زۆرە.

پۆل و تیپەتێکی دیکەی جۆر بەجۆری موسوڵمانی ناکورد هەن کە لە کوردستاندا دەژین. لە کوردستانی عێراق، دەستەیەکی تەواو شار و گوندی تورکومان نشین هەن ، لەوانە شاری گرینگی کەرکووک ( کە یەک لە بەڵگە هێنانەوەکانی تورکییەیە بۆ مرخ خۆشکردن لە باکووری عێراق بۆ ئەوەی دە سەر خۆی کاتەوە). لە کوردستانی تورکییە هەرێمی گرینگی عەرەبی لە مێردین و سیرت هەن و جڤاتی جۆر بە جۆری تورک لە زۆر شاران ( کە زۆربەیان بە دیالێکتە ئازەرییەکان دەدوێن ). هەر وەها پۆلی پچووکی پەنابەرانی قەوقاسی و ئاسیای نێوەندی لە ( کوردستان ) هەن کە لە هەموان کۆنتریان قەرەپەپاغ و چەرکەسەکانن، غەوارەی هەرە تازە تورکەمەن و قەقیزی ئەفغانستانن کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا نیشتەجێ کراون و حاوێندراونەوە ( لە نزیک دیار بەکر و وان ). پێوەندی نێوان ئەو کەمایەتییانە و دراوسێ کوردەکانیش جار وبار ئاڵۆزە.، بە تایبەتی لە کاتی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد دا کە ئەوان بە هەڕەشەیەکیان زانیوە بۆ سەر خۆیان . لە ساڵی ١٩٥٩ کێشەیەکی سیاسی لە کەرکووک بوو بە هۆی خوێنڕێژییەکی زۆر لە نێوان کوردەکان و تورکومانەکاندا و ، لە ئێرانی شۆرشگێرێس دا ڕووداوێکی وەک ئەوە لە ساڵی ١٩٧٩ لە نێوان شیعەی قەرەپەپاغی نەغەدە و سوننییە کوردەکانی دراوسێیان قەوما ( ڤ. پراوێسن ١٩٨١).

**توێژبەندی کۆمەڵایەتی ، دانیشتووانی عەشیرەتی و نا عەشیرەتی**

ئەو تێکهاڵاویە مووزاییکی ئێتنیکی – ئایینی یە ، بە توێژبەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵۆزەوە ، پێچیڵپێچتر دەبی ، کە لێرە دا تەنێ دەکرێ کورتەیەکی دیمەنی هەرە ساکاری بکێشرێتەوە ( پارس ١٩٥٣ ، هەر وەها پراوانە ڤ.پراوێسن ١٩٧٨ ، ب ١٩٨٩ ). بەر لەوەی کە کۆنتڕۆڵی کاریگەری حکوومەتی نێوەندی لە هەموو کوردستان دابمەزرێ، لە لادێ و دەرەوەی شاران ، خێڵە کۆچەر و نیوە کۆچەرەکان لە باری نیزامی و هەر لە بەر ئەوەش لە باری سیاسییەوە کاتەگۆری سەردەستی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوان بە هاوبەشی بە سەر جڤاتەکانی جووتێرانی نیشتەجێ، چ مەسیحی و چ موسوڵمانی کورد زمان،کە لە باری عەشیرەتییەوە ڕێک نەخرابوون ، ئەغڵەب ڕەعییەتی سەرۆک عەشیرەتەکان بوون و ئەوان بە سەریان دا زاڵ بوون و فەرمانیان بە سەر دا دەدان. عەشیرەتێک هەر چەندی گەورەتر و بە هێزتر بایە، ئەوەندەش قەوارەی نێوخۆیی توێ توێتر و چین چینتر دەبوو، و پێوەندییەکانی نێوان سەرۆک عەشیرەتەکان و جووتێرانی ڕەعییەتییان زیادتر بیچمی ' فێئۆدالی ' پەیدا دەکرد.
گشت مەسیحییەکانی لادێ نشین سەر بە توێژی بندەست نەبوون، ڕضپەڕی زۆر گرینگ هەبوون ؛ بۆ نموونە

ئاسۆرییەکانی کوردستانی نێوەندی و بەلانی کەمەوە هێندێک لە سۆریانی تۆرحابدین . ئەوان بە ئازادی چەکیان هەڵدەگرت - شتێکی ناباو لە دەوڵەتێکی موسوڵماندا – و ڕێبەرەکانیان لە تەک هەر سەرۆکی کورد کە بتگوتبا جووت دەهاتنەوە. ژن و ژنخوازی لە نێوان ئەو مەسیحییانە و کورد موسوڵمانەکاندا دەگمەن بوو، بەڵام وا وێدەچێ کە ڕێسای بانگ بە گوێ دادانی باوکانە لە نێویاندا باو بووبێ؛ باوکێکی کورد دەکرا داوا لە دۆستێکی مەسیحی خۆی بکا کە خەتەنە سوورانی کورەکەی بگێڕێ، و دوای ئەوە دەبوو بە کریف ؛ توو؛ کرڤە [٤] ' گادفادر"ی کورەکە. لەوەش دەرچێ، تا ئەو دواییانە ، عەشیرەتێکی کۆچەری ئەرمەنی هەبوو کە بەشێک بوو لە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتێکی کورد [٥]. لە لایەکی دیکەشەوە، هەموو کوردەکانیش عەشیرەت نەبوون. کۆچەری مەڕدار ڕەنگە هیچ کاتێک لە نیوەی بەشێکی هەموو کوردان زیادتر نەبووبن [٦]. زۆر لە عەشیرەتەکان نیوە کۆچەر بوون و هەن ( واتە ئەوان زستانان لە گوندی هەمیشەیی نیشتەجێ بوون ، کاریان کشت وکار و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوو و هاوینان بە مێگەلەکەیانەوە بەرەو لەوەڕی چیایان کە چەند سەعاتێک یان چەند ڕۆژە ڕێیەک لە گوندەکانیانەوە دوور بوون، دەچوون). جگە لەوانە، هەمیشە ژمارەیەکی زۆری جووتێرانی تەواو نیشەجێی کورد زمان هەبوون کە خێڵەکی نەبوون، و ژمارەیەکی زۆریان لە بن دەست و فەرمانی سەرکردیەکی عەشیرەتیدا دەژیان. دانیشتووانی عەشیرەتی و ناعەشیرەتی تەقریبەن وەکوو دوو کاست وا بوون. جموجۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو دوو توێژە دا، وەنەبێ هەر نەبووبێ بەڵام زۆر دەگمەن بوو، لە نێو ' کاستی ' عەشیرەتیدا، بنەماڵە سەرکردەکان ( ئاغاوات ) بن کاستێکی جیاوازیان پێک دەهێنا، زۆر کەم لە گەڵ ڕەشووررووتی عەشیرەتیدا، ژن و زنخوازییان دەکرد. تا نێوەڕاستی سەدەی بیستەم هەبوونی خوێندن و پەروەردەی مۆدێرن و نوێ – باو ، تەقریبەن بە تەواوی تەرخانی ئاغاواتی کورد بوو.

**شوێنی دەوڵەتی نێوەندی**
**لە سەر توێژبەندی کۆمەڵایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان**

ئەو توێژبەندییە ئەستوونییەی کۆمەڵگەی کورد لە لایەن حکوومەتە نێوەندییەکانەوە پتەوتر کرا و تەنانەت هێزی وەبەر نرا. ئیمپراتوورییەکانی عوسمانی و فارسی و دەوڵەتە جێنشینەکانیان، قەت ئەوەندە بە هێز نەبوون کە ڕاستەوخۆ هەموو کوردستان کۆنتڕۆڵ بکەن. هەر بۆیەش شێوەی جۆر بە جۆری فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆ گەشە سەند، کە تێیدا سەرۆک عەشیتەتەکان کۆنتڕۆڵی ناوچەی هەراویان لە دەستیدا مایەوە لە بری گوێ لە مستی ڕەسمی و دانی پرێک خەرج و پیتاک، یان ئەندامانی ئێلیتی عەشیرەتی پلەی دەوڵەتی (بۆرۆکراتیک ) و نیزامیان درایە.

کە یسێکی بەدناو حەمیدییە یە، ئەو سوارانەی لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ( ١٩٠٨ – ١٨٧٦ ) ڕێک خران و بە نێوی وی کران، ئەو سوارانە تەقریبەن بە تەواوی لە عەشیرەتە کوردەکان پێک هاتبوون. سەرۆک عەشیرەتی دەستبژێر کراو و دەستوپێوەندیان چەکیان درابووتە، بۆ ئەوەێ پاسی ( کێشکی) گوند و دەوەروەی شاران بدەن و لە ئاست گلەیی و بناشتێکی کە لە هەڵسووکەوت و ئاکاریان کرابایە، هیچیان نەدەهاتەوە سەر و دەستیان بە تەواوت ئاواڵە بوو بۆ ئەوەی بیانەوێ بیکەن. بەم پێیە، هێز و دەستەڵاتی ئەم سەرکردە عەشیرەتییانە بە سەر بندەستەکان و ، هەر وەها لە هەمبەر سەرۆکە ڕەقیبەکاندا زیادی کرد. حەمیدییە لە بەر بەشدارییان لە قڕ کردنی ئەرمەنییان لە ساڵی ١٨٩٤، نێوبانگیان لە ئورووپا زرا و بەدناو بوون. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە زۆر جار کوردەکانی دیکەش هەر وەک ئەرمەنییەکان دەکەوتنە بەر تاڵان و برۆ ، زۆرداری و کوشتوویری ریپەنەکانی حەمیدییە. ( دەبێ لێرە دا ئەوە زیاد بکرێ کە لەو دەرکردن و ڕاگوێزانە دا کە بە دوای قڕ کردنت هەراوی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ دا کرا، تیپە عەشیرەتە کوردەکان وێناچێ بەشدارییان کرد بێ. ئەوە ئەڕتەشێکی ڕێکوپێک بوو کە زۆربەی کوشتویرەکانی کرد، ئەگەرچی هیچ گومانی تێدا نییە کە هێندێک لە کوردەکانیش بەشی خۆیان لە تاڵان و شرەخۆری خست).

لەو دواییانە دا ، حکوومەتی تورکییە هێزێکی شێوە نیزامی وەک ئەوەی ساز کردووە: پاسەوانانی گوند ( کوێی کۆروجولار) بۆ بەرهەڵسری توندوتێژی پارتیزانی پارتیا کارکەرێن کوردستان ( ڤ. پراونێسن ئا ١٩٨٨). مرۆڤ گوێی لە هەمان گلەیی و بناشتی سەردەمی حەمیدییە دەب : سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە ئەو پاسەوانانی گوندانە وەک ئەڕتەشی تایبەتی شەڕکەری خۆیان بەکادەهێنن ، لە دژی سەرۆکە ڕەقیبەکاندا بە شەڕیان دەدەن، جووتێران ڕووت دەکەن و دەیانچەوسێننەوە و دانێشتووان چاوترسێن دەکەن بۆ ئەوەی ملیان بۆ ڕاکێشن. حکوومەتی عێراق پێشتر پەنای بۆ هەمان شێوە بردووە و دەکاری هێناوە. کاتێک مەلا مستەفای بارزانت لە ساڵی ١٩٦١ وە شاخی کەوت، حکوومەتی عێراق ئەو عەشیرەتانەی چەکدار کرد کە دوژمنایەتی کۆنینەیان لە گەڵ شێخانی بارزان هەبوو و ئەوانی

نارده شەڕی ڕاپەڕیوەکان. لە تەواوی ساڵانی ٦٠ و ٧٠ دا، حکوومەت ئەو میلیشیا عەشیرەتییانەی بەکار هێنا، و ئەوانیش نیشانیان دا کە لە دژی بزووتنەوەی پارتیزانیی کورد زۆر لە ئەرتەشی ڕێکو پێک (رەسمی ) کاریگەرترن.

هاوکاری دەوڵەت و سەرۆک عەشیرەتە ناوچەییەکانی کورد هەمیشە بە مەبەستی دەستبەجێی نیزامی نەبووە. سەرۆک عەشیرەتەکان زۆر باوتر بووە کە ببنە درێژەی دەستگای بەڕێوەبەریی مەدەنی. لە زەمانی ئیمپراتووری عوسمانیدا، تا دە ساڵە سەرەتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم پێکهاتنێکی ڕەسمی لە نێوان دەوڵەت و میر نشینە ئۆتۆنۆمەکاندا هەبوو. ئەو فەرمانڕەوا ناوچەییانە ( ئەمیرەکان) ئەگەر قانوونی عوسمانییەکانیان ڕەچاو بکردبایە ، ماڵیاتیان بدابایە، لە تەک ئێراندا کەین و بەینیان نەبایە و کاکە و برالەیان نەکدبایە و زەوی و خاکی خەڵکی دیکەیان داگیر نەکردبایە لە لایەن حکوومەتی نێوەندی ڕا بە ڕەسمی دەناسران و دەسەڵاتیان ئەگەر پێویست بووبایە لە لایەن ئەو سەربازانەی کە لە ناوچە دا مۆڵ درابوون پشتیوانی لێ دەکرا. کاتێک ئەو فەرماندارانەی کە لە نێوەندەوە دیاری دەکران جێی ئەو میرانەیان دەگرتەوە و برۆکراسییەکی ئەستانی بەرەبەرە دەتەنییەوە و گەشەی دەکرد، پێوەندییەکی زۆر نارەسمی تر بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان کاربەدەستانی سیڤیل و ئەفسەرە نیزامییەکان لە لایەک و سەرۆک عەشیرەتەکان و شێخەکانی ناوچە لە لایەکی دیکەوە گەشەی سەند.

سەرۆکە عەشیرەتەکان هاوکارییان لەگەڵ دەستگای بەڕێوەبەری دەکرد لە بری شێوەی جۆراجۆری پشتیوانی لێکران و بەدەنگەوە هاتن. سەرکردە بەرزەفڕ و هێز لە کن خۆشەکان ئەو هاوکارییەیان یەکجار زۆر بەکەلک دەزانی بۆ پتەو کردن یان گەورە کردنەوەی هیز و دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان. ڕەقیبەکانی ئەو سەرۆکانەی کە لە بن باڵی دەستگای بەڕێوەبەریی دا بوون چ ڕێگەیان بۆ نەدەمایەوە لەوە بەدەر نەبێ کە ببنە سەرکێش یان بە دووی یەکگرتنی سیاسی لە شوێنێکی دیکە دا بگەڕێن. لە ڕابردوو دا هەمیشە ئیمپراتوری فارسی دراوسێ هەبوو کە ئەوان دەیان توانی لە گەڵی ڕێک کەون؛ لە سەدی ئێستا دا، بزووتنەوەی کورد بوو بە دەورگێڕێکی دیکەی ئامال – دەوڵەت کە سەربزێوان دەیان توانی لەگەڵی ڕێک بکەون ( بە پێصەوانە، ڕەقیبەکانی کۆنینەی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە لە ڕاپەڕینەکانی کورد دا بەشداریان دەکرد، غاڵبە لایەنی حکوومەتیان دەگرت بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانە).

لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا، چ ئاتاتورک لە تورکییە و چ ڕەزا شا لە ئێران هەوڵیان دا ئەو توێژە ناوبژیکارەی ئاغاوات نەهێڵن و فەرمانڕەواییەکی کاریگەری ڕاستەوخۆ دامەزرێنن. ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان، جار جار گشت عەشیرەتەکان  بە سەری خۆیان لە ناوچەیەک کۆچ پێدەدران و ڕادەگوێزران و لە بەشەکانی دیکەی وڵاتدا نیشتەجێ دەکران ( بەشیکچی ١٩٧٢ ، سالزمان ١٩٧١). هێزی پۆلیسی گوندان و دەرەوەی شاران ( ژاندەرمەری ) و دەستگای بەڕێوەبەریی مۆدێرنی کارگێری، هەر دووکیان لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی وڵاتەوە پێک دەهاتن و دەبوو لادێییەکان بخەنە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت. ئەو سیاسەتانە هەر تا ڕادەیەک سەرکەوتووانە بوون، چونکوو دەسەڵاتدارانی مەدەنی و نیزامی بۆیان دەر کەوت بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن حەوجێیان بە هاوکاری خەڵکی دەستڕۆیشتوو و بە دەسەڵاتی ناوچەیی یە. دواتر، زۆر لەو جۆرە سەرۆک عەشیرەتانە گەڕانەوە شوێنی خۆیان وەدەست هێناوە. زۆر دواتر، زۆر لەو جۆرە سەرۆک عەشیرەتانە گەڕانەوە شوێنی خۆیان و زۆر لە دەسەڵاتی پێسووی خۆیان وەدەست هێناوە. زۆر دواتر، لە ساڵەکانی ٦٠ و ٧٠ دا دوو تەگبیری دیکەی حکوومەت، دامەزراندنی خوێندنگە بۆ لادێییان و چاککردنی زەوی و زار لە عێراق و ئێران، دەسەڵاتی ئاغاواتی ئەوەندەی تر کەمتر کردەوە . پەروەردە و بارهێنانی مۆدێرن و ئەو هەلانەی کە بۆ کار پەیدا کردن ڕەخساندی، ئەگەرچیش بەرتەنگیش بوون ، بەسترانەوەی وەچە گەنجترە لادێییەکان بە سەرۆک عەشیرەتانی ، کەمتر کردەوە، لە کاتێکدا کە چاککردنی  زەوی و زار دەسەڵاتی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی هەتا بڵێی کەم کردەوە ( زۆربەی خاوەن موڵکەکان لە ئاغاواتن). بە پێصەوانە، لە تورکییە، خاوەن موڵکەکان زۆر سەرکەتووانە بەری هەموو جۆرە هەوڵێکی چاککردنی زەوی و زاریان گرتووە.

دوای شەڕی دنیاگری دووهەم، تورکییە بوو بە دێمۆکڕاسییەکی فرە پارتی. ئەوەش هەڵوێستی ئاغاواتی پتەوتر کرد کە بوونە دەنگوەرگری سەرەکی. سەرۆک عەشیرەتە ڕەقیبەکان هەر لایەکیان ڕەگەڵ دوو پارتییە سەرەکییەکە کەوتن. ئەوانەی کە پارتییەکەیان لە سەر حوکم بوو دەیان توانی ئەو دراوانەی کە بۆ پێشخستن تەرخان کرابوون و ئەو دەستگا و هۆیانەی کە دادەمەزران و کەرەمی پشتگیری لێکران کۆنترۆڵ بکەن و دیارە بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان و بەهێزترکردنی هەڵوێستی ئابووری خۆیان بە کاریان بهێنن . لە بەر ئەوەی کە دەستگای بۆرۆکراسی و ئیداریش تا ڕادەیەکی زۆر لە بن دەسەڵاتی سیاسی دایە، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە هاوپەیمانی پارتیی ئۆپۆزیسیۆنن لەوانەیە بەشی خۆیان لە پشتگیری لێکران پێببڕێ بە ڕێگەی هاوئەندامانی پارتییەکەیان لە

دەستگای بەڕێوەبەریدا. لەوەش دەرچێ، هەڵسوکەوت و تێکەڵاویی سەرۆک عەشیرەتێک لەگەڵ یەک لە پارتییە سەرەکییەکاندا ، پشتیوانییەکی سیاسی بۆ ڕاوەدوونەنان لە کاتی پێشێل بوونی قانوون دا، مەیسەر دەکا. هەر هەمان مێکانیزمی پشتگیری لێکردنی سیاسی بووەتە هۆی تێکشکان و بەڕێوەنەچوونی چاککردنی زەوی [٧].

پێوەندی و تێکەڵاویی هاوژینی نێوان ئاغاوات و کاربەدەستانی سیڤیل و عەسکەری لە ئاستی ناوچەییدا هەر بەردەوامە. زۆربەی ئەو کاربەدەستانەی کە دەناردرانە کوردستان و لەوێ کاریان دەکرد بۆیان دەردەکەوت کە بێ هەبوونی نێوانی خۆش و کارهەڵسووران لە تەک هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتە ناوچەیی یەکان، کاریان پێ ناکرێ و زوو دەکێشرانە نێو قەوارەی عەشیرەتی و کێشە زۆر و زەوەندەکانی. بەم ڕێگەیە دا، ئەوان هێز و دەسەڵاتی هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان بە سەر خەڵکی ڕەشووڕووت و هەڕەمە و هەر وەها ڕەقیبانی کۆنی ئەو جۆرە سەرۆکانە دا ، بە هێزتر دەکرد. قاچاغچێتی، جموجووڵێکی ئابووری زۆر گرینگ لە ناوچەکانی سەر سنوور دا، یەک لەو بابەتانەیە. قاچاغچێتی باو وابوو کە هەرکەس هێندێک ئازا و نەترس بایە بەشداری تێدا دەکرد و بەم ڕێیە دا زۆر لە خەڵکی هەڕەمە و ڕەشووڕوت هێندێک داهاتیزێدەیان وەگیر دەخست. هەموو مەنگێک ڕانەمەڕی گەورە و کەلوپەلی جۆراجۆری بازرگانی بە دزی و بە قاچاغی لە سنوورانەوە ئەو دیو و ئەم دیویان پێ دەکرا و دەپەڕاندرانەوە. کاتێک کە سنوورەکان کەوتنە بەر پاس لێگرتن و چاو بەسەرەوەبوونێکی زۆر کاریگەرتری نیزامی ، تەنێ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سەرۆکی پۆستی سنوور، یان فەرماندەی نیزامی ناوچە ڕێک دەکەوتن دەیانتوانی لە سەر ئەو کارە بەردەوام بن. باو وابوو کەسی ئەوتۆ هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان بن کە لە بری سانی بەرتیل و بەشی ئەوان تێخستن لە دەستکەوتەکانیان، دەیان توانی ئەو جموجووڵە بە پیت و بە دەستکەوتە بکەنە قۆرغی خۆیان.

یەک لە نموونەکانی دیکە تاپۆ کردنی زەوی و زارە. لە کۆن دا مافی جووتێران بە سەر زەوی و کێڵگەکانیاندا بە ئاشکرا و وورد دیاری نەکرابوو. تاپۆ کردن و سیایی گرتنەوەی خاوەنەتی زەوی لەلایەن دەوڵەتەوە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد، بەڵام هێشتاش بەتەواوی یەکلا نەکراوەتەوە. جاری وا هەیە کە چەند کەس زەوییەک هاوکات بە ئی خۆیان دەزانن . بە ڕێگەی هاوکاری کردن لەگەڵ کاربەدەستان و جارو بار سمێڵ چەور کردن و بەرتیل پێدانیان، زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان توانیان ئەوەندەی دەکرا زەوی بە نێوی خۆیان تاپۆ کەن لە سەر حیسانی ئەو کەسانەی کە لە سەر ئەو زەوییانە کاریان دەکرد. بەو ڕێگەیە دا زۆر لە جووتێران – بەتایبەتی ، وا وەبەرچاو دێ ، ئەوانەی کە سەر بە کەمایەتییەکان بوون و چ پشتیوانیی سیاسییان نەبوو – زەوییەکانیان لێ داگیر کرا.

بە زۆر ڕێگەی دیکەشداد، ئەو کاربەدەستانە کە لە نێوەندەوە دیاری کراون، ئەگەر زۆر جار چالاکانە لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوات دەرحەق بە جووتێران دا بەشدارییان نەکرد بێ، چاویان لێ نووقاندووە. ئەو جۆرە کاربەدەستانەی کە ملیان نەدەدا بە هاوکاری، هێندێک جار بە هەڕەشە و گورەشە وایان کێ دەکرا بێنە ڕەدایێ. لە نموونەی دیکە دا، سەرۆک عەشیرەتەکان توانییان، بە ڕێگەی ئەو پێوەندی و تێکەڵاوییەی کە کە لە جێی دیکە دا لەگەڵ بۆرۆکراسیدا بوویان ، کاربەدەستە ملنەدەرەکان لە ناوچەکان دوور بخەنەوە. تا ئەو جێیەی کە سەرۆک عەشیرەتەکان بە ئاشکرایی لە دژی دەستگای بەڕێوەبەری نەجووڵابنەوە، ئەوان توانیویانە دەستەڵاتە فێئۆداڵییەکان بپارێزن و تەنانەت بەهێزتریشی بکەن. [٨]

### کەسێتی ئێتنیکی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم

لە ساڵی ١٩٧٥ لە کاتێکدا ئەمن لە چایخانەیەکی پچووکی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەگەڵ پیاوێکی گەنج دانیشتبووم و قسەم دەکرد، لێم پرسی ئەو کوردە یان ئازەری یە؟ کوردەکان و ئازەرییە تورک زمانەکان ئەو دەستە ئێتنیکییە سەرەکییانەن کە لەو هەرێمە دا دەژین. وولامەکەی گێژی کردم: " ئەمن هەم کوردم هەم ئازەریم و فارسیشم" . ئەمن پێم وا بوو ئەو خۆم لێ هەڵە دەکا جا بۆیە پرسیار لێکردنیم درێژە پێدا بۆ ئەوەی بزانم بە ڕاستی ئەو چییە. بۆیە لێم پرسی لە ماڵەوە بە چ زمانێک قسە دەکەن؟ وولامی داوە بە کات هەڵکەوتووە، دایکی هەر کوردی باش دەزانێ، بەڵام ئەو لەگەڵ باوکی هەم بە کوردی و هەم بە تورکی قسە دەکا، جار جارەش بە فارسی. کە ئەوەم لێ بیست، پێم گوت ، دەوێرم بڵێم کە باوکی ئازەری یە و داتکی کوردە؛ لەوە خۆشحاڵ بووم کە لێم هەڵکراندووە بزانم کێیە. نا، ئەو گوتی ئاوا نییە، باوکی هەم کوردە هەم ئازەری یە و هەم فارسیشە. ئەو زاراوانە بۆ ئەو، زاراوەی ڕووتی زمانی بوون و بەس . نەک شەقڵی ئێتنیکی ، بەو جۆرەی ئەمن بۆیان دەچم. ئەمن نەمکرد لێی بپرسم داخودا ئەو سوننی یە یان شیعە ( ئازەرییەکان بە گشتی شیعە و کوردەکان بە گشتی سوونیین). بەڵام ئەمن دڵنیا نیم کە وولامی ئەو پرسیارەشی زۆر ڕوونتر دابایەوە، چونکوو ئەو زەمانی خەڵکی لاو زۆر ویشکە ئایین نەبوون.

هەڵبەت سەرچاوەی پرسیارەکەی من، بروای من بە هەبوونی ئێتنیسیتی بوو. زۆربەی ئەو خەڵکەی کە من چاوم پێیان کەوت، لە ڕاستیدا تەنانەت ئەوانەش کە بنەچەکی تێکەڵاویان هەبوو، بە ڕوونی و بێ لاری لێکردن خۆیان وەک کورد، تورک یان عەرەب دەناساند. بەڵام خەڵکی دیکەش هەبوون ، وەک ئەو کورە گەنجەی لە سەرەوە باس کرا، کە پێیان خۆش نەبوو شەقڵی تاقە یەک دەستەی ئێتنیکییان لێ بدرێ.زۆر لە پیاوانی بەساڵداچووی لە خوداترس و بە ئیمان، بە تایبەتی لە تورکییە، خۆیان تەنیا پێ سوننی بوو و پروایان وا بوو ئەو زمانەی پێی دەدوێن گرینگ نییە. هەر وەها خەڵکی ئەوتۆشم چاو پێکەوت ( لە ئەستانی ئاگری ، لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە ) کە ئەمن پێم وابوو ئەوان بابەتانە دەبوو کورد بن، بەڵام خۆیان پێکێشییان دەکرد و دەیانگوت تورکن- ئەوان بە هەر دوو زمانی کوردی و تورکی قسەیان دەکرد – گومانی تێدا نییە کە ئەو دوو کەیسەی ئاخری بە لانی کەمەوە بەشێکیان لە بەر سیاسەتی بە زۆر تاواندنەوە لە لایەن تورکییەوە و ئەو بۆچوونە ڕەسمی یەیە کە هەموو کوردەکان بە تورکی ڕاستەکی لە قەڵەم دەدا و ئاخی ئەوە هەڵدەکێشێ کە زمانی پەتی خۆیان لە دەست داوە. بەڵام تەنانەت لە سەروبەندانی پێشووش دا، زۆر خەڵکی ئەوتۆ لەو ناوچەیە دا ژیاون کە بە ڕواڵەت چ کەسێتییەکی ئاشکرا و دیاری ئێتنیکییان نەبووە.

ئەگەرچی دەبێ زۆربەی خەڵک هەر زمانێکی زگماکی لەمەڕ خۆیان هەبووبێ، بەڵام بە پێویستی ئەوتۆ نەبووە خۆیانی پێوە بلکێنن و پێ بناسنەوە. زۆر جار لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی دا کەوتووەتە بەر چاو کە توێژی سەرەوە ( ئێلیت) خۆیان وەک ' عوسمانی ' بناسێنن و تا ئەوەی خۆیان بە نیشانەی ئێتنیکی شەقڵ بکەن ( چونکە، وا گوتراوە کە ( خۆ بە ) ' تورک ' یان ' کورد ' دانان نالەباری و نە گونجان دەدرکێنێ ). ژمارەیەکی زۆر لە جووتێران نێوی خۆیان هەر بە ' ڕەعییەت ' ( ' بندەست ' ) هەڵدەدا، بێ ئەوەی شەقڵ و نیشانەی ئێتنیکی لێ زیاد کەن: ئەوان لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان دا بە جیاواز نێودێر دەکران وەکوو **گۆران، مسکین** ، **کڵاو سپی** و **کرمانج**، ئەو پێناسانە زیادتر شەقڵی چینایەتی بوون تا ئەوەی کە ئی ئێتنیکی بن [٩].

تەنانەت ئەوانەش کە نیشانەی ئاشکرای ئێتنیکییان پێوە بوو، ئێتنیسیتی بۆ ئەوان هەمیشە خەسڵەتێکی زۆر نەگۆر نەبوو. جاری وا دەهاتە پێشەوە کە گشت ئەندامانی عەشیرەتەکان وەک تورک نێویان تۆمار دەکرا و پاشتر وەک کورد ، یان پێچەوانە (ف.پراونێسن ١٩٨٩ب، ل ١٩ – ٦١٨ ). لە وانەیە تاک و تەرایان لە ماوەی تەمەنی ژیانێکدا کەسێتی ئێتنیکی خۆیان گۆڕیبێ. ئەمن چاوم بە پیاوێک کەوت کە وەک کوردێکی یەزیدی چاوی بە دنیا هەڵێنابوو و وەک ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە ، ببووە سوورییەکی مەسیحی ( سوریانی ) بۆ ئەوەی خۆی لە زوڵم و زۆری ئایینی ڕزگار کا. کاتێک کە جڤاتی سوریانیش لاوازتر بوو و کەوتە بەر زوڵم و زۆری لە زێدە، ئەو جار ئەو بوو بە موسوڵمان و دیسان " بۆوە کورد ".

پێشتر باسی ئەو ئەرمەنییانەمان کرد کە ببوونە زازا زمانی عەلەوی لە دەرسیم وئەوانەی کە سیرت دەیانگوت بوونە سوننی کورد. لە حەکاری ئەمن تووشی کوردی ئەوتۆ هاتم کە پێیان گوتم ئەوان بە " ڕەچەڵەک " نەستووری بوون و باسی گەرەکی مەسیحی نشینی " قوم قاپی " ی ئەستەمبووڵیان وەک " گەرەکی خۆیان " دەکرد. ئەو جۆرە تازە لە دین وەرگەڕاوانە کە شایەد بکرێ بە " مەسیحیی شاراوە " نێودێر بکرێن، هێشتاش بە جوانی جیاوازیان لەگەڵ کوردی ئەسڵی لێک دەکرێتەوە، بەڵام ئەوان ژن و ژنخوازییان لەگەڵ دەکرێ و ئەوانەی پێیان خۆش بێ بە تەواوی وەخۆ دەکرێن. بارێکی تا ڕادەیەک جیاوزی دیکە، چلۆنایەتی ژمارەیەکی زۆر لە عەلەوییە تورکە گەنجەکانە، کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە بەر هۆگری سیاسی خۆیان بە کورد دانا، ئەو خۆ گۆرینە بە هاسانی کرا، چونکوو ژن و ژنخوازی لە نێو عەلەوییەکانی تورک زمان، کورد زمان و زازا زمان دا لە مێژە ئاسایی بووە و گشتیان تورکی وەک زمانی ڕێسای ئایینی خۆیان دەکار دەکەن. لە گشت ئەو کەیسانەدا، هەر وەک بە تۆبزی تواندنەوەی کوردەکان لە زۆربەی تورک دا، هۆکاری سەرەکی بۆ گۆرینی کەسێتی ئێتنیکی سیاسی بووە.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد ( بزووتنەوەکانی پێشتری ئەرمەنییان ، عەڕەبان و تورکان ) بە ئاشکرایی مەیلی خەڵک بۆ دیاری کردنی کەسێتیی خۆیان بە پێی پێوانەی ئێتنیکی ، بەهێزتر کرد. بەڵام دەبێ ئاشمان لەوە بێ کە کەسێتییەکی پتەوی ئێتنیکی و بەشداری کردن لە ناسیۆنالیسمی ئێتنیکی دا زۆر شل بەیەکەوە گرێ دراون. لە شەڕی یەکەمی دنیاگر دا و لەو خەباتە ڕزگاریخوازییەی کە لە تورکییە بە دوویدا هات ، ڕووناکبیرانی شارستانی کورد بۆیان دەرکەوت کە عەشیرەتە کوردەکان بە هیچ جۆر گوێیان بە پەیامی ناسیۆنالتستی ئەوان نابزوێ. ئەوان وەک موسوڵمان هەستابوونە سەر پێ و ساز درابوون، لە پێشدا بەو بانگی جیهادەی کە سوڵتان دای و دواتر بە بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی ئاتاتورک بۆ پاراستنی بەتەوەی موسوڵمان [١٠]. تەنیا دوای ئەوەی کە ئاتاتورک لێ پرا تورکییەی نوێ وەک دەوڵەتێکی نوێ بناسێنێ و خەلافەتی هەڵوەشاند ئەو دەمی کرا ژمارەیەکی زۆر

له کوردەکان بە پێی زەمینەیەکی بە تایبەتی کوردی لە دژی دەوڵەت دەنگ بدرێن ( ف، پراونێسن ١٩٨٥ ). لە بەر ڕکر بەری عەشیرەتی و زۆر هۆی دیکەش ، زۆربەی ڕاپەڕینە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان لە لایەن کوردەکانی دیکە ڕا دژایەتییان لەگەڵ کرا و تەنانەت شەڕیان کرا کە خۆشیان هەستیان بە کەسێتیی کوردی خۆیان دەکرد. لە ساڵەکانی ١٩٧٠، تەنانەت لە تورکییە، کوردی ئەوتۆش هەبوون کە لەگەڵ پارتیی پان تورک و فاشیستی ' حەرەکەتی میللی " کەوتن.

لە لایەکی دیکەوە، لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لایەوە، مەسیحییە کەلدانییەکان و بەستوورییەکانی باکووری عێراق چالاکانە لەوێ لە بزووتنەوەی کورد دا بەشدار بوون، بە بێ ئەوەی دەست لە کەسێتیی جیاوازی خۆیان هەڵگرن ( ئەگەرچی کوردەکان بەلایانەوە پەسندتر بووە کە ئەوان وەک " کوردە مەسیحییەکان " ناودێر بکەن). چەند کەس لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەی هەرە تیژرەوی (ڕادیکاڵ) کورد لە تورکییە، واتە پارتیا کارکەرێن کوردستان ( پ.ک.ک)، بە بنەچەکە و لە باری ئێتنیکییەوە تورک بوون. لە کاتێکدا ئەرمەنییەکان دەوری چالاکیان لە چەندین ڕێکخراوەی دیکەی کورد دا گێراوە. ئەمن دۆستێکی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنیم هەبوو کە بە پێی نێوەرۆکی سیاسی ، لە نێوان ڕێکخراوە چەپەکانی کورد و تورک دا جێ گۆڕکێی دەکرد و خۆی بە ئەرمەنی ، کورد یان بە هاووڵاتییەکی تورک دەزانی. کاتێک ئەو کووژرا ، هەم ڕێکخراوە چەپییە ئەرمەنییەکان و هەم ڕێکخراوەیەکی چەپی تورک بە شەهیدی خۆیان ناساند.

کورتی ببرینەوە، ئێتنیسیتی شتێکی سستە و بە لانی کەمەوە تا ڕادەیەک دڵخوازانەیە. ئەوە نییە کە تەبیعەت دابێتی، پێویست ناکا کە کەسێک خشت سەر بە دەستەیەکی ئێتنیکی تایبەتی بێ، هەر کەسێک چەند کەسێتییەکی هەیە کە تا ڕادەیەک تێک دەهاڵێن و ئەوە بە هەلومەرچ و وەزعی کەسەکە بەستراوەتەوە کە کامەیەک لەو کەسێتییانەی خۆی جەخت دەکاتەوە. سوننییەکی زازازمان زازایە، کوردە ، موسوڵمانێکی سوننی یە و هاووڵاتییەکی تورکییە یە. ئەو هەر وەها سەر بە چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە و ڕەنگە سەر بە عەشیرەتێکی تایبەتیش بێ، دانیشتووی گوندێکی تایبەتی یان دۆڵێکی تایبەتی و لەوانەیە موریدی شێخێکی تایبەتی ، یان ئەندامی چالاکی ڕێکخراوەیەکی سیاسیش بێ. ئەو لە کات و ساتی خۆیدا ڕوو لە هەر کام لەو کەسێتییانە دەکا. لە حاڵی حازر دا ، زۆربەی زازاکان بەر لە هەموو شتی دی خۆیان بە کورد دادەنێن، بەڵام ئاکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان زۆرتر بە هۆی وەفاداری زۆر بەرتەنگتر دیاری دەکرێ. لەو ناوچانەیدا کە لە شوێنی عەلەوییەکاندا کێشە و هەرای زۆر هەڵئاییساوە ، خەڵک بە دەرەجەی یەکەم خۆیان بە سوننی یان عەلەوی دەزانن تا ئەوەی خۆیان بە تورک یان بە کورد بزانن. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد ، هێزێکی گرینگی سیاسی بوو کە زۆر خەڵکی وا لێکرد کە کەسێرییەکی ئێتنیکی ڕوون و ناڵێڵ هەڵبژێرن. ئەمن ئێستاش بیر لەو گەنجە دەکەمەوە کە بە خۆی دەگوت کورد و تورک و فارس، داخودا دوای زیادتر لە دە ساڵ خەباتی چەکدارانە لە نێوان کوردەکان و حکوومەتی نێوەندیی ئێران دا ، خۆی بۆ ساغ بووەتەوە. ئایا ئەو هێشتا دەتوانێ ئەم کەسێتییە سێ لایەنەیەی خۆی بپارێزێ.

**ئێتنیسیتی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد**

ناسیۆنالیزم لە جێدا پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕێکی مۆدێرنە و ئەم نموونامەی سەرەوە دەیدرکێنن کە جەخت کردنەوەی ئێنیسیتی کوردیش بە نیسبەت دیاردەیەکی نوێ یە. سەبارەت بە بەڵگەهێنانەوەکانی نووسەرانی وەک ئاندرسۆن(١٩٨٣) و گێلنێر(١٩٨٣)، کە دەڵێن نەتەوە بەرهەمی پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕی بە نیسبەت تازەی تێکنۆلۆژی و ئابووری یە، دەکرێ قسەیەکی زۆر بکرێ . سەرنجەکانی گێلنێر لەمەڕ ئەو قەڵشتە فەرهەنگییانەی کە لە کۆمەڵگە " "خوێندەوارە-وەرزیری"یەکاندا، ئێلتی لە بەرهەمهێنەرانی لادێیی جوێ دەکردەوە بێ ئەملاو ئەولا لە سەر کەیسی کورد ڕاست دەردەچن. ناسیۆنالیزمی کورد، ئەگەر لە تۆوی خەبات و ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کۆچکردنی هێزی کارەوە نەگووڕابێ، ئەوەی گێلنێر بە هۆکاری سەرەکییان دەزانێ، بێ ئەملاو ئەولا بەرەو کشانی کۆمەڵان بەرەو ئەو لە سۆنگەی ئەم هۆکارانەیە. پێوەندی تازە، چاپ، ڕادیۆ و ڕیکۆردری شریت، یارمەتییەکی زۆریان بە سازکردنی "نەتەوە"یەکی کورد داوە وەک"جڤاتێکی بیر لێکراو" واتە وەکوو جڤاتی گەلێک کە مرۆڤ قەت ڕاستەوراست تووشی نایە بەلام دەزانی هەیە و دەیەوێ وەک خەڵکی دی چاو لێبکری( ئاندرسۆن ١٩٨٣). بەڵام ئێتنیسیتی کورد زۆر لە ناسیۆنالیزمی کورد کۆنترە. "جڤاتێکی بیرلێکراو"ی کوردان، ئێتنیەکی [١١]  تەواو دیاریکراوی کورد چەندین سەدەیە کە هەبووە، ئەگەرچی ناساندنی ڕەنگە لە سەردەمانی کۆندا لە چاو ئێستا کەمتر هەموو لایەنە و هەموو گیرتربوو بێ.

لە ساڵی ١٥٩٧ فەرمانڕەوای میرنشینی بتلیس، شەرەفخان "شەرفنامە"کەی خۆی تەواو کرد، مێژوویەکی بنەماڵە فەرمانریوا کوردەکان و ئەو لەو نووسینەدا کوردەکان لە عوسمانییەکان(ڕۆم)، فارسەکان(عەجەم)، عەرەبەکان، ئەرمەنییەکان وئاسۆرییەکان بە جوێ دادەنێ. کورد بۆ ئەو بریتین لە زازا و گۆران و هەروەها ئەوانەی بە کوردی سەرەکی دەئاخەفن، هەروەها عەلەوییەکان و یەزیدییەکان و سوننییەکان. لە گەڵ ئەوەشدا گشت ئەو کوردانەی ئەو باسیان دەکا، نەجیوزادەی شارستانی یان عەشیرەتن، ئەو بە جووتێرانی بندەست، بێ لە بەرچاوگرتنی ئایین و زمانیان قەت ناڵێ کورد. نووسەری تورک ئەولیای چەڵەبی، کە لە نیوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا، گەشت و گەڕانیکی زۆری بە کوردستاندا کردووە، ئەویش بە ڕاشکاوی و خشتی، باسی کوردان وەک گەلێکی سەربەخۆ دەکا و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەت و دەستە دیالێکتەکان، دیسان وەک زازا، عەلەوی و یەزیدییەکان بەو نێوەوە هەڵدەدا (ف. پروانیسن ١٩٨٨ B).

لە شێعری حەماسەیی کوردی "مەم و زین" دا کە لەلایەن شاعیر و زانای کورد ئەحمەدی خان١٦٥٠ - ١٧٠٦هۆنراوەتەوە، ئێمە تەنانەت دەربڕینی ئەوتۆ دەبینین کە زۆر وە هەستی ناسیۆنالیستی مۆدێرن دەچێ. لە دیباچەی شوێنەوارەکەیدا دەڵێ، بە سەرساوین لە دژی کردەوەی پەسندکراوی گشتی و بە پێچەوانەی ئەو کارەکەی خۆی بە فارسی نەنووسیوە بەڵکوو بە کوردی نووسیوە، بۆ ئەوەی " دا خەڵق نەبێژتن کو ئەکراد/ بی مەعریفەتن، بی ئەسڵ و بنیاد/ ئەنواعی میلەل خودان کتێبن/ کورمانج تەنێ د بێ حسێبن" خانی سکاڵا دەکا لە دووبەرەکی سیاسی کوردان و دەڵێ ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە عوسمانی و فارسەکان بە سەریاندا زاڵ بن و فەرمانڕەواییان بە سەردا بکەن، ئاخ ئەگەر کوردەکان بێتوو لە ژێر ئاڵای فەرمانڕەوایەکی بەهێزی خۆییدا یەک بگرن، ئەو دەمی زانین و هونەریش لە نێو کورداندا پرەو پەیدا دەکا و عوسمانییەکان، فارسەکان و عەربەکان دەهێننە بەر ڕکێفی خۆیان [١٢]

ئەو فەرمانڕەوا بە هێزەی خانی قەت سەری هەڵنەهێنا، بەڵام ئەو حەماسەکەی خزمەتی ئەو مەبەستەی کردووە کە ئەو دەڵێ" مەم و زین"ی لەبەر ئەوە نووسیوە. ئەوە- بەلانی کەمەوە لە سەدەی بیستەمدا- بوو بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ شانازی فەرهەنگی کوردی. جێی سەرنجە، کە ئەوە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان بوون لە سولالەی فەرمانڕەوایانی جزیرا بۆتان و لە ناسیۆنالیستە هەڵکەوتووەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە بۆ یەکەم جار " مەم و زین" یان وەک حەماسەی نەتەوایەتی کورد وەخۆکرد. داستانی مەم و زین لە مەڵبەندی جزیرابۆتان ڕووی داوە و پیوەندی بە دەرباری ئەو میرنشینەوە هەیە، هەر بۆیەش ئەوە دەیتوانی ببیتە هۆی وەدیهاتنی هیوای حەقانی بەردخانییەکان بۆ وەدەستهینانی دەوریکی باڵا لە نیو نەتەوەی کورددا. ئەو حەماسەیە ئەدەبییاتی دەرباره و کوردەکانی خانی جووتیر نین بەڵکوو سەر بە ئێلیتی"فێیۆدال"ن. ئەدەبیکی فۆلکلۆری کوردی هەیە کە باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە دەگەنەوە سەدەی حەڤدەهەم، بەڵام ئەوان ئەو وشیارییەی کوردبوونە لە مەڕ "جڤاتێکی لە بیرلیکراو" ئەو جۆرەی کە زانیاریدەرە نەجیوازادە کوردەکانی شەرەفخان، ئەحمەدی خانی و ئەولیای چەڵەبی نیشانی دەدەن تێییاندا بەدی ناکرێ .

بە لانی کەمەوە لە سەدەی شازدەهەمەوە( شایەد زۆر پێشتریش) وشیارییەکی ئێتنیسیتی کوردی ئاشکرا لە نێو فەرمانڕەوایانی کورد و ئێلیتی عەشیرەتی دا هەبووە. ئەو مەفهوومی ئێتنیسیتییە تەنێ دەربارەکان و عەشیرەتەکانی دەگرتەوە و بە ڕەواڵەت جووتێرانی بندەست و توێژە خوارەوەکانی شارنشینی دەردەهاوێشت. لەو پلەیەدا کوردەکان ئەو قەوارەیان پێکهێنا ئەوەی کە سمیت(ل:٦٧-٨٣، ١٩٨٦) پێی دەڵێ "ئێتنی لاوەکی-ئاریستۆکراتی"( بە پێچەوانەی ئێتنی ئەستوونی-دیمۆکراتی، کە لە سەر بناوانی قازانجی"چینایەتی" تێکرایی نییە، بەڵکوو بە پێی هەستێکی بەهێزی فەرهەنگی و بە تایبەتی ئایینی، هاوکۆیی یە). ئاشکرایە کە زمان و ئایین بریاردەرە سەرەکییەکان نین، ئەگەرچی ئەو سوننییانەی کە بە کوردی سەرەکی دە ئاخەفتن کاکڵی سەرەکی ئەو ئێتنییەیان پێکدەهێنا. ئایین، بە تایبەتی زۆر گرینگ نەبوو: چەندانێک لە خانەدانە میرنشینەکان ئایینیان گۆڕی و لە سوننییەوە بوون بە شێعە و دیسان هاتنەوە سەر سینگ و پەتی پێشوو، ئەوەش بە ڕواڵەت لە بەر شێوەی هاوپەیمانیان لە گەڵ عوسمانییەکان، یان سەفەوەییەکاندا( بۆ نموونە پروانە ف. پراونیسن ١٩٨١). ئەو هەستی نێو کۆیی یە لە سەر بناوانی زێد( زنجیرە شاخی زاگرۆس و چیا بەرزەکانی ئاسیای پچووکی ڕۆژهەڵات)، فەرهەنگ و ئێتۆسێکی هاوبەش، تەجرەبەیەکی مێژوویی هاوبەش، دەوری نێکەوەچوون و بوونەیەکی میرنشینەکانی وەیەکدی چوو، جیاوازی زمان و جیاوازی دیکەی فەرهەنگی لە تەک عەشیرەتە دراوسێیەکانی عەڕەب و تورکدا، بوو. ئەفسانەی هەبوونی بنەچەکەی هاوبەش لە گۆڕێدا بوو، لە کاتێکدا هاوپەیمانی ژن و ژنخوازی پێوەندی نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکانی پتەو دەکرد.

هەستی نێو کۆیی، لە گەڵ ئەوەشدا، قەت نەگەیشتە یەکایەتی سیاسی ئێتنی . کێشەی نێوان عەشیرەتەکان هەمیشەیی بوو. میرنشینەکان توانیان تا ڕادەیەک پێش بە کێشە عەشیرەتییەکان بگرن، بەڵام کاتێک ئەوان لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا هەڵوەشێندران، ئێتنی کورد ئەوەندەی دیکەش پارچەپارچە بوو. ئەفسەرێکی سیاسی بریتانیایی کە ڕاست دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی دنیاگر لە کوردستانی نێوەندی خزمەتی دەکرد و قازانجی لەوەدا بوو کە کوردەکان لە ئاست تورکان بە یەکگرتوو ببینێ ئاوا دەڵی:

" وەک ڕەگەزێک ئەوان بوونێکی سیاسی نین. کۆکراوەیەکن لەعەشیرەتان بە بێ ئەوەی بە یەکەوە بەسترا بێتنەوە و مەیلێکی زۆر کەمی هاوپێوەندییان لە تەک یەکدیدا هەیە. پێیان خۆشە لە قەڵاچیایی یەکانیاندا بژین و سەر وەبەر هەر حکوومەتێکی کە لە سەر کار بێ دەهێنن تا ئەو جێیەی کە ئەم دەستەڵاتە هەر بە ڕواڵەت حوکمیان بە سەردا بکا"(هەی ١٩٢٦ ل ٣٦).

وەکوو هاوکارەکانی، هەی پەسنی زۆری کوردانی داوە خۆشی ویستوون، ئەو پێشبینی کرد( بڵێی قسەکانی ئەحمەدی خانی بیستبێ؟) کە " ئەو ڕۆژە دێ کە کوردەکان هەستی نەتەوایەتیان دەجووڵێتەوە و وشیار دەبنەوە، ئەو ڕۆژ دەوڵەتەکانی تورک و فارس و عەرەب سەرجەم دەبنە تۆزی بەر پێیان، بەڵام ئەو رۆژە جاری زۆر دووره".(هەرلەوێ)

لە گەڵ ئەوەشدا، تا سەردەمی هەی، پرۆسەی کار لە سەر یەکانگیر کردن وەگەڕکەوتبوو. تەریقەتە عیرفانییەکان، بە تایبەتی نەخشبەندییە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەستەڵاتێکی بەربڵاوی پەیدا کرد.ئەندامەتی لە تەریقەتەکاندا سنووره عەشیرەتییەکانی تێپەڕاند، جا بۆیە شێخەکانیان وەک حەکەم و ئاشتکەرەوە لە کێشەی عەشیرەتیدا هاتنە مەیدانێ و دەیانتوانی ئەگەر پێویست بوایە کردەوەی هاوبەش و هەرەوەزی لە نێو ئەو عەشیرەتانەدا کە پێشتر دوژمنی یەکتری بوون ڕێک بخەن. شێخەکان لە تۆر و ڕایەڵەیەی مامۆستا- شاگرددا کە بەشی زۆر هەراوی کوردستانی تەنیبووە لە یەک هاڵابوون. هەر بۆیەش ، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، زۆربەی ڕاپەڕینەکوردەکان لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ و ١٩٣٠دا لە لایەن شێخانی تەریقەتەوە ڕێبەری دەکران. ئەو یەکێتییەی کە شێخەکان سازیان دەکرد بە دەگمەن دەکرا لە بەر جۆششێکی بە کفوکوڵ خۆبگرێ و بمێنێتەوە، بەڵام تەریقەتەکان وشیارییەکی زۆر گشتیتریان سەبارەت یەکێتی ئێتنیکی ساز کرد کە جیاوازی و ناتەباییەکانی عەشیرەتی ناوچەیی دا دەپۆشی.
لەوەش گرینگتر، تەریقەتەکان دەنێو جووتێران، سەنعەتکاران و کرێکارانی شار و هەروەها عەشیرەتەکاندا مورید و لایەنگری خۆیان هەبوو. ئەوانە وەسیلەیەکی زۆر گرینگ بوون کە بە ڕێگەی ئەواندا چینەکانی خوارەوە، بەربەره لەتەک ئێتنی کورددا یەکانگیر بوون. لای دیکەی سکەکەش، هەڵبەت ئەوە بوو کە ئێتنی کوردی بە شێوەیەکی زۆر قایمتر بە ئیسلامی سوننییەوە گرێ درا و شیعەکان و عەلەوییەکان و یەزیدییەکان کەوتنە پەراوێزەوە . بەشداری کورد لە قەتڵ و بڕی ئەرمەنییان و نەستوورییان ڕەنگە بە لانی کەمەوە بەشێکی لە سۆنگەی ئەو گەشە و پێشوەچوونە دا بووبێ .

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، یەکەم کۆمەڵە فەرهەنگی و سیاسییە کوردەکان لە ئەستەمبووڵ دامەزران. لەو ڕێکخراوانەدا دوو باڵی بە ئاشکرا جیاواز بەدی دەکران. یەکیان لە لایەن بەدرخانەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرا و ئەوی دیکەیان لەلایەن شیخ سەید عەبدولقادر، لە تۆرەمەی یەک لە بنەماڵە هەره بەڕێزه شێخەکان. دەستەی بەدرخان لە ئاریستۆکرات و نەجیوزادەی شارستانی و بە پەروەردەیەکی مۆدێرن و عیلمانی پێکهاتبوو، لەم تیپەنەدا هەم ئاخێوەری زازا، هەم کورمانجی و چ سۆرانی هەبوون، هەروەها عەلەوی و سوننیش. دواتر ئەم تیپەنە مەیل و خۆشەویستییەکی زۆری لە ئاست ئایینی یەزیدییەوە لە خۆوە نیشاندا و ئەوەندەی هەڵدا تا ئەوەی کە نێوی ئایینی بنچینەی کوردی لێنا. تیپەنەکەی سەید عەبدولقادر، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی وەک ئەوان ئاریستۆکرات و نەجیزادە بوون، لە موسڵمانی سوننی لە خوداترس پێکهاتبوو. جێی سەرنجە، ئەسنافە کوردەکانی دانیشتووی ئەستەمبووڵ کە ئەندامەکانی لە پاتراوی هەژاری بە بنەچەکە جووتێر و عەشیرەتی پێکهاتبوون بێ دڵەڕاوکێ و بە ئاشکرا ڕایان گەیاند کە سەید عەبدولقادر تەنیا کەسێکە کە ئەوان پێیان خۆشە دەمڕاستیان بێ و بە نێوی ئەوانەوە قسە بکا. ڕێفۆرمیستی ئایینی و ناسیۆنالیستی خۆپارێز سەعیدی کوردی ( سەعید نوورسی)، کە سەر بە هیچکام لەو تاقمانە نەبوو، ڕووی چالاکی و هەڵسورانەکانی زیادتر لە ناسیۆنالیستە عیلمانیەکان لە چینەکانی خوارەوە بوو.

کاتێک کە بیری ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت جوێ بوونەوەی تەواوی کوردستان لە پاشماوەی ئیمپراتوری عوسمانی دە نێو ناسیۆنالیستە شارستانییەکاندا زەمینەی وەدەست هێنا( واتە کاتێک ئەوان لە چوارچێوەی خاکدا بیریان لە نەتەوەی کورد کردەوە)، ئەوجار دەستیان بەوە کرد توێژەکانی خوارەوە زۆر بە ڕاشکاوتر بخەنە ڕایەڵەی " جڤاتە بیرلێکراوە" کوردییەکەی خۆیان. لە سەرەتادا ئەو یەکایەتییە ئەستوونییەی کۆمەڵایەتی بووە هۆی دەرەجەیەک لە

نامۆیی لە یەککردنی کوردە سوننییەکان و کوردە عەلەوییەکان. لەساڵی ١٩٢٠ و ١٩٢١دا سەرۆک عەشیرەتەکانی عەلەوی ڕۆژئاوای دەرسیم، کە وەک کورد باسی خۆیان دەکرد، بە بێ ئەوەی بەسترانەوەی ئایینی خۆیان بهێننە گۆڕێ، سکاڵایەکیان پێشکێشی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا کرد سەبارەت بە داوخوازی ئۆتۆنۆمی ئیداری، لە پێشدا بۆ هەموو کوردستان و دواتر بۆ ناوچەکانی خۆیان. لە ساڵی ١٩٢٥، ڕاپەڕینێکی گەورەی کورد لە مەڵبەندی دیاربەکر هەڵئایسا. نەخشەی ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن ئەفسەرانی ناسیۆنالیست و ڕووناکبیران ڕا داڕێژرابوو، بەڵام ناچار بوون سەرۆکایەتی بدەنە دەست شێخانی نەخشبەندی و بۆ ئەوانی بەجێ بهێڵن، چونکوو تەنیا ئەوان بوون کە قسەیان دەڕۆیشت و گوێڕایەڵیان لێدەکرا. بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە تەقریبەن بە خڕی زازای سوننی بوون، هەم عەشیرەت و هەم هەژاری شارنشین. عەلەوییەکانی دەرسیم بێ لایەن مانەوە، چەند عەشیرەتێکی بچووکی عەلەوی لە ناوچەی ڕاپەڕینەکاندا، تەنانەت چالاکانە شەڕیان کرد، چونکوو خەسڵەتی سوننی ڕاپەڕینەکە، هەڕەشەیەک بوو بە سەریانەوە ( فرات،١٩٧٠ .. ف. پراونێسن ١٩٨٥). لە ساڵی ١٩٣٧دا عەشیرەتە عەلەوییەکانی دەرسیم ڕاپەڕینێکیان کرد کە چریکەی ناسیۆنالیستی کوردی دەچڕی، ئەوجار هیچکام لەکوردە سوننییەکان دەفریای نەکەوتن و پشتیان نەگرت.

لە ئێران و عێراقیش، ناسیۆنالیزمی کورد، لەدەستپێکرا تەنیا توانی لە ژێر سەرۆکایەتی ئایینیدا کۆمەڵانی خەڵک کۆکاتەوە،کە ئەو بزووتنەوەیان کردە بزووتنەوەیەکی تایبەتی سوننی . لە عێراق، ئەوە شێخی قادری، شێخ مەحموودی بەرزنجی سولەیمانی یە و شێخی نەخشبەندی، شێخ ئەحمەدی بارزانی ( براگەورەی مەلا مستەفا) بوون کە جووتێرانی هەژار و هەروەها تاکو تەرای عەشیرەتیان لە ڕاپەڕینە ناسیۆنالیستییەکاندا، دژ بە بریتانیا و دواتر دژ بە حکوومەتی سەلتەنەتی کۆکردەوە. لە کۆماری کوردی کەم تەمەنی مهابادیشدا(١٩٤٦)، دەستەڵاتی ئایینی قازیی محەمەد پێویست بوو بۆ ئەوەی بەشداری چینە جۆربەجۆرەکانی شارنشین و عەشیرەتەکان دەستەبەر بکرێ. کوردە شیعەکانی خوارووی کوردستان بە تەواوی بێ لایەن مانەوە لە بەشداری کردن لەو ڕاپەڕینانەدا کە لە لایەن کوردە سوننییەکان ڕا سەرۆکایەتی دەکران.تەنیا لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا، کاتێک کە بزووتنەوەی کورد لە عێراق چیدیکە لەلایەن دەستەڵاتدارانی ئایینی ڕا بەڕێوە نەدەچوو بەڵکوو ڕێبەرایەتییەکەی بەدەست پارتییەکی عیلمانی بوو، شیعەکان دەستیان پێکرد کە بەشداری تێدا بکەن.

گۆڕانەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری کە لە ساڵی ١٩٥٠دا وەگەڕکەوتن یان خێراتر کران- مێکانیزەکردنی کشتوکاڵ، سەنعاتی کردن، کۆچکردنی لادێ نشینان بۆ شاران، دەنگدان و کۆکردنەوەی سیاسی لە سیاسەتەکانی پارتایەتی ڕکەبەرانەدا، هەراوبوونی خوێندن و پەروەردەی گشتی و گەشەسەندنی ئامراز و هۆی پێوەندی گشتی- بناخەی کۆنی کۆمەڵایەتی کوردستانیان هەڵتەکاند. دڵسۆزییە عەشیرەتییەکان ئەگەرچی بە هیچجۆر ون نەبوون، بەڵام کز بوون نەک لە بەر کۆچکردنی ئەندامان بەڵکوو لە بەر توندوتیژبوونی کێشەی شێوە- چینایەتی نێوکۆیی عەشیرەت. ژمارەی کوردانی شارنشینی شارە گەورەکان وەکوو ئەستەمبووڵ، ئانکارا، بەغدا و تاران و هەروەها شارە دەرەجە دووهەمەکان لەکوردستان خۆیدا زۆری کرد و هەڵمسا. ڕکەبەری بۆ وەدەستهێنانی کار و سەرچاوەی ژیان زۆربەی پاتراوەکانی بە ڕایەڵە و تۆڕی پشتیوانی لێکرانی ئەو تۆوە بەست کە چیدی بریتی نەبوو لە خۆبەستنەوە بە عەشیرەتان بەڵکوو بە ناوچەی زۆر هەراوتر و ڕیشە وبنەمای زۆر بەربڵاوترەوە و ئەمە بەلانی کەمەوە لە هێندێک لە پاتراوەکاندا وشیاریەکی سەبارەت بە کەسێتی کوردی خۆیان و هاوپێوەندی ئێتنیکی بەهێزتر کرد. لەو شوێنانەی کە ڕێکخراوە کوردییەکان هێشتامابوونەوە، وەکوو عێراق، ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە بە خێرایی زیادیان کرد. لە تورکییە جێیەکی کە ئەوەی کوردی بێ سەرکوت کرا بوو، زۆر کۆمەڵەی کوردی نوێ، چ ڕەسمی و چ بەدزی لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا، دامەزران- جێی سەرنجە لە پێشدا لە ئەستەمبووڵ و ئانکارا و تەنیا دوایە لە کوردستان خۆی دا.

نفووزی ئیدەئۆلۆژی کەمالیزم، پان عەرەبیزم و ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی ڕامانی چەپ بە یەکەوە لە گەڵ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیە ئابوورییانە مەفهوومێکی عیلمانی و گەلی و ئێتنی کوردی پێگەیاند، کە تا ڕادەیەکی زۆر جێی ئەوی پێشووی ئاریستۆکراتی و ئایینی گرتەوە. جێی سەرنجە، کە زاراوەی " کورمانجی" کە لە بناوانەوە لە باکووری کوردستان بۆ نێودێرکردنی جووتێرانی بندەست دەکار دەکرا بوو بە هاوتای"کورد". ئەگەرچی زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی ئەو ڕێکخراوانەیان ڕێبەری دەکرد، ئەگەر هەمووشیان نا، خۆیان سەر بە توێژی ئاغاوات بوون، بەڵام ئەوان ڕووی قسەوپەیامیان بە ئاشکرایی لە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەی کورد بوو و قازانج و بەرژەوەندی ئەوانیان دەهێنا گۆڕێ. هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئەوان بۆ یەکانگیری ئەستوونی نەتەوەی کورد بەشێکی سەرکەوتووانە بوو. لە ڕاستیدا هەموو ڕێکخراوەیەکی کورد بە نێوی گشت چینەکان دەدوا و تەنانەت پشت بەستنی بە جووتێران و کرێکارانی کورد دادەگرتەوە. بەڵام زۆربەی جووتێرانی کورد تا ماوەیەکی زۆر لە ئاست بزووتنەوەی کورد بێ لایەن مانەوە. لە

بزووتنەوەی کوردی عێراقدا- کە تێیدا، لە بەر شەڕی پارتیزانی درێژخایەن، دیسان عەشیرەتەکان دەورێکی گرینکیان گێرا- لە ڕاستیدا هیچکام لە جووتێرانی ناعەشیرەتی قەت بەشداریان تێدا نەکرد. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە قازانجەکانیان غالبە لە لایەن حکوومەتی نێوەندی ڕا، کە چاککردنی زەوی و زاری هێنایە گۆڕێ، باشتر خزمەتی پێدەکرێ. هەمان شت تا ڕادەیەک لە ئێرانی سەردەمی شادا، ئاوا بوو. تەنێ لە تورکییە بزووتنەوەی کورد، لە ئاخر و تۆخری ساڵەکانی ١٩٧٠دا، بە شێوەیەکی جێی سەرنج ئەو ڕچەیەی شکاند و ڕێی بەرەو هەژارانی گوند و شار دەرکرد. لێرە بەشێک لەو بزووتنەوەیە ، واتە بزووتنەوەی پارتییا کارکەرێن کوردستان، لە ئاغاوات وەک چین هەڵگەڕایەوە( ئەگەرچی هێندێک جار لە تەک تاکو تەرای سەرۆک عەشیرەتیشدا هاوکاری کردووە.) [١٤]

لە ساڵەکانی ١٩٧٠وە کوردە ناسیۆنالیستەکان زۆر سەرکەوتوو بوون لە یەکانگیرکردنی کەمایەتییە ئایینییەکان لە نەتەوەی کورددا. عەلەوییەکان لە تورکییە، یەزیدییەکان، شیعەکان و تەنانەت مەسیحییە کەمایەتییەکان لە عێراق لە ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکاندا دەورێکی چالاکانەیان گێرا و پلەوپایەی بەڕێوەبەرییان وەدەست هێنا.تەنێ لە ئێران شیعەکانی خوارووی کوردستان بێ لایەن ماونەتەوە، یان تەنانەت دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد جووڵاونەتەوە. لە ماوەی چند دەساڵی ڕابردوودا زۆر کێشە و هەرای تائیفی ڕوویان داوە، بەڵام ڕێکخراوە کوردییەکان بەردەوام هەوڵیان داوە دەورێکی ساردکەرەوە و ئاشتکەرەوە بگێڕن.

بە دڵنیاییەوە هەموو کوردێک، نەگەیشتووەتە ئەوەی کە خۆی بە نەتەوەی کورد دابنێ. بە دەرەجەی یەکەم مەبەست لەو کەسانەیە کە ڕەچەڵەکی کوردیان هەیەو بە تەواوی لە تورک یان عەرەبدا تواندراونەتەوە(یان ، زۆر کەمتر، کراونە فارس). لە زۆر بارانەوە، ئەو خەڵکانە بوونە تورک، عەرەب و فارس، ئەگەرچی بە خۆداهاتن و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لە م دواییانەدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوانە دیسان کەسێتی کوردی خۆیان داوا بکەنەوە. هەروەها زۆر کەسی ئەوتۆش هەن کە بە تەواوی لە کەسێتی فەرهەنگی کوردی خۆیان نەشوردراونەوە، بەڵام ڕێبازی سیاسیان بە دەرەجەی یەکەم، بەرەو تورکییە، ئێران یان عێراق گرتووە و خۆیان لە هەموو جۆرە شێوەیەکی جیاوازیخوازی کوردی بە دوور دەگرن.

لە تورکییە بە تایبەتی، ئەو جۆرە کەسانە گوشارێکی زۆریان دێتە سەری  بۆ ئەوەی حاشا لە کەسێتی کوردی خۆیان بکەن. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا خەڵکێکی زۆر لە نێوان ڕێبازگرتن بەرەو وڵاتی خۆیان بە فەرهەنگێکی "نەتەوایەتی" و (سەرتاسەری)دا لەلایەک و ڕێبازێکی زۆر ناوچەیی تر، ئێتنیکی و ناسیۆنالیزمی کورد، لە ڕاوێچکەدا بوون.

ئاخرەکەی، خەڵکی ئەوتۆ هەن کە بە دەرەجەی یەکەم خۆیان بە ئیسلامەوە دەبەستنەوە. زۆر لەوان هەم خۆیان بە کورد و هەم بە موسڵمان دادەنێن، بەڵام هەست بە دڵسۆزییەکی کەم لە ئاست ڕێکخراوە عیلمانییە کوردەکان دا دەکەن. شۆڕشی ئێران ئیلهامدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین قەوارەی پچووکی سیاسی کوردی ئیسلامی هەم لە ئێران و هەم لە عێراقدا(ف. پروانێسن ١٩٨٦ ل٤-٢٢). لە تورکییە چەندین بزووتنەوەی ئیسلامی سەرتاسەری لە نێو کورداندا پشتیوانیان لێکرا، لە ئی هەرە سەرەکی ئەوانە، واتە بزووتنەوەی نورجو دا، هەستی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا بە ڕوونی وەڕووکەوت. تاکە پارتی موسڵمانی تورکییە، پارتی ڕزگاری نەتەوەیی( کە دوای پاوان کرانی ساڵی ١٩٨٠، وەک پارتی سەلامەتی نەتەوەیی دیسان سەری ڕاست کردەوە)، خۆی ناچار دی کە باسی ناخۆشی و گلەیی و گازنی ناوچەیی و ئێتنیکی بکا بۆ ئەوەی دەنگی دەنگدەرانی ئەستانە کوردییەکانی تورکییە وەدەست بهینێ، ئیسلام وەکوو هێزێکی سیاسی، لە کوردستان زۆر گرینگ نییە و ڕێبازێکی ئیسلامی زەحمەت وایە ئاراستەی بەرەو نکوڵی کردن لە ئێتنیسیتی کورد بی. بەڵام ئەوەش نامومکین نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە ژێر  تاوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی هەم لە تورکییە و هەم لە ئێران لە گەڕ دان، کوردێکی زۆرتر پێکێشی بکەن لە سەر هەوێتی مۆشڵمانی خۆیان لە سەر حیسابی هەوێتیی ئێتنیکییان.

### کێشەی بە زەبر و زەنگ، کۆچپێدانی زۆرە ملی و پەنابەرا

لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە مێژووی بزووتنەوە کوردییەکان لە عێراق، تورکییە و ئێران دا بگێڕمەوە، نەکبە ووردیش باسی ئەو هەنگاوانە بکەم کە حکوومەتە نێوەندییەکان بۆ دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوانە هەڵهێناوەتەوە.  زانیاری ورد و بە پێی کات و سات لە سەرچاوەی دیکەدا هەن( ئەمن تەنێ چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر ئەوانە دەردیرم، و ئیست لە سەر ئاڵوگۆڕ و پێشوەچوونانە دەگرم کە بوونە هۆی ڕەو و گواستنەوەی نادڵخوازانەی دانیشتوان (کۆچپێدان و ڕاکردن).

### خەباتی چەکدارانەی ناسیۆنالیستی

شەڕێکی بەردەوامی پارتیزانی لە دژی حکوومەتی ناوەندی بە مەبەستی وەدەست هێنانی جورێک ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٦١ کوردستانی عێراقدا دەستی پێکرد، و بە هێندێک ڕاوەستانی کورتخایەن، نەپساوە و تا ساڵی ١٩٦٨، درێژەی کێشا، کاتێک کە ئەو وتوویژانەی کە دەستی پێکرد گەیشتە پەیمانێکی ئاشتی لە ساڵی ١٩٧٠دا. ئەو دەمەی کە کوردەکان، بە بەڵێنی پشتیوانی ئێرانییەکان و ئامریکاییەکان فریویان خوارد، و بەو ئۆتۆنۆمییە بەرتەنگەکەی حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕایگەیاند بوو ڕازی نەبوون و وەدوایەیان داوە، شەڕێکی تازەی بێوێنە هەڵئایساوە. ساڵێک دواتر شا پەیمانێکی لە گەڵ عێراق مۆر کرد و بە پێی ئەوە ئیمتیازێکی زۆری لە سەر سنووری پێبڕا لە بری ئەوەیکە دەست لە پشتیوانی کوردەکانی عێراق هەڵگرێ. بزووتنەوەکە لە ماوەی چەند حەوتوواندا ڕووخا و دەیان هەزار پێشمەرگە ( جەنگاوەرانی پارتیزانی کورد) ڕایانکرد و لە سنووری ئێران پەڕینەوە، و چوونە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەر و خەڵکی سیڤیل کە لە ئێران گیرسابوونەوە. هەر لە سەرەتای ١٩٧٦دەنگوباسی دەستپێکرەنەوەی، جمو جوولی پارتیزانی لە باکووری عێراقەوە دەهاتن، ئەگەرچی ئەو چالاکییانە بەرتەنگیش بوون. پارتی ناسیۆنالیستی سەرەکی کوردی عێراقی، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ( ینک) و پارتی دێمۆکراتی کوردستان(پدک)، لە سەرەتا زیادتر لە گەڵ یەکتریدا پێک هەڵدەپڕژان تا ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتیدا بە شەڕ بێن.[١٦] کاتێک کە شەڕی ئێران-عێراق ئەڕتەشی عێراقی والێکرد کە هەوڵ و بەربەرەکانی خۆی لە سەر جەبهەی ئێران کۆکاتەوە، ڕێکخراوە کوردییەکان هەلیان بۆ ڕەخسا چالاکییەکانی خۆیان گورجتر کەن. پدک لە سەرەتاوە لە نزیکەوە لە گەڵ حکوومەتی ئیسلامی ئێران ڕێک کەوت، لە کاتێکدا ینک،کە هەم تووشی بە تووشی ئەڕتەشی ئێران و پدک و هەم سەربازانی عێراقییەوە ببوو لە ساڵی ١٩٨٣ دەرگای وتووێژی لە گەڵ بەغدا کردەوە. ئەو وتووێژانە چییان لێ شین نەبوو، و لە ساڵی ١٩٨٦دا تاران پەیمانێکی هاوکاری نیزامی لە نێو تاقمە جیاوازە کوردە عێراقییەکاندا دامەزراند.

شەڕ لە نێوان هێزە ناسیۆنالیستییە کوردەکان و هێزە حکوومەتییەکاندا، شەڕی نێوخۆیی کوردەکان، و دواتر شەڕی جەبهەیی لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراقدا، بووە هۆی لە جێی خۆهەڵقەندران و ئاوارەیی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینانی کورد. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ بۆمباران و عەمەلیاتی گەورەی نیزامی بووە هۆی ئەوە کە بە دە هەزاران خەڵک خۆیان دەربازی ناوچە کەمتر دەستوێڕاگەیوەکانی بن کۆنترۆڵی کوردان لە چیایاندا بکەن یان بچنە ئێران، لە کاتێکدا شایەد ژمارەیەکی زۆر زیادتریش خۆیان گەیاندە هێمنی بە نیسبەت زیادتری شارەکان. تا ساڵی ١٩٨٠، کاتێک کە شەڕی نێوان ئێران-عێراق هەڵئایسا، هێشتا دەیان هەزار کوردی عێراقی لە ئێراندا دەژیان و بە وێدا بڵاو ببوونەوە، ئەوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی بوون بۆ دامەزران و کۆکرانەوە لە پدک دا. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٠دا، زۆر لە کوردەکانی عێراق کە گەڕابوونەوە گوندەکانیان، تا هێشتا لە واندا مابوونەوە، بۆیان دەرکەوت کە پێیان ناکرێ بێ لایەن بمێننەوە، ئەوان دەبوو لە مەڕ کێشە و هەرای نێوخۆیی کورد و کێشەی نێوان کوردەکان و حکومەت خۆیان ساخ کەنەوە و بە لایەکدا بکەوەن. بۆ ئەوەی خۆ لەو هەڵبژاردنە بدزنەوە، بە ژمارەیەکی زۆر باریان کرد بۆ شارەکان، تا چوونە دوڵ و دەرەی بن دەستەڵاتی کوردەکان لە باکوور یان چوونە ئێران، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی دیکەش لەلایەن حکوومەتەوە بە زۆرە ملێ ڕاگوێزران( کە لە خوارەوە زیادتری لە سەر دەڕۆین). لەوەش دەرچێ، زۆر کوردی گەنج، ڕایان کرد بۆ هەندەران بۆ ئەوەی خۆیان لە خزمەتی ئیجباری بدزنەوە. دوای تەقەوەستانی ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان ئێران-عێراقدا، عێراق هێزەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی لە باری نیزامییەوە چۆک بە کوردستاندا بدا. بەکارهێنانی گازی ژاراوی بە دەیان هەزار پێشمەرگە و خەڵکی سیڤیلی وا لێکرد لە سنووری تورکییە بپەڕنەوە، کە ئەوان لە سەرەتاوە لەوێ بە باوەشی ئاواڵەوە وەرگیران بەڵام دواتر زۆر بە شێوەیەکی کەمتر دۆستانە لەگەڵیان جووڵانەوە. پێش بە ڕێکخراوە نێونەتەوایەتییەکان دەگیرا بۆ ئەوەی یارمەتی ئینسانی بەو پەنابەرانە بگەیەنن.گوشارێکی لە زێدەیان خستنەسەری بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە عێراق یان بگوێزنەوە بۆ ئێران [١٧]

دوای شۆڕشی ئێران ، کوردەکانی ئێران تەقریبەن یەکدەنگ داوای هێندێک شێوی ئۆتۆنۆمییان هێنایە گۆڕێ. تەنێ کوردە شیعەکانی کرمانشان بە تین و تاوی گشتی ناسیۆنالیستی گوێیان نەبزووت، و هێندێک لەوان دواتر لەلایەن حکوومەتەوە کۆکرانەوە و دامەزران بۆ ئەوەی شەڕی ناسیۆنالیستەکان بکەن. چەند ڕێبەری بەدەستەڵات و جێی ڕێزهاتنە پێشەوە و زۆر ڕێکخراوی سیاسی پەیدا بوون کە بۆ وەدەست خستنی پشتیوانی جەماوەری لەتەک یەکدیدا لە ڕکەبەریدا بوون، بەڵام تەنێ دوو پارتی لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی حکوومەتی و کوردەکاندا هێزی خۆیان پتەو کرد و دامەزران. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) کەلەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕا سەرۆکایەتی دەکرا، و نێوەندی هەرە بە هێزی مهاباد و دەوروبەری بوو، و پارتی هەرە گرینک بوو لە نێوان ئەو دووپارتییانەدا. هێزەکەی دیکە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان(کۆمەڵە) بوو کە ناوچەی

دەستەڵاتی بەرەو باشووری کوردستان دەکشا. سەرۆکایەتی هەر دووک ئەم هێزانە بە دەست چینەکانی خوێندەواری شارستانی بوو. لایەنگر و پێرەوەکانیان بریتی بوون لە جووتێران و خەڵکی شارنشین ، بەڵام عەشیرەتیان زۆر کەم لە گەڵ بوون. هەردووکیان تا ڕادەیەک پشتیوانی ماڵی و تەداروکاتیان لە عێراقەوە بۆ دەهات بەڵام زۆر بە وشیاری سەربەخۆیی سیاسی خۆیان پاراست.

لە گشت ساڵی ١٩٧٩دا چەند تێکهەڵچوونی خوێناوی لە نێوان کەمایەتیە شیعەکان و کوردە دراوسێکان دا ڕووی دا، هەروەها کێشەی قورس و توندوتیژ لە نێوان جووتێران و خاوەن موڵکەکانیشدا قەوما کە هەوڵیان دا مافە فێۆداڵییەکانی خۆیان کە بە هۆی چاککردنی زەوی و زار لە زەمانی شا لە کیسیان دابوو وەدەست بهێننەوە(ف. پراونێسن١٩٨١). بازرانییەکان کە لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە چەکدار کرابوون و پشتیوانیان لێدەکرا بوون بە هێزێکی سیاسی گرینگ لە کوردستانی ئێراندا و چەندین جار لە گەڵ کوردەکانی ئێران تێک هەڵچوون. لە هاوینی ١٩٧٩دا، ئەرتەشی ئێران ناردرا بۆ سەر کوردەکان و هەوڵیدا کە دەستەڵاتی حکومەتی نێوەندی لەوێ دامەزرێنێتەوە. ئەوە بووە هۆی دەستپێکردنی داگیرسانی شەڕێکی درێژی پارتیزانی، کەلە سەرەتاوە کوردەکان بە شێوەیەکی جێی سەرسوورمان تێیدا سەرکەوتوو بوون. کوردەکان تا ئاخروئۆخرەکانی ١٩٨٠ کۆنترۆڵی شارە سەرەکییەکان و ناوچەی هەراوی دەرەوەی شارانیان بە دەستەوە بوو، تا ئەوەیکە لە ساڵی ١٩٨٣ هێزە پارتیزانییەکانیان ئاخرەکەی بەرەو سنووری عێراق پاشەکشەیان کرد لە بەر هێرشی گەلەکۆمەگی ئەرتەشی ئێران، سپای پاسدارانی شۆرش و (پدک) ی بارزانییەکان کە ببوو بە هاوپەیمانێکی سەر بە ئێران. لەو دەمییەوە ئەو پارتییانە لە پێگەکانیانەوە لە ناوچەی موحەرەمە لە سەر سنووری عێراق لە سەر چالاکی و جمو جووڵی پارتیزانی خۆیان لە نێو خۆی ئێراندا بەردەوامن. هەتا دەهات نێوانی پارتییەکان ناخۆشتر دەبوو، کۆمەڵە حدکای بە " دوژمنی چینایەتی" ڕاگەیاند و ئەمیش بە هۆی توندوتیژی چەکدارانەوە تۆڵەی لێ ئەستاندەوە.

وا وێناچێ کە ناوچە گوندییەکانی کوردستانی ئێران ئەوەندەی دراوسێ عێراقییەکانیان ڕەنجیان دابێ، ئەگەرچی کێشەی ناوچەیی و هەروەها بۆمبارانەکانی شەلم کوێرم ناپارێزمی هێزی هەوایی عێراق بووە هۆی چۆڵکردنی کاتیی لادێییەکی زۆر. تۆڵە ئەستاندنەوەکانی ئێران لە دژی کوردان بە تایبەتی لە دانیشتوانی شاران دەکرا. زۆر تیرەبارانی بە کۆمەڵی ئەو تێکۆشەرانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بن، تێرۆر و ترسی پێکهێنا، و زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە کوردییەکان شارەکانیان بە جێهشت، لەپێشدا خۆیان گەیاندە" ناوچە ئازادکراوەکان" لە نێو خۆی ئێران، و پاشان ئاودیوبوون و چوونە عێراق. ژمارەیەکی نەزاندراو بەڵام زۆر لە کوردەکانی ئێران ئێستا لە عێراق دەژین، کەمایەتییەکی کەم لەوانە توانیونیانە ڕێی خۆیان بەرەو ئورووپا دەرکەن.

حدکا لە مێژساڵە بە دووی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ جیاوازییەکانی لە گەڵ دەستەڵاتدارانی نێوەندی بە ڕێگەی وتووێژی ڕاستەوخۆوە دەگەڕێ. کوژرانی ڕێبەرەکەی-قاسملوو- لە دەوری مێزی وتووێژ لە ڤییەنا لە ژووییەی ١٩٨٩، بێگومان دەرەتانی چارەدۆزینەوەیەکی بە ڕێگەی وتووێژدا بۆ ماوەیەکی درێژ وەدوورخستۆتەوە.[ ١٨] ئەو پارتییە، کە چالاکییەکانی لە پێگە سەرەکییەکانی لە کوردستانی عێراقەوە بەڕێوە دەبا ، لە سەر چالاکی پارتیزانی لە ئاستێکی کەمدا بەردەوامە، و ئاسۆیەکی کەمی سەرکەوتن بەدی دەکات. شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ و دەستپێکردنی لە یەک نزیکبوونەوەی ئێران و عێراق هەڵکەوتی نادیاری ئەو پارتییە جەخت دەکاتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠دا، تورکییە تەجرەبەی جەمسەربەندیی و لێکهەڵئاوێرانێکی سیاسی بێوێنەی کرد، شان بە شانی زەبرو زەنگییەکی لە زێدەی سیاسی . ڕێکخراوە ڕەقیبەکانی چەپ و ڕاست دەستیان کرد بە شەڕی یەکتری کردن بۆ کۆنترۆڵی گەڕەکی هەژارنشین لە شاران و دواتر تەنانەت تێکهەڵچوونی ئەوتۆ گوێزرایەوە ناوچەی دەرەوەی شارانیش. کورد هەم لە ڕێکخراوە باڵە ڕاستەکان و هەم لە ئی باڵەچەپەکاندا هەبوون، بەڵام لە نێوەڕاستی ئەم دەیەوە هەتا دەهات ژمارەیان لە ڕێکخراوی جوێی کوردیدا زیادی دەکرد. ئەو داوایانەی کە لە سەرەتاوە لە لایەن ڕووناکبیران و سیاسییەکانی کوردڕا گەڵاڵەکران زۆر کەم بوون: بە ڕەسمی ناسینی هەبوونی کوردان وەکوو گەلێکی جوێ بە فەرهەنگی خۆیەوە وپێشوەبردنی ئابووری ئەستانەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکییە ( کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن)، کە لە مێژساڵە کەمتەرخەمییان لە گەڵ کراوە. هێنانە گۆڕی ئەو داوایانە بووە هۆی هەڵخرانی کەف و کوڵێکی زۆر. لە دامەزرانی کۆمارەوە، ئێلیتی نیزامی و سیڤیل بە هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتی خاک پەشێو بوون، و کوردەکان وەکوو گەورەترین دەستەی ئێتنیکی نا- تورک، هەمیشە بە مەترسییەکی هەرەجیدی هێزەکی داندراون. هەمووو جۆرە دەربڕینێکی کەسێتی فەرهەنگی کوردی پاوان کراوە و بە توندی سزادراوە. ئەو داوخوازی ناسێنە- کەلە سەرەتاوە لەلایەن پارتییەکی چەپی تورک ڕا پشتگیری لێکرا - بووە هۆی پەژارە و پەشێوییەکی زۆر، و دەوڵەت بە

سەرکوتکردنی توند وڵامی داوە. ئەوە لەلایەکی دیکەوە گەیشتە زۆرتربوونی داوخوازەکانی کورد، کە چیدیکە لەلایەن پارتی و ڕێکخراوە تورکەکان ڕا پشتیوانی لێ نەکرا، جا بۆیە کوردەکان دەستیان کرد بە وەی کە خۆیان بە جوێ ڕێکخەن، لە کاتێکدا کە داوخوازییەکانیان بەرەو جیاوازیخوازی سیاسی دەچوو: ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت سەربەخۆیی بۆ بەشی کوردستانی تورکییە. ڕکەبەری شەخسی و ناتەبایی ئیدێئۆلۆژی بووە هۆی داپڕانی بزووتنەوەی کورد بە ژمارەیەکی زۆر پارتی و کۆمەڵەی ڕکەبەر، هەر کامێکیان گۆشەیەکی پچووکیان لە شارەکان و دەرەوەی شاران کردبووە مەیدانی کړوکاشی خۆیان. کێشە چینایەتی و عەشیرەتییەکان لە کوردستان توندوتیژتر بوون بەوەیکە ڕێکخراوە سیاسییەکان هەوڵیان دا لە گەڵ لایەنەکانی ئەوە کێشانە کەون یان بە پێچەوانە. تا ئاخری ساڵەکانی ٧٠، چەندین شوێنی کوردستان بوونە شانۆی کێشەی توندوتیژ و بەردەوامی نێوان ڕێکخراوە ڕەقیبەکان( دەستەچەپی، دەستەڕاستی، ناسیۆنالیستی کورد، هەرکامیان بە ڕەنگ و بۆی جیاوازەوە)، و نیزامییەکانیش بە شێوەیەکی بێبەزەییانە بەڵام نەک یەکجارەکی دەستیان لێ دەوەشاندن. لە ڕاستیدا بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەڵنەدەسوورا کە بێ لایەن بمێننەوە، چونکوو ئەگەر وایان کردبا گشت لایەنەکانی کێشە لێیان دڕدۆنگ دەبوون و بە گومانەوە چاویان لێدەکردن. جا لەبەر ئەوە زۆر خەڵک ئەوان ناوچەنەیان بە جێهێشت چوونە شار لە جێی دی تورکییە و یان چوونە ئورووپای ڕۆژئاوا ئەوێیان بە لاوە پەسندتربوو. ئەوان ئەو جۆرە خەڵکەشیان بە دوو دا هات کە سەر بەم یان ئەو پارتی بوون بەڵام لە خۆیان ڕا نەدەدی کە بەرەو ڕادیکالیزمی زیاتر بچن یان لە تۆڵە ئەستاندنەوەی حکوومەت دەترسان. ئەنگێزەی ئابووری و سیاسی لای ئەو کۆچکەرانە تەقریبەن لە یەک جوێ ناکرێتەوە-کە ژمارەیان دەگاتە بەدەیان هەزار کەس.

کودەتای نیزامی ١٢سێپتامبری ١٩٨٠ دەستبەجێ عەمەلییاتی بەربڵاوی عەسکەری و گرتنی بە کۆمەڵی لە سەرانسەری کوردستاندا دوودا هات. نەک هەر تێکۆشەر و لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵکوو زۆر لە گوندنشینەکانیش کە قەت لە چالاکی سیاسی دا بەشدارییان نەکرد بوو زەربەی قورسیان وێکەوت و تۆفانی پەنابەرانی سیاسی و "ئابووری" ئەوەندەی دیکەش هەستا و زیادی کرد.  لە ڕاستیدا زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکان بوونیان لە خاکی تورکییە دا نەما. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە هەموان ڕادیاکالتریان، پارتییا کارکەرێن کوردستان(پکک)، پێگەی خۆی لە تاراوگەی هەندەراندا بەهێزتر کرد و ڕاهاتنی نیزامی بۆ ئەندامەکانی سازدا( بە ڕواڵەت لە لوبنان).

لە ساڵی ١٩٨٤ پکک هێرشێکی پارتیزانی دە نێو خۆی تورکییە دا بە شاڵاوبردنە سەر ئامانجە نیزامییەکان و هەروەها ئەو کوردانەی کە بە " گوێ لە مست و هاوکاری " ڕێژیمی نیزامی دەزانین وەگەڕ خست. ئەگەرچی لە ساڵانی یەکەمدا ژمارەیان کەم بوو، بەو پەڕییەوە چەند سەد کەس ، ئەو هێرشە زۆر زوو بوو بە دژوارییەکی سەخت بۆ ئەڕتەشی تورکییە.  عەمەلییاتی نیزامی " بگەڕێ و مەهێڵە"لە نێو خۆی تورکییە و بۆمبارانی هەوایی گۆیا پێگەکانی پکک لە ئێران و عێراق نەی توانی ئەو ڕێکخراوە بە چۆک دابێنی. ئەو جار حکوومەت دەستی کرد بە کۆکردنەوە و ڕاگرتنی کوردی" دڵسۆزی " سەر بە خۆی و ئەوانی  لە قەوارەی شێوەنیزامی گاردی گونداندا سازدا و هیوای وا بوو، ئەمە زۆر کاریگەرتر بێ لە شەڕی گریلاکانی پکک دا. هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەو گاردی گوندانە  زۆر زوو بوون بە ئەڕتەشی تایبەتی  پیاوی بە هێزی ناوچەیی، و لە زۆر جێیان دەستیان کرد بە چاوترسێن کردنی ڕەقیب و بەرهەڵستی ئەو جۆرە کەسانە. ئەو گاردانە و خاو و خێزانیان بوون بە سێرەی یەکەمی کردەوە هەرە بەزەبرو زەنگەکانی پکک. چەند هێرشێکی سەیر کە لەواندا ژن و منداڵی گاردی گوندەکان بە دەستی پەلەکانی پارتیزانی پکک قەسابی کران بیروڕای گشتی تۆقاند و ترسی لە دڵی گاردی گونداندا گێڕا. خولێکی زەبر وزەنگ و تۆڵە ئەستاندنەوەی تۆندوتیژ، کە تێیدا هەر دووک لا زۆر قوربانی بێتاوانیان لە یەکتر ئەستاند، دیسان بووە هۆی بارکردنی بەلێشاو لە چەندین ناوچەیەکی کوردی ڕا، بە تایبەتی ئەو جێگەیانەی کە لە سنووری عێراق نزیک بوون، کە لەوێ پکک و ئەڕتەش زۆر چالاک بوون.

پکک بەم کردەوە بە زەبروزەنگە بێ بەزەییانەی خۆی دڵسۆزییەکی کەمی جەماوەری وەدەست هێنا، بەڵام وردەوردە بوو بە دەزگایەکی بەڕێوەبەری جێی حورمەت و خۆشەویستی زۆر لە کوردان.هەم لە بەر ئازایەتی و بێ باکی گریلا جەنگاوەرەکانی  وهەم لە بەر ئەو بە جەرگییەی کە پارتیزانەکانی لە بەر دەم دادگە و لە بەندیخانەدا لە خۆیانەوە نیشانیان دا(ف. پراونێسن ١٩٨٨، هاینریش ١٩٨٨). تا ئاخری ساڵی ١٩٩١ پکک، خۆشەویستی و جەماوەرییەکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە وەدەست هێنا، ئەگەرچی وا وێدەچوو کە ژمارەیەکی کەم بە کردەوە پشتیوانییان لێ کرد بێ. تاوانبارکردنی پکک بە توندوتیژی نواندن لە دژی خەڵکی سیڤیل و بێ چەک زۆر کەمتر بووەتەوە [١٩] ، و نێشانەی ئەوەی پکک ڕێبازی بەرەو بۆچوونی سیاسی کەمتر تێژرەوانە بگۆڕێ، هێنانە گۆڕی پێشنیاری وتووێژ لە گەڵ حکوومەت بوو  و باسی " چارەسەری کاتی، و نیوە بە نیوە". پکک تەنیا ڕێکخراوەیەکی

کوردییە کە سەرکەتوانە شانی لە شانی زاڵبوون و دەستەڵاتی ئەڕتەشی تورکییە لە کوردستان داوە. وە ئەوە پکک بوو، و نەک ڕێکخراوە زۆر لە سەرەخۆ و دیمۆکراتی ترەکان کە ئێلیتی سیاسی تورکییەی وا لێکرد کە بیسەلمێنێ کە ئەم وڵاتە کێشەیەکی کوردی هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێ، نەک حاشای لێبکرێ. بەڵام تەنانەت هەڵێنانەوەی یەکەم هەنگاوەکان لە ڕێبازی چارەسەرێکی ئاشتیانە و دانی مافە سەرەتاییە فەرهەنگییەکان و پێلێنان و ناسینی ناخۆشییەکانی کورد، وا وێدەچێ جارێ زۆر دوورە دەست بێ.

کۆمەڵگەی گوندان لە نێوان چالاکییەکانی پکک و تۆڵە ئەستاندنەوەکانی نیزامی دا لە بەریەک هەڵدڕاوە.بە شێوەیەکی لە زێدە بۆ لادێییان ئاستەم بووە کە بە بێ لایەن بمێننەوە ، و دوورپەرێز بوەستن، هەر بۆیە زۆریان لە گوندەکان ڕایان کردووە و پەنایان بردووەتە بەر هێمنیی نیسبی شارەکان. لەو ناوچانەی دا کە لە باری ستراتێژییەوە گرینگن. حکوومەت ئەو ڕەو و چۆل کردنەی بە ڕێگەی ڕاگوێزانی زۆرە ملێ خێراتر کردووە( بڕوانە خوارەوە). دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کووەیت و داگیرکردنی و هەڵوێستی پتەوی تورکییە لە دژی عێراق، ترسی ئەوەیکە ئەو شەڕەی بەڕێوە بوو پریشکی بگاتە تورکییە بووە هۆی شەپۆلێکی سەرەکی دیکەی کۆچکردن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکییەوە بەرەو ڕۆژئاوای تورکییە.

**کۆچ پێکردنەکان**

حکوومەتە نێوەندییەکانی هەموو سێ وڵاتەکان، لە هەوڵ و بەربەرەکانی خۆیاندا بۆ بەگژداهاتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، جاروبار دەستیان داوەتە ڕاگوێستنی بەر بڵاوی خەڵک. دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٣٠، تورکییە بە دەیان هەزار، و ڕەنگە بە سەدان هەزار کوردی ڕاگوێستە بەشەکانی دیکەی وڵات، لە کاتێکدا لە ئێران لە هەمان سەروبەندا ڕەزاشا چەندین عەشیرەتی بەخڕی و زۆر بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی ڕاگوێست. هەر لەو دواییانەدا، تورکییە ڕایگەیاندووە کە بە درێژایی سنووری عێراق پشتێنێکی سڵامەتی – cordon sanitaireڕایەڵ دەکا وەک هەنگاوێک بۆ بەربەست کردنی چالاکی پارتیزانی زیادتر. گوشاری توند خراوەتە سەر لادێیەکانی ئەستانی تونجەلی (کە کوردە عەلەوییەکان لەوێ نیشتەجێن و لە مێژە مەکۆی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارەکانە بووە ) بۆ ئەوەی ناوچەکە بە جێ بهێڵن.پرۆژەیەکی جەنگەڵکاری هەر لە هەمان ئەستان هۆیەکی ڕواڵەتی دیکەیە بۆ بڵاوەپێکردن و پەرەوازەکردنی خەڵکی بیست گوندی دیکە لەوێ( لەیبر و ویتمان ١٩٨٨، ل ٣٥- ٤٠). ڕاگوێستن و کۆچپێدان لە ناوچەکانی باکووری سنووری عێراقەوە، بە تایبەتی لە ئەستانەکانی سیرت و و حەکاری یەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی پێکرد. بە پێی فەرمانێک ئەستانداری هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵات هێزی نائاسایی دراوەتێ بۆ سانسۆرکردنی چاپەمەنی و چۆڵکردنی گوندان لە بەر هۆی هێمنی و ئەوە زەمینەی قانوونی ئەو ڕاگوێستنانەی دابین کردووە و کارێکی وای کردووە کە تەقریبەن بێ سەرنجراکێشان بکرێن (بڕوانە. ویتمان ١٩٩٠؛ ڤان براوئێسن ١٩٩٠). کۆ کردنەوەی هێزی نیزامی لەو ناوچەیەدا دوای هێرشی عێراق بۆ سەر کووەیت دەستراگەیشتن بە وێی ئەوەندەی دیکەش بەرتەنگ کردووە، جا بۆیە چەند وچۆنی ئەو کۆچ پێکردنانە هەر دەکرێ بە گۆترەیی ڕابندرێن. چەند گوزارشتێکی کە لە ڕۆژناماندا چاپ کراون باسی ڕاگوێستنی بەربڵاو دەکەن. وا دەگوترێ کە گوندنشینەکانی ئەوە ناوچەیە دوو ڕێیان لە بەر داندراوە یان لە " گاردی گوندان" دا نێوی خۆیان بنووسن یان گوندەکانیان چۆڵ کەن، بە بێ ئەوەی قەرەبوویەکی ئەوتۆیان بدرێتێ( براوئێسن ١٩٩٠).

لەگەڵ ئەوەشدا، راگوێستنی زۆرەملێی بە لێشاوی هەرە تازە،لە عێراق کرا. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا، بە دەیان هەزار کوردی فەیلی، کە زۆربەیان خەڵکی بەغدا بوون، بە زۆری دەرکرانە ئێران، بە بیانووی ئەوەیکە هاووڵاتی عێراق نەبوون ( ئەگەرچی زۆربەی ئەوان بۆ چەندین وەچە لەوێ ژیابوون). ژمارەیەکی کەمتر لە ئەندامانی عەشیرەتی گۆیان لە باکووری عێراوقەوە دەرکران و بە زۆرەملی ناردرانە تورکییە .کوردەکانی ناوچە بەنەوت دەوڵەمەندەکانی کەرکووک و خانەقین لە شوێنی خۆیان دەرکران و ڕاگوێزرانە بەشەکانی دیکەی ولات و لە شوێنی ئەوان عەڕەب نیشتەجێ کران . چەند بەش لە چیاکانی سنجار لە سەر سنووری حەساسی سووریا هەر بەم شێوە" کرانە عەڕەب". ئەو تەگبیرە ئاشکرایە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمی پێشنیارکراوەیدا ببیندرێ کە بۆ ناوچەکانی زۆر بە دانیشتووی کورد کر ابوو و بڕیاربوو لە ساڵی ١٩٧٤دا دەگیان کەوێ.

دوای شکانی بزووتنەوەی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥، حکوومەت بۆ پێشگێرانەوە لە دەستپێکرانەوەی شەڕێکی پێشمەرگانەی کوردی، بە پشتیوانی ئێران ناوچەیەکی مەحەڕەمەی بە درێژایی سنووری ئێران دروست کرد. بە پانایی ١٠ تا ١٥ کیلۆمیتر، گشت گوندەکانی ئەو ناوچەیە خاپور کران. داری میوە لە ڕیشەوە دەرکێشران و کانییەکان پڕ کرانەوە بۆ ئەوەی پێش بە داگیرکردنەوەیان بگیرێ. تەنانەت ناوچەیەکی هەراوتر بە درێژایی سنووری تورکییە لە

دانیشتوان چۆڵ کرا. دانیشتوان و خەڵکی ئەو ناوچانە لە کەمپ و " گوندی ستراتێژیک" بەرەو قووڵایی ( وڵات) ڕاگوێزران، کە دەکرا زۆر بە هاسانتر لەلایەن ئەرتەشەوە کۆنترۆڵ بکرێن. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو هەنگاوانە، وێرای گەڵاڵەی بەربڵاوی پێشوەبردنی کشتوکاڵ هەڵگیرانەوە. [٢٠] لە باری مادییەوە ڕەنگە وەزعی زۆربەی ئەوانەی ڕاگوێزران باشتری لێهاتبێ. وشدار درا بە خەڵک بێتوو بچنە نێو ناوچە چۆلکراوەکان خۆیان بەرپرسی خەتەر و هەڕەشە بۆ سەر ژیانیان.لە گەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی ئاواش چاوەڕوان نەدەکرا، بەڵام ڕاست هەر لەو ناوچە چۆلکراوانەدا بوو کە ینک و پدک پێگەی خۆیان دامەزراند. لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا، ئەوان بە شێکی گەورە لەو جۆرە ناوچانەیان بە "ناوچەی ئازاد کراو" یا گەیاند، و ئەو خەڵکەی لە ناوچەکانی بندەستی حکوومەت ڕایان دەکرد، لەو شوێنانە ڕەگەڵ پارتییەکان دەکەوتن بە تایبەتی لەلای هەرە سەرووی باکوور.

لە نێوەڕاست ساڵەکانی ١٩٨٠دا ، حکوومەت شەپۆلێکی تازەی لە ڕاگوێزان و دەرکردن وەرێخست، بەڕواڵەت بۆ داپرانی پێشمەرگە لە پشتیوانی کۆمەڵایەتی. گوندێکی یەکجار زۆر زیادتر بەرەو قووڵایی ولات( بە پێی سەرچاوە کوردیەکان بە هەزاران گوند) ڕێکی زەوی کران و گۆیا دانیشتووەکانیان ڕاگوێزرانە کەمپی زۆرەملێی شارەکان یان دوور خرانەوە بۆ باشووری وڵات. ئەو کارە تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران- عێراق یش دەستی لێهەڵنەگیراوە. هێرشە بەربڵاوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە دژی کوردستان بە دوو مەبەست کران یەک لە نێوبردن و بە چۆکداهێنانی پێشمەرگەی کورد و بۆ ناچارکردنی پاشماوەی دانیشتووانی گوندەکان بۆ داڵدەبردن بۆ شاخەکان. بەکارهێنانی چەکی شیمیایی هێزی ئەو هاندانە بوو. ناوچەکانی درێژایی سنوور بە تەواوی چۆل کران و پانایيان گەیشتە ٣٠کیلۆمیتر، و هەر بە گوندەکانیش واز نەهێندرا بەڵکوو شاری ئەوتۆش کە لەوێ هەڵکەوتبوون وەکوو ڕانییە و ئەوەی لە هەڵەبجە مابۆوە بە تەواوی خاپوور کران. ئەو کەسانەی کە لەو دواییانە دا سەریان لەو ناوچەیە داوە دەگێرنەوە واوێدەچێ کە گوندی ئەوتۆی کە زۆر لە سنووریشەوە دوورن تێک درابن. ئەو شوێنە نوێیانەی کە لەو ساڵانەی دواییدا بۆ حاواندنەوەی دەرکراوان سازکراون دەڵێن نزیکەی نیو میلیۆن کەسیان تێدا جێ کراوەتەوە [٢١]. خەڵکێکی زۆری دیکە ڕاگوێزراراون بۆ خواررووی عێراق. بە پێی ئەژماری کوردان، تەقریبەن چوارهەزار گوند( لە کۆی نزیکەی ٨٠٠٠گوند) لە نێوەڕاست ساڵەکانی ١٩٧٠ بەم لایەوە کاول کراون و دانیشتووەکانیان لە شوێنی دیکە دامەزرێندراون( ڕەسووڵ ١٩٩٠، مێدیکۆ ئەنترناسیۆناڵ١٩٩٠).

### کێشەی سێکتاریستی

ژمارەیەکی زۆر لە کەمایەتیە ئایینیەکانیش کوردستانیان بە جێهێشتووە و دەڵێن لەبەر ئەوەی بوونەتە قوربانی ڕاوەدوونانی ئایینی بە دەستی دەوڵەت و زۆرایەتی کوردی سوننی. کوشتوبڕی بە کۆمەڵ و ڕاگوێستنی زۆرەملێی تێگرایی نەستوورییەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە دوای ئەوەدا کۆچکردنی زۆر لەوانەی ڕزگاریان بووبوو، ژمارەی ئەندامانی ئەو جڤاتە مەسیحیيانەی کە هێشتا لە کوردستاندا دەژین تا ڕادەیەکی زۆر کەم کردۆتەوە. ئاشکرایە کە ئەم دۆخە دەرەتانی خۆپاراستن و بەرگەگرتنی ئەوانی لە ئاست گوشاری دراوسێکانیان کز کردووە. لە کوردستانی عێراق و ئێران، پێوەندی نێوان ئەو جڤاتە کەلدانی و نەستووری و ئەرمەنییانەی کە لەوێ ماون لە چەند دەساڵی ڕابردوودا لە گەڵ کوردەکان بە گشتی خۆش بووە. لە ئێران دوای شۆرشی ئیسلامی مەسیحییەکان دیسان کراونەتە هاووڵاتی دەرەجەی دووهەم و تا ڕادەیەک کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و گورەشە و تەنگەتیلە بەڵام ڕاوەدوو نەنراون. گێرەو کێشە تازەکان گشتیان لە کوردستانی تورکییە قەومان، کە لەوێ بە تایبەتی سوورپانییەکان کەوتنە بەر زۆرداری و ڕاوەڕووتێکی زۆر.

بە ڕەسمی، کەمایەتیە مەسیحییەکان لە تورکییە فەرق و جیاوازیان لەگەڵ داناندرێ. ئەو پەیماننامە نێو نەتەوەییانەی کە لەلایەن تورکییەوە مۆرکراون تەنانەت هێندێک مافی فەرهەنگیش بۆ ئەوان دەستەبەر دەکا کە کوردەکان و دەستە ئێتنیکیە موسڵمانەکانی دیکە لێیان بێبەشن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕاستی و ژیانی ڕۆژانەدا، وەزعی ئەوان بە تەواوی شتێکی دیکەیە. هەستێکی تایبەتی دژی ئەرمەنی دەنێو ئەرتەش و دەزگای بۆرۆکراسیدا چەکەرەی کردووە، و جڤاتە مەسیحییەکانی دیکە لە باری هەستان و دانیشتنەوە دەعەزاب دان. تورکییە بەردەوام بەرپەرچی ئەوەی داوەتەوە کە پێی لێبنێ ڕۆژێک لە ڕۆژان قەتڵوبڕی ئەرمەنیان قەوما بێ(ئەگەرچی ئەو تورکانەی کە بەدەستی ئەرمەنییەکان لە تۆڵەی" شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی" کوژراون لە کتێبەکانی خوێندنگەکان دا بە شانازییەوە باسیان دەکرێ). ئەو وردییەی کە بۆشاردنەوەی هەموو جۆرە ڕچەیەکی زێدی پێشووی ئەرمەنییەکان، لە نێوبردنیان یان ڕەنگ و ڕواڵەت گۆڕینیان دەکرێ( جگە لە چەند کلیسای سەدەکانی نێوەڕاست نەبێ)، نیشانەی جۆرێک هەستی تێکڕایی پێناوداری و شەرمەزاری یە، کە دەرپرینی زیادتری خۆی لە هەستێکی بە هێزی دژی

ئەرمەنیدا وە ڕوودەخا. تێرۆریزمی ئەرمەنی لە دژی دیپلۆماتە تورکەکان لە هەندەران و گوشاری لە زێدەی نێونەتەوایەتی بۆ سەر تورکییە بۆ ئەوەی پێ لەو قەتڵ ویرە بنێ ئەو هەستەی نەک کەم نەکردۆتەوە بەڵکوو توندوتیژتریشی کردووە. ئەو بۆچوونە دژی ئەرمەنیی( و لە درێژەی خۆیدا، دژی مەسیحییە) تەنێ جاروبار گەیوەتە ئەوەی کە لەلایەن کاربەدەستانەوە ڕاستەوخۆ ڕاوەدوو بنرێ یان سەرکوت بکرێ، بەڵکوو غاڵبە پێشیان بە ڕاوەدوو گرتووە یان چاویان لە زۆرداری و جرت و فرتی دەستڕۆیوانی ناوچەیی پۆشیوە.

دامەزراندن و حاواندنەوەی کۆچەرەکانی پێشوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکییە و گۆڕانی قووڵ لە بەروبووی کشتوکاڵی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئاکامی بووە سوێیەکی زۆر بۆ زەوی و کێشەوهەرای نەپساوە بۆ کێڵان و و خاوەنیەتی زەوی. سەرۆک عەشیرەت و دەستڕۆیوەکانی دیکە دەنێو عەشیرەتە کوردو عەرەبەکانی ئەستانی ماردین دا ( ئەو جێیەی کە زۆربەی سوریانییەکانی تورکییە لەوێ دەژیان)، زۆرجار بە تۆبزی و بە زەبری هێز زەوییەکانیان لە خاوەنەکانیان داگیر دەکرد. لە کاتێکدا کە عەشیرەتەکان دەیانتوانی خۆ لە بەر دەستدرێژی عەشیرەتە ڕەقیبەکاندا بگرن و بە گژیان دابێنەوە، و جووتێرە موسڵمانەکان جاروبار دەیان توانی ( بێ ئەوەی زۆر جار سەرکەوتن بە دەست بهێنن) سکاڵا و گازن بەرنە بەر دەوڵەت، جقاتە مەسیحییەکان لە ڕاستیدا بە تەواوی دەستەوەستان بوون و چ هانایان نەبوو. لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا زۆر لەو پیاوانەی کە کاریان پێدەکرا وەک کرێکاری موهاجیر سەری خۆیان هەڵگرت و چوونە ئورووپای ڕۆژئاوا و تەنێ ئەندامانی کزو کارلێنەهاتووی جقاتی خۆیان هێشتەوە. هەتا جقاتەکە کزتر و بێ هێزتر دەبوو، ئەوەندەش گوشار و تین بۆ هێنان زیادی دەکرد. زەوی و موڵک و ماڵی دیکەبەسانایی و بە زۆر لێیان زەوت دەکرا، کچیان لێ هەڵدەگیرا، پیاویان دارکاری و شلوکوت دەکران. شارە مەسیحییەکانی میدیات و ئیدیل لەلایەنن تازە ماڵی عەڕەب و کوردەوە پەلامار دران و ئەوانە گوشاریان خستە سەر دانیشتوانی ئەسڵی ئەوێ بۆ ئەوەی خانووکانیان چۆل کەن.

کاربەدەستە ناوچەییەکانی حکوومەت زۆر جار دەستیان لە نێودەستی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەدا بوو کە ئەو زەبروزەنگانە لە سۆنگەی ئەوانەوە بوو. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارە دەکرێ ئەوە نێو بنرێ ڕاوەدوونانی جقات لەلایەن دەوڵەتەوە. تەنیا داڵدە و بەدەنگەوەهاتنێکی کە سوریانییەکان قەتیان بە خۆوە دیبێ، بە شێوەیەکی جێی سەرسوڕمان لەلایەن پکک ڕا بوو کە لە ئاخروئۆخری ساڵەکانی ١٩٧٠دا سەرۆک عەشیرەتە"هاوکارەکانی ڕێژیمی" بە دوژمنی سەرەکی خۆی دانا. لە چەند کەیسێکدا" عەدالەتی شۆڕشگێرانە" لە مەڕ سەرسەری و پیادەی ئەو جۆرە سەرۆک عەشیرەتانەی کە بە خراپی لە گەڵ وەرزێرە مەسیحییەکان جووڵابوونەوە بەڕێوە چوو. دیارە ئەو تەگبیرانە دۆخی گشتی جقاتی سۆریانی زۆر کەم گۆڕی و پێی چارە نەکرا. وا وەبەرچاو دێ کە سۆریانییەکان لێبڕاون کە چ داهاتوویەک لە ناوچەدا( یان شوێنی دیکە لە تورکییە) بە دی ناکەن، و گشتیان پێیان خۆشە کۆچ بکەن.

چلۆنایەتی یەزیدییەکانیش هەر وەک سۆریانییەکانە. ئەوانیش چ داڵدە و پشتیوانیان نییە و غاڵبە دەبنە قوربانی زەبروزەنگ و موڵک و ماڵ لێ زەوتکران بە دەست دەستڕۆیشتووانی ناوچەیی. ئەوانیش، لە زۆر شێوەی ڕاستەوخۆتری زۆرداری لەلایەن دەوڵەتەوە گازنیانە. کەیسی وا هەبووە کە پیاوی یەزیدی بە تۆپزی خەتەنە کراون کاتێک کە چوونە خزمەتی سەربازی، گشت ئەو یەزیدییانەی کە دەچنە خزمەتی سەربازی، سمێڵە درێژە باپرەکانیان، کە لە باری ئایینییەوە دادەهێژن، دەبێ بیانتاشن. لە گەڵ ئەوەشدا، زۆر لەوە دڵتاوێنتر بۆ ئەوان، زوڵم و کەڵەگایی دراوسێ موسڵمانەکانیانە، کە خۆی لە وشکەڕۆیی ئایینی و تەماع لە موڵک و ماڵ کردنیان دا دەنوێنێ. ژمارەیەکی زۆر لە یەزیدییەکانی تورکییە تاکوو ئێستا کۆچیان کردووە بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا وەکو کرێکارانی ئاسایی موهاجیر کاتێک کە هێشتا ئەو دەرەتانە هەبوو و دواتریش وەکوو داواکاری پەناخوازی سیاسی. سەرۆکاکانی جقاتی یەزیدییان لەو بڕوایەدان کە ئەگەر ئەوان داهاتوویەک شک بەرن لە ئورووپایەیە ( بڕوانە Schneider ١٩٨٤ ).

کێشەی و هەرای هەرە توندوتیژی سێکتاریستی ئەو دواییانە لە نێوان سوننییەکان و عەلەوییەکان لە نێوەند و ڕۆژهەڵاتی تورکییە ڕوویداوە( لاچینەر ١٩٨٥). تا ئەو جێگەیەی کە عەلەوییەکان لە باری خاکەوە کەم و زۆر لە سوننییەکان دوور بوون، گیروگرفت کەم بوو، بەڵام بارکردن و گوێستنەوە لە گوندانەوە بۆ شاران وای کرد، کە ئەوان لە نزیکەوە دەپێوەندی بکەون و ڕکەبەرییکی توندی ئابووری لە نێوانیاندا ساز بێ. لە شارە هەرە گەورەکاندا، کە دانیشتوانی موهاجیریان زۆر تێکەڵاو بوو گێرەو کێشەکان بەرتەنگ بوون، بەڵام وەزع لە شارە چکۆڵەکانی تر وەک سیواس، ئەلازگ، مالاتیا، قارەمانمەرەش ، چۆروم بە تەواوی جیاواز بوو، لەو شارانەدا، عەلەوییەکان لە سەدێکی گەورەیان لە تازە ماڵەکان پێکدەهێنا و دانیشتوانی ئەسڵی سوننی، بە تایبەتی چینە کۆنەکانی مامناوەنجی وخوارەوە، هەستیان کرد کە ژیانی ناهێمنیان کەوتووەتە بەر هەڕەشەی ڕکەبەرییەکی لە زێدە. ئەو جۆرە شارانە بە

پێی سەراوردی سێکتاریستی، بە گەڕەکی جیاوازی سوننی نشین و عەلەوی نشین دابەش بوون. لێرەدا ئێتنیسیتی دەورێکی ئەوتۆی نەبوو، هەردووکی ئەو جڤاتە ئایینیانە هەم لە کورد و هەم لە تورک پێکهاتبوون.

بانگەشەی سیاسی لەلایەن پارتییە تیژڕەوەکانی ڕەقیبەوە ئەو موولەیەک قرژبووونەوەیەی ئەوەندەی دیکەش بە گوڕتر کرد. سوننییەکان کەوتنە بن باڵی هێزە دەستەڕاستییەکانی ئایینی و شۆڤێنیستی تورک، لە کاتێکدا عەلەوییە گەنجترەکان بە تایبەتی بە پانەوە پشتیوانیان لە ڕێکخراوەکانی باڵی چەپ دەکرد(چەندێک لە ڕێکخراوە چەپە تیژڕەوەکان ئەندامە کانیان بە خڕی لە جڤاتە عەلەوییەکان پێکهاتبوون). دەستەڵاتدارەکانی ناوچەیی حکوومەت لەو شارانە چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا زۆر بە دڕدۆنگییەوە لە عەلەوییەکان دەڕوانن( کە بە گشتی لەلایەن سوننییەکانەوە بە " کۆمۆنیست" دادەندرێن). " دۆزرانەوەی" نەخشەیەک لە نێوەڕاست ساڵەکانی ١٩٧٠دا، لە مەڕ دابەشکردنی تورکییە بە دەوڵەتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەتێکی عەلەوی لە نێوەند و دەوڵەتێکی زۆر پچووکتری تورک لە ڕۆژئاوا( کە گەڵاڵەکردنی وەپاڵ ڕێکخراوەیەکی نهێنی کۆمۆنیستی درا بەڵام وێدەچێ ساز کراو و دۆلابی پۆلیسی نهێنی بوو بێ) نیشان دەدا کە بە لانی کەمەوە هێندێک لە کۆڕ و کۆمەڵە نیزامیەکان کەسایەتی عەلەوی بەهێزێکی بە تێکدەر دادەنێن. ئەم "بەڵگە" یە و شاپەوگاپەی دیکە لەلایەن بانگدەرە سیاسییەکان یارمەتی ئەوەی دا کە ناسیۆنالیستە تورکەکان و سوننییە خۆپارێزەکان لە دژی عەلەوییەکان لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و یەک بگرن.

لەماوەی نێوەڕاست و ئاخروئۆخری ساڵەکانی ١٩٧٠دا چەندین تێکهەڵچوونی توندوتیژ لە نێوان سوننیەکان و عەلەوییەکان لەو شارانەی باسکران، ڕوویاندا، و زۆرجار بە قەتڵوبڕی عەلەوییەکان و ڕاکردن و دەربازبوونی بە کۆمەڵی ئەوان تەواو بوو.یەک لە تێکهەڵچوونە هەرە گرینگەکان واوێدەچێ بە هۆی پرۆڤاکسیۆنێکی دانستە قەوما بێ. بشێونی نێوکۆیی ئاوا بەربڵاو لە ساڵانی ١٩٨٠ دا دووپاتە نەبوونەوە، کاتێک کە چالاکی و وروژاندنی سیاسی بە توندی بەربەست کرا، بەڵام پێوەندی ئەو لایەنانە هەروا ناخۆشە و دانەمرکاوە و زەبرو زەنگی بەر تەسک هەر وا بەردەوامە. زۆر لەو عەلەوییانەی کە پێشتر خۆیان ڕزگار کردووە دەترسێن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەوان هەست بە بەردەوامی کوڵوکەف و تووڕەیی سوننیەکان و بێ بڕوایی ڕەسمی دەکەن. کاتێک کە حاڵ و هەوای سیاسی بگۆڕێ دیسان لەوانەیە زەبرو زەنگی تێکڕایی سەر هەڵداتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە عەلەوییەکی زیادتر لە هەرێمەکە هەڵێن و لەوێ نەمێنن.

### ئەنجام

ئێران، عێراق و تورکییە هەموویان کێشەی کوردیان بەرەو ڕوویە، ئەگەرچی هەر کەیسەش لە یەک جیاوازن بەڵام وەک یەک جیدین.باشتربوونی پێوەندییەکان و ئامرازی ڕاگەیاندن، خەباتی ناسیۆنالیستی و تەنانەت زوڵم و زۆرداری حکوومەت یارمەتی ئەوەیداوە کە کوردەکان زۆر زیادتر لەوەی کە لە پێشوودا بوون نەتەوەیەکیان لێ پێکبێ. بە ڕواڵەت عێراق هێشتاش لەو بڕوایە دا کە لە وانەیە بە هۆی تێکەڵاوێک لە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی- ئابووری کۆمەڵگەی کورد، هەڕەشەو گورەشە و زۆرداریەکی ئەو پەڕی بە زەبروزەنگ ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. سیاسەتی کوردی حکوومەتی ئێرانی دوای خومەینی جارێ بە تەواوی ڕوون نییە. (جگە لە تێرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێبەرێکی کۆمەڵە لەو دواییانەدا لە دەرەوەی وڵات کوژرا) ئەوە دەری دەخا کە ئێران پێی وایە، کە بە نەمانی ڕێبەرە بەرچاوەکان، لەوانەیە دانیشتوانی کورد لە سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکان دوور بخرێنەوە و بە هێندێک ئیمتیازی بەرتەنگی فەرهەنگی بەڵام نەک ئی خاک ڕازی بکرێن. وێناچێ کە ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کوردەکان واتە داوا سەرەکییەکەی ئێستایان.

تورکییە لەچاو دراوسێکانی سەبارەت بە گوشاری ئورووپا بۆ وەدەنگهاتن لە سەر مافی مرۆڤ زۆر زۆر حەساسترە، بەڵام زۆر لەمپەری پتەوی ئیدەئۆلۆژی لە بەردەم ئەوەی کە کوردەکان وەک دەستەیەکی جیاوازی ئێتنیکی بە فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانەوە بناسرێن قوت دەبنەوە، و دانی ئیمتیازی زیادتر تەقریبەن هەر فکریش بۆی ناچێ. ئێلیتەنیزامی و سیڤیلەکان ( ئەوە کوردە تواوەکانیش دەگرێتەوە) بە قووڵی بە دووگمەکانی کەمالیستییەوە نووساون سەبارەت بە وەی کە خەڵکی تورکییە نەتەوەیەکی یەکدەستن و ئەوان هەر جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو یەکایەتییە بە هەڕەشەیەکی گرینگ بۆ سەر دەوڵەت دادەنێن.

کۆمەڵگەی کورد خۆی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی کاریگەر ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. یەک لەو گۆڕانە هەرە گرینگانە،بزووتن و جێ گۆڕکێی ژمارەیەکی زۆر و بەڵێشاوی کوردەکان لە کوردستانەوە یە، وەک کرێکارانی موهاجیر، خەڵکی لە شوێنی خۆ هەڵقەندراو( لە بەر شەڕ وشوڕ)، دەرکراوان یان پەنابەرانی سیاسی. ئەو

جووڵەی دانیشتووان یارمەتی بەهێزتربوون و سەرهەڵهێنان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی داوە وەک بزووتنەوەیەکی جەماهیری. بڵاو بوونەوەی بەرەبەرەی ناسیۆنالیزمی کورد لەلایەن حکوومەتە نێوەندییەکان ڕا بە زۆرداری و زۆڵمی لە زێدە وڵام درایەوە، و ئەوەش بووە هۆی جووڵەی زیادتری دانیشتووان بۆ دەرەوەی کوردستان. ڕەنگە ئێستا یەک لە چوار، یان یەک لە سێی گشت کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان بژین، و تەنێ کەمایەتییەک لەوانە هاکا ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

ئەو بارودۆخە ئاکامی گرینگی بۆ بزووتنەوەی کورد بە دواوەیە: ناسیۆنالیزمێکی خاکی ڕووت، بە ئامانجی سەربەخۆیی سیاسی، تا ڕادەیەکی زۆر بووە بە غەیری واقیعی. تەقریبەن گشت ڕێبەرەکوردەکان لە ڕاستیدا بە دوای چارەسەرێک لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ئێستادا دەگەڕێن: ناسینی فەرهەنگی، دەرەجەیەک لە ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ ئەوانەی لە کوردستاندا دەژین، و مافی وەکوو یەک و نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە دەستگا نێوەندییەکانی دەوڵەتدا. تا ئێستا، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا عێراق ئۆتۆنۆمییەکی زۆر بەرتەنگی بەکوردان ڕەوا بینیوە و لە گەڵ مافی خوێندن و پەروەردە و بڵاوکردنەوە بە زمانی خۆیان، و ئەوانەش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کەم کراونەتەوە. لەلایەکی دیکەوە ، تورکییە، تەنیا وڵاتێکە کە لەوێ کوردەکان مافی سیاسی وەک یەکیان هەیە و دەستیان بە هەموو دەستگایەک ڕادەگا-تا ئەو جێگەیەی ئەوان خۆیان بە کورد دادەنێن. هەربۆیەش بۆ زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد، پێویستی بە پاراستن وپێشوەبردنی کولتوور و فەرهەنگی کورد زۆر لە مافی خاک لە پێشترە.

جا لەبەر ئەوەیە کە پەنابەرانی سیاسی کورد لە ئوروپا ئەرکێکی گرینگیان لە بەر خۆیان ڕۆناوە. لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لایەوە، ژمارەیەکی زۆری کوردی موهاجیر لە تورکییەوە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا کاریان پەیدا کردووە( تا ئاخروئۆخری ساڵانی١٩٧٠، بە سەدان هەزار). ژمارەی ئەوانە دواتر بە هۆی پەنابەرانی ئابووری و سیاسی زیادتری کرد. چالاکانی سیاسی لە نێو ئەو دەستەیەی دواییدا دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کرێکارانی کورد و ناسیۆنالیزمی ئەوانیان وەخەبەرهێنا،ڕووناکبیران هەوڵیان دا بۆ بارهێنان و پەروەردە کردنیان و هەروەها بۆ پێشوەبردنی وێژەی کوردی و کاری زانیاری . ئازادی چاپەمەنی و پشتیوانی دەوڵەتی لە چالاکییە فەرهەنگییەکانی موهاجیران ئەو هەلەی بۆ ڕووناکبیران ڕەخساند کە گۆڤار و کتێب بە کوردی بڵاو بکەنەوە. کورمانجی، کە بە نیسبەت وەک زمانێکی دواکەوتوو ڕاگیرابوو( تا ڕادەیەک بە لانی کەمەوە، لە بەر سەرکوتکرانی لە تورکییە)، ئەوەندە پێشکەوت کە بووە بە زمانێکی ئەدەبی مۆدێرن کە کاری دەربڕینی سیاسی و ڕووناکبیرانەی پێراپەڕێ. ئەدەبیاتێکی مۆدێرنی کورمانجی لە تاراوگەی ئورووپادا خێرا لە حاڵی گەشەکردن دایە و بەرەو تورکییە ڕێ دەر دەکا. دژلە هەڤی سەیر ئەوەیە، کە ڕاست لەبەر سەرکوتکردنی چالاکی فەرهەنگی کورد و ڕاوەدوونانی ئەوانەی بەوەوە دەچارێن و پێوەی خەریکن هۆی خۆشکردنی هەلومەرجی سەرهەڵهێنان و بە خۆداهاتنی ئێستای پێکهاتووە.

پەنابەرانی سیاسی و موهاجیرەکانی دیکە لە ئورووپا ئەرکێکی دیکەشیان گێراوە. تا دەساڵ لەمەوبەر، زۆر بە زەحمەت کەسێک لە هەندەران، جگە لە چەند ڕۆمانتیکێک نەبێ، مەیلی نیشانی کوردان دەدا. ئێستا ئەم حاڵە گۆڕاوە، کوردەکان و چارەنووسیان بۆ بیر و ڕای گشتی ئورووپایی و ئەمریکایی ناسراوە. سەرەتای لۆبییەکی کورد سەری هەڵهێناوە و هاتووەتە مەیدانێ، و لە بەر ئەمە هێندێک گوشار، ئەگەرچی ناڕوون و ناکاریگەرە، خراوەتە سەر تورکییە و عێراق بۆ ئەوەی زۆر ئینسانانە تر لە گەڵ کوردەکان بجووڵێنەوە. ئەو پشتیوانییەی دەرەوە دنەی کوردەکانی "نێوخۆ" دەدا کە لە سەر خەباتی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافی سەرەتایی بەردەوام بن. لە وانەیە ئەوانەی دڵخوازانە یان دڵناخوازانە کوردستانیان بە جێهێشتووە، ناڕاستەوخۆ، زۆر زیادتریان یارمەتی کردبێ بە بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد لەوەی کە ئەگەر لەوێ مابانەوە و نەهاتبانە دەرەوە.

**پەراوێزەکان:**

[١] دانانی زازا و گۆران بە کورد داهێنانێکی ناسیۆنالیزمی مودێرنی کورد نییە. نووسەری کوردی ئاخروئۆخری سەدەی شازدەهەمم شەرەفخانی بیتلیسی هەر ئەو دەمی هەردووکیانی بە دوو گروپی نێو کوردان داناوە. هەروەها گەڕیدەی تورکیش ئەولیای چەلەبی کە لە سەدەی حەڤدەهەم ژیاوە ئەوان بە کورد دەزانێ. تەنانەت پێشتریش ئێمە ئاماژەی ئەوتۆ دەبینین بۆ سەر گۆران کە بە ڕاشکاوی خۆیان بە کورد داناوە وەکوو عارفی سەدەی چواردەهەم جەلالودینی بنی یۆسفی ئەلکورانی ئەتەلمیجی ئەلکوردی ( کە بە زمانی عەڕبی دەنووسی، بڕوانە:

C. BROCKELMANN “ Geschichte der Arabichen literatur”

پاشکۆ و بەندی دووهەم ل ٢٦٢). زۆر لە ناسیۆنالیستە کوردەکان وایان لاپەسندە کە چاوی خۆیان لەو ڕاستییەی کە زازا و گۆران لە ڕاستیدا دوو زمانی جیاواز ( لە کوردی)ن هەڵبڕن ،و پێیان خۆشە ئەو جیاوازییانە کەم کەنەوە. کاتێک چەند گۆڤاری کوردی کە لە ئوروپای ڕۆژئاوا دەردەکەون لەو دواییانەدا دەستیان پێکرد کە بە تەنیشت کورمانجی و یا سۆرانییەوە بەشی زازاشیان هەبێ، ئەوە بووە هۆی ئیعتیراز و گازن لەلایەن ئەوانەی ڕا کە ئەو کارە بە هەڕەشەیەک دەزانن بۆ سەر یەکێتی کورد، بە پێچەوانەی زازایی، گۆرانی پێشینەیەکی وێژەیی هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا، ئێستا بە کردەوە لە نێو چووە.

[٢] سەبارەت بە بیروڕای ئەهلی هەق، پروانە: مینۆرسکی ١٩٢٠، ١٩٢١؛ ئێدمۆندس ١٩٦٩؛ موکری ١٩٧٠؛ هێندێک لە ئیدە بنەڕەتییەکانی ئەو پروایە واوێدەچێ تەواو ئێرانیانە بێ( مەزدایزم یان زەردەشتی)، Roux ١٩٦٩ ئاماژە بە هەبوونی زۆر لە توخمەکانی دینی کۆنی تورک لەو مەزەبەدا دەکا

[٣] سەبارەت بە ئایین و مێژووی یەزیدی پروانە مەنزەل ١٩١١؛ لێسکۆ ١٩٣٨.

[٤ ] لە مەڕعورفی ئەو شێوەیە لە ڕێسای هاوباوکایەتی لە نێو کوراندا پروانە: کودات ١٩٧١. ئەمن سەبارەت بە هەبوونی ئەو جۆرە پێوەندی کریڤییە لە نێو عەشیرەتەکانی کورد و مەسیحییەکانی ناوچەی جزیرە و تورعابدین دا شتم بیستووە.

[٥] ئەم عەشیرەتە، ئەرمەنی – ڤارتۆ کە وارگە زستانییەکەی لە نزیک سلۆپی یە ( خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکییە ) تا ساڵەکانی ١٩٥٠ وردەوردە لە عەشیرەتی کوردی تەییان دا تواوە، و هەر بە کوردی قسە دەکات Hutteroth ١٩٥٩ ل ٥٧

[٦] لە "کوردەکان" ئێمە مەبەستمان لە وانەیە کە بە گشتی لە سەدەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەمەوە ئاوا نێودێر کراون. لە سەرچاوەکانی پێشووتردا، واوێدەچێ کە زاراوەی "کورد" ئاماژە بێ بە نموونەیەکی تایبەتی لە کۆچەری شوانکارە، نەک گشت ئاخێوەرانی زمانی کوردی( و گۆرانی و زازایی).

[٧] تەنانەت ئەو دەمیش کاندیدای تورک لەلایەن پارتی باڵی چەپی کرێکاری تورکییە ڕا، کە بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر لە ساڵانی ١٩٦٠دا سەرکەوتوو بوو، سەر بە توێژی ئاغاوات بوو. لە ئاخروئۆخری ساڵەکانی ١٩٧٠دا، کاتێک بزووتنەوەی کورد لە تورکییە زۆر بەهێز ببوو، چەند کاندیدایەکی سەربەخۆ( واتە ئەوانەی کە سەر بە هیچ پارتییەک نەبوون) شانیان لە شانی دەزگای پارتییە دامەزراوەکان دا و لە هەڵبژاردندا شکاندیانن، هەم بە ڕاکێشانی وەفاداری سوننەتی و هەم بە خۆ بەستنەوە بە هەستی ناسیۆنالیستی کوردی. ئاشکرایە کە ئەو جۆرە پیاوانە زۆر کەمتر بە پشتیوانی دەوڵەتییەوە گرێ درا بوون.

[٨] شیکردنەوەیەکی سەرنجراکێش سەبارەت بەو وەزعە لە نۆڤێلی وەسایقی ئومیت کافتانجی ئوغڵوو Tüfekliler

(تفەنگچیەکان)دا هاتووە. نووسەر وەک مامۆستای خوێندنگە لە ساڵانی ١٩٦٠دا لە شاری دێرک لە نزیک ماردین کاری کردووە و باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە بە چاوی خۆی دیتوونی: دەستەڵات و ئاکاری بێ بەزەییانەی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچە و پیاوە چەکدارەکانیان، گێرەوکێشەی بەزەبرو زەنگ، زوڵم و زۆر لە جووتێران و داپڵۆسینیان، و چاو قوچاندن و هاوکاری کاربەدەستانی ناوچەیی حکوومەت لە گشت ئەو ڕووداوانەدا. ئەو شتانەی ئەو بۆخۆی دیتوونی ئێستاش لە سەر بارودۆخی زۆر لە بەشەکانی کوردستان ڕاستن.

[٩] ئاشکرایە کە نێوی"گۆران" ئەو جووتێرانە بە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی گۆران و زمانی گۆرانییەوە دەلکێنێ، بەڵام ئەوان بە تەواوی وەک گرووپێکی کۆمەڵایەتی جیاواز چاویان لێکراوە. "کورمانج"، ئەو زاراوەی کە لە کوردستانی خواروو بە بەشێک لە ئێلیتی عەشیرەتی دەگوترا. مسکێن و کڵاو سپی بەڕیز بە مانای "هەژار" و ئەو کەسەیە کە کڵاوی سپی لە سەرە، ئەوەی دوایان بە ڕواڵەت لە بەر ئەوەی کە ئەوانە سەرپۆشێکی تایبەتیان هەبووە کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئیتر دەکار نەکراوە بەڵام نێوەکەی ماوەتەوە و چەسپ بووە.

[١٠] وشەی میللی کە ئاتاتورک بە سەر بزووتنەوەکەی خۆیدا پری و بە ئاسایی بە " نەتەوایەتی" وەردەگێردرێ، ئاماژەیە بۆ موسڵمانان تا ئەوەی کە مەبەست لە نەتەوەی تورک بێ. ئەمە تەنێ دواتر نێوەرۆکی ئێتنیکی – ناسیۆنالیستی وەخۆکرد.

[١١] ئەمن ئەو زاراوە فەڕانسەییە لە سمیت(١٩٦٩) قەرز دەکەم بۆ ئەو کۆمەڵگە ئێتنیکیانەی کە هەستێکی پتەوی خۆناسیان هەیە، بەڵام ئەو ئەنیستیتووسیۆنە سیاسییەیان نییە کە تایبەتمەندی نەتەوەکەیە.

[١٢] مەم و زین، چاپێکی ڕەخنەگرانە لەلایەن

M.B. Rudenko( Akademija nauk, SSSR, Moskva 1962)

(ل ٥ – ٣٠). ئەو پرگەیە ئەوەندە تازە وەبەرگوێیان دێ کە مرۆڤ وای بۆ دەچێ دەکرێ دەستێوەردانێکی دواتر بێ. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەو دەستنووسەی کە ئەم چاپە لە سەر بناوانی وی گەڵاڵە کراوە. ئەگەرچی زۆر کۆنیش نییە، دەگەڕێتەوە بەر لە چاخی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن.

[١٣] سەبارەت بە باڵە جیاوازەکان لەو ڕێکخراوە کوردیی سەرەتاییانەدا، و ئەو شتانەی دووبەرەکی لە نێودا ساز کردبوون. پروانە فان پروانێسن١٩٧٨، ل ٧٦-٣٦٩، ١٩٨٥ ل ٣٦- ١٢٩.

[١٤] لە مەڕ پێشوەچوونەکانی بزووتنەوەی کورد لە تورکییە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا . پروانە فان پراونێسن ١٩٨٦ و ١٩٨٨.

[١٥] پروانە کۆچێرا ١٩٧٩؛ شالیان ١٩٨٠؛مەکداوڵ ١٩٨٥ و هیمان ١٩٨٨. بۆ تێروانینێکی گشتی پروانە؛ جەواد ١٩٨١ و ئیبراهیم ١٩٨٣ بە تایبەتی لەمەڕعێراق؛ فان پروانێسن ١٩٨٤ و ١٩٨٦؛ لەیبەر و ویتمان لە مەڕ تورکییە؛ ڤان پراونێسن ١٩٨١ و ١٩٨٤؛ ئینتیسار ١٩٨٤سەبارەت بە ئێران. پێشوەچوونەکانی ئەو دواییانە دەکرێ بەهۆی Bulletin de liaison et d'information شوێنگێری بکرێ کە هەر دوو مانگ جارێک لەلایەن ئەنیستیتووی کوردی پاریسەوە دەردەچێ و بریتی یە لە پراوەی ڕۆژنامانان و دەنگوباس.

[١٦] پدک، کە مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکی بوو، تا رووخانی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ دا ، بەڕێوەی دەبرد. ئەو شکانە بووە هۆی لەبەر یەک هەڵوەشانی ئەو پارتییە و چەند کەسێک لە ڕێبەرانی پێشووی فۆرماسیۆنی سیاسی، تازە و لەتەک یەکتردا ڕکەبەریان دامەزراند. کورەکانی بارزانی ئیدریس و مەسعوود، کە بنکەیان لە ئێران بوو، هەوڵیان دا کە پدک وەهۆش بهێننەوە( لە سەرەتاوە لە ژێر ناوی " قیادەی مووەقەت"ی پدک)، ئەو پارتییە بە شێوەی سەرەکی لەلایەن کۆرمانجی ئاخێوەر، و تاک و تەرای عەشیرەتی لای هەرە باکووری عێراقەوە پشتیوانی لێدەکرا. ڕەقیبی لەمێژینەی بارزانی، جەلال تاڵەبانی کە لە سەرەتاوە لە سوورییە بنکەی دانابوو، "ینک"ی دامەزراند، کە لە نێو سۆرانی ئاخێوەران دا بەرەو ناوچەکانی باشوور پشیتوانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. دوو لە پیاو دەستەڕاستەکانی بارزانی، مەحمود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان یش هەر یەکەی پارتی، زۆر ناپایەداری لەمەڕخۆیان پێکهێنا.

[١٧] سەبارەت بە ئاکاری تورکەکان لە ئاست هاتنی ئەو پەنابەرانە، لە گەڵ جووڵانەوەیان و ئەو گیروگرفتە سیاسییانەی کە حزووری ئەوان خوڵقاندی پروانە ئەسڵان ١٩٨٨.

[١٨] عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوو لە نوێنەرانی دیکەی حدکا لە کاتێکدا هێشتا لە گەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئێران دا خەریکی وتووێژ بوون کوژران. هەلومەرجی وردی ئەو قەتڵانە جارێ بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە، چونکوو وتووێژکارە ئێرانییەکان بەر لەوەی کە لەلایەن پۆلیسەوە بە تەواوی لێپرسینەوەیان لێبکرێ وڵاتیان( ئوتریش) بەجێهێشت. ئێران، عێراقی بەو قەتڵانە تاوانبار کرد؛ بەڵام ئەو بەڵگانەی هەن بە پتەوی دەی سەلمێنن ئێرانییەکان یارمەتی قاتڵە نەناسراوەکەیان داوە کە بێتە نێو خانووەکەوە. پروانە لێکۆڵینەوەی وردی ژۆرنالیستی لەلایەن مارک کراڤێتس، لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی پاریس دا، ٧ی ئووتی ١٩٨٩.

[١٩] لە ساڵی ١٩٩٠ دا، پکک تاوانبار کرا بە دوو هێرشی توندوتیژ بۆ سەر گوندە کوردییەکان، لەو هێرشانەدا بەدەیان خەڵکی سیڤیل کوژران. بە پێچەوانەی پەلامارەکانی پێشووتر بۆ سەر خاو و خێزانی " گاردی گوندەکان" کە ئەوان بە شانازییەوە پێیان لێنا، پکک بەرپرسیاری خۆی لە ئاست ئەو پەلامارانەدا وەدوایە داوە و ڕای گەیاند ئەو کارانە

پرۆڤاکاسیۆنی بە ئانقەستەی هێزە ئەمنییەتیەکانی تورکییەن، بیروڕایەکی کە واوێدەچێ کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤی تورکییەش لە گەڵی دا بن.

[٢٠] بڕوانە ئەو بابەتانەی کە مردمناسی لەهێستانی لێزێک زیگل

Leszek Dziegiel

(١٩٨١) باسیان دەکا. ئەو بۆ خۆی لە سەریەک لەو پرۆژەی پێشوەچوونانەدا کاری کردووە.

[٢١] بژیشکی جیهانی

(Medico International)

باسی پازدە دێی ستراتێژیک دەکا، کە هەر کامێکیان لە نێوان ٢٠٠٠٠ تا ٤٠٠٠٠کەسیان تێپەستاوترا بوو(٦٣، ١٩٩٠).

Martin van Bruinessen,‘Kurdish society, nationalism and ethnicity, refugee problems’,in:Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds),
The Kurds: a contemporary overview.
London: Routledge,1992, pp. 33-67.

# (٥)

## ساداتی نەهری یان گەیلانیزادەی کوردستانی نێوەندی

بنەماڵەیەک لە عولەما کە خۆیان بە تۆرەمەی عەبدولقادری گەیلانی دەزانن دەورێکی بەرچاویان گێرا لە مێژووی کووردستانی نێوەندی دا لە کۆتاییەکانی سەدەی 19هەم و بەرایی سەدەی 20مدا. ئەوان بە ساداتی نەهری بەناوبانگن، نەهری ناوی گوندی شوێنی نیشتەجێ بوونیان بووە لە مەڵبەندی شەمزینان. شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەرۆکایەتی ڕاپەڕینی 1880ی کرد کە کوردان بە گشتی بە یەکەم ڕاپەڕینی کوردی دادەنێن بە نێوەرۆک و داوخوازی ناسیۆنالیستیەوە. کورەکانی و نەوەکانیشی، جگە لە بەهێزکردنی هەڵکەوتی سیاسی و ئابووری خۆیان دەوری سەرەکییان لە بزووتنەوەی کوردی دا گێراوە.
ئێمە بۆ زانیاری خۆمان سەبارەت بە مێژوو و شەجەرەنامەی ئەو بنەماڵەیە زۆر قەرزداری باسیل نیکیتینین، کە لەنێوان ساڵانی 1918- 1915، کۆنسوولی ڕووسییە بوو لە ورمێ، کە لەوێ لە نێو پەنابەرانی شەڕ دا کە لە تورکییەوە هاتبوون مەلایەکی کوردی خەڵکی نەهری ناسی، بە نێوی مەلا سەعیدی قازی. مەلا سەعید بوو بە مامۆستای زمانی کوردی نیکیتین و لە سەر داوخوازی وی زنجیرەیەک دەقی نووسییەوە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و دینی کوردستانی نێوەندی، کە دوایە نیکیتین وەریگێران و بڵاوی کردنەوە ( نیکیتین و سۆن 1923؛ نیکیتین 1925ئا و 1928بێ). دیارە سەیر نییە کە لەو ریوایەتانەی مەلاسەعید دا ساداتی نەهری دەوری نێوەندی دەگێرن، چونکە مەلا سەعید لە سەروبەندی ژیانی محەمەد سدیق کوری عوبەیدوڵا دا لە نەهری مەلایەتی کرد بوو.

### ڕەچەڵەک

ساداتی نەهری خۆیان بە تۆرەمەی عەبدولقادری کوری عەبدولعەزیز دەزانن، کە بە بەپێی نەریتی بنەماڵەیەیی، لە ئاکرێ ( لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ) دامەزرا و لەوێوە فێرکردەکانی بابی خۆی بڵاو کردەوە. لە دوای مەرگی، لە ئاکرێ نێژرا، کە لەوێ بە پێی قسەی مەلا سەعید لە سەرەتای سەدەی 20میشدا گۆرەکەی هێشتا زیارەتگەیەک بوو. کورەکەی عەبدولعەزیز، ئەبووبەکر هێندێک بەرەو باکوورتر، واتە لە ناوچەی شاخاوی عەشیرەتی هەرکی لە شەمزینان دامەزرا.سێ یان چوار وەچە دواتر، یەک لە تۆرەمەکانی مەلا حاجی لە گوندێکی دیکە لە مەڵبەندی شەمزینانماڵی دانا، لە نێو عەشیرەتی درواسێی خومارو دا. دیسان چەند وەچەی دیکە دواتر ، سەرۆکی بنەماڵەکە مەلا ساڵح لە گەڵ کورەکانی عەبدوڵا و ئەحمەد ماڵی بار کرد بۆ گوندی نەهری. ئەو بنەماڵەیە دەڵێ لە زنجیرەیەکی نەپساوە دا تا سەردەمی عەبدولعەزیز تەریقەتی قادرییەی بڵاو کردووەتەوە. گواستنەوەیان بۆ نەهری، هاوکاتە لەگەڵ دەستبەردان لە تەریقەتی بنەماڵەییان قادرییە و وەخۆ کردنی تەریقەتی نەخشبەندییە - خالیدییە.1 سەیید عەبدوڵا و (بە پێی هێندێک سەرچاوە، براکەی سەیید ئەحمەد) بوون بە خەڵیفەی تەریقەت دانەری گەورەی، نەخشبەندییە، مەولانا خالید، کە خۆی پێشتر بە دەستی سەیید عەبدولا هێنرابووە نێو تەریقەتی قادرییە.دوای مردنی عەبدوڵا، برازاکەی سەیید تەها جێی گرتەوە، کە ئەویش لە مەولانا خالید ئیجازەی وەرگرت ( مەکێنزی 3-162 :1962).
چەندین لکی دیکەی قادرییە سلسلەی خۆیان دەبنەوە سەر عەبدولعەزیز، بەڵام لە هەموو نموونەکاندا لایەنی مێژوویی ئەو پێوەندییە بەبەڵگەوە ناسەلمێ – وەک سەبارەت بە بەراییەکانی پەیدا بوونی تەریقەتی قادرییە بە گشتی.جەماعەتی جەلیلەی ئەفریقای باکووری، کە ڕێز لە شێخ عەبدولقادر دەگرن، وەفاداریی خۆیان دەبەستنەوە بە بنەماڵەیەکی پیرۆزی فێز بە نێوی شورەفای جەلیلە کە ئەوانیش خۆیان بە تۆرەمەی عەبدولقادر دەزانن بە ڕێگای عەبدولعەزیز و برایەکەی ئیبراهیم وە (مارگۆلیوت 382: 1974). ئەو لکەی تەریقەتی قادرییەش کە ئێستا لە ئێندۆنێزی زاڵە سلسلەی خۆی دەباتەوە سەر عەبدولعەزیز و جێنشینێکی بە نێوی محەمەد ئەلهەتتاک. [٢]
لە سەرچاوە بەراییەکانی عەرەبی دا ئاماژە بە عەبدولعەزیز کراوە ( ئەگەرچی، ئەوانە دەگەڕێنەوە زیاتر لە سەدەیەک لە دوای مردنی)، کە ئەوەش ئەگەری ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ ئەو درێژەی دابێ بە فێرکردەکانی بابی – جا نێوەرۆکیان

هەرچییەکی بووبێ. ئەلوەسیتی(مێژووی مردن 744/1343)ئەوە دادەگرێتەوە کە عەبدولڕەززاق و عەبدولعەزیز تەنیا ئەو کورانە بوون کە پیشەیەکی دنیاییان نەگرتە بەر( تریمینگام 42 : 1971). مارگۆلیوت ، هەر وەها – دیار نییە بە پاڵپشتی چ سەرچاوەیەک – ئاماژە دەکا بە گوندی جەیال لە سنجار (ڕۆژئاوای مووسڵ) و نەک ئاکرێ وەکوو ئەو شوێنەی کە عەبدولعەزیزی لێ مرد بێ ( مارگۆلیوت 382: 1974).

ئەو شەجەرەی لە گەڵ ئەم بابەتەیە بەرەبابی سەرەکی بنەماڵەکە نیشان دەدا، واتە ئەو باڵەی کە ئەندامانی هەرە هەڵکەوتوو سەر بە وی بوون. [٣] ئەمن هیچ ئاماژەیەکم بە نێوی ساداتی نەهری نەدۆزیوەتەوە بەر لە "وەرگەڕانیان" بەرەو نەخشبەندییە. ئەوان لە نێوەڕاست سەدەی 18هەمدا نێوبانگیان بڵاو بووەوە، لە ئاکامی ئەو گۆرانانەی لە پارسەنگی هێز دا هاتنە گۆرێ و هەر وەها بوونی میسیۆنێران لە ناوچەکە، کە بۆ ئەوان ساداتی نەهری وەکوو بنەماڵەیەکی سەرەکی موسوڵمانی دەستڕۆیشتوو لە هەرێمەکە دا، ئاشکرا بوو هێزێک بوون کە دەبوو حیسابیان لە سەر بکەن و بە بەردەوامی باسی کاروباری خۆیانیان لە گەڵ بهێننە گۆرێ.

چاکسازی ئیداری لە ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووهەم ( 1839- 1808) و عەبدولحەمید دا (1888 – 1839) کوتایی هێنا بە خۆسەری سلسلە کوردەکان کە بە چەند پشت و وەچە حکوومەتیان کردبوو  بە سەر بەشە دەستوێرانەگەیشتووەکانی کوردستان دا. لەوانە سلسلەی شاملوو لە حەکاری ( کە دوایین فەرمانڕەواکەی، نەسروڵابەگ ، لە سەر کار لا درا و لە ساڵی1849 دا دورخراوە بۆ دورگەی کرێت) و سلسلەی عەبباسی بەگزادەی شەمزینان. هەر وەک لە جێی دیکەی کوردستانیش دا ڕوویدا، ئەو کاربەدستانەی لە سەر کار داندران بۆ ئەوەی جێگای فەرمانڕەوا " فئۆداڵ" ەکان بگرنەوە، نە ڕەوایەتی و نە تێگەیشتنیان هەبوو سەبارەت بە هەلومەرجی ناوچەیی کە پێویست بوو بۆ ئەوەی جێی خاڵی فەرمانڕەوا لادراوەکان بگرنەوە و، ئەوەش ڕێبەرانی دینی کشاند بەرەو گێرانی دەوری سیاسی. [٤] دەستەڵاتی ڕاستەقینە لە ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستانی نێوەندی بە شێخ سەیید تەها ئەسپێردرا ، کە لە ڕاستیدا لەماوەی حوکماتی ساڵانی دوایی نەسروڵا بەگ دا ناوبژیوان بوو لە نێوان ئەو و دەستەڵاتدارانی عوسمانی دا. [٥]

شێخ سەیید تەها زۆر بە ووردی ئاگای لە بەرەوپێشچوونە جوگرافیاییەکان لە هەرێمێکی بەربڵاوتر دا هەبوو و بە تایبەتی نیگەران بوو لە گەورەبوونەی بێ ئەملاو ئەولای ڕووسییە بەرەو باشوور و دەستەڵاتی لە زێدەی هێزە سەرەکییە ئیمپریالیستییەکان ( بریتانیا،ڕووسییە و فەڕانسە) بە سەر ئیمپراتۆری عوسمانی دا. لە ماوەی شەڕی کرەیمە دا (56- 1854) شێخ سەیید تەها بە شەخسە بەشداری کرد لە جیهاد بە دژی ڕووسەکان دا. [٦]  ئەو هەر وەها پێوەندی دامەزراند لە گەڵ قارەمانی خۆراگری دژی ڕووسییە لە داغستان، شێخ شامیل ( لە ساڵی 1871 کۆچی دوایی کرد) و تەنانەت وا دیارە شەرکەری کوردیشی ناردبێ بۆ داغستان بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی خۆراگری دا. [٧]

## شێخ عوبەیدوڵا

شێخ عوبەیدوڵاش نیگەرانییەکانی وەک ئی بابی وا بوو، ئەویش شەڕی ڕووسییە - عوسمانی ساڵانی 78- 1877 بوو، کە لەو شەڕە دا حکوومەتی عوسمانی شێخی کردە فەرماندەی هێزە عەشێرەتە کوردەکان کە ئەوەش ئەوی کێشایە نێو چالاکیی سیاسی . ساڵێک دوای شەڕ ئەو بۆ ماوەیەکی کورت لە دژی ئیدارەی هەرێمیی عوسمانی ڕاپەڕی و، سەلماندی لە ووزەی دا هەیە لە کوردستانی نێوەندی دا دەستەڵاتێکی کاریگەر دامەزرێنێ و، لە ساڵی 1880 دا ئەرتەشی عەشیرەتی وەفادار بە شێخ پەلاماریان بردە سەر ناوچە دراوسێیەکانی ئێران، بە مەبەستی لا بردنی ئیدارەی نابەجێ و بێکەلکی ئێرانی و دامەزراندنی حوکمی شێخ عوبەیدوڵا لە جیاتیان. بەڵگەبەدەستەوەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕاپەڕینە وەکوو یەکەم ڕاپەڕینی کوردی بە هەبوونی لایەنێکی ئاشکرای ناسیونالیستی دابندرێ. لە پێوەندیی نامەیی لە گەڵ بێگانان دا شێخ باس لە کوردەکان وەک گەلێکی جوێ دەکا – بەتایبەتی دەبێ مەبەستی لە جوێ بوون لە هەرمەنییان بێ، کە ئاوری ناسیونالیسمەکەیان لە لایەن ڕووسەکانەوە خۆش دەکرا – و گلەیی و گازەندە دەکا لە ئیدارەی گەندەڵی ئێران و عوسمانی. کاربەدەستانی عوسمانی و میسیۆنێر و کۆنسوولە بێگانەکانیش لە هەرێمەکەدا لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە شێخ مەبەستی دامەزراندنی ئەمیرنشینێکی سەربەخۆی کوردی بوو.

دەوری نیزامی شێخ لە شەڕی ڕووسیە- عوسمانی دا هەڵکەوتی وی ( هەر وەها تەسەوری وی لە سەر خۆی) داگرتەوە وەکوو ڕێبەرێکی کوردی ئەو پەڕی جێی ڕێز و حورمەت لە نێو خەڵک دا. زۆربەی ئەو چەک وچۆڵەی لەماوەی شەڕی نێوبراو دا درا بوو بە عەشیرەتەکان لە کوردستان مابووەوە، ئەوەش هەڵکەوتی شێخی ئەوەندەی دیکە بەهێزتر

کرد.هۆکاری سەرەکی کە بووە هۆی ڕاپەڕینی وی ڕەنگە ئەو تەسەورەی بوو بێ کە هەرمەنییەکانی وان، بە پاڵپشتی نێونەتەوەیی، خەریکی خۆ ئامادە کردن بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەوەیکە نەستوورییەکانی ناوچەی خۆشی داوخوازی پاراستنیان کرد لە بریتانیا. [٨] هۆیەکی دیکەش کە ئەو بە بەردەوامی ئاماژەی پێ دەکرد،حوکمداری خراپ و زوڵم و زۆرداری ئیدارەی ناوچەیی و دەستەوەستان بوونی بۆ پێشگیری لە تاڵان وبڕۆی عەشیرەتە کۆچەرە گەورەکانی هەرکی و شکاک بوو. لە ساڵی 1879 ئەو بۆ ماوەیەکی کورت لە دژی ئیدارەی هەرێمیی عوسمانی ڕاپەڕی لەبەر کێشەیەک لە گەڵ حاکمی گەوەر.سەرەڕای دژپەلامارێکی کوردی بۆ سەر گوردانێکی عوسمانی کە بۆ دامەزراندنەوەی نەزم و ئارامی ناردرابوو، ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی دۆستانە یەکلا کرایەوە، کاربەدەستی هێرشکار لە سەر کار لادرا و نیشانی فەخری درا بە شێخ و مووچەی بۆ بڕدراوە لە بەر خزمەتەکانی لە شەڕی ڕابردوو دا.

بە لە بەر چاو گرتنی دژایەتییەکانی شێخ لە گەڵ ئاواتەکانی هەرمەنییەکان، ئەوە چاوڕاکێشە کە پێوەندی و دان و ستاندنەکانی وی لە گەڵ ئەو عیساییانەی لە نیزیکەوە دراوسێی بوون، واتە نەستوورییەکان، لە ماوەی ڕاپەڕینی 1880 دا زۆر باش بوو؛ لە ڕاستییدا، لە بەر هەر هۆیەک بووبێ، لەو ڕاپەڕینەدا نەستوورییەکان پشتیوانییان لێ دەکرد.ئەو هەر وەها پێوەندی لە گەڵ ئەو میسیۆنێرە بێگانانەی لە هەرێمەکە دا کاریان دەکرد دامەزراند، کە بەگشتی بیرو ڕایان لە سەر وی باش بوو.لە ماوەی پەلامار دانی ئێران دا،ژن براکەی کە خەلیفەشی بوو، واتە شێخ محەمەد سەعید بە کۆنسوولی گشتی بریتانیا و ئەو میسیۆنێرە ئەمەریکاییانەی کە لە ورمێ بوون گوت ئامانجی عوبەیدوڵا "نەهێشتی ڕێگری و چەتەیی، دامەزراندنەوەی هێمنی و ئاسایشت لە سنوورەکانی تورکییە و ئێران، دەستەبەرکردنی یەکسانی مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان، لایەنگری لە پەروەردە و، ڕێگا دانە بۆ ساز کردنی کلیسا و مەدرەسان"و، ئەو داوخوازی پشتیوانی مەعنەوی ئوروپاییە بۆ وەدیهێنانی پرۆژەکەی (جو وەیدە: 239: 1960). کە وابوو ئەو ڕاپەڕینە هەر ئەوە نەبوو کە کوردەکان بخاتە هەڵکەوتی دژایەتی لە گەڵ مەسیحییەکانی ناوچە یان گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە.سەربازانی شێخ کە لە سێ ئەرتەش دا ڕێک خرابوون لە لایەن دوو کورەکانی محەمەد سدیق و عەبدولقادر و ژن براکەی محەمەد سەعیدەوە فەرماندەیی دەکران، و ئەو لەشکرانە لەئەندامانی زۆربەی عەشیرەتەکانی هەرێمەکە پێک هاتبوون و ئەوەش دیسان دەیسەلماند دەستەڵاتی شێخ دەتوانێ لە سەرووی دابەشبوون و کێشە عەشیرەتییەکان دا بێ. [٩] یەک لە ئامانجەکانی پەلاماردانی ئێران وەک تەنبێ کردنی عەشیرەتی گەورەی شکاک ڕاگەیێندرا  کە زۆرجار جووتیرانی کورد، ئازەری و نەستووری دەشتی ورمێی تاڵان دەکرد. ، وەک ڕوویدا لەشکری شێخیش دەستیان لە تاڵان نەگێرایەوە، بەڵام لە شارۆچەکەکانی کوردنشینی ناوچەکە پێشوازییان لێ کرا و عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە لەگەڵیان کەوتن و کاربەدەستانی ئێرانی هەموو هەڵاتن. دوای ئەوەی دانیشتوانی ئازەری (شیعەی) شارۆچکەی مياندواو دژایەتی ئەو بزووتنەوەیان کرد و نوێنەرانی کوردیان کوشت کە هاتبوون بۆ داوخوازی پیتاک بۆ لەشکریانی شێخ بزووتنەوەکە خەسڵەتێکی دژی شیعەی پەیدا کرد. دەگوترێ مەلای سەرەکی ساوجبولاغ (مەهاباد) فتوایەکی دەرکرد،تێیدا بانگەوازی جیهادی کرد بە دژی شیعان و، ئەوەش دەتوانێ دەورێکی گرینگی گێڕا بێ. [١٠]  میاندواو پەلامار درا و چەندین هەزار کەس لە دانیشتوانی قەتڵی عام کران. لەشکریانی کورد لەو بەرەیە دا کە شێخ عەبدولقادر فەرماندەیی دەکردن بەردەوام بوون لە پەلامار دانی زیاتری خاکی ئازەری و دەرەوەی شارانیان تا نیزیک مەراغە چەپاند و تاڵان کرد.

سەرکوت کردنی ئەو ڕاپەڕینە بە دەست لەشکری ئێران هەر ئاوا خوێناوی بوو ئەگەر زیاتر نەبووبێ. ئەرتەشی ئێران بێ فەرق و جیاوازی دانان خەڵکی دەکوشت، نەک هەر کوردەکان، بەڵکوو نەستوورییەکانی دەشتی ورمێش. ئەوەی کە تا ئەو دەمی لە هێزە عەشیرەتییەکانی شێخ مابووەوە هەڵوەشا و چوونەوە ماڵێ لەو بەری سنوور. شێخ و کورەکانیشی گەڕانەوە بۆ شەمزینان. بۆچوونی شێخ عوبەیدوڵا لە ئاست حکوومەتی عوسمانی و هەر وەها بۆچوونی حکوومەت لە ئاست شێخ، لە کاتی ئەو ڕاپەڕینە دا وا وێدەچێ ڕارایانە بووبێ. شێخ هیچ کاتێک باسی نەمانی وەفاداری خۆی لە ئاست سولتانی نەکرد (کە دیارە ئەوی وەک خەلیفە دەناسی)، بەڵام هێندێک لە کاربەدەستانی عوسمانی و هەر وەها میسیۆنێرەکان لە سەر ئەو باوەرە بوون کە ئەو حەول دەدا بۆ جوێبوونەوە لە ئەستەنبوولیش. حکوومەت هەتا بڵێی بە نەرمی لە گەڵی جووڵایەوە و هێندێک لە چاوەدێران لەو بڕوایە دابوون حکوومەت ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لێ دەکا بۆ وەگەرخستنی کوردەکان وەکوو دەستەبەرێک لە ئاست مەترسی گەورەتری ناسیۆنالیسمی هەرمەنی.[١١]

لە دوای تەواو بوونی ڕاپەڕینەکە شێخ بانگ کرا بۆ ئەستەنبووڵ، بەڵام ئەو پێشوازییەی کە وەک قارەمانێک لێی کرا لە هەموو جێیەک لە سەر ڕێگا ئەوەی سەلماند ئەو وەک ڕاپەڕیوێکی ئاسایی مامڵەی لەگەڵ ناکرێ. دوای مانەوەیەکی تۆبزی یەک ساڵە لە ئەستەنبووڵ ئەو دیسان چووەوە شەمزینان. لە ژێر گوشاری دەرەوەیی دا،دیسان دەستەڵاتداران گرتیانەوە، ئەوجار دووریان خستەوە بۆ مەکە و لەوێ لە ساڵی 1883 دا سەری نایەوە. [١٢]

### شێخ محەمەد سدیق (کۆچی دوایی 1911)

محەمەد سدیق، کوڕی گەورەی عوبەیدوڵا، ڕێگای درا بگەڕێتەوە نەهری و لەوێ جێی بابی بگرێتەوە وەکوو کەسی هەرە دەستڕۆیشتووی کوردستانی نێوەندی – هەڵکەوتێکی کە ئەو دەبوو بە بەردەوامی لە ئاست شێخ و سەرۆک عەشیرەتە ڕقەبەرەکان دا بی پارێزێ. دیکسۆن (1910) وەک ڕێبوارێک باسی ئەو ڕقەبەرییانە دەگێڕێتەوە، بەڵام سەرچاوەی هەرە چاوراکێش سەبارەت بە بەسەرهاتەکانی محەمەد سدیق، بێگومان ریوایەتی مەلا سەعید، میرزای پێشوویەتی ، کە بۆ نیکیتینی نووسیوە ( نیکیتین و سۆن 1923) ئەوە ڕیوایەتێکی بەرزە کە باسی ئەوە دەکا شێخ چ شێوازێکی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ڕقەبەرایەتی بخاتە نێوان سوتۆ و تاتۆ بۆ ئەوەی وەفاداری هەر دووکیان بەرەو لای خۆی مسۆگەر بکا.
مێسیۆنێر و.ئەی. ویگرامیش ڕیوایەتێکی سەرنجڕاکێشی هەیە سەبارەت بە کار و چالاکی ئابووری شێخ محەمەد سدیق و پێوەندی وی لە گەڵ دەستەڵاتدارانی عوسمانی. " [ شێخ محەمەد سدیق] کە، لە بابی زیرەکتر بوو، لە ڕاستەقینەی هێز ڕازی بوو و بەڕێگای قاچاغی تووتن لە ئاستێکی بەربڵاو دا سەروەت و سامانێکی زۆری وەسەر یەک نابوو.کاروانەکانی بەرەو خواروو دەچوون بۆ ئێرانێ، کە زۆر جار لە سەد یەستر پێک دەهاتن؛ ئەوەش بە سەروەبەرنەهێنانی ئاشکرای کاربەدەستانی حکوومەت و؛ بەشێکی زۆر لە داهاتی ئەوە دەدرا بە تفەنگ کە بە قاچاغی لە ڕووسییەوە دەهێندرا بۆ ورمێ." [١٣] شێخ هێندێک لە دراوی خۆی لە بانکێکی بریتانیای دا پاشکەوت کرد ( کە داوای لە ویگرام کرد بۆی هەڵبژێرێ) ؛ ئەو دەبێ یەکەم سەرۆکی کورد بوو بێ کە دراوی لە هەندەران دانابێ. هەم قایمقام (حاکمی ناوچەیی) و هەم پشکنێری قۆرغی تووتنی دەوڵەتی (ڕێژی) لە شوێنی ئاوا دەژیان کە شێخ بە دەستئاواڵەییەوە پێی دابوون و ئەوەش ئەوانی خستبووە دۆخێکەوە کە نەیان دەتوانی بە شێوەیەکی جیدی دەست لە کاروبارەکانی شێخ وەردەن. [١٤]

### سەیید عەبدولقادر ( کۆچی دوایی 1925)

برای چکۆڵەتری محەمەد سدیق کە لەگەڵ بابی دوورخرابووەوە بۆ مەکە هەتا کودەتای تورکە گەنجەکان لە ساڵی 1908 لەوێ مایەوە و ئەو کودەتایە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساند لە ئەستەنبووڵ دامەزرێ. نیوبانگی بنەماڵەکەی هەم لە نێو ئاریستۆکڕاسی کورد و هەم لە نێو "پرۆلێتاریا"ی کورد، حەماڵی کورد دا ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ پەیدا کرد.ئەو کرا بە ئەندامی شوورایی دێقلەت ( شووڕای دەوڵەت، مەجلیسی سەنای عوسمانی)، کە دواتر تەنانەت بوو بە سەرۆکی ئەو شووڕایەش. ئەو هەر وەها کرا بە کەسایەتی سەرەکی، یان یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی یەکەم کۆمەڵەی کوردی واتە، *کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی* کە هەر هەمان ساڵ، واتە ساڵی 1908 لە ئەستەنبووڵ دامەزرا. ئەوە ڕێکخراوەیەکی ناپایەدار بوو و دوای ئەوەی ڕێژیمی نوێ ڕووی لە دەستەڵاخوازی نا،نەما، بەڵام هەڵوێستی سەیید عەبدولقادر وەکوو ڕێبەری مەعنەوی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەستەنبووڵ وەکوو خۆی مایەوە. بە دوای کۆچی دوایی براکەی شێخ محەمەد سدیق لە ساڵی 1911، بۆ ماوەیەکی کورت گەڕاوە نەهری بۆ ئەوەی خۆی وەک جێنشینی وی دامەزرێنێ بەڵام دواتر ناچار بوو سەر وەبەر برازاکەی تەهای دووهەم بهێنێ کە بەڵێنی دایە لەوەو دواوە نێوە نێوە بەشە داهاتی باشی بۆ بنێرێ بۆ ئەستەنبووڵ.
لە دوای پڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی کاتێک سەرۆک کۆماری ئەمریکا ویلسۆن فکری دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوانی ڕاگەیاند ، ئەوە کاردانەوەیەکی قووڵی کردە سەر نوخبەی دەستە جۆر بەجۆرە ئێتنیکییەکانی نێو ئیمپراتۆری، ئێمە دیسان سەیید عەبدولقادر لە ڕێبەری کۆمەڵەی کوردی، *کورد تەعالی جەمعییەتی* دا دەبینن. ئەوە زۆر ڕێکخراوەیەکی ڕاستەقینەتر بوو لە ئەوەی پێشوو و، زنجیرەیەکی زۆر چالاکی کولتووری و پەروەردەیی ئەنجام دا. ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە بیرو ڕای جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە ئەوەی کە کامەیەک لە بەرژەوەندییەکانی کوردان دەبێ بپارێزدرێ. هێندێکیان بیریان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکردەوە، سەیید عەبدولقادر سەرۆکی ئەولایەنە بوو کە لایەنگری دەرەجەیەک لە لامەرکەزی بوو بەڵام لە بەر هۆی دینی و مەسەلەی دیکە دژی جوێبوونەوە لە پاشماوەی ئیمپراتۆری بوو. [١٥]
بە دوای سەرکەوتنی یەکجارەکی کەماڵیستەکان دا، سەیید عەبدولقادر پە پێچەوانەی زۆربەی لایەنگرانی باڵی کوردی جیاوزیخواز کە هەڵاتن بۆ هەندەران، لە ئەستەنبووڵ مایەوە. پڕیارەکەی بۆ مانەوە بە قیمەتی گیانی خۆی و کوڕەکەی محەمەد تەواو بوو. بە دوای تێک شکانی یەکەم ڕاپەڕینی کوردی لە تورکییەی کۆماری دا، واتە، ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ساڵی 1925، شێخ عەبدولقادر و کوڕەکەی هەردووکیان لە سێدارە دران، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەوان هیچ بەشدارییەکیان لەو ڕاپەڕینە دا نەببوو. دەستڕۆیشتوویی و خۆشەویستی زۆری سەیید عەبدولقادر لە نێو

کوردەکان دا بۆی ببوو بە سەرئێشەیەکی گەورە. کوڕێکی دیکەی ، عەبدوڵا گەڕاوە بۆ شەمزینان ( کە سەرۆکی بنەماڵە، واتە سەیید تەهای دووهەم، ئیدی لەوێ نەدەژیا) و لەوێ، بە یارمەتی شەڕکەرانی عەشیرەتی گەردی ، بۆ ماوەیەکی کورت گوندی نێوەندی نێوچیای داگیر کرد و شەش ئەفسەری تورکی کوشت. ماوەیەکی درێژی پێ نەچوو کە ئەو ڕای کرد و پەنای بردە بەر ئەو شوێنانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیاییەکان دا بوون. [١٦]
لەساڵی 1926 ئاخرەکەی مەسەلەی سنووری نێوان تورکییە و عێراق یەکلا کرایەوە،ویلایەتی پێشووی عوسمانی مووسڵ، کە کەمتازۆر بریتی بوو لە باشووری کوردستان، خرا سەر عێراق. ناوچەی شەمزینان دە نێو تورکییە دا مایەوە، بەڵام ئەو ناوچانەی کە شەمزینان هەمیشە تێکەڵی و پێوەندییەکی زۆر نیزیکی لەگەڵیان هەبوو واتە برادۆست و بارزان، لەوەو دواوە بەشێک لە عێراق بوون. نەهری کەوتە سەر سنووری سێ دەوڵەتان کە لە هەر سێکیان دا ساداتی نەهری زەوی وزار و موڵکی زۆریان هەبوو. [١٧] لە ساڵەکانی دواتر دا ئێمە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەبینن کە لە عێراق و هەر وەها تورکییە و ئێران لە چالاکی سیاسی دا بەشدار بوون.

**سەیید تەهای دووهەم ( کۆچی دوایی. 1939)**

سەیید تەهای دووهەم، کوری گەورەی محەمەد سدیق،بۆچوون و مەیلی سیاسی لە باپیری خۆی بە ئیرس پێ ڕابوو و دەیزانی چلۆن پەرە بە بەرژەوەندی شەخسی خۆی بدا،لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کوردەکان بکا وەکوو گەلێک. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ماوەی شەڕ دا ئەو چەندین جار پێوەندی بە ڕووسەکانەوە کرد بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. [١٨] وا وێدەچێ ئەو ماوەیەکی بەرچاو لە خاکی ڕووسییە دا ژیا بێ،چونکە ئەفسەرێکی بریتانیایی کە دواتر لە عێراق چاوی پێی کەوت هەستی پێکرد  ئەو بە ڕووسییەکی باش و هێندێکیش بە زمانی فەرانسەیی قسە دەکا.( هەی 353: 1921)
دوای شەڕی یەکەم، کەمالیستەکان کە مەبەستیان ئەوە بوو کوردستان لە کۆنترۆڵی بریتانیاییەکان دەر بهێنن، پێوەندییان پێوە کرد و پێشنیازیان پێ کرد لە مەجلیسی نەتەوەیی دا کورسییەک وەربگرێ، بەڵام سەیید تەها لەو بڕوایە دا بوو بەرژەوەندی وی زیاتر لە سەربەخۆیی کورد دایە.ئەو لە ساڵی 1919 لە عێراق پێوەندی کرد بە بریتانیاییەکانەوە بۆ ئەوەی داوای پشتیوانییان لێ بکا بۆ پرۆژەیەکی ئەوتۆ و هێزی خۆی لەگەڵ سمکۆ سەرۆک عەشیرەتی شکاک یەک خست ، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ناوچەیەکی بەربڵاوی لە بەری سنووری ئێران کۆنترۆڵ دەکرد لە سەر وەبەرنەهێنانەکی تەواو دا بە دژی دەستەڵاتداریی نێوەندی. دوای شکانی سمکۆ بە دەست ئەرتەشی ئێران لە مانگی ئووتی ساڵی 1922 دا، سەیید تەها لە سنوور پەڕییەوە و چووە عێراق و لە وێ پێشنیازی خۆی بە بریتانیاییەکان ڕاگەیاند کە ئامادەیە دژی کەماڵیستەکان هاوکاریان بکا ( ئەو دەمی بریتانیاییەکان لە ڕەواندز حوزووری نیزامییان دامەزراندبوو و عەشیرەتی جۆر بە جۆری کوردیان لە هەرێم بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا).
بریتانیاییەکان کە تەسەورێکی باشیان لە مەر وی هەبوو و بۆ ماوەیەک ئەویان بە هاوپەیمانێکی زۆر باشتر دەزانی لە شێخ مەحموودی سلێمانی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جێی باوەر نەبوو، کردیان بە قایمقامی (حاکم) مەڵبەندی ڕەواندز. دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بریتانیا سەیید تەها لە گەڵ دەستەڵاتدارانی عێراق نێوانی تێک چوو و لە ساڵی 1932 ئاودیوی ئێران بوو. ڕەزا شا بە زۆر لە تاران ڕای گرت و لە وێ لە ساڵی 1939 دوای نەخۆشییەکی جێی گومان سەری نایەوە. [١٩]

**شێخ عەبدوڵا ئەفەندی و کۆلۆنێل عەبدولعەزیز**

دوای ڕاپەڕینێکی کورت لە شەمزینان، کوری سەیید عەبدولقادر، عەبدوڵا لە عێراق دەژیا و کورەکەی خۆی عەبدولعەزیزی نارد بۆ کالیجی عەسکەری لە بەغدا، ئەوەش نیشان دەدا ئەو بنەماڵەیە لەوێ ئەزموونی دژواریی سیاسییان نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی 1941، شێخ عەبدوڵا عێراقی بەجێ هێشت و لە ئێران لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە باشووری ڕۆژئاوای ورمێ دامەزرا، کە لەوێ خێزانەکە موڵک و زەوی و زاڕێکی زۆریان هەبوو. [٢٠] تا ئەو دەمی عەبدولعەزیز ببوو بە ئەفسەرێکی ئەرتەشی عێراق و لە ساڵی 1945 لە گەڵ چەند ئەفسەری دیکەی بە ڕەچەڵەک کورد لە پێوەندی کەوتن لە گەڵ کۆڕ وکۆمەڵە کوردییە ناسیۆنالیستەکان.
هەم شێخ عەبدوڵا و هەم شێخ عەبدولعەزیز چالاکانە بەشدارییان کرد لە جمهووری کەم تەمەنی مەهاباد (1946) دا ، ئەگەرچی دەوری سەرەکییان نەبوو.عەشیرەتەکانی هەرێمەکە لایەنگری ڕێبەری شێخ عەبدوڵا بوون، بەڵام ناسیونالیستە شارنشینەکان لایەنگرییان لە قازیی محەمەد کرد وەکوو ڕەئیسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕەئیس جمهووری کوردستان. ( شێخ عەبدوڵا بە کەسێکی لایەنگری بریتانیا دادەندرا، کە ئەوە نە بەدڵی لاوە

ناسیۆنالیستەکانی مەهاباد و نە بەدڵی ڕووسەکان بوو کە هۆکارێکی هەمیشەیی بوون لە پشتی پەردە دا).
چەکدارانی لایەنگری شێخ تەنێ هێزێکی پچووک بوون لە هێزە چەکدارەکانی جمهووری. [٢١] ئەو گۆشەگیرییەی شێخ عەبدوڵا هەڵی ئەوەی ڕەخساند دوای شکانی جمهووری بە دەست ئەرتەشی ئێران، ئەو هەڵکەوت و دەستەڵاتی خۆی بپارێزێ – بە پێچەوانەی قازیی محەمەد، کە لە سێدارە درا و، فەرماندەی نیزامی مەلا مستەفای بارزانی، کە بە شەڕ ڕێی خۆی دەرکرد بەرەو تاراوگە لە یەکێتیی شوورەوی. شێخ عەبدوڵا تەنانەت وەک ناوبژیوان لە وتووێژەکانی نێوان ئەرتەشی ئێران و عەشیرەتی بارزانی کە جێیەکەیان بەجێ دەهێشت دەوری گێرا.
عەبدولعەزیز کە هەرچییەک بێ ئەفسەرێک بوو کە ئەرتەشی عێراقی بە جێ هێشتبوو، لە گەڵ مەلا مستەفا و پیاوەکانی چوو بۆ یەکێتیی شوورەوی. [ تێبینی وەرگێر: سەیید عەبدولعەزیز نەک لە کاتی چوونی بارزانییەکان بەرەو ئازەربایجانی شوورەوی، بەڵکوو لە زەمانی جمهووری کوردستان لە گەڵ خوێندکارانی دیکەی کورد دا لە مانگی ئاوریلی ساڵی 1946 بۆ پەروەردە نێردرا بۆ باکۆ] ئەو دووساڵ بە تۆبزی ناچار کرا لە سیبری بژی و وەک کرێکاری فابریک کار بکا، بەڵام دوای نەمانی ستالین توانی لە لێنینگراد درێژە بەخوێندن بدا.دوای کودەتای قاسم لە ساڵی 1958 لە گەڵ مەلا مستەفا گەڕاوە عێراق و دیسان لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردی دا دەستی بەچالاکی کردەوە.وەکوو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتیی دێمۆکراتی کوردستان لەو دووبەرەکییەی دا کە هاتە گۆڕێ ئەو لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی گرت بە دژی بارزانی لە کێشەیەک دا کە لە بەراییەکانی ساڵانی 1960کانەوە بزووتنەوەی بە دوو باڵ دابەش کرد. لە ساڵی 1964 بارزانی سەیید عەبدولعەزیزی زیندانی کرد و، شێخ عەبدوڵا ناچار بوو هەموو قسە ڕۆیشتوویی خۆی لای دەستەڵاتدارانی ئێران بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی گوشار بهێنن بۆ سەر بارزانی بۆ بەردانی سەید عەبدولعەزیز. لەو دەمییەوە ئەو لە ورمێ (رەزائییە) و دوایین گوندی کە لە مەرگەوەڕ بەدەست بنەماڵەکەوە ماوە دەژی. [٢٢]
[ تێبینی وەرگێر: سەید عەبدوڵا ئەفەندی لە رۆژی شەمۆ 4/3/ 1346 ی هەتاوی [ 24ی ژووەنی 1967ی زایینی] لە تەمەنی 77 ساڵی دا وەفاتی کردووە و لە دێی " دزەی مەرگەوەڕ" نێژراوە.( سەمەدی. 348: 1373ی هەتاوی) سەید عەبدولعەزیزی شەمزینی لە بەرواری 12/23/ 1377ی هەتاوی [ 14ی مارسی 1999ی زایینی] لە تەمەنی 84 ساڵی دا لە شاری ورمێ وەفاتی کرد و ئەویش لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ لە گۆڕستانی بنەماڵەیی دا نێژراوە. لە ساڵی 2010 بنکەی ژین لە سلێمانی کتێبێکی بڵاو کردووەتەوە بە نێوی " بیرەوەرییەکانی سەیید عەزیزی شەمزینی، زیندەگی من، ئامادە کردن و ساخکردنەوەی محەمەد حەمە باقی". لەو کتێبە دا ئامادەکار زۆر شتی بێ بەڵگەی سەبارەت بە سەردەمی جمهووری کوردستان و تەنانەت بنەماڵەی ساداتی نەهری هێناوەتە گۆڕێ، بۆ وێنە بەشداری سەیید عەبدولقادر و محەمەدی کوری لە بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران دا، حەمەباقی لە مەڕ مەرگی تەماوی سەیید عەبدولعەزیز دەنووسێ:" بەرەبەیانی ڕۆژی (1999/3/14)، کاتێک پەروین خانمی خێزانی، لە خەو هەستاوە و چاوی بۆ دوکتور سەیید عەزیز گێراوە،دوکتور سەیید عەزیزی لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا بە کووژراوی بینیوە، گوللە بە سەریەوە نراوە و هێشتاش خوێنی لێ دەچۆڕا!!
( محەمەد حەمە باقی 76: 2010)]

**گەیلانی لە تورکییە**

لەچوارچێوەی سنوورەکانی تورکییە دا، ئەندامانی لکە جیاوازەکانی ئەو بنەماڵەیە لەو دواییانە دا لە سیاسەتی ناوچەیی و لە ئاستی سەرتاسەری دا دەوری بەرچاویان گێراوە. نەعیم گەیلانی پارێزەرێک بوو لە حەکاری و سەردەمایەک لە ساڵانی 1960کاندا بۆ بە نوێنەری پارتیی (ئاناپ) لە پارلمانی تورکییە دا.ئامۆزاکەی حەمید گەیلانی، کە ئەویش پارێزەرە لە پارتییە سیاسییەکانی لایەنگری کوردی هەپ، دەپ، هادەپ لە ساڵانی 1990کاندا چالاک بوو، لە سەرەتاوە لە کۆمیتەی ناوچەی شەمزینان و دواتر لە ئاستی سەرتاسەری دا.ئەوانە هەر دووکیان سەر بە لکێک لە بنەماڵەکەن کە لە بەرەبابی "نێوەندی" چوار وەچە بەر لە مەلا حاجی جوێ دەبێتەوە، جا بۆیە لە دوورەوە خزمەیەتیان هەیە لە گەڵ ئەو شێخانەی ڕێبەڕی بنەماڵەکە بوون و موڵک و ماڵەکەیان ئیدارە دەکرد. [٢٣]

**پەراوێزەکان**

[١]نیکیتین 1925ب : 7-156 ؛ 4- 211 : 1956

[٢] پروانە ڤان پراونێسن ساڵی 1999. زۆر نێو لەو سلسلەیە دا ناناسرێنەوە، ئەوەش لە دووی شک و گومانی ئێمە

دەدا لە مەڕ مێژوو بوونی پێوەندییەکانی یەکەم سەدەکان بە دوای سەردەمی شێخ عەبدولقادر دا،لەگەڵ ئەوەشدا، نێوەکانی یەکەم حەوت یان هەشت وەچەکان لەگەڵ ئەوانەی کە بەتەواوی سلسلەی سەربەخۆی قادرییەن جۆر دێنەوە کە لەکتێبەکەی برتۆن زیارەت دا باسیان لێوە کراوە.

[٣] لە کتێبەکەی نیکیتین یش دا 156 : 1925 ب و دیسان 213: 1956 دا هەر هەمان چارت هەیە، کە ژمارەیەک لکی هاوتەرییش دەنوێنێ. هەر وەها بروانە چارتەکان لە پراونێسن 331-329، 321 : 1992
و یالچین هێکمان 296: 1991

[٤] ئەو پێشوەچوونە لە لایەن پراونێسنەوە شی کراوەتەوە 34-224: 1992

[٥] بروانە یالچین – هێکمان 61- 57 : 1991 بۆ ڕیوایەتێک سەبارەت بە دوایین ساڵانی ژیانی نەسرولا بەگ، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە پاڵپشتی بەڵگەنامەکانی عوسمانی ئامادە کراوە کە لە لایەن نەزمی سێقگەن ڕا بڵاو کراونەتەوە.

[٦] یالچین – هێکمان 63: 1991، بە پێی یورت ئەنسیکلۆپێدەسی.

[٧] گامەر 251: 1994 . شێخ شامیل و عولەمای چالاکی جۆر بەجۆری دیکەی قەوقازی باکووری ، وەکوو سەیید تەها، سەر بە تەریقەتی نەخشبەندییە - خالیدییە بوون.

[٨] مادەی 51ی ڕێکەوتنامەی بێرلین ، کە دوای شەڕی ڕووسییە- عوسمانی لە نێوان هێزە ئوروپاییەکان و ئیمپراتۆری عوسمانی ئیمزا کرا، بابی عالی بەرعۆدە دەکرد" بە بێ وەخرانی زیاتر ، ئەو چاکسازی و باشتر کردنانەی کە داوخوازی پێداویستییەکانی ناوچەیی بوون جێ بەجێ بکا لەو ویلایەتانەی کە هەرمەنییەکان تێیاندا دەژیان و،هێمنی و ئاسایشتی ئەوان دەستەبەر بکا لە ئاست چەرکەسەکان و کوردەکان" ( جووەیدە ن282: 1960) هاتنی کۆنسوولە نیزامییەکانی بریتانیایی بۆ هەرێمەکە لە لایەن زۆر لە کوردەکانەوە بە دەستێوەردانی ڕاستەوراست دادەندرا. دەگێرنەوە کە لە ساڵی 1880 عوبەیدوڵا بە ئەفسەرێکی تورکی گوتبێ:" ئەوە چییە من دەیبیسم کە هەرمەنییەکان لە وانێ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەبێ و، نەستوورییەکان ئاڵای بریتانیا هەڵدەدەن و خۆیان بە ڕەعییەتی بریتانیا ڕادەگەیێنن. ئەمن قەت ڕێگا بە شتێکی ئاوا نادەم ، تەنانەت ئەگەر ناچار بم ژنانیش چەکدار کەم" (لە ڕاپۆرتێکی کونسوول کلایتۆن وە، کە جووەیدە لە کتێبەکەی دا هێناویە 233: 1960).

[٩] تەخمین سەبارەت بە ئەندازەی ئەو هێزانە لەلایەن چاوەدێرانی هاوچەرخەوە هەتا بڵێی لەیەک جیاوازە (جوویدە لە کتێبەکەی دا بەووردییەکی زۆرەوە لیستەی ئەوانەی بەدەستەوە داوە 5-260: 1960) ئی هەرە گەورەیان ژمارەی دەگەیشتە نێوان 10000 تا 40000 کەس بەڵام بە دەم شەڕەوە ئەو ژمارەیە داکشا بۆ 1500 کەس ، چونکە خەڵکەکە بەرەو گوندەکانیان چوونەوە.

[١٠] تەنیا سەرچاوەیەک کە باسی ئەو فتوایەی کردبێ واوێدەچێ ویلسۆن بێ 111: 1895. ساوجبولاغی کورد و مياندواوی ئازەری شاری دراوسێن و مێژووی گرژیان دەنێو دا بووە و زەمینەی فتواکە دەکرێ پێوەندی بە پەلاماری شێخ عوبەیدوڵاوە نەبووبێ. لە گەڵ ئەوەشدا ئەوە شێخ عەبدولقادر فەرماندەی هێزە هێرشبەرەکانی کورد لە هەرێمی ساوجبولاغ بوو کە بریاری هێرش کردنە سەر میاندواوی دا.

[١١] کۆنسوولی گشتی بریتانیا لە تەورێز،ئابۆت و ، زۆر لەوی توندتر ئۆسقۆفی گەورەی پێشووی هەرمەنییەکان، خریمیان ، لە ڕاپۆرت و لە نامەکانیان دا کە جوویدە لە کتێبەکەیدا ئاماژەیان پێدەکا، جوویدە 47-239 : 1960، دەنووسن شێخ بە دنەی حکوومەت " هاوپەیمانی کورد" ی دامەزراندوە. کۆنسوولێکی گشتی دیکەی بریتانیا تڕۆتر لە وان، هەر ئاوا بە توندی فکری دەستێدابوونی عوسمانی لەو بزووتنەوەیە دا وەدوا دەداتەوە. هەڵبەت، نابێ لە بیر بکرێ ، ئەو دەمی لە هەرێمەکە دا بەزەحمەت شتێک هەبوو کە پێی بگوترێ حکوومەتی عوسمانی. ئیدارە و ئەرتەش کێشەیان زۆر دەناو دابوو و سوڵتان بە بەردەوامی باڵە جیاوازەکانی لە ئاست یەکدی و لە ئاست دەسترۆیشتووانی ناوچەیی دا سەنگ و سووک دەکرد ( بروانە دوگاید 1973)

[١٢] باشترین لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕاپەڕینی عوبەیدوڵا و چوارچێوەی ناوچەیی و بەستێنە نێونەتەوەیەکەی کتێبەکەی جووەیدە یە 89-212: 1960.، کە ئەمن لەم نووسینەی ئێرە دا زۆرم پشت پێی بەستووە، بۆ ڕوانگەیەکی دیکە بڕوانە جۆزێف 13- 107 : 1961

[١٣] ویگرام و ویگرام 163: 1914

[١٤]هەرلەوێ.بەپێی زانیاریدەرەکانی ئەردۆست، شێخ بەو دراوەی پاشەکەوتی دەکرد زیاتر زەوی دەکڕی. (ئەردۆست 184-6 : 1971)

[١٥] سەبارەت بەو کۆمەڵە کوردییانە و ڕێبازی جۆربەجۆری ئیدێئۆلۆژی دە نێویان دا و دەوری سەیید عەبدولقادر بڕوانە بڕاونێسن 9- 275 : 1992 ؛ ئولسۆن 9- 136 : [ 1991] 1996

[١٦]ئەردۆست 61-49 : 1987

[١٧] لیستەکی بە ووردەڕیشاڵ بەڵام ناتەواوی زەوی و زاری ساداتی نەهری ئەردۆست بە دەستەوەی دەدا. 1971 :181-5

[١٨]ئیگلتن (7: 1963) باسی دیدارێکی سەیید تەها لە ڕووسییە دەکا لە ساڵی 1889 دا،لە گەڵ دوو کەسایەتی دیکەی هەڵکەوتووی کورد عەبدولڕەزاق بەدرخان و جەعفەرئاغای عەشیرەتی شکاک.ئەوە دەبێ هەڵە بێ، سەیید تەها لە ساڵی 1892 یان دەور و بەری ئەو ساڵە هاتووەتە دنیاوە و جەعفەر ئاغا لە ساڵی 1905 دا کووژرا و ئەوەش کارێکی وا دەکا ناکرێ ئەوان قەت بەیەکەوە سەری ڕووسییەیان دابێ. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1917 دا سەیید تەها نامەیەکی نارد بۆ باسیل نیکیتین، کۆنسوولی ڕووسییە لە ورمێ و لەو نامەیە دا داوخوازی چاوپێکەوتنی کرد لە گەڵ کاربەدەستانی نیزامی ڕووسییە بۆ ئەوەی باسی کردەوەی هاوبەشیان لە گەڵ بکا بە دژی ئەڕتەشی تورک ( نیکیتین 195: 1956)
[١٩] سەبارەت بە سەید تەهای دووهەم بڕوانە: ویگرام و ویگرام 7-165: 1914 ؛ هەی 4-352 : 1921 ؛ ئێدمۆندس 8- 305 : 1957 ؛ ئیگلتن 18، 7: 1963، ئەردۆست 8- 44 : 1987 ؛ بڕاونێسن 1- 330 : 1991؛ یاڵچین – هێکمان 7-65 : 1991

[٢٠]ئیگلتن 20-18 : 1963. لە ڕیوایەتی کورتی ئیگلتن را دەرناکەوێ داخودا ئەو ماڵ گوێستنەوەیە لە بەر کودەتای ڕەشید عالی لە عێراق لە ساڵی 1941 یان لە بەر هۆی دیکە بووە.

[٢١] هەموو هێزە چەکدارەکانی جمهووری بریتی بوون لە نیزیک 2000 هەزار شەڕکەری بەئەزموونی گریلایی عەشیرەتی بارزانی (لە عێراقی دراوسێ یەوە) و زیاتر لە 10000 سوارەی جەنگاوەری عەشیرەتی. دە نێو ئەوانە دا تەنیا 200 کەسیان ڕاستەوراستە لە پێرۆیانی بنەماڵەی شێخ عەبدوڵای گەیلانی بوون، بە فەرماندەیی سەیید فەهیم نێوێک ( ئیگلتن 2-91 : 1963) عەبدولعەزیز بەڕواڵەت وەک ئەفسەرێک لە ئەڕتەشی مەهاباد دا خزمەتی دەکرد (بڕوانە مارگارێت کان 141: 1980، کە لەوێدا بە هەڵە بە ئەڤدڵا نێوی هاتووە).

[٢٢]- کان 6-140: 1980. لە چاکسازی زەوی وزاری محەمەد ڕەزا شا لە بەرایی 1960 کاندا موڵک و دێیەکانی بنەماڵەکە دەستی بەسەردا گیرا بەڵام شێخ عەبدوڵا توانی گوندێکی تەواو و شەش دانگ بکڕێتەوە.

[٢٣] پێوەندیی نامەیی لەگەڵ لالە یاڵچین – هێکمان، لە سەر بنەمای شەجەرەیەکی بنەماڵەیی کە حەمید گەیلانی بۆی کۆپی کردووە.باپیری نەعیم و حەمید گەیلانی ، سەید ئیسلام گەیلانی ، بە موزەفەر ئەردۆستی گوتووە کە ئەو وەک موباشیری (هێندێک) لە زەوی وزاری شێخ محەمەد سدیق کاری کردووە، چاوەدێری کردووە بە سەر چاندنی پڕ لە داهاتی تووتن دا، لە بری وەرگرتنی هەشت لە سەدی ئەوەی لێی کەوتووەتەوە(ئەردۆست 183: 1971)

# (٦)

## کوردان، دەوڵەتان و، عەشیرەتان

بە درێژایی مێژوو زۆربەی سەروبەندان،کۆمەڵی کورد لە پەراوێزی دوو یان زیاتر دەوڵەتی دراوسێ دا ژیاوە و ئەرکی ناوچەیەکی جیاکەرەوەی لە نێوان ئەواندا گێراوە. لە ساڵی ١٥٠٠ ی زاینییەوە بەم لایەوە تا شەڕی جیهانی هەوەڵێ ، ئەو دەوڵەتانە بریتی بوون لە ئیمپراتۆری عوسمانی لە لای ڕۆژئاوا و سەفەوییەکان ودواتر قاجارەکانی ئێران لە لای ڕۆژهەڵات ( بەرە بەرە ڕووسییە و ئیمپراتۆری بریتانیاش دەستدرێژیان کردە سەر هەرێمەکە یەکیان لە باکوور و ئەویدیکەیان لە باشوورەوە). بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی ، کوردستان لە نێوان گۆیا چوار دەوڵەت نەتەوەی کە جێی ئەو ئیمپراتۆریانەیان گرتبووەوە دابەش و،بوو بە هەرێمێکی پەراوێز و زۆر جار باوەڕپێنەکراوی هەر یەک لەو دەوڵەتانە. هەر کام لەو دەوڵەتانە، چ ئیمپراتۆری و چ دەوڵەت نەتەوە،شێوەی جۆر بەجۆری فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆی بە سەر کوردستان دا تاقی کردووەتەوە کە،ئەوەش کارلێکەری قووڵی کردووەتە سەر قەوارە و رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵی کورد. ئەو قەوارە تایبەتییە عەشێرەتیانەی کە لە سەروبەندی مێژوویی جۆر بە جۆر دا لە کۆمەڵی کورد دا هەبوون لە زۆر لایەنی گرینگەوە بەرهەمی تێکەڵاوی و تەعامولی ئەو دەوڵەتانە بووە لە گەڵ کۆمەڵی کورد دا.

### بەردەوامی و جوراوجوری

بەراوەرد کردنی نێوی عەشیرەتان کە لە ماوەی چوار سەدەی ڕابردوو لە سەرچاوەی جۆر بە جۆر دا باسیان کراوە نیشان دەدا هێندێک لە عەشیرەتەکان بزر بوون لە کاتێکدا ئی دیکە بە بەردەوامی سەریان هەڵێناوە، بەڵام زۆر لە عەشیرەتە گەورەترەکان بە دەم تێپەڕینی ساڵ و زەمانەوە بەردەوامییەکی بەرچاویان لە خۆیانەوە نواوندووە و ماونەتەوە. [١] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندازە و پلەی پێچەڵپێچی ئەو عەشیرەتانە بە دەم تێپەڕینی زەمانەوە ئاڵوگۆری بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە و بو وێنە، ناکرێ بە گردیری بگوترێ عەشیرەتەکانی ملی یان جاف ی ساڵی ١٩٥٠ هەر وەک هەمان عەشیرەتان بوون لە ساڵی ١٨٥٠ یان ١٩٩٩ دا. [٢]

ئەو عەشیرەتانەی کە کەم تا زۆر سەبارەت بەوان شیکردنەوەی جێی باوەڕ بە دەستەوەن ( لە سەر و بەندێک لە ژیانی خۆیاندا) چ لە ڕووی ئەندازە چ لە باری ئاڵۆزیی قەوارەیانەوە زۆر ئەرک جیاوازن. [٣] هێندێکیان،کۆچەری مەڕز دارن، یان هەتا ئەو دواییانە وابوون و ئەوانیدی کشتو کاڵی نیشتەجێی و ئاژەڵداری و چوونە کوێستانێ یان لەیەک بەستووە و،ئی دیکەشیان هەیە کە وەرزێری نیشتەجێن و ئاران و کوێستانێ ناکەن. لەم ڕۆژگارە دا بەشی گەورەی زۆر لە عەشیرەتان بوونە شارنشین بە بێ ئەوەی بە تەواوی دەستیان لە بەها عەشیرەتییەکان و قەوارەی عەشیرەتی هەڵ گرتبێ. – کە لە هێندێک بواری شارنشینییەوە تەنانەت ڕەنگە بەکەلکیش بن .(لە ڕوانگەی چینەکانی کۆنتری شارنشینەوە، بە تایبەتی لە ئەستەنبووڵ یان ئانکاڕا، کۆچکردنی بەلێشاوی کوردەکان بۆ ئەو شارانە لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابردوو دا تەئسیری ئەوەی هەبوو کە سیاسەتە ناوچەییەکان و هەر وەها لە ئاستی دەوڵەتی دا بە ئاراستەی " عەشیرەتی" دا بەرێ – بە ئاماژە کردن بە بنەماڵە - ، عەشیرەت – یان پشتیوانی هەرێمی.)

هێندێک لە عەشیرەتەکان – بە تایبەتی ئەوانی پچووکتر – بە تەخمین ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن، ئەگەرچی بە هاوبەشی بەلانی کەمەوە هێندێک دەستەیان لەگەڵ کەوتوون کە پێوەندی خزمایەتییان لە گەڵ بەرەبابە سەرەکییەکان یان جێی گومانە یان وەک ئەندامی ئاوان کە پێوەندی خزمایەتیان نییە،بەڵام بە بەوەفا دادەندرێن و وەخۆ کراون. لە ناو عەشیرەتە گەورەترەکان دا، لایەنی گرێدراوی سیاسی یان وەفادار بوون لە ئاست سەرۆک عەشیرەتێکی هاوبەش، یان بەرەبابێکی سەرۆک زۆر ڕوونتر وەبەر چاو دەکەوێ، ئەگەرچی ئیدیئۆلۆژی خزمایەتی گرینگە.لە بەر ئەوەی کوردەکان بە پێچەوانەی عەڕەبەکان هێندە فرووسماو نین بە ڕەچەڵەکی خۆیان، ئەوەی کە عەشیرەتە عەڕەبەکان پێی بە نێوبانگن، تەنانەت لە ناو عەشیرەتە گەورەکانیشدا باوەڕی بە هەبوونی ئەژدادی هاوبەش لە نێو هەموو ئەندامان دا دەتوانێ لە نێو چەند وەچەیان دا دابمەزرێ دوای ئەوەی کە عەشیرەتەکە یەکەم جار وەک هاوبەندییەکی سیاسی سەری هەڵێناوە.

زۆربەی عەشیرەتە گەورەکان ستروکتوورێکی ئەستوونییان هەیە، لە سەرەوە بەرەو خوارێ، بەرەبابی سەرەکی، ژمارەیەک بەرەباب/ تایفەی ئاسایی ، بەرەبابی پێوە گرێدراو و وەرزێرانی ڕەعییەتی نا-عەشیرەتی. هێندێک لەو عەشیرەتانە بە ڕاشکاوی بە تێکەڵاو بوون و یەکدەست نەبوونی بەشە جۆربەجۆرەکانی خۆیان دەزانن ( هەر لە بەر ئەوەشە کە هێندێک لە نووسەران نێویان ناون کۆنفێدراسیۆن)، کە وابوو عەشیرەتی گەورەی ملی [ ملا بە کورمانجی ، وەرگێر ] ( لە ناوچەیەکی هەراو لە نێوان ئورفا و ماردین دا ) لە سەدەی ۱۹ هەمدا بن- عەشیرەتی عەرەب و کوردی دیکەشیان لە ناو دا بوو و ئەوانە هەم ئێزیدییان تێدا بوو و هەم دەستەی کوردی سوننی. عەشیرەتی هەڤێرکان لە توورعابدین هەم ئێزیدی و هەم بەشی کوردی سوننی و هەم بەرەبابی مەسیحی پێوەگرێداوی تێدا بوو.
ئەگەرچی دینامیزمی سەربەخۆی کۆمەڵی کورد نابێ بە کەم بگیرێ - کێشەی نێو کۆیی عەشیرەتان و هاوبەندی کە بە قووڵی شوێنی دەکردە سەر ستروکتووری عەشیرەتی – دەرەجەی پێچەڵپێچی و توێژبەندیی نێو عەشیرەتەکان وا وێدەچێ بەر لە هەموو شت بەستراێتەوە بە دوو هۆکاری دەرەوەیی: واتە بناخەی سەرچاوەی هەیی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەرێمەکە دا.

### فەرمانڕەوایی نا ڕاستەوخۆ و ستروکتووری عەشیرەتی

ئەو پێوەندییەیە دوولایەنەی کە باسکرا زۆر بە جوانی خۆی لە مێژووی میرنشینی کورد، سەرۆک نشین کە بریتی بوون لە کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتەکان ( کە ئاوا نێو نرا بوو و لە زۆر نموونان دا هێشتاش دەناسرێنەوە) دا خۆی دەر دەخا کە لە لایەن سلسلەیەکی میراتگرەوە سەرۆکایەتی دەکران و لە لایەن دەوڵەتی ( عوسمانییەکان یان سەفەوی و قاجارەکان)ەوە بە ڕەسمی دەناسران. ئەو میرنشینانە یەکەمجار لە شەرەفنامە دا دێنە بەرچاو مان ، کە فەرمانڕەوای کوردی بیتلیس، شەرەف خان لە ساڵی ۱۵۹۷ دا لە نووسینی بووەوە. ئەگەرچی شەرەف خان ڕێزێکی زۆری بۆ زۆربەی ئەو میرنشینانە داناوە، بەڵام هیچ کام لە گێرانەوەکانی هەتا دەگاتە سەر و بەندی قەرەقۆینلووکان ڕوون و کۆنکرێت نیین و، گێرانەوەکانی جەخت دەکەنەوە لە سەر جیاوازی جووڵانەوەی ئاخ قوینلوو، سەفەوی و عوسمانییەکان لەگەڵ سلسلە کوردەکان. ستروکتووری میرنشینە کوردەکان وە ئیمپراتۆرییەکانی تورکومان دەچن، لەوانە دا عەشیرەتەکان وەک باڵی چەپ و ڕاست ڕێک خرابوون و، فەرمانڕەوا بەسەریان ڕادەگەیشت. هەر کام لە عەشیرەتەکانیش سەرۆکێکیان هەبوو کە ئەو پلەیەی بە میرات پێ دەبڕا ( هێندێک نموونەی وا هەبوو کە دوو بنەماڵەی فەرمانڕەوای رقەبەر بە نۆرە لە ڕێبەرایەتی دا جێگۆرکێیان دەکرد) و، دەبوو کورەکانیان یان خزمی نیزیکی دیکەیان لە دەرباری میر دابن وەک نیشانەیەک لە چاوەدێری بە سەر عەشیرەتەکانەوە.
خ.دوێ پلانهۆل دەڵێ کۆچەریی چیایی کورد بەو جۆرەی لە سەروبەندی عوسمانی دا بەنێو دەکرا، یەکەم جار وەکوو سێنتێزێکی کولتووری لە ئاست کۆچەریی دوور- مەودای ئاسۆگی تورکومانەکان و کۆچەریی کورت- مەودای ئەستوونی شێوەی مەڕدارێتی پێشووی کوردەکان خۆیان سەری هەڵێنا. ئێمە بەوە دەزانین کە هەتا زەمانی عوسمانیش کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی کورد- تورک هەبوون ( کە کۆنفێدراسیۆنی بۆز ئولّووس ئی هەرە گرینگ بوون لە ناو ئەواندا). [٤] ئەوەش نە مومکین نییە کە بەلانی کەمەوە ژمارەیەک لە میرنشینە کوردەکانیش لە بەیەکگەیشتن و ڕووبەڕووبوونی تورکومان – کورد پێک هاتبن و سەریان هەڵێنا بێ. هەر چۆنێک بێ،میر نشینە کوردەکان بە تێکەڵاو بوون لە گەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی کەم تا زۆر سەباتیان پەیدا کرد و سەقامگیر بوون و ئەو ئیمپراتۆرییە بە ڕەسمی خۆسەری دانێ و پشتیوانی کرد لە دەستەڵاتی میرەکان بە توانایی هێزی دەوڵەت.
دەربار و دیوەخانی میر نشینە کوردەکان بە دەم تێکەڵاوی و تەعامولی خۆیان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی، هەتا دەهات زیاتر و زیاتر وەک شێوەیەکی پچووکتر لە دەرباری عوسمانی دەچوون. هەر یەک لە میرنشینەکان کرا بوون بە یەکەیەکی ئیدارییی جیاوازی عوسمانی و، زۆرتر یان گشت دەستەڵاتی ئیداری و بەڕێوەبەری بە دەست میرەکان بوو. هێندێک لە میرنشینەکان گوژمەپارەیەکی دیاریکراویان وەک باج دەدا بە ناوەند، هێندێکیان تەنانەت ئەو باجەشیان نە دەدا. تەنیا بەرعۆدەیی کە گشت میرنشینەکان لە ئاست دەوڵەتی ناوەندی عوسمانی هەیانبوو بە جێ هێنانی خزمەتی نیزامی بوو لە کاتی بوونی بەربەرەکانی نیزامی لە هەرێم دا. ئەوە سەیر نییە، کە ئێمە میرنشینە خۆسەرەکان لە ڕووی جوگرافیاییەوە لە ناوچەی هەرە پەراوێز دا دەبینین، کە تێیاندا کۆکردنەوەی داهات هەر چۆنێک بووبێ زۆر بە گران تەواو بووە. ئەو هەرێمانەی لە ڕووی بەرهەمی کشتوکاڵییەوە بە پیت و پێز بوون و لە نێزیک ناوەندە شارییەکان بوون لە لایەن ئەو حاکم یان کاربەدەستانی دیکەی کە ڕاستەوڕاست لە ناوەندەوە دیاری دەکران بەڕێوە دەبردران. ( بیتلیس تەنیا میرنشینی سەرەکی بوو کە هەڵکەوتێکی ستراتێژی زۆر گرینگی هەبوو و لەسەر ڕێگای سەرەکی بازرگانی هەڵکەوتبوو و کۆمەڵگەیەکی زۆر گەورەی سنعاتکار و تاجرانی هەبوو.)
عەشیرەتە کۆچەرە گەورەکان پلە و پایەیان هەر وەک عەشیرەتە پچووکترەکان وا بوو : تا ڕادەیەکی زۆر خۆسەر بوون

وەڕاپەڕاندنی گشت ئەرک و کاروباری کۆ کردنەوەی داهات بۆ سەرۆک عەشیرەت بە دەست ئەوان بوو، ئەویش بە نۆرەی خۆی گوژمەیەکی دیاریکراوی دەدا بە دەوڵەت یان هەر هیچی نەدەدا. [٦] نە میرنشینەکان و نە عەشیرەتە کۆچەرە گەورەکان موو بە موو بەو مانایە نە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی سازی کرد بن؛ کاتێک یەکەم هەڵسەنگاندی ماڵیاتی کرا ئەوان هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ددان پێداهێنانیان و دەستەڵات پێدانیان لە لایەن ناوەندی عوسمانییەوە کار و باری کوردی پەراوێزی ڕادەپەڕاند و ئەوانی وەک یەکەی سیاسی سەقامگیر کرد.
لێرە دا دەبێ سەرنج بدرێ کە سیاسەتی سەفەوییەکان لە ئاست عەشیرەتان جیاواز بوو لە سیاسەتی عوسمانییەکان. لە کاتێکدا عوسمانییەکان ئەو قەوارە عەشیرەتیانەی کە پێیان وابوو ئامادەی هاوکارین بە هێز دەکرد و سەقامیان پێ دەدان، سەفەوییەکان حەولیان دا – لەو زۆر نموونواندا سەرکەوتووانە – یەکەی گەورەی عەشیرەتی نوێ پێکەوە نێن لە نێو دەستەپچووکتری پەڕاگەندە و بە هەبوونی ڕەچەڵەکی نێکەلاوەوە.لە مەڕ کوردان، وێنەی هەرە چاوراکێشی سازکردنی قەوارەیەکی ئاوای عەشیرەتی بە دەستی دەوڵەت، چەمیشکەزەکلوو یە، کە وەک دەگوترێ ٤٠٠٠٠ سەر خێزان بوون و خەڵکی ئانادۆلی و قەوقاس بوون.
شا عەبباس لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠ی زایینی دا لە باکووری خۆراسان دایمەزراندن بۆ ئەوەی سنووری ئێران لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژی ئوزبەکان بپارێزن. ئەوان بە ڕێگای ئێلخانییەکەوە کە لە ناوەندەوە دیاری دەکرا بەیەکەوە ڕادەگیران، دواتر بە سێ ئێل ی گەورە دابەش کران، کە هەر کامیان لە ژێر ئەمر و نییەی ئێلخانییەک دا بوون، کە ئەگەرچی لەناوەندەوە دادەندرا،بەڵام میراتگریش بوو. [٧] هێندێک لە میرنشینەکان کەلکیان لە لاواز بوونی عوسمانی ناوەند لە سەدەی ١٨ و بەرایی سەدەی ١٩ وەرگرت و لەو خاک و کەوشەنەیان زیاد کرد کە لە ژێر کۆنتڕۆڵیان دا بوو ودەستیان بە سەر ئەو داهاتە داگرت کە پێشتر دەچووە نێو خەزێنەی دەوڵەت. لە گەڵ ئەوەشدا، چاکسازی نیزامی و ئەو حەولانەی بۆ بە ناوەندی کردن دران لەژێرحوکمی سوڵتان محەمەدی دوویەم ( ١٨٣٩ – ١٨٠٨ ) و عەبدولحەمید (١٨٦١ – ١٨٣٩ ) دا پەیامی کۆتایی هاتن بە دوایین میرنشینە خۆسەرەکانیان پێ بوو. جێی میرەکان بەو حاکمانە پڕ کراوە کە لە ناوەندەوە دادەندران، بەڵام ئەو حاکمانە ڕەوایەتی نەریتییان نەبوو کە پێویست بوو بۆ ئەوەی نەجیوزادە و سەرۆک عەشیرەتەکانی دانیشتووی ناوچەکانی خۆیان کۆنتڕۆڵ بکەن و چاویان بە سەریانەوە بێ، بۆیە خۆیان ناچار بوون کە دەستی نەجیوزادە و سەرۆک عەشیرەتەکان ئاواڵە بکەن و خۆسەرییەکی زۆریان بدەنێ. جا ئەوە ئەو تاک عەشێرەت یان کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتان بوون کە پێشتر بەشێک بوون لە میرنشینەکان، بوون بە یەکەی زۆر گرینگی کۆمەڵایەتی و سیاسی. سەرۆک عەشیرەتەکان لە هەموو کوێیەک حەولیان دا دەستەڵات و نفووزی خۆیان لە سەر حیسابی یەکتری بەرفرەوان کەنەوە.میسیۆنێرەکان و گەشتوەری دیکە لە هەرێم لە نێوەڕاستی سەدەی١٩ هەمدا لە دوای قسەی خەڵکی خۆجێیی دەدەن کە لەوەتا هەڵوەشاندنی میرنشینەکان، هێمنایەتی بە شێوەی جیدی کەم بووەتەوە و شەر و کێشە ناوبڕیان نییە. تەبیعەتی داپڕ داپڕ بوونی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کوردی لە ژێر حوکمی میرنشینەکان دا زۆر زیاتر لەوەی کە هەبوو بە دیارەوە بوو.
هەر جارەی کە هەڵمەتێکی نوێ بۆ چاکسازی ئیداری و ناوەندی کردن دەستی پێدەکرد، نوێنەرانی حکوومەتی ناوەندی زیاتر دەچوون دە قووڵایی هەرێمەکەوە. هەر وەچەیەکی نوێ لەو کاربەدەستانەی کە لە ناوەندەوە دادەندران دەبوو لە گەڵ دەور و بەری عەشیرەتی بێنە ڕەدایێ و ئەوەش دەگەیشتە شێوەیەک لە فەرمانڕەوایی ناڕاستەو خۆ تەنانەت لە ئاستی خوارەوەی ئیداریش دا. ئەو بوونەوەرە عەشیرەتیانەی کە لە هەر قۆناخێکی بەڕێوەچوونی ناوەندی کردنی ئیداری دا دەنگیان هەڵدەبڕێ، پچووکتر بوونەوە، کەمتر پێچەڵپێچ بوون و لە ڕووی جوگرافیایەوە زۆر خالیستر و یەکدەستتر بوون: میرنشینەکان جێی خۆیان دا بە کۆنفێدراسیۆنەکان، کۆنفێدراسیۆنەکان بە عەشیرەتە گەورەکان و ئەوانیش بە عەشیرەتی پچووکتر. [٨]

### هاوپەیمانی داپڕ داپڕ و ئۆپۆزیسیۆن لە هەمبەر هاوپەیمانی لە گەڵ بێگانان

مۆدێلی بە نێوبانگی مەردمناسانەی هاوپەیمانی داپڕ داپڕ و ئۆپۆزیسیۆن زۆرچاک لە گەڵ ئەو نەخشەیەی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی کە لە مێشکی زۆر لە عەشیرەتە کوردەکان دایە دەگونجێ. شەڕ و دوژمنکاری نموونەی هەرە بەدڵی زانیاریدەرەکانی من بوو بۆ ئەوەی وێنای بکەن کە عەشیرەتێک چییە و چۆن هەڵدەسووڕێ. ڕەنگە ئەوە بە ڕێکەوت نەبێ کە نموونەی شەڕ و دۆژمنکاری کەم تا زۆر بە پێی فەرمانڕەوای بەدڵ دەقەومین و زیاتر لە نێو عەشیرەتی بە ڕێژە پچووک و لە ڕوی جوگرافیاییەوە خالیس و یەکدەست و لەو کێشانە دا ئەندامانی ئاسایی عەشیرەت دەکووژران نەک سەرۆک عەشیرەتەکان:

"خالیسترین" نموونەی شەڕ و دوژمنکاری عەشیرەتی کە ئەمن لە کاتی کاری

مەیدانی خۆم دیتم لە ئولودەرە ڕوویدا، شارێکی پچووک لە نیزیک سنووری
تورکییە – عێراق، کە لە ژمارەیەک گەڕەک پێک دێ کە لە هەر کامێکیان دا
بەرەبابی جیاوازی هەمان عەشیرەت دەژین. کێشەکە لەوەوە ساز بوو کە کچێک
ڕەدوو کەوتبوو و لە بەر ئەوە پیاوێک بە هەڵکەوت کووژرابوو و، ئەوە ببووە هۆی
بەردەوامی کێشەکە بۆ چەندین ساڵ، گشت ئەندامانی دوو بەرەبابی جێاواز
لە یەکدی وەخۆ کەوتبوون.

لە گەڵ ئەوەشدا، لە نموونەی کێشەی نێوان یان دەنێو بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی هەڵکەوتوو دا، پرێنسیپی دابڕ دابڕ تەنێ یەکیک لە پرێنسیپە ڕێکخەرەکانی پرێنسیپی نموونەی هاوپەیمانییە کە پیش دەکەوێ. سەرۆک عەشیرەتەکان، وەک ئیدێئۆلۆژی عەشیرەتی دەڵێ، لە بەر تێکەڵاوێک لە ڕەچەڵەک، کەسایەتی ( " پیاوەتی"، واتە دەست ئاواڵەیی و ئازایەتی) و تەوافوقی گشتی ئەندامانی عەشیرەت ئەو پلەیە وەدەست دەێنن و دەیپارێزن. لە گەڵ ئەوەشدا، بە کردەوە، پلە و هەڵکەوتی ئەوان بەستراوەتەوە بە مەهارەتی سیاسی و پشتیوانی لێکران لە لایەن هاوپەیمانی دەرەوەیی ڕا. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرۆک عەشیرەت ئەوەیە کە پردێک لە نێوان عەشیرەتەکە و دنیای دەرەوە ڕایەڵ کا، کە تێیدا عەشیرەتەکانی دیکە و دەوڵەت (یان دەوڵەتان) ئاکتۆری هەرە گرینگن. ناسین و ددان پێداهێنانی سەرۆک عەشیرەتێک لە لایەن دەوڵەتەوە -- کە لە نموونەی میرنشینان دا پێدانی عەبای شایانە و ڕێورەسمی دانی فەرمانی ئەتۆ بوو کە بەدستخەتی جوان میرەکایەتی میری دادەگرتەوە و، ئێستا لە ئاستی هەرە خوارەوە دا بریتی یە لە هاوکاری و هاودەستی لە گەڵ فەرماندەی ژاندەرمەری هەرێم --- باشترین پاڵپشتی لواوە بۆ هەڵکەوتی ئەو.
لە نموونەی کێشەی نێوکۆیی بنەماڵەیەکی هەڵکەوتوو یان عەشیرەتێک دا ، کە وەنەبێ زۆر باو نەبێ، بۆ وێنە کێشەی نێوان دوو ڕقەبەر بۆ بوون بە سەرۆکی هەرە گەورە، کێشەکە دەتەنێتەوە و زۆر لە دوو دەستەی کە خزمی هەرە نیزیکن تێی دەپەڕێنێ و لەوانەیە هەموو عەشیرەتەکە بگرێتەوە. ئەوە ئاسایی یە کە هەر کام لە ڕقەبەرەکان حەول بدەن بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی هێزی هەرە بەتوانای دەرەوەیی، واتە عەشیرەتەکانی دراوسێ و بە تایبەتی دەوڵەتێکی بەهێز لە هەرێم دا. لەو ڕووەوە کوردستان جیاوازە لە زۆر لە هەرێمە پەراوێزەکان لە بەر ئەوەی هەمیشە زیاتر لە دەوڵەتێک لە دراوسێیەتی دا بووە کە سەرۆک عەشیرەتێک بتوانێ لەگەڵ بیێتە هاوپەیمان .
ئێمە لە نیزیکەی ساڵی ١٦٠٠ دا دەبینن کە کۆنفێدراسیۆنی گەورەی موکری بە سەر دوو بەشی کە بە توندی دژی یەکتری بوون دابەش دەبێ، ئەوەش لە بەر ئەوەی دوو کاندیدای سەرۆکایەتی کە خزمی زۆر نیزیک بوون یەکیان لە گەڵ سەفەوییەکان و ئەویدیکەیان لەگەڵ عوسمانییەکان یەکی گرتبوو. لە نەبەردێکی تایبەتی دا بە شێک لە عەشیرەتەکە لە ریزی عوسمانییان و، بەشێکی دیکەیان لە بەرەی سەفەوییەکان دا بوون. ئێمە هیچ زانیاری ووردمان بە دەستەوە نییە کە عەشیرەتەکە چۆن دابەش ببوو، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕقەبەرەکان خزمی نیزیک بوون، ئەوە بە زەحمەت دەتوانێ بە پێی نموونەی خالیسی دابڕ دابڕییەوە بووبێ. [٩] نیزیکی کوردستان لە زیاتر لە دەوڵەتێک هەلی ئەوەشی هەڵ خستووە بۆ سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان کە دەوڵەتێک بە دژی دەوڵەتەکەی دی بە کار بهێنن، یان بە لانی کەمەوە لە بەرانبەر یەکیان ڕا داڵدە بۆ ئەوی دیکەیان بەرن. شەڕەفنامە باسی چەندین نموونەی بنەماڵە شازادەکانی تێدایە کە جێگۆڕکێ بە پشتیوانانی سەلتەنەتی خۆیان لە سوڵتانەوە بۆ شا و بە پێچەوانە دەکەن.
نووسەری ئەو کارە، شەرەف خان،بۆ خۆی ماوەیەکی زۆر لە ژیانی لە خزمەتی سەفەوییەکان دا تێپەڕاند، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بتلیس و لەلایەن عوسمانییەکانەوە ڕێزی لێ بگیرێ.
زۆر دواتر، ئەفسەرانی سیاسی بریتانیا لە باشووری کوردستان بە دوای شەڕی هەوڵێی جیهانی دا هەستیان پێکرد کە لە ناو زۆر لە عەشیرەتە گەورەترەکاندا، سەرۆکی ئاوا هەن کە " وەفادار" ن ( واتە هاوکاری دەکەن لە گەڵ دەستەڵاتدارانی بریتانیایی) و لایەنگری قانوون و نەزمن،بەڵام هەر وەها یەک یان زیاتر سەرۆک عەشیرەتی رقەبەری ئاواش هەن، کە بە ئاسایی خزمی نیزیکن، کە ڕادەپەڕین و " سەرهەڵدان " یان دەکرد. [١٠] " "سەرهەڵدان"ی سەرۆک عەشیرەتێک زۆر جار لە بەر تەقینەوەی کێشەیەکی نێوکۆیی بنەماڵەکەی یان عەشیرەتەکەی دەوروۆژا ( یان لە بەر کێشە لە گەڵ عەشیرەتێکی دراوسێ) تا ئەوەی کە لە بەر ناڕەزایەتی بێ لەو حکوومەتەی کە ئەو دەمی لە سەر کار بووە.
لە بەرایی ساڵانی ١٩٦٠ کانەوە، ناسیۆنالیستە کوردەکان خەباتێکی چەکدارانەیان بە دژی حکوومەتی ناوەندی وەڕێخستووە، کە تێیدا هەر دووک لا عەشیرەتە کوردەکانیان بە دژی لایەکەی دی وەگەڕ خستووە لە نموونەیەکی ئاڵۆزی هاوپەیمانی و ئۆپۆزیسیۆن دا. لە ناو چەندین عەشیرەتی گەورە دا، هێندێک لە ئەندامانی هەڵکەوتوویان چالاکانە لە بزووتنەوەی کوردی دا بەشدار بوون ( کە ئەو بزووتنەوەیە ئاکتورێکی دەوڵەت –ئامال بوو) لە کاتێکدا

هێندێکی دیکەیان هاوکاریان دەکرد لە گەڵ حکوومەت و تەنانەت هێندێک بەش لە عەشیرەتەکەیان وەک چەکداری لایەنگری دەوڵەت هەلس و کەوتیان دەکرد. هەر هەمان دیاردە دەکرێ لە تورکییەش لە ساڵانی ١٩٨٠ کان و ١٩٩٠ کاندا ببیندرێ، ئەو دەمەی کە پ.ک.ک. خەباتێکی توند و تیژی چەکدارانەی بە دژی حکوومەتی ناوەندی و " هاوکار" ە کوردەکانی دەکرد. زۆر لە بنەماڵە هەڵکەوتووەکان چەند ئەندامێکیان لە خزمەت حکوومەت دا بوون و ئەوانیدیکەیان لە ڕیزی پ.ک.ک. دا چالاک بوون. [١١]
نموونەی هەرە چاوراکێش عەشیرەتی بوجاک ە، کە بنەماڵە سەرەکی و هەڵکەوتووەکەی زۆر لەمێژە بە سەر دوو بەشی لایەنگری حکوومەت و بەشدار لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دا دابەش بووە. فایق بوجاک لە ساڵی ١٩٦٥یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتیی دێمۆکراتی کوردستانی تورکییە بوو. ئەو لە هەلومەرجێکی لێڵ و نادیار دا تێرۆر کرا، ڕەنگە لە کێشەیەکی عەشیرەتی دا؛ منداڵەکانی لەو دەمییەوە بوون بە کەسایەتی هەڵکەوتوو لە بزووتنەوەی کورد دا، یەکێک لەوان، سەرهات، خۆی زۆر بە نیزیک لە پ.ک.ک. دەزانێ. لکێکی دیکە لەو بنەماڵەیە ، بە سەرۆکایەتی مەهمەت جەلاڵ بوجاک و جێنشینەکەی سەدات ئەدیپ بوجاک، لە نیزیکەوە هاوکاری کردووە لە گەڵ دەوڵەت. پ.ک.ک. لە یەکەم هێرشی ڕەمزی خۆیدا بۆ سەر " هاوکار" ێکی کوردی حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٩ مەهمەت جەلال بوجاک ی کردە ئامانج ، و ئەوە بوو بە کێشەیەکی درێژەوە بوو لە نێوان ئەو لکەی بوجاکەکان و پ.ک.ک. دا. سەدات ئەدیپ بوجاک سەرۆکایەتی هێزێکی گەورەی چەکداری " گاردی گوندەکان" ی کردووە و، ئەو هێزە لە چوار چێوەی شەڕی دەوڵەت بە دژی پ.ک.پ. دامەزراوە، بەڵام بوجاک ئەو میلیشیایەی بە دەرەجەی یەکەم بۆ زاڵ بوون و داسەپاندنی خۆی بە سەر عەشیرەتە دراوسێکاندا بەکار هێناوە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو دا، ئەندامانی عەشیرەتی بوجاک لە کاتی شەڕ لە هەر دوو بەرە دا کووژراون. [١٢]
لە گەڵ ئەوەشدا، بەش بوونی بە ڕواڵەتی عەشیرەتەکان یان بنەماڵە سەرەکییەکانیان بە دوو باڵی لایەنگر و دژی حکوومەت وەنەبێ هەمیشە کاردانەوەی کێشەیەکی جیدی بێ بۆ دابەشکردنی بنەماڵەکە. لە هێندێک نموونە دا وێدەچێ ئەوە لە ئاکامی بڕیارێک بێ بە زانایی بۆ ئەوەی مرۆ گشت هێلکەکانی لە سەبەتەیەک نەنێ،ستراتێژییەکی لەمێژینەی بنەماڵە نوخبەکان لە هەموو کوێیەک.

**چەکدارە عەشیرەتییەکان**

کارلێکەری دەوڵەت لە سەر کۆمەڵی عەشیرەتی بەتایبەتی لەو سەردەمانەیدا کە چەکداری عەشیرەتی ڕێکخستووە زۆر باو بووە. نموونەی یەکەمی دەستە عەشیرەتییە چەکدارەکان ئەوانەی بوون سوڵتان عەبدولحەمیدی دوویەم لە ساڵی ١٨٩١ لە هەنگی حەمیدییە دا رێکی خستن، گویا لە سەر بنەمای قەوارەی قازاخە ڕووسەکان. هەم عوسمانییەکان و هەم سەفەوییەکان پیشتر بە شێوەیەکی بەربڵاو تەبەعە عەشیرەتییەکانی خۆیان بە مەبەستی نیزامی بەکار هێنا بوو، ئەوانیان بەرەو جێی دوور دەجووڵاند بە مەبەستی پاراستنی ئەو جێیانەی تازە داگیریان کرد بوون یان بۆ ئەو شوێنانەی ئیمپراتۆرییەکانیان کە هەڕەشەیان لە سەر بوو، بۆ ئەوەی بیانپارێزن. بەڵام هێزی حەمیدیە شتێکی جیاواز بوو ، هەم لە ڕووی ڕێکخستنەوە و هەم بە پێی ئەو ئەرکەی ڕای دەپەڕاند. عەشیرەتی کوردی سوننی ( هەر وەها تاقە عەشیرەتێکی قەرەپەپاغ و چەند عەشیرەتێکی عەڕەب) کران بە هەنگی سوارە لە ژێر فەرماندەیی سەرۆک عەشیرەتەکان خۆیاندا. هەر هەنگەی بریتی بوو لە ٥٠٠ تا ١١٥٠ پیاو؛ هێندێک لە عەشیرەتە گەورەکان زیاتر لە هەنگێکیان پێک هێنا بوو ( بۆ وێنە، ملی، چوار هەنگیان ئامادە کرد). تا کۆتاییەکان ١٩٠٠ ، بە سەر یەکەوە ٥٥ هەنگی حەمیدیە هەبوو. [١٣] هەنگەکانی حەمیدیە لە دەرەوەی ستروکتووری فەرماندەیی ئەڕتەشی ئاسایی دا بوون، بەڵام گشت فەرماندەرانی هەنگەکان خرا بوونە ژێر دەستەڵاتی فەرماندەی لەشکری ٤ی ئەڕتەش لە ئەرزینجان،زەکی پاشا. ئەرکی ڕواڵەتی حەمیدییە ئەو بوو کە سنوور لە بەرانبەر هێرش و دەستدرێژی هێزی بێگانە ( بۆ وێنە، ڕووسییە) بپارێزێ و چاوەدێری بکا بە سەر حەشیمەتی هەرمەنی نیشتەجێی ئەیالەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئیمپراتۆری.
لە ڕوانگەی سوڵتانەوە ئەوان سیستمێکی هاوتەریب بوون بۆ کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵات و،بە تەواوی جوێ بوون لە بوروکراسی ئاسایی و لە ئەڕتەش، کە ئەو بە تەواوی باوەڕی پێ نەدەکرد. حەمیدیە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی پەرژینی قانوونی بوو – نە ئیدارەی مەدەنی و نە تەنانەت هێزارشی ئەڕتەشی ئاساییش هیچ جۆرە دەستەڵاتێکیان بە سەر ئەواند نەبوو و، هیچ مەحکەمەیەکیش سەڵاحییەتی ئەوەی نەدرابوویە بەو تاوانکاریانە ڕابگا کە ئەندامانی حەمیدییە کردبایان – و لە ڕاستیدا هەنگەکان ببوون بە سەرۆک نشینی سەربەخۆ.فەرماندەکانیان نەک هەر دەیان توانی کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر عەشیرەتەکانی خۆیاندا پتەو بکەن، بەڵکوو پەرەیان بە هێزی خۆشیان دەدا لە سەر حیسابی عەشیرەتە دراوسێیەکانیان کە لە هەنگەکانی حەمیدییە دا ڕێک نەخرا بوون. دامەزراندنی حەمیدییە بووە

هۆی ساز بوونی عەشیرەتی نوێ و هێندێک لە عەشیرەتانیشی کە هەبوون لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بەهێزتر کرد لە سەر حیسابی دراوسێیەکانیان و لە باری قەوارەی نێوکۆییەوە سیلسیلە مەڕاتبێکی زیاتری تێدا پێک هێنان. هەر وەها تۆوی کێشەی عەشیرەتیشی داچاند کە بە دەیان ساڵ دواتر سەری هەڵدا. [١٤]
ڕێژیمی تورکی گەنج کە لە ساڵی ١٩٠٩ سوڵتان عەبدولحەمیدی لە سەر تەخت لا دا، هەنگە حەمیدییەکانیشی هەڵوەشاند، بەڵام چەند ساڵ دواتر لە ژێر ناوێکی دیکە دیسان ڕێک خرانەوە. هەنگە کوردە عەشیرەتییەکان لە شەڕی جیهانی دا بەشداریان کرد و بزر بوون، هەر وەک ئیمپراتۆری عوسمانی خۆی، کە دوای شەڕ، لە بەر یەک چوو. بریتانیاییەکان لە عێراق بۆ ماوەیەکی کورت هەبوونی هێزێکی پۆلیسی عەشیرەتییان تاقی کردەوە بەڵام زۆر زوو دەستیان لێ هەڵگرت کاتێک بۆیان دەرکەوت دەبەر کار نانی هێزی ئاوا شەڕ و کێشەی عەشیرەتی زیاتر دەکا تا ئەوەی بۆن و بەرامەیەکی خۆش بدا بە داگیرکاری بریتانیاییەکان لە لای کۆمەڵی کورد بەگشتی.
شێوەیەکی نوێ لە هێزی چەکداری عەشیرەتی ڕێک خرا، بۆ شەڕی پێشمەرگەی ناسیۆنالیستی کورد، بە مێتودی تایبەتی خۆیانەوە و، ئەوە یەکەم جار لە عێراق لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا سەری هەڵدا. تەنانەت بەر لەوەی کە یەکەم تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان ناسیۆنالیستە کوردەکان و سەربازانی ئەرتەشی عێراق لە ساڵی ١٩٦١ دا بقەومێ، پێوەندی نێوان بارزانییەکان و عەشیرەتە دراوسێیەکانیان، بە تایبەتی ڕقەبەرە نەریتییەکانیان، زێباری ، برادۆست و لۆلان، بە خێرایی تێک چوو بوو و شەڕی ناوە ناوە لە نێوانیاندا ڕووی دابوو. [١٥] گەڕانەوەی ٨٥٠ جەنگاوەری بارزانی لە تاراوگەی سۆڤییەت [ ژمارەی بارزانییەکان ، ئەوکەسانەی کە لەگەڵ مەلا مستەفا چون بوون بۆ سۆڤییەت ٥١٨ بووە،بۆیە ئەم هەژمارەی نووسەر ناکرێ دروست بێ، تێبینی وەرگێڕ] پارسەنگی هێزی ناوچەیی گۆڕیبوو و ئەو عەشیرەتانە ئەوەیان بە هەڕەشەیەکی جیدی دەزانی بۆ سەر خۆیان . بارزانییەکان لەو باوەڕە دابوون کە حکوومەتی ناوەندی عەشیرەتەکانی دی بە دژی ئەوان هان دەدا بۆ ئەوەی دووبەرەکی لە نێو کوردان دا ساز بکا. ئەوە ڕەنگە وا بوو بێ، چونکە هەر کە مەلامستەفای بارزانی و پدک بە ئاشکرایی کەوتنە شەڕ لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی، حکوومەت چالاکانە پشتیوانی کرد لەو عەشیرەتانەی دوژمنی بارزانییەکان بوون و ئەوانی وەک دەسکیسی خۆی لە شەڕی پارتیزانی دا بەکار هێنا.
لە سەرەتاوە هەم بارزانییەکان و هەم کوردە دوژمنەکانی شەڕێکی " نەریتی" عەشیرەتییان لە دژی یەکتری دەکرد، هیچ لایەکیان جۆرەیەک لە ڕێکخستنی ڕەسمی نیزامی یان نەبوو، لە ساڵی ١٩٦٣ بە دواوە، حکوومەت حەولی دا جۆرەیەک لە نەزم بە سەر هێزە عەشیرەتییەکان دا بسەپێنێ، ئەوانی لە ستروکتووری فەرماندەیی ئەرتەش دا یەکانگیر کرد وەک فەوجی سوارەی نا مونەزەم ( ئەل فورسان). ژمارەی ئەو عەشیرەتانەی لە ریزی فورسان دا ڕێک خران بەرە بەرە و لە ماوەی ساڵان دا زیادی کرد. [١٦] عەشیرەتەکان بە خۆشییەوە ئەو چەک و پارانەی حکوومەت دەیدانێ وەریان دەگرت، بەڵام بەشداریان لە کێشەکە دا بەردەوام بوو بەوەی زیاتر بەبەسترێتەوە بە دینامیکی پێوەندی خۆیان لەگەڵ بارزانییەکان ( و لە گەڵ ئەو کوردانەی دیکەی کە لە گەڵ بارزانییەکان ڕێک کەوتبوون) تا بە بڕیارەکانی حکوومەتی ناوەندی لە مەڕ سیاسەت. ئەو عەشیرەتانەی لە گەڵ فورسان کەوتن (کە نازناوی جاشیان پێدرا بوو لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە)وەنەبێ هەمیشە دوژمنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و عەشیرەتە هاوپەیمانەکانی بووبن؛ لە ڕاستیدا، ناسیۆنالیستەکان ئیدیعایان دەکرد هێندێک لە چەک و قۆرخانەی خۆیان بە نهێنی لە عەشیرەتە "جاش" ە کان وەرگرتووە. هەر وەها باسی ئەوەش کراوە کە هێندێک لە عەشیرەتان زیاتر لە جارێک ئاڕاستەی وەفادارێتی خۆیان گۆڕیبێ ، بە پێی ئەوەی کە لایەنگری لە حکوومەت یان لە بزووتنەوی کورد بە قازانجیان بووبێ.
شەڕی کورد دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند حکوومەت یارمەتییەکی زۆر بدا بە عەشیرەتەکان ( یان ڕاستتر، سەرۆک عەشیرەتەکان) و توانایەکی تازەی دا بەو عەشیرەتانە لە شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. هیچ شیکردنەوەیەکی ڕوون بە دەستەوە نییە کە دا خودا وەخۆ کردنی عەشیرەتێکی تایبەتی لە فورسان دا چ شوێنێکی لە سەر کردووە، بەڵام تەئسیری گشتی بریتی بوو لە سەر هێز وەبەرنان و پتەو کردنی ئەو عەشیرەتانە و پلەی سەرۆکایەتی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە حکوومەت سەر و کاری لە گەڵیان هەبوو. حکوومەت بە کۆمەڵ بەو فەوجە چەکدارانەوە دەچارا؛ گشت چەک و چۆڵ،پارە و فەرمان بە ڕێگای سەرۆک عەشیرەتەکانەوە دەدرا. ئەوەش دەبووە هۆی بەهێزتر کردنی کۆنتڕۆڵی سەرۆک عەشیرەتەکان بەسەر عەشیرەتەکان دا، لایەنی سیلسلە مەڕاتب و لە ناوەند تەرە بوونی ڕێکخستنی عەشیرەتییان بە هێزتر دەکرد تا لایەنەکانی یەکسانێتی و دابڕ دابڕ بوون.
لە سەرەتاوە،فەوجی فورسان لەو عەشیرەتانەی کە هەبوون پێک هات، بەڵام دواتر یەکەی دیکەی ئاواش ڕێک خران کە بە تەواوی عەشیرەت نەبوون ( بەو مانایە کە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی بن و خاوەن ئیدیئۆلۆژییەک بن لە مەڕ ڕەچەڵەکی هاوبەش) و لە لایەن کەسایەتی دەستپرۆیشتووەوە فەرماندەیی دەکران تا ئەوەی کە سەرۆک عەشیرەتەکان بە سەریان ڕا بگەن. لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٧٠ و بەراییەکانی ١٩٨٠ دا، پێرۆیانی وەرزێری ڕێبەرێکی دینی تایبەتی، شێخێکی تەریقەتی سۆفی قادرییە ش، فەوجێکی فورسانیان پێکەوە نا، کە کەم تا زۆر وەک

عەشیرەتێک دەجووڵاوە ئەگەرچی ئەوان بە هیچ جۆر دەستەیەکی هاوپشت و هاو ڕەچەڵەک نەبوون.
لە ماوەی شەڕی نێوان ئێران – عێراق دا (٨٨ – ١٩٨٠) دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی کورد لە دەستەی چەکداری سەر بە حکوومەت دا ڕێک خران، ئەوە لە بری ئەنجام دانی خزمەتی ئیجباری سەربازی وە حیساب دەهات بۆیە هەلی ئەوەی پێک دەهێنا لاوان خۆیان لە بەرەی شەڕ بدزنەوە. فەرماندەی ئەو فەوجانە ( کە نێویان نا بوون موستەشار " ڕاوێژکار") چەک و مووچەیان بۆ هەموو پیاوەکانیان وەردەگرت و تەنانەت ژمارەی ئەوانیشیان زیاتر لەوەی کە هەبوون نیشان دەدا بۆ وەرگرتنی چەک و پارەی زیاتر و، تا ڕادەیەک لە هەڵس و کەوتیان دا دەستیان ئاواڵە بوو. لە هەلو مەرجێکی ئاوا دا ، عەشیرەتەکان، یان زۆر ووردتر سەرۆک عەشیرەتەکان زۆر بەهێز بوون و لە مێژ بوو هێزێکی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە نەدیبوو.
جێی سەرنجە، لە زۆر شوێنان، ئەوە موستەشارەکان بوون کە بە دوای عەمەلییاتی " لافاوی سەحرا"دا کە بووە هۆی دەرپەڕاندنی سەربازانی عێراقی لە کووەیت، دەستیان کرد بە ڕاپەڕینی گەورەی کورد لە مانگی مارسی ١٩٩١ دا.پارتییە ناسیونالیستییە کوردییەکان، لە ترسی تۆڵەی حکوومەت لە خەڵکی مەدەنی،لە ماوەی داگیر کردنی کووەیت لە لایەن عێراقەوە خۆیان زۆر دەرنەخست و واوێدەچێ هیچ چاوەڕوانی ئەو ڕاپەڕینە نەبووبن.
تەنانەت دوای ئەوەی ئەو پارتییانە توانییان ڕێبەرایەتی وەدەست بهێننەوە خۆیان ناچار دیت بۆ دابەش کردنی دەستەڵات لە گەڵ موستەشارەکانی پێشوو و لە تەواوی ساڵانی ١٩٩٠ کاندا ئەوە وا ماوەتەوە. دوو پارتی سەرەکی کە بە بەردەوامی ڕقەبەرییان لە گەڵ یەکتری کردووە چ چارەیەکی دیکەیان نەبوو جگە لە هاوپەیمانی ساز کردن لە گەڵ ئەوەندە موستەشارەی کە بکرا با. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە کۆنە مۆستەشارەکان بەشێکی گەورە لە سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرێمیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بەردەوامن لە سەر فەرمانڕەوایی خۆیان وەک خودای شەڕ لە ناوچەکانیان دا. چاوەدێرێکی بێگانە لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٩٠ کاندا پارتییە سەرەکییە کوردییەکانی وەک "کۆنفێدراسیۆنە عەشیرەتییەکان" نێوزەد کرد، کە ڕەنگە ئەوە پێوەنانێک بێ بەڵام بەلانی کەمەوە ئەو ڕاستییە دا دەگرێتەوە کە عەشیرەتە گەورەکان لە کوردستانی عێراق دا چ دەورێکی هەڵکەوتوو دەگێڕن. [١٧] ئەو عەەشیرەتانەی ئەو خودای شەڕانە فەرماندەییان دەکەن وا وێدەچێ یەکسانێتییان کەمتر بووەتەوە و پتەوی کارئەسپارەدیی بەیەکتری بەستوونەتەوە تا خزمایەتی.
لە تورکییە ، دەستەڵاتداران بۆ ووڵامدانەوەی هێرشی گریلایی کە پ.پ.ک. لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد، دەستەی چەکداری وەک ئەوەی عێراقیان، بە ناوی " گاردی گوندان" ( کوێی کۆروجولاری) دامەزراند. یەکەم دەستەی ئەو "گاردی گوندان" ەی کە دەبەرکار نران ئی ناوچەکانی باکووری سنووری عێراق – تورکییە بوون، ئەو هەرێمەی کە پ.ک.ک. یەکەم عەمەلییاتە نیزامییەکانی خۆی لەوێ ئەنجام دا بوو. یەک لەو عەشیرەتانە عەشیرەتی نیوە کۆچەری ژیرکان بوو ، کە سەرۆک عەشیرەتەکەیان تاهیر ئادیامان بە ساڵان قاچاغ بوو دوای ئەوەی ژمارەیەک عەسکەری کوشتبوو و بەو شەرتە لێی خۆشبوون کە لە ناوچەی عەشیرەتی خۆی دا پێش بە هاموشۆ و تێپەڕینی پ.ک.ک. بگرێ. چەندین یەکەی یەکەمی کوروجو ەکان عەشیرەتی قاچاغچی زۆر بە نێوبانگ بوون، کە لە هەموو کەسی دی باشتریان دەزانی کە چۆن و لە کوێ دەکرێ مرۆ لە سنوور بپەڕێتەوە؛ ئەوان بۆیان هەبوو درێژە بدەن بە کاری قاچاغچێتی خۆیان لە جیات ئەو خزمەتە نیزامییەی کە بە دەوڵەتیان دەکرد. [١٨]
سیستمی "گاردی گوندان" کەم کەم پەرەی پێدرا. لە هەر کوێیەکی چالاکی پ.ک.ک. هەبووبێ، گوندنشینان هان دەدران، جار جار بە زۆرەملێش چەک وەربگرن و ببنە کوروجو. ژمارەیان بەردەوام لە زیاد بوون دا بووە.تا کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٩٠ کان، بە ڕەسمی نیزیکەی ٧٠٠٠٠ – ٦٥٠٠٠ گاردی گوندان هەبوون. لە ڕاستیدا هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان هێزی چەکداری تایبەتی لە مەڕ خۆیان پێکەوە نا و ئەوەش ژمارەی کورجوەکان زۆر لەوە زیاتر دەکا کە هەژماری ڕەسمی باسی لێوە دەکەن. [١٩]
لە سەرەتاوە، هەر ئەوەندە لە " گاردی گوندان" چاوەڕوان دەکرا کە نەهێڵن جەنگاوەرانی گریلای پ.ک.ک. بێنە ناو ناوچەکانی ئەوان یان پێیاندا تێپەڕن. ئەوان چەک و مووچەی مانگانەیان دەدرێتێ و پاداشتێک بۆ هەر "تێرۆریست" ەی کە دەکووژرێ. لە ساڵانی دواتر دا ئەوان هەر وەها چاوەڕوانی ئەوەیان لێکرا لە عەمەلییات و بەربەرەکانییە نیزامییەکاندا بە دژی پ.ک.ک. بەشداری بکەن. یەکەی کوروجوەکان لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکانی خۆیانەوە فەرماندەیی دەکرێن ( کە چەک و پارە بۆ پیاوەکانیان وەردەگرن و، ئەوەش هەڵکەوت و دەستەڵاتی ئەوان زۆر بەهێز دەکا) و بە شل و شەوێقی لە ستروکتووری فەرماندەیی هێزی ژاندەرمەری دا یەکانگیر کراون، ئەو بەشە لە هێزی نیزامی کە ئاگاداری دەکا لە دەرەوەی شاران. دەستەڵاتدارانی مەدەنی هیچ دەستەڵاتێکیان بە سەر کوروجوەکان دا نییە و ، ئەوان نەخراونە بەر فەرماندەیی ژاندەرمەری لە ناوچە بەڵکوو لە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئاست بەرزتر دان. هەرئاوا کە چاوەڕوان دەکرێ، ئەوە تەرخانیان دەکا بۆ بەکار هێنانی توندوتێژی بۆ خزمەت بە ویستی خۆیان، بۆ سەرکوتکردن، تاڵان کردن، وەسەرپەڕین و تەنانەت کوشتنی دراوسێکانیشیان. لە ووڵامی ئەو هەڕەشەیە دا، ئەو

دراوسێیانە ناچار بوون لە دەوری یەک کۆببنەوە هاوپێوەندی عەشیرەتی نێوان خۆیان دابگرنەوە. یەکێک لە ئاکامە چاوڕاکێشەکانی دامەزراندنی "گاردی گوندان" مرۆ دەتوانێ بڵێ کە بە عەشیرەت کردنەوەی بەشێکی گەورەیە لە کوردستانی تورکییە.

## پێگەیەکی دیکەی عەشیرەت: پرۆسەی هەڵبژاردن

بە عەشیرەت کردنەوەی کۆمەڵی کورد لە تورکییە هەر تەنێ لە بەر سیستمی " گاردی گوندان" نییە؛ ئەو پرۆسەیە زۆر بەر لەوەی ئەو سیستمە بێتە گۆڕێ دەستی پێکرد. دوای ئەوەی بە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی دا تورکییە بوو بە دێمۆکڕاسییەکی فرەحیزبی بە هەڵبژاردنی ئازادەوە ڕێکخستن و قەوارەی عەشیرەتی ئەرکێکی دیکەی پەیدا کرد. لە بەر ئەوەی تورکییە سیستمی ناوچەیی هەڵبژارد ، کە تێیدا هەر ئەیالەتەی ژمارەیەک نوێنەر بۆ پارڵمان هەڵدەبژێرێ، ئەوە بووە پێویستییەک ئەو پارتییە سیاسییانەی کە ڕقەبەری یەکتری دەکەن دەبوو نوێنەرایەتییەکی بەهێزیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا هەبێ. هەر پارتییەی بە دووی کاندیدای بەهێز و کرێکاری بەربەرەکانی هەڵبژاردنی ئاوا دا دەگەڕا کە بتوانن خەڵک وەگەرخەن و دەنگی زۆر وەدەست بهێنن. لە ئەیالەتە کورد نشینەکان --- بە تایبەتی لە حەکاری، کە ئەیالەتی هەرە "عەشیرەتی" یە --- کاندیداکانی پارتییە گەورەکان زۆر جار یان سەرۆک عەشیرەتەکان خۆیان بوون یان کەسی ئاوا بوون کە لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە وەک نوێنەری خۆیان دەستنیشان کرابوون.
سەر بە پارتییەکی سیاسی بوون لە بەر چەند هۆیان یەکجار زۆر بە قازانجی سەرۆک عەشیرەتەکان بووە. کاتێک پارتییەکەیان دەستەڵاتی بە دەست بووە . دەرەتانی ئەوەی بووە بە ڕێگای جۆر بەجۆر دا تۆڵەی وەفاداری لایەنگرانی بکاتەوە و پاداشتیان بداتەوە، زۆر بە ئاشکرایی بە شێوەی سەرمایە وەگەرخستنی ژێر بینایی و پێدانی کۆنتراتی دەوڵەتی. نوێنەرانی هەڵبژێردراو، تەنانەت ئی سەر بە پارتییە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ، باشترین لایەنگرانی بەرژەوەندییە ناوچەیەکانن. لە ڕاستییدا، بەشێکی زۆر لە کاتی نوێنەران تەرخان دەکرێ بۆ دیداری خەڵکی ئەو ناوچانەی لێیان هەڵبژێردراون کە داوای خزمەتی جۆر بە جۆر و داوخوازی جۆر بە جۆر دەکەن. جا بۆیە پارتییە سیاسییەکانیان بۆیان دەرکەوت کە زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان زۆریان پێ خۆشە لە گەڵیان کەون، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی بەرنامەی سیاسییان چییە.
ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە کێشەیان لە گەڵ یەکدی هەبوو یان ڕقەبەرایەتییان لە نێوان دا بوو، ئاشکرایە، کە هەر کامەیان لە گەڵ پارتییەکی جیاواز دەکەوتن. جا بۆیە ڕقەبەرایەتی لە نێوان پارتییە سیاسییەکاندا لە گەڵ کێشە و ڕقەبەرایەتی عەشیرەتی تێک دەهاڵا. هەڵبژاردنەکان دەبوون بە دەرفەتی دابەشکردنەوەی سەرچاوە گرینگەکان ( بە شێوەی پشتیوانی حکوومەتی) لە ئاستی ئەیالەتی و ناوچەیی دا. هیچ عەشیرەتێک بە سەری خۆی ئەوەندە گەورە نەبوو لە ووزەی دابێ نوێنەر بنێرێتە پارڵمان؛ لە بەر ئەوە ناچاربوو لە گەڵ عەشیرەتەکانی دی و/ یان دەستەی بەرژەوەندی دیکە ئیتیلاف بکا. لە بەر ئەوە پرۆسەی هەڵبژاردن لایەنی گرینگی دا بە شێوەی هەڵسووڕان و دان و ستاندنی عەشێرەتەکان.
ئەوە لە حەکاری زیاتر لە هەموو شوێنی دیکە دەبیندرا، ئەیالەتی هەرە پچووک و جێیەکی کە عەشیرەتەکان لە هەموو شوێنیکی دیکە زیاتر بە سەری دا زاڵن. بۆ ماوەی درێژ تەنێ دوو پارتی سەرەکی لە سەر تاقە کورسی نوێنەرایەتی حەکاری ڕقەبەرایەتییان دەکرد. دوو عەشیرەتی سەرەکی ئەوێ هەر کامەی لە گەڵ یەکێک لەو پارتییانە کەوتبوون و، عەشیرەتەکانی دی، بە پێی کێشە یان هاوپەیمانی خۆیان لە گەڵ ئەو دوو عەشیرەتانە ڕێبازی خۆیان دیاری دەکرد. جا بۆیە نموونەیەکی سەفحەی شەترەنج سەری هەڵینا، کە بە تێپەڕینی زەمان تەنێ ئاڵوگۆڕێکی کەم تێیدا ڕووی داوە ئەویش لە بەر کێشەی نوێ و، ئەوەش دەستەیەکی عەشیرەتی ناچار کرد لەو لایەی ئیتیلافی لە گەڵ کرد بوو خۆی بکشێنێتەوە و لە گەڵ لایەنی بەرانبەر بکەوێ. لە بەر ئەوەی حەکاری بۆ ماوەی درێژ لە پارڵمان دا تاقە کورسییەکی هەبوو، ڕقەبەرایەتی لە هەڵبژاردن دا زۆر گەرم بوو جا بۆیە لە سەر و بەندی بەر لە هەڵبژاردنی نوێ دا هەمیشە گرژی نێوان عەشیرەتە رقەبەرەکان لە هەڵکشان و زیاد بوون دا بوو. هاوپێوەندی عەشیرەتی بە هێزتر دەکرا ( یان ، ئەگەر بە کراوەیی بیڵێین، کۆنترۆڵێکی تەواو بەڕێوە دەچوو بۆ ئەوەی گشت ئەندامانی عەشیرەت ئەو هاوپێوەندییە لە سەر سندووقی دەنگان دەربین) و سنووری نێوان عەشیرەتان زۆر کاڵتر دەبووەوە.
[ لە خولی ٢٤ی پارلمانی تورکییە دا ئەیالەتی حەکاری ٣ نوێنەری هەیە، کە لە هەڵبژاردنی مانگی ژووەنی سالی ٢٠١١ دا وەک کاندیدای سەربەخۆ هەڵبژێردران و هەموویان سەر بە بەدەپەن، لەوانە بەڕێز سەلاحەدینی دەمیر تاش، هاوسەرۆکی پارتی دێمۆکڕاسی و ئاشتی. تێبینی وەرگێری کوردی لە کاتی وەرگێرانی ئەو بابەتە لە کۆتاتتەکانی سالی ٢٠١١] .

ئاکاری دەنگدانی ئەیالەتەکانی کوردنشین بۆ ماوەی درێژ تا ڕادەیەکی زۆر هیچ پێوەندی بە بەرنامەی ئاشکرای سیاسی پارتییەکانەوە نەبوو. دەکرا سەرۆک عەشیرەتێک پشتیوانی خۆی لە پارتییەکەوە بگوێزێتەوە بۆ یەکی دی و، دیارە هاوپەیمانان و پێرۆیانیشی لە گەڵی دەکەوتن و ڕقەبەرەکەشیان وا لێدەکرد پارتییان بگۆڕێ. سەرۆک عەشیرتە کوردەکان بە چوونە ناو سیستمی سیاسی تورکییەوە ، دەستیان وە سەرچاوەی زیاتر ڕاگەیشت و توانییان هەڵکەوتی خۆیان پتەو بکەن یان پلەو پایەی خۆیان دەناو دەوروبەری عەشیرەتی خۆیاندا بەهێزتر بکەن.
سیاسەتەکانی لە مەر هەڵبژاردن کۆمەڵی عەشیرەتی بووژاندەوە و بەهێزتری کرد و سەلماندی تەواو لە گەڵ سیاسەتی مۆدێرنی ڕواڵەتی دەگونجێ.

**قاچاغچێتی و عەشیرەتێتی**

لەت لەت کردنی ئیمپراتۆری عوسمانی لە دوای شەڕی هەوڵی جیهانی ئاکامی پەیدا بوونی چەند سنووری نوێ بوو کە بە نێو کوردستان دا کێشران. نرخی زۆر لە کەلو پەلی پێویست و لووکس هەمیشە لە نێوان هەرێمەکاندا جیاواز بووە؛ سەرهەڵێنانی چەند دەوڵەتی تازە، بە سیاسەتی جیاوازەوە بووە هۆی جیاوازییەکی زۆر زیاتر لە نێو نرخان دا لەم بەر ئەو بەری سنووران. زۆر لەو شتانەی کە لە ڕابردوو دا بە تەجارەتی ئاسایی قانوونی دا دەنران بوون بە ماڵی قاچاغ – وئەگەر تاقە تەئسیرێکیشی بوو بێ ، ئەویش زۆر بە قازانجتر بوونی بوو. زۆر لە کوردان داهاتی زۆر هاسان و باشیان بە ڕێگای قاچاغی چا، قەند یان مەڕ لەمبەر ئەو بەری سنووری نێو نەتەوەیی وەدەست دەهێنا.
هەر کە ئاگاداری لە سنووران کەمتر بووباوە، گشت پیاوانی کە شارەزای هەرێمەکە بوون دەبوونە خاوەنی دەرفەتی وەکوو یەک و، قاچاغچێتی لە ڕاستییدا یارمەتی کرد بە هەموار کردنی ئابووری یان بە لانی کەمەوە ڕێگای خۆش کرد بۆ وەگەرکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەستوونی. ئەگەر چاوەدێری کاریگەر لە سەر سنووران هەبایە، قاچاغچێتی پیشەیەک بوو کە پێداویستی بە لێزانی تایبەتی بوو، کە ئاکامی ئەوەش کۆبوونەوەی ئەو سەرچاوەیە لە دەستی کەمتر دا بوو. ئەو پسپۆرانەی کە دەیانزانی چلۆن لەو زەوییانە بپەڕنەرە کە مینیان تێدا چاندرابوو بە بێ ئەوەی مینێک بتەقێتەوە دۆزینەوە و پەیدا کردنیان زۆر پێویست بوو ( بە درێژایی سنووری سووریە – تورکییە) و، شوانان کە لە هەموو کەس چاکتر چیا بەرزەکانی هەرێمە سنوورییەکانیان دەناسی بەشێکی گەورە لە تەجارەتی ناقانوونی ئەم بەر ئەو بەری سنوورانیان خستە دەستی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، دیارە قازانج کردنی هەرە زۆر بەستراببووە بە دابەشکردنی داهات لە گەڵ پاسگای پۆلیسی سەر سنوور و ئەفسەرانی ژاندارمەری ناوچەیی.دیارە تەنێ کەسانێکی تایبەتی لە هەڵکەوتێکی ئاوا دا بوون کە تەنانەت بتوانن حەول بدەن بۆ پێک هاتنی ئاوا، بەر لەوەی دەستبەجێ بناسرێنەوە.
هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لە باشترین هەڵکەوت دا بوون بۆ ئەوەی شان بدەنە بەر ئەرکێکی ئەوتۆ.
مووچەخۆرانی حکوومەتی، بە تایبەتی ئەفسەر و کارمەندانی هێزی نیزامی و هێمنی کە لە کوردستان دەبەر کار دەنران زۆر زوو بۆیان دەردەکەوت ئەوان بە بێ هاوکاری هێندێک کەس کە شێوەیەک لە دەستەڵاتی نەریتییان هەبێ ناتوانن کارەکەیان بەڕێوە بەرن. ئەگەر ویستبایان لە هەڵس و کەوتیان لە گەڵ خەڵکی ناوچە دا خۆ لەو جۆرە دەستەڵاتانە ببوێرن، بە ئاسایی نەیاندەتوانی لەو دیوارانەی بێدەنگی کە کۆمەڵی ناوچەی لە چاوی ئەوان دەشاردەوە تێپەڕن. ئەوان زۆر زوو هەستیان پێ دەکرد دەتوانن دەستکەوتێکی زۆر زیاتریان بێ ئەگەر وەک ڕێنوێن و دەستکیس پشت بە یەک یان زیاتر لە سەرۆک عەشیرەتە ناوچەییەکان ببەستن . بە بێ ئەوەی خۆی لێ ببوێردرێ بەو شێوەیە دەکێشرانە نێو گەمەی دەستەڵات لە کۆمەڵی عەشیرەتی دا بە گشت کێشە و ڕقەبەرایەتییەکانییەوە. سەرۆک عەشیرەتێکی "جێی باوەڕ" لەوانە بوو یارمەتییان بدا بۆ گرتنی قاچاغچییەک یان ڕێگرێک ( کە لە زۆر نموونان دا بە هەڵکەوت رقەبەرێک بوو) و کارێکی دیکەی خۆی ڕاپەڕێنێ و، بەو شێوەیە پەرە بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدا و سەدەمە بگەیێنێ بە بەرژەوندی دوژمنەکانی.
پێوەندیی قازانجی دوو لایەنە لە نێوان کاربەدەستانی دەوڵەت و دەستەڵاتدارانی " نەریتی" پێشوەچوو، کە زۆربەیان سەرۆک عەشیرەت بوون. لە زۆر ڕووی گرینگەوە کاربەدەستان بوونە هاوبەشی سیاسەتی عەشیرەتی ، زۆریان بە چالاکی تێیەوە گلان. لە ژێر هەلومەرجی ئاوا دا، زۆر لە کاربەدەستان گەندەڵ کارییان دەکرد و هاوکاری قازانجی دوولایەنە زۆر جار بە هاسانی دەگەیشتە پێشێل کردنی قانوون و ڕەچاو نەکردنی. ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە هەودای کاسبی پڕ لە قازانجیان لە گەڵ کاربەدەستانی پێوەندیدار ڕایەڵ کرد بوو هەتا دەهات زیاتر بەشێکی گەورە لە کاری قاچاغچێتییان کرد بووە قۆرغی خۆیان.بەوشێوەیە سەرچاوەی گرینگی ئابووریان خستە بن کۆنترۆڵی خۆیانەوە، هەڵوێستی خۆیان دەنێو عەشیرەتەکانی خۆیاندا بەهێزتر کرد و ڕێگایان بۆ خۆش بوو بۆ بە ناوەند کردنی کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر عەشیرەتەکانیان دا.
لە دەورو بەری ساڵانی ١٩٦٠ کانەوە، بازرگانی قاچاغ بە خێرایی پێش کەوت. ئەو شت و کەلوپەلەی لە ڕووی نەریتی یەوە قاچاغ دەکران- ئاژەڵ، چا، خواردنەوەی ئەڵکۆڵی، کەلوپەلی ئێلێکترۆنی جێی خۆیان دا بە قاچاغی مادەی

موخەدیر و پەنابەرانی سیاسی و، مەترسیشیان زۆر زیاتر لەو قازانجەی کە وەدەست دەهات زیاتر کرد.
شەڕی گریلایی کە پ.ک.ک. دەستی پێکرد و دەبەر کارنانی "گاردی گوندان" بە دەستی دەوڵەت ئالۆزییەکانی زیاتر کرد و ئەوە گەیشتە سەرهەڵدانی شێوەیەکی نوێی شەبکە لە نێو ئەو عەشیرەتانەی دا کە هەبوون.ئەرک وهەڵسووڕانی ئەو جۆرە شەبەکانە،بە ئاسایی لە چاوان بزرن، لە گەڵ ئەوەشدا،جار و بار، هێندێک لە چالاکییەکانیان دەکەونە بەر تیشکی ڕووناکی. نموونەی هەرە تەماشایی و چاوراکێشی ئەو جۆرە تۆرانە، کە کارەکانی تا ڕادەیەک ئاشکرا کرا بە " چەتەی یوکسەکۆڤا " تێوی دەرکرد و ئەو تێوە لە نێوی شارێک وەرگیراوە لە سەر سنووری تورکییە – ئێران. عەشیرەتێکی کوروجو، ئەفسەرانی ژاندارمەری و جەنگاوەرێکی بەزیوی پێشووی پ.ک.ک. بە یەکەوە خەرێکی هەڵسووڕانێکی بەقازانج بوون کە بریتی بوو لە پێکهاتەیەک لە چالاکی دژی پارتیزانی، بازرگانی هێرۆئین و بە زۆر پارە سەندن لە پەیمانکاری ڕقەبەر لە هەرێم دا (وایان تێگەیاند بوون کە ئەوە پ.ک.ک. یە پارەیان لێ دەستێنێ، بۆ ئەوەی دواتر بتوانن تاوانباریان کەن بە پشتیوانی لە پ.ک.ک) [٢٠]

**دەرئەنجام**

عەشیرەتە کوردەکان بە شێوەیەکی جێی سەرسوورمان جۆراوجۆرییەکی ئەوەندە لە ڕووی ئەندازە و شێوەی ڕێکخستنی نێوخۆیی خۆیان نیشان دەدەن کە دەکرێ هەڵخەڵەتێنەر بێ ئەگەر بە هەمان زاراوە ئاماژە بە گشتیان بکرێ.ئەوان لە ئیدێئۆلۆژی ڕەچەڵکی هاوبەش ، ژنوو شوویی خزمان (ئامۆزا و پوورزا و خاڵۆزا) و هاوپەیمانی دایر دایر و ئۆپۆزیسیۆن دا هاوبەشن. ئەو پرێنسیپانە لە ڕاستیدا لە ئاستی بن دەستە – عەشیرەتییە پچووکترەکاندا هەڵدەسوورێ، بەڵام ئەو هاوپەیمانییە سیاسی و پێوەندی دەستەڵانەی کە ئەو بن –عەشیرەتانە لە قەوارەی گەورەتر دا یەکانگیر دەکەن ئەو پرێنسیپانە بەرپەرچ دەدەنەوە. لە نێو عەشیرەتە گەورەترەکاندا، ئێمە زۆرجار بەرە بابە سەرەکییەکە دەبینین کە لەگەڵ بەرەبابە ئاساییەکان لە ڕووی خزمایەتییەوە تەواو دوورن و، دەستەڵاتی ئەوان زۆر جار بە ڕێگای مورافیقی چەکدار یان/ ددانپێداهێنانی داو و دەزگای دەوڵەت بەهێز دەکرێ و، دواجار دەکرێ بە سەربەستراوی مانای لە دوو دانی توند و تیژیش بێ.
ئەندازە و پێچەڵپێچی پێکهاتەی عەشیرەتەکان، هەر وەها پێوەندیی دەستەڵات دە نێویان دا، وێدەچێ لە وڵامی دوو گۆڕەری گرینگ دا ئاڵوگۆڕیان بە سەر بێ. یەکەمیان بریتییە لە شێوە و دەرەجەی فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆی کە دەوڵەت یان دەوڵەتانی پێوەندیدار دەیدەن بە عەشیرەتەکان ( کە ئەوەش لە خۆیدا ئاکامی پرۆسەیەکی بەردەوامی وتووێژە لە نێوان کۆمەڵ و دەوڵەت دا)؛ گۆڕەرەکەی دیکە بریتییە لە پێگەی سەرچاوەی ئابووری و هاویردۆری بەردەست. لەوەڕگای چیایی، زەوی کشتوکاڵ و دانیشتوانی ڕەعییەتی وەرزێر، قەت تەنیا پێگەی سەرچاوەی بەردەست نەبوون؛ ڕێگای کاروانان، سەرچاویەکی دیکەی پێک دەهێنا ( چەندین عەشیرەت، لەوانە ئی هەرە بەنێوبانگیان هەمەوەند، پسپۆری پاراستن یان ڕووتکردنی کاروانان بوون) و هەر وەها خزمەتی نیزامی بە دەوڵەت کردن. دامەزرانی دەوڵەتانی مۆدێرن و ناوەند چەق، نەبووە هۆی هەڵوەشاندنی عەشیرەتان، لە بەر ئەوەی ئەوان سەرچاوەی نوێی ئاوایان دەخستە بەردەست کە عەشیرەتەکان دەیان توانی بە کاریان بهێنن و کەلکیان لێ وەربگرن. سنووره تازەکان قاچاغچێتی یان کرد بە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات و، عەشیرەتەکان وا وەبەرچاو دەهات قەوارەی لەبار بن بۆ کەلک لێوەرگرتنیان – لە بەر هاوپێوەندیی نێوخۆیی خۆیان و دەستەڵاتی بەهێزی سەرۆک عەشیرەت بە سەر پێرۆیەکانی دا. سیاسەتی هەڵبژاردن بوو بە میکانیزمێکی گرینگ بۆ دابەشکردنەوە لە ئاستی نەتەوایەتی [سەرتاسەری] دا و، لە بەر هۆی ئاشکرا سەرۆک عەشیرەتەکان بوون بە هاودەنگی جێی سەرنجی پارتییە سیاسییەکان،پشتیوانی سیاسی ڕاهێزاند و هەڵکەوت و شان و شەوکەتی سەرۆک عەشیرەتەکانی لە نێو عەشیرەتەکانیان دا پتەوتر کرد. ڕێژیمە مۆدێرن خواز و ناوەند چەقەکان ( زۆر بە شێلگیریی ڕێژیمی کەماڵیستی تورکییە و ڕێژیمی پەهلەوی ئێران) حەولیان دا بۆ لە عەشیرەت پاک کردنەوەی کۆمەڵی کوردی بە ڕێگای دوورکردنەوەی سەرۆک عەشیرەتان لە عەشیرەتەکان و جار جار دوورخستنەوە و جێگۆڕکێ کردن بە گشت ئەندامانی عەشیرەتێک. وا وێدەچێ کە سەرکەوتنی ئەو جۆرە هەنگاوانە تەنێ بۆ ماوەیەکی کاتی بووبێ. هەم عێراق و هەم تورکییە کاتێک تووشی سەرهەڵدانی چەکدارانەی ناسیۆنالیستی هاتن دەستەی چەکداری کوردیان ڕێک خست و هێزێکی زۆریان وەبەر نان و، بەو شێوەیە هێندێک لە عەشیرەتەکانیان بووژاندەوە و زەمینەی کێشەی نێوخۆیی عەشیرەتیان زیندوو کردنەوە.
چ لە زەمانی ئاشتی و چ لە زەمانی شەڕ دا، عەشیرەتە کوردەکان خەسڵەتێکی گەورەی ئاوایان لە خۆیانەوە نیشان داوە کە بکرێ شکڵیان پێبدرێ و، ئەوە ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ کە عەشیرەتەکان دەوری زۆر بەرزتری کۆمەڵایەتی و سیاسیین لە کوردستانی ١٩٩٠ کاندا گێراوە، لەو دەورەی کە نیو سەدە لەمەو پێش بوویانە.

## پەراوێزەکان

[١] سەرچاوە سەرەکییەکان لە مەڕ عەشیرەتە کوردەکان بریتین لە شەڕەفنامە ( مێژوویەکی میرنشینە کوردییەکان کە لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم دا گردەوەکۆیی کراوە)، تورکییە لە ساڵی ١٩٧٩ (گردەوەکۆیی زانیاری سەبارەت بە عەشیرەتەکان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا)، هورشید پاشا [١٨٦٠] ١٩٩٧( بە قەڵەمی ئەندامێکی عوسمانی ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە نێوان ساڵانی ٥٢- ١٨٤٨ دا سنووری نێوان ئێران- عوسمانی دیاری کرد)، ژابا ١٩٦٠، سایکس ١٩٠٨، مایێفسکی ١٣٣٠/١٩١٤ ، نۆئێل ١٩١٩، گوێکئاڵپ ١٩٩٢ ( ئەوە لە بەراییەکانی ١٩٢٠ دا نووسراوە)، عەززاوی ٥٦- ١٩٣٧، ڕەزمئارا ١٣٢٠، هوێترووت ١٩٥٩ و، نووسەری نە ناسراوی ئاشیرەتلەر ڕاپۆرو [ ڕاپۆرتی عەشیرەتەکان] (ئەوە لیستەیەکی هەرە تەواوی عەشیرەتە کوردەکانە لە تورکییە، کە لە لایەن یەکێک لە دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکییەوە ئامادە کراوە، ڕەنگە لە ساڵانی ١٩٧٠ کاندا).

[٢] بۆ نموونەی ئاڵوگۆڕی ئەوتۆ لە ماوەیەکی بە ڕێژە کورت دا پروانە پراونێسن ساڵی ١٩٨٣ ( لە مەڕ عەشیرەتی شکاک).

[٣] پراونە پراونێسن ١٩٩٢، بەندی ٢ : " عەشیرەتەکان، سەرۆک عەشیرەتەکان و دەستە ناعەشیرەتییەکان" بۆ هەڵسەنگاندنێکی زۆر بە ووردە ڕیشاڵتر لە مەڕ شێوەکانی قەوارەی عەشیرەتی لە کوردستان.

[٤] پراونە دەمیرتاش ١٩٤٩، گویندوێز ١٩٩٧.

[٥] پروانە تێبینییەکان سەبارەت بە میرنشینەکانی بیتلیس، بابان و جزیرێ لە کتێبەکەی پراونێسن دا، ساڵی ١٩٩٢،لل.٨٠-١٦١

[٦] ئەوە زۆر بە ئاشکرایی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە مەر سەدەی شانزدەیەم وەرگیراوە لە مەڕ هەرێمی توورعابدین و گویونچ و هوێترووت شییان کردووەتەوە ١٩٩٧.

[٧] پراونێسن ٢٢٠-٢١٥: ١٩٧٨ ؛ تەوەحودی ١٣٥٩/١٩٨١

[٨] ئەو پرۆسەیە بە ووردە ڕیشاڵێکی زۆرترەوە لە پراونێسن ساڵی ١٩٩٢ دا نیشان دراوە ( پراونە کورتەی باسەکە لە لل. ٥ – ١٩٢ دا ).

[٩] ماڵکۆڵم ٢- ٥١٤: ١٨١٥. لە سەر ڕووداوێکی دواتر بەڵام هەر وەک ئەو لەمەڕ عەشیرەتی موکری، پروانە: ئەسکەندەر بەگی مونشی ١٩٧٨، لل . ٩ – ١٠١

[١٠] نموونەی زۆر وزەوەند لە نووسینەکەی ئێدمۆندس دا ساڵی ١٩٥٧. نموونەی هەرە چاوراکێش ڕەنگە لەمەڕ عەشیرەتی پژدەر بێ. لل. ٢٢٠ – ٢١٧ و ٢٥٩ – ٢٢٨

[١١] ئەو بابەتە لە ڕاپۆرتێکی جێی سەرنج دا کە لە لایەن هۆدەی بازرگانی و پیشەسازی تورکییەوە لە ساڵی ١٩٩٥ ئامادە کراوە هێمای پێکراوە. ١٢٦٧ وولامدەرەوە لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە، کە زۆربەیان کەسانی ماقووڵ و دەسترۆیشتووی ناوچەیی بوون کە زۆر بە باشی لە ژیانی سیاسی و ئابووری تورکییە دا یەکانگیر بوون، پرسیاریان لێکرا بوو داخودا ئەوان هیچ خزم یان ناسیاوێکیان دەنێو پ.ک.ک. دا هەیە؟ دوو لە سێی وولامدەرەوەکان وولامی ئەو پرسیارەیان نەدابووەوە. بەڵام پازدە لە سەد ( یان چلوپێنج لە سەد لەوانەی کە وولامی پرسیارەکەیان دا بووەوە) گوتبوویان کە خزمێکیان لە ڕیزی پ.ک.ک. دا هەیە. (ت.ۆ.ب.ب. ١٩: ١٩٩٥)

[١٢] سەبارەت بە عەشیرەتی بوجاک پروانە شاهین ١٩٩٥. سەدات ئەدیپ بوجاک نێوبانگی خراپەی بە هەبوونی دەوری سەرەکی لە کەتنی سوسورلووک دا زرا، کە بریتی بوو لە هاوکاری پڕ لە قازانجی ماڵی بەڵام ناقانوونی لە

نێوان هێزەکانی دژی پارتیزانی، چالاکانی ڕاست ئاژۆ و تاوانکاریی ڕێکخراو.

[١٣] کۆدامان ٦٦- ٢١ : ١٩٨٧؛ دوگید ١٩٧٣

[١٤] فرات [١٩٧٠] باسی ئەوە دەکا کە چۆن عەشیرەتەکەی خۆی، هۆرمەک ی عەلەوی لە ساڵی ١٩٢٥ لە بەر بێزاری و ناڕەزایەتی لە عەشیرەتی جبرانی سوننی، پشتی لە سەرهەڵدانی شێخ سەعید کرد. جبران دەورێکی سەرەکی هەبوو لە سەرهەڵدانی شێخ سەعید دا و لە ڕابردوو دا وەک سوارەی حەمیدییە هۆرمەکی سەرکوت کرد بوو.

[١٥] بۆ کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان و دەوری عەشیرەتەکان پروانە، کێنان ٨١- ٥٩: ١٩٦٤، دان ٩- ١٩٨، ٤٧ – ٣٣٢ : ١٩٦٩ . جەواد ٨٥- ٦٥، ٤- ٥٠: ١٩٨١ . مەکداوڵ ١٣- ٣٠٢ : ١٩٩٦

[١٦] جگە لە زێباری ، برادۆست و لۆلان، عەشیرە بەهێزەکانی هەرکی و سوورچی ش، کە پێشتر لە گەڵ بارزانییەکان کێشەیان هەبوو، لە نێو یەکەم دەستەکانی دا بوون کە وەک فورسان دەبەر کار نران. عەشیرەتەکانی دیکەی کە لەگەڵ فورسان کەوتن دەوری زۆر بەرچاویان لە شەڕەکان دا نەبوو.

[١٧] ویمر ساڵی ١٩٩٧. بۆ زانینی دەوری ئابووری و سیاسی موستەشارەکانی پێشوو و خودایانی شەڕی ئێستای کوردستانی عێراق ، پروانە لیزنبێرگ ساڵی ١٩٩٧.

[١٨] سەبارەت بە عەشیرەتە کورجو وەکان و پێوەندییان لە گەڵ کاربەدەستان و لە گەڵ عەشیرەتە کوردەکانی دیکە پروانە، داغڵی ١٩٨٩، ئایتار ١٩٩٢، ویسنێر ٣٠٢ – ٢٩٨ : ١٩٩٧

[١٩] نموونەی هەرە بەدناو لە مەڕ سەدات ئەدیپ بوجاک ( پروانە پەراوێزی ١٢ لە سەرەوە) ە، ئەو ئەڕتەشێکی تایبەتی هەیە کە لە نیزیکەی ١٠٠٠٠ کەس پێک دێ، کە لەوانە تەنێ ٣٥٠ تا ٤٠٠ کەسیان بە ڕەسمی ناویان وەک "گاردی گوندان" ئاستە کراوە. ( ڕەقمی ١٠٠٠٠ چەکدار زۆر جار لە چاپەمەنی تورک دا باسی لێوە کراوە، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێک دا لە گەڵ بوجاک لە ڕۆژنامەی حەوتووانەی ئاکتوێل، ژمارەی ١٣٦، ١٦- ١٠ی فێڤرییەی ١٩٩٤ دا، لل. ٢٤- ١٨) لە ڕاپۆرتێک دا کە لە ساڵی ١٩٩٧لە لایەن پشکنێری گشتی کوتلو ساواش ڕا بۆ سەرۆکوەزیر مەسووت ییڵماز ئامادە کراوە هاتووە بوجاک ئەو هێزە بۆ دامەزراندنی هێژێمۆنی خۆی بە سەر ناوچەی سیڤەرەک دا بە کار دەهێنێ لە سەر حیسابی عەشیرەتەکانی دی، بە تایبەتی دوژمنە کۆنیینەکانی کرڤار و کاراکەچیلی. پروانە:
Internationaler Verein fur Meuschenrechte der Kurden, 1998

[٢٠] ئاشکرا بوونی پچڕ پچڕ سەبارەت بەو جەماعەتە چەتەیەی یوکسەکۆڤا لە ماوەی ١٩٩٧ لە چاپەمەنی دا دەرکەوت. بۆ تێروانینی یەکەم ، پروانە بەربەرئۆغلوو ١٧١- ١٤٣: ١٩٩٨

تێبینی وەرگێر: مامۆستا مارتین ڤان بڕاوئێسن ئەو بابەتەی لە کۆنفڕانسێک دا بەناوی " عەشیرەتان و دەستەڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست " کە لە لایەن بێرێک کالیج و فۆروومی کولتووری عێراق لە ٢٤-٢٣ی ژانڤییەی ١٩٩٩، لە سواس، زانکۆی لەندەن پێک هات ، پێشکێش کردووە.وەرگێرانی فەڕانسەیی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کراوەتەوە:

.Les Kurdes, États et tribus”, Études kurdes, revue biannuelle de recherches, no. 1 (2000), 9-31“

## (٧)

## مەم و زین ی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی ووشیاریی نەتەوەیی کوردی دا [١]

زیاتر لە سێسەد ساڵ لەمەو پێش، شاعیری کورد و زانای موسوڵمان ئەحمەدی خانی شاکاری خۆی مەم و زین ی تەواو کرد،کە ناسیۆنالیستە کوردەکان ئەو شوێنەوارە بە حەماسەی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. مەم و زین لە لایەکەوە داستانی ئەوینێکی گەورە و کارەساتاوییە، لە گوێن شوێنەوارە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو کلیلە و دەمنە، خوسرەو و شیرین یان یۆسف و زلەیخا؛ لە ڕاستیدا وا وێدەچێ خانی کارەکەی لە سەر مۆدێلی ئەو گێرانەوەیەی یۆسف و زلەیخا گەڵاڵە کرد بێ کە شاعیری گەورەی ئێرانی نیزامی گەنجەیی هۆندوویەتەوە.لە لایەکی دی ئەو چیرۆکە دڵدارییە ڕەمزیکە بۆ پەیامی سۆفیانەی شاعیر؛ هێندێک لە بەشەکانی ئەو شوێنەوارە لە ڕاستیدا بە ڕاشکاوی ڕوانگە عیرفانیەکانی خانی مان بۆ باس دەکا[٢].نێوبانگی ئەو کارە لە نێو کوردەکانی سەدەی بیستەم دا لە بەر لایەنێکی دیکەی ئاشکرای ئەو کارەیە: نەک دەکرێ وەک دەرپرینێکی بەهێز بۆ هەست بە شانازی کردن بە ناسێنەی ئێتنیکی کوردی بخوێندرێتەوە بەڵکوو وەک دەرپری ئاوات بۆ هەبوونی دەوڵەتێکی کوردیش.خانی کارەکەی خۆی بە فارسی نەنووسی، کە لە سەروبەندی وی دا زمانی لەبار بوو بۆ دەرپرینی ئەدەبی دەوڵەمەند، بەڵام بە کوردی نووسی. ئەو دیباچەیەکی بۆ کارەکەی نووسی و داخ و جەخاری خۆی لەوەی کوردەکان ژێردەستەی دەوڵەتە دراوسێیەکانن و نەبوونی یەکێتیی دەنێو کوردان دا دەرپری و، ئاواتی خواست شایەکی کورد پەیدا بێ بتوانێ گەلەکەی یەک بخا و ئەو جار کوردەکان چۆک بە داگیرکەرانی پێشووی خۆیان دا بهێنن. بەحەق، زۆر لە کوردەکانی سەدەی بیستەم هەستی خۆیان لە دێرەکانی خانی دا ناسیوەتەوە و بەو ئاکامە گەیشتوون کە ناسیۆنالیزمی خۆیان ریشەکەی هەر نەبێ دەچێتەوە سەر خانی. خانی وەک ناسیۆنالیستێک ڕاگەیێندرا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد ئیدیعا بکا مێژوویەکی سێسەدساڵەی خەباتی نەتەوەیی هەیە.[٣]

### داخودا خانی ناسیۆنالیستێکی کورد بوو و داوای دەوڵەتێکی کوردی دەکرد؟

هەڵبەت، سەبەبی باش هەن، بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد نێوزەد بکرێ – و لە خوارەوە ئەمن نیشان دەدەم کارەکانی، بە تایبەتی مەم و زین چ دەورێکی گرینگی لە قۆناخە ناسکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا گێراوە. بەڵام داخودا ئەوە پاساوی ئەو قسەیە دەدا کە خانی بۆ خۆی وەک ناسیۆنالیستێکی کورد نێو دێر بکرێ؟ ئەمن لەو باوەڕە دا نیم و، پێشم وایە ئێمە ناتوانین بە پاڵپشتی یەک دوو دێری بەنێوبانگی نێو مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە و بڵێین خانی بیری لە دەوڵەتێکی کورد کردووەتەوە. ئەوە ڕاستە ئەحمەدی خانی ووشیارییەکی زۆری سەبارەت بە ناسێنەی کوردی خۆی هەبوو و شانازی پێوە دەکرد و، ئەوەش ڕاستە کە ئەو چالاکیی ئەدەبی خۆی بە خزمەتێک بە کوردان دا دەنا. لە سەدەکانی پێشتر لەو، شاعیران و زانایانی کورد بە گشتی بیرو ڕای خۆیان بە فارسی یان عەرەبی دەردەبری.شەرەف خانی بیتلیس مێژووە بە نێوبانگەی خۆی، شەرەفنامەی، لە مەڕ سەرۆک نشین و میرنشینە کوردییەکان (سەدەیەک بەر لە مەم و زین تەواوی کرد) بە فارسی نووسی.تەنانەت پێش لەو، ئیدریسی بیتلیسی ش،- (کۆتایی سەدەی ١٥ – بەرایی سەدەی ١٦)، بۆچوونەکانی خۆی بە فارسی نووسیوە، هەم لە کارەکانی دا سەبارەت بە مێژووی عوسمانی و هەم لە نامەگۆرینەوەی ڕەسمی دا.[٤] ڕەنگە نووسین بە کوردی قەت بە مێشکی ئەو نووسەرانە دا ڕانەبردبێ،لەو سەر و بەندی دا فارسی نەک وەک زمانی هەرە دەوڵەمەند بۆ دەربڕینی ئەدەبی دادەندرا، بەڵکوو زمانێکیش بوو کە خوێنەرەوە و گوێگری هێزەکی بەربڵاویشی دەستەبەر دەکرد چونکە زۆر خەڵکی خوێندەوار لە ئیمپراتۆری عوسمانی دا دەیانتوانی ئەو زمانە بخوێننەوە، هەر وەها لە هیندووستان و ئێرانیش. ئەحمەدی خانی دەبێ زانیبێتی کە بڕیار دانی بۆ بە کوردی نووسین لە جیات فارسی بەو مانایە دەبێ قەت خوێنەرەوە وبیسەری ئەوەندەزۆرنابێ و خوێنەرەوەکانی هەر کوردەکان دەبن و ئەو قەت نێوبانگی سەرمەشقی گەورەی خۆی ، واتە نیزامیی گەنجەیی وەدست ناهێنی. خانی بە زانایی زمانی کوردی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پلەی کولتووری کوردی لە چاوی دراوسێیەکانی کوردەکاندا بەرەو ژوور بەرێ، بە قسەی خۆی:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حەسێبن

خانی یەکەم شاعیر نەبوو شێعری کلاسیکی بە کوردی بنووسێ، ئەو بۆ خۆی باسی شاعیرانی پێش خۆی وەک فەقێی تەیران، عەلیی حەریری و مەلای جزیری دەکا، بەڵام وێدەچێ زۆر شاعیری دیکەش هەبووبن کە ئێستا لە بیر چوونەتەوە چونکە کارەکانیان نەپارێزراون. گەڕیدەی بەنێوبانگی تورک ئەولیای چەڵەبی لە کاتی سەردانی خۆی لە عەممادییە لە دەورو بەری ساڵی ١٦٦٠ دا باس دەکا لە دیوەخانی میری ئەوێدا بە دەرزەن شاعیری هەڵکەوتوو هەبوون، کە شێعری زۆر دڵگریان بە زمانی کوردی دەنووسی. ئەولیا قەسیدەیەکی دەوڵەمەندی یەک لەو شاعیرانە ڕەمەزان ئەفەندی دەگێڕێتەوە و نیشان دەدا لەو سەوبەندیدا چالاکیی ئەدەبی کوردیی زیندوو و بە مرخ هەبووە.[٥] چ شتێک بووە هۆی گوڵکردن و بووژانەوەی ئەدەبی کوردی لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەمدا؟ چ وڵامێکی ساکار بەو پرسیارە نادرێتەوە، بەڵام ئەمن وای بۆ دەچم ئەوە ڕەنگە بە ووردی لە بەر زاڵبوون و سەردەستی عوسمانی بووبێ کە خانی سکاڵای لێدەکرد. ئێمە دەبینین لە ئەستەنبووڵ لە سەدەی ١٦هەم بەملایەوە وورده وورده وورده تورکیی عوسمانی وەکوو زمانی دەرباری و دەربڕینی زانایانە جێی فارسی دەگرێتەوە. ئەو نموونەیە ڕەنگە هانی شاعیرە کوردەکانی وەک مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی دابێ کە شێوەیەکی ئەدەبی زمانی خۆشیان پەرە پێبدەن.لەوەش گرینگتر، یەکەم سەدەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی سەردەمی بە ڕێژە هێور و بە سەباتی لە تەک خۆیدا هێنا. بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردەکان کە خۆیان کرد بووە ژێر دەستەی عوسمانییەکان ئۆتۆنۆمی، هێمنی و خۆشبژێتییان هەبوو و ئەوەش هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندن ببنە پشتیوان و هاندەری هونەر و زانست. میرەکان و حاکمە عوسمانییەکان ( بەگلەربەگەکان و سنجاقبەگەکانیش) یارمەتی حوجرە و مەدرەسەکانیان دەدا کە تێیاندا پیاوی گەنجی کورد زانستی ئایینی و ئەدەبییان دەخوێند.دیوەخان و حوجرەی مزگەوتان شوێنی ئەوتۆ بوون کە تێیاندا هونەر و بەتایبەتی ئەدەبییات ڕێزیان لێ دەنرا،هەڵبەت دیارە شاعیرە کوردەکانی ئەو سەروبەندی سەر بە یەک لەوشووێنانە یان هەر دووکیان بوون.ئەوە ئێمە دەگەیێنێتە گۆیا ناسیۆنالیزمی خانی.هێندێک بڕگەی دیباچەی مەم و زین بێسێودوو زرینگەی نوێباو بوونی لێوە دێ، وەک بڵێی ئەو قسانە لە لایەن ناسیۆنالیستەکانی بەرایی سەدەی بیستەمەوە کرا بن تا ئەوەی کە قسەی سێ سەدە لەمەو پێشتر بن. وەک ئەوە دێتە بەر گوێ خانی داوای دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد بکا. لە ڕاستیدا، ئەمن بۆ خۆم بۆ ماوەیەک پێموابوو ئەوانە لە لایەن نووسەرەوەیەکەوە زۆر دواتر لە نووسراوەکەی خانی ترینجێندراون،چونکە لە بەر گوێی من زۆر تازە بوون. بەڵام ئەو ووشانە لەو چاپە زانستییەی مەم و زین یشدا کە م.ب. ڕۆدێنکۆ بڵاوی کردووەتەوە هەن، کە لە ڕووی نۆ دەستنووسی جۆر بە جۆرەوە ساخکراونەتەوەکە ئەوی هەرە کۆنیان لە ساڵانی ٣٢-١٧٣١دانووسراوەتەوە واتە زۆرپێش لەدەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.[٦]جا بۆیە ئەوە دەبێ ئەحمەدی خانی خۆی بێ کە ئەو دێرانەی نووسیوە:

گەر دێ هەبوا مە پادیشاهەک
.................
غالیب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕۆم

دیسان دەڵێ:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێک ڕا بکرا مە ئینقیادەک
ڕۆم و عەڕەب و عەجەم تەمامی
حەمیان ژ مەڕا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

" ئەگەر تەنێ یەکێتیمان هەبایە و سەرمان وەبەر یەکتری هێنابا، ئەو دەمی گشت عوسمانییەکان وعەڕەبەکان و

ئێرانییەکان دەبوونە خزمەتکاری ئێمە، لە ئایین و سیاسەت دا [٧] بە دەرەجەی کەماڵ دەگەیشتین و زانست و ژیریمان بەرهەم دەهێنا."
وەسوەسەی ئەوە دەکەوێتە بیری مرۆڤ ئەو قسانە وەک سکاڵای کوردێک بخوێنێتەوە کە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی گەلەکەی چ دەوڵەتی نییە لە کاتێکدا گەلانی دیکە، تورکەکان، عەرەبەکان و فارسەکان هەیانە. لەم جۆرە تێخوێندنەوەیە دوو گیروگرفت ڕاست دەبنەوە. بە پێی سەرچاوەکانی دیکەی ئەو سەرو بەندی ئێمە بۆمان دەردەکەوێ ئەو دەمی خەڵک بە گشتی خۆیان بە گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد،بەو شێوەیەی خەڵک لەم ڕۆژگارە دا دەیکەن. ڕۆم، عەرەب و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکی خاوەن دەوڵەت نین. ڕۆم لە بناوانەوە ئیمپراتۆری ڕۆم بوو و دواتر بە بەشی ڕۆژهەڵاتی واتە بیزانتیۆم دەگوترا، پاشان ئەو نێوە بۆ جێنشینەکانی دەکار کرا،دەوڵەتەکانی سەلجووقی و عوسمانی و ئێستا جار و بار بۆ نێودێر کردنی کۆماری تورکییە بە کار دەهێندرێ—بەڵام ئەو نێوە قەت بۆ نێودێر کردنی تورکی ئاسایی دەکار نەکراوە.[٨] زاراوەی عەجەم لە لایەن عەرەبەکانەوە دەکار کرا بۆ بانگکردنی گشت ئەوانەی بە زمانی جوێ لە عەرەبی دەدوان و، لە زمانی تورکیی عوسمانی دا بە تایبەتی بۆ نێودێر کردنی هەمووجۆرە ئێرانییەک دەکار دەکرا و لەوانە تورکی ئاخێوەرانیش. عەرەب و کورد ( یان کورمانج، خانی هەر دووکیان بە کار دەهێنێ) دەوڵەت نین بەڵکوو گرووپی ئینسانین، بەڵام ئەمن لەوە بە گومانم کە داخودا مەبەستی خانی بە ووردی لە نێو هێنانی هەمان گەل بووە کە لەم ڕۆژگارە دا ئێمە وەک نەتەوەی کورد باسی دەکەین. هەر وەک لە جێگەی دیکەشدا نووسیومە، زاراوەی کورد لەو زەمانی دا وێدەچێ تەنێ بۆ نێودێر کردنی عەشیرەتە کوردەکان و بەشێک لە نوخبەی ئاریستۆکراسی شارنشین بەکار هاتبێ، بەڵام نەک بۆ جووتێرانی نا- عەشیرەتی.[٩]
گیروگرفتی دووهەم دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتی دەوڵەتان: ئەو دەمی بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو،نە لە ئاسیا و نە لە ئوروپا. چ دەوڵەتی تورکی،عەرەبی یان فارسی لە گۆڕێدا نەبوو و،چ هەوڵێکیش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەوان. ئەو دەوڵەتانەی هەبوون لە سەر بنەمای ناسێنەی ئایینی یان پێناوداری و وەفاداری سەبارەت بە بنەماڵەیەکی پادشایی دامەزرابوون، وەک سیلسیلەی عوسمانی و سەفەوی،کە هەر دووکیان تورک زمان بوون بەڵام هیچکامیان حەولی نەدەدا بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندی ئێتنیکی تورک بەرەو خۆی.ئەو دەوڵەتانە فرە ئێتنیکی بوون و، ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە، ئەو پادشایەکی کوردی بە ئاوات خواستووە و دەوڵەتەکەی بە بیری وی دا هاتووەبە هیچ کلوجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە،بەڵکوو دەوڵەتێکی فرە ئێتنیکی دیکەی لە بەر چاو بووە کە تێیدا " ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی، حەمیان ژ مە را دکر غولامی".
ئەگەر لە ناسیۆنالیسم،مەبەستمان ئەوە بێ وەک ئێرنست گێلنر دەڵێ " ئەو پرێنسیپە سیاسییەی کە تێیدا دەبێ یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەیی لە گەڵ یەکتریدا جوور بێنەوە و تەبا بن" [١٠] ئەو دەمی خانی نابێ بە ناسیۆنالیست دابندرێ. ئەو بە دووبەرەکی کوردان پەشێو بوو و پێوەی دەناڵاند و لەوە بێزار بوو ئەوان دە نێو خۆیاندا ناتەبا بوون و، بە چاو خانییەوە ئەو دوو بەرەکییە و بێ ئیتیفاقییە ببووە هۆی ئەوەی ئەوان وەک ژێر دەستەی دەوڵەتە دراوسێیەکانیان بژین. ئەگەر ئەوان لە نێو خۆیان یەک بایەن، لە وانە بوو خۆیان دەستەی زاڵ بووبان.

**ئەحمەدی خانی بۆ کێی دەنووسی و، کێ شوێنەواری وی دەخوێندەوە؟**

مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە سەر بنەمای ئەفسانەی بەنێوبانگی گەلیی بە نێوی مەمی ئالان ( کە جار جار بە مەم و زین یش ناو دەبردرێ) هۆندراوەتەوە،بەڵام جیاوازییەکی زۆری لە گەڵی هەیە چ لە شێوە و چ لە ناوەرۆک دا.خانی ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ماکی چیرۆکەکەدا کردووە، بە بیری عارفانەی لە سروشت بەدەر و بیروڕای خۆی لەمەڕ سیاسەت ڕازاندوویەتەوە و دەوڵەمەندی کردووە و، لە هەوای شێوەی هۆنراوەی مەسنەوی فارسی نووسیویە.ئەو کارە وا دەگەیێنێ بە دەرەجەی یەکەم بۆ کەسی ئاوا نووسرابێ کە هەر ئەوانە نەبوون کە گوێیان لە بەیت و باوی حەکایەتخوان و بەیتبێژی تەقلیدی گرتووە،ئەو حیکایەتخوانانەی کە مەمی ئالانیان لە پشتێکەوە بۆ پشتێکی دی بە دیاری هێشتبووەوە.بەڵکوو مەبەستی خانی گوێگرانێکی زۆر هەڵکەوتووتر بوون،کە لە ووزەیان دا بووبێ لایەنە زیادتر ڕەمزی و لە سروشت بەدەری شوێنەوارەکەی تێبگەن و ئاگایان لە شێوە ئەدەبییەکانی فارسی بووبێ بۆ ئەوەی بتوانن بە چاوی ڕێزەوە لەدەستکەوتی خانی بڕوانن و قەدری بزانن. ئەو ئاڵقەیەی گوێگران و خوێنەوەران دەبێ زۆر بەرتەنگ بووبێ و، لە وانەیە هەر لە دیوەخانی میرنشینەکان و لە حوجرە و مەدرەسە باشترەکان دا هەبووبن.
ژمارەی دەستنووسەکانی مەم و زین کە لە کۆکراوەی گەورەی دەستنووسان دا هەن زۆر کەم و بە سنوورن. هەر وەک باس کرا ڕۆدێنکۆ نۆ دەستنووسی جیاوازی دۆزییەوە و بە کاری هێنان(سێ لەوان ئی کۆکراوەی ئالێکساندر ژابا ن). لە ڕۆژئاوا تەنێ چەند دەستنووسی کەم هەن. زەحمەتە تەخمین بکرێ بەر لە دەرکەوتنی یەکەم چاپی مەم و

زین لە کۆمەڵی کوردی دا چەند دەستنووسی ئەو شوێنەوارە هەبووە.بەڵام ئەمن پێموانییە ئەوانە لە چەند سەدێک زیادتر بووبن.ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە هەر دەستنووسەی لە لایەن بیست کەس ڕا خوێندرابێتەوە،سەرجەم ئەو کەسانەی کە ئەو دەمی مەم و زینیان خوێندبێتەوە لە چەند هەزار کەسی تێناپەڕێنێ.ڕەنگە ئەو تەخمینەش بە زیادەوە داندرابێ. [١٢] * ئەوە تەنێ دوای هاتنی چاپ بوو کە هەل ڕەخسا خەڵک بە کۆمەڵ مەم و زینی خانی بخوێننەوە.

خوێنەرەوەی خانی بە پێزانینەوە لە بلیمەتی ئەدەبی وی چێژیان وەردەگرت بەڵام ئێمە هەر بە گریمانەوە دەتوانین بڵێین داخودا ئەوان هەر هەمان پەیامی سیاسییان لە شوێنەوارەکەیدا دەخوێندەوە کە وەچەکانی دواتر خوێندیانەوە؟ مەلا مەحموودی بایەزیدی کە لە ساڵانی ١٨٥٠ دا لە سەر داوای کونسوولی ڕووسییە لە ئەرزوروم،ئالێکساندر ژابا، بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوەیەکی کورتی لە سەر ئەدەبی کوردی نووسی، مەم و زین هەر بە "داستانێکی دڵداری" دادەنێ (کتێبەکی عاشق مەعشووقان). مەلا مەحمووود بە کارامەیی ئەدەبیی خانی هەڵدەڵێ و دەڵێ خانی شاعیری هەرە بە نێوبانگ، هەرە خۆشەویست و هەڵکەوتووی کوردە – بەڵام مەلا مەحمووود هیچ باسی لایەنە باشەکانی نا-ئەدەبیی خانی ناکا. [١٣]

### بیروڕاکانی خانی لە باشوور بڵاو بوونەوە: حاجی قادری کۆیی

ڕەنگە یەکەم کەسی کە پەیامی ناسیۆنالیستی لە مەم و زین دا ناسیبێتەوە نووسەری خوارووی کوردستان حاجی قادری کۆیی (١٨٩٧- ١٨١٧)بێ. هەر وەک لە خوارەوە دەبینین،حاجی قادری کۆیی کەسایەتییەکی کلیلی بوو کە شوێنێکی گەورەی کردە سەر ووشیاریی نەتەوەیی کورد چ لە باکوور و چ لە باشووری کوردستان.لە سەر و بەندی فەقێیایەتی خۆی دا لە حوجرەی مزگەوتەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان دا خوێندی.[١٤]

ئەو لە سەر و بەندی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی گەورە لە کوردستان دا دەژیا،کاتێک دوایین میرنشینە کوردەکان بە دەست حکوومەتی عوسمانی هەڵوەشێندران، ئەو لاوێک بوو . ئەو دەبێ بە تەجروبەی شەخسی خۆی لەمەڕ حکوومەتی دوایین فەرمانڕەوای گەورەی سۆران. میرمحەمەدی بە نێوبانگی ڕەواندز ( ناسراو بە میرە کوێرە ١٨٣٥ -١٨١٤) ئاگاداری هەبووبێ،کە زەمانێک بەشێکی گەورەی لە ناوەند و باشووری کوردستانی کۆنترۆڵ دەکرد. ئەو هەر وەها دەبێ لە زمان ڕێبوارانەوە بەسەرهاتی دەستەڵات و عەداڵەتی بەدرخان بەگی بۆتان ی بیستبێ، کە لە ١٨٤٠ تەقریبەن خۆی لە حکوومەتی عوسمانی ڕزگار کرد و زۆربەی ڕۆژئاوا و کوردستانی ناوەندی خستە بن دەستەڵاتی خۆی . ئەو دوایین فەڕمانڕەوا گەورانە ،کە هێشتاش حەکایەتخوانان بەسەرهاتی ئەوان دەگێڕنەوە و لە بەیت و حەماسان دا هێشتاش پەسن دەدرێن،دەبێ شوێنێکی زۆریان لە سەر قادری لاو هەبووبێ.

تێکشکانی یەکجارەکی ئەوان بە دەستی ئەڕتەشی ناسراوی عوسمانی و، ئەو هەرکەس هەرکەس و ناهێمنییەی بە دووی ئەو سەروبەندە دا پەیدا بوو،کە وێدەچوو عەشیرەتەکان لە کێشە و هەرای بەردەوام دا بن لە گەڵ یەکتری دا،ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیک و ئاواتێکی خەفەتبۆخواردووی ڕابردووی فێئۆدالییان لە حاجی قادر دا پێک هێنا.[١٥] لە سەردەمی دواتری ژیانیدا،حاجی چووە ئەستەنبووڵ و لەوێ لە گەڵ بنەماڵە هەڵکەوتووە کوردەکاندا پێوەندی پەیدا کرد.لە بەر ئەوەی ئەو کاتی ئیتر مەلایەکی تەواو خوێندەوار و ئەدیبێکی گەورە بوو، بنەماڵەی بەدرخان کردیان بە مامۆستای ماڵێی منداڵەکانیان. حاجی قادر کە بۆ خۆی پێشینەیەکی نەدارانەی هەبوو،وێدەچێ هەستی بە شانازی کرد بێ کە خزمەتی ئەو بنەماڵە نەجیوزادەیە بکا. لایەنی ناسیۆنالیستی شێعرەکانی ڕەنگە زیادتر لە بەر هەستان و دانیشتن و تێکەڵاوی لە گەڵ بەدرخانییەکان بووبێ،لە لایەکی دیکەوە، وا وا وێدەچێ کە وەچە گەنجترەکانی بەدرخانییەکان کەوتبنە بەر نفووزی ناسیۆنالیزمی حاجی قادر. بە پێی قسەی قەناتی کوردیێڤ،حاجی قادر یەکەم جار لە ڕێگەی بەدرخانییەکانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ کاری خانی پەیداکرد[١٦].

تەئسیری خانی بە ئاشکرایی بە شێعرەکانی حاجی قادرەوە دیارە و لە ڕاستیدا بۆ ئەدەبی سۆرانی حاجی قادر بوو بە ئەوەی کە ئەحمەدی خانی بۆ ئەدەبی کورمانجی یە. جێنشینێکی کە وەچەکانی دواتری ناسیۆنالیستەکان هەمیشە بۆ ئیلهام وەرگرتن و پشتگەرمی ڕووی تێ دەکەن و شێعرەکانی بە شاهید دەگرن بۆ ئەوەی هەستی ناسیۆنالیستی خۆیانی پێ دەربڕن. بۆ حاجی قادریش،هەر وەک خانی،نووسین بە زمانی کوردی هەڵبژاردنێکی سیاسی بوو،ئەو دەڵێ بە بێ ڕێزگرتن لە زمانی کوردی، نەتەوەی کورد لە پراتیک دا نییە چونکە ئەگەر وابێ کۆمەڵی کوردی هیچ بیرەوەرییەکی نابێ سەبارەت بە ڕابردووی خۆی.

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی

مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی [١٧]

کۆیی ڕابردووی بە ئاوات دەخواست و ئاوری لە چاخی زێرینی میر نشینەکان لە مێژووی کورد دەداوە:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون
سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان
مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان
هەر کە فەوتان ڕیای ئەوان دەرکەوت
سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت
یەکێ لەم لاوە ڕوودەکاتە عەجەم
دوو لە ئەولاوە دەبنە دوژمنی هەم
[...] ................................

کوا والی یی سەنەندوج ، بەگزادەیی ڕەواندوز
کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان
کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان
[...]................................. [١٨]

بە ڕوونی دەردەکەوێ حاجی قادری کۆیی دوای ئەوەی مەم و زینی خوێندووەتەوە ئەو شێعرەی نووسیوە و، ئینسان نفووزی ئەحمەدی خانی تێدا هەست پێدەکا؛ هەر هەمان گازندە و بناشت سەبارەت بە کێشە و دووبەرەکی نەپساوەی عەشیرەتە کوردەکان،هەر هەمان ئارەزووی فەرمانڕەوایەکی کورد.هەر جیاوازییەک لە ئارا دایە: ئەحمەدی خانی لەو پروایە دا نەبوو کە ئەو پادشا کوردەی ئەو بە ئاواتی دەخواست، کە بتوانێ هەموو عەشیرەتەکان یەک خا، قەت لە ڕابردوو دا هەبووبێ،بەڵام وا وێدەچێ حاجی قادر لەو پروایە دا بووبێ کە میرە کوێرە و بەدرخان بەگ ئەو جۆرە پادشایە بووبن ( ئەگەرچی بە نێو نێویان ناهێنێ). لەکاتێکدا دەکرێ مەم و زین وەکوو ڕەخنەیەک لە کۆمەڵی فێئۆداڵی بخوێندرێتەوە – هەر چۆنێک بێ، میری جزیرا بۆتان، دەورێکی زاڵمانەی تێدا هەبوو – ووتەکانی حاجی قادر هەر پڕن لە پەسن و پێداهەڵگوتنی میرە کوردەکان. ئەمن دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەیە کە وەک ناسیۆنالیزم باسی نموونەی ئەحمەدی خانی بکەم، بەڵام بە حاجی قادری کۆیی بێ ئەملا و ئەولا ئێمە شاهیدی هاتن و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیکی و ئیدەئالی دەبین.دەڵێن کۆیی مەم و زین ی بە " کتێبی نەتەوەی ئێمە" ( کتێبا میللەتێ مە) داناوە؛ هەر وەک لە خوارەوە دەبینین لە سەر و بەندی جۆر بە جۆر وگرینگی پێشوەچوونی بزووتنەوەی کورد دا مەم و زین وەکوو ڕەمزێکی نەتەوەیی دەورێکی گەورەی گێراوە.

**مەم و زین بە چاپکراوی**

دەرکەوتنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، کوردستان، یەک لەو سەر و بەندە گرینگانە بوو.میقداد میدحەت بەدرخان، کە یەکەم ژمارەکانی کوردستان ی لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپ کرد،یەک لەو منداڵانەی بەدرخانی بوو کە کۆیی دەرسی پێ گوتبوون. میدحەت بەدرخان لە ژمارەی ٢ی کوردستان وە و لە ژمارەکانی دواتر دا دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی بەشێک لە مەم و زین بۆ ئەوەی نیشان بدا کە دەکرێ بە کوردیش هەتابڵێی شوێنەواری بەرز و پڕ ناوەرۆکی ئەدەبی بنووسرێ. ئەو نووسی" من بەشێک لەو کارم بۆ عولەمای تورک و عەڕەب خوێندەوە و بۆم وەرگێڕان" و ، " ئەوان گشتیان دەیانگوت قەت شتێکی لەو بابەتەیان نەدیوە کە لەو کتێبە باڵاتر بێ". [١٩] جێی سەرنجە کە ئەو دەستنووسەی مەم و زین کە میقداد میدحەت بە کاری هێنا ئی حاجی قادری کۆیی بوو. وەک ڕێزلێنان و بیرەوەری حاجی قادر، لە ژمارەی ٣ی کوردستان دا میقداد میدحەت ئەو شێعرە سۆرانییەی کە حاجی

قادر به دەستی خۆی لە سەر ئاخر لاپەڕەی دەستنووسەکەی نووسیوە بڵاو کردەوە. کۆیی لەو شێعرە دا خۆی بە تەنیا کەسێک دادەنێ کە بە تەنیشت خانییەوە بناخەی شێعری کوردی داناوە.[٢٠] ئەو ئیدیعایە، ئاشکرایە گەورەکردنەوەی تێدایە، بەڵام ئێمە دەبینین کە حاجی قادر دەورێکی گرینگی هەبووە لە بڵاو کردنەوە و ناساندنی کارەکەی خانی دا. داخودا ئەگەر میقداد میدحەت شاگردی کۆیی نەبووبایە مەم و زین دە کوردستان دا بڵاو دەکراوە؟ میقداد میدحەت لە کوردستان دا ڕایگەیاند دەیەوێ هەموو دەقی مەم و زین وەکوو کتێب بڵاو بکاتەوە،بەڵام قەت ئەو هەلەی بۆ هەڵ نەکەوت. یەکەم چاپی تەواوی مەم و زین دەکەوێتە دەورەی دواتری بزووتنەوەی کورد،لە ساڵانی دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە شەڕی هەوڵی دنیایە دا، ئەو سەر و بەندی کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕێی تێدەچوو دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ. دوای تەقە وەستان و ئاگر بەسی ساڵی ١٩١٨ و داگیر کردنی ئەستەنبووڵ بە دەست بریتانیاییەکان و فەڕانسەییەکان، ڕووناکبیر و ئاریستۆکڕاتە کوردەکان کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی، کوردستان تەعالی جەمعییەتی یان دامەزراند. ئەو کۆمەڵەیە چەند لک و کۆمەڵەی لەمەر خۆی و پێوەلکاوی هەبوو، یەک لەوان کورد تەعمیمی مەعاریف وە نەشریات جەمعییەتی بوو،کە بە سەر کاری پەروەردە و بڵاو کردنەوە و چاپەمەنی ڕادەگەیشت. یەکەم کتێبی کە لە لایەن ئەو کۆمەڵەیەوە بڵاو کرایەوە، لە ساڵی ١٩١٩، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو. لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا کتێبێک بوو کە لە لایەن کتمنج ڕا بڵاو کرایەوە. بڵاو کردنەوەی مەم و زین ڕەنگە چالاکی هەرە گرینگی ئەو کۆمەڵەیە بووبێ.[٢١] بە گشتی وا زاندراوە کە زۆربەی نوسخەکانی ئەو چاپەی مەم و زین دواتر سوتێندرابن،بەلانی کەمەوە چەند دانەیەکی ساخ دەرچوو و مایەوە.[٢٢] و لە بەر ئەوانە زۆر دەستنووس هەڵگیرانەوە. ڕەنگە تەنیا دوای ئەو چاپە بووبێ کە مەم و زین بە ڕاستی لە سەرتاسەری باکووری کوردستان دا ناسرا بێ و ئێوبانگی بڵاو بووبێتەوە.

لەو پێوەندییە دا بە جێیە بە تایبەتی باسی یەک لە ئەندامانی کوردیی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییات جەمعییەتی بکرێ، ئەگەر هەر لە بەر ئەوەش بێ کە ئەو دواتر بوو بە یەک بیرەوەرە هەرە ڕەسەن و بە دەستەڵاتەکانی ئیسلامی تورکییە لە سەدەی بیستەم دا.سەعیدی نوورسی لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ئەستەنبووڵ دا نوێنەرایەتی نەریتی مەدرەسە و حوجرەی مزگەوتەکانی دەکرد. ئەو پیاوێکی خوێندەوار و زانا، بیر ئاواڵە و بە تابوشت و زۆر بە تەنگ پەروەردە کردن و بارهێنانی کوردە هاوکووفەکانییەوە بوو.کتێبی بیۆگرافییەکەی، باسی بەسترانەوەی زۆری وی بە بیروراکانی ئەحمەدی خانی یەوە دەکا.سەعیدی نوورسی دوای ئەوەی کە لە مەدرەسە جۆر بە جۆرەکانی بیتلیس و وان خوێندی،سێ مانگیشی لە مەدرەسەیەک لە بایەزید دەرباز کرد،ئەو شارەی کە خانی لە نیزیک وێ نێژراوە. نوورسی لە ماوەی ئەو سێ مانگەی دا کە لە بایەزید بوو، زۆربەی کاتی خۆی، بە ڕۆژ و شەو، بە دیار گۆڕی ئەحمەدی خانی یەوە بەسەر دەبرد.خەڵکی ناوچە کەئەوەیان چاو پێکەوت ئەو بڕوایەیان تێدا پێکهات کە ڕوحی خانی لە قالبی سەعید دا خۆی دەردەخا ( " ئەحمەد هانی حەزرەتلەرنن فەیزنە مەزهەر ئۆڵدوو "). [٢٣] زۆر دواتر سەعیدی نوورسی هێشتا ئەو چاخەی بە قۆناخی هەرە گرینگی خوێندن و پەروەردەی خۆی دادەنا. ڕەنگە ئەو زۆر دواتریش کە بە ڕەسمی پێوەندی خۆی لە تەک بزووتنەوەی کورد پری هێشتاش پێوەندی قایمی خۆی بە بیرورای خانییەوە هەر پاراستبووبێ. [٢٤]

دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان،کوردستان تەعالی جەمعییەتی ناچار بوو چالاکییەکانی ڕابگرێ. دوای ساڵی ١٩٢٢ ئێمە چیتر سەبارەت بەو کۆمەڵەیە نابیسین. [٢٥] بەدرخانییەکان، کە زۆر بە ئاشکرایی بە دژی کەمالییەکان هەڵوێستیان گرتبوو، وولاتیان بە جێهشت و زۆر لەوانەی کە لە وولات دا مانەوە لە گەڵ دەستەڵاتدارانی کەمالی دە کێشە کەوتن.سەید عەبدولقادر دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە سێدارە درا، سەعیدی نوورسی زۆربەی ژیانی لە دوور خرانەوە و تاراوگەی نێوخۆییدا ڕابوارد.لە ساڵی ١٩٢٧، جەلادەت و کامران بەدرخان لە گەڵ چەند ڕووناکبیری دیکە دا، کە ئەو دەمی لە سوورییە دەژیان کۆمەڵەیەکی نوێی کوردی بە نێوی خۆیبوون یان دامەزراند. لە ساڵی ١٩٣٢ برایانی بەدرخان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆواری گرینگی هاوار. یەکەم بەرهەمی جیدی بۆ زیندوو کردنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەبی کورمانجی، هاوار بناخەی ستانداردی کورمانجی نووسراوی دانا، هەم بە شێوەی داهێنانی سیستمی ڕێنووس لە سەر بنەمای ئەلفوپێتکەی لاتینی و هەم دەکار کردنی شێوەزاری جزیری کە نووسینەکانی هاوار بەو نووسراون، بوون بە ستانداردی کورمانجیی ئەدەبی. جا ئەوە بە هیچ جۆر سەیر نییە کە هاواریش سەرنجی داێتە سەر ئەحمەدی خانی. لە ژمارەی ٣٣ی ئەو گۆوارە دا ( ١-ی ئۆکتۆبری ١٩٤١)، جەلادەت بەگ کە بە ناسناوی هێرکۆل ئازیزان دەینووسی، نووسینێکی بە نێوی " کلاسیکێن مە" بڵاو کردەوە، کە تێیدا سەرنجێکی تەواوی داوەتە سەر خانی و مەم و زین. لەو ووتارە دا خانی لە گەڵ ڕۆمی بەراورد دەکا کە گۆیا مەلا عەبدولڕەحمانی جامی سەبارەت بە وی گوتوویە: " لەوانەیە پێغەمبەر نەبێ، بەڵام کتێبێکی ( پیرۆز)ی نووسیوە. ( نە پێغەمبەر ە، لێ کتێبا وی هەیە.) جەلادەت بەگ دەڵێ:سەبارەت بەخانی دەکرێ شتێکی باشتر بگوترێ: " ئەو نەک هەر کتێبێکی نووسی، بەڵکوو پێغەمبەریشە، پێغەمبەری بیروباوەڕی نەتەوەیی ئێمە، پێغەمبەری دینی ڕەگەزی ئێمە." ( بەلێ خانی ژی

خودان کتێبە، لێ خانی پێغەمبەرە ژی. پێغەمبەرێ دیانەتا مە ئا مللی، پێغەمبەرێ ئۆلا مە ئا نژادین.) تەنێ بەشێکی کورت لە مەم و زین لە هاوار دا بڵاو کراوە. بەڵام چەند ساڵ دواتر لە ڕووی ئەو چاپەی لە ئەستەنبووڵ کرابوو، مەم و زین لە حەڵەب چاپ کراوە. ( ١٩٤٧)
کۆماری مەهاباد یەک لەو چەند ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردە کە تێیدا مەم و زین ی خانی چ دەوری نەگێرا. بەڵام ئەوە هەژاری شاعیر بوو، کە لە زەمانی کۆمار دا چالاک بوو و دوای ڕووخانی کۆمار لە عێراق گیرساوە، کە دواتر لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خانی ناساند. وەرگێراوی سۆرانی هەژار لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا چاپ بوو. [٢٦]** ئەوە تەئریخێکی گرینگ بوو، چونکە لە تەک لەدایکبوونی بزووتنەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە عێراق یەک دەگرێتەوە، دوای ڕووخاندنی حکوومەتی پادشایەتی بە دەستی عەبدولکەریم قاسم،چەند کەس باسی ئەو شوێنە قووڵەیان بۆ کردووم کە خوێندنەوەی وەرگێراوەی مەم و زین لە لایەن هەژارەوە لیی کردوون.
سەرهەڵێنانەوەی بزووتنەوەی کورد لە تورکییە لە ساڵانی ١٩٥٠ دا، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی وەرگێراوی مەم وزین نیشانە دەکرێ. مەحمەد ئەمین بۆزئەرسلان لە ساڵی ١٩٦٨ ئەو کارەی بە کورمانجی و بە تیپی لاتینی و لە گەڵ وەرگێرانی تورکی بڵاو کردەوە.

[٢٧]ئەوە یەکەم کتێب نەبوو کە لە وان ساڵان دا لە تورکییە بڵاو دەبووەوە،بەڵام بێ سێ و دوو کتێبی هەرە گرینگی کوردی بوو و، تەئسیرێکی زۆری هەبوو. ئەو دەمی لە چەند کوردێک زیاتر نەبوون کە بتوانن لە کوردی ئاستەمی خانی تێبگەن و ڕەنگە لە بەر وەرگێرانی تورکی بۆزئەرسلان بوو بێ کە ئەو چاپە لە هەموو چاپەکانی پێشوو زیادتر کەوتە بەر دەست خوێنەرەوەیەکی زۆرترەوە.ئەگەرچی بۆزئەرسلان یرگە سیاسییە هەرە هەستیارەکانی دەرهاویشتبوو،بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کتێبەکە قەدەغە کرا و دەستەڵاتداران هەر نوسخەیەکیان دۆزیباوە لە نێویان دەبرد. ئەوانەی کە نوسخەیەکیان دەست کەوتبوو دەبوو بیشارنەوە و، زۆریان لە ترسان دوای کودەتای نیزامی مارسی ١٩٧١ کتێبەکەیان لە نێو برد. [٢٨]

**خانی و نەتەوەی کورد**

داخودا لە سەر و بەندی خانی دا نەتەوەی کورد هەبوو؟ ئەمن پێم وا نییە،بەڵام لەوانەیە بیر ورا جیاواز بن. لە نێو مێژوو نووسە ئوروپاییەکانیش دا ئێمە بیر و بۆچوونی زۆر جیاواز سەبارەت بە سەرهەڵهێنان و دەرکەوتنی یەکەم نەتەوەکانی ئوروپایی دەبینین. هێندێک لە مێژوو نووسە کۆنترەکان، بۆ وێنە مارک بلوخ ئیدیعا دەکەن کە فەڕانسەیی و ئەڵمانییەکان تا ساڵی ١١٠٠ ببوون بە نەتەوە، لە کاتێکدا مێژوونووسی دیکە ، وەکوو یوهان هویزینگا لە سەر ئەو باوەڕەن کە بوون بە نەتەوەی ئەوانە تا بەر لە سەدەی ١٤هەم ڕووی نەداوە. مێژوونووسێکی زۆر تازەتر، ئوژێن وێبر، نیشانی داوە کە تەنانەت تا ساڵی ١٩٠٠ یش فەڕانسەییەکان هێشتا یەک نەتەوە نەبوون. زۆر لە وەرزێرە فەڕانسەییەکان ئەو دەمی خۆیان بە فەڕانسەیی دا نەدەنا، بەڵکوو خۆیان بە لادێ یان هەرێمەکانی خۆیانەوە پێناسە دەکرد. تەنێ بە ڕێگەی پەروەردەی بە کۆمەڵ، خزمەتی گشتی سەربازی، و بڵاو کراوەی ڕادیۆیی سەرتاسەرییەوە بوو، واتە بە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانی زۆری دەوڵەت،کە وەرزێران لە نێو نەتەوە دا جێیان کراوە و وەخۆ کران. [٢٩]
هێندێک لە نووسەرانی نوێباو کە لە سەر بابەتی ناسیۆنالیزمیان نووسیوە،بە تایبەتی ئاندرسۆن و گێلنێر،پێیان لە سەر ئەوە داگرتووە کە ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی نەتەوە مۆدێرنەکان بە ڕێژە دیاردەی تازەن. گێلنێر دەیبەستێتەوە بە دەستپێکردنی سنعاتی بوون و کۆچکردن لە لادێوە بۆ شارەکان، ئاندرسۆن پەیدا بوونی کتێب چاپکردن و ئەوەی کە ئەو پێی دەڵێ " سەرمایەداری چاپ" بە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دادەنێ.[٣٠] بۆ هەر دووکیان، ئەوە شکانی لەمپەری نەریتی نێوان کۆمەڵگە گوندییەکان و هەرێمەکانە کە ناسیونالیزم دەڕەخسێنێ .
ئاندرسۆن دەڵێ ، بەر لەوەی کتێب چاپ کردن دابێ،تەنێ گرووپێکی پچووکی نوخبە دەیتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێ و، لە ئوروپا ئەوان بە زمانی نێونەتەوەیی ڕووناکبیرانە، واتە لاتین پێوەندییان بەیەکەوە دەکرد. لە هەر کتێبێکی کە دەنووسرا، تەنێ چەند نوسخەیەک ساز دەکرا. تێکنیکی چاپ لەپڕ هەلی ئەوەی ڕەخساند هەر چەندنوسخەیەکی کە بکرێ بفرۆشرێ لە کتێبک بەرهەم بێ. لە بەر ئەوەی کە خەڵکێکی زیادتر هەبوون کە ئەڵمانی یان فەڕانسەییان لە لاتین زیادتر دەزانی،وەشانگەران دەستیان کرد بە چاپی کتێب بەو زمانانە بۆ ئەوەی دەستیان وە خوێنەرەوەی بەربڵاوتر ڕابگا ( و کتێبی زیادتر بفرۆشن). گرینگی لاتین لە کورتێی دا، پێوەندی بە نووسین ئیتر چیدیکە ئیمتیاز و قۆرغی دەستەیەکی هەتا بڵێی پچووکی خوێندوو و نوخبەی نێو نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو زۆر توێژی دیکەی کۆمەڵی بەخۆیەوە خەریک کرد، بەڵام ئەوە تا ئەو جێگەیە بوو کە ئەوان بتوانن لەو زمانەی بۆ یەکتری پێ دەنووسن تێبگەن. لە نێو خەڵک دا ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی عەینی کتێب بخوێننەوە و دواتر عەینی ڕۆژنامە یان گۆوار، ئەو ووشیارییە

پەیدا بوو کە شتێکی هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە کە لە خوێنەرەوەکانی زمانەکانی دیکەیان جوێ دەکاتەوە و ئەوەی کە ئەوان جۆرە کۆمەڵگەیەکی نوێ واتە نەتەوەیەکیان لێ پێک دێ. ( ئاندرسۆن باسی " کۆمەڵگە بە بیرداهاتووەکان" دەکا چونکە ئەوان وەک کۆمەڵگە هەر لە زەینی خەڵک دا هەن، بە پێچەوانەی کۆمەڵگە نەریتییەکان کە تێیاندا زۆربەی خەڵک یەکتریان دەناسی، ئەندامانی نەتەوە تەنێ چەند ئەندامێکی دیکە دەناسن و، دەبێ پاشماوەی خەڵک وەک خۆیان وێنا بکەن.) سەرهەڵهێنان ودەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هەرهەمان ڕێچکەی نموونەی ئورووپای نەپێوا،بەڵام نووسینەکەی ئاندرسۆن کارێکی وا دەکا تێبگەین کە چاپ و چاپ کردن لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردیش دا چ دەورێکی گێراوە. چەندێک لە مێژوو نوسان پێیان داگرتووە تەنێ کاتێک بەکەلک و بە جێیە باسی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بکرێ کە چینە جۆر بە جۆرە کۆمەڵایەتییەکان کەم تا زۆر لە یەکتری دا یەکانگیر بووبن. ووشیاریی "نەتەوەیی" لەوانەیە لە پێشدا لای چینە سەرووترەکانی کۆمەڵێک دا پەیدابێ، بەڵام تا ئەو کاتەی کە توێژی مامناوەنجی و خوارووی کۆمەڵ خۆیان لەو ووشیاربوونەوەیە دا بە بەشدار نەزانن.مانایەکی ئەوتۆی نییە باسی ئەو خەڵکە وەک "نەتەوەیک " بکری. لە دەستپێکی ئەم سەدەیە دا، دەستەیەکی پچووکی ناسیۆنالیستی کورد هەبوون،زۆربەی ئەوان لە ئەندامانی بنەماڵە ئاریستۆکراتەکان بوون کە لە ئەستەنبووڵ و تەنانەت دەرەوەی ووڵات خوێندبوویان و کەوتبوونە بەر تەئسیری فکری ئورووپایی.وەک یەک لەوان، قەدریی جەمیل پاشا لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ، لە ماوەی شەڕ دا ئەوان هەوڵیان دا لە نێو سەرۆک عەشیرەتەکان دا پشتیوانی بۆ ئاواتە ناسیۆنالیستییەکانیان پەیدا کەن ، بەڵام چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە چونکە بیری نەتەوەیەکی کورد چ مانایەکی بۆ ئاغاکان نەبوو،چ دەگا بە ڕەش و ڕووتی عەشیرەتی و وەرزێران.[٣١] بە هەڵکەوت، قەدریی بەگ و برادەرانی ، هەر بە فکریشیاندا ڕا نەبرابوو لەگەڵ وەرزێران بدوێن و، ئەمن بۆخۆم گومان لەوە دەکەم ئەوان خۆشیان وەرزێرانیان بە کورد دانابێ.لەو هەلومەرجیدا، چ مانای نییە کوردەکان وەک نەتەوەیەک نێودێر بکرێن.لە جێگەی دیکە دا ئەمن حەولی ئەوەم داوە نیشان بدەم کە چلۆن دواتر کوردەکان ووردە وورده پێگەیشتن و بوون بە نەتەوە بە تایبەتی بە وەخۆ کردن و ددان پێداهێنانی وەرزێران وەک کورد.[٣٢]

ئەگەر ئێمە چەندین سەدە بگەڕێینەوە دواوە،دەکرێ بپرسین ئەو دەمەی ئەحمەدی خانی باسی " کورد" و "کورمانج" دەکا بیری لە چی و لە کێ کردووەتەوە و،داخودا خانی وەک نەتەوەیەک بیری لەوان کردووەتەوە. ئەمن لەو باوەڕە دانیم ئەو، ئەو نێوانەی هەر بەو مانایەی کەئێستا لێیان دەخوێندرێتەوە بە کار هێنابێ.ئەمن تەقریبەن لێم سوورە ئەو وەرزێرانی نا- عەشیرەتی بە کورد دانەناوە و هەر وەک پێشتر گوترا، ئەو زاراوە سیاسییانەی خانی بە کاری هێناون، وەکوو " میلەل"، (کۆی ووشەی " میللەت"، کە مانای ئێستای " نەتەوە" یە) لە زەمانی ویدا مانایەکی دیکەی تێخوێندراوەتەوە. بە لێکدانەوەی نێو و زاراوان لە مەم و زین دابەو جۆرەی کە ئەوان هەمیشە ئەو مانایەیان هەبووبێ کە ئەمڕۆ هەیانە ڕەنگە ئێمە بە خراپ لەو قسانە بگەین کە مەبەستی ڕاستەقینەی خانی بووە. لە لایەکی دیکەوە لە ئەدەبی دەوڵەمەند دا ئەوە بە میرات ماوەتەوە کە هەر وەچەیەک لە خوێنەوەران بتوانن مانا و واتای نوێی تێدا بدۆزنەوە، مانای ئەوتۆ کە نووسەری شوێنەوارەکە بۆخۆی لەوانەیە هەر هەستیشی پێ نەکردبێ.

**ئەنجام**

زۆر جار ئەو قسەیە داگیراوەتەوە کە نەتەوان ناسیۆنالیزم ناخولقێنن،بەڵکوو بەپێچەوانە ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دروست دەکا. ئەگەر ئێستا کوردەکان نەتەوەیەکن، ئەوە یەک لە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ە. ئەمن لە سەرەوەتر باسم کرد کە لە ڕاستیدا ئەحمەدی خانی ناسیۆنالیست نەبوو، بەلانی کەمەوە بە مانای مۆدێرنی ئەو زاراوەیە.لە سەرێکی دیکەوە، ئەمن حەولم دا نیشان بدەم کە شوێنەواری ئەحمەدی خانی، بە تایبەتی مەم و زین، لە هەموو قۆناخەکانی پێشوەچوونی بزووتنەوەی کورد دا، دەوری گێراوە،بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە دەکرێ ئەو بە دروستی بە " باوکی ناسیۆنالیزمی کورد" نێودێر بکرێ. وەچە دواترەکانی ناسیۆنالیستەکان توانیویانە بیرەکانی خۆیان لە کارەکەی ئەحمەدی خانی دا بدۆزنەوە، ئەوە بە ڕێکەوت نییە هەر جارەی کە تێکۆشانێکی تازە بۆ چاپ کردن و بڵاو کردنەوە بە کوردی دەست پێدەکا، بڵاوکەرەوە و ئێدیتۆران باسی مەم و زین دەهێننە گۆڕێ.کە وابوو، ناڕاستەوخۆ خانی یارمەتییەکی زۆری کردووە بە لە دایکبوونەوەی کوردی وەکوو زمانێکی زێندووی نووسین. دەوڵەتی تورکیش، بە شێوەی خۆی یارمەتی کردووە بە لە دایکبوونەوە و بووژانەوەی ئەدەبی کورمانجی، بە ڕێگەی قەدەغە کردنی چاپی بۆزئەرسڵانی مەم و زین، دەوڵەت ئەو کارەی کرد تەنانەت بە ڕەمزێکی زۆر گەورەتری کولتووری کورد.کودەتای ١٢ سێپتامبری ١٩٨٠ و سەرکوتکردنی دەرپرینی کولتووری کورد لە تورکییە زۆر لە ڕووناکبیرە کوردەکانی کردە پەنابەری سیاسی،کە داوای داڵدە و پەنای سیاسییان لە ووڵاتانی وەک ئەڵمان و بە تایبەتی سوێد کرد.لەوێ

ئەوان هەلومەرجێکیان بەدی کرد کە هەلی بۆ ڕەخساندن بە کوردی بنووسن و بڵاو بکەنەوە .خەڵکی ئەوتۆی کە تا ئەو دەمەی کە لە تورکییە بوون هەر بە تورکی یان نووسیبوو، وورده وورده دەستیان کرد بە کوردی نووسین. لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو دا، کورمانجی بە خۆدا هاتووە و بووە بە زمانێکی نووسینی مۆدێرن و لەو ماوەیە دا چۆنییەتی نووسین و نێوەرۆکی ئاڵوگۆڕی باشی بەسەر دا هاتووە و چاکتر بووە. ئێستا بەردەوام و بێ پسانەوە ئەدەبی کورمانجی هەر لە هەڵدان دایە و ژمارەی ئەو خەڵکەی بە کورمانجی دەخوێننەوە زیادی کردووە. ئەوە گرینگە کە کاتێک ئەمساڵ [ ١٩٩٥] محەمەد ئەمین بۆزئەرسڵان چاپێکی نوێی مەم و زین ی بڵاو کردەوە،جێگەی وەرگێڕاوی تورکی چاپەکانی پێشووی داوە بە وەرگێڕانی مەم و زین بۆ سەر کورمانجی سەردەم! ڕەنگە هیچ کامێک لەو هەموو کارانە نەکرابان ئەگەر گشت نووسەرە کوردەکان لە تورکییە مابانەوە و نەهاتبانە دەرەوە. وەک زۆر جار ڕوودەدا، سەرکوتکردنی دەوڵەتی، یارمەتی کردووە بە بەهێز کردنی ئەوەی ویستوویە لە نێوی بەرێ و لەم نموونەیە دا واتە کولتووری کورد.هەتا دێ کوردی زیادتری تورکییە حەوڵ دەدەن بۆ بەرەوپێشبردنی کورمانجی وەکوو زمانێکی مۆدێرنی ئەدەبی و بەوەش بانگەوازی خانی ڕەچاو دەکەن ، دا خەڵق نەبێژتن کو ئەکراد// بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد.

## پەراوێزەکان

[1] دەقێکی پێشتری ئەم ووتارە لە کۆنفرانسێک دا پێشکێش کرا بۆ بیرەوەری ٣٠٠ ساڵەی مەم و زینی خانی کە لە لایەن کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد ، لە ٢٧- ی مەی ١٩٩٥، لە شاری ستۆکهۆڵم پێک هات.

[٢] بیری سۆفیانە و عیرفانی لەو کارە دا لە لایەن محەمەد ئەنوەر عەلی لە باوەڕنامەکەیدا شیکراوەتەوە: احمد الخانی: فلسفه التصوف فی دیوان " مم وزین" جامعه القدیس یوسف، معهد الآداب الشرقیه،١٩٧٢. ئەمن سپاسی ماڵمیسانج م.تەیفوون دەکەم بۆ ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی نیشان دام.

[٣] بۆ وێنە پروانە فەرهادی شاکەلی،
Kurdish Nationalism in Mem u Zin of Ehmed – i Xani, Sweden (Uppsala), 1983, new edition Brussels: Koerdisch Instituut,1993;
موراد جوان،
“Dewra Ahmedé Xani u Kurdeweriya wù” çira hejmar 2 (Heziran 1995),pp.13-29
مەدەنی ئایهان،
Kurdistanli filozof Ehmedé Xani, Ankara, 1996

[٤] ئیدریسێ بتلیسی لە تۆرەمەی زانایەکی بەنێوبانگی سۆفی بوو لە بیتلیس و، لە دەرباری عوسمانی دا میرزایەکی پایەبەرز بوو. ئەوە ئیدرسێ بتلیسی بوو کە فەرمانڕەوا کوردە ناوچەییە هەرە گرینگەکانی هان دا کە لە کێشەی نێوان عوسمانی – سەفەوی دا، لایەنی عوسمانی بگرن و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زۆربەی کوردستان وەسەر خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی بکەوێ .نووسینەکانی "هشت بهشت" و " سلیم نامه" لە گوێن ڕووداونامە هەرە گرینگەکانی ئەو سەر و بەندین.

[٥] یادداشتەکانی ئەولیای چەڵەبی سەبارەت بە عەمادییە [ئامێدی] وباشووری کوردستان لە دەقە چاپکراوەکانی "سەیاحەتنامە" کەیدا نین،کە لە سەربنەمای دەستنووسی سەقەت بڵاو کراونەتەوە. ئەو یادداشتانە لە دەستنووسەکانی بەرگی چوارەم دا هەن، لە کتێبخانەی تۆپکاپی لە ئەستەنبوول. ئەمن خەریکی ئامادە کردنی دەقێکی ئەو یادداشتانەم و شەرح و ڕوون کردنەوەی لەسەر دەنووسم.

[٦] پروانە:
Axmed Xani, Mam i Zin. Kriticeskiy tekst, perevod, predislovie I ukazzteli M.B. Rudenko, Moskva: NAUK,1962,pp.13-16

[٧] لە بەکارهێنانی ئێستا و مۆدێرن دا ، دەوڵەت ووشەی هەرە باوە بۆ ستەیت، بەڵام مانای سەرەتایی ئەو ووشەیە زۆر تێکەڵ پێکەڵ بووە. زاراوەی دین و دەوڵەت ئاماژە نییە بە دین و دەوڵەتێکی تایبەتی بەڵکوو موراديفی یەکترین، وەک

زاراوەی هاوشوباری دین و دونیا، واتە کار وباری روحانی و دنیایی.

[٨] زاراوەی بەنێوبانگی ڕۆمیّ ڕەش ئاماژەیە بە دەوڵەتی عوسمانی (یان تورک)،بە تایبەتی ئەڕتەش. بۆیە پێیان دەگوت ڕەش چونکە ڕەنگی چاکەتی یۆنیفۆرمی سەربازانی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩هەمدا ڕەش بوو. ( ئەمن سپاسی ناجی کوتڵای دەکەم بۆ ئەو زانیارییەی پێی دام).

[٩] مارتین ڤان بروانێسن. " کۆمەڵگەی کورد،ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران" لە کتێبی "کوردەکان: تێروانینکی هاوچەرخ " دا کە فیلیپ ک.کرەیەنبرووک و ستێفان سپێرڵ ئێدیتیان کردووە و لە لایەن وەشانخانەی ڕاتلێج لە لەندەن لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاو کراوەتەوە، لاپەڕەی ٦٧-٣٣.
Martin van Bruinessen, “ Kurdish Society, Ethnicity,Nationalism and Refugee Problems”, in Philip G. Kreyenbroek & Stefan Sperl (eds),The Kurds: a Contemporary Overview, London:Routledge 1992, pp. 87-33
تێبینی وەرگێر: ئەو بابەتە لە لایەن ئەم قەڵەمەوە وەرگێردراوە و لە ژمارە٣- ی گۆواری گزینگ، مارسی ١٩٩٤ دا بڵاوکراوەتەوە. لل.٢٣- ٦

[١٠]
Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Oxford: Basil Blackwell 1983,p.1.

[١١] بۆ ئاگاداری لە جیاوازی نێوان دەقی زارەکی داستانی مەمی ئالان و دەقی ئەدەبی خانی، پروانە ئەو شیکردنەویەی کە مایکڵ ل.شایەت کردووەیە.
Michael L.Chyet, “ And a thornbush sprang up between them”: Studies on “ Mem ù Zin”, a Kurdish romace, Ph.D. dissertation, University of California, Berkeley, 1991, pp. 52-62 . ئەم تێزەی شایەت باشترین لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە نەریتی زارەکی کوردی کە هەتا ئێستا کرابێ. لەم کارە دا شایەت ١٨ دەقی جیاوازی مەمێ ئالان ی شی کردووەتەوە.

[١٢] کاتێک ئەمن بۆ یەکەم جار لە سێمیناری ستۆکهۆڵم دا ئەو تەخمینەم باس کرد، چەندین دۆستی کوردم بەتوندی دژی بۆچوونەکەم بوون.کەسێکی خەڵکی دیاربەکر باسێکی گرینگی هێنا گۆڕێ و گوتی هەر تەنێ لە بنەماڵەی ئەوان دا چەندین دەستنووسی مەم و زین هەبووە و، هەر وەها دراوسێکانیشیان نوسخەی دەستنووسیان لە لا هەبووە، جا بە بۆچوونی وی هەژماری دەستنووسی مەم و زین زۆر زیاترە لەوەی من بە تەخمین گوتوومە. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەمن بۆ بەرگری لە تەخمینەکەی خۆم دەبێ بڵێم،زۆر لەو دەستنووسانەی مەم و زین کە ئەمڕۆ بە دەستەوەن لە ڕووی دەقی چاپکراو نووسراونەتەوە ( بۆ نموونە ئەو دەستنووسەی کە محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان بەکاری هێنا بۆ دەقی چاپکراو و وەرگێرانەکەی). چاپکردن،هەر وەک لە خوارەوە باسی تەواو ساز دەکا،چونکە بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ دەڕەخسێنێ و خوێنەرەوەی بە کۆمەڵ دەخولقێنێ. ئەمن هێشتاش پێم وایە مەم و زین لە ڕاستییدا ئەو کاتە بوو بە باو و پێی زاندرا کە چاپ کرا.

*تێبینی وەرگێر:جگە لە ڕووسییە و بریتانیا، لە عێراقیش دەستنووسی " مەم و زین" هەبووە. مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە ووتارێک لە گۆواری ڕەنگین دا باسی دوو دەستنووسی مەم و زین دەکا کە لە دەستنووسخانەی دیوانیی دەوڵەتی عێراق ( دار مخطوطات صدام) دا لە بەغدا هەن و دەنووسێ فۆتۆکۆپی ئەو نوسخانەی ئەمساڵ (١٩٩٥)ناردووە بۆ محەممەد ئەمین بۆز ئەرسلان. ( محەمەدی مەلا کەریم: لە پێشوازیی بیرەوەری سێسەد ساڵەی مەم و زینی خانیدا- بۆزئەرسڵان گیانێکی تازەی کردەوە بە بەری ئەم شاکارەی ئەدەبی کوردی دا- گۆواری ڕەنگین،ژمارە ٨،١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٥،چاپی بەغدا، لل. ٧ – ٦
کاتێک ڤان پراونێسن م لەم وەرگێرانە تازەیەی بابەتەکەی ئاگادار کرد،ئەم زانیارییە گرینگەی بۆ ناردم: "دەستنووسێکی زۆر کۆنی مەم و زین بەدەستەوەیە، ( ئەو دەست نووسە ئی کۆڕی زانیاری کورد بووە و ئێستا لە " جێیەکی ئەمین" پارێزراوە)، لەو دەستنووسە دا ووشەکانی نێو دیباچە هەن و ئێستا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی دەستنووسەکەی بە چاپکراوی بڵاو کردووەتەوە. ئەو دەستنووسە لە ساڵی ١١٦٥ی هیجری، واتە ١٧٥٢ی زایینی عزیز بن شێربار [شێرباز] من قبیلە مام زیدی نووسیویەتەوە."

[١٣] " [ئەحمەدێ خانی] زەحف ژی غەزەلییات ئوو ئەشعاران ئوو بەیت ب زمانێ کورمانجی گۆتییە ئوو د زمانێ عەڕەبی ئوو فارسی ئوو ترکی ژی دیسان غەزەلییات ئوو ئەشعاران ئوو ئەبیاتێ زەحف گۆتییە ئوو، عولوومێ فنوونان ژی قەوی ماهر ئوو ساحبێ عیرفان ە ئوو ژ شوعرایێد کوردستانێ حەموویان ژی مەشهوور و فاییقە. بەلکی ژ هەموو شوعەران مەقبوول و مەمدووحە."پروانە:
August Jaba, Recueil de notices et de récits kourdes, St:Petersbourg, 1860,p 15
لاپەڕەی ١٥- ی دەقی کوردی.

[١٤] قەناتی کوردۆ باسی هەبوونی مەدرەسان لە کۆی سەنجاق،خۆشناو، سەردەشت،هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، مەهاباد [سابڵاغ] و شنۆ دەکا. پروانە کتێبەکەی:
Tarixa edebyeta Kurdi-2 ( Stockholm:Wésanén Roja Nù, 1985), p.18.

[١٥] سەبارەت بەو دوو دوا فەرمانڕەوا گەورانە و حەولیان بۆ یەکخستنی بەشی زۆری کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی خۆیان پروانە:
Dr. Celilé Celil, XIX.Yüzil Osmanli Imparatorlugu'nda Kürtler, Ankara: öz-Ge, 1992.
هەر وەها کتێبەکەی من: ئاغا،شێخ و دەوڵەت، لەندەن بنکەی چاپەمەنی زێد، ١٩٩٢،لل.٨٢ – ١٧٥ و ٣٤ – ٢٢٤ ، ئەمن هەوڵم داوە ئاکامی نەمان و بزر بوونی میرنشینە کوردییەکان شیبکەمەوە و زنجیرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە گەیشتنە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد باس بکەم.
Martin van Bruinessen: Agha, Shaikh and State, London: Zed Books, 1992

[١٦]
Tarixa edebyeta Kurdi 2, P.18.
ئەمن چ نیشانەیەکم نەدۆزیوەتەوە بیسەلمێنێ کە کۆیی لە زەمانی فەقێیەتی دا مەم و زین ی خوێندبێتەوە.زۆر وێدەچێ ئەو دەمی مەم و زین هەر لە بەشی کورمانجی ئاخێوەری کوردستان دا ناسراو بووبێ.

[١٧] ئەم شێعرە لە کتێبی ئەمیری حەسەنپوور وەرگیراوە:
Amir Hassanpour: Nationalism and Language in Kurdistan, 1915-1985, San Francisco: Mellen Research University Press, 1992,p.93.

[١٨] دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئیدیت کراو لە لایەن گیو موکریانی، هەولێر: چاپخانەی کوردستان، ١٩٥٣،لل.٤٨، ٥١.

[١٩] " من ئەڤ کتێب جارنا هن عولەماێن ترک و عەڕەبا رەخوندییە ئوو تەرجومە کرییە، حەمیا ژی گۆتییە کو ' ڤێ ڕێ دە ژە ڤێ کتێبێ چێتر مە نەدیتییە." پروانە چاپکردنەوەی کوردستان لە لایەن محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان وە، بەرگی ١، لاپەڕەی ١٢٧

[٢٠] دوو بەیتی کۆتایی ئەو پارچە شێعرە ( لە لاپەڕەی ٦- ١٣٥ ی ئەو دەقەی کوردستان کە لە لایەن بۆزئەرسلان وە چاپ کراوەتەوە) دەڵێ میرنشینەکانی سۆران و بابان لە بەر ئەو کتێبە لە ناو دەوڵەتانی دیکە دا ناسراون// لە نێو کوردان دا ئەوە حاجی و شێخی خانی ن کە بناخەی شێعری کوردی یان داناوە. ( لە مەجمووعی دووەل سۆران و بابان/ لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە//لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی/ ئەساسی نەزمی کوردی دانەناوە).

[٢١] سەبارەت بە تەعمیمی مەعاریف وە نەشریات جەمعییەتی، ئەندامەکانی و چالاکییەکانی پروانە:
Ismail Göldaş,Kürdistan teali Cemiyeti, Istanbul:Doz,1991,pp.77-81

[٢٢] پروانە شاکەلی، ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زین ی ئەحمەدی خانی دا، لاپەڕەی ٢.

[٢٣] ئەوە لە بیوگرافی ڕەسمی سەعید نوورسی دا باسی کراوە و نەجمەدین شاهینەریش گێراویەتەوە.
Bediüzzaman Said Nursi hayati:mesleki tercüme – i halim Istanbul:Sözler Yayinevi,1976, P.35, Necmedin Şahiner, Bilinmeyen taraflarile Bediüzzaman Said Nursim Istanbul: Yeni Asya Yayinlari,1974, pp.34-5

[٢٤] بیۆگرافی ڕەسمی سەبارەت بە دەوری سەعیدی نوورسی لە بزووتنەوەی کورد دا تەقریبەن بێدەنگە. ئەو لایەنەی ژیانی لە لایەن ڕۆهات و مالمیسانیج و زۆر بە گشتی تر لە گۆواری مانگانەی دەعوا، ڕا باسی لێوە کراوە.ئەوانە گرووپێکی لایەنگری کوردن کە لە بزووتنەوەی سەرەکی نورجو جوێ بوونەتەوە.
Rohat, Unutulmuşlugun bir öyküsü: Said-i Kürdi ( Istanbul: Firat Yayinlari,1991(
Malmisanij, Said-I Nursi ve Kürt sorunu (Istanbul: Doz Yayinlari, 1991(

[٢٥] گوێلداش باسی ئەوە دەکا کە کوردستان تەعالی جەمعییەتی لە مانگی ژوویەی ساڵی ١٩٢٠ بە ڕەسمی لە لایەن حکوومەتی ئەستەنبووڵ ( عوسمانی) وە قەدەغە کرا، بەڵام بە ڕواڵەت تا ساڵی ١٩٢٢ش لە سەر چالاکییەکانی بەردەوام بووە، دوای ئەوە هەر نەما. گوێلداش، ئەو سەرچاوەی لە سەرەوەتر باس کرا، لل.٨- ٢٢٧

[٢٦] بەر لەوەی وەرگێرانی هەژار دەرکەوێ، گیوی موکریانی چاپێکی مەم و زین ی بڵاو کردبووەوە( هەولێر ١٩٥٤ و دیسان لە ساڵی ١٩٦٨)، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوە بە کورمانجی بوو ناکرێ بە بەربڵاوی لە کوردستانی عێراق خوێندرابێتەوە.
**تێبینی وەرگێر: ئەوە ڕاستە لە سەر بەرگی چاپی " مەم و زینی خانی هەژار کردوویە بە موکریانی" نووسراوە بەغدا – ١٩٦٠ ، بەڵام وەک باس دەکرێ ئەو کتێبە یەکەم جار لە چاپخانەی شۆرش و لە دەرەوەی شاری چاپ کراوە.

[٢٧]
Ehmedi Xani, Mem ù Zin. Türkçesi: M.E.Bozarslan, Istanbul: Gün Yayinlari, 1968.

[٢٨] مەحکەمەی دژی بۆزئەرسلان، چەندین ساڵ دواتر تەواو بوو و تاوانی لە سەر لابرا و هەر بەو شێوەیە بڕیاری قەدەغە کردنی کتێبەکەش هەڵوەشاوە . دیسان لە ساڵی ١٩٧٥ دا چاپ کراوە،

[٢٩]
Eugene Weber, Oeasants into Frenchmen: The Modernization of Rural France, 1870 – 1914, London: Chatto & Windus, 1979.

[٣٠]
Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, London: Verso Editions, 1983; Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Oxford: Blackwell,1983.

[٣١] زننار سلۆپی [ قەدریی جەمیل پاشا] دۆزا کوردستان
Doza Kürdüstan: Kürt miletinin 60 senedenberi esaretten kurtuluş savaşi hatirati,Beyrut:? Stewer Basimevi, 1969,p.38-39

[٣٢]
Martin van Bruinessen, “ Kurdish Society, Ethnicity,Nationalism and Refugee Problems”, in Philip G. Kreyenbroek & Stefan Sperl (eds),The Kurds: a Contemporary Overview, London:Routledge 1992, pp. 87-33
هەر وەها،

Nationlisme Kurde et ethnicités intra-Kurdes”, Peuples Méditerranéens no.68- 69 (1994), 11-37
ئەم نووسینە لە ژێر سەردێری : ناسیۆنالیزمی کورد و لایەنگریی ئێتنیکی ڕقەبەر" لە لایەن ئەم وەرگێرەوە کراوەتە کوردیی سۆرانی و لە گۆواری گزینگ دا بڵاو کراوەتەوە،

تێبینی وەرگێر: ئەم دەقەی سەرەوە بۆ جاری یەکەم بە زمانی ئینگلیسی بە نێوی
Ehmedi Xani’s Mem ù Zin and its Role in the Emergence of Kurdish National Awarenessلەم کتێبەی خوارەوە دا کە دوکتور عەبباسی وەلی ئێدیتی کردووە لە ساڵی 2003 دا چاپ بووە.
Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, Abbas Vali (editor), Mazda Publishers,Inc.Costa Mesa, California, 2003, PP. 40- 57
بەڵام مێژووی ئەم ووتارە زۆر لە کاتی دەرکەوتنی بە ئینگلیسی کۆنترە. ئەوە بابەتێکە پرۆفێسۆر مارتین ڤان برواونێسن لە ڕۆژی شەمۆ، ٢٧ی مەی ١٩٩٥ لە سیمینارێک دا پێشکێشی کرد کە بە بۆنەی سێسەدەمین ساڵی نووسرانی مەم و زین لە لایەن کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوێد لە شاری ستۆکهۆلم پێک هاتبوو. لەو سێمینارە دا کە برواونێسن بابەتەکەی لە ڕووی یادداشت پێشکێش دەکرد من ڕاستەو ڕاست وەرم دەگێرا. دوای سێمینارەکە نووسەر چەندین جار بە بابەتەکە دا هاتەوە و یەکمجار ئەم ووتارە بە زمانی کوردی لە ژمارەی ١٤ی گۆواری گزینگ ، زستانی ١٩٩٧ دا بڵاو بووەوە.دوای بڵاو بوونەوەی ئەم بابەتە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ڕەخنەیەکی لە سەر نووسی کە لە چەند ژمارەی گۆواری گزینگ و دواتر وەک نامیلکەیەکیش بڵاو کراوە. دیارە بە دوای ئەوە دا مامۆستا محەمەد و مامۆستا مارتین یەکتریان دیتووە و وابزانم تەمی خراپ لە یەک تێگەیشتن لە نێوانیاندا بە تەواوی ڕەوییێتەوە. ئەم دەقەی سەرەوە هێندێک جێاوازی هەیە لە گەڵ ئەو بابەتەی لە ساڵی ١٩٩٥ لە سوێد پێشکێش کرا و هەر وەها لە گەڵ ئەو دەقەش کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە گۆواری گزینگ دا بڵاو کراوە. ئەگەرچی هێڵی سەرەکی بابەتەکە هیچ ئاڵوگۆری تێدا نەکراوە. ئەمن جارێکی دیکە بەهەموو وەرگێرانەکە دا چوومەتەوە و ئەوەی نووسەر دەری هاویشتووە، دەرم هاویشتووە. ماوەتەوە بڵێم دەبێ ئەم دەقەی ئێستا بە ووتاری ماک دابندرێ چونکە یەکمجار لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە زمانی ئینگلیسی درەکەوتووە.

## (٨)

## پرسی کورد: پرسی کێ؟ وڵامی کێ؟ وتارێکی پرۆفێسۆر مارتین ڤان برواونێسن بۆ ڕێز لێنان له بیره‌وه‌ری وه‌دیع جووه‌یده له ئیندیانا

پرسی کورد: پرسی کێ ، وڵامی کێ؟
بزووتنه‌وه‌ی کورد ده‌چاوی کورده‌کان و ده‌چاوی دراوسێیه‌کانیاندا

وتاری ڕێزگرتن له بیره‌وه‌ری وه‌دیع جووه‌یده له به‌شی لێکۆڵینه‌وه‌ی عه‌ره‌بی و ئیسلامی،دیپارتمانی کولتوور و زمانانی ڕۆژهه‌ڵاتی نزیک و به‌رنامه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و ئیسلامی،زانکۆی ئیندیانا،بلوومینگتن.19ی نۆوامبری 2004

### جووه‌یده و لێکۆڵینه‌وه‌ی کوردی

بانگهێشتنم بۆ قسه کردن له بۆنه‌ی ڕێزگرتن له بیره‌وه‌ری وه‌دیع جووه‌یده دا،بۆ ئێره له بلوومینگتن، جێیه‌ک که زۆرێک له ئێوه، بیروه‌وه‌ری خۆشی خۆتان هه‌یه سه‌باره‌ت به پرۆفێسۆر جووه‌یده وه‌کوو مامۆستایه‌ک، هاوکارێک و دۆستێک، شانازییه‌کی مه‌زنه بۆ من. به پێچه‌وانه‌ی زۆربه‌تان،ئه‌من قه‌ت به شه‌خسه پرۆفێسۆر جووه‌یده‌م نه‌دیبوو؛له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا،به‌شێوه‌یه‌ک له شێوان به مامۆستای خۆمی ده‌زانم ،
ئالقه‌یه‌کی گرینگ له سیلسیله‌ی خۆمدا- هۆی ئه‌مه‌ش زۆر زوو ده‌رده‌که‌وێ.کاری سه‌ره‌کی زانستی وه‌دیع جووه‌یده، گه‌وره‌ترین شوێنه‌واری وی سه‌باره‌ت به مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد، له مێژه وه‌کوو گه‌نجینه‌یه‌کی شاراوه وایه چونکوو ئه‌و ده‌ستی له‌وه گێراوه بڵاوی کاته‌وه – پێم وایه ئه‌وه‌ش له به‌ر ترێکه‌ڵاوێک له که‌ماڵ خوازی و دڵنزمی وی بوو جابۆیه ئه‌و کاره ته‌نێ وه‌کوو میکرۆ فیلمی زانکۆ به ده‌سته‌وه بوو،ڕه‌نگه له به‌ر ئه‌و ڕاستییه‌بێ که بێوه‌که‌ی یای ئالیس جووه‌یده- بریاری داوه ئه‌و کتێبه گرینگه به چاپکراوی ببینێ و له دوای مه‌رگی وه‌دیع بڵاو بێته‌وه و بۆیه‌ش ئه‌مرۆ ئه‌من لێره ڕاوه‌ستاوم و قسه‌تان له‌گه‌ڵ ده‌که‌م.ئه‌من چه‌ند ساڵ له‌مه‌وبه‌ر (1999) ده‌ستم هه‌بوو له بڵاوکردنه‌وه‌ی وه‌رگێرانی تورکی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی جووه‌یده دا، و یای جووه‌یده به شێوه‌یه‌ک منی دۆزییه‌وه و ده‌ستمان کرد به پێوه‌ندی و ئاڵوگۆری نامه.به ڕێگه‌ی نامه‌کانی وی ڕا، ئه‌و پیاوه‌ی که ئه‌من هه‌میشه شانازیم پێوه ده‌کرد به‌ڵام هیچم له سه‌ر شه‌خسی خۆی نه‌ده‌زانی به‌ره به‌ره بوو به ناسیاوێکم و ده‌ستم کرد به تێگه‌یشتن له‌وه‌ی که بیۆگرافی و ئه‌و بابه‌ته‌ی لێی ده‌کۆڵدرێته‌وه چه‌نده به یه‌که‌وه گرێدراون.'مامه وه‌دیع' وه‌ک هێندێک له ئێوه بانگتان ده‌کرد،بۆ من بوو به خوێن و گۆشت،و کارێکی وای کرد لای خۆم په‌شیوان ببمه‌وه وبڵێم په‌کوو! حه‌یف قه‌ت نه‌مدی.

ڕێگه‌م بده‌ن به جووه‌یده‌یه‌که‌وه ده‌ست پێبکه‌م که بۆ ماوه‌یه‌کی دوورودرێژ ناسیومه، که بریتی بوو له دوو به‌رگی ئه‌ستوورله فۆرماتێکی شینی ئامال ڕه‌شی میکرۆفیلمی زانکۆیی دا.[1] ئه‌وه جووه‌یده‌یه‌که وا به‌ر له هاتنی بۆ بلوومینگتن؛ تێزه‌که‌ی له ساڵی 1960 پێشکێشی زانکۆی سیراکس کرد و له به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و تێزه قه‌ت چاپ نه‌کرا، پێم وایه که‌م که‌س پێی ده‌زانن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، له نێو پسپۆرانی له مه‌ڕ کورداندا، ئه‌و تێزه به یه‌ک له چه‌ند لێکوڵینه‌وه هه‌ره سه‌ره‌کییه‌کانی مێژووی کورد ده‌ناسرێ. ئه‌من هێشتا له‌بیرمه ئه‌و تێزه چ شوێنێکی قووڵی له سه‌ر کردم کاتێک بۆ یه‌که‌م جار چاوم پێیکه‌وت.ئه‌وه ده‌بێ له ساڵی 1976 یان 1977 دابووبێ. ئه‌وده‌می تازه لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مه‌یدانی مه‌ردمناسانه‌ی دووساڵانه‌م له به‌شه جۆربه‌جۆره‌کانی کوردستان ته‌واو کردبوو، له وانه مانه‌وه له "ناوچه‌ئازادکراوه‌کان" ی کورد له باکووری عێراق له جه‌نگه‌ی دوایین مانگه‌کانی ڕاپه‌رینی مه‌لا مسته‌فای بارزانی و ماوه‌یه‌ک له سووریه، که له‌وێ چاوم که‌وت به دوایین به‌شدارانی سه‌رهه‌ڵدانه‌کانی کوردی له ترکیه له ساڵانی 1920کان و 1930 یه‌کاندا. ئه‌من هه‌روه‌ها هێندێکیشم کار له سه‌ر ئارشیوی ڕۆژنامه ترکییه‌کان و به‌ڵگه‌کانی پابلیک ڕێکۆرد ئافیسی بریتانیا سه‌باره‌ت به سه‌رهه‌ڵدانه به‌راییه‌کان کردبوو. کاتێک به هه‌ڵکه‌وت لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی جووه‌یده‌م خوێنده‌وه، به واق ورمانه‌وه بۆم ده‌رکه‌وت ئه‌ونه‌ک هه‌ر به قووڵی له‌و سه‌رهه‌ڵدانانه‌ی کۆڵیوه‌ته‌وه، به‌ڵکوو یاریده‌شی دام له

پێشکەوتنەکانی ساڵانی 1970کان تێبگەم. شیکردنەوەی جووەیدە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە،
دەیسەلمێنێ کە ئەو هەرێمەکەی زۆر چاک ناسیوە و دەبێ زۆرێک لە کەسایەتییە کوردەکانیشی ناسیبێ.

ئەوەی کە کارەکەی جووەیدە بایەخی خۆی بۆ بارودۆخی هاوچەرخ لە دەست نەداوە و تا ئێوەرسوورانەوەی سەدە لە قورسایی کەم نەبووەتەوە لەو ڕاستییە ڕا دەردەکەوێ کە وەرگێرانی ترکی ئەو نێزە هەرکە خەریک بوولە ژێر چاپ بێتە دەرێ قەدەغە کرا.[2] لە هەلومەرجێکدا کە زۆر کتێبی لەمەڕ کوردان ، لەوانە هێندێکیشیان کە لە بواری سیاسی دا زۆر کراوەن ، بە ئازادانە دەست دەکەوتن و دەست دەکەون، نیشانەیەکە بۆ بە جیاواز دانانی کتێبی جووەیدە، لە بەر بەمەترسی دانانی هێندێک لەو بابەتانەی تێیدا باس کراون. ئەوە نێوی بابەتەکە نەبوو کە بووە هۆی قەدەغەکرانی، بەڵکوو، من وای بۆ دەچم ئەو چوارچێوەیەی جووەیدە دایناوە بۆ باسکردنی ئەوەی بە ئاسایی نێوی لێ دەندرێ " دۆز" ی کورد یان "پرس"ی کورد بووە هۆی ئەو قەدەغە کرانە.کاردانەوە لەهەمبەر قەدەغەکردنی کتێبی جووەیدە لە ترکییە ،کەرەستەی بابەتی

ئەم قسانەیە کە ئێستا بۆ بە بەرزراگرتنی بیرەوەری وی باسیان دەکەم: ئەویش ئەو شێوە جۆربەجۆرانەیە کە دراوسێکانی کوردەکان، و بەتایبەتی ئەو زانایانەی وا مرخیان لە مەڕ ئەوان نیشان داوە، "دۆز"ی کوردیان پێناسە کردووە. جووەیدە لە ڕوانگەی عێراقییەکەوە لە کوردەکان و مێژووی ئەوانی دەڕوانی، کە ناسێنەی خۆی پێویستی دەکرد جۆرە نێوەگلانێکی لەگەڵ کوردەکان هەبێ. نووسەرەکانی دیکەش هەروابوون کە ئەمن هێندێک دواتر باسیان لێوە دەکەم.

شتێک دەبێ بووبێتە هۆی پەشێوی دادئەستێنی ترک و ئەوەش دەبێ لە بەر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەوەری زۆر و بەرێژە خوێندەواری ترکییە بێ بەرەو ئەوەی کە جووەیدە دەیسەلمێنێ ڕیشەی مێژوویی بزووتنەوەکانی هاوچەرخی کورد چەندە پتەو و چەندە قووڵە و نارەزایەتی و داوخوازەکانیان چەندە کۆن و لەمێژینەن. سەرهەڵدانە جۆربەجۆرەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بەرایی سەدەی بیستەم تەنێ ڕووداوی تاک کەوتوو نەبوون کە دامرکانی ئابووری یان نارەزایەتی سیاسی دنەی دابن. لە ئەنجام دەرخستنەکەیدا، جووەیدە ، وەبیر خوێنەوەرە دەهێنێتەوە، هۆی ناڕازیبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرچییەکی بێ،" دەبێ لە بیرمانبێ ئەوە ناسیونالیزمە، کە لە ڕیشەی پرسی کورد دایە، و ئەوە لە تەبیعەتی خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر پرسێکی سیاسی و دەروونناسانەیە."

ئەوکەفوکوڵە ناسیونالیستییەی کە لە عێراق وەڕوو کەوت بە دوای ئەوەی نیزامییەکان لە ساڵی 1958 دا دەستەڵاتیان بە دەستەوە گرت دەبوو بەجیدی وەر بگیرێ بە وردی لەبەر ئەوەی ڕیشەی ئەولافاو و خرۆشانە لە پێڤاژۆیەکی مێژوویی تا ڕادەیەک زۆر قووڵ دابوو، و ئاکتۆرەکانی زۆر وشیار بوون لە سەر ئەوەی دەیانکرد. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکەی جووەیدە لە ساڵی 1959 دا تەواو دەبێ، پێشوەچوونەکانی دەساڵی دواتری کە بە دوویدا هات بۆ خوێنەوەرەی وردی جووەیدە وێدەچێ خۆیان لێ دەرباز نەکرێ.

ئەوە هەر لە باری کرۆنۆلۆژییەوە نییە کە لێکۆڵینەوەی جووەیدە لە سەر خاڵێکی وەرچەرخان چەق دەبەستێ؛ بەڵکوو نوێنەرایەتی ئاڵوگۆڕێکیش دەکا لە کاری زانستی دا سەبارەت بە کوردان کە وەکوو کاری زانستی سەردەمی کۆلونیالی و دوا کۆلونیاڵی نییە لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا. لە کاتێکدا جووەیدە لە نێوەڕاست ساڵانی 1950 کان لە ئینگلیستان بوو بۆ لێکۆڵینەوەکەی خۆی، ئەو چاوی بە گەورە پیاوانی پیری قۆناخی پێشووی لێکۆڵینەوەی کوردی کەوت وەکوو ڤلادیمیر مینۆرسکی و سیسیل جان ئێدمۆندز. ئەوان هەر دووکیان وەک ڕۆژهەڵاتناس پەروەردەیان دیبوو و ئەو کاتەی خزمەتی حکوومەتەکانی خۆیان دەکرد لە گەڵ کوردەکان ناسیاوییان پەیدا کردبوو. مینۆرسکی وەکوو کارگێری ئیمپراتۆری ڕووسییە و، ئێدمۆندز وەکوو
هەڵسووراوی ئیدارەی بریتانیا لە عێراق.ئەوان هەر دووکیان بیوون بە دۆستی گەورەی کوردەکان ( بە پێویستی نەک لە گەڵ کوردە ناسیونالیستەکان: شێخ مەحموودی سلێمانی یەک لە سەرئێشەکانی ئێدمۆندز بوو) ، و هەردووکیان بە بەربڵاوی و لاگرانە شتیان لە سەر کوردان بڵاو کردەوە. وتارەکانی دوورودرێژ و زانایانەی مینۆرسکی سەبارەت بە " کوردستان" و " کوردەکان" لە چاپی یەکەمی ئەنسکلۆپێدییای ئیسلامدا کورتە باسی هەرە بە پرشتی زانستی ڕۆژهەڵاتناسانەیە لە سەر ئەو بابەتە. ئێدمۆندز لە کتێبەکەیدا کوردەکان، ترکەکان و عەرەبەکاندا، چاوەدێری و ئەزموونەکانی خۆی وەکوو ئەفسەرێکی سیاسی لە کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی 1920 و 1925 دا گەلاڵەکردووە، ئەو کتێبە بیرەوەری مووقەڵێشانە و بە وردەڕیشاڵە سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کەسایەتییەکان و کردەوەی ناوچەیی لەو ناوچانەیدا وا ئەو خزمەتی تێدادەکرد.[3] هەر دووکی ئەو نووسەرانە بە

تایبەتی مرخ و مەیلی گەورەیان نیشان دا سەبارەت بە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکانی دینی ئەویدی باوەڕ کە لە کاتی خزمەت کردن لە کوردستان دا چاویان پێیان کەوتبوو، واتە ئەهلی حەق و ئێزیدییەکان ، ڕەنگە ئەو جەختەشیان لە سەر حیسابی ئیسلامی باو و بابەتە سەرەکییە سیاسییەکان کردبێ کە وەکوو گەلێک ڕووبەڕووی کوردەکان دەهات.[4]

**دیتنی جووەیدە سەبارەت بە کوردەکان**

پێوەندی وەدیع جووەیدە لە گەڵ کوردەکان پێوەندییەکی جیاواز بوو، و هەروەها بۆچوونی ویش بۆ سەر بابەتەکەی جیاواز بوو. ئەو لە شاری بەسرە لە باشووری عێراق چاوی بە دنیا پشکووت لە بنەماڵەیەکی عیسایی ( کلدانی) عەرەب زمان دا و دوایە چووە بەغدا و لەوێ لە زانکۆ خوێندی و لە ساڵی 1942 لە بەشی حقووق دا دەرەجەی لیسانی بە دەست هێنا. لە ماوەی ساڵانی شەڕ دا وەکوو پشکنەری ناردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ ئەستانە باکوورییەکان لە وەزارەتی نێوخۆ کاری دەکرد. ئەو پایەیەی هەلی بۆ ڕەخساند بە هەموو کوردستانی عێراق دا بگەڕێ و بە شەخسە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکوردەکان ناسیاوی پەیدا بکا. ناسیاوی ڕاستەوخۆی شەخسی وی لە گەڵ وڵاتەکە و خەڵکەکەی دەبێ یارمەتییەکی گەورە بوو بێ بۆی لەو لێکۆڵینەوە مێژووییە دا کە دوایە کردی، و هەروەها زانیاری وردی سەبارەت بە کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی کە لە گشت کتێبەکەی ڕا دەردەکەوێ و چ جێی گومان ناهێڵێتەوە ئەوە لە سۆنگەی ئەزموونەکەیەتی. جووەیدە بە پتەوی خۆی وەک عەرەبێکی عێراقی دەناسی بەڵام لە هەمان کاتدا وشیارانە هەستی پێ دەکرد کە سەر بە کەمایەتییەکی (دینی) شە کە زۆرجار تووشی دوو چاوکی لەگەڵ کردن و فەرق و جیاوازی لە گەڵ دانان هاتووە. ئەوە بێگومان یارمەتی کردووە بە لێتێگەیشتن و پەسندانی کوردەکان لەو دەوڵەتانەیدا تێیاندا دەژین و پێوەندییان لە گەڵ دراوسێ جۆربەجۆرەکانیان.لەکاتێکدا ئەو نووسەرانەی کە پێشتر لەسەر ناسیونالیزمی کوردیان نووسیوە ئەو مەیلەیان تێدا دەبیندرێ ناسیونالیزمی کورد لە ڕوانگەی دەزگای ئێداری یان گرووپە زاڵەکان لە نێو ئەو دەوڵەتانە دا شیبکەنەوە، جووەیدە بەئاگادارییەوە هەوڵی دا بۆچوون و ڕوانگەی کوردان بهێنێتە گۆڕێ. لێکۆڵینەوەکەی وی یەک لە لێکۆڵینەوەکانی هەرە لاگرانە و هەری ژیرانەیە بە تێگەیشتن لەوەی کە چییە کوردەکان دەجووڵێنێ. ئەو لێکۆڵینەوەیە یەکەم توێژینەوەی جیدییە کە جەخت لە سەر ناسیۆنالیزمی کورد بکاتەوە وەکوو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و نەک هەر وەکوو کاردانەوە و بەرتەکێک لە هەمبەر پێڤاژۆی مۆدێرنیزە کردن و ڕێفۆرم و چاکەسازی ئیداری.

سیاسەتدارێژان و بەڕیوەبەرانی بریتانیایی خوویان ئەوە بووە کە باسی " پرسان" بکەن: " پرسێکی ڕۆژهەڵاتی" هەبووە ( سەبارەت بە ئاواتەکانی یۆنانییەکان بۆ سەربەخۆیی لە فەرمانرەوایی عوسمانی)،
،" پرسی ئەرمەنییەکان" هەبووە و کوردەکان ئەوانی دواتر بوون کە بوون بە "پرس". باسی " پرسی کورد" بە شێوەیەک بوونی کوردەکان دەهێنێتە گۆڕێ کە جۆرەیەک گیروگرفت دەخولقێنێ کە حەوجێی بە چارەسەر کردن هەیە. زنجیرەیەکی درێژ لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردان سەردەێرەکانیان وشەی "پرس" یان "کێشە"یان تێدایە؛ بەڵام جووەیدە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ، لە ناسیۆنالیزمی کورد دەدوێ بە بێ ئەوەی وەکوو کێشەیەک نێوزەدی کا و بیناسێنێ. ئەو جاروبار زاراوەی " پرسی کورد " یان " کێشەی کورد" دەکار دەهێنێ، بەڵام زۆر جار کاتێک ئەوە دەڵێ کە بە نووسینی ئەو نووسەرانەدا دێتەوە کە لە سەر کوردانیان نووسیوە، و زۆربەیان نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە لە تەبیعەتی ئەو "پرسە" تێبگەن. لە خوارەوە چەند بڕگە دەگێڕینەوە ، لە ئەنجام وەرگرتنی نێزەکەیدا:

"چ گومانی تێدا نییە کە پرسی کورد یەک لە کێشەکانی هەرە دژوار و هەرە بە مەترسی یە کە ئەمڕۆ تووشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتووە. ئەو پرسە .... هەتا دێ زیاتر سەرنج و مرخی حکوومەتەکان و هەروەها خوێندکار و لێکۆلەرەوەکانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە." دوایە جووەیدە دیتن و بۆچوونی هێندێک لەو لایەنانەی بەرژەوەندییان لەو باسە دا هەیە ئاوا کورت دەکاتەوە:

_ ماڵکۆلم یر ، زانایەکی بریتانیایی ، ئەو کێشەیە لە جێدا وەکوو گونجاندنی گەلێک دەبینێ کە کولتوورێکی شاخاوی هەیە لەگەڵ هەلومەرجی دنیای مۆدێرن. [ و پێدادەگرێ کە] دەبێ ڕیگەیەک ببیندرێتەوە بۆ دامەزراندنی کوردان و تواندنەوەیان لە ئابووری مۆدێرن دا.

_ مۆرگان فیلیپس پرایس، ڕۆژنامەنووس و نوێنەرێکی پارتی کرێکاری بریتانیا، کێشەی کورد " بە دەرەجەی یەکەم

وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری" دەبینێ ، کە بەشێکە لە " کێشەی هەموو کۆچەران" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا."مەئمووریيەت و ڕاسپاردە بۆ کاری بەرتەنگ کردن چارە سەری نییە. هەژاری و نەداری عەشیرەتەکان کێشەکەیە."

_ ئیچ.ئێم. بورتن، ئەفسەرێکی سیاسی پێشوو، پێدادەگرێ " لە عەشیرەت داپرانی زۆرەملێی کوردەکان هەڵەیە، بەرنامەیەکی هێمنانە بۆ دامەزراندنی ئەوان دەبێ ببیندرێتەوە."

_ کۆلۆنێل. دەبلیو.گ. ئێلفینستۆن وەکوو چارەسەری " جۆرەیەک پاسپۆرت و یەکێتی گوومرگی لە نێوان ئەو وڵاتانەی دا دانیشتووی کوردیان هەیە" پێشنیار دەکا.

گشت ئەو نووسەرانە کێشەی کورد وەکوو پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەناسێنن، کە بەدژی ئەو بۆچوونانە جووەیدە پێدادەگرێ" دەبێ ئەوە مان لە بیر بێ کە ناسیۆنالیزم، کە لە ڕیشەی پرسی کورد دایە، بە گشتی سیاسی و لە تەبیعەت دا دەروونناسانەیە."[5]

ئەو قسە گێرانەوانە لە نووسەرانی بریتانیایی کە جووەیدە ڕەخنەیان لێدەگرێ بە هاسانی دەکرێ قسەی هەمان شێوەی نووسەرانی خەڵکی ترکییە، ئێران یان عێراقیان لێ زیاد بکرێ.زۆر لە دراوسێیەکانی کوردەکان، کە سەر بە ڕێباز و بیروڕای جیاوازی سیاسین، حەوڵیان داوە بابەتی بوونی ناسیۆنالیزمی کورد بە شتێکی نەبوو بناسێنن، بە ڕێگەی ئەوەیدا کە بەتەواوی نکوڵی لێبکەن یان بە وردی بە ڕیگەی ئەوەیدا کەمی بکەنەوە وبیکەن بە یەک لە هۆکارە لاوەکییەکان وەکوو، عەشیرەتگری، فێئۆدالیزم یان جەردەیی کۆمەڵایەتی کە ئاخرەکەی بە پەیدا بوون و سەرهەڵهێنانی مۆدێرنیزە کردن دەبێ تێدا بچێ و بزر بێ. ناسیۆنالیزمی کورد زۆر جار وەکوو شێوەیەک لە وشیاریی ساختە بیندراوە، و دراوسێیە زۆر پێشوەچووەکانیان زۆرجار هەستیان کردووە بە پێداویستی پەروەردە کردنی کوردەکان بەرەو تێگەیشتنێکی لەبار سەبارەت بە پرسەکەیان و بۆ یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی شەڕی دواکەوتوویی ، چەوسانەوە بە دەستی ڕێبەرانی دینی و عەشیرەتی بکەن و هەروەهابەکارهێنانیان بە دەستی دەستەڵاتی بیگانە،...

جووەیدە واوێناچێ ناسیۆنالیزمی کورد بە "پرس" ێک دابنێ ، یان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر عێراق یان بۆ سەر دنیای عەرەب، بەڵکوو ئەوە بە دیاردەیەکی تەبیعی و جێی لێتێگەیشتن و تراژێدی دەزانێ چونکوو وەکوو بزووتنەوەیەک درەنگ گەیشتووەتە مێژوو و ڕەنگە گەیشتبێتە شوێنێکی هەڵە لە جیهاندا. ترکەکان، فارسەکان و عەرەبەکان لە پێش کوردەکاندا گەیشتنە جێ و، ڕێژیمی ئەو دەوڵەتانەی دوای شەڕی جیهانی یەکەم بەشەکانی کوردستانیان وەسەر خۆیان خست دەستیان کرد بە دابەزاندنی بەرنامەی نەتەوە دروستکردن. کوردەکان بوون بە هاووڵاتییانی، ئەگەرچیش قەت بە تەواوی نە یەکسانی، ترکییە، ئێران ، عێراق یان سوورییە، و هەر هەوڵێک لە لایەن ئەوانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەیەک لە مەڕ خۆیان بە پێویستی ئەوان دەخاتە هەڵوێستی دژایەتی لە گەڵ ترکەکان، فارسەکان و عەرەبەکانی کە ژمارەیان زۆر لەوان زیاترە وخاوەنی ئەو ئەڕتەشە دەوڵەتییانەن کە خەریکی خۆ مۆدێرن کردنن . ئەوە بووە هۆی ناهومێدی و تووڕەیی لە ئاست ئەو بێعداڵەتی و نایەکسانییە،کارێکی ئەوتۆی کرد ناسیۆنالیزمی کورد ، لە سەروبەندی نووسرانی نێزەکەی جووەیدە دا،" زیاتر ڕادیکال و لە سازان نەهاتوو بێ." سیاسەتمەدارانی کورد کە لەنێوان
خەون و پراگماتیسم دا گیریان کردبوو دەبوو هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێک لە نێوان خەبات بۆ سەربەخۆیی تەواو و هەوڵی هاتنە ڕەدایێ لە گەڵ حکوومەتە نێوەندییەکان.ئەو ڕادیکاڵ بوونەی کە جووەیدە باسی لێوە دەکا لە عێراق لە دوای کودەتای ساڵی 1958 زۆر بەزەقی بە دیارەوە بوو، و داوخوازی خەڵکی ئاسایی کورد لەوێ ڕەنگە زۆر زیاتر و ڕادیکاڵتر بووبێ لەو داوخوازانەی کە ڕێبەرە سیاسییەکان دەریان دەبڕی.
ئەگەرچی دەرفەت و دەرەتان بە دژی ئەوان بوو، هەتا دەهات کوردێکی زۆرتری ئاسایی تەنێ دەیانەویست چارەنووسیان بە دەست خۆیانەوە بێ. جووەیدە زۆر ڕەپ و ڕووتر لە زۆربەی سیاسەتمدارانی کورد ، ئەو دەرەتان و ئاواتانە دەردەبڕێ : [کوردەکان] " کە چیای ئاستەم و دەست وێرانەگەیشتوو لە یەکی جوێ کردوونەتەوە، کە جیاوازی زمانی و تاییفی لەیەکدی داپریون، کە پێبەندی وەفاداری بەرتەنگی عەشیرەتین، و سنوورە نێونەتەوەییەکان پارچەی کردوون ؛ ئێستا دەیانەوێ ئەوەی بن کە زۆر خەڵکی لەوان بە بەختر بوونەتێ – ئەویش دەوڵەت نەتەوەیەکە."

پێشوەچوونەکانی چل ساڵی ڕابردوو نرخاندنەکانی جووەیدە دادەگرنەوە. خوێندەواری بە کۆمەڵ و پەروەردەی

بەکۆمەڵ، وەگەڕکەوتنی لەزێدە و شۆڕشی ڕێوەندی ژمارەیەکی هەتا دێ زیاتری بەرەو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ڕاکێشاوە. ناسیۆنالیزمی کورد بووە بە هێزێک کە حکوومەتەکانی هەرێم دەبێ وەحیسابی بهێنن، نەک هەر لە ئاستی نێوخۆیی دا ، بەڵکوو هەتا دێ زیاتریش لە مەیدانی نێونەتەوەیی دا. دابەشبوونەکانی عەشیرەتی، زمانی و دینی کە جووەیدە ئاماژەیان پێدەکا هێشتا لە نێو نەچوون ،تەنانەت هێندێدیک لەوانیش بوونە هەوێنی ساز بوونی بزووتنەوەی ناسێنەخوازی جیاواز لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی گەورەتری کوردیدا، وەکوو جوڵانەوەی ئێزیدییەکان، عەلەوییەکان و زازا ئاخێوەران کە دە نێو ئەواندا تەنانەت هێندێک لە ڕێبەرانیان ئێدیعا دەکەن ستاتوسی نەتەوەیەکی جیاوازیان هەیە.لە نێو کوردەکانی عێراقدا، ناسێنەی هەرێمی هەر بە پتەوی ماوەتەوە و پارتییە سەرەکییە سیاسییەکان پێگەی هەرێمی جیاوازی لەمەڕ خۆیان هەیە.ئەوە بە ڕادەیەکی کەمتر سەبارەت بە کوردستانی ئێرانیش هەروایە،لەوماوە کورتەیدا کە لەوێ چالاکی حیزبایەتی ئاشکرا دەڕەخسا. شارنشینی و دامەزران و ستاربوونی عەشیرەتە کۆچەرەکان تا ڕادەیەک ئاکامی هەڵوەشانی ژیانی عەشیرەتگری لێکەوتووەتەوە، بەڵام عەشیرەتگری بە ڕێگەی سیاسەتی حکوومەتییەوە بووژێندراوەتەوە،بە شێوەیەکی زۆر سیستیماتیکتر لە عێراق و ترکییە،بە ڕێگەی دەبەرکارنانی میلیشیای عەشیرەتی بۆ شەڕی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد.سنوورەکانی نێوان بەشەکانی ئێران،عێراق،ترکییەو
سوورییە زۆر گرینگتر بوون ، ئەگەرچی ئێستا لێ پەڕینەوە و لێ دە ربازبوونیان هاسانتر بووە. لە هەر کام لەو دەوڵەتانە دا کوردەکان سەروکاریان لە گەڵ دەوڵەت و هێزەسیاسییەکانی دیکە پەیدا کردووە. جیاوازی کولتووری سیاسی و سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتی _ ئابووری و کولتووری نێوان ئەو دەوڵەتانە کاراکتێرێکی جیاواز وتایبەتی داوە بە بزووتنەوەی کورد لە نێو هەرکام لەو دەوڵەتانەدا.

**دیتنێکی ئێرانی**

هاوسێیەکی دیکەی لە نزیکەوە سەروکاری لەگەڵ کوردەکان هەبوو و لێکۆڵینەوەیەکی بەکەلکی لە سەر قۆناخە بەراییەکانی بزووتنەوەی کورد نووسی ژەنەڕاڵی ئێرانی حەسەنی ئەرفەع بوو ، کە بۆ خۆی بە شەخسە لە سەرکوتکردنی راپەڕینە عەشیرەتییەکانی ساڵانی 1920کاندا بەشداری کردبوو.[6] ئەرفەع خزمەتکارێکی وەفاداری تەختی تاوس بوو، بەڵام ئازەربایجانییەک بوو کە لەمەر گرژییەکانی نێوان ناسێنەی ئێتنیکی و هاووڵاتێتی دا هەستیار بوو. ئەو هەم جیاوازیخوازیی ئازەربایجانی و هەم جیاوازیخوازیی کوردی بەرپەرچ دەداوە بەڵام لەو هەست و سۆزەی دنەی ئەو مەیلانە یان دەدا ئاگادار بوو و لێیان تێدەگەیشت و بە شێوەیەکی لاگرانە لە سەر کوردانی نووسی کاتێک یەکەم ڕاپەڕینی چەکداریی مۆدێرنی ناسیونالیستی کورد لە عێراق خەریک بوو سەرهەڵبهێنێ.

" ئەگەرچی کوردەکان هەمیشە لە ژێر نیری دوو _ یان، ئێستا،سێ دەستەڵاتدا ژیاون—بەڵام لەبەر زمانەکەیان، داب و شوێنیان و جلوبەرگیان، هەروەها لەبەر وشیارییان سەبارەت بە کورد بوونی خۆیان و جیاواز بوونیان لە [ دراوسێیە نا کوردەکانیان] ، هەمیشە بوونێکیان ڕێک هێناوە و هەر لە بەر ئەو هۆیانە ئێستا ئەوان خۆیان وادادەنێن لێیان بوەشێتەوە وەکوو نەتەوەیەک حیساب بکرێن ئەگەرچی لە ڕابردوو دا ئەو چەمکە واتە چەمکی نەتەوە بۆیان غەریب بووە."[7]

لەگەڵ ئەوەشدا، هۆی کردەوەیی هەن کە بۆچی ئاواتی لێتێگەیشتووی کوردەکان بۆ هەبوونی حکوومەتی خۆیی ناکرێ وەدی بێ، لەوانە شەڕی سارد هۆی هەرە گرینگە.

" سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەو کوردانەی کەلەی کۆنن و بە شێوەیەکی نەریتی بیر دەکەنەوە دەزانن لە هەلومەرجی هەنووکەیی دا بە دەست خستنی سەربەخۆیی تەواو نالوێ، چونکوو ئەو سێ دەوڵەتەی وا کوردەکان بەوان بەستراونەتەوە بێ ئەملاوئەولا یەک دەگرن بۆ ئەوەی بە زۆرەملێ پێشی پێشهاتێکی ئەوتۆ بگرن. جا بۆیە یەکێتی و یەکگرتنەوەی سیاسی گشت کوردەکان، پێشمەرجی هەڵوەشانی تەواوی نەزمی ئێستای شتەکانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، و ئەمە تەنێ دەکرێ بە دەستتێوەردانی یەکێتی شوورەوی و لە بەریەک هەڵوەشانی ترکییە، ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی وەدی بهێندرێ."[8]

ئەرفەع خوێنەرەوەکانی دڵنیا دەکا لەوەی کە کوردەکان زۆر زیاتر دژایەتی دەکەن لە گەڵ فەرمانڕەوایی و حوکمی کۆمۆنیستان تا دەستەڵاتی دەوڵەتەکانی هەیی بە سەریاندا. ئەرفەع لەو باوەڕە دایە تەنێ هێندێک ڕووناکبیر _ ئەو بە تایبەتی ئاماژە دەکا بە ئیبراهیم ئەحمەد، سکرێتێری پێشووی مەیلەو چەپی پارتیی دێمۆکراتی کوردستان لە عێراق،

و نوێنەری کوردەکان لە ئوروپا، پاریز وانلی _ کە پێیان خۆشە جۆرە دەوڵەتێکی کوردی لە گوێن شوورەوی وەدی بهێنن، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی ئەوتۆ بەشێکی پچووکیش لە سەرزەوییەکانی کورد وەبەر بگرێ.[9] ئەرفەع ئەو ڕووناکبیرانەی بە هۆکارێکی جیدی دانەدەنا. لەوەش دەرچێ، ئەو چەندین دژواری کردەوەیی دیکەشی دەدی کە پێش بە کوردەکان دەگرن ئەو نەتەوە [دەوڵەتە] یەکگرتوویەی ئاواتیانە پێک بهێنن.جوگرافیای هەرێمەکە دژواری زۆر گەورە دەخاتە سەر ڕێگەی پێوەندی؛زۆربەی دۆڵ و دەرەی بە پیت و پێز لە لێوارەی دەرەوەی کوردستان هەڵکەوتوون و لە بەشێکیان دا ناکوردەکان دەژین؛ چاڵە نەوتییە گرینگەکانیش لە هەرێمی ئەوتۆ هەڵکەوتوون کە دانیشتوانیان تێکەڵاون. و، ڕەنگە لە هەموو شت گرینگتر ئەوە بێ کە، حکوومەتەکان و خەڵکانی ترکییە، ئێران و عێراق بە توندی دژایەتی دەکەن لە گەڵ "جیاوازیخوازی" کورد. ئەرفەع بۆ چوونی ئەو سێ دەستەڵاتانە لەم وشانەدا کورت دەکاتەوە:

" ترکەکان دەڵێن: ' ئێوە ترکن کورد نین؛ لە ترکییە هیچ کورد نییە.' (....)ئەوان رێگە بە هەبوونی چ پرسی کورد لە ترکییە دا نادەن. ئێرانییەکان هەبوونی کوردەکان قەبووڵ دەکەن،بەڵام دەڵێن کوردەکان سەر
بە گرووپێکی ڕەگەزی ئێرانین کە لکی کوردی ئەو ڕەگەزە پێک دەهێنن و بۆیە بەشێکن لە ئێران، و هەرچۆنێک بێ ئێران ئیمپراتورییەکی فرە ڕەگەزییە لە سەر بنەمای میژوو، نەریت و هەستێکی هاوبەش لە ئاست شاهەنشا. بۆیە بۆ ئێرانییەکانیش، چ پرسی کورد هەبوونی نییە.عێراقییەکان دەڵێن: ' ئێوە کوردن ئێمە عەرەبین، بەڵام بەیەکەوە ئێمە عێراقین . عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێوە عەرەب نینە ئێمە موافەقەت دەکەین بە پێی شەرتی خۆمان ئۆتۆنۆمیتان بدەینێ، بەو مەرجەی بەردەوام بن کە بەشێک بن لە عێراق ، بە بێ ماف یان دەستەڵاتی جوێبوونەوە.' "[10]

ئەرفەع بە بیری دەخاتەوە کە زۆربەی کوردەکان خۆیان لە گەڵ ڕاستییەکانی ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین گونجاندووە و ئامادەن بۆ سازشت کردن و هاتنە ڕەدایێ، بەڵام ئەو پێشبینی دەکا دەستوێراگەیشتنی زیاتر بە پەروەردە و کەمبوونەوەی دەستەڵاتی سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەنموڵکان، هاوکات لە گەڵ زیادبوونی ئەو شتەی ئەو نێوی دەنێ' توێژێکی ڕووناکبیریی زۆرزان و مەیلەوچەپ" داوخوازی دیاریکردنی چارەنووس ڕادەهێزێنێ. ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژین لە ڕاستییەکانی بەکردەوەی هەریم دوور کەوتوونەتەوە مەیلیان بەرەو ئەوەیە هەر خەون بە دەوڵەتێکی کوردیی بە تەواوی سەربەخۆ و یەکگرتووەوە ببینن نەک کەمتر ـــ کە لەوانەیە، وا وێدەچێ ئەرفەع بییەوێ بڵێ، لە درێژخایەندا گێرەوکێشە بۆ دەڵەوڵەتە پێوەندیدارەکان دروست دەکا. ئەو کتێبەکەی بەو وشیارکردنەوە پێغەمبەرانەیە تەواو دەکا کە" تەنانەت ئەگەر نکوولێش لە پرسی کوردبکرێ، کێشەی کورد هەر دەمێنێتەوە."[11]

خەباتی کوردەکانی عێراق ئاکامی بەرێککەوتنێکی ئاشتییانە تەواو بوو لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی، بە پێی ئەو ڕێککەوتنە ئەوان دەرەجەیەکی گرینگ لە ئۆتۆنۆمییان درایە. نۆ ساڵ پێکهەڵپرژانی چەکدارانە کاردانەوەیەکی گرینگیشی هەبوو لە سەر وشیاریی نەتەوەیی کوردەکان. ئەو ڕێککەوتنە کێشەکەی بەلایەک دا نەخست بەڵام بوو بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ، قۆناخێک کە هەستانێکی سەرەکی بەخۆیەوە بینی ،کە بە ئاشکرایی لە لایەن ئێرانەوە و بە دزیش لە لایەن دەوڵەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پشتیوانی لێدەکرا(75-1974)؛ هەرەس هێنانی ئەو هەستانە کاتێک شا و ڕێژیمی عێراق کێشەکانی نێوان خۆیان بەلاداخست ورێککەوتن، ڕەوێکی بەکۆمەڵ و دەستپێکردنەوەی شەڕی پارتیزانی بەرتەسکی بەدوو داهات (80-1976) ، دوای ئەوە بەشداریی کردن لە شەڕی عێراق – ئێران دا و دواجار ژێنۆسید(1988).
تەنانەت ئەو دەمیش،'کێشە'ی کورد بزر نەبوو، جا ناساندن و لێتێگەیشتنی ئەو 'کێشە' یە هەرچییەکی بێ بڵابێ.

**چەند دیتن لە بەغداوە**

سەعد جەواد ، کە نزیکەی دەساڵ زیاتر لە دوای حەسەنی ئەرفەع کتێبی " بزووتنەوەی کوردی ساڵانی 1960 کان لە عێراق" ی نووسی، لە ڕوانگەیەکی زۆر تایبەتی عێراقییەوە ئەو 'کێشە'یە شیدەکاتەوە. [12]
جەواد لە بەغدا لە دایک بووە، لە بریتانیای مەزن خوێندوویەتی دوایە گەڕاوەتەوە بەغدا و کاتێک کتێبەکەی بڵاو کردەوە لە زانکۆی ئەوێ دەرسی دەگوتەوە. ئەو بەوردی خۆ لەوە دەپارێزێ بیروبۆچوونی توندی خۆی سەبارەت بە بابەتەکە بهێنێتە گۆرێ و هیچ ناڵێ سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئێتنیکی خۆی ( گەلۆ کوردە یان عەرەب) بەڵام زیاتر بیرو بۆچوونی کوردان و بەتایبەتی سیاسەتمەدارانی ناسیۆنالیستی عەرەب دەگێرێتەوە.
ئەو گلەیی و گازندەیەکی چاوراکێشی سکرتێرێکی گشتی پێشووی حیزبی بەعس دەگێریتەوە ، کە لە ساڵی 1963

دا لە گەڵ نوێنەرانی کورد وتو وێژی کردبوو ، نێوبراو دەڵێ:" بێجگەلە تاڵەبانی سەرۆکایەتی کورد قەت نەیدەویست لە چوارچیوەی سیاسەتی عێراقیدا لە سەر پرسی کورد بدوێ،هەمیشە وەکوو پرسێکی تەواو کوردی مامڵەی لەگەڵ ئەو بابەتە دەکرد." [13] لەگەڵ ئەوەشدا ، جەواد بەردەوام دەبێ و دەڵێ،" دەنێو سەرۆکایەتی بەعس دا تەوافوقێکی گشتی هەبوو کە ئەو کێشەیە هەیە و پێویستی بە جۆرەیەک چارەسەری هەیە." لە گەڵ ئەوەشدا، داوەریان ئەوە بوو، کوردەکان گرینگی خۆیان گەورە دەکەنەوە، جا بۆیە بە ئانقەستە دەستیان کرد بەوەی بە هێندیان نەگرن و چاویان لێهەلبوێرن.[14]

دڵی کێشەکە ، لە تێگەیشتنی بەعسییەوە ، هەبوونی کوردەکان وەکوو کۆمەڵگەیەکی لە توانەوە نەهاتوو، و نە عەڕەب بوو. ناسیونالیستە عەڕەبەکان، ئەو جۆرەی جەواد دەیبینێ ، هەموو عێراقیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەڕەب دادەنا، کە سنوورە باکوورییەکەیان بە سنوور لە گەڵ ترکییە دەزانی. ئەوان تەنێ بەشەکانی کوردستان لە ترکییە و ئێرانیان بە سەرزەوی کورد دادەنا، بەشەکەی عێراقیان وەکوو سەرزەوییەکی عەڕەبی دەدیت کە لەلایەن 'کەمایەتی' کوردەوە داگیر کرابێ. ناسری میسر ، کە ئامادەیی ئەوەی لەخۆ نیشان دەدا زۆر زیاتر لە زۆرێک لە عەڕەبە ناسیۆنالیستەکان لە عێراق لای کوردان بگرێ، جارێک بە ئیبراهیم ئەحمەدی گوتبوو ئەو " هیچ لە دژی ئەوە نییە کە کوردەکانی ئێران و کوردەکانی ترکییە سەربەخۆییان هەبێ، بەڵام پێی وایە نابێ مافێکی ئەوتۆ بە کوردەکانی عێراق بدرێ."[15] دواجار کوردەکان سەرکەوتن لەوەدا بە فەرمی ناسرانی خۆیان لە پلەی 'کەمایەتی' یەوە بگەیێننە ئاستی 'نەتەوایەتی' و کێشەی کورد لە قانوونی بنچینەیی عێراق دا بگونجێندرێ، کە ڕادەگەیێنێ عێراق وڵاتی دوو نەتەوایەتییانە، کوردەکان و عەڕەبەکان، بەڵام هاوکات جەختیش دەکاتەوە عێراق بەشێکی یەکانگیرە لە نەتەوەی عەڕەب.[16]

لێکۆڵینەوەیەک کە لە هەمان ساڵی دەرکەوتنی کتێبەکەی جەواد دا بڵاو بووەوە بەڵام ڕووداوەکانی ساڵانی گرینگ و ناسکی 1970 تا 1975 یشی وەبەر دەگرت ئی ئێدمۆند غەریبە، ئێدمۆند غەریب زانای بە ڕەچەڵەک لوبنانی بەتایبەتی جەخت دەکاتەوە لە سەر ڕەهەندێکی کێشەکە کە بوو بە سەرقاڵی دەرەجە یەکی بەعسییەکان:
ئەویش تێوەگلانی بێگانە بوو لە خەباتی کوردەکاندا.[17] غەریب دەڵێ سیاسەتمەدارانی عێراقی، بەلانی کەمەوە لە نووری سەعید بەملایەوە، بێ پسانەوە نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لەوانەیە دەستەڵاتی بێگانە
" کێشەی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن" و ئەو هۆکارە بوو پارتی بەعسی دنە دا لە ساڵی 1968 بەدواوە هەوڵ بدا بۆ دۆزینەوەی ڕیگەیەک بۆ پێک هاتن لە گەڵ کوردەکان تاکوو ئەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. بەڵگەکانی پارتی بەعس تا ساڵی 1969 هێشتاش وەکوو هێزێکی پێشکەوتووی ئازادیخواز
باسی ناسیۆنالیزمی کوردیان دەکرد، کە بەشێک بوو لە خەباتی جیهانی بە دژی هەموو شێوەکانی زۆرداری و هاوپەیمانێکی تەبیعی بوو بۆ ناسیۆنالیزمی عەڕەب. لەگەڵ ئەوەشدا، بە ماوەیەکی کورت لە دوای ڕێککەوتنی ئاشتی، بارزانی بەڵێنی پشتیوانی شاراوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەرگرت،مووساد خەریکی پەروەردە کردنی دەزگا ئیستیخباراتییەکەی بوو، و چەک و تەقەمەنی ئێرانی بەڵێشاو دەگەیشتنە باکووری عێراق. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە عێراق خەریکی خۆماڵی کردنی سنعاتی نەوت بوو و زیاتر لە یەکێتی شوورەوی نزیک دەبووەوە، و دواجار پەیمانێکی دۆستایەتی لە گەڵ گرێ دا.کێشەی کورد لە عێراق بوو بە شانۆیەکی لاوەکی لە شەڕی سارد دا. تەنێ چەند کەس لە کوردانی خاوەن نێو بریاریان دا نەبن بە بەشێک لەوە و پشتیان لە بارزانی کرد. غەریب لە کتێبەکەی دا وێنەیەکی دژی ئیمپریالیستی و شۆرشگێرانە لە ڕێژیمی بەغدا دەکێشێتەوە و لە بناواندا بۆچوونێکی باشی لە ئاست کوردەکان و ڕێبەرایەتی " بە بریار"ی کورد هەیە کە ئاواتی بۆ خۆ دەربڕین،ئەگەرچی بەحەقە،بەڵام بە هاسانی لە لایەن بەرژەوەندییەکانی بێگانە وە بە کار دەهێندرێ بە مەبەستی ئاڵۆزاندن و بێ سەبات کردنی ڕێژیمی بەعس.کوردەکان بۆخۆیان ڕیوایەتێکی جیاواز دەگێرنەوە ، بەڵام زۆر لە وان بە ئاوردانەوە لە ڕابردوو دەسەلمێنن ئەو تێوەگلان و دەستێوەردانە بەربڵاوانەی بێگانە لە نێوان ساڵانی 1975 – 1972 دا قەت لە بەرژەوەندی بەرزی کوردەکاندا نەبوون.

**پیاوی کوردەکان لە ئوڕووپا**

ڕیوایەتێکی کوردی لەو ڕووداوانەی کە گەیشتە شەڕی 75 – 1974 لە لایەن عیسمەت شەریف وانلی یەوە گێردراوەتەوە، ڕووناکبیرێکی کوردی دانیشتووی ئوروپا کە ئەرفەع ئاماژەی پێکردووە. نووسینێکی وی لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی دیکە لە کتێبێکدا بڵاو کراوە کە بوو بە سەرچاوەی هەرە ناسراوی کە تێیدا کوردەکان باسی خۆیان

دەکەن،وانلی تێخوێندنەوەیەکی زۆر کەمتر ڕاڕایانە سەبارەت بە سیاسەتی بەعسییەکان دەهێنێتە گۆڕێ و بە وردە ڕێشاڵ باسی هەنگاوەکانی عەڕەباندن، ڕاگواستنی بە کۆمەڵ و فەرق و جیاوازی دانانی ئابووری بە دژی کوردەکان دەکا. لەهەمان کاتدا، زۆر ڕەخنە لە بارزانی دەگرێ بۆ پاڵدانەوە و باوەڕی بێ سنووری بە شای ئێران و بە پشتیوانی ئەمریکا، هەر وەها بڕیاری داڵدە بردن بۆ ئێران کاتێک لە پڕ لە مارسی 1975
پشتیوانی بێگانە نەما و گەیشتە ' بڵاوەپێکردن و لەنێوبردنی شۆڕش بە دەستی سەرۆکایەتییەکەی خۆی.'[18]

وانلی، کە لە ڕوانگەی ئەرفەعەوە ئاگای لە ڕووداوەکانی کوردستان نییە و لێیان هەڵبڕاوە،لە ڕاستیدا پێوەندییەکی بەردەوامی لە گەڵ سیاسەتمەدارە کوردە ناسیۆنالیستەکان لە عێراق، سووریە و ترکییە هەبوو.ئەو بەڕەچەڵەک خەڵکی سوورییەیە و پەروەردەی عەڕەبی هەیە، وتەنێ بە گەورەیی هێندێک کوردی فێر بووە، بەڵام گرێدراوی بە دۆزی کورد تەواوە.ئەو زۆر شتی سەبارەت بە لایەنە سیاسییەکانی پرسی کورد بڵاو کردووەتەوە __ لەوانە لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمیک کە وەکوو تێز لە ساڵی 1970 پێشکێشی زانکۆی لۆزانی کرد.[19]لەو نامەی دوکتورایە دا وانلی 'شۆڕش"ی بورژوازی کورد ، جووتێران و کرێکاران لە ژێر سەرۆکایەتی 'ژەنەراڵ' بارزانی و شوورای شۆرشگێڕانەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان دا شیدەکاتەوە. وانلی قسەبێژی بزووتنەوە بوو لە ئورووپا ، و بەر دەوام بوو لە سەر ئەو کارە، بەڵام بەهیچجور پشتیوانێکی رەخنەنەگر نەبوو، چونکوو لەو باوەڕە دابوو ئەو خەباتە سیاسییەی وا لە لایەن ئەو جووڵانەیەوە دەکرا لە سەر شێمانەی نادروست داڕێژرابوو و ئەو ئامانجەی لە بەر خۆی ڕۆنابوو __ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا __ ئامانجێکی نابەجێ و هەڵە بوو. لە ڕوانگەی وانلی یەوە، کە زۆری لە سەرنووسی، سازشتێکی ئەوتۆ خۆ شکێنانەیە. ئەگەرچی چوارچێوەکە عێراقێکی دێمۆکراتیک دەبێ، پەڵام پرسی کوردی پێ چارەسەر ناکرێ. وانلی دەیگوت دەوڵەتێکی سەربەخۆی گشت کورد گرەوە ، تەنیا چارەسەری ڕاستەقینەیە.

ئەو چارەسەرییە بە سەرداگیراوی پرسەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەناسێنێ: کوردەکان نەتەوەیەکن، رێکەوتی مێژوویی لەبەر یەکی داڕیون و دوایە کەوتوونەتە ژێر دەستەڵاتی گەلانی درواسێ و حکوومەتەکانیان. وانلی بێ وەستان و ماندوو بوون هەوڵی دا سیاسەتمەداران ئەو دیتنە بسەلمێنن و وەخۆی بکەن. ڕێبەرانی کورد لە ئێران و عێراق دیتن و بۆچوونی دەروونییان هەرچییەکی بووبێ سەبارەت بەو بابەتە، هەمیشە ئەو بیرەیان وەکوو ناواقعی وەدوا داوەتەوە. لە ترکییە، چەندین گرووپی ڕادیکاڵی کوردی، لەنێویاندا پ.ک.ک هێندێک شێوازی ئەو دیتنەیان وەخۆ کرد و خەباتی دژی کۆلۆنیالیستی و ڕزگاریی نەتەوەییان بە دژی هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکان و هاوکارە کوردەکانیان ڕاگەیاند.[20] دوای ماوەیەکی کورت، بە کردەوە بۆ پ.ک.ک دەرکەوت ناتوانێ هاوکات دژایەتی چوار دەوڵەتان بکا و تێکۆشانەکانی خۆی لە سەر ترکییە جەخت کردەوە.

**لە مۆدێرنیزەکردنەوە تا دیاریکردنی چارەنووس لە تورکییە**

ترکییە لە ساڵی 1971 دووەمین کودەتای نیزامی خۆی ( لەوەتا دامەزرانی کۆمار) تەجرەبە کرد. ژەنەراڵەکان دەستێوەردانیان کرد بۆ ڕزگار کردنی وڵات لە چنگ بزووتنەوەی کرێکاری کە بەرە بەرە خەریک بوو ڕادیکال ببێ، لە چنگ بووژانەوە و سەرهەڵهێناوەی ئیسلامی کە بەگشتی کۆنەپارێز بوو ، لە چنگ ڕادیکالیزمی خوێندکاریی چەپ و ڕاست ، و لە چنگ بزووتنەوەی کورد کە خەریک بوو خۆی دەردەخست.پارتییەکان قەدەغە کران؛ ژمارەیەکی زۆر و زەوەند لە تێکۆشەران، هەر وەها ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانیش گیران و هێنرانە بەر مەحکەمە. یەک لەو دادگەیانە کە کاردانەوەیەکی قووڵی لە سەر من کرد ( و لەوانەیە شوێنتێکردنێکی بڕیاردەر بووبێ کە دواتر منی وا لێکرد کوردستان هەڵبژێرم وەکوو یەکەم بواری پسپۆرایەتی ئاکادێمی خۆم) دادگەی کۆمەڵناسێکی ترک بوو ، کە بە 13 ساڵ حوکم درا لە بەر لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمیک کە بڵاوی کردبووەوە. ئەو کەسە ئیسماعیل بێشیکچی بوو، و نێوێکی بێ زەرەری بۆ کتێبە سەرەگێژە خولقێنەرەکەی هەڵبژاردبوو ' ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی' [21]

کتێبەکە و نێوەکەی بێ زەرەر وەبەر چاو دێن، تەنانەت نێوی کوردانی تێدا باس نەکراوە، و نێوی ئاسایی لە زمان خۆشی ' ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی' دەکارکراوە لە جیاتی 'کوردستان' کە ئەو دەمی هێشتا نێوێکی بڤە بوو و نەدەکرا باسی بکرێ. ئەو کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی دەوڵەمەندە لە سەر بنەمای ئەزموون سەبارەت بە ئابووری سیاسی کوردستانی ترکییە، حەولێکە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی کۆمەڵگەیەکی بەشێک عەشیرەتی ، بەشێک فێئۆداڵی لە ژێر کارتێکەری سیاسەتەکانی دەوڵەت و هێزەکانی سەرمایەداری بازار و باس کردنی سەرهەڵێنان و دەرکەوتنی

ناسیۆنالیزمی کورد دەو چوارچێوەیە دا.وەک ئەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیە یارمەتییەک بوو بە دمەتەقە و گەنگەشەیەکی وا لە گۆڕێ دابوو سەبارەت بە پێشوەچوونە سیاسی و ئابوورییەکان کە تێکنۆکراتە بوروکراتەکان، ئاکادیمیکەکان و ئۆپۆزیسیۆنی چەپ لە ترکییە تێوەی گلابوون و قسەیان لە سەر دەکرد. تاوانی بێشیکچی ئەوە بوو لە سەر دیاردەیەکی نووسییوو کە بەپێی فەرمان هەڵوەشابوو، ئێتنیسیتەی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد، و لەوەش خراپتر بە خوێ بە برینەوە کردن، بە لاگرییەکی نکووڵی لێنەکراوەوە لێیان دوابوو.

بێشیکچی لە ئەستانی چۆروم لە ڕۆژئاوای ترکییە لە دایک بووە، ئەستانێک کە زۆربەی دانیشتووانی ترکن بەڵام چەند دێی کورد و چەرکەزیشی لێیە. لەهەرێمێکی ئاوا تێکەڵاو دا، تەواو ئاسایی یە ئاماژە بە نێوی ئێتنیکی دێیەکان وتاکوتەرایان بکرێ، تەنانەت لە هەمان کاتدا دیسکۆرسی فەرمی یەکدەستی ئێتنیکی ترکییە بکرێتە شتێکی نێوخۆیی. بێشیکچی دەبێ بە وشیاریی سەبارەت بە فرەچەشنی یەوە گەورە بووبێ، بەڵام دەڵێ بۆ یەکەمین جار کاتێک فەرقی بە ناسێنەی جیاوازی کوردەکان کردبێ کە بۆ لێکۆڵینەوە چوو بوو بۆ ئەلعەزیز، و لەوەش زیاتر کاتێک لە بیتلیس و حەکاری خزمەتی سەربازی دەکرد. بێشیکچی خوێندنی بەرزی خۆی لە یەکێک لە دامەزراوە ئێلیتەکانی وڵات واتە کالیجی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئانکارا تەواو کرد.ئەوێ شوێنێکە کە موهەندیسانی کۆمەڵایەتی ( و هەر وەها دیپلۆماتەکانی) تێدا پەروەردە دەکرێن؛ بە تایبەتی لە سالانی 1960 ەکاندا کەشوهەوای ڕووناکبیری لەوێ بە توندی پۆزیتیڤیست و ڕووەو پێشوەچوون بوو. زۆرلەوانەبێژ و خوێندکاران هەستیان دەکرد ئەرکی ئەخلاقییان لە سەر ئەستۆیە بۆ بەرزکردنەوەی بارو دۆخی دانیشتووانی دەرەوەی شاران و لادێیان لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری دا.

لێکۆڵینەوەکانی بەرایی بێشیکچی بۆچوونی گشتی ئەو ترکانەی پێوە دیارە کە لەوان سالاندا بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە خەریک بوون. کێشەکانی 'ڕۆژهەڵات' ( نێوێکی بێ زەرەری کە بێ پسانەوە دەکار دەکرا بۆ ئەستانەکانی کوردنشین) وەک کێشەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەندران: عەشیرایەتی، دەستەڵاتی بەربڵاوی سۆفیایەتی (شێخایەتی) گەلویست ، و پێوەندی بەرهەمهێنانی کەونارا، هەموویان وادادەندرا بە رێگەی مۆدێرنیزە کردن لە سەرەوە ڕا بزر ببن و نەمێنن. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی کارێکی ئەوتۆی کرد گرینگی ناسێنەی ئێتنیکی و داوخوازی بە فەرمی ناسین و ددان پێداهێنانی بۆ دەرکەوێ، کە ئەوانە بوون بە بابەتی سەرەکی کارەکەی. لە کاتێکدا کە خەریکی تەواو کردنی هێندێک وتاران بوو سەبارەت بە مۆدێرنیزە کردنی عەشیرەتە کۆچەرەکان، کەتێیدا زۆر کەم باسی ئێتنیسیتی دەکرێ،[22] لە ڕیکخستنی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی دا ئەو پێدادەگرێ کێشەکانی هەرێم بە بێ لەبەرچاوگرتنی هۆکاری ئێتنیکی و سیاسەتە دەوڵەتییەکان بۆ سەرکوتکردنی ناسێنەی کورد، ناکرێ سەرەدەریان لێ بکرێ و لێیان تێ بگەیشترێ. بێشیکچی لە نووسینەکانی سالانی 1970 و 1980کانی خۆیدا زیاتر و زیاتر لە سەر شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە هەمبەر کوردەکان جەخت دەکاتەوە.[23]

سالانی لێکۆڵینەوەی بێشیکچی، وەکوو نیوەی دوویەمی سالانی 1960ەکان لە شوێنی دیکە، سەردەمی دمەتەقەی گەرمی سیاسی و وەگەڕخستن بوو. لە ڕابردوو دا سەرهەڵدانی کوردی لێر و لەوێ قەومابوون بەڵام هەموویان خەسڵەتی ناوچەییان هەبوو و عەشیرەتان تێیاندا باڵادەست بوون. ئەو جارە ناسیونالیزمی کورد خەریک بوو سەرهەڵێنێ و دەرکەوێ وەکوو بزووتنەوەیەکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی، بە دووباڵی تەواو جیاوازەوە. سەرکەوتنی نیزامی و سیاسی خەباتی کورد لەعێراق جگە لە کاردانەوەیەکی گەورە لە سەر کوردەکانی ترکییە نەدەکرا چ شوێنێکی دیکەی هەبێ. لە سالی 1965، پارتییەکی دەستەخوشکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ی بارزانی لە ترکییە دامەزرا؛ ئەندامانی دامەزرێنەری سەر بە توێژی سەردەستی خوێندەواری عەشیرەتی بوون، بەرنامەی ئەو پارتییە ناسیونالیستی بوو، و لە سەرەتاوە چ ڕۆژەڤێکی کۆمەڵایەتی دیکەی تێدا نەبوو، باڵێکی دیکەی بزووتنەوەی کوردی؛ کە لە سۆسیالیزم ئیلهامی وەردەگرت لە ڕیزەکانی پارتی کرێکاری ترکییە و بزووتنەوەی چەپی خوێندکارییەوە سەری هەڵدا. لێرە دا، باس و گەنگەشە لە سەر ئەوەبوو کە کۆمەڵگەی کوردەواری بە پێی پێودانگەکانی مارکسیستی چۆن بناسێندرێ و چۆن لە سەر ستراتێژییەکی دروستی شۆرشگێرانە بڕیار بدرێ. گەلۆ کۆمەڵگەی کوردی فیئۆدالییە؟ گەلۆ ئێستا تێپەڕبوونێک بەرەو کاپیتالیزم رووەدەدا، گەلۆ دەرباز بوون بەرەو سۆسیالیزم دەلوێ؟ گەلۆ پرۆلێتاریای کورد هەیە؟ هۆی دواکەوتوییەکانی هەرێم چنە؟

زنجیرەیەک کۆبوونەوەی پرۆتێستی کوردی لە ئانکارا و ئەستەنبووڵ لە ماوەی سالانی 1967 و 1968 دا بەڕێوەچوون، کە تێیاندا ئەو جۆرە بابەتانە بە ئاشکرا باسیان لێوە دەکرا و گەنگەشەیان لە سەردەکرا. ئەو گلەیی و گازندە و

داوخوازانەی لەو کۆبوونەوانەدادەهاتنە گوڕێ ( کە لەلایەن ڕێشیکچی یەوە شیکرانەوە) دوو جوور بوون: پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی و بە فەرمی ناسین. بۆ داوخوازی یەکەم دەکرا لە سەر پشتیوانی ترکی پێشکەوتنخواز حیساب بکرێ. دواکەوتنی 'ڕۆژهەڵات' تەنێ بە هۆکاری جوگرافیایی و پێشوەچوونی دەروونی ناڕێکی ئابووری کاپیتالیستی نەدەبەستراوە، بەڵکوو دەستگێرانەوەی بە ئانقەستی حکوومەتەکانی پێشوو بۆ سەرمایە وەگەڕخستن لە سەر پێشخانی کۆمەڵگەش بە هۆکارێک دادەندرا. داوخوازی دوویەم زیاتر جەنجاڵی بوو: کوردەکان داوایان دەکرد وەکوو گەلێکی جیاواز بناسرێن بە زمان و کولتوورێکی جیاوازەوە ، و داوای هەبوونی مافی پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەو کولتوورەیان دەکرد.( لە سالآنی 1970کان ، داوخوازی بە فەرمی ناسران لەوەش زیاتر مانای داوخوازی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆشی بەخۆوە گرت.)

دوای کودەتای 1971، یەکەم کۆمەڵەکانی نیوە _ قانوونی کوردی ، کۆمەڵەکانی شورشگێرانەی کولتووری ڕۆژهەڵات DDKO ، کە کۆبوونەوە پرۆتێستییەکانی سالآنی 68 – 1967 یان ڕێک خستبوو ، قەدەخە کران و ڕێبەرەکانیان دادگایی کران. بەرگرینامەکانیان بریتی بوون لە وتاری بە پەراوێز لە سەر مێژوو و زمانی کوردی ، و دەیانسەلماند کە کوردی زمانێکی جوێی ئێرانییە و هەبوونی گەلێک بە نێوی کورد بۆ زۆر سەدان بە بەڵگەوە ئیسبات دەکرێ. ئەو بەرگرینامانە لە لایەن لایەنگرانەوە لە تاراوگەی ئوروپا لە ژێر نێوێکی درکێنەر دا بڵاو کرانەوە :" گوێ بگرە ئەی دادئەستێنی فاشیست ! کورد هەیە لەم دنیایە دا!"[24]

**ناساندن و دیاریکردنی پرسی کورد لە تورکییە: لە نێوان نکوولی لێکردن و ددان پێداهێناندا**

زۆر زیاتر لە وڵاتانی دراوسێ، هەر بوونی چەمکی پرسی کورد لە ترکییە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و شەڕی دەکرێ. ئەو هەڵوێستانەی وا ئاکتۆرە سەرەکییە پێوەندیدارەکان لە سەر ئەو بابەتە دەریان بڕیوە ئەوەندە لە یەک دوورن کە دمەتەقەیەکی بەرێوجێ لە نێو ئەواندا نەلواوە. هەڵوێستی ڕەسمی کە گۆیا' گشت کوردەکان' ترکن و بۆیە هیچ پرسی کورد ناکرێ هەبێ تا ڕادەیەکی زۆر پووچ بوونی سەلماوە، بەڵام زۆران دەنێو ئەرتەش و بوروکراسی دا و هەر وەها زۆر ڕۆژنامەنووس و رێبەرانی دیکەی بیر داڕێژ هێشتاش سەر بە چەشنیك لەو جۆرە تێزانەن. دەنگی داوخوازی کوردەکان بۆ بە فەرمی ناسران، کە دە ماوەی سالآنی 1970کاندا زیاتر بەرز بووەوە و زیاتر ڕادیکاڵ بوو ، بە کۆمەڵێک کتێب وڵام درانەوە کە حەولیان دەدا بیسەلمێنن عەشیرەتیکانی ڕۆژهەڵاتی ترکییە لە جێدا لە باری ڕەگەزی، مێژوویی و کولتوورییەوە تورکن.
دەرکردنی وانە بێژان بە دوای کودەتای عەسکەری سالّی 1980 دا ئەوەی دەستەبەر کرد دەنگی دژ بۆ لە سەر کردنەوە لە پرسی کورد لە کۆروکۆمەڵی ئاکادێمیک دا نەبیسترێ و ڕێگە کراوە بۆ دامەزراندنی ئیدێئۆلۆژیستی ئەو پەڕ ناسیۆنالیست کە لە باری "زانستی" یەوە نەبوونی کوردەکانیان دە سەلماند.[25] هەر بڵاو بوونەوەی ئەو جۆرە نووسراوانە و بەو ڕووهەڵمالآوییەیەوە کە ئەو جۆرە دیتنانە دەهاتنە گۆڕێ نیشان دەدا سەرەڕای ئەو نکوولّی لێکردنە، لە ترکییە دا ئەو باوەڕە هەیە کە ئەم وڵاتە تووشی بە تووشی کێشەی جیدی کوردەوە بووە. نوێنەرانی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە لە جیات ئەوەی ڕیشەی ئەو کێشەیە بەرنەوە سەر نەبوونی کوردان، ئەو بارودۆخەیان دەبەستەوە بە کاکەوبراله و پیلانی دوژمنانی دەرەکی. ئەمن لە خوارەوە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەو لێکدانەوە هەڵەیانە.

لە نێو ئەوانەیدا کە پێی لێدەنێن لە ترکییە دا پرسی کورد هەیە، سێ جۆرە قسە سەبارەت بە تەبیعەتی ئەو پرسە دەهێندرێتە گۆڕێ:

ئا. ئەوە پرسێکی ئابووری یە

بێ. پرسێکی کولتووری یە

سێ. پرسێکی سیاسی یە

(هەڵبەت ، زۆر خەڵک ، ئاوای لەبەرچاو دەگرن کە ئەمە کێشەیەکە بە ڕەهەندی ئابووری و کولتووری و هەر وەها سیاسییەوەبەڵام لەبەر شیکردنەوە ئەمن ئەوانە لەیەکتری جوێ دەکەمەوە. لە باری مێژووییەوە، داوخوازەکانی بزووتنەوەی کورد لە ئابوورییەوە بەرەو کولتووری و بەرەو سیاسی چوو.)

سەبارەت بە تەبیعەتی لایەنە ئابوورییەکانی پرسەکەڕێککەوتنێکی بەربڵاو هەیە لە نێوان کوردەکان و ناکوردەکاندا. کوردەکان ڕەنگە زیاتر مەیلی ئەوەیان تێدابێ کە پێ لە سەر کاردانەوەی ئەو سیاسەتانە دابگرن کە بە ئانقەستە پێشی پێشوەچوون دەگرن و ئەوانی دیکەش مەیلیان وایە وای نیشان بدەن هۆکاری ئەوە کاردانەوەکانی بناخەی نەریتی کۆمەڵایەتی وەخۆ کردنی مۆدێرنیزە کردنە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ کوردەکان، کێشەئابوورییەکان لە نزیکەوە گرێدراون بە ڕەهەندەکانی دیکەی ئەو پرسەوە. زۆر لە ترکە چەپەکان و کەماڵیستەکان مەیلی ئەوەیان تێدایە پرسی کورد دابشکێنن بۆ ئاستی گیروگرفتی دواکەوتوویی هەرێمی و فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی بەر لە کاپیتالیستی. نکووڵی لە بوونی ئێتنیسیتی ناکەن بەڵام بە نامەربووتی دا دەنێن؛ پێیان وایە چارەسەری تەنێ لە هەنگاو و تەگبیری ئابووری دایە.

قسەکانی ناسیونالیستە کوردەکان و دژبەرکانیان سەبارەت بە کولتوور زۆر لە یەک جیاوازن. بۆ کوردەکان، ، نکووڵی کران لە مافە کولتوورییەکان ( وەکوو دەکار کردنی کوردی لە مێدیا و لە پەروەردە دا) مووروگەی کێشەکە پێک دەهێنێ.بۆ دژبەرەکانیان، کولتووری کوردی خۆی لە خۆیدا کێشەیە، و ئەرکێکی شارستاندن پێویستە بۆ ئەوەی کردەوە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانی ئەو کولتوورە بگۆردرێن. بەڕێگەی کولتووری ڕەسمی تورکی دا، هەموو کەس دەستی وە بایەخە جیهانییەکانی چاخی ڕۆشنایی ڕادەگا، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بە ڕەسمی ناسینی کولتووری کورد، هاوتایە لەگەڵ مەترسی بادانەوە بەرەو چاخەکانی تاریکی. ئەو دیتنە دژبەرە کولتووریستانە ئەمن زۆر دەخەنەوە بیری ئەو گەنگەشە و دمەتەقانەی ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئوورووپایی لە نێوان پشتیوان و بەرگریکارانی فرە کولتووری و لایەنگرانی ڕۆشنایی و " لایت کولتوور" دەکرێ [ئەوە زاراوەیەکی ئاڵمانییە، بە واتای "کولتووری ڕێنوێن" یان " کولتووری پێشڕەو" لە ساڵی 1998 ڕا لەلایەن باسام تیبی بیرمەندی عەرەب- ئاڵمانی دا هات وەک کاردانەوەیەک لە هەمبەر کولتووری موهاجیران – وەرگێر].

قسە ولێکدانەوە سەبارەت بە تەبیعەتی سیاسی کێشەکە ئەوەندە لە یەکدی دوور و جیاوازن کە تەنانەت گەنگەشە و دمەتەقەش لەوبارەیەوە لە نێوان دژراکاندا بە زەین دا نایە. زۆران لە ترکییە دەڵێن پرسی کورد لە ترکییە لە لایەن دوژمنانی بێگانەوە بە سەر ترکییە دا سەپاوە کە پێیانخۆشە ترکییە لاواز بکەن یان لە نێوی بەرن.هێندێک لە نووسەران ئەوەندە دوور دەڕۆن،ئیدیعا دەکەن کوردەکان بەو مەبەستە ساز کراون.
پەیمانی لەبارچووی سێڤر (1920) ، کە بە پێی وی ترکییە دەبوو بە قازانجی یۆنان، ئیتالیا، فرانسەو بریتانیا و ئەرمەنستانێکی سەربەخۆ دەست لە دوو لە سێی خاکی ئێستای هەڵگرێ و لەو پەیمانە دا ئەگەری بوونی دەوڵەتێکی کوردی بە ڕاشکاوی باسی لێوە کرابوو، هێشتاش لە زەینی ئەرتەشی ترکییە و ڕێبەرانی سیاسی ترکییە دا ماوەتەوە و ختۆکەیان دەدا. ئەوان گومان لە کوردەکان دەکەن کە مقاشی دەستی بێگانان بن کە هەوڵ دەدەن بە سەر ترکییە دا زاڵ بن.دوژمنانی دەرەکی لەو پێناساندنە دا بەپێی گۆڕانی پەیکەربەندی سیاسی جیهانی دەگۆڕدرێن، بەڵام لەو شانۆیەدا کوردەکان بە بەردەوامی دەوری دەستنێژ و بووکەپەڕۆ بوونی خەڵکی دیکەیان دەدرێتێ.

نموونەیەکی درکێنەر لەو بارەیەوە ئەو قسانەیە کە نووسەری سەربەترک مەحموود ڕەشوان ئۆغلو لە کتێبەکەیدا، عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵات و ئیمپریالیزم ، نووسیویەتی. ئەوە یەک لە کتێبە هەرە زۆرزانەکانی لەم چەشنەیە کە هەوڵ دەدا نیشان بدا کوردەکان بە ڕەچەڵەک ترکی ڕەسەنن. لە شیکردنەوەیەکدا کە تا ڕادەیەک وە ڕەخنەگرتن لە ئۆریانتالیزم دەچێ، نووسەر تێدەکۆشێ نیشان بدا ناسێنەی کوردی لەلایەن زانایانی ڕۆژهەڵاتناسییەوە ساز کراوە بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی ئیمپریالی ڕووسییە و بریتانیا. سەرهەڵدانە کوردییەکان لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بە فیتی مەئمووڕانی ڕووسی و بریتانیایی کراون. زانایانی ڕووسی مینۆرسکی و نیکیتین لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر لە بریتانیا و فرانسە دامەزران ، لەوێوە خزمەتیان کرد بە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بۆ هاندان و ورووژاندنی کوردەکان.[26] دواتر، کوردەکان وەکوو ئامرازی دەستی یەکێتی شوورەوی، یۆنان، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئورووپا و ئیسراییل شیکراونەتەوە. زۆر جار ئاماژە بە ئیسرائیل و " کۆروکۆمەڵی جوولەکە" دەکرێ لەو جۆرە ئەدەبیاتە دا ، کە بە بەکەیفی خۆیان لە کۆگای دەوڵەمەندی تێئورییەکانی پیلانگێری دژی سامی قەرز دەکەن و دەکاریان دەهێنن.

**کوردستان وەکوو کۆلۆنی ، خەباتی دژی کۆلۆنیالیستی**

بزووتنەوەی کورد لە تورکییە ___ ئەگەر مرۆ بتوانێ گشتاندنێک بکا سەبارەت بە بزووتنەوەیەکی فرە چەشنە کە تێیدا زۆر جیاوازی ئیدێئۆلۆژیک هەنە ___ لە ماوەی ساڵانی 1970کاندا جەختکردنەوەی دیسکۆرسی خۆی گۆری لە داوخوازی کولتوورییەوە بەرەو داوخوازی سیاسی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی. زۆربەی پارتییەکان سەر بەو بیر و تێزە بوون کە کورستان کۆلۆنییەکی ( چینە فەرمانرەواکانی)ترکییە، عێراق، ئێران و سوورییە یەو دەستیان کرد بەوەی کە خەباتی ڕزگاریخوازی دژی کۆلۆنیالیستی لە ئاسیا و ئەفریقا بکەن بە مۆدێل و سەرمەشقی خۆیان. ئیسماعیل بێشیکچی ، کە بە ساڵانی دوور و درێژ لە زیندان دا بوو هەتا دەهات زیاتر خۆی بە خەباتی کوردانەوە پێناسە دەکرد، دواتر ئەو ڕایەکی هەموولایەنەی سەبارەت بە " تێزی کۆلۆنی بوون" دەربڕی و ئەو تێزە لە لایەن زۆر تێکۆشەری کوردەوە وەخۆ کرا: کوردستان ، کۆلۆنییەکی زۆر دەولەتان.[28]

لە ناو پارتییە جۆربەجۆرە کوردییەکاندا لە ترکییە ، پارتی هەرە ڕادیکال کەلە شیکردنەوەکانی خۆی دا لەگەڵ ئەو ستراتێژییە یەکی دەگرتەوە پ.ک.ک. بوو، کە یەکەم پارتی بوو بە ڕاشکاوی خەبات بکا بۆ سەربەخۆیی تەواو و لە پێناو کوردستانێکی یەکگرتوو و شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بە دژی چینە فەرمانرەواکانی. پ.ک.ک ئیلیتی عەشیرەتی و خاوەنموڵکانی وەکوو هاوکارانی سەرکوتکەرانی کۆلۆنیالیست راگەیاند و یەکەم کردەوە چەکدارییەکانی خۆی ( وەک زۆری دیکە لە بزووتنەوە دژی کۆلۆنیالیستییەکان کردیان)بە دژی ئەو 'هاوکارانە' ساز دا. بە تایبەتی لە یەکەم ساڵەکانی دامەزرانی خۆیدا، پ.ک.ک توندو تیژییەکی ئامال تایبفی بەڕێوەبرد ، کەتێیدا مرۆ کاردانەوەی بۆچوونەکانی فرانتس فانۆن ئیدێئۆلۆگی شۆرشی ئەلجەزاییری تێدا دەناسێتەوە( ئەگەر چی ڕاستەوراست ئاماژە بە وی ناکرێ). شێوازی ئەوپەڕ توندی عەمەلییاتی پ.ک.ک بووە هۆی تاراندن و دوژمنکاری زۆر لە کوردەکان، بەڵام سەرکەوتنە عەسکەرییەکانی لە نێوەڕاست ساڵانی 1980کان و بەڕایی ساڵانی 1990 کان هەڵوێستی زۆرێک لە دژبەرانی ڕابردووی گۆری و پشتیوانیان لێکرد. زۆر لە ڕەخنەگرانی پ.ک.ک لەو ڕاستییە گەیشتن و ملیان بۆ ڕاکێشا کە ئەوە پ.ك.ك بوو پرسی کوردی بە شێوەیەکی چاوراکێش هێنایە نێو ڕۆژەڤی ترکییەوە.

ئەو ڕاستییە چەپە ترکەکانیشی وا لێکرد بە پرسی کورد و بەپەراوێز بوونی لەزێدەی خۆیاندا بچنەوە.پ.ک.ک لە چەپی ترکەوە سەری هەڵدا بوو، و تەنیا بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو کە ڕەچەڵەکێکی ئەوتۆی هەبوو و
لایەنگرییەکی بەکۆمەڵ و ڕەسەنی بەدەست هێنابوو. چەندێک لە شا سیماکانی چەپ، سەرۆک پارتی و بیرمەندی وەکوو دۆغو پەرینچەک، یالچن کوچوک و ئەرتوگرول کورکچو، هەوڵیان دا بۆ دیالۆگ لەگەڵ پ.ک.ک،
چوونە دیتنی ڕێبەری پ.ک. ک ئۆێجالان لە لوبنان، و حەولیان دا بۆ هێنانە گۆری ڕیوایەتێکی سەرەکی کە تێیدا خەباتی کوردان بەشێک بوو لە خەباتێکی سیاسی گەورەتر __ بە ناسەرکەوتوویەوە، پ.ک.ک دەستی کرد بە باوەری بەوەی کە خەباتەکەی بۆ خۆی نموونەیەکە بۆ باقی جیهان. وشیاریی ترکە چەپەکان سەبارەت بە گرینگی پرسی کورد بۆ دایێی ترکییە لە زنجیرەیەک وتاری کورتی کە پەرینچەک
لە مەڕ کوردەکان بە نێوی سەرنجراکێشی ، پرسی ترک دا بڵاوی کردەوە بە جوانی دەردەکەوێ.[29]
دواتر پەرینچەک بۆچوونی خۆی گۆری و بایدایەوە سەر هەڵوێستی ناسیونالیستی ترک، بەڵام لە بەرایی ساڵانی 1990 کاندا ئەو ڕایگەیاند کە جیاوازیخوازی ڕاستەقینە لە ترکییە دەوڵەتی ترکییە بۆخۆیەتی، کە لە گەڵ شاروومەندە کوردەکانی لە چاو دانیشتووانی دیکەی وڵات فەرق و جیاوازی دەکا و ڕێگەی داوە دەستەڵات و سەردەستی قانوون لە ئەستانەکوردییەکان دا هەڵوەشێ و نەمێنێ. پرسی کورد کێشەیەکە بۆ هەموو ترکەکان، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ترکەکانەوە سازکراوە.

### یەکێتی و چەشناوچەشنی

هەروەک خەباتی پارتیزانی بارزانی لە ساڵانی 1960کاندا لە عێراق کردبووی ، ئەو خەباتە تەنانەت زۆر خوێناویترەش کە لە ساڵانی 1980کان و 1990کاندا لەلایەن پ.ک.ک وە بەڕێوەبرا زۆر لە کوردانی زیاتر وشیارکردوە سەبارەت بە ناسێنەی کوردی خۆیان و ئاکامی گەیشتە وەگەڕکەوتنی بەربڵاوی هەستی ناسیۆنالیستی.لەهەمانکاتدا، ئەو وەگەڕکەوتنە کارێکی ئەوتۆی کرد کە خەڵک سەبارەت بە چەشناوچەشنی کولتووری زیاتر وشیار ببنەوە. هەروەک جووەیدە دیتبووی،جیاوازییەکانی زمانی و تایبفی، وەفاداری و پێبەندی تەنگی عەشیرەتی و هەر وەها سنوورە نێوەنەتەوەییەکان ڕێگر بوون لە سەر پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی. ئەو خەڵکانەی سەر بە کەمایەتییە دینییەکان و تایبفییەکان بوون وەکوو ئێزیدایەتی، ئەهلی حەق و عەلەوییایەتی، یان بە دیالێکتی کەمایەتی زازایی و گۆرانی قسەیان دەکرد لە جیات کوردیی سەرەکی توانیان خۆیان وەکوو کورد بناسنەوە __ لە ڕاستیدا زۆران وایان کرد و بوون

به چالاکی بزووتنەوەی کورد ـــ بەڵام ئەوان هەر وەها دەکرا ناسێنەی تەنگتریش هەڵبژێرن یان وایان پێ پەسندتر بێ لە کولتووره زاڵەکانی ترکی، عەرەبی و فارسیدا بتوێنەوە. لە ساڵانی 1980کاندا بزووتنەوە ناسێنە خوازەکانی زازایی ئاخێوەران و عەلەوییان لە ترکییە و لە تاراوگەی ئوروپا بەشێک لەو کۆمەڵگەیانەی بەرەو ناسێنەیەکی لێڵ و بەدوور لە ئێتنیسیتی کوردی ڕاکێشا. ناسیونالیستانی کورد گومانی ئەوەیان لا دروست بوو دەوڵەت دەستی هەبێ لە دروست کردن و بەکارهێنانی ئەو بزووتنەوە ناسێنەخوازانەدا. لە کوردستانی عێراق، دابەش بوونێک بە سەر دوو نیوە هەرێم دا ، کە لە لایەن پ.د.ک و یەکێتی نیشتمانییەوە کونترۆڵ دەکران و، کەم تازۆر لە گەڵ دابەشبوونی گرووپی ئاخێوەرانی دوو دیالێکتی سەرەکی جۆر دەهاتەوە لە ماوەی ساڵانی 1990کاندا سەقامگیر بوو.[30]

سنووره نێونەتەوەییەکانیش کە کوردستانی لەیەک داپڕیوە یارمەتی کردووە بە مەودای لەزێدە لە نێو کوردەکانی وڵاتە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی بە پەیدابوونی پەروەردەی گشتی و تێلێڤیزیۆن، کە وا دەکا ئەوان  لە کۆمەڵگەی جیاوازی دیسکۆرس دا بەشداری بکەن. لە ساڵانی 1970 کاندا، عێراق کۆریدۆرێکی بەرینی لە سەر سنوورەکانی ئێران و ترکییە لە هەموو دانیشتوانی چۆل کرد ، بۆ پێشگرتن لە هاتوچوو و تێپەڕینی خەڵک و کەلوپەل لە سنوورەوە یان هەرنەبێ بۆ بەرتەنگ کردنی بە شێوەیەکی بەرچاو.سووریەش لە ساڵانی 1960کاندا پڕۆژەیەکی ئەوتۆی جێبەجێ کرد بۆ ئەوەی کوردەکانی خۆی لە دراوسێیەکانی باکووریان لە باری فیزیکییەوە داببڕێ.کوردەکانی هەر وڵاتەی مەیلی ئەوەیان تێدا دەبیندرێ کە کوردەکانی وڵاتانی دیکە بە "جیاواز" دابنێن و لێتێگەیشتنیان بە زەحمەت بزانن. پ.ک.ک ، کە پلانی ئەوە بوو بە سەر هەموو داپرانە کولتوورییەکاندا زاڵ بێ و کوردەکانی هەموو شوێنەکانی کوردستان لە خەباتێکی هاوبەشدا یەکگرتوو کا لە نێو کوردەکانی عێراق و ئێران دا هێندێک پشتیوانی پەیدا کرد، بەڵام هەر کە خەباتی چەکدارانەی دەست پێکرد تەنێ جەختی کرد لە سەر ترکییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە کەمتر لە بەر دابەش بوونی کوردەکان بوو بەڵام زیاتر لە بەر ئەو ڕاستییەی کە پ.ک.ک پێویستی بە پشتیوانی سووریە، و جاروبار ئێران و عێراقیش هەبوو.

بەو هەموو چەشناوچەشنییە لە نێوان کوردەکاندا، مرۆ لەوانەیە ئەو پرسیارە لە خۆی بکا کەچ شتێک ئەوان دەکا بە گەلێکی تاقانە.داپران و چەندبەرەکی دە نێو کوردەکاندا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بەڵام ئەوە زۆر بە هاسانی گەورە دەکرێتەوە. بیرەوەری هاوبەش و ڕەمزی ئەوتۆ لە مەڕ ناسێنەی کوردی هەن کە گشت  گەلی کورد سەرەڕای هەموو داپران و جیاوازییەکانی دینی و زمانی نێوانیان لە باری هەستییەوە بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. ڕەمزی هەرە بە توانا و هەرە دراماتیک کە بووە هەوێنی بیرەوەری هاوبەش لە لایەن سەدام حوسێن و ئامۆزاکەی، عەلی حەسەن ئەلمەجیدی "کیمیایی" بە سەر ئەوان دا پرا. هەڵەبجە ئەو شارەی لە 16ی مارسی 1988 بە بۆمبی ژاراوی بۆمباران کرا، ڕەنگە بووبێ بە ڕەمزی هەرە بەتوانای ناسێنەی کورد، ڕەنج و ئازارکێشانی کورد، و بریاردان بۆ ئەوەی کە پێش بە دووپاتەبوونەوەی ڕووداوی ئەوتۆ بۆ هەمیشە بگیرێ. دیمەنەکانی هەست ورووژێنەری قوربانییەکان و پێداهەڵگوتنی گۆرانیبێژ شوان بە کارەساتی هەڵەبجە بیرەوەری ئەو نەهامەتییە گەورەیە بەڕوونی لە زەینی کوردەکان دا لە هەرکوێیەک بن دەپارێزێ. بۆ زۆرێک لە کوردەکان، چارەنووسی هەڵەبجە، ناساندنی پرسی کورد و شێوازی گرێدراوی ئەوانی بە ناسێنەی کوردییەوە گۆڕیوە.

**ئەنجام**

ئەمڕۆ ، هەر وەک ئەو کاتەی وەدیع جووەیدە خەریکی تەواو کردنی لێکۆڵینەوەکەی لە مەڕ مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد بوو، عێراق بە نێو گۆرانی دراماتیک دا تێدەپەڕێ. ڕێژیمی کۆن ڕووخێندراوە ، بەڵام تەرازەکانی ئەو نەزمە نوێیە سیاسییەی کە سەرهەڵدەدا جارێ دانەمەزراوە و لەقە. ئێستا کوردەکانی عێراق لە هەڵوێستی هەرە بە هێز دان کە پێشینەی نەبووە؛ ئەوان لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوو دا بەشێکی گەورەیان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە بردووە، ئەوان خاوەنی بەهێزترین یەکەی نیزامین لەوڵات دا ؛ و بە ڕێژە یەکگرتوون لە دوای کۆتایی هاتنی شەرە براکوژییەکانی نێوەڕاست ساڵانی 1990کان، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕایەکانی جووەیدە کە ئی 45 ساڵ لەمەوبەرن بەشێوەیەکی سەیر ئێستاش هەر بەجێ وەبەر گوێیان دێن:

" ئەمڕۆ کوردەکان هەرێمێکی هەتا بڵێی گرینگیان داگرتووە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. ئەوان تاکە کەمایەتی نەتەوەیی هەرە گرینگی ناوچەکەن، و بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ترکییە،ئێران،عێراق و سووریە پێک دەهێنن. سەرەرای شکان و سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینە زۆر و زەوەندەکانی کوردی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوو دا لە ترکییە،ئێران

و عێراق، ناسیونالیزمی کورد بەردەوامە لە سەر ئەوەی سەرچاوەی پەشێوی و نیگەرانی قووڵ بێ بۆ حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە.ناسیۆنالیزمی کورد کە سەرکەوتنی ناسیۆنالیزمەکانی دەوروبەری ورووژاندوویەتی __ ناسیونالیزمەکانی ترک، فارس و عەرەب __ و شکان و ژێرکەوتنەکانی خۆی تووشی داماوی کردووە، لەو ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی لە زێدە ڕادیکاڵ و لە سازانەهاتووی لێهاتووە. لە بەر ئەو هۆیانە، کوردەکان دەبێ هەتا دێ دەورێکی گرینگتر لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بگێرن. ئاکار و جووڵانەوەی ئەوان یەک لە هۆکارە گرینگەکانە بۆ سەبات و ئاسایشت و هێمنی داهاتوونەک هەر بۆ ئەو وڵاتانەی کوردنشینن بەڵکوو بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بۆیە گرینگە مرۆ سەبارەت بە کوردەکان بزانێ و لە ئامانج ، ئاراستەی سیاسی ، و ئەو ڕێبازەی لەوانەیە ئەوان داییگرن تێبگا." [31] مرۆ جگەلەوەی لە گەڵ ئەم هەڵسەنگاندنە بێ چیدی پێ ناکرێ و هەردەبێ ئەوەی لێ زیاد کەم ئەم دێرانە ئەمڕۆ زۆر ڕاستترن لەو کاتەی جووەیدە نووسیونی.

### ژێدەرەکان

[1] وەدیع جووەیدە، " بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد: ڕەچەڵەک و پێشوەچوونەکانی"، تێزی دوکتورا، زانکۆی سیراکس، خوێندنگەی گراجووەیت، 1960.

[2] وەرگێرانی ترکی لێکۆڵینەوەی جووەیدە، ئەستەنبووڵ وەشانەکانی ئیلەتیشیم، 1999. بڵاوکەرەوە بە سەرکەوتووییەوە توانی خۆ لەبەر بریاری قەدەخەکرانی کتێبەکە بگرێ و چاپێکی دوویەمی لێ بڵاوکردەوە.

[3] سیسیل.جان. ئێدمۆندز، کوردەکان، ترکەکان وعەرەبەکان.سیاسەت، گەشت و لێکۆڵینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، 1925 – 1919، لەندەن : چاپەمەنی زانکۆی ئاکسفۆرد،1957.
وەرگێرانێکی چڵونیوەچڵی کوردی ئەو کتێبە بە کوردیی نێوەڕاست لە زمانی فارسییەوە کراوە و بڵاو کراوەتەوە [تێبینی وەرگێر]

[4] بۆ وێنە پراونە: ڤلادیمیر ئێف.مینۆرسکی، " یادداشت سەبارەت بە فیرقەی ئەهلی حەق"، گۆڤاری دنیای موسڵمان 41-40، 1920، 97 – 19 و 45 – 44 ، 1921، 302 – 205؛ هەمان سەرچاوە، "گۆرانەکان" بولتەنی خوێندنگەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقایی 11،1943، 103 – 75؛ سی.جەی.ئێدمۆندز، زیارەتێک بۆ لالەش، لەندەن:کۆمەڵەی شایانەی ئاسیایی بریتانیای مەزن و ئایرلەند، 1967 [ سەبارەت بە ئێزیدییەکان]؛
هەمان سەرچاوە،" باوەرو کردەوەکانی ئەهلی حەقی عێراق"، ئێران 7، 106 – 89 ،1969
[ تێبینی وەگێر: هێندێک لە نووسینە بەنرخەکانی مینورسکی بە نێوی" مینۆرسکی وکورد" لە لایەن کاک ئەنوەری سوڵتانی ڕا وەرگێردراوتە سەر زمانی کوردیی نێوەڕاست و لە ساڵی 2006 لە لایەن "دەزگای توێژینەوە و بڵاوکرنەوەی موکریانی" لە باشووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە.]

[5] جووەیدە، سەرچاوەی [1]،لل. 4 -851.

[6] حەسەن ئەرفەع، کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی،لەندەن:چاپەمەنی زانکۆی ئاکسفۆرد،1966.ئەرفەع لە کتێبێک دا کە ژینامەی خۆیەتی باسی بەربەرەکانییەکانی خۆی دەکا بە دژی عەشیرەتەکوردەکان: حەسەن ئەرفەع، لە ژێر فەرمانی پێنج پادشایان دا ، لەندەن: وەشانی جان مورای، 1964

[7] ئەرفەع، کوردەکان، لاپەڕەی 155.

[8] ئەرفەع، کوردەکان، لاپەڕەی 156.

[9] ئیبراهیم ئەحمەد ڕکەبەری سەرەکی بارزانی بوو بۆ سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد لە عێراق. تا ساڵی 1964، بارزانی کە هێزی بەهێزتری پێشمەرگەی کۆنترۆڵ دەکرد، سەرکەوت لەئەوەیدا کۆمیتەی نێوەندیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و ئەحمەد و هاوپەیمانە سیاسییەکانی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.(جەماعەتی

دوایی وەکوو گرووپێک مایەوە، کە دواتر بوو بە هەوێنی پەیدا بوونی یەکێتیی نێشتمانی کوردستان، بەڕێبەری زاوای ئەحمەد جەلال تاڵەبانی.) پارێز وانلی ، کە زیاتر بە نێوی عیسمەت شەریف وانلی ناسراوە، ئەودەمی لە سویس دەیخوێند و نوێنەری بارزانی بوو لە ئورووپا.

[10] ئەرفەع، کوردەکان، لل. 60 – 159

[11] ئەرفەع، کوردەکان،لاپەڕەی.160.

[12] سەعد جەواد، عێراق و پرسی کورد، 1970 – 1958، لەندەن: چاپەمەنی ئیتاکا،1981؛ هەمان سەرچاوە،" پێشوەچووەنەکانی ئەو دواییانە لە بابەتی کورد دا"، لە کتێبی: ت.نیبلۆک (ئیدیتۆر.) دا، عێراق: دەوڵەتی هاوچەرخ، لەندەن: چاپەمەنی کرووم هێلم، 1982،لل. 61 – 47 .

[13]ئاراستە و ڕێبازی سیاسی جەلال تاڵەبانی، زاوای ئیبراهیم ئەحمەد و دوویەم کەسی دەستڕۆیو لە باڵی بزووتنەوەی کورد دا، دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی چەپی ناسر بە توندی کاری تێکردبوو و مەیلی بەرەو ئەوە بوو بارودۆخی کوردەکان لەبەر ڕووناکایی پێشوەچوونی سیاسی جیهانی هەڵسەنگێنێ. ئەو عەڕەبی زۆر چاک دەزانی، و بە هاسانی زەمینەیەکی هاوبەشی دەدۆزییەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ هاوتا عەڕەبەکانی.

[14] سەعد جەواد، سەرچاوەی [12]، لاپەڕەی.111.

[15] سەعد جەواد، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی.279(دوای چاوپێکەوتنێک لە گەڵ ئەحمەد). دیتنی هاوشێوەی عەڕەبە ناسیۆنالیستەکان لە لاپەڕەکانی 20 – 119 ، 28 – 227 دا هاتوون.

[16] دەقی قانوونی بنچینەیی کاتی، بەو شێوەیەی لە ساڵی 1973 و 1974 دا هەموارکرا، لە کتێبی مەجید خەدووری دا: عێراقی سۆسیالیست: لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سیاسەتەکانی عێراق لە ساڵی 1968وە، واشنگتن: ئەنیستیتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، 1978،لل.98 – 183. مادەی 5 دەڵێ: " (ئا) عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەڕەب.(بێ) گەلی عێراق لە دوو نەتەوایەتی سەرەکی پێک هاتووە، نەتەوایەتی عەڕەب و نەتەوایەتی کورد. قانوونی بنچینەیی مافی نەتەوەیی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی گشت کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا بە ڕەسمی دەناسێ."

[17] ئێدمۆند غەریب، پرسی کورد لە عێراق، سیراکس،نیۆیۆرک: چاپەمەنی زانکۆی سیراکس، 1981.

[18] عیسمەت شەریف وانلی، لە " کوردستانی عێراقدا"، لە کتێبی کوردەکان و کوردستان، دا کە لە لایەن گ. شالیان وە ئێدیت کراوە، پاریس: وەشانی ماسپێرۆ، 1978، لل. 305 – 225. وەرگێرانێکی ئینگلیسی ئەو کتێبە کە دەقی ماکی بە فرانسەییە بە نێوی گەلێکی بە بێ وڵات: کوردەکان و کوردستان ، لە ساڵی 1980 لە لایەن زێد بووکس ڕا بڵاو کرایەوە.

[19] عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق: بوونەوەری نەتەوەیی. لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە شۆڕشی 1961، نێئۆشاتێل، چاپەمەنی باکۆنێر، 1970. بڵاوکراوەکانی دیکەی وانلی لە سەر گشت بەشەکانی کوردستانن؛ ئەوانی هەرە بەرچاویان بریتین لە : [بە ئاڵمانی] عیسمەت شەریف وانلی، پرسی کورد کوردستانی ترکییە: تێڕوانین و پاشخانی مێژوویی، فرانکفۆرت ئام ماین: کۆمکار، 1980؛ هەمان سەرچاوە، [بە ئینگلیسی]، "کوردەکان لە سووریيە و لوبنان" و " کوردەکان لە یەکێتی شوورەوی" لە کتێبی
کوردەکان : پێداهاتنەوەیەکی هاوچەرخ کە لە لایەن پ.گ.کرەیەنبرووک و ئێس.سپێرل وە ئێدیت کراوە ، لەندەن/نیۆیۆرک: ڕاتلێج، 1992، لل. 170 – 143 و 218 – 193.

[20] مارتین ڤان براوێسن،[بە ئینگلیسی]، "کوردەکان لە ترکییە"، مێریپ ریپۆرتس ژمارەی 121، 1984، 12- 6؛ هەمان سەرچاوە، " لە نیوان شەڕی پارتیزانی و کوشتنی سیاسی: پارتییا کارکەڕین کوردستان"، گوزارشتی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی مێریپ ریپۆرتس ژمارەی 153، 1988، 46 – 40، ئەو نووسراوانە هەر دووکیان لە کتێبی مارتین ڤان برواونێسن ، ناسیونالیزمی ئێتنیکی کورد لە هەمبەر دەولەتەکانی نەتەوە چێکەر. کۆکراوەی وتاران دا چاپ کراونەتەوە، ئەستەنبووڵ: چاپەمەنی ئیسیس، ساڵی 2000.

[21] ئیسماعیل بێشیکچی[بە ترکی] سیستمی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی. بنیچەکانی کۆمەڵایەتی _ ئابووری و ئێتنیکی، ئەستەمبووڵ، چاپەمەنی ئێ، 1969.

[22] ئیسماعیل بێشیکچی،" نوێبوونەوە لە نێو عەشیرەتە کۆچەرەکاندا"، " کوردە کۆچەرەکان لە ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات"، مۆدێرنیزە کردن لە نێو کۆچەراندا: سێ فەرزییە" لە گۆڤاری دوو حەوتووانەی فۆروم دا ، 15ی سێپپامبر _ 15ی ئۆکتۆبری 1967.

[23] ژیان و کارەکانی بێشیکچی بە دوورودرێژی لە لایەن مارتین ڤان برواونێسنەوە لێکاڵا کراوەتەوە.بڕوانە:
مارتین ڤان برواونێسن، " ئیسماعیل بێشیکچی : کۆمەڵناسی ترک، ڕەخنەگری کەماڵیزم، و کوردناس"،
گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی کوردی، ساڵی 5، لە ژێر چاپ دایە. ئەو وتارە لە سەر تۆری ئینترنێت یش هەیە:
<
.<http;//www.let.uu.nl/~martin.vanbruinessen/personal/publications/ismail_besikci.htm

[24] (بە ترکی) باش گوێ بگرە ئەی دادئەستێنی فاشیست! لە دنیا دا کورد هەیە. بەرگرینامەکانی دێ ک ئۆ، ئووپسالا: باهۆز، 1973.

[25] ئەنیستیتووی نیوە ڕەسمی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کولتووری ترک ، لە بەرایی ساڵانی 1980کاندا دەرزەنێک لەو جۆرە کتێبانەی بڵاو کردەوە، هەر وەها چەندین وەشانخانەی دیکەش کە لە بزووتنەوەی تێژپەڕی ناسیۆنالیستی ترک نزیک بوون. م.عەبدولخالوق چای و یاشار قەلافەت ، کە هەردووکیان سەر بەو بزووتنەوەیەن ، نووسەرانی هەرە بەرچاوی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەن و هەردووکیان پایەی زانکۆییان دراوەتێ.

[26] مەحموود ڕەشوان ئۆغلوو، عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵات و ئیمپریالیزم، ئەستەنبووڵ: وەشانی ترک کولتوور، 1975

[27] توران یاوز، کارتی کوردی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەستەنبووڵ: وەشانی میلییەت،1993؛
هاڕوون یەحیا، کارتی کوردی ئیسرائیل، ستراتێژییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسرائیل و سێناریۆکان بۆ "دەوڵەتێکی کورد"، ئەستەنبووڵ وەشانخانەی وراڵ، 1997.

[28] ئیسماعیل بێشیکچی، کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی، ئەستەنبووڵ: ئالان، 1990 [ دوای ئەوەی ئەو کتێبە لە ترکییە قەدەغە کرا ، لە لایەن وەشانخانەیەکی لایەنگری بزووتنەوەی باکووری کوردستان لە بۆن چاپ کرایەوە، وەشانێن رەوشەن، 1990.

[29] دۆغو پەرینچەک، پرسی ترک: بە پێی ئەو بەڵگانەی لە ڕوانگەی زەحمەتکێشانەوە کۆکراونەتەوە پرسی کورد، ئەستەنبووڵ: کایناک، 1993.

[30] مارتین ڤان برواونێسن، " ڕێپێڵگەکانی کوردی بەرەو نەتەوە"، لە کتێبی : ئێتنیسیتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: کەیسی کوردەکان کە لە لایەن فەلاح ئا.جەبباروە ئێدیت کراوە. لەندەن: ساقی بووکس، بەو زووانە بڵاو دەبێتەوە.

[31] جووەیدە، سەرچاوەی [1]، لل iii-iv.

# (٩)

## ئیسماعیل بەشیکچی: کۆمەڵناسی تورک،ڕەخنەگری کەمالیزم و، کوردناس [١]

بە ساڵان ، ئیسماعیل بەشیکچی تەنیا کەسی نەکورد بوو لە ترکییە کە بۆ بەرگری لە مافی کوردان  بە ئاشکرایی و بە بەرزی دەنگی هەڵدەبڕی. جگە لە بەشیکچی نەبێ هیچ نووسەرێکی دیکە لە مێژووی تورکییە دا تووشی بە تووشی زنجیرەی ئەو هەموو مەحکەمە بێ پسانەوە و حوکمی زیندانەوە نەبووە بۆ هەر قسەیەکی کە کردوویەتی.ئەو گۆڵمەزانەی سیستمی داد لە تورکییە بە سەر بەشیکچی هێناوە ، زیاتر و ڕوونتر لە هەموو شیکردنەوەیەکی سیاسی یان قانوونی تەق و ڕەق دەیسەلمێنن، کەمووکورتی سیستمەکە دەچی دایە و بە لێبڕاوی نیشان دەدەن ئەو مافە مرۆییانەی کە بەڕەسمی ددانیان پێداهاتووە و نرخە دێمۆکڕاتیکەکان چۆن بە تەواوی پێشیل دەکرێن کاتێک مەسەلەی کورد بێتە گۆڕێ.بەشیکچی سەرەڕای هەموو حەول و کرۆکاشێکی کە کراوە بۆ بێ دەنگ کردنی درێژەی داوە بە نووسین و قسە کردن و ، بووەتە ڕەمزێکی بەهێز و گرینگ بۆ کوردەکان و بۆ بزووتنەوەی مافی مرۆ لە ترکییە. بەچاوی زۆر لە کوردانەوە ئەو وەک کەسێک تەماشا دەکرێ کە خاوەنی خەسڵەتی سەرەوەی ئینسانی بێ، وەک تاقە تورکێک کە قەت پشتی کوردەکانی بەر نەداوە و بە تەنێی نەهێشتوونەتەوە و، سەرەڕای مەترسییەکی زۆر بۆ سەر خۆی، هەمیشە بە دەنگ کوردانەوە هاتووە ،لە سەری کردوونەتەوە و بە تاقی تەنێ دەستەو یەخەی دەوڵەتی ستەمکار و بێ بەزە بووە.

دەوری بەشیکچی وەکوو ڕەمزی سەرکوتکردنی کوردان لە تورکییە و بەرتەنگ بوونەوەی مافی مرۆ، بووەتە هۆی ئەوەی سەرنجێکی کەمتر بدرێتە سەر نێوەرۆکی نووسینەکانی--- بە تایبەتی نووسینە بەرایی و ئەوانی هەرە زانستکارانەکانی. لە ساڵانی 1980 کانەوە، نووسینەکانی بەشیکچی هەتا هاتووە زیاتر شێوەی پۆلێمیک و دمبەدەمەیان بەخۆوە گرتووە و نێوەرۆکی زانستکارانەیان کاڵتر بووەتەوە، ئەوەش ڕەنگە لە بەر لە زیندان بوونی دا بووبێ کە پێشی پێ گرتووە بۆ ئەوەێ لێکۆڵینەوەی جیدی تازە بکا. هێندێک لە ڕاگەیاندە گشتییە هەرە تازەکانی --- کە ناسیۆنالیستە ڕادیکاڵە کوردەکان بە هەڵپەیەکی زۆرەوە باسیان لێوە کردووە و بە پشتیوانییەکیان زانیوە لە بیرو باوەڕی سیاسی خۆیان --- نێوەرۆکیان ئەوەندە پڕ بووە لە پۆلێمیک و شەڕە قسە کە لەوانەیە هاوکارە ڕۆژئاواییەکانی پێیان خۆش نەبێ ڕاستەو ڕاست بە قسەی وی دابنێن. زمانی پۆلێمیک و دڵێشی کە لە نووسینەکانی ئەو دواییانەی دا ڕەنگی داوەتەوە هۆیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی  ڕووناکبیرانی تورک زۆر کەم بەرگریی لێ بکەن و لە سەری وە جواب نەهاتوون --- تەواو بە پێچەوانەی ئەو پشتیوانییە بەربڵاوەی کە لە ڕۆماننووسی بەنێوبانگ یاشار کەماڵ کرا کاتێک ئەو محاکەمە کرا لە بەر بڵاو کردنەوەی ووتارێکی ڕەخنەگرانە لە گۆواری ئەڵمانی دێر شپیگل دا. ( بەڵام تەنەنات بەر لەوەش بەشیکچی زمانی جەنجاڵی دەکار بکا،هاوکارانی پشتیان نەگرت،ئەویش هەر لە بەر ئەو ڕاستییە سادەیەی کە ئەو ناوی کوردی باس دەکرد و ئەوەش دەبووە هۆی ترسانیان).

دڵێشی و ڕواڵەتی ڕادیکالیسمی بەشیکچی هۆی خۆیان هەیە و، تێگەیشتنیان زەحمەت نییە.ئەوە نیشانەی دڵێشی و توورەیی لە زێدەی کوردەکانی تورکییە یە،ئەوە دەرکەوتنی نائومێدی لەزێدەی ئەوانە سەبارەت بە ئەگەری چاکسازیی لەسەرەخۆ و دەرخەری باوەڕییەکی بەربڵاوە بە ئەوەی کە تەنێ کردەوەی توند وتیژ دەتوانێ بگاتە ئەوەی کە هێندێک ماف وەدەست بخەن. پێویست ناکا مرۆ لەگەڵ گشت ئەو قسانەی بەشیکچی دەیانکا ڕێک بێ بۆ ئەوەی پشتی بگیرێ بۆ مافی دەربڕینیان. بەڵام خەباتی ئێستای بەشیکچی بە دژی سیستمی قەزایی و هەڵوێستە ڕادیکاڵەکانی ئێستای مەترسی ئەوە ساز دەکەن ئێمە نەتوانین مەزنایەتی ڕاستەقینەی وی و جێگای وی لە مێژووی ڕووناکبیری تورکییە و کوردستان دا ببینین.بەشیکچی دە نووسینەکانی دا ڕووبەڕوو بوونەوەی تورکییەی لە گەڵ پرسی کورد کۆ کردووەتەوە. بەرەوپێشچوونی ڕووناکبیرانەی وی تەنێ شێوازێکی ڕادیکال نییە لە ڕێبازێک کە تێیدا ڕووناکبیرانی دیکەی تورک بەرە بەرە خۆیان لە شێوەی بیرکردنەوەی کەمالیستی ڕزگار کرد، بەڵکوو هەر وەها نیشانەی هاوتەریبی زۆر ڕوونیشە لە گەڵ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە تورکییە لە ساڵانی 1960کانەوە تاکوو ئێستا.

**بەشیکچی کوردکان دەدۆزێتەوە**

بەشیکچی، وەک ئەوەی زۆر جار گوتراوە، بۆ خۆی کورد نییە. ئەو لە نێوەندی ئانادۆڵی لە شاری ئیسکیلیپ ( لە ویلایەتی چۆروم) لە ساڵی ١٩٣٩ لە دایک بووە و لە شاری نێوەندیی ئەو ویلایەتە خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە.[٢] چۆروم لە ڕووی ئێتنیکییەوە هەرێمێکی تێکەڵاوە. زۆربەی خەڵک لەوێ تورکی سوننین، بەڵام لەوێ دەرزەرنێکیش گوندی تورکی عەلەوی و کوردی عەلەوی و هەر وەها گوندی چەرکەس نشینیشی لێیە. [٣] لە هەرێمێکی ئاوا تێکەڵاو دا دیارە هەمیشە ئاگاداری سەبارەت بە جیاوازی ئێتنیکی وەک ڕاستیەک هەیە، ئەگەرچی ڕوانگەی ڕەسمی لە مەڕ ئەوەی هەر کەسێک کە لە تورکییە بژی تورکە، بەرپەرچیش نەدرێتەوە. بەشیکچی لە کاتێکدا خۆی بە تورک دادەنێ، دەبێ لە تافی لاوێتی خۆی دا هەستی پێ کردبێ کە هێندێک لە دراوسێیەکانی خۆیان زۆر زیاتر لە خەڵکی دیکە بە تورک زانیوە.
بەشیکچی بۆ درێژە دان بە خوێندن لە بەشی زانستی سیاسی دا چووە زانکۆی ئانکارا . دانیشکەدەی زانستی سیاسی ئەو دامەزراوەیە کە زۆرێک لە بوروکراتە پایە بەرزەکانی تورکییە و ڕێژەیەکی بەرچاو لە نوخبەی سیاسی ووڵات لێیان خوێندووە.بەشیکچی لە ساڵی ١٩٦٢ خوێندنی تەواو کرد،خوێندکارانی هاو وەچەی وی دەبێ دە ساڵانی کۆتایی ١٩٨٠ کان و بەرایی ساڵانی ١٩٩٠ کاندا گەیشتبنە لووتکەی کارێری خۆیان. ڕاست لەو ساڵانەی دا کە بەشیکچی زیندانی دەکرا، بەر دەدرا و دیسان دە زیندان دەکراوە. بەشیکچی دوای تەواو کردنی خزمەتی تۆبزی سەربازی بوو بە پرۆفێسۆری جێگر لە زانکۆی ئاتاتورک لە ئەرزوروم لە ساڵی ١٩٦٤. لەوێ ئەو یەکەم لێکۆڵینەوەی جیدی مەردمناسانەی خۆی ئامادە کرد،توێژینەوەیەک سەبارەت بە یەکێک لە دوایین عەشیرەتە کوردە کۆچەرەکان،واتە ئالیکان و ئەو لێکوڵینەوەیەی لە ساڵی ١٩٦٧ دا پێشکێشی دانیشکەدەی زانستی سیاسی کرد لە ئانکارا.
مرخ و عەلاقەی بەشیکچی سەبارەت بە کوردان بۆ جاری یەکەم ئەو کاتەی وورووژا کە ئەو خەرێکی فێربوونی کاری مەیدانی بوو، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ویلایەتی ئالازغ ( ئەلعەزیز). ئەوە کارێکی زۆری لە سەر کرد کاتێک بۆی دەرکەوت قایممقام و فەرماندارانی هەرێمەکە ناتوانن ڕاستەوراست لە گەڵ لادێییەکان قسە بکەن و دەبێ دیلمانج بە کاربهێنن. بۆ بەشیکچی زەحمەت بوو ئەزموونی دیتنی دوو کولتووری جیاواز دە بەرانبەر یەکتری دا لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە لە گەڵ ئەو دەرسانەی لە زانکۆ خوێندبووی بەیەکەوە بگونجێنێ. ئەو دەرسانەی کە باسی بیرو ڕای نەریتی یەکێتی هەتاهەتایی و دانەپراوی تورکییەیان دەکرد و هەبوونی کوردەکانیان وەکوو گەلێکی جوێ و زمانی کوردییان وەکوو زمانێکی جیاواز بە شێوەی سیستماتیک و بێ پسانەوە بەرپەرچ دەداوە و نکووڵییان لێ دەکردن. " دەگوترا کوردەکان بە ڕەچەڵەک تورکن و زمانەکەیان لە زمانی تورکی کەوتووەتەوە و کوردی لەهجەیەکی زمانی تورکی یە. بەڵام لە ئالازغ، لە شوێن و ناوچەی جۆر بە جۆر،ئەمن تووشی ڕاستی جیاوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری هاتم: زمانێکی جیاواز، کولتورێکی جیاواز... ئەمن ئەو ڕاستییانەی لەوێ لە سەر ئەرزی واقیع دیتم زۆر جیاواز بوون لەو شتانەی کە زانکۆکان و چاپەمەنی پاسیان دەکرد. ئەوە تۆوی شک و گومانی قووڵی لە زەینی من دا چاند کە دواتر چرۆی دەکرد و پێگەیشت..." [٤]
دوویەم ڕووبەڕووهاتن و ئەزموونی بەشیکچی لە گەڵ کوردان ئەو دەمەی بوو کە چوو بووە خزمەتی سەربازی. ئەو لە بیتلیس و حەکاری خزمەتی دەکرد. دەبێ لەوێ بۆ جاری یەکەم کۆچەر واتە عەشیرەتی ئالیکان ی دیتبێ، کە خەریک بوو تێزی دوکتورایەکەی سەبارەت بەوان بنووسێ، ئالیکان لە ئارانی زستانێ وە بەرەو هاوینە هەوار بە بیتلیس دا تێدەپەڕن و هەر بەوێشدا دەچنەوە ئارانێ. دەبێ ئەو لە حەکاری ش چاوی بە کۆچەر و نیوە کۆچەران کەوتبێ ( هەر وەک موزەفەر ئەردۆست، تاقە ڕووناکبیرێکی تورک کە وەک سەرباز لە کوردستان خزمەتی کرد و دواتر چاوپێکەوتنەکانی خۆی نووسی و شی کردنەوە). [٥] لەوەش گرینگتر،ڕەنگە کاتێک بەشیکچی لە حەکاری وەک سەرباز خزمەتی کردووە، کە سنووری لە عێراق دەگەڕێتەوە، دەبێ بەو شەڕە پارتیزانییەی کوردی زانیبێ کە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بە دژی حکوومەتی نێوەندی عێراق دەکرا.لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا ، ئەو بزووتنەوەیە شوێنێکی گرینگی دانا لە سەر ووشیاربوونەوەی ئێتنیکی کوردەکانی تورکییە.حەکاری ئەو هەرێمە بوو کە یەکەم جار و لە هەموو جێیەکی دی زیاتر کەوتە بەر کاردانەوەی ئەو بزووتنەوەیە. زانیاریی وی سەبارەت بەو بزووتنەوەیە بە پرسیارنامەیەکی ستاندارد دا کە زۆر باش گەڵاڵە کراوە، دەردەکەوێ، کە بەشیکچی لە کاتی لیکۆڵینەوە بۆ تێزی دوکتورایەکەی بەکاری هێناوە.لە دووهەم کتێبی دا، کە زۆر بە ڕاشکاونەتر کتێبێکی سیاسی یە بەشیکچی ئەو بزووتنەوەیەی بە هۆکارێکی گرینگ داناوە.
ئەو بابەتەی کە بەشیکچی هەڵبیژارد بۆ تێزی دوکتورایەکەی،ستروکتووری کۆمەڵایەتی عەشیرەتێکی کۆچەری کورد و ئەو ئاڵوگۆرانەی بە سەری هاتووە، دەکرێ بابەتێکی نائاسایی بێ ، بەڵام ئەو بە مێتۆدۆلۆژییەک بۆ بابەتەکە چووە کە لەو چوارچێوە ڕووناکبیرییە دا بوو کە ئەو دەمی لە نێو زانستکارانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووی تورکییە دا باو بوو. ئەو

ماممۆستایانەی کەشوێنی هەرە زۆریان لە سەر بەشیکچی دانا،ئیبراهیم یاسا و موبەجەل کرای،کۆمەڵناسی زۆر بەرعۆدەی کۆمەڵایەتی بوون و عەلاقەیەکی قووڵیان بە پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو و دواکەوتوویی ئەو بوارانەیان بە ڕیشە ی نایەکسانی دەزانی و خۆیان مۆنۆگرافی زۆر هەڵکەوتوویان لە مەر گوندان و شارە چکۆڵەکان بڵاو کردبووەوە. [٦] کارەکانی ئەوان هێزی وەبەر ئەو باوەڕییە هێنا کە زانستکارانی کۆمەڵایەتی دەتوانن یارمەتی بکەن بە سازکردنی کۆمەڵێکی باشتر و ئەو باوەڕییەی کە دەبێ ئەوان مەهارەت و لێوەشاەیی خۆیان تەرخان بکەن بۆ چاکەی خەڵک.

**کەشوهەوای ڕووناکبیرانە لە ساڵانی ١٩٦٠ کان لە تورکییە**

تورکییە لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا ووڵاتێک بوو کە دەبوو خۆی لە گەڵ گۆڕانی خێرای کۆمەڵایەتی و ئابووری بگونجێنێ. دوای زیاتر لە بیست ساڵ لە کۆنترۆڵی دەوڵەتی بە سەر پێشوەچوونی ئابووری و سنعاتی بوونی نیو جۆ دا، حکوومەتی پارتیی دێمۆکرات (١٩٥٠-٦٠) زۆری هێز وەبەر کەرتی تایبەتی نا و بەتایبەتی بەلایەوە پەسند بوو کە کشتوکاڵ مێکانیزە بکرێ.ئەو هەڵدانە خێرایە ئابوورییەی کە کرا بووە هۆی جەمسەربەندی ئابووری لە نێو تورکییە دا و کۆچ کردنی بەلێشاوی خەڵک لە لادێکان و دەرەوەی شارانەوە بەرەو شارەکان. لەبەر ئەوەی ئەو هەڵدانە ئابوورییە تا ڕادەیەکی زۆر بە قەرز کردن لە دەرەوە بەسترابووەوە، زۆر بە خێرایی قەرزداری بە دەرەوەشی زیاتر کرد، کە ئەوەش خۆی بووە هۆی هەڵمسانی ئابووری گەورە و داکشانی ستانداردی ژیان لە نێو بەشێکی گرینگ لە دانیشتووان دا.کوودەتایەکی نیزامی بە دەست ئەفسەرانی لاو لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ماوەیەکی کاتی پەکی ئەو یەکەم قۆناغەی هەڵدانی سەرمایەداری قەمتەرنەکراو و جەمسەربەندییەی خست.

دوو چاکسازی سەرەکی کە نیزامییەکان ئەنجامیان دا بۆ ئەوەی میراتی کەماڵیستی بپارێزن کاردانەوەی گەورەیان هەبوو لە سەر پێشوەچوونەکانی دەساڵی دواتر.یەک لەوانە بریتی بوو لە قانوونێکی بنچینەیی نوێ،کە لە لایەن کۆمیتەیەک ڕا کە لە زانایانی حقووقی کەماڵیست پێک هاتبوو، گەڵاڵە کرا.ئەو بەڵگەیە ئازادییە مەدەنییەکانی بە شێوەیەک کە لە ڕابردوو دا نموونەی نەبووبێ دەستەبەر دەکرد و ڕێگای دەدا بە سەرهەڵێنانی یەکێتیی کرێکاری ڕادیکاڵ و پارتییەکی سیاسی سۆسیالیست.چاکسازییەکی دیکەی سەرەکی بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ سەر پلاندانانی ئابووری،بە دامەزراندنی ڕێکخراوەی پلاندانانی دەوڵەتی لەساڵی ١٩٦٠ دا کە دەبوو نەخشەکانی پێشکەوتنی نوێی پێنج ساڵە ئامادە بکا، کە ئی یەکەمیان دەبوو لە ساڵی ١٩٦٣دەست پێ بکا.کاتێک لە ساڵی ١٩٦٥ پارتیی دێمۆکرات،کە ناوی بە عەداڵەت گۆڕابوو، هاتەوە سەر کار، دەستەڵاتی ڕێکخراوی پلاندانانی دەوڵەت بە سەر سیاسەتی ئابووری دا کەمتر کراوە، بەڵام ڕێکخراوەکە وەک دەستگایەکی دەستڕۆیشتوو مایەوە و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کەمالیست و زیاتر چەپ ئاژۆتر دا خاوەن ڕێز و پلەیەکی زۆر بوو.لە سەرەتاوە سەرنجێکی زۆری دا سەر نەگونجانی ئابووری—بەتایبەتی نایەکسانییەکانی هەرێمی --- کە ڕەخنەگران دەیانبەستەوە بە ئەو شێوە لە پێشوەچوونەی کە پارتیی دێمۆکرات برەوی پێ دەدا. هۆیەکانی نایەکسانی و گەڕان بە دووی چارەسەری دا بوو بە سەرقاڵی سەرەکی ڕووناکبیرانی تورک لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا.[٧] بە دەم ئەو دە ساڵەوە، زۆر لەوان مارکسیزمیان لە شێوەیەک یان شێوەیەکی دیکە دا وەخۆ کرد وەک قالب و چوارچێوەیەک بۆ شیکردنەوە.
وەک پێشدەستییەک بۆ پرۆژەکانی هەرێمیی داهاتوو،وەزارەتی کارو باری گوندەکان هەڵسەنگاندنێکی بە ووردە ڕیشاڵی کرد سەبارەت بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئابووری گشت گوندەکان لە ووڵات دا. ئەو هەڵسەنگاندنە، لێکۆڵێنەوەی پێرستی گوندان، نەک تەنێ زانیاری بە دەستەوە دەدا سەبارەت خاوەن زەوێتی و ئاستی مێکانیزە بوونی کشتوکاڵ لە هەر گوندێک دا، بەڵکوو ،ئەگەرچی بە ڕێک و پێکیش نا، زانیاری سەبارەت بە پێکهاتەی ئێتنیکی گوندەکانیش بە دەستەوە دەدا. [٨] ئاکامەکانی ئەو هەڵسەنگاندنە ئاشکرا نەکران، لە بەر ئەوەی بابەتی ئێتنیسیتی لە ڕووی سیاسییەوە زۆر هەستیار بوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زانایان دەستیان بەو زانیارییانە ڕادەگەیشت و بەو شێوەیە ئەو هەڵسەنگاندنە کارلێکەرییەکی ناڕاستەوخۆی لە سەر مشتومڕ و دمەتەقەی ئەو کاتی هەبوو.
یەکەم پارتیی سۆسیالیستی قانوونی لەوەتا ساڵانی ١٩٢٠کان، پارتیی کرێکارانی ترکییە (تیپ)، لە هەڵبژاردەنەکانی ساڵی ١٩٦٥ دا سەرکەوتنی زۆر بەرچاوی وەدەست هێنا ، نەک هەر لە ناوەندە سنعاتییەکان کورسی وەدەست هینا، بەڵکوو ،لە ناوچە کوردییەکانیش کە ئەوە زۆر سەیر بوو. پارتیی کرێکارانی تورکییە و، بە دوای ویدا بزووتنەوەی خوێندکاری چەپ، پرسی کوردیان دۆزییەوە، یان وەک ئەودەمی پێی دەگوترا " پرسی ڕۆژهەڵات". ئەو دەمی زاراوەی " کورد" و " کوردستان" بقە بوون و ، تەنانەت کوردە ناسیۆنالیستەکانیش دەستیان لەوە دەگێراوە بە ئاشکرایی ئەو ناوانە بەکار بهێنن. دۆغو، " ڕۆژهەڵات" زاراوەیەکی بێلایەن بوو و بەکار دەهێندرا بۆ خۆ دزینەوە لە ئاماژەی ئاشکرا بە

کوردەکان و "جیاوازیخوازی" کوردی. [٩]  کوردەکان وەک دۆغولوو، " ڕۆژهەڵاتییەکان"، ئاماژەیان پێ دەکرا، زاراوەیەک
کە بەهاسانی تورکەکان،عەرەبەکان و سوریانییە مەسیحییەکانیشی وەبەر دەگرت کە لە هەرێمەکە دەژیان.
پارتیی کرێکارانی تورکییە و بزووتنەوە چەپ ئاژۆیەکانی دیکە بە دەرەجەی یەکەم مەسەلەی کوردیان وەک
دواکەوتوویی وپێش نەکەوتنی هەرێمی دەدیت لەبەر زۆرداری و چەوسانەوە. ئەوان پێیان لێ دەنا کە حکوومەتیش
بەشی لەو زۆرداری لێکردنە دا هەیە و، ئەوەی کە بورژوازی تورک ڕۆژهەڵات وەک جۆرەیەک موستەعمەرە
دەڕووتێنێتەوە ، بەڵام ئەوانیش وەک وەچە بەرایەکانی کەماڵیستەکان ئاغا و شێخی کوردیان (ڕێبەرانی عەشیرەتی و
دینی) بە خراپترینی ستەمکاران و بە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێی پێشکەوتن دەزانی. ئەوان بە توندی دژی
ناسیۆنالیزمی کورد بوون کە لە لایەن توێژی ئاغا و شێخانەوە ڕێبەری دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا پارتیی کرێکارانی تورکییە
کەم کەم ئەوەی قەبووڵ کرد کە " مەسەلەی ڕۆژهەڵات" مەسەلەی نەتەوەییشە. لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٧٠ی خۆیدا
ئەو پارتییە بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە تێیدا هاتبوو " ڕۆژهەڵات" زێدی کوردەکانە، خەڵکەکەی جوێن لە تورکان و ،
دواکەوتووییەکەی هەر تەنێ لە بەر ئاکامی تەبیعی پێشوەچوونی نایەکسانی سەرمایەداری نییە، بەڵام بە لانی
کەمەوە بەشێکی لە بەر سیاسەتەکانی بە ئانقەستەی حکوومەتە.ئەو بڕیارنامەیە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ئەو پارتییە
دەستبەجێ لە دوای دەستێوەردانی ئەرتەش لە ساڵی ١٩٧١ دا قەدەغە بکرێ. لەو دەمییەوە، چەپی تورک چ مەیلی
نەبووە پشتیوانی لە داوخۆازی کوردان و بۆچوونەکانی بکا و، لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا؛ ئێمە دەبینین کە هێزی چەپی
کوردیش پێش دەکەوێ و، ئیتر چیدیکە لە گەڵ چەپی تورک لە عەینی ڕێکخراوە دا نابێ.
بەشێکی گرینگ لە بزووتنەوەی کورد لە تورکییە لە هەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی تورکییەی ساڵانی ١٩٦٠ را
هاتە دەرێ و، ئەو سەرهەڵێنانە لە بەر ئەوە لوا چونکە ژمارەی ئەو کوردانەی لە زانکۆکانی ئەستەنبووڵ و ئانکارا
دەیانخوێند زیادی کردبوو.هەر وەها کۆر وکۆمەڵی بە ڕێژە پچووک بەڵام فیداکاری ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیست هەبوون
کە لە دەرەوەی بزووتنەوەی چەپ دا بوون و بە گشتی زۆر زیاتر لە غەمی مێژووی کورد و کولتور و ستەمی نەتەوەیی
دا بوون تا شیکردنەوەی زۆرداری ئابووری و چەپاندن لە ڕوانگەیەکی کەماڵیستی یان مارکسیستییەوە. [١٠]
ژمارەیەک ڕۆژنامەی کولتووری و سیاسی تەمەن کورت بڵاو کرانەوە ( و،زۆربەیان، دەستبەجێ قەدەغە کران): ئیلەری
یورت (١٩٥٨)، دیجلە- فرات (٦٣-١٩٦٢)، دەنگ (١٩٦٣)، ڕۆژا نوو (١٩٦٣)،یەنی ئاکش(١٩٦٦). [١١] ئەندامانی لاوی
نوخبەی نەریتی کورد بە ئیلهام وەرگرتن لە بزووتنەوەی کورد لە عێراق کە لەوێ مەلا مستەفای بارزانی و پدک
خەباتێکی سەرکەوتووانەیان بە دژی حکوومەتی نێوەندی ڕێبەری دەکرد، لە ساڵی ١٩٦٥ پارتیی نهێنی دێمۆکراتی
کوردستانی تورکییە یان (پدک- ت) دامەزراند.
باڵی ناسیۆنالیست و چەپ ئاژۆی بزووتنەوە بە یەکەوە دۆغوو میتینگلەری ( "کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات") یان
رێکخست، و ئەوانە بریتی بوون لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی جەماوەری لە شارە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٦٧، کە لەو
میتینگانە دا ناڕەزایی دەدەبڕدرا بە دژی زۆرداریی کولتووری و دواکەوتوویی ئابووری . ئەو دوو لایەنە هەر دووکیان لە
یەکەم کۆمەڵەی کوردیش دا کە بە ئاشکرایی چالاکی دەکرد، نوێنەریان هەبوو، "کۆمەڵە شۆرشگێرە کولتوورییەکانی
ڕۆژهەڵات" (دێ دێ کۆ)، کە کۆمەڵەی یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٩ لە ئانکارا و ئەستەنبووڵ دامەزرا و،هێندەی پێ
نەچوو لکەکانی لە دیاربەکر و شارە کوردییەکانی دیکەش کرانەوە. بولتەنە مانگانەکانی دێ دێ کۆ [١٢]  باسی
زۆرداریی کولتووری و دواکەوتوویی ئابووریان دەوروژاند و ئەمپریالیزمی ئەمریکا و هاوکارەکانی ناوچەیی
وی،خاوەنموڵکە گەورەکان و سەرمایەدارانیان بە هۆکاری سەرەکی ئەو بارو دۆخە دادەنا. ئەوان بانگەوازی حەولدانیان
دەکرد بۆ پاراستن و پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی، کتێبخانە و دەستەی فۆلکلۆرییان دا دەمەزراند. لە ژمارە
کۆتاییەکانی ئەو بولتەنانە دا باسی پێشیلکردنی مافی مرۆ و ڕووداوە هەرێمییەکان هەبوو و سیاسەتەکانی
حکوومەت لە "ڕۆژهەڵات" وەک "ئەمپریالیزمی کولتووری" شی دەکرانەوە. ڕاپۆرت سەبارەت بە شەڕی ڤییێتنام و
بزووتنەوەی نەتەوەیی باسک لەو بولتەنانە دا نیشانەی ئەوە بوون کە دێ دێ کۆ دەستی دەکرد بە ئەوەی خۆی وەک
بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بناسێ.
لە ١٢ی مارسی ١٩٧١،ئەرتەشی تورکییە کودەتای کرد،لەو ئەستانانەی دا کە چالاکی سیاسی زۆر بوون حکوومەتی
نیزامی ڕاگەیاند ، ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی چەپ و کوردی گرت.پارتیی کرێکارانی تورکییە و دێ دێ کۆ قەدەغە
کران، ڕێبەرەکانیان محاکەمە کران و حوکمیان بۆ بڕدراوە. بە دوای هاتنەوە سەرکاری دەستەڵاتی مەدەنی و
ڕاگەیاندرانی لێبوردنێکی ناتەواو لە ساڵی ١٩٧٤، هەم چەپەکان و هەم بزووتنەوەی کوردی سەریان هەڵێناوە، بەڵام
هەر دووک لایان داپر داپر ببوون و، چەپی تورک ئیدی چیر بە ئاشکرایی پشتیوانی لە داوخوازەکانی کورد نە
دەکرد.بزووتنەوەی کورد توندئاژۆتری لێ هات، ئەو جار ئامانجەکانی دیاریکردنی چارەنووسی بە تەنیشت داوخوازی
کولتووری و ئابووریەوە لە خۆ دەگرت. تا کۆتاییەکانی ١٩٧٠ کان،چەندین ڕێکخراوەی کورد ڕایانگەیاند کە خەباتی
ڕزگاریخوازانەی چەکداری دەست پێدەکەن.

**کارەکانی بەشیکچی لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا**

١.ئێتنۆگرافی عەشیرەتی کۆچەری ئالیکان

تێزی دوکتورای بەشیکچی، لە زۆر لایەنەوە کارێکە لە چوارچێوەی نەریتی پێشکەوتووانەی کەماڵیستی دا،زانستکارییەک کە پێشخستن و بەرەو ژوور بردنی خەلکی ئانادۆلی بە ئەرکی خۆی دەزانێ، ئەو خەڵکەی کە لە دواکەوتوویدا ڕاگیراون. [١٣] ئەو نیشاندەرانەی کە بەشیکچی لاو پێشکەوتن و پێشوەچوونی پێ دەپێوا گشتیان بریتی بوون لەو هەنگاوانەی کە دەرەجەی یەکانگیر بوون لە کۆمەڵی تورکیان نیشان دەدا و بە ئاشکرایی ئەوە دەردەخەن کە ئەو دەمی بەشکیچی چ شتێکی بە بەرژەوەندی و قازانجی کۆچەرەکان داناوە: ئەوان دەبوو زمانی تورکی فێربن و بچنە مەدرەسە،لە شوێنێک دامەزرێن ودەست لە زۆر لە نەریتە کۆنەکانیان بەر دەن بۆ ئەوەی لە دنیای مۆدێرن دا بەشداری بکەن. بەشیکچی هێشتا لە گەڵ بۆچوون و پێشفەڕزەکانی نوخبەی ڕووناکبیری کەماڵیست دا بوو و، ئەو بەشێک لە تێزەکەی لە گۆواری فۆروم دا چاپ کرد کە نوخبە دەیان خوێندەوە. [١٤]
تێزەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی جیدی، بەڵام تا ڕادەیەک گشتی مەردمناسانە سەبارەت بە عەشیرەتی ئالیکان.
دوای پێشەکییەکی درێژ سەبارەت بە چەمک و مێتۆدۆلۆژی، بەشیکچی یەک بە دوای یەک دا ئەم بابەتانەی خوارەوە شی دەکاتەوە:
--- زەوی ناسی و هاویردۆری تەبیعی
--- ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، واتە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئالیکان لە گەڵ دانیشتووانی نیشتەجێی نە کۆچەر کە ئالیکان هامووشۆیان دەکەن؛
--- زانیاری سەبارەت بە حەشیمەتناسی: پێکهاتەی گرووپە تەمەنییەکان،جینسییەت، بە مێرد/ بەژن یان سەڵت و هتاد.
--- پێوەندی موڵکییەت لە نێو عەشیرەتەکە دا ؛
--- چالاکییە ئابوورییەکان و شیکردنەوەیەک سەبارەت بە پێوەندی وەبەرهێنان؛
--- ستروکتووری خێزان، دابەشکردنی کار لە نێو خێزان دا و، هەڵکەوتی ژنان ؛
--- دین و دنیا ڕوانین و زانیاری سەبارەت بە دنیا.
بەشیکچی زانیارییەکانی بە ڕێگای پرسیارنامەی دوور ودرێژ کۆ دەکردەوە کە بۆ خۆی و ژمارەیەک مامۆستای خوێندنگە کە یاریدەیان دا دەیاندا بە خەڵک– وەک ئەوەی لە مەڕ لێکۆڵینەوەکانی تورکی لە دەرەوەی شاران باوە—
ئەو مێتۆدە بێ ئەوەی خۆی لێ بپارێزدرێ تا ڕادەیەک ویشک و لێکۆڵینەوەیەکی تێکنیکی بوو، کە تێیدا جار جار ئاستەمە مرۆ لە تاکوتەرا و ڕەهەندی ئینسانی کۆمەڵ تێبگا ( چاوەدێری بەشدارانە وەکوو مێتۆدێک لە تورکییە هەر هیچ پێی نەدەزاندرا و سەبارەت بە شیکردنەوەیەکی زیندووی ژیانی ڕۆژانە مرۆ دەبوو گەڕاباوە سەر ئەو ڕۆمانانەی مامۆستایانی گوندان لە سەر بنەمای ئەزموونەکانی خۆیان نووسیبوویانن.) بە پێی ستانداردەکانی زانستی کۆمەڵایەتی تورک، کارەکەی بەشیکچی لێکۆڵینەوەیەکی باش و چاوراکێش بوو و بایەخی خۆی وەک کارێکی تاقانەی ئێتنۆگرافی هەر دەپارێزێ. ئەو لێکۆڵینەوەیە تەنیا کاری بەشیکچی یە کە هاوکارە تورکەکانی پەسنیان داوە.
بە دیسان خوێندنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە دوای سی ساڵ،جێی سەرنجە بزاندرێ کە نەک بەشێکچی بۆ خۆی بەڵکوو ویژمانی باویش لە تورکییە زۆر گۆڕاوە. یەکێک لە شاگردە کوردەکانم،کە ئەمن داوام لێ کرد بوو ئەو کتێبەی بەشیکچی بخوێنێتەوە و ئالیکان لە گەڵ ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە کوردستان بەراوەرد بکا، تەواو لێی زەحمەت هات و پێی گوتم بەشیکچی ش ڕەگەزپەرستێکە وەک کەماڵیستەکانی دیکە، دەوڵەت دەپارێزێ نکووڵی لەوە دەکا یان بەڵانی کەمەوە بڵێم ئەوە دەشارێتەوە کە کوردەکان ناسێنەیەکی جیاوازی ئێتنیکی یان هەیە. لە پێشەکی بۆ چاپی ساڵی ١٩٩٢ی ئەو کتێبە دا، بەشیکچی داوای لێبوردن دەکا لە بەر ئەو لاگرتنانەی کە کردوویە و ئیدی ئێستا زۆر زیاتر بەدەرەوەن؛ ئەو دەڵێ، گشت شیکردنەوەکانی هێشتا شوێنێکی زۆری ئیدێئۆلۆژی ڕەسمی دەوڵەتی پێوە دیارە.
لەگەڵ ئەوەشدا، خوێندنەوەی ووردتری دەقەکە نیشان دەدا، کە بەشیکچی بە ڕەهەندی ئێتنیکی بابەتەکەی زانیوە و لەوە نەپرینگاوەتەوە پرسیاری ئەوتۆ بکا کە ئەو دەمی زانکۆکان بە لادانیان داناوە لە وەی کە لە ڕووی سیاسییەوە دروست بووە. بۆ وێنە، بۆ پێوانی زانیاری ووڵامدەرەوەکانی لە مەڕ دنیای دەرەوە، ئەو لیستەیەکی کورتی کەسایەتی بە نێوبانگی لە بەر دەست نان و لێی پرسین کامەیەک لەو کەسایەتییانە دەناسن و ئەو کەسایەتییانە لە بەرچی

بەنێوبانگن. ئەو ناوانەی لەو لیستەیە دا بوون بریتی بوون لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دوویەم ( کە تا ساڵی ١٩٠٩ حوکمی کرد)، ئاتاتورک، بارزانی، کۆچەرۆ ( جەردەیەکی بە نێوبانگی کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا کووژرا)، شێخ سەعید ( ڕێبەتی سەرهەڵدانی کوردی ١٩٢٥) ، جەماڵ گویرسەل (کەسایەتی سەرەکی کودەتای ئەرتەش لە ساڵی ١٩٦٠ و سەرۆک کۆماری تورکییە لە کاتی لێکۆڵینەوەکە دا) و سەعیدی نوورسی ( چاکسازێکی دینیی کورد، بابەگەورەی بزووتنەوەی نوورجو). ئەوە بە ئاشکرایی ناڕاستەوخۆ پرسیاری ئەوە بوو داخودا ئالیکان چەندە هەست بە نیزیکی دەکەن لە گەڵ بزووتنەوەی کورد، تورکییەی کۆماری یان دین. وەڵامەکان زۆر گرینگ بوون.هەر کۆچەرۆ بوو کە هەموو دەیانناسی و هیچ کەس سەعیدی نوورسی نەدەناسی، بارزانی لە پلەی دوویەم دا بوو، لە ٣٧ وەڵامدەرەوە، ٣٣ کەسیان دەیانناسی. گویرسەل و ئاتاتورک لە ریزی زۆر خوارەوەتر دا بوون، ٢٢ و ٢٠. تەنێ ٨ وەڵامدەرەوە شێخ سەعیدیان دەناسی، ئەوەش نیشانی دەدا کە ئەو سەرهەڵدانە کوردیە بەشێک لە مێژووی لە بیر دا ماوی ئالیکان نەبووە. تەنانەت سوڵتان عەبدولحەمیدی دوویەم کە زۆر لە عەشیرەتە کوردەکانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ هەمدا وەک میلیشیا ڕێکخست و لە ساڵی ١٩٠٩ لە سەر تەخت لا درا، پلەی بەرزتری بەدەست هێنا، ١٤ کەس لە بیریان بوو. [١٥]
پرسیارێکی دیکەی کە خۆی لە پێشوەچوونێکی زۆر گرینگ دەدا ئەوە بوو " ئێوە زیاتر گوێ لە کام ڕادیو دەگرن؟" ئەو دەمی ڕادیۆی ترانزیستۆر تازە داهاتبوون و کاردانەوەیەکی زۆریان هەبوو لە سەر کوردان سەبارەت بە زانیاری پەیدا کردن لە سەر دەور و بەریان و لەمەر ناسێنەی نەتەوەیی خۆیان. [١٦] گشت وەڵامدەرەوەکان گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت، بەڵام هیچ کامیان باسی ئیستگەیەکی ڕادیۆیی تورکی یان نەکرد. لە ڕاستیدا، نیوەیان زیاتر گوێیان لە ڕادیۆی یێرەوان هەڵدەخست ( کە بە زمانی کورمانجی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە، ئەو لەهجە کوردییەی کە لە لەهجەی ئالیکان خۆیان، لەهجەی هەرە نیزیکە)؛ سێ بەشی دی گوێیان لە ڕادیۆی تاران هەڵدەخست، کە ئەویش بە چەندین لەهجەی کوردی بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. [١٧] وەڵامەکان نیشان دەدەن کە تاچ ڕادەیەک زمان و ڕەنگە لایەنگریی، کوردە کۆچەرەکانی لە تورکییە جوێ دەکردەوە.

**٢.تێبینییەکان سەبارەت بە سەرهەڵێنانی بزووتنەوەیەکی کوردی**

بەشیکچی چاوەدێرێکی نیزیکی بە سیاسی بوونی بەکاوەخۆی کوردەکان بوو. بە دوای یەکەم " کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات" دا، کە تێیدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە خەریک بوو سەرهەڵێنێ خۆی دەرخستبوو، ئەو بابەتێکی درێژی نووسی و تێیدا شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی کرد سەبارەت بە سەرهەڵێنانی ئەو بزووتنەوەیە و تەبیعەتی داوخوازەکانی. [١٨] بابەتی سەرەکی ئەو ووتارانەی لەو کۆبوونەوانە دا دەدران سەبارەت بە دواکەوتوویی و پێشوەنەچوونی ڕۆژهەڵاتی تورکییە بوون.زۆربەی ووتاردەران هۆکاری ئەوەیان بە خەمساردی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئانکارا دەزانی لە ئاست هەرێمەکە ؛ خەتا لەو پێوەندییە "فێئۆداڵ" یانەش دەگیرا کە لە هەرێم لە گۆڕێ دا بوون. لەم بابەتە دا بەشیکچی شیکردنەوەی خۆی بە بەڵگەهێنانەوە بۆ پشتیوانی لە قسەکانی ئەو جۆرە ووتاردەرانە دەست پێدەکا.
بە بەکار هێنانی هەژمار لە سەرچاوەی جۆر بە جۆری ڕەسمییەوە، ئەو نموونەی سادە بەڵام جێی باوەر کە نیشانەی دواکەوتوویی هەرێم و کەمتەرخەمی لەگەڵ کردنێتی بە دەستەوە دەدا. لە کاتێکدا هەرێمەکە ٢٢ لە سەدی خاکی تورکییە و ١٣ لە سەدی دانیشتووانی پێک دەهێنێ، تەنێ ٣،٣ لە سەدی تراکتۆر و ٤،٧ لە سەدی ماشێنی درویێنەی لێیە. پاشەکەوت لە هەرێم دا تەنێ دەکاتە ٢،٣ لە سەدی پاشەکەوتی نەتەوەیی. لە مەر خزمەتی لەشساخی گشتی و خوێندنگەیان --- نیشانەیەک لە شێوەی تێروانینی حکوومەت لەمەڕ ڕۆژهەڵات--- ڕۆژهەڵاهەت تەواو لە دواوەوەی بەشەکانی دیکەی ووڵاتە. ئەو خوێندنگە ناوەندییانەی کە لە ڕۆژهەڵات هەبوون بە پێی ئاکامی تاقیکردنەوەکان لە ئاستی نەتەوەیی [سەرتاسەری] دا زۆر لە خوارەوە بوون. [١٩]
پێوەندییە "فێئۆدال" یەکان --- خاون موڵکێتی گەورە، دابەشکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی،بەسترانەوەی تەواوی وەرزێران بە ڕێبەرانی دینی یان عەشیرەتی --- هیشتا لە ڕۆژهەڵاتی تورکییە زۆر باو بوون و، بەشیکچی نیشان دەدا هەلوێستی ئاغا " فێئۆدالەکان" لەوەتا ساڵانی ١٩٥٠ کان لە جیات ئەوەی لاواز بووبێ، بەهێزتریش بووە. تێپەڕبوونی تورکییە بۆ سیستمی دێمۆکراسی فرە پارتێتی بە هەڵبژاردنی گشتییەوە ئەو ئاغایانەی کردووە بە دەنگ وەرگرانی پارتییە ڕەقەبەرەکان، کە بۆ ئەوە لە جیاتیان پشتیوانی جۆر بە جۆریان لێ دەکرێ و دەستەلاتیان دەدرێتی.ئەو جۆرە پێشوەچوونە ئابوورییە بە ئاڕاستەی نایەکسانی و نابەرانبەری گەورەتردا هەڵدەسوورێ چ لە ئاستی ناوچە و چ لە ئاستی نەتەوەیی دا. تا ئێرە شیکردنەوکەی بەشیکچی لە گەڵ بۆچوونە زانستکارە پێشکەوتوو و بەرعۆدەکانی دیکە جۆر دێتەوە و، لە ڕاستیدا ئەو پێزانی خۆی لە ئاست مانۆستاکانی موبەجەجەل کرای و فەهمی یاوز دەردەبڕێ.

لە گەڵ ئەوەشدا، بەشیکچی هەنگاوێک بەرەو پێشتر دەچێ و، نیشان دەدا کە قسەکانی دژی "فێئۆداڵی" کەماڵیستی بە سیاسەتی جیدی دژی " فێئۆدالی" وەدی نەهاتوون. ئەو هەنگاوانەی کە وا نیشان دراون بە مەبەستی هەڵوەشانی " فێئۆدالیزم" کرا بن، وەک دوورخستنەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان (ئاغاکان) بە دوای سەرهەڵدانە کوردییەکانی ساڵانی ١٩٢٠ کان و ١٩٣٠یەکاندا، هیچیان نەکرد بۆ گۆڕینی تەبیعەتی پێوەندییەکانی وەبەرهێنان لە هەرێم دا.
ئاغا دوورخراوەوەکان توانیان بە ساڵان دواتر بگەڕێنەوە گوندەکانیان و هەڵکەوت و ئەرکی کۆنی خۆیان بە دەست بهێننەوە چونکە هیچ دامەزراوەیەکی بەدیل لە جیات قەوارەی ئەوان پێک نەهاتبوو. [٢٠] دوورخستنەوەی هەر تازە ، کە ٥٥ سەرۆک عەشیرەتی وەبەر گرت بە دوای کودەتای ئەرتەش لە ساڵی ١٩٦٠ دا کرا.بەشیکچی دەڵێ دوورخراوەکان بە هەڵکەوت هەموویان دەنگ وەرگرانی پارتیی دێمۆکرات بوون و ئەو هەنگاوە بە دژی پارتیی دێمۆکرات [ی تورکییە] و هەستی نەتەوەیی کورد کرا، تا ئەوەی کە بە دژی "فێئۆدالیزم" بێ. [٢١]دوورخستنەوەی بە زۆرە ملێی ئەو ٥٥ ئاغایە بابەتێک بوو کە زۆر جار لە کۆبوونەوە و میتینگەکاندا باسی لێوە دەکرا. بەشیکچی لە زمان یەکێک لەو ٥٥ کەسەوە، فایق بوجاک ( کە لە ساڵی ١٩٦٥، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتیی نهێنی دێمۆکراتی کوردستانی تورکییە بوو ) دەگێڕێتەوە و دەپرسێ بۆچی خاونموڵکی زۆر دەوڵەمەندتر کە لە باری سیاسییەوە متەقیان نە دەکرد کەس خۆی تێنەگەیاندن. [٢٢]
بەشیکچی زۆر جار دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتە کە دوورخستنەوەی ئاغاکان بەشێک بووە لە سیاسەتی دژی کوردی و نەک دژی فێئۆدالی و، ئەو زۆر بە پتەوی دایگرتەوە کە " پرسی ڕۆژهەڵات " ( بەو نێوەی کە هێشتا پرسی کورد هەڵدەدرا) تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەتەکانی حکوومەتە. لە بابەتێک دا کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە زانکۆی هاجەتەپە، لە نێو ئامادەبووانێک دا پێشکێشی کرد کە لە زانستکارانی هەڵکەوتووی کۆمەڵایەتی تورکییە بوون، ئەو ئەو بابەتەی لە گەڵ چەندین شتی دیکە دا لێکبەست. [٢٣] بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی مستەفا کەماڵ دژی ئەمپریالیست بووە بەڵام قەت دژی فێئۆدال نەبووە.ئەوە هەڵەیە کە "پرسی ڕۆژهەڵات" بە ئەو پێوەندە فێئۆدالییانە بزاندرێ کە ئێستا لەوێ لە گۆڕێ دایە، "فێئۆدالیزم" تەواو لە بەر سیاسەتی حکوومەت درێژە بە مانەوەی دەدا و ئەو سیاسەتانەی حکوومەتیش بەشێکی لە ترسی ناسیۆنالیزمی کوردە. هەژاری ڕۆژهەڵات لە بەر کەمتەر خەمی بە ئانقەست و بە هێندێک لایەنی سیاسەتی تواندنەوەوە خراپتر دەبێ؛ بۆ وێنە، زەوییەکانی دەوڵەتی لە هەرێم، دران بەو کۆچبەرانەی لە باڵکانەوە هاتوون لە جیات ئەوەی بدرێن بە وەرزێرانی هەژاری کورد. لەو نووسینە دا، بەشیکچی بە توندی ڕەخنەی لە زانستکارانی کەماڵیست گرت کە ڕاستی ڕەسمییان لە مەڕ "ڕۆژهەڵات" دامەزراندووە و ڕەهەندی ئێتنێکی پرسی ئەوێیان بە تەواوی بە نەبوو داناوە. ئەوە ئاخر جار بوو کە ئەو بانگهێشتن بکرێ بۆ قسە کردن لە کۆنفڕانسێکی ڕەسمی زانستکارانە دا لە تورکییە.
ئێمە لێرەدا تۆوی ئەوە دەبینین کە بوو بە نێوەندی هێرشی بەشیکچی لە کاری دواتری دا، ڕەخنە و سەرکۆنەیەکی سیستماتیکی ئیدێئۆلۆژی و پراتیکی کەماڵیستی. لە زانایەکەوە کە لە سەر کوردان دەکۆڵێتەوە بەرە بەرە بوو بە پارێزەرێکی کوردان. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ دا ئەو هێشتا هەر چاوەدێرێکی لایەنگر بوو کە، بە شێوەی کەماڵیستی، ئاواتی ئەوە بوو کێشەکان بە ڕێگای چاکسازی لە سەرەوە ڕا چارەسەر بکا. ئەو نووسی کە کاکڵی گشت پرسەکە لە "ڕۆژهەڵات" بریتی یە لە ئاستی زۆری زەو و زوو ، بەڵام ئەو دەرفەتی کار و خۆراک وەبەرهێنانەی کە لە ئارا دایە دەرەقەتی ئەو گەورە بوونەوەی حەشیمەت نادا. ئەگەرچی پێویستە دەستبەجێ چاکسازیی زەوی و زار بکرێ بەڵام ئەوە بەس نییە؛ دەبێ پلانێکی یەکانگیری کردنی پێشوەچوون بۆ هەرێم گەڵاڵە بکرێ. [٢٤] بەو ئامۆژگاریانە، بەشیکچی خۆی هاو ڕا دەزانی لە گەڵ کۆمەڵناسان و ئابووریزانانی سەرەکی کەماڵیستی ئەوان ساڵان.

## 3.هەنجاندنی ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات

کاری هەرە بەرز و، بە بۆچوونی من ئی هەرە جێی سەرنجی بەشیکچی 'دۆغو ئانادۆلەنون دوزەنی' ( نەزمی ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات) یە کە یەکەم جار لە ساڵی 1969 دا بڵاو بووەوە. [ ٢٥] لەو کتێبە دا ئەو حەول دەدا چەمکی مارکسیستی وەخۆ بکا و بەکاریان بهێنێ بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵی کوردی و پێواژۆی ئەو گۆرانە کۆمەڵایەتی – ئابووری و سیاسییانەی کە ڕوو دەدەن. حەول دەدا عەشیرەتی کۆچەر و کۆمەڵی وەرزێری بە پێی شێوەی وەبەرهێنان و لێکۆڵینەوەکانی لە مەڕ تێوەهاتنی نایەکسانی سەرمایەداری بۆ نێو بەشە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانی تورکییە شی کاتەوە. بە ئاشکرایی بەشیکچی ئەو لێکۆڵینەوەیەی بە مەبەستی پێدانی پاریدەیەکی سەرەکی بەو دمەتەقەی بوو کە ئەو دەمی لە نێو چەپی تورک دا هەبوو سەبارەت بە تەبیعەتی ئابووری تورکییە: داخودا فێئۆدال،

نیوە فیئۆدال یان سەرمایەداری بوو، یان شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی بە سەر دا زاڵ بوو؟ ئەو پرسیارە ئاکامی ئاشکرای هەبوو بۆ ئەو ستراتێژییە شۆڕشگێڕانەیەی کە دەبوو پێڕۆیی لێ بکرێ و، شوێنێکی گەورەی هەبوو لە سەر ئەو لەیەک داپڕانانەی کە لە نێو بەرەی چەپ دا ڕوویان دا.

ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کە بەشیکچی لە پێشەکی ئەو کارەی خۆی دا بۆ شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێشکیشی دەکا وەنەبێ زۆر مووقەڵێشانە و زانایانە بێ. ئەو پشتی بەو ئەدەبییاتی تیۆری مارکسیستی بەستبوو کە ئەو دەمی لە بەر دەست دا بوون و، جارێ زۆر بەرتەنگ بوون و بەگشتی جۆری هەرە تۆبزی خوازانەی ماتریالیسمی مێژوویی بوون. لەو ڕووەوە بەشیکچی لە هاوچەرخەکانی جیاواز نەبوو؛ ئەو شتەی کە ئەوی لە خەڵکی دیکە جوێ دەکردەوە حەول و تێکۆشانی وی بوو بۆ باس کردنی هەڵکەوتی بن دەستانەی کوردەکان لە تورکییە لە چوارچێوەی قالبی ئاڵوگۆڕ و نەشو نمای کۆمەڵایەتی دا لە فیئۆدالیزمەوە بەرەو بازرگانی، سەرمایەداری سنعاتی و سەرمایەداری ماڵی تا سۆسیالیزم. لە پرۆژەکەی ویدا نەتەوەکان لە ژێر نەزمی سەرمایەداری بازرگانی دا سەر هەڵدێنن و لە چاخی سەرمایەداری سنعاتی دا لە سەر پێی خۆیان ڕادەوەستن، بەڵام نەزمی سەرمایەداری ماڵی بە پەیدا بوونی نەتەوەی سەردەست و دەوڵەتانی کۆلۆنیالەوە لکاوە. تەنیا لە سیستمی سۆسیالیزم دایە کە پێوەندی یەکسان لە نێو نەتەوان دا دەلوێ. [٢٦] بە بێ ئەوەی بەشیکچی بە ئاشکرایی ئاماژەی پێ بکا لێرە دا هێما بە تیورییەک دەکا کە کوردە چەپ ئاژۆیەکان پێشیان خستبوو، کە تورکییە دەوڵەتێکی کۆلۆنیاڵە و کوردەکانیش نەتەوەیەکی موستەعمەرە کراون. لەو پرۆژەیە دا، زۆرداریی لە کوردان، ئاکامی بەرەوپێشچوونی نایەکسانی سەرمایەداری یە و بە تێپەڕین بەرەو سۆسیالیزم بە باشترین شێوە کۆتایی پێ دێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر سەرنجڕاکێشتر لە تێبینییە تیۆرییەکان لەو کارە دا بەشی ئەزمونی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو. لێرە دا لێکاڵا کردنەوەی عەشیرەتی کۆچەری ئالیکان لەگەڵ شیکردنەوەی شکڵەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی – ئابووری لە کوردستان بەراوەرد دەکرێ، بەتایبەتی لەو هەرێمانەی کە گۆڕان لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان دا بەچاو دەبیندرێن. هەرێمی بە شێوەی جۆر بە جۆری موڵکایەتی و شێوەی جۆر بە جۆری دابەشکردنی کار و سەرچاوەکان دە نێو گرووپە ئێتنیکییەکان دا بە یەکەوە بەراوەرد کراون بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە، بۆ نموونە بۆچی لە سیاسەت دا قارس بە شێوەی سەرەکی پێشکەتووە و ئەرزوروم کۆنەپارێزێکی توندە. دیاربەکر وەک هەرێمێک باس دەکری، کە لە بەر مێکانیزە کردنی کشتوکاڵ، تێیدا پێوەندی " فیئۆدال"ی لە نێوان خاونموڵک و وەرزێران دا گۆڕاوە و بووە بە پێوەندی خاوەنکار- کرێکار بە بێ ئەرکە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان. لە ویلایەتی ئورفا، کە گەورەترین خاوەنموڵکێتی تێدایە. میکانیزە کردنی کشتوکاڵ وەرزێرەکانی نەکردووە بە کرێکار بەڵام لە کار و بێکاری کردوون.بەشیکچی لە قازیانتەپ و سیرتێ،تێپەڕێن بەدی دەکا لە سنعاتی چنین دا، واتە بەرهەمهێنان لە ماڵێ ( بۆ پەیمانکارێکی کەرەستە دەدا و بەرهەمەکان دەکڕێ)بەرەو بەرهەمهێنان لە کارگە بە دەست ئەو کرێکارانەی کە مووچەی کەم وەردەگرن. لە کتێبەکە دا دەوری گرینگی قاچاغچێتی لە ئابووری دا لە ناوچەکانی سەرسنووری سوورییە و ئێران شی کراوەتەوە و بە دوویدا پەیوەستێکی کورت هاتووە سەبارەت بە جەردەیی کۆمەڵایەتی، وەک عادەتێک لە کوردستان، کە بەشیکچی ئەوەش بە شێوەی موڵکداری دەبەستێتەوە.

بە پێچەوانەی تێزەکەی، ئەو کتێبە لە سەربنەمای وتووێژ بە پرسیارنامە، سەرچاوەی زۆر و زەوەندی زارەکی و نووسراو هەڵنراوە ( لەوانە ووتاری زۆری نێو ڕۆژنامان)، جگە لەو شتانەی کە ڕاستەوراست بە چاوی خۆی دیتوونی. ئەگەرچی ئەو کتێبە، لە هێندێک جێ دا کەمووکوری تێدایە، بەڵام لە سەریەک لە ڕووی شیکردنەوەی بە ووردە ڕیشاڵەوە زۆر دەوڵەمەندە و، لێی دەوەشێتەوە بە یەکەم لێکۆڵینەوە دابندرێ کە جۆراوجۆری و تێکەڵاوی زۆری هەرێم، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ستروکتووری کۆمەڵایەتی لەوێ و، ئاڵۆزکاوی و پێچەڵپێچی دینامیکە کۆمەڵایەتییەکانی وەڕوو دەخا. ئەو هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتی ئابوورییە بە چەند فەسڵی کورت لەمەڕ ئابووریی سیاسی دین تەواو کراوە. ئەو لێکۆڵینەوەی بەشیکچی وەنەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ماک بێ سەبارەت بەو بابەتە و ، ئەو هیچ لێکدانەوەیەکی تازەشی لە سەر دەر نایێ، بەڵام بەو کارەی ئەو زانیاری بە کەلکی سەبارەت بە پێوەندی نێوان سوننی – عەلەوی ، دەوری شێخانی تەریقەتە سۆفییەکان و، جووڵانەوە دینییەکان و فیرقەکان لە هەرێم دا کۆ کردووەتەوە.

بەشی دووەمی کتێبەکە باسی سەرهەڵێنانی پرسی کوردە لە تورکییە وەک مەسەلەی نەتەوەیی. بەشیکچی لە بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان عەشیرەت و دەوڵەت دەکۆڵێتەوە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و بەراییەکانی سەروبەندی کۆماری دا. لەو چوارچێوەیە دا، ئەو لەگەڵ شتی دیکە دا، سەرهەڵدانە کوردییەکانی ساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠یەکان،سیاسەتەکانی تواندنەوەی حکوومەتی نێوەندی، بەهێزکردنی هەڵکەوتی ئاغاوەت بە دوای گۆڕان بەرەو سیستمی فرە پارتییەتی و، هەیەجان و هەڵپەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە ساڵانی ١٩٦٠ کاندا شی دەکاتەوە. ئەوە یەکەم حەولی جیدی بوو بۆ نووسینی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەکان لە تورکییە و، بۆ ماوەیەکی درێژ هیچ کارێکی دیکە شانی لە شانی نەدەدا.

لەو کتێبە دا بەشیکچی ڕوانگەی کەماڵیستی کە بۆ نووسینی تێزی دوکتورایەکەی ڕەچاوی کردبوو وەلا ناوە،ئەگەرچی ئەو زۆر لەو وێژمانە مارکسیستییەی کە ئەو دەمی زاڵ بوو زۆر نیزیکە، هۆی هەبوونی پرسی کورد داناشکێنێ بۆ پاشکەوتوویی و فێئۆدالیزم. بە پێچەوانە، ئەو بڵاو بوونەوەی ووشیاریی نەتەوەیی کورد دەبەستێتەوە (لە نێو توێژەکانی جگە لە نوخبەی نەریتی) بە شل بوونەوەی ڕایەڵ ویۆی فێئۆدالی و پەیدا بوونی پێوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە هەرێم دا. بەشیکچی ئەو پێشفەرزەی کەماڵیستی پووچەڵ دەکاتەوەکە گۆیا مۆدێرن کردن بە پێویستی جوراجوری و تێکەڵ بوونی ئێتنیکی ناهێڵێ و نەتەوەیەکی بەهێزی تورک ساز دەکا.لە ڕوانگەی بەشیکچی دا ، کوردەکان کە هێشتا نەتەوە نین،هەرکە هاتوو پێوەندییە فێئۆدالییەکان نەمان بە پێویستی دەبن بە نەتەوە.

کتێبەکەی بەشیکچی ئەو شوێنەی نەکرد کە لێی دەوەشاوە.ئەو بابەتانەی ئەو لێیان دوا زۆر هەستیار بوون و،کتێبەکە مشتومڕێکی زۆری ساز نەکرد،نە لە کۆڕ و کۆمەڵی ئاکادێمێک و نە لە نێو ئالقەی ڕووناکبیرە چەپەکاندا. دەوروبەر و موحیتی هەرە ڕاستەوخۆی ئاکادێمێک،زانکۆی ئاتاتورک لە ئەرزەروم، کە ئەو هێشتا لەوێ جێگری پرۆفێسۆر بوو، زۆر بێزار بوو لەو بابەتەی کە ئەو بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵبژارد بوو و، هەنگاوی ناوە بۆ سزا دانی.دوای لێکۆڵینەوەیەکی ئیداری، ئەو لە سەر کار لا درا، لە بەر ئەوەی بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە قانوونی بنچینەیی تورکییەی پێشێل کرد بوو.

(پاراگرافی لە مەڕلە دابەش نەشیانی ووڵات) بەشیکچی بە سەرکەتووییەوە بە دژی ئەو بڕیارە داوای پێداچوونەوەی لە شوورای دەوڵەت کرد، کە ئەو شوورایە بڕیاری لە سەر کار لادرانی وی هەڵوەشاندەوە، بەڵام زانکۆکە دەستی لەوەگێڕاوە وەری بگرێتەوە و کارەکەی بداتەوە.دوای دەستتێوەردانی ئەڕتەش لە ١٢ی مارسی ١٩٧١ و ڕاگەیاندنی قانوونی نائاسایی، سەرۆکی زانکۆی ئاتاتورک و سەرۆکەکانی دانیشکەدەکان لە لای فەرماندەرانی نیزامی گازندەیان لە بەشیکچی کرد و مەحکوومیان کرد. هێندەی پێ نەچوو، بەشیکچی گیرا و بە تاوانی بانگەشەی کۆمۆنیزم و دژی نەتەوەیی محاکەمە کرا. کەسانی بەرپرس لە زانکۆ و هاوکارەکانی لە دادگە بە دژی وی شاهیدییان دا و، تاوانباریان دەکرد بە بانگەشە کردنی کۆمۆنیستی و کوردی لە دەرسەکانیدا. تەنیا بەڵگەنامەیەکی مادی بە دژی وی کە پێشکێشی مەحکەمە کرا کتێبەکەی و چەند ووتار بوون کە کورتەی نێوەرۆکی کتێبەکەی تێدا بوو. مەحکەمە بڕیاری ١٣ ساڵ زیندانی بۆ بەشیکچی بڕییەوە لە بەر پێشێلکردنی لە دابەش نەشیانی نەتەوەی تورک. [٢٧]

### کارەکانی بەشیکچی لە ساڵەکانی ١٩٧٠کان: ڕەخنەیەکی سیستماتیک و بێ پسانەوە لە کەماڵیزم

بەشیکچی پێویست نەبوو هەر ١٣ ساڵەکە لە زیندان دا بمێنێتەوە. ئەو لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٤ لە لێبوردنێکی کە لە لایەن حکوومەتی ئەجەویت – ئەرباکان ڕا ڕاگەیێندرا کەلکی وەرگرت و لە زیندان هاتە دەرێ. لە دانیشکدەی زانستی سیاسی لە ئانکارا داوای کاری کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەوە هەمان ئەو شوێنەی بوو کە لە ساڵی ١٩٧٠ بە ڕواڵەت پێی خۆش بوو کاری بداتێ. ئەو ئیدی قەت دەرفەتی کار کردنی لە زانکۆ پێ نەدرا و لەوەی دواوە درێژەی دا بە لێکۆڵینەوەکانی خۆی وەکوو زانستکارێکی سەربەخۆ، لە هەلو مەرجێکی نادیار و خراپی ئابووری دا.هاوکارەکانی هاوپێوەندییەکی کەمیان لە گەڵ نیشان دا یان هەر هیچ پشتیوانییەکیان لێ نەکرد و خۆیان لێ دەدزییەوە ، لەوە دەترسان بە هەستان و دانیشتن لە گەڵ بەشیکچی ئەوانیش ببەسترێنەوە بە "جیاوازیخوازی" کوردی.بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەو لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دا نێوبانگی دەرکردبوو و، کوردەکان حەولیان دا یاریدەی بدەن لە لێکۆڵینەوەکانی دا،یارمەتییان کرد بۆ دەستراگەیشتن بە زانیاری بڵاو نەکراوە و بەڵگەنامەی ڕێزپەڕ. ئەوە وەشانخانەیەکی کوردی، کۆماڵ بوو کە چەندێک لە لێکۆڵینەوەکانی سالانی ١٩٧٠کانی وی چاپ و بڵاو کردەوە. ئەو تاق خستنەوەیەی کە داو و دەزگای ئاکادێمیک و، تەنانەت هاوکارانی چەپی تورکیشی بە سەر بەشیکچی یان دا سەپاندبوو دوای ئەوەی ئەو " دۆغو ئانادولونون دوزەنی" بڵاو کردەوە هەر تەنێ لەبەر ترس و نیگەرانی لە کارێری ئاکادێمیکی خۆیان نەبوو، ئەگەرچی ئەو لایەنەش لە شێوەی جموجووڵیان لە گەڵ بەشیکچی دا دەوری هەبوو. ئەو ئاکادێمیکانەش کە لە بزووتنەوە مارکسیستییەکاندا بەشدار بوون مەترسی کارێریان بۆ دۆستە نیزیکەکانیان ساز دەکرد، بەڵام هیچ کامیان ئەو تاق هێشتنەوەیان نە ئەزموو کە بەسەر بەشیکچی هات.زۆر لە ڕووناکبیران بە توندی دژی بەرعوۆدەییەکانی بەدەرەوەی بەشیکچی بوون لە ئاست دۆزی کورد، کە ئەوە باوەڕە ئیدێئۆلۆژییەکانی ئەوانی سەر و بن دەکرد. بە داگرتنەوەی ئەوەی کە ئێتنیسیتی ڕاستییەکی گرێدراو بە ژیانی کۆمەڵایەتی یە، بە دانانی ناسیۆنالیزمی کورد وەک شتێکی بەڵگە نەویست بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەر وەک ناسیۆنالیزمی تورک و بە بردنە ژێر پرسیاری خەسڵەتی دژی فێئۆدالی و گۆیا پێشکەوتووی کەماڵیزم، بەشیکچی بوو بە چقڵی ڕیشەی جیهانبینی کەماڵیستەکان و هەر وەها سوسیالیستە تورکەکان. هەر دووک لایان، ناسیۆنالیزمی کوردیان، بە هێزێکی کۆنەپەرستانە دادەنا بە تایبەتی ئەگەر لەلایەن ئاغاوەت و شێخانەوە، نوێنەرایەتی بکرێ و، پییان وابوو ناسیۆنالیزمی کورد دەکرێ لە ڕووی توانایەکییەوە خزمەت بە ئەمپریالیستی دوژمن بکا بە دابەشی کردنی نەتەوەی تورک،یان چێنی

کرێکار،یان گشت هێزە پێشکەوتووەکان( کە ئەوە دەکرێ ببێ) و، دەبێ هەرچۆنێک بێ بەچۆک دابهێندرێ. تەنێ بە قەبووڵی ئەوەی کە ئێتنیسیتی کورد هەیە و لە گۆڕێ یە و ناسیۆنالیزمی کوردی ئاخرەکەی گەشە دەکا، بەشیکچی یان لە بەرەی دوژمن وەحیساب دەهێنا. [٢٨]
زۆربەی بەرهەمە ڕووناکبیرانەکانی بەشیکچی لە ساڵانی ١٩٧٠ کاندا بە دژی گریمانە شاراوەکان و خۆ هەتەڵەکردنی بە ئانقەستی ئەو جۆرە هاوکارانەیەتی کە ئەو کارەکانیان بە نازانستی دەزانێ و ڕەخنەیان لێ دەگرێ.گشت نووسینەکانی ئەو دەساڵانەی لە نێوەکانیان دا ئاماژە بە " مێتۆدی زانستی" دەکرێ و مەبەست لە نووسینیان یارمەتی کردنە بە ڕەخنەگرتنێکی سیستماتیک و بێ پسانەوە لە سیاسەتەکانی کەماڵیستی، ئیدێئۆلۆژی کەماڵیستی و، بە تایبەتی، مێژوونووسی کەماڵیستی لەمەڕ تورکییە. زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی بەشیکچی سەبارەت بە سیاسەتەکانی کەماڵیستی لەمەڕ کوردان یەک لەو حەولە یەکەمە جیدییانە پێک دەهێنێ کە هەتا ئێستا لە تورکییە کراوە بە پێداچوونەوە بە مێژووی کۆمار دا. [٢٩] ئەو زنجیرانە ٧ بەرگن ، بەڵام تەنێ سێی یەکەمیان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ کاندا بڵاو بوونەوە، چوارەکەی دیکەشیان هەر لەو سەر و بەندی دا تەواو بوون بەڵام تا ساڵانی ١٩٩٠ کان نەکرا چاپ بکرێن. تەنانەت ئاواش، نەک هەر تەنێ سێی یەکەم لەو زنجیرەیە دا بەڵکوو چوار بەرگەکەی دیکەش هەر بە دەرکەوتنیان دەستبەجێ قەدەغە کران، بەشیکچی ڕاو نرا و بۆ هەر بەرگەی کە نووسیبووی حوکم درا. [٣٠] بەشیکچی بە کۆمەڵ نێوی ئەو زنجیرەیەی نا مێتۆدی زانستی: پراکتیس لە تورکییە، ناوی بەرگەکان ئاوایە:

١.کورتلەرین مەجبووری ئیسکانی ( نیشتەجێ کردنی زۆرەملێی کوردەکان، ئانکارا: کۆماڵ، ١٩٧٧)

٢.تورک تاریهتێزی، ' گیونەش دیل تێئۆریسی' ڤە کورت سۆرونو ( تێزی مێژووی تورک، ' تیۆری زمانی ڕۆژ' و مەسەلەی کورد، ئانکارا: کۆماڵ، ١٩٧٧)

٣.جومهووریيەت هاڵک فرکاسی توزوگو (١٩٢٧) ڤە کورت سۆرونو ( ئەساسنامەی پارتیی کۆماریخوازی گەل لە ساڵی ١٩٢٧ و مەسەلەی کورد، ئانکارا: کۆماڵ، ١٩٧٨)

٤.تونجەلی کانونو (١٩٣٥) ڤە دەرسیم ژەنۆسیدی ( قانوونی لە مەڕ تونجەلی لە ساڵی ١٩٣٥ و جێنۆسایدی دەرسیم، ئەستەنبووڵ: وەشانخانەی بەڵگە، ١٩٩٠).

٥.ئۆرگەنەراڵ موگڵالی ئۆڵاییː ئۆتوزئویچ کورشون ( ڕووداوی ژەنەڕاڵ موگڵاڵی: سی و سێ گوللە ، ئەستەنبووڵ، بەڵگە، ١٩٩١)

٦.جومهووریيەت هاڵک فرکاسنین پرۆگرامی (١٩٣١) ڤە کورت سۆروم ( بەرنامەی پارتیی کۆماریخوازی گەل لەساڵی ١٩٣١ و پرسی کورد، ئەستەنبووڵ، بەڵگە، ١٩٩١)

٧.کوردیستان ئویزەریندە ئەمپەریالیست بوێلوێشێوم موجادەلەسی ١٩٢٥-١٩١٥ ( شەڕی ئیمپریالیستی بۆ دابەشکردنی کوردستان، ١٩٢٥ – ١٩١٥، ئانکارا: یورت کیتاپ – یایین، ١٩٩٢).

ئەو کارانە کەرەستەی مێژوویی گرینگیان خستە بەردەستان کە تا بڵاو بوونەوەیان لەو کتێبانە دا وەدەست هێنان و پەیدا کردنیان زەحمەت بوو، یان بە ئانقەستە لە لایەن زۆربەی مێژوونووسانەوە لایان لێ نەکرابووەوە.لەهەر کام لەو کتێبانە دا بەشیکچی هەوڵ دەدا بیرە پەسندکراوەکانی کەمالیستی بەرپەرچ بداتەوە بەڕێگای دیسان خوێندنەوەی بەڵگەنامە ئەسڵییەکانی نێو بزووتنەوەی کەماڵیستی و ڕێژیمی کەماڵیستی.
بەرگی یەکەم باسی قانوونی دامەزران و ماڵ دانانی ساڵی 1932 دەکا، کە بە بەردەوامی وەک چوارچێوەیەکی حقووقی بەکارهێندرا بۆ دۆرخستنەوەی بە کۆمەڵی کوردەکان وەکوو ئامرازێکی تواندنەوە.بەشیکچی نەک هەر دەقی قانوونەکە و شیکردنەوەی حکوومەت بە دەستەوە دەدا بەڵکوو بە دوور و درێژیش ئەو قسانە دەگێڕێتەوە کە لە پارڵمان دا لە سەر ئەو قانوونە کراون و هەر وەها بۆچوونی پسپۆڕە ئاکادێمیکەکانی هاوچەرخیش باس دەکا. قانوونەکە پێشبینی گواستنەوەی بە کۆمەڵی دانیشتوانی کوردی کرد بوو لە ناوچەی هەستیارەوە کە لەو شوێنانەدا زۆربە بوون لە چاو ئەو جێگایانەی کە تێیاندا تورکەکان زۆربە بوون و دامەزراندنی " خەڵک بە کولتووری تورکی یەوە" لەو شوێنانەی کە چۆل کرابوون.

تەنیا هەرێمێکی کوردستان کە ئەو قانوونی دامەزراندن و ماڵ لێدانانەی بە تەواوی و بە شێوەیەکی سیستماتیک لێ جێ بە جێ کراوە دەرسیمە، واتە ئەو هەرێمەی کە بۆ ماوەی درێژ لە واقعییەت دا جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی پاراستبوو. لە بەرگی 4 دا، بەشیکچی بە ووردەڕیشاڵ باسی ئەو ڕووداوانە دەکا کە بە سەر ئەو وێلایەتە بێ بەختە هاتووە.
قانوونێکی تایبەتی لە ساڵی 1935 ئەو ویلایەتەی خستە بەر فەرمانڕەوایی نیزامی، ئامادەکاری بۆ ئارام کردنەوە کران و ڕووداوێکی پچووک کرا بە سۆنگەی بەربەرەکانی و هێرشێکی بێ بەزەییانەی نیزامی لە ساڵانی 1937 و 1938 دا، کە لەو ڕووداوانە دا ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووان کووژران . زۆر لەوانەی کە ڕزگاریان ببوو و مابوونەوە دوورخرانەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکییە. ئەو بابەتەی کتێبی بەشیکچی کەرەستەیەکی گرینگ بوو کە بۆ جاری یەکەم بوو چاپ دەبوو.
پێشتر ڕیوایەتی کوردی سەبارەت بەوەی لە دەرسیم ڕووی دا بوو هەبوو، کە لە لایەن کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی کوردی خەڵکی هەرێمەکە نووسرا بوو و، هەر وەها مێژووییەکی نیزامی بەربەرەکانی و هێرشەکانی دەرسیم کە لە لایەن بەشی مێژووی ستادی گشتی ئەرتەش ئامادە کرا بوو. [٣١] وەکوو تەواوکەرێکی گرینگی ئەوانە،بەشیکچی بە بەڵگەوە، بۆچوون، ئەنگێزە و دیتنەکانی لایەنی حکوومەتی کۆ کردووەتەوە ، کە گرینگن بۆ ئەوەی ئەو کوشتارانە بە جێنۆسایدی دابندرێن یان نا-- کە دیارە بەشیکچی خۆی بە جێنۆسایدی دەزانێ. [٣٢]
بەرگەکانی ٣ و ٦ی ئەو زنجیرە کتێبانەی بەشیکچی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی پارتیی دەوڵەتی کەماڵیستی، واتە پارتیی کۆماریخوازی گەل و سیاسەتەکانی هەڵدەسەنگێنن. لێرە دا بەشیکچی جەخت دەکا لە سەر شوێنکردنی فاشێزمی ئیتالیایی لە سەر بیرکردنەوەی کەماڵیستی لەو سەرو بەندی دا و، تێزەکەی پێشووتری خۆی سەبارەت بەوەی کە کەماڵیزم قەت دژی فێئۆداڵ نەبووە ڕوونتر دەکاتەوە بە باسی ئەوەی کە پارتیی کۆماریخوازی گەل ( واتە مستەفا کەماڵ یان سەرۆکە ویلایەتییەکانی پارتی) کێیان دانا بوو بە نوێنەری ویلایەتە کوردیەکان.
تێزی سەبارەت بە مێژوی تورک و لەمەڕ تیوری زمانی ڕۆژ ، دوو لەو تیورییە زرە زانستیانەی کە لە ساڵانی دوایی ژیانی دا جێی پەسندی ئاتاتورک بوون و ،ئیدیعایان دەکرد تورکەکان و زمانەکەیان سەرچاوەی هەموو شارستانییەتە گەورەکان بوون لە بەرگی ٢ی کتێبەکەی بەشیکچی دا بە شێوەی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگێندراون. ئەگەر چی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی تورک بە شاراوە و خسووسی ئەوتیۆریانەیان پێ بێ مانا بوو، بەڵام ڕەنگە بەشیکچی یەکەم کەس بووبێ کە ئاوا ئەو تیۆرییە بێ بناغانەی لە قاو دا بێ. [٣٣] بەشێک لە کتێبەکە بریتی یە لە هەڵبژاردەیەک لە بیرورا ڕەگەزپەرستە تورکیستەکان کە لە لایەن لایەنگر و پێرۆیانی ئەو تیورییە ڕەسمییانە دەربڕاون. بەشیکچی نیشان دەدا نکووڵی کردن لە ئێتنیستی کورد لە وێژمانی ڕەسمی کەماڵیستی دا ڕاستەوراست بەستراوەتەوە بەو "تیوری" یە مێژوویی و زمانەوانیانە؛ ئەوە نووسەرانی ئەو قوتابخانەیە بوون کە "بەڵگە" یان ساز کرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کوردەکان بە ڕەگەز و بە ڕیشەی زمانییان تورکی خالیسن. [٣٤]
" سی و سێ گوللە" نێوی پارچە شێعرێکی بەنێوبانگ و ڕاتڵەکێنەرە کە شاعیری تورک – کورد ئەحمەد عارف گوتوویەتی. ئەوە ئاماژەیە بە تیرباران کردنی بە کۆمەڵی ٣٢ لادێیی کورد لە ساڵی ١٩٤٣ بە تاوانی ڕێگری. [٣٥] مەحکەمەیەکی نیزامی بڕیاری دا کە ئەو لادێییانە بێ تاوان بوون. ژەنەڕاڵ موگلالی فەرماندەی ئەرتەشی سێیەم بوو، کە فەرمانی دا و ئەو فەرمانە بە تیرەباران کردنی ئەو خەڵکە تەواو بوو. یەکەم پرسیاری پارلمانی سەبارەت بەو ڕووداوە لە ساڵی ١٩٤٨ دا کرا و، مشتومڕێکی زۆر بەربڵاوتر لەو بارەیەوە لە ساڵی ١٩٥٦ دا کرا. لێرە دا بەشیکچی ڕووداوەکە ساز دەداتەوە و ئەو مشتومڕە گشتییەی کە لێی کەوتەوە باس دەکا و نیشان دەدا ئەو کوشتارە دەرئەنجامی هەلومەرجی سیاسی و بۆچوونەکانی دژی کوردی بووە لە سەروبەندی دیکتاتۆری سیستمی تاقە پارتی دا.
بەرگی ٧، کە لە گشت زنجیرەکە بەرزەفڕ ترە، پێداچوونەوەیەکی گرینگە بە سەر سەردەمێکی گرینگ لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. شەڕی هەوەڵی جیهانی، شەڕی سەربەخۆیی خوازی تورکییە و خەباتی نێوان تورکییە و بریتانیا لە سەر ویلایەتی مووسڵ ( کەم تا زۆر باشووری کوردستان) لە ڕوانگەی کوردییەوە ( و تا ڕادەیەک، لە ڕوانگەی هەرمەنییانەوە) شی کراونەتەوە وەکوو شەڕێکی تاقانانەی بەردەوام کە بووە هۆی دابەش کردنی کوردستان. بەشیکچی لێرە دا زۆر بە ووردی سەرچاوە تورکییەکانی بەکار هێناوە – لە ڕاستییدا زۆربەیان کەماڵیستی – و توانیوە بە بەڵگەوە لێکدانەوەیەک لە مەڕ ئەو سەر وبەندە ئاستە بکا کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازە لە مێژووی ڕەسمی کەماڵیستی.
ماوەیەکی کورت لە دوای بڵاو بوونەوەی یەکەم بەرگەکان، بەشیکچی دیسان گیراوە و محاکەمە کرا. دۆزێکی تایبەتی کراوە بۆ بەرگی دوویەمی ئەو زنجیرەیە. هەر دووک مەحکەمەکان حوکمی زیندانیان بە دوو دا هات، کە پێشی بە بەشیکچی گرت لە سەر لیکۆڵینەوکانی بەردەوام بێ. [٣٦] بەرگی چوارەم لە ساڵی ١٩٧٧ وەک دەستخەت ئامادە بوو و، ئەوانیدی لە ماوەی ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ دا تەواو بوون، بەڵام وەشانخانەی کۆماڵ، بووە هۆی توورەیی و

دڵمەندییەکی زۆری بەشیکچی و بۆ هەمیشە بڵاو کردنەوەی کارەکانی وی ڕاگرت. بەشیکچی لە ساڵی ١٩٨٠ لە زیندان بەر بوو، بەڵام کودەتای ئەڕتەش لە ١٤ی سێپتامبری ئەو ساڵە دەستەبەر بوو کە بۆ زیاتر لە دە ساڵ هیچ شتێک نەتوانێ چاپ بێ. دیسان تاوانی تازە وەپاڵ بەشیکچی درا، ئەو جارە لە بەر نامەی جۆر بە جۆری کە بۆ یونێسکۆ، یەکێتیی نووسەرانی سوێد و شوێنی دیکەی نووسیبوو. لە مانگی مارسی ١٩٨٢ ئەو بە ١٠ زیندان حوکم درا و کوتایی درا بە دووەمین دەورەی کاریێری زانستکارانەی وی.

**دەرئەنجام**

لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ کاندا ، بەشیکچی یارمەتی زانستکارانەی کرد بە کۆمەڵناسی و مێژووی کوردەکان کە ئەو کارانە هەر وا بە نرخ دەمێننەوە و خوێندکارانی کۆمەڵی کوردستان دەیانخوێننەوە. ئەو پێشەنگی مۆدێرنی لێکۆڵینەوەی کوردییە لە تورکییە و گشت زانایانی دواتر کە لە مێژوو و کۆمەڵی کوردیان کۆڵیوەتەوە هەر قەرزداری وی دەمێننەوە ،کارەکانی سەبارەت بە ساڵانی ١٩٧٠کان نە تەنێ هەر وەک لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد بەڵام هەر وەها و تەنانەت بەتایبەتی، یەک لە دوو ڕەخنەی ڕێزپەڕە لە ئیدێئۆلۆژی کەماڵیستی و ئەو پێشداوەرییانەی پێوەی لکاون کە نەتەنێ بە سەر وێژمانی ئاکادێمیک دا زاڵ بوو، بەڵکوو کاردانەوەیەکی گەورەشی هەبوو لە سەر مشتومڕەکانی نێو بەرەی چەپ ئاژۆیان. بەشیکچی زانایەکی بەرعۆدەیە، کە پێی خۆشە کارە زانستییەکانی لەگەڵ زۆرلێکراوان بگونجێ و بۆیان بە کەلک بێ – بۆچوونێکی کە لە ڕۆژئاوا دە نێو خوێندکاران و زانستکارانی جەوان دا زۆر باو بوو لە کۆتاییەکانی شێستەکان و بەراییی ساڵانی ١٩٧٠ کاندا، ئەگەر چی زۆر کەم لەوان شانیان وەبەر ئەو مەترسییانە دەدا کە بەشیکچی کردی.
ئەوە دڵتاوێنە کە زۆرێک لە کارە زانستییەکانی بەشیکچی تەنێ دوای وەخرانێکی زۆر بڵاو بوونەوە یان ( وەک ئەوەی لە مەڕ ' دوغو ئەنادۆلونون دوزەنی') ڕووی دا بە شێوەیەکی زۆر سەقەت بڵاو کراوە و، بۆیە کەمتر یارمەتی کرد بە ورووژاندنی مشتومڕی گشتی کە ئەو نووسینە بەو مەبەستە بوو. تا ئەو کاتەی کە ئاخرەکەی لە ساڵی ١٩٨٢ 'کوردیستان ئوزەریندە ئەمپەریالیست بوێلوشوێم موجادەلەسی ١٩٢٥ - ١٩١٥' لە چاپ دەرکەوت، زۆر کەرەستەی نوێی پێوەندیدار بەو سەروبەندە بڵاو کرابوونەوە و تا ڕادەیەک لە کارەکەی بەشیکچی یان تێپەڕاندبوو و وەپێشی کەوتبوونەوە. بەشیکچی دەستبەجێ دوای ئەوەی لە زیندان بەر بوو، ڕایگەیاند ئەو خەریکی ئامادە کردنی چەندین بەرگی دیکەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تەواو بکا، بەڵام چەقی سەرنجی بە ئاشکرایی بەرەو شوێنێکی دیکە گۆڕابوو.
بزووتنەوەی کورد تا بەرایی ساڵانی ١٩٩٠کان گەیشتبووە قۆناخێکی دیکە و خۆی لە هێرشەکانی پارتیزانی پ.ک.ک. و وەگەڕ کەوتنی هەڕەمەی خەڵک و حەولدان بۆ دامەزراندنی پارتیی قانوونی و ئاشکرای کوردی دا دەردەخست. مەسەلەی ناسێنەی ئێتنیکی،دواکەوتووی و پێشوەنەچوون و زۆرداریی نەتەوەیی کە لە وێژمانی ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠ کاندا نێوەندی بوو ، ئیدی کەمتر باسی ڕۆژ بوون. بەشیکچی تێکۆشانەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی ئەو بە پێداویستییەکانی هەنووکەیی بزووتنەوەی دادەنان، زۆر ووتاری کورت و نووسینی درێژی بڵاو کردنەوە کە تێیاندا دمبەدمەی لە گەڵ ئیدێئۆلۆژی ڕەسمی دەکرد، ڕەخنەی لەو ئیدێئۆلۆژییە و سیاسەتەکانی حکوومەتی تورکییە و کەسایەتییە ناسراوەکانی دەگرت. [٣٧] ئەو هەر وەها شیکردنەوەی لە سەر پ.ک.ک. دەنووسی کە بە بەربڵاوی وا دەبیندرا بۆ ڕەوایی پێدان و دەربڕینی پشتیوانی لە بزووتنەوەکە بێ. [٣٨] گۆڕان لە زانایەکەوە کە سەبارەت بە کوردان دەکۆڵێتەوە و بوونی بە چاوەدێرێکی لایەنگر کە بار و دۆخی کوردەکان شی دەکاتەوە و لەوەوە بوون بە ئیدێئۆلۆژیستێکی شۆڕش، بەشیکچی دەکا بە – فرانتس فانۆن ی کوردەکان-

---------------------------

**پەراویزەکان**

[١]ڕەشنووسێکی پێشتری ئەو دەقە لە کۆنفرانسێک لە زانکۆی بێرلین لە ٢٥-٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧داپێشکێش کرا.
Kemalismus als Herrschafts-und Staatsideologie, Kampagne “Freiheit fur Ismail Besikçi”, Berlin, Humboldt- Universitat

[٢]سەرنجڕاکێشە کە مرۆ لێی وورد بێتەوە کەسێکی دیکە کە هاو تەمەنی بەشیکچی یە و ئەویش لە ئیسکیلیپ لە دایک بووە بوو بە نووسەرێکی بەرچاو سەبارەت بە کوردەکان بەڵام بە باوەڕی و بۆچوونێکی یەکجار زۆر جیاواز لە بەشیکچی. ئەویش عەبدولهالووک چای یە کە لە نێو نووسەرانی ڕاست ئاژۆ و ئیدیئۆلۆژیستە پان تورکەکان دا لە هەموویان جیدیترە و سەبارەت بە کوردان قسە دەکا و لە سەریان دەنووسێ. لە بەڕایی ساڵانی ١٩٨٠ کاندا، کاتێک ئاکادێمیستە چەپ ئاژۆیەکان لە زانکۆکان وەدەر نران، ئەو کەسە بوو بە وانەبێژ و دواتر بوو بە پرۆفێسۆر لە زانکۆی هاجەتەپەی ئانکارا، عەبدولهالووک چای بە ساڵان لە گەڵ پارتیی تیژپەڕی ناسیۆنالیست ( میللی هەرەکەت پارتیسی) کاری کردووە و ئێستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرییانە. کتێبە هەر بە نێو بانگەکانی بریتین لە: ' ئەرگەنەکۆن بایرامی: نەڤرووز ' ( نەورۆز: جێژنی ئەرگەنەکۆنی تورکی، ئانکارا: تورک کولتورونو ئاراشترما ئەنیستیتوسو، ١٩٨٨؛ زۆر جار چاپ کراوەتەوە)لەو کتێبە دا چای حەول دەدا بیسەلمێنێ کە جێژنی بەهاری ئێرانی نەورۆز کە کوردەکان بە جێژنی نەتەوەیی خۆیانی دادەنێن، لە ڕاستیدا، جێژنێکی کەونارای تورکییە کە دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی گورگە بۆر.نووسێنێکی دواتری وی بە نێوی: ' هەر یونویلە کورت دۆسیاسی' ( دۆسییەی کورد بە هەموو لایەنەکانییەوە، ئەستەنبووڵ: توران کولتور ڤاکفی، ١٩٨٤) لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە هەڕەشەی کوردی بۆ سەر تورکییە و حەول دەدا ئەو هەڕەشەیە لە قاو بدا بە نکووڵی کردن لەوەی کە کوردان گەلێک بن. کتێبی هەرە چاوراکێشی وی لێکۆڵینەوەیەکە کە لەگەڵ یاشار کالافات کردوویە سەبارەت بە بەشداری کوردان لە شەڕی سەربەخۆیی خوازی دا : ' دۆغو ڤە گونەی دۆغو ئانادۆلو دا کووایێ میلیيە هارەکەتلەری ( بزووتنەوەی خۆراگری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی، ئانکارا، تورک کولتورونو ئاراشترما ئەنیستیتوسو، ١٩٩٠).

[٣] لیستەیەکی درێژ بەڵام ناتەواوی گوندەکانی تورکی عەلەوی، کوردی عەلەوی و چەرکەزەکان لە ویلایەتی چورومِ کەم کتێبەدا هاتووە:

(Peter A.Andrews, Ethnic groups in the Republic of Turkey (Wiesbaden:Reichert, 1989

[٤] بەشیکچی ئەو شێکردنەوەیە دەبەستێتەوە بە ئەوەی کە چۆن ئەو سەبارەت بە پرسی کورد مرخی تێدا پێک هات. لە پێشەکییەکی نوێ کە بۆ چاپ بوونەوەی تێزەکەی لە ساڵی ١٩٩٢ دا نووسیویە:

Ismail Beşikçi, Doğu'da değişim ve yapısal sorunlar (göçebe Alikan aşireti) (Problems of structure and .change in the East: the nomadic Alikan tribe, Ankara: Yurt Kitap-Yayın, 1992), p. 23

[٥] موزوفەر ئەردۆست حەولەکانی خۆی وەک شیکردنەوەیەکی مارکسستی سەبارەت بە کۆمەڵی عەشیرەتی کوردی لە گۆوارە چەپییەکانی یون و تورک سولو لە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٨ دا چاپ کرد، بیست ساڵ دواتر ئەوان لە کتێبێک دا چاپ کرانەوە.

.(Muzaffer İlhan Erdost, Şemdinli röportajı (Ankara: Onur Yayınları, 1987

[٦]

٦ İbrahim Yasa, Hasanoğlan köyü (Ankara, 1955); İbrahim Yasa, Sindel köyü (Ankara, 1960); Mübeccel Kıray, Ereğli: ağır sanayiden önce bir sahil kasabası (Ereğli: a coastal town before the arrival of heavy .(industry, Ankara, 1964

[٧]نموونەیەکی تایبەتی و هەڵکەوتووی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی سەبارەت بە نایەکسانی لێکۆڵینەوەیەکی موبەججەل کرای ( یەکێک لە مامۆستاکانی بەشیکچی یە) سەبارەت بە پرۆسەکانی جەمسەربەندی ئابووری لە بەر میکانیزە کردنی کشتوکاڵ لە گوندەکانی هەرێمی ئادانا: پروانە

Jan Hinderink and Mübeccel B. Kıray, Social stratification as an obstacle to development: a study of four Turkish villages (New York: Praeger, 1970) and Mübeccel B. Kıray, "Social change in Çukurova: a comparison of four villages", in: Peter Benedict et al. (ed.), Turkey: geographic and social perspectives .(Leiden: Brill, 1974), pp. 179 203

[٨] لایەنی دواتری لێکۆڵینەوەکانی لیستەی گوندان لە ڕۆژهەڵاتی ترکییە لە لایەن ل.نێستمان ڕا توێژراوەتەوە.

L. Nestmann, "Die ethnische Differenzierung der Bevölkerung der Osttürkei in ihren sozialen Bezügen: Auswertung der "Köy Envanter Etüdleri" des Ministeriums für Dorfangelegenheiten", in: Peter A. Andrews, .Ethnic groups in the Republic of Turkey (Wiesbaden: Reichert, 1989), pp. 543-81

[٩] نێوی "کوردستان" له ناوی پارتیی نهێنی دێمۆکراتی کوردستانی ترکییه دا هەیە، ئەو پارتییه له ساڵی ١٩٦٥ دامەزرا، بەڵام بە ئاشکرا لە جیات ' کوردستان ' هەمیشه ووشەی 'دۆغو = ڕۆژهەڵات' یان بە کار دەهێنا. ئەندامانی پارتیی دێمۆکراتی کوردستانی تورکییه دەورێکی سەرەکییان هەبوو لە ڕێکخستنی " دۆغو میتینگلری" لە ساڵی ١٩٦٧، ئەوانه یەکەم کۆبوونەوەی جەماوەری کوردەکان بوون و لەو میتینگانە دا بە دژی دواکەوتوویی ڕۆژهەڵات پرۆتێست دەکرا.

[١٠]دوو کتێبی بیرەوەی کە لەم دواییانە دا لە لایەن ئەندامانی ئەو ئالقەیە ڕا بڵاو بوونەتەوە زانیاری دەدەن سەبارەت بە مشتومڕ و دمەتەقەی ئەوان ڕوژان و ووڵامی غەریزی زاڵمانەی دەستەڵاتداران لە ئاست هەرچییەکی کە پرووسکەیەک هەست و نیشانەی کوردی پێوە دیار با. پروانه:
Naci Kutlay, 49'lar dosyası (The file of the 49, Istanbul: Fırat Yayınları, 1994) and Yaşar Kaya, 23 Kürt .(aydını (23 Kurdish intellectuals, Köln: Mezopotamya Yayınları, 1998

[١١] بۆ لیستەیەکی تەواو سەبارەت بەو گۆوارانەی کوردەکان لە تورکییه بڵاویان کردووەتەوە، پروانه:
Mahmûd Lewendî, Li Kurdistana Bakur û li Tirkiyê rojnamegeriya Kurdî (1908-1992) (Kurdish & Malmîsanij .(journalism in northern Kurdistan and in Turkey, 1908-1992, Ankara: Öz-Ge, 1992

[١٢] ئەو بولتەنانەی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٧١ لە گەڵ فایلەکانی مەحکەمەکانی بەر لە ساڵی ١٩٧١ی دێ دێ کۆ لە، سەرچاوەیە دا بڵاو کراونەتەوە:
.Devrimci Doğu Kültür Ocakları dava dosyası (Ankara: Komal, 1974), pp. 477-630

[١٣]
Doğu'da degişim ve yapisal sorunlari (Göçebe Alikan aşireti), submitted in Ankara, 1967; published by Doğan Yayınevi, Ankara, 1969, and reprinted with a new preface by Yurt Kitap-Yayın, Ankara, 1992
[١٤]
Göçebe aşiretlerde yenileşme" ("Renewal among nomadic tribes"), "Doğu Anadolu'da göçebe Kürtler " ("Nomadic Kurds in eastern Anatolia") and "Göçebelerde modernleşme ve üç hipotez" ("Modernization among nomads: three hypotheses"), Forum 15-9, 1-10 and 15 10 1967

[١٥]
(Beşikçi, Doğu'da degişim ve yapısal sorunlar, p. 242-4 (1992 edition

[١٦] سەبارەت بە تەئسیری مێدیای مۆدێرنی پێوەندی لە سەر ئێتنیسیتی کوردی پروانه:
ethnic identities: the Kurds in Turkey and the European Martin van Bruinessen, "Shifting national and .diaspora", Journal of Muslim Minority Affairs 18 (1998), pp. 39-52, esp. 47-9
ئەم نووسینەی مارتین ڤان براونێسن پێشتر لە لایەن ئەم وەرگێرەوە کراوەتە کوردی و لە سوێد چاپ بووە.

[١٧]
Beşikçi, Doğu'da degişim ve yapısal sorunlar, pp. 246-7

[١٨] ئەو نووسینه بە زنجیره لە گۆواری پێشکەوتووی کەماڵیستی فۆروم لە یەکەم مانگەکانی ساڵی ١٩٦٨ دا بڵاو بووەوە و ٢٥ ساڵ دواتر دیسان بڵاو کرایەوە.

:Doğu'da şeyhlik, agalık" Doğu Mitingleri'nin analizi (1967) (An analysis of the Rallies of the East, Ankara"
.(Yurt Kitap-Yayın, 1992

[١٩] به پێی ئاکامەکانی بەسەرکردنەوەی ساڵی ١٩٦٢، ١٨ خوێندنەگەی نێوەندی هەرەباش لە کۆی ١٤٧
خوێندنگەی نێوەندی هەموویان لە ڕۆژئاوای تورکییە بوون و ١٢ی هەری خوارەوە لە ٢١ خوێنفنگەی نێوەندی لە
ڕۆژهەڵات بوون. بڕوانە:
.(Table 6 in Beşikçi, Doğu Mitingleri'nin analizi)

[٢٠] بەشیکچی یەکەم کەس نەبوو کە "کفر"ێکی وا بکا. مانگنامەی لیبێراڵی تورک بارش دونیاسی ژمارەی دوویەمی
خۆی (مەی ١٩٦٢) تەرخان کرد بوو بۆ کێشەی "پێشوەچوونی ڕۆژهەڵات" و لەوێدا مەسەلەی دوورخستنەوەی
ئاغاکان " بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی لە هەلومەرجێ سەرەتایی و دواکەوتوویی" دا دەتوانن بیگێڕن
بە کارێکی ژێرانە دا نەندرا بوو. تا ئەو کاتەی دامەزراوە و دەزگای مۆدێرن لەوێ نین کە بتوانن ئەو جۆرە ئەرکانە
ڕاپەڕێنن و بە بێ پێشوەچوونێکی لەبار کە بتوانێ پێداویستییە مادی و ڕووحییەکانی خەڵک جێبەجێ بکا،
دوورخستنەوەی ئاغاوەت زەرەری زۆر زیاترە لە قازانج." ( لەو ووتارەی دا کە سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی
١٩٦٠ لە
.(Sosyalizm ve Toplumsal Mücadeleler Ansiklopedisi, Istanbul: İletişim, 1990, vol. 7, p. 2121
نووسراوە، باس کراوە.

[٢١]
Beşikçi, Doğu Mitingleri'nin analizi, p. 54. To be precise, 54 belonged to the DP, one to a small right-wing party

[٢٢]
Beşikçi, Doğu Mitingleri'nin analizi, p. 65

[٢٣] ئەو نووسینە چارەکە سەدەیەک دواتر چاپ بەم نێوەی خوارەوە چاپ بوو:
Türkiye'de sosyal araştirmalarda öncelikler ve sorunlar" ("Priorities and questions in social research in "
(Turkey") in his Kürt toplumu üzerine (On Kurdish society, Ankara: Yurt Kitap-Yayın, 1993
[٢٤]
Beşikçi, Doğu Mitingleri'nin analizi, pp. 73-81

[٢٥]
Ismail Beşikçi, Doğu Anadolu'nun düzeni: sosyo-ekonomik ve etnik temeller (The order of East Anatolia: socio-economic and ethnic foundations, Istanbul: E Yayınları, 1969; second, revised edition: E Yayınları, (1970; reprint in two volumes Ankara: Yurt Kitap-Yayın, 1992

[٢٦] ٢٦.Beşikçi, Doğu Anadolu'nun düzeni, 1970 edition, p. 28-9

[٢٧] بەشیکچی باسی ئەو دژوارییانەی کە بۆ بڵاو کردنەوەی کتێبەکەی تووشی هاتووە و، ووڵامی دەستەڵاتدارانی
زانکۆی ئەرزوروم ی لە ووتارێکی نێو ئەنسیکلۆپێدا دا بیست ساڵ دواتر بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە:
Doğu Anadolu'nun düzeni'nin başına gelenler" ("The fate of Doğu Anadolu'nun düzeni"), in Sosyalizm ve " Toplumsal Hareketlerinin Ansiklopedisi (Istanbul: İletişim, 1990), vol. 7, pp. 2124-25. Documents of his trial (the indictment, Beşikçi's elaborate defense plea and the verdict) were published with a long introduction by Beşikçi as Bilimsel yöntem, üniversite özerkliği, ve demokratik toplum ilişkileri açısından İsmail Beşikçi davası (The trial of Ismail Beşikçi in the light of scientific method, university autonomy, and .(democratic social relations, Ankara: Komal, 1975

[٢٨] نکووڵی کردن لە هەر چییەکی کە بەشیکچی نوێنەرایەتی دەکرد ، بە بێ ئەوەی بە ئاشکرایی نێوی بهێنن ، بۆ ماوەیەکی درێژ وەک خوویەکی ئاکادێمێک درێژەی کێشا.نیزیکەی ١٥ ساڵ دواتر، ئەندامێکی تیمی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە لە دەرەوەی شاران سەر بە زانکۆی ئانکارا، کە لە دوو گوندی کوردی لە نیزیک ئەڵازغ کاری مەیدانی دەکرد، لە پێشەکی کتێبەکەی دا نووسی مەسەلەی ئێتنیسیتی شتێکی نامەڕبووتە لە چاو بابەتە گرینگەکانی پێشوەچوون کە ئەو کاریان لە سەر دەکا هەر بۆیەش چ لای لە مەسەلەی ئێتنیسیتی نەکردووەتەوە.

Zülküf Aydın, Underdevelopment and rural structures in Southeastern Turkey: the household economy in Gisgis and Kalhana (London: Ithaca Press, 1986

زۆر لە ئاکادێمیکە تورکەکان تەنێ دوای ساڵی ١٩٩١ بۆیان دەرکەوت کە هەرچونێک بێ ئیتنیسیتی هۆکارێکی پێوەندیدارە، دوای ئەوەی دەرفەت ڕەخسا بە ئاشکرایی باسی لێوە بکرێ.

[٢٩] ئەو جۆرە حەولانە لەلایەن نووسەرانی ئیسلامی شەوە دران وەکوو نەجیب فازل کساکورەک و بە تایبەتی سادق ئاڵبایراک،بەڵام کارەکانی ئەوان زیاتر کۆ کردنەوەی بەڵگەنامەیە سەبارەت بە زۆرداری هەتا ئەوەی کە لێکاڵاکرنەوە و شیتەڵکردنی ئیدێئۆلۆژی کەماڵیستی بن – یارمەتی گرینگی دواتر لە بواری ڕەخنە گرتن لە کەماڵیزم – کە دیارەزۆر بەکەمی باس لە مەسەلەی کورد دەکەن بریتین لەم کتێبانەی خوارەوە:

Mete Tunçay's Türkiye Cumhuriyeti'nde Tek-Parti yönetimi'nin kurulması (1923-1931) (The establishment of one-party rule in the Republic of Turkey, Ankara: Yurt Yayınları, 1981), Taha Parla's three volume Türkiye'de siyasal kültürün resmî kaynakları (The official sources of political culture in Turkey, Istanbul: Iletişim, 1992), and Baskın Oran's Atatürk milliyetçiliği: resmi ideoloji dışı bir inceleme (Atatürk's .(nationalism: an investigation not in line with official ideology, Ankara: Bilgi Yayınevi, 1988

[٣٠] کتێبەکان گشتیان لە بەرایی ساڵانی ١٩٩٠ کاندا لە ئانکارا لە لایەن یورت کیتاپ –یایین چاپ کرانەوە، کە خاوەنی ئەو وەشانخانەیە ئازایانە (بێ ئەوەی سەر بکەوێ) ملی لە بەر ملی هەموو فەرمانی قەدەغە کردن نا و داوای پێداچوونەوەی کرد لە مەحکەمە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریاری قەدەغەکرانی کتێبەکان.

[٣١]

M. Nuri Dersimi, Kürdistan tarihinde Dersim (Dersim in the history of Kurdistan, Aleppo, 1952); Reşat Hallı, Türkiye Cumhuriyetinde ayaklanmalar (1924-1938 (Rebellions in the Republic of Turkey, 1924-1938, .(Ankara: Genelkurmay Basimevi, 1972

ئەو کارەی دوایی لە هەژمارێکی زۆر کەم دا چاپ کرا و ماوەیەکی کورت دوای بڵاو بوونەوەی کۆ کراوە.تەنێ بیست ساڵ دواتر لە چاپێکی ڕێگا پێنەدراو دا کەوتە بەر دەستی خەڵک.

.(Istanbul, Kaynak Yayınları, 1992)

[٣٢] بۆ لێدوانێکی کورت لەو بارەیەوە بە زمانی ئینگلیسی کە ئاشکرایە بۆ گەڵاڵە کردنی پێویستە بە پێزانییەوە باسی کاری بەشیکچی بکرێ پروانە:

Martin van Bruinessen, "Genocide in Kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey (1937-38) and the chemical war against the Iraqi Kurds (1988)", in: George J. Andreopoulos (ed), Conceptual .and historical dimensions of genocide (University of Pennsylvania Press, 1994), pp. 141-170

ئەم بابەتە لە لایەن ئەو وەرگێرەوە کراوەتە کوردیی سۆرانی و کاتی خۆی لە سوێد لە گۆواری 'ڕابوون' دا بڵاو کراوەتەوە.

وەرگێرانێکی تازەی هەر ئەم دەقە کە هەر باسی کۆمەڵکوژی دەرسیم ە، لەو دواییانە دا کراوە و بە زوویی بڵاو دەکرێتەوە

[٣٣] پازدە ساڵی دیکەی کێشا هەتا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی زۆر هەموولایەنتر بنووسرێ: پروانە بوشرا ئەرسانلی بەهار

Büşra Ersanli Behar, Iktidar ve tarih: Türkiye'de "Resmi tarih" tezinin oluşumu (1929 1937) (Political

.(power and history: the emergence of the "official history" thesis in Turkey, Istanbul: AFA, 1992
بەڵگەنامەی زۆر سەرنجڕاکێش لە مەڕ یەکێک لە باوە گەورەکانی تیوری زمانی ڕۆژ، حەسەن ڕەشیت تانکوت، لە کتێبی مەحمەد بایراق دا هاتووە:
Mehmet Bayrak, Açık-gizli / resmi-gayrıresmi kürdoloji belgeleri (Public and secret, official and unofficial .(kurdological documents, Ankara: Öz-Ge, 1994

[٣٤] ئەگەرچی ئەو بیروڕایانە گەپجاڕیین، بەڵام ئەو قوتابخانەی بیرکردنەوەیە هێشتا درێژە بە مانی دەدا. بە دوای کودەتای ئەڕتەش لە ساڵی ١٩٨٠ دا،دەزگای نیوە ڕەسمی ( تورک کولتورونو ئاراشترما ئەنستیتوسو) زۆر کتێبی کۆن و نوێی بڵاو کردەوە بە مەبەستی ئەوەی گۆیا بیسەلمێنێ کە کوردەکان تورکی ڕەسەنن.

[٣٥] سی وسێ کەس لە لادێییەکان گیران، بەڵام هەریەکیان کە ژنێک بوو بەردرا. بە ساڵان دواتر، کاتێک کەشوهەوای سیاسی گۆڕا، ئەو ڕووداوە بوو بە باسی ڕۆژ و لە سالانی ١٩٥٠ کان و ١٩٦٠ کان دا زۆری لە سەر نووسرا. ڕۆژنامەنووسی لاوی کورد گوینای ئاسلان نووسێنێکی لە سەر ئەو ڕووداوە نووسی و بۆ ئەوە خەڵات کرا.
Yas tutan tarih: 33 kurşun (History mourns: 33 bullets, Istanbul: Pencere Yayınları, 1989). It was written .after, but published before Beşikçi's study

[٣٦] مەحکەمەکانی بەشیکچی ئەو سەرو بەندە دا لەم سەرچاوەی خوارەوە دا بڵاو کراوەتەوە:
Kürdistan üzerinde örgütlü devlet terörü ve Ismail Beşikçi: biyografi, savunmalar, mektuplar (The state terror established over Kurdistan and Ismail Beşikçi: biography, defense pleas and letters, Ankara: Komal, .(1980

[٣٧] نووسینە هەرە گرینگەکان بریتین لە:
Bilim, resmi ideoloji, devlet, demokrasi ve Kürt sorunu (Science, official ideology, state, democracy and the Kurdish question, Istanbul: Alan, 1990); Devletlerarasi sömürge Kürdistan (Kurdistan, an international colony, Istanbul: Alan, 1990), and Bir aydin, bir örgüt ve Kürt sorunu: belgeler (An intellectual, an .(organization, and the Kurdish question: documents, Istanbul: Melsa, 1990

[٣٨] پروانە:
PKK üzerine düsünceler: özgürlügün bedeli (Thoughts on the PKK: the price of freedom, Istanbul: Melsa, .(1992

تێبینی وەرگێر: ئەم نووسینەی پرۆفێسۆر مارتین ڤان پراونێسن جاری یەکەم لەم سەرچاوەییەدا بڵاو بووەتەوە:
.Kurdish Studies, vol. 5, 2003-2004 [2005], pp. 19-34

ڤان پروانێسن لە سەرەتای مانگی دیسامبری ساڵی 2010 ش لە یادداشتەکانی ماڵپەی لە ووڵاتی فەیس بووک دا بابەتێکی دیکەی سەبارەت بە بەشیکچی بڵاو کردووەتەوە بە ناوی : " ئازادیی ئاکادێمیک و ئازادیی بەیان: کەیسی تایبەتی ئیسماعیل بەشیکچی " کە بڕیار وایە بە زمانی تورکی لە کتێبێک دا بڵاو بکرێتەوە بۆ ڕێزلێنان لە بەشیکچی

# (١٠)

**وتووێژ لە گەڵ پرۆفیسۆر مارتین ڤان بڕاونێسن لە زانکۆی ئوترێخت لە هولەند**
**سەرەتای ئاوریلی ٢٠٠٢**

**'بەراوەرد کردنی کوردی و ئیسپێرانتۆ گاڵتەجاڕی یە'**

**حەسەن قازی:** زۆر خوشحاڵم کە هاتووینە لای ئێوە

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** [ بە کوردی قسە دەکا] ئەمنیش زۆر خۆشحاڵم

**قازی:** یەکەم پرسیارم ئەوەیە ئەو خەبات و تێکۆشانانەی خوێندکاران کە لە پێناو مافی زمان دەستی پێکردووە بە گشتی چۆنی دەبینی؟

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** باشە، ببوورە، بەڵام ئەمن بە زمانی ئینگلیسی جواب دەدەمەوە.

**قازی:** فەرموو

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** هەڵبەت ئەو خەباتە لە پێناو زمانی کوردی دا لە کۆنەوە کراوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا داوخوازی کوردان بۆ مافی پەروەردە بە زمانی خۆیان هەبوو. لە ڕاستییدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا سەعیدی نوورسی کەسی یەکەم بوو کە لە ئەستەنبووڵ خوێندنگەیەکی بۆ منداڵانی کورد دامەزراند. ئەوە جاری یەکەم بوو کە خوێندنگەیەکی مۆدێرنی کوردی لە تورکییە دامەزرا. لە ژێر دەستەڵاتی جمهووری تورکییە دا زمانی کوردی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ قەدەغە کرا و ئاشکرایە کە هیچ پەروەردەیەک بەو زمانە نەبوو. ئێستا ئەوە نزیک دە ساڵە کە ئیدی کوردی بە شێوەی ڕەسمی قەدەغە نییە. بەڵام هێشتا پەروەردە بەو زمانە لە لایەن حکوومەتی تورکییەوە نەناسراوە و لەو ماوەیەی دواییدا خوێندکاران دیسان ئەو داوخوازەیان هێناوەتە ناو ڕۆژەڤ و گوریان پێ داوە. ئەوەش دەکرێ بە ئاگاداری لە مەڕ ئەو ڕاستییە بێ کە بە پێی هەلومەرجی ئورووپا تورکییە ناچارە ئەو مافە قبووڵ بکا. هەر بۆیە ئێستا شەپۆلی چالاکی و داوخوازی هەستاوە و وا دیارە حکوومەت هەنگاوێکی بەرەو دوا ناوێژێ و نایەوێ هیچ چارەسەرییەک بدۆزێتەوە. بەڵام من وای بۆ دەچم ئەوە کاردانەوەیەکی کاتییە و هەر ئاوا نامێنێ.

**قازی:** بە باوەڕی تۆ خوێندنی کوردی لەلایەن کوردەکانەوە خۆیان بە چ شێوەیەک دەکرێ ئۆرگانیزە بکرێ؟

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** وەک ئەتۆش بیستووتە، ئەو کارە لە تورکییە ئێستا نابێ هاسان بێ. لە ئەنیستیتووی کوردی ئەستەنبووڵ و چەند شوێنی دیکە خولی فێرکردنی زمانی کوردی هەبوون، خولی ئەدەبی ئەوتۆی بۆ ئەو جۆرە کەسانەی کە دەتوانن بە کوردی قسە بکەن، بەڵام خوێندنەوە و نووسین بە کوردی نازانن. ئێستا ئەو خولانە قەدەغە کراون و ئەنیستیتووی کوردی لە ئەستەنبووڵ دەرگای گاڵە درا ، هەر لە بەر ئەوەی خولی ئاوای ڕێک خستبوو. ئەمن پێم وایە کورد لە هەندەران دیسان بۆ ماوەیەک پێشەنگی دەخەنە دەستی خۆیان. ئێمەخەباتی ئەوانمان دیتووە. لە وڵاتانی سکاندیناڤی، لە دانمارک و لە سوێدێ. بە تایبەتی لە سوێد، ئێستا زیاتر لە بیست ساڵە کە زمانی کوردی لە پەروەردە دا بە کار دەهێندرێ و لەوێ تەجروبەی کوردی فێر کردن هەیە. لەوێ هێندێک کەرەستە و پێداویستی خوێندنی کوردی ئامادە کراون و ئەمن پێم وایە چالاکی ئاوا بەربڵاوتریش دەبێ و کەرەستە و پێداویستی بە ناوەرۆکتر و باشتر بۆ خولی پەروەردە کردن بە کوردی ئامادە دەکرێن. بە بۆچوونی من ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین ئێستا دەتوانن دەورێکی زۆر گرینگ بگێڕن.

**قازی:** بە بۆچوونی تۆ ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی وڵات ئامادە و چاپ کراون بە چ شێوەیەک لە ناوخۆی وڵات دەکرێ بەکار بهێندرێن، هێندێک نیشانە هەیە کە مەسەلەی پەورەردە جێ بە جێ دەکرێ. پرسیارەکەی من ئەوەیە،

لەگەڵ ئەوەش کوردی قەدەغەی لە سەرە پێشکەوتنی درێژەی هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە تورکییە دەیەوێ بێتە ناو یەکێتیی ئوڕووپا و ئێستا ئەوە کوردان دەستیان کردووە بە وەڕێخستنی کەمپەین بۆ خوێندن بە زمانی دایکی. ئایا ئەوە ڕێگای وەدستخستنی ئەو مافە بۆ کوردان خۆش دەکا؟

**مارتین ڤان بڕاونێسن**: مەبەستی تۆ ئەوەیە کە مامۆستای زانا چۆن پەیدا بکرێن؟ لایەکی دیکەی ئەو کێشەیە ئەوەیە ئایا دەوڵەت بۆ خۆی خوێندنی کوردی ڕێک دەخا؟ بۆ نموونە لە خوێندنگە سەرەتاییەکان و شارە پچووکەکان و تەنانەت لە گوندەکانی کوردستانیش دا، ئایا دەوڵەت ڕێگا دەدا بە پەروەردە بە زمانی کوردی؟ یان دەرفەتی خوێندنی کوردی دەدرێ بە تەنیشت خوێندنی نۆرماڵەوە؟ ئەمن لەو باوەڕە دام ئەو کارە لە سەرەتاوە بە دەستپێشخەری شەخسی دەست پێ دەکا. بۆیە کوردەکان دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ ساز کردنی بناغەیەک بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ خوێندنی کوردی بکاتەوە. دەبێ کەرەستەی خوێندن ئامادە بکرێن. تا ئەو جێگایەی من دەزانم ئەو کارە تا ڕادەیەک کراوە. لەوانەیە پێویستی بە کتێبی باشتر و زیاتر هەبێ. نوختەی دووهەم ئەوەیە پێویستە کەسی ئاوا هەبن کە بتوانن دەرس بڵێنەوە. کەسی ئاوای کە نەک هەر بتوانن بە کوردی باش قسە بکەن بەڵکوو ئەوەش بزانن کە زمانێک چۆن فێر دەکردرێ. تەماشای وەزعی من بکە. دەکرێ بۆ من هاسانتر بووبێ کە کوڕەکەم فێر بکەم کە بۆچی بە زمانی ئینگلیسی هێندێک شتی تایبەتی دەگوترێ. هۆیەکەی ئەوەیە من بۆخۆم بە زانایی فێری ئینگلیسی بووم ، بەڵام لە زمانی زگماکی خۆمدا بە خۆزایی دەزانم کام پەیڤ دروستە، بەڵام نازانم ئەوە بۆچی وایە. مامۆستایەک دەبێ بتوانێ بۆ شاگردەکەی ڕوون بکاتەوە کە بۆچی شتێک بەم یان بە شێوەیەکی دیکە دەگوترێ. پێویستی ئێمە بە مامۆستایانی ئاوا هەیە کە بتوانن ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن.
دیارە ئەوان لە خۆوە پەیدا نابن، دەکرێ لە کەسی ئەوتۆ کەلک وەربگیرێ کە بە زمانی تورکی دەرسیان گوتووەتەوە و مامۆستایەتییان کردووە. ئەوان دەتوانن لە دەرس دانی کوردی دا ئەو تەجروبەیە بەکار بێنن. هەر وەها ئەمن لەو باوەڕە دام ئەو کەسانەش کە لە ئوڕووپان و تەجروبەی مامۆستایەتییان هەیە بە کوردی  لە سەرەتاوە دەتوانن دەورێکی گرینگ بگێڕن. دەکرێ شتی باش ئەوە بێ کە کوردەکان ژمارەیەکی زۆر مامۆستا بۆ دوا ڕۆژ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بە کوردی دەرس بڵێنەوە. ئێمە ئەو وتووێژە بۆ مێدیا تیڤی دەکەین. لە مێدیا تیڤی دا کوردەکان لە ڕووی تیورییەوە ئاستێکی بەرزیان هەیە بۆ  فیر کردنی زمان. بەڵام بەداخەوە ئەمن پێم وا نییە ئەو ئامرازە  ئەو جۆرەی کە پێویستە بەکار هێندرا بێ . وەک ئەتۆش دەزانی لە ئوڕووپا نووسەرە کوردەکان زۆر بە ڕێکی لە دەوری یەکتری کۆ بوونەتەوە. ئایا زمان چۆن ستاندارد دەکرێ؟ ڕۆژنامەیەک هەیە بە ناوی ' کورمانجی ' کە هەتا ئێستا زیاتر لە بیست ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوەە. ئەوە هەنگاوێکی باشە بەرەو ستاندارد کردنی کورمانجی. ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە هێندێک شت چۆن بگوترێن یان چ جۆرە ووشەیەک ووشەی هەرە باشە بۆ بەکار هێنان . ئەمن هیچ نیشانەیەک لە شوێنی ئەو خەباتە لە میدیا تیڤی دا نابینم. هەر وەها ئەو شتەی دیکەی کە لەمەڕ مێدیا تیڤی سەرنجی من ڕادەکێشێ ئەو زمانەیە کە بێژەر و پێشکێشکاران دەکاری دەکەن. وا وێدەچێ ئەوە زمانێک نییە کە فکری لە سەر کرابێتەوە. خەڵک بە ئاوای نۆرماڵ قسە دەکەن، بەڵام هیچ حەولێک نییە بۆ بەکارهێنانی کورمانجییەکی ستاندارد. ئەمن وای بۆ دەچم ئەو کەسانەی کە بەردەوامی دە تێلێڤیزیۆنێ دا قسە دەکەن پەروەردە ناکرێن بۆ ئەوەی بە کورمانجییەکی باش قسە بکەن. تێلێڤیزیۆن بۆ ئەو خەڵکەی کە لە کوردستان تەماشای دەکەن یان لە ئوڕووپا و یان لە جێی دی ئامرازی لێ فێر بوونە. دەبێ پێشکێشکاران فێر بکرێن کە کوردییەکی باش، مۆدێرن و ستانداردی کورمانجی چییە؟ تێلێڤیزیۆن دەتوانێ لەو شتەی کە هەتا ئێستا کردوویە زیاتر بکا. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە لە ئوڕووپا کوردی قەدەغە نییە. لە میدیا تیڤی دا دژواری و گرێوگۆڵی دیکە هەیە. ئێمە ناتوانین هەموو خەتا بخەینە ملی تورکان یان حکوومەتەکانی ئێران و عێراقێ. ئێمە دەبێ کەمایەسییەکانی کۆمەڵگەی کوردیش ببینین. زۆر جار لە بەر هۆی سیاسی، لەبەر ئەوەی کەسێک سەر بە پارتییەکی سیاسی دیکەیە یان سەر بە هیچ پارتییەکی سیاسی نییە  دەرفەتی نادرێتی کە هاوکاری بکا و دیتنی خۆی دەرببڕێ. ئەگەر چی قسەکانی ڕەنگە زۆر یارمەتیدەر بێ.

**ڤازی**: یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکان قەدەغە بوونی زمانی کوردی یە و ئەمن پێم وایە کە ئەتۆش لەو ڕووەوە لەگەڵم هاو ڕای. ئەگەر زمانێک قەدەغە بکرێ، ئینکار بکرێ، ئەو دەمی دەرفەتی پێشکەوتنی دەست ناکەوێ. ئەگەر جارێکی دیکە ئێمە بگەڕێینەوە سەر بابەتی پەووەردە، بە ڕای تۆ کەرەستە و پێویستی خوێندن کە لە قەوقاس یان باشووری کوردستان ئامادە کراون ئایا دەکرێ لەو پێواژۆیە دا کە لە باکوور دەستی پێکردووە بە کار بهێندرێن؟

**مارتین ڤان بڕاونێسن**: نا، ئەمن پێم وا نییە بکرێ بە کار بهێندرێن. چونکە ئەو کەرەستەی کە لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و بە تایبەتی لە ئەرمەنستان ئامادە کراون بەر لەهەموو شت لە سەردەمی سۆڤێتی دا ئامادە کراون و ئەو بۆ پەروەردەیەکی بە تەواوی جیاوازن. یانی پەروەردەی شۆڤییەتی. نوختەی دووەم ئەوەیە ئەو زمانەی کە لەو کتێبانەدا بەکار هاتوون لەو کورمانجییەی کە لە تورکییە قسەی پێ دەکرێ زۆر جیاوازە. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەو کتێبانە باسی کولتور و کۆمەڵگەیەکی سیاسی دەکەن کە لە ئی تورکییە زۆر جیاوازە. جا بۆیە بە باوەڕی من دەبێ کەرەستەی خوێندنی ئەوتۆ ئامادە بکرێن کە بە تایبەتی ئی باکووری کوردستان بن. لە ئوڕووپایە بۆ نموونە ئەو کوردانەی لە سوێد دەژین جۆرەیەک کەرەستەی خوێندن و پەروەردەیان ئامادە کردووە، لە ئاوستراليا کەسێک خولێکی کوردی کردووەتەوە، لە جێگای دیکەش لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەسی ئاوا هەن کە لە

سەر خولی فێرکردنی کورمانجی کاریان کردووە. ماتریال و کەرەستە لە دەرەوەی وولات هەن کە دەکرێ بە کار بهێندرێن.

**قازی:** خاڵی هەرە جێی سەرنج ئەوەیە کە کاتێک باسی زمانی کوردی و دژوارییەکانی سەر ڕێی دەکرێ و مەسەلەی کورد بەگشتی لە هێندێک میدیای تورکییە دا سووکایەتی بە کوردان و زمانی کوردی دەکرێ. لەو دواییانە دا ئەمن تەماشای کاناڵێکی تێلێڤیزیۆنی تورکییەم دەکرد ، لە بەرنامە دا کەسێک بە تەلەفۆن بەشداری کرد و وەک پسپۆری زمان ناساندرا. ئەو زمانی کوردی و ئێسپێرانتۆی بە یەکەوە بەراوەرد دەکرد، دەیویست بڵێ کە کوردیش وەک ئێسپێرانتۆ زمانێکی دەسکردە و دەیگوت زۆر هەنبانەی ووشەی کوردی لە فارسی و زمانی دیکە وەرگێراوە و زمانێکی چێکراوە. بۆچوونی بەڕێزت لە سەر زمانناسی لەو بابەتە چۆنە؟

**مارتین ڤان براونێسن:** [ پێدەکەنێ] ، من ئەو پسپۆرە ناناسم. بەڵام بەڕاستی زۆر سەیرە زانایەکی تورک شتێکی ئاوا بڵێ. ئەوە ڕاستە کە لە کوردی دا ئینسان دەتوانێ زۆر ووشە یان پەیڤ ببینێ کە لە سەر بنەمای زمانی دیکە داڕێژرابن. ئەو کەسانەی کە بە کورمانجی قسە دەکەن دەکرێ لە فارسی یان کوردیی سۆرانی ووشە قەرز بکەن بەڵام ئەگەر ئینسان ئەو کارە بەراوەرد بکا لەگەڵ ئەو کارەی کە ' تورک دیل کورومی'[ سازیی زمانی تورک] لە زەمانی خۆی دا کردبووی، ئینسان واقی وڕ دەمێنێ. ئەو سازییە ویستی زمانێکی پەتیی تورکی ساز بکا و ووشەی عەرەبی و فارسی لەو زمانە دەر کا و پاکیان کاتەوە. ووشەی ئاوایان داڕشت کە هەڕ پرووسکەیەک وە ئی تورکی دەچن.ئەندامانی دیل کورومی زمانزانی باش نەبوون، بۆیە ئەو ووشە و پەیڤی کە سازیان کردن لە ڕوانگەی زمانناسییەوە بێ مانا و قۆڕ بوون. هێندێک لەو چێکراوانە وەرگیران و بوون بە بەشێک لە زمانی زیندوو، بەڵام زۆربەی ئەو ووشانە خەڵک پەسندی نەکرد و نەی پەژراند و ئیدی بەکار ناهێندرێن. تورکیی پەتیی تەنێ تەجروبەیەک بوو، تەجروبەیەکی موهەندیسی بۆ ئەوەی زمانێکی دەسکرد ساز بکرێ. ئەو حەوڵە تێک شکا. بەڵام بارو دۆخی زمانی کوردی بە تەواوی جیاوازە. ئێمە دەزانین کە دەقی نووسراوی ئەوتۆ بە کوردی هەن کە هەر نەبێ چوار پێنج سەدە لەمەو بەر نووسراون. ئێمە بەردەوامییەکی گەورە دەبینین لە بەکارهاتنی کوردی دا. نووسەری تورکی خۆشەویستی من ئەولیا چەڵەبی دەقی ئەوتۆی ئاستە کردووە کە هێشتا ئێنسان دەتوانێ بیانناسێتەوە و بۆی دەردەکەوێ ئەو دیالێکتەی ئەو دەقەی پێ نووسراوە ئێستاش بە کار دەبردرێ، هەر هەمان ووشە و هەمان داڕشتن. بۆیە کوردی زمانێکی ئاوایە کە سەباتێکی گەورەی تێدا دەبیندرێ و بەراوەرد کردنی لەگەڵ ئێسپێرانتۆ گاڵتەجاڕییە.

**قازی:** ئێستا با بگەڕێینەوە ئەو خزمەتانەی دیکە کە ئەتۆ بە زانستی ئینسانیت کردووە، چونکە جگە لە دۆزی کورد تۆ لە ئەندۆنێزی ش لە سەر ئیسلام لێکۆڵینەوەت کردووە.بۆ مان باس بکە لەو بارەیەوە چ لێکۆڵینەوەیەکت کردووە؟

**مارتین ڤان براونێسن:** لە ڕاستیدا ، من دەمەویست لە کوردستان لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەم، بەڵام لە بەر شەڕی ئێران-عێراق و کودەتای نیزامی لە تورکییە بۆ ماوەیەکی درێژ لەو ناوچانە دەرفەت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئازاد و بە ئازادی نەبوو. ئەمن لە نێوەڕاست سالانی ١٩٦٠کاندا چوومە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، ئەگەر هەڵە نەبم یەکەم سەردانم لەوێ لە ساڵی ١٩٦٦ دا بوو. من بە تورکییە، ئێران ، عێراق و سوورییە دا گەڕام و زۆر جاران سەردانی کوردانم کرد. ئەمن لە ساڵی ١٩٧٤ دا دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی جیدی. ئەمن بوورسێکم وەرگرت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی هەموو لایەنە و زیاتر لە دوو ساڵ لە کوردستان ژیام. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٦ دا لەهەموو پارەچەکانی کوردستان لێکۆڵینەوەم کرد. ئەمن لە کوردستانی ئێرانەوە دەستم پێکرد ، دوایە چوومە کوردستانی عێراق کە ئەو دەمی لەوێ ناوچەی ڕزگارکراوی مەلا مستەفای بارزانی هەبوو. دوایە لەوێوە چوومە تورکییە و سوورییە. هەر چۆنێک بێ لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی باسم کرد سەردانی هەموو بەشەکانی کوردستانم کرد و بە دوای ئەوەشدا زۆر جار چوومەتەوە کوردستان. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ لە بەر بارودۆخی سیاسی کە من باسم کرد بواری لێکۆڵینەوەی خۆم گۆڕی. ڕووم لە جوغرافیا و مژارێکی دیکە کرد واتە ئەندۆنێزی و لەوێ لە سەر ئیسلام دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە. لەوێ شتێکی سەرنجڕاکێشم بەدی کرد، ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە ئەمن بۆ ماوەی درێژ بە لێکۆڵینەوە لە سەر کوردستان خەریک بووم. لەوێندەرێ من زۆر شتم دیتەوە کە زۆر وە وەزعی کوردستان دەچوون. بۆ وێنە من بۆم دەرکەوت زۆر خەڵکی ئیماندارى ئەندۆنێزیایی هەن کە ناویان *'کوردی '* یە ، لە پێشدا پێم وا بوو ئەوە هەر بە هەڵکەوت وایە و ڕەنگە مانای وشەکە بە تەواوی جیاواز بێ. بەڵام بۆم دەرکەوت کە *'کوردی'* هەر مانای کوردی یە و ماوەیەک من حەولم دا بزانم ئەوە لە کوێوە هاتووە. بۆم دەر کەوت کە لە مەدرەسەکان[ خوێندنگە ئاینییەکان] یەک لە کتێبە گرینگەکان سەبارەت بە فیقهە بە دەستی محەمەد بنی ئێبراهیم ئەلکوردی نوسراوە . ئەو عالـمێکی کورد بووە و لە سەدەی هەژدەهەم دا لە میسرێ مامۆستایەتی دەکرد . دوایە ئەمن بەو شوێندانانەم زانی کە کورد لە سەر ئیسلامی ئەندۆنێزی کردووە. جارێک من نووسێنکم نووسی و پرسیارم کرد داخودا عەرەبان، هیندییان یان چینییان ئەندۆنێزییان موسوڵمان کردووە؟ و ئەمن گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە ئەوە دەکرێ کاری کوردان بێ.چونکوو نیشانەی کوردی لە ئیسلامی وێدا دیارە. هەڵبەت ئەمن لەوێ لە سەر زۆر شتی دیکەش لێکۆڵینەوەم کردووە کە هیچ پێوەندی بە کوردانەوە نییە. هەمیشە حەولم داوە ئەو بوارەی لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەم خەڵکی عەلاقەداریش بتوانن بیخوێننەوە. زۆر کاری من لە مەڕ ئەندۆنێزی بە زمانی ئەندۆنێزیایی ش بڵاو بوونەتەوە. چوار کتێبم بەو زمانە بڵاو کردووەتەوە.

**قازی** : وا بزانم لە سەر پێوەندیی کورد و ئەندۆنێزیبیانیش دووبابەتی درێژت بڵاو کردووەتەوە.

**مارتین ڤان براونێسن**: بەڵێ ئەمن دوو نووسینی درێژم لە سەر ئەو مژارە بڵاو کردووەتەوە. یەکێکیان ئەوە بوو کە باسم کرد ناوی ' کوردی' . پێوەندییەکی دیکەی ئاشکرا پێوەندیی تەریقەتی سۆفییانە. بە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئەندۆنێزی پێرەوی لە تەریقەتی نەخشبەندی دەکەن کە لە کوردستانیش زۆر بڵاوە. هێندێک لە موسوڵمانەکانی ئەوێ پێرۆی لقێکی تایبەتی نەخشبەندینە. لەوێ پێیان دەڵێن خالیدیە. خالیدییە تەریقەتێکی ڕیفۆرمکراوی نەخشبەندی یە لە لایەن کوردێکەوە بڵاو کراوەتەوە کە سەر بە عەشیرەتی جاف بوو؛ خالید زیائەدین ئەلکوردی. کتێبێکی گرینگی دیکە هەیە کە کەسێکی کورد نووسیویە؛ محەمەد ئەمین ئەلکوردی. ناوی ئەو کتێبە تەنویرولقلووب ە. ئەوە دەقێکی نەخشبەندی یە کە لە ئەندۆنێزی بە بەربڵاوی دەخوێندرێتەوە. بە بۆچوونی من بە ڕێگای نەخشبەندییە پێوەندییەک لە نێوان ئەندۆنێزی و کوردستان دا پێک هاتووە. ئەو پێوەندی پێوەندییەکی ڕاستەوراست نییە بەڵکوو بە ڕێگای مەکەوە دامەزراوە. بەر لەوەی کە ئالی سعوود مەکە داگیر بکەن لەوێندەرێ چەند خانەقای نەخشبەندی هەبوون کە ئەندۆنێزیاییەکان سەریان لەو خانەقایانە داوە و لەو خانەقایانە دا جار جار تووشی مامۆستای کورد بوون. من چەند مامۆستای کوردم لە سەدەکانی پێشتر دا پەیدا کردووە کە ژمارەیەکی زۆر شاگرد و تەلەبەی ئەندۆنێزیاییان هەبووە.
نموونەی هەرە سەرنجڕاکێش دەکرێ پیاوێکی کورد بێ بە ناوی ئەبووبەکر سەر بە عەشیرەتی خۆشناو کە لە ساڵی ١٨٦٠ کاندا چووە ئەستەنبووڵ بۆ لای سوڵتان، لە بەر ئەوەی عەشیرەتەکەی نەدار بوو و چییان نەبوو بیخۆن.داوای لە سوڵتان ئەوە بوو لە شوێنێکی دیکە زەوی و زاریان بداتێ بۆ ئەوەی بە دەواری خۆوە بچنە وێ و لە سەر زەوی کار بکەن. سوڵتان چ زەوی پێ نەدا بەڵام پێی گوت لە ئەفریقای باشوور داوخوازێک لە من کراوە. لەوێ موسوڵمان هەیە. ئەوان ئەندۆنێزیایین. ئەو دەمی ئەفریقای باشوور کۆلۆنی هۆلەند بوو. ئەندۆنێزییەکان هەمیشە خەڵکی سەربزێویان دوور دەخستەوە بۆ ئەفریقای باشوور.لە ئەندۆنێزی لە سەر کێشەی ئایینی لە ناو موسوڵمانەکانی ئەوێدا دژایەتی ساز ببوو ، بۆیە هێندێکیان گوێزرابوونەوە ئەفریقای باشوور. ئەوان نامەیان نووسیبوو بۆ سوڵتان و داوایان لێ کرد بوو ڕێبەرێکیان بۆ بنرێ. ئەویش ئەبووبکری وەک مامۆستا نارد بۆ ئەفریقای باشوور و لە هەمان کاتدا داوی لێ کرد وەک سەفیری وی کار بکا. ئەبووبەکر لەوێندەرێ بوو بە باڵوێزی ئیمپراتۆری عوسمانی ، ئەو فێری زمانی ئەندۆنێزی بوو و بە زاراوایەکی هۆڵەندی قسەی دەکرد. ئەبووبەکر سەبارەت بە فیقهە کتێبێکی بە زمانی ئەفریکانس بڵاو کردەوە. ئەوە تاقەکتێبی هولەندی یە کە لە سەر فیقهە نووسرابێ بە زمانی هۆڵەندی بە دەست کوردێکی سەر بە عەشیرەتی خۆشناو.

**قازی**: هیچ نێشانەیەک بە دەستەوەیە کە ئەو بە کوردیش هیچی نووسی بێ؟

**مارتین ڤان براونێسن**: نا، ئەو بە کوردی هیچی نەنووسیوە.

**قازی**: ئێستا لە سەر چ مزارێک دەکۆڵییەوە؟

**مارتین ڤان براونێسن**: ئێستا خەریکی بە دوا داچوونی پێشوەچوونەکانی ئەو دواییانەی ئەندۆنێزیم. خەریکی نووسینی چەند ووتار و لە ڕاستیدا کتێبێکم. لەسەر ڕێکخستنێکی گەورە لە ئەندۆنێزی کە ناوی ' نێهزەتولعولەما' یە کار دەکەم. ئەوە ڕێکخستنێکی گەورەی موسوڵمانانە و سەرۆکەکەی بوو بە سەرۆک کۆماری ئەندۆنێزی؛ عەبدولرەحمان وەحید. خەرێکی نووسینی کتێبێکم لە سەر ئەو ڕێکخستنە. پرۆژەیەکی دیکەش لە سەر موسوڵمانەکانی ئورووپایە کە لە چەند ساڵی داهاتوو دا پێیەوە خەریک دەبم.

**قازی**: هیچ فکرت لێ کردووەتەوە کەلە کرانەوەی یەکەم خوێندنگە بە زمانی کوردی لە تورکییە ئامادە بی؟

**مارتین ڤان براونێسن**: زۆر زۆرم پێ خۆش دەبێ لەوێ دەرسێکی کوردی بڵێمەوە لە پۆلێکی کوردی دا

**قازی**: زۆر سپاس

**مارتین ڤان براونێسن**: زۆر بە خێر بێی.

**تێبینی: ئەم وتوویژە لە کۆتاییەکانی مانگی ژانڤییەی ساڵی ٢٠٠٢ لە زانکۆی ئوترێخت لە هۆلەند لەگەڵ پرۆفیسۆر مارتین ڤان براونێسن کراوە بۆ میدیا تیڤی و لە ٤ـی ئاوریلی ٢٠٠٢ ئەو کاناڵە بڵاوی کردووەتەوە.**

# (١١)

**چاوپێکەوتنی ماری لۆ ڕای لە گەڵ پرۆفیسۆر مارتین ڤان بڕاونێسن ، ئوتریخت، 2006.12.23گۆڤاری ئورووپایی لێکۆڵینەوەکانی تورکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە ترکییەی هاوچەرخ**

## " کوردان کردیانم بە ئینسان "

## " پێم خۆشە لە ژووری دێیەک دانیشم کە خەڵکی لێ کۆبووتەوە"

**پرسیار: دەکرێ خۆت بناسێنی و بەتایبەتی باسمان بۆ بکەی چۆن بوو وەکوو زانایەک سەبارەت بە پرسی کورد مەیلت تێدا پێک هات؟**

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** ئەوە بەسەرهاتێکە من زۆرجار گێراومەتەوە و ڕەنگە زۆر کلک و گوێی لێکرابێ لەوەی کە بەڕاستی ڕوویدا.ئەو چیرۆکەی من گێراومەتەوە واوێدەچێ دەقی بە بیرەوەری من دابێ.هەرچۆنێک بێ.من خوێندکاری بەشی ماتێماتیکس[ریازییات] بووم. سەفەرکردنم زۆر پێ خۆش بوو. هەموو پشووی هاوینان دەچوومە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر جار ئاخر مزڵم ئێران، عێراق بوو. وەبیرم دێ یەکەم جار کە تووشی کوردان بووم لە بەغدا بوو.ئەو کەسانەی لەوێ چاوم پێیان کەوت باسی خزم و کەسوکاری خۆیان بۆکردم کە لەچیایان بوون و دژی حکوومەت شەڕیان دەکرد، کە ئەو سەروبەندی بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو.ئەوە لە ساڵی 1966 یان 1967 بوو.ئەمن پێم وایە کودەتای عەسکەری ساڵی 1971 لە تورکییە بووە هۆی ئەوە من زۆر زیاتر سەرنجی سیاسی بدەمە سەر تورکییە.لە سەرەتاوە ئەوە هەر جۆرە بەپرسیارییەک بوو سەبارەت بە شوێنی نەناسیاو و سەیر، سەفەر کردن بۆ ئەو بەشانەی دنیا کە دوورەدەستن و لەوانە.دوای کودەتای تورکییە، مرخێکی زۆر زیاترم سەبارەت بە سیاسەت تێدا بزووت، و لەگەڵ کۆمیتەیەکی هاوپێوەندی کەوتم، و دۆستایەتیم پەیدا کرد لەگەڵ ئەو پەنابەرە سیاسییانەی لە تورکییەوە هاتبوون.ئەمن شوێنگێری ئەو محاکەمانەم کرد کە دوای کودەتا بەڕێوەچوون. یەک لەو محاکەمانەبە تایبەتی سەرنجی ڕاکێشام.ئەویش محاکەمەی ئاکادێمیکێک بوو کە لەبەر نووسینی کتێبێک بە 13 ساڵ زیندان حوکم درا. ئەو پیاوە ئیسماعیل بەشیکچی بوو و کتێبێکی کۆمەڵناسانەی لە سەر کوردان نووسیبوو.
لەبیرمە بیرم لێدەکردەوە ئەگەر مرۆ هەر لەبەر نووسینی کتێبێک لە سەر کوردان بکەوێتە زیندانەوە، ئەوە ئاشکرایە دەبێ شتێکی گرینگ بێ بکرێ، نووسینی کتێبێک لە سەر کوردان!( بە پێکەنینەوە). کەیسی بەشیکچی زۆر گرینگ بوو بۆ ئەوەی من بڕیار بدەم کە کوردەکان وەکوو بابەتی لێکۆڵینەوەی مەردمناسی هەڵبژێرم. ئەمن دەمزانی لە هولەند دەژیم و بە نووسینی کتێبێک لە سەر کوردان ناکەومە زیندانەوە؛ هەرچۆنێک بێ وێدەچوو ئەوە بابەتێکی زۆر گرێنگتر بێ لە هێندێک بابەتی دیکە.

**پرسیار: کاتێک ئەتۆ دەستت پێکرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتی کورد، ئەو شتانەی دەتخوێندنەوە چ بوون؟ بە کامە زمانان دەتخوێندەوە؟**

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** ئەوە لە کۆتاییەکانی ساڵانی 1960 کان ، بەراییەکانی 1970کاندابوو. ئەوە سەروبەندێک بوو کە بزووتنەوەی خوێندکاری مرخێکی یەکجار زۆری تێدا بوو سەبارەت بە دنیای سێیەم و سەبارەت بە شۆرشەکانی دنیای سێیەم، ئیمپریالیزم، خەباتی ڕزگاریخوازی، تێۆری بەسترانەوەیی. ئەمن زیاتر بە زمانی ئینگلیسی دەمخوێندەوە. نووسینی نووسەرێکی فرانسەییم بە ئینگلیسی خوێندەوە:
فرانتس فانۆن سەبارەت بە شۆرشی ئەلجەزیرە.ئەمن نووسینەکانی نوێ مارکسیستە بریتانیایی و ئەمریکاییەکانم دەخوێندەوە کە تێۆریسییەنی ئێمپریالیزم بوون. گۆڤاری وەکوو نیو لێفت ڕیڤیو ، مانتلی ڕیڤیو و مەردمناسی ئاساییم

دەخوێندەوە.

**پرسیار: خوێندنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە چ کاردانەوەیەکی هەبوو لە سەر بۆچوونی تیۆری تۆ لەمەڕ کوردەکان؟ بەچ شێوەیەک ئەو پرسیارانە لە زەینت دا گەڵاڵە دەبوو کە دەتویست دواتر لە کاری مەیدانی دا وڵامەکانیان بدۆزییەوە؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** ئەمن ماتێماتیکسم خوێندبوو و بە تەنیشتییەوە هێندێک مەردمناسی، و دەمەویست لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ بکەم کە هەم لە پێوان بێ و هەم لە سەربنەمای کارێکی مەیدانی درێژ_خایەن بێ.ئەمن بیرم لێکردەوە کە تێکەڵاوێک لە لێکۆڵینەوەی کلاسیک بکەم لەدێیەک ، کە تێیدا مەردمناس، لە دێیەکە دژی، ئەگەر بکرێ بۆ دووساڵ، و هەروەها شیکردنەوەیەکی ئابووری کە ئیمپریالیزم چییە و لە ئاستی ناوچەیی بەسترانەوە مانای چییە؛ شیکردنەوی لێکەوتنەوەی نێوخۆیی و دەرەوەیی چنە، پێوەندی ئابووری نێهەڵکێش لە پێوەندییەکانی زاڵبوونی سیاسی، دەستەڵات و ستاتوسی ناوچەیی. وەک دەزانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، زۆر لە تێۆریسیەنان پێیان وایە کە ئێمە بەڕاستی چین مان نییە، بەڵکوو ستاتوس زۆر لە چین گرینگترە، و ئەوە گرووپە ئێتنیکییەکانن وا بەتەنیشت یەکەوە لەڕیزێک دا ڕاوەستاون تائەوەی کە کرێکارانی کورد ، کرێکارانی تورک، کرێکارانی فارس چینێکی تاقانە بن. لەنێو هەر گرووپێکی ئێتنیکی دا پێوەندی پەروەرەندەیی لە نێو خەڵک دا هەیە، کە پێش بەوان دەگرێ بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی بزوونەوە و هەڵسوکەوت بکەن.ستاتوسی کۆمەڵایەتی ، بەتایبەتی دە نێو کۆمەڵگە عەشیرەتییەکاندا، زۆر لە چین بە گرینگتر دادەندرێ. بەڵام لە ساڵانی 1950کاندا چەند ڕاپەڕینی وەرزێری بە دژی خاوەنموڵکان قەوماوە، هەم لە بەشی ئێران و هەم لەبەشی عێراقی کوردستان، کە ئەو ڕاپەڕینانە زۆر وە ئەو بزووتنەوانە دەچوون کە بەپێی بەسترانەوەی چینایەتیورووژابن. و لە ساڵانی 1960کاندا شا ڕێفۆرمی زەوی و زاری کرد کە ئەوە چینێکی لە خاوەنموڵکانی سەربەخۆ ساز کرد. جا بۆیە من زۆر مرخم لێ بوو بزانم کە گشت ئەوانە لە ئاستی ناوچەیی دا چۆن وەبەرچاو دێن. فکرم وابوو بچم بۆ ماوەی دووساڵ لە دێیەکی کوردستانی ئێران بژیم و دوو وەرزی تەواوی کشتوکاڵی ببینم و لە کارکردی ئابووری بڕوانم، لە گشت پێوەندییەکانی بەسترانەوە و پەروەرەندەیی و وەک ئەوانە ورد ببمەوە.

**پرسیار: ئەی سەبارەت بە ڕاوێژکارە زانستییەکانت، دەوروبەری زانستیت لەو سەروبەندی دا چۆن بوو؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** پرۆفێسۆرێکی مەردمناسیم هەبوو ، کە ئەو بەهیچ جۆر سەر بە قوتابخانەیەکی ئەو چەشنەی مەردمناسی نەبوو. ئەو مرۆیەکی بنچینەگر بوو و پێشتر کاربەدەستێکی کۆلۆنیال ببوو. جا بۆیە ئەو بەڕاستیش تێنەدەگەیشت ئەمن دەمەوێ چ بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆری پشتیوانی لێدەکردم. ئەمن زۆر تاک کەوتوو بووم: کەس لەو جۆرە شتانەی نەدەکۆڵییەوە. ئەوەدەمی لە هولەندێ کەس نەبوو کە کاری مەردمناسانە لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکا. کەسێک هەبوو لێکۆڵینەوەکی کردبوو لە دێیەکی ئێرانێ و کەسی دیکە نەبوو.بەڕاستیش ئەمن بەتاقی تەنێ بووم. دەبوو بۆخۆم بەتەنێ بیرلە شتەکان بکەمەوە.

**پرسیار: ئەتۆ کاری مەیدانی خۆت چۆن ڕێکخست؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** دیارە، ئەگەر مرۆ بییەوێ کاری مەردمناسانە بکا، پێویستی بە موڵەتە لە لایەن حکوومەتەوە.لەوێ بەپیرمەردمناسانەوە ناچن و بەخێریان ناهێنن.لە تورکییە ئەمن چاوەڕێ نەبووم مۆڵەتم بدرێ بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردەکان.بەڵام تورکییە تەنانەت لە بیریشم دا نەبوو. لە عێراق _ لە بەراییەکانی ساڵانی 1970کاندا دەستم کرد بە پلاندانان _ ئەمن دەمزانی شەڕێکی تازە هەڵدەگیرسێ .جا بۆیە هەر ئێران مایەوە.ئێران وڵاتێکی سەر بە ڕۆژئاوا بوو، کە لەوێ مەردمناسان مۆڵەتیان پێدەدرا. زۆرکەس، بەتایبەتی مەردمناسە ئەمریکاییەکان لەوێ خەریکی لێکۆڵینەوەی مەردمناسی بوون. جا بۆیە داوای موڵەتم لە ئێران کرد بۆ لێکۆڵینەوە.ئەمن نەمدەزانی ، تەنانەت لە ئێرانیش مرو ناتوانێ سەبارەت بە کوردەکان بکۆڵێتەوە. هەر کە وڵامی داوخوازی موڵەت نەهاتەوە، بۆخۆم هەستام چووم بۆ ئێران. بە مامۆستای چاوەدێری خۆم گوت دەچم و لە تاران چاوەڕێی موڵەتەکە دەبم.و لەوێ دەستم کرد بە قسەکردن و چاوپێکەوتنی مەردمناسە ئەمریکاییەکان. هەموویان پێم پێدەکەنین چونکوو ئەمن پێم وابوو دەتوانم لە سەر کوردان بکۆڵمەوە:

**پرسیار: ئەتۆ نەتدەزانی ناکرێ لەسەر ئەو بابەتە بکۆڵییەوە؟**

**مارتین ڤان براوێنسن:** خۆشبەختانە نەمدەزانی.جا بۆیە، بێ مۆڵەت چووم بۆ کوردستان و بە حەفتان و بە مانگان لەوێ دەمامەوە. وڵامی مۆڵەت هەرنەهاتەوە. داواکە وەدوا دراوە، ئەمن جارێکی دیکەش داوام کردەوە؛ جارێکی دیکەش داوخوازەکەیان وەدواوە داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوڵاتیان دەرنەکردم. دەمتوانی بۆ ماوەی کورت بچمە هەرێمەکە. ئەمن لە قاوەخانەیەکی کوردی لە تاران خەریکی فێربوونی زمانی کوردی بووم، هەموو ڕۆژێ دەچووم و لەوێ دادەنیشتم، لە گەڵ خەڵک قسەم دەکرد سەبارەت بەو دێیانەی کە لێیانەوە هاتبوون.بەرلەوەی بچمە ئەوێ فێری فارسی ببووم. ئەو دەمی هێندێک تورکیشم دەزانی، کە لە لای خۆم فێرببووم. من لەوقاوەخانەیە دا فێری کوردیی سۆرانی بووم. لە مهاباد دۆستم هەبوون.ئەمن پێشتر چوو بوومە مهاباد وهێندێک بنەماڵەم دەناسین کە لەلایان دەمامەوە یارمەتیشیان کردم کە خۆم دەورەیەکی کوردی تەواو کەم. بەڵام لەبەر ئەوەی من مۆڵەتم وەرنەگرت، نەمدەتوانی بۆ ماوەی درێژ لە شوێنێک بمێنمەوە. نەگیرام بەڵام زۆر جار خەڵک دەهاتنە لام وپێیان دەگوتم باشترە بڕۆی و هەستم دەکرد ئەوە دەبێ لە لایەن ساواک، دەزگای هەواڵگرییەوە بێ ، کە پێیان گوتم ئەمن ناتوانم بمێنمەوە. چەند جارێک لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم. جابۆیە دەبوو لەجێیەکەوە بچمە جێیەکی دیکە و قەت نەمدەتوانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەم کە پلانم بۆ دانابوو. بەڵام ئەوەش سەرنجڕاکێش بوو چونکوو دەستمکرد بە تێگەیشتنی جیاوازی شوێنێک لە تەک شوێنێکی دیکە دا. نەک هەر تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان ، بابڵێین لە شوێنێک هەر عەشیرەتێک هەیە، لە شوێنی دیکە عەشیرەتێکی زۆر و لە شوێنی سێیەم هیچ عەشیرەت نییە، هەروەها نموونەی پێوەندی دەستەڵاتی جیاوازیش هەیە. بە دەم سەفەرکردن و گەڕانەوە، ئەمن تووشی کوردی خەڵکی کوردستانی عێراقیش هاتم،لە هەمان کات دا لەوێ شەڕ دەستی پێکردبووەوە و لە هەرێمەکەدا پەنابەر هەبوون، بەڵام هەر وەها ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی عێراقیش دە هاتووچوو دا بوون. چەندین جار لە هوتێلێکی چکۆلە یان میوانخانەیەک دا لە هەمان ژوور دا بووم کە میوانی عێراقی لێ بوو ، و کاتێک بۆم باس کردن خەریکی چم ، ئەوان دەیانگوت: " بۆ نایەی بۆ کوردستانی عێراق؟" ئێمە ناوچەی ئازادکراومان هەن لەوێ هیچ حکوومەتێک ناتوانێ پێت بڵێ بۆت نییە بمێنییەوە. کوردەکانی عێراق لە تاران ئۆفیسێکیان هەبوو. جابۆیە ئەو جار کە دیسان لە تاران بووم، چوومە ئەو ئۆفیسە و ئەوان مۆڵەتیان پێدام بۆ لێکۆڵینەوە.ئەمن پێم وایە ئەوان نەیان دەزانی لێکۆڵینەوەی مەردمناسی چییە. لەوانەیە پێیان وابووبێ ئەمن جۆرەیەک ڕۆژنامەنووس یان سیخورێکی هەواڵگریم، هەر دوو جۆری ئەو میوانانە پێوقەدەمیان بەخێر بوو، چونکوو ئەوان [ کوردەکانی عێراق] دەیانەویست پێوەندی باشیان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبێ. دواتر ڕەنگە هەستیان پێکردبێ کە مەردمناسان پرسیاری نالەبار و قورس دەکەن، بەڵام تازە ئیدی من لەوێ بووم.

**پرسیار: لە ئێرانەوە بۆ عێراق، و دوایە تۆ لە ترکییەش کاری مەیدانیت کرد؟**

**مارتین ڤان براوێنسن:** بەڵێ، من قەت لە ئێران مۆڵەتم وەرنەگرت و خۆم لە کوردستانی عێراق هاویشت. لە زستانی 1974/75 لەوێ بووم. وەبیرم دێ لە نەورۆزی 1975 دەبوو ئەوێ بەجێ بهێڵین چونکوو کوردەکان دەستیان لە خەبات بەردابوو. شا و ئەمریکاییەکان پشتیان تێکردبوون. سەربازانی ئێرانی پاشە کشەیان کردبوو و ئێران هەموو جۆرە پشتیوانییەکی بڕیبوو.کوردەکان دەبوو دەست بەر دەن. نزیکەی 50000 کەس ڕایان کرد بۆ ئێران و ئەمن لە گەڵیان بووم. دوایە بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی کە پێشتر دەمکرد. من لە سەر گەشت و گەڕان بە کوردستانی ئێران دا بەردەوام بووم. لە هەمان کاتدا گەڵاڵەی لێکۆڵینەوەکەم گۆڕدرابوو؛ زیاتر بوو بە بەراوەدکارانە و کەمتر چوونە قووڵاییەوە.هاوپرسەکی لەگەڵ خەڵک زۆرم بۆ گرینگتر ببوو و ئەمن زیاتر جەختم دەکردەوە سەبارەت بە ئەوەیکە دەتوانم لەمەڕ پێوەندی دەستەڵات و کۆنترۆڵ بە سەر سەرچاوە ئابوورییەکاندا چ هەڵکڕێنم و بۆم ڕوون بێتەوە. بڕیارم دا تورکییە و سوورییەش بخەمە ئەو بەراوەد کردنە.بەگشتی ، من دووساڵ لەژیانم لەهەرێمەکەدا بەسەربرد بەڵام لە شوێنێکەوە دەچوومە جێگەیەکی دیکە.

**پرسیار: ئەی سەبارەت بەو بەرتەنگیانەی وا لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەو وڵاتە جیاوازانە دا دەهاتە سەرڕێت چی؟ وا وێدەچێ کارکردنت لە عێراق زۆر هاسانتر بووبێ.**

**مارتین ڤان براوێنسن:** ڕاستە. ئەگەرچی ئەمن پاسەوانێکم لەگەڵ بوو، کەسێکی کە بۆ هەرجێیەک دەچووم لەگەڵم بوو. ئەو گەنجێک بوو بۆ خۆی خوێندکاربوو و بەتەواوی مرخی لەو پرسیارانەی بوو کە من دەمکردن.ئەمن لەبیرمە کە

دەستمان پێکرد بۆمان دەرکەوێ پێوەندی فێئۆدالی لە گۆڕێ دایە ، کە جووتیاران دەچەوسێندرێنەوە، و دادۆشرێن بەهۆی ئاغا فێئۆدالەکانەوە.ئەوان دەبوو هەم دراو بدەن بە ئاغا فێئۆدالەکان و هەم خزمەتیشیان بکەن. ئەوان لە لایەن پارتییەوە لە نیری ئاغا فێئۆدالەکان ڕزگار کرابوون. بەڵام ئێستا دەبوو هەمان دراو بدەن بە پارتی و هەمان خزمەتی پێ بکەن! فەرماندەرەکان، کە خەڵکی نزیک لە بازنەی دەوروبەری مستەفا بارزانی بوون، ببوون بە ئاغای فێئۆدالی نوێی هەرێمی.ئەوان لەجێدا هەر ئەو کارانەی ڕابردوویان دەکرد و بۆ جووتیاران هیچ شت نەگۆڕدرابوو. و پاسەوانەکەم، کاتێک دەستی پێکرد ئەوە ببینێ، زۆر ڕادیکاڵتری لێ هات. ئەو دواتر بوو بە یەک لە ئەندامە سەرەتاییەکانی یەکێتیی نێشتمانی کوردستان کاتێک تاڵەبانی لە ڕکەبەری لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی دا بە جوێ خۆی ڕێک خست.

**پرسیار: کاری مەیدانی لە تورکییە چون بوو؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** یەکەم شتی کە کردم ئەوە بوو لە سنووری ئێرانەوە پەڕیمەوە و چوومە یوکسێکۆڤا. چوومە وان و لە وانەوە چوومە باشوور و گشت ڕێگەکەم بە پێیان تا جزیرێ پێوا.وەرزی بەهار بوو و کۆچەرەکان لە کوێستانان بوون. پێشتر لێکۆڵینەوەیەک کرابوو سەبارەت بە کۆچەرەکانی ئەو هەرێمە کە خوێندبوومەوە، لەلایەن جوگرافیزانی ئاڵمانی وڵفگانگ هوترروت( 1959،1961). ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گرینگە، زۆر باشە. ئەمن دەمەویست ئەو شوێنە ببینم کە ئەوی لێبووە و چاوم بە هێندێک لەو کۆچەرانە بکەوێ کە ئەو لە سەری نووسیبوون.ئەمن بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا ، لە تاوڵێکی کۆچەران دا نوستم.وات هەست دەکرد چ پۆلیس نییە و مرۆ زۆر ئازادە. ئەوە زۆر بەر[ لەچالاکییەکانی] پارتیی کرێکارانی کوردستان بوو، ساڵی 1975 بوو. بەڵام من دواتر زانیم، دوای ئەوەی من لەوێ بووم، کۆچەرەکان لە سۆنگەی من لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا بوو. دەزگای هەواڵگری لەوانەنییە لێپرسینەوە لەگەڵ من بکا یان دە زیندانم کا ، بەڵام ئەوخەڵکانەی من قسەم لەگەڵ کردبوون لەوانەبوو لە مەترسی دابن. جا بۆیە دوای ئەوە من زۆر وشیارتر بووم و ئاگام لەخۆم بوو. لە جزیرێ پشتیوانێکی دیکەم دۆزییەوە، ئەو شێخێک بوو.ئەمن لە ئێران چەندین شێخم دیبوو و فرووسماوییم سەبارەت بە سۆفیایەتی دەستی پێکردبوو. وبیستبووم کە بنەماڵەیەکی شێخان لەوێ هەیە. شێخ پیاوێکی گەنج بوو و ئێمە هەتا بڵێی حورمەتی یەکتریمان لەبەر بوو. ئێمە بووینە دۆست و، لە بەر ئەوەی تارادەیەکی دیاری سەربەخۆ بوو، داوای لێکردم لە ماڵەکەی بمێنمەوە، و لە دێیەکەی بم بێ ئەوەی پرسیارێکی زۆر بێتە گۆڕێ، و لەبەر ئەوەی زۆر خەڵک دەهاتن بۆ دیتنی ئەوان، ئەمن دەمتوانی وتووێژ و هاوپرسەکی بکەم.زیاتر لەوەش، لەبەر پێوەندییەکانی پێشووترم لەگەڵ پەنابەرە سیاسییەکان و کارم لە کۆمیتەی هاوپێوەندی دا هێندێک پێوەندیم لەگەڵ هێندێک شوێن لە تورکییە دامەزراندبوو،لەوانە دیاربەکر، بەرلەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەکەم بکەم. هێندێک لەوکەسانەی پێوەندیم لەگەڵیان هەبوو مامۆستای خوێندنگە بوون.بەرلە کودەتای 1971، سێندیکایەکی مامۆستایان هەبوو.ئەو سێندیکایە دوایە قەدەغە کرا. مامۆستایان لەبەر ئەوەی کرێکارنەبوون ، هیچ مافیان نەبوو بۆ مانگرتن. جا بۆیە ئیتر ئەوان سێندیکایان نییە ، و ئێستا کۆمەلەیەکیان هەیە.( کۆمەڵەی یەکێتی و هاوپێوەندیی نێوان مامۆستایان لە تورکییە). بەڕێگەی ئەو کۆمەڵەیەوە، چاوم کەوت بەو مامۆستایانەی لە لادێکان کاریان دەکرد. چوومە چەندین لەو دێیانە و لەوێ مانەوەم لەلای مامۆستا جۆرەیەک ڕەوایی بۆ ساز دەکردم.بەرە بەرە ئەمن ئەوەندە کورمانجی قسە پێکردن فێربووم کە بەرەی خۆم لە قوراو دەرکێشم، ئاشکرایە ڕەنگە نەبووبم بە کوردێکی ڕاستەقینە بەڵام، کاتێک دەمگوت: " باوکم خەڵکی ئێرەیە بەڵام خۆم لە ئوروپا گەورە بووم" ئەو قسەیەیان دەسەلماندم.هەرچۆنێک بێ، کوردی ستانداردکراو نییە و خەڵک ناتوانن پێیان وابێ کەسێک کە بەکوردی قسە دەکا کورد نەبێ. و ئەمن سمێڵێکی گەورەم هەبوو و پێم وایە وەکوو کەسێکی خۆجێی وەبەرچاو دەهاتم؛ ئەو جلوبەرگەی دەبەرم دەکرد لەوێ کڕیبووم و جا بۆیە سەروسەکوتم جیاوازییەکی زۆربەدەرەوەی لەگەڵ خەڵکی دیکە نەبوو. دەستم کردبوو بە لاساکردنەوەی زمانی بەدەنی خەڵک. ئەمن پێم وایە زۆر بەدەرەوە نەبووم. جابۆیە دەمتوانی زۆر جار لە دێیەکان بمێنمەوە. بەڵام دیارە ژاندارم هەمیشە هەبوو و زوو یان درەنگ دەیانزانی کە بێگانەیەک لە ئاوایی دا هەیە؛ و دەهاتن و دەیان پرسی لەوێندەرێ چ دەکا. باشە، دەمگوت ئەمن هاتووم سەر لە دۆستەکەم بدەم کە مامۆستایە، بەڵام بۆ چ ماوەیەک لە لای دۆستەکەت دەمێنییەوە. جا بۆیە ئەمن دەبوو بیانووی جیاواز و شوێنی جیاواز پەیدا کەم بۆ ئەوەی لە دێیەکان بمێنمەوە. و ڕەنگە ساڵانی 1976- 1975 سەروبەندی هەرە ئازاد بووبێ. دواتر، زۆر دژوارتر بوو کە ئەوە بکرێ.

**پرسیار: بە شێوەی کۆنکرێت ئەتۆ لەکارە مەیدانییەکەتدا چۆنت زانیاری کۆ دەکردەوە؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** وتووێژ و هاوپرسەکیم دەکرد، زۆر جار بەو شێوەیە بوو: لەگەڵ کەسێک دەدوێی و قسەدەکەی دوایە شەوێ شتەکان دەهێنییە سەرکاغەز. ئەمن زۆرکەم وتووێژەکانم لە سەر شریت ئاستە دەکرد. ڕێکۆردرێکم

هەبوو، بەڵام ئەوە خەڵک دڕدۆنگ دەکا، جابۆیە من بەکارم نەدەهێنا.زۆربەی کارەکەم چاوگێران و لێ وردبوونەوەبوو. لە دێوێکی دێیەکە کە خەڵک لێی کۆدەبوونەوە دادەنیشتم. و ئەگەر مرۆ شوێنگێری قسەکان بکا هەست بە جیاوازی شان و پلەی خەڵکیش دەکا. ئەوە شوێنێکی زۆر خۆشە بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە خەڵک لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان لە کوێ دادەنێن.نەخشەی کۆمەڵایەتی دێیەکە لەنەخشەی فیزیکی ئەو دیوە دا خۆی دەردەخا. ئەگەر کەسێک لە نەزمی کۆمەڵایەتی ڕازی نەبێ ، ئەتۆ دەتوانی ببینی.خەڵک لەوانەیە دوایە ئامادەبن سەبارەت بەوە بدوێن. ئەمن بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم لەوەی لەوێ لێکۆڵینەوەم دەکرد؛ هەستم دەکرد کە چوومەتە نێو ئەو کۆمەڵگەیە وە ، دەستم کردووە بە لێتێگەیشتنی.ئەمن بەڕاستی خەڵکەکەم خۆش دەویست. بۆ پێشکەوتنی شەخسی خۆم، هەروەک کەسێکی کۆمەڵایەتی ، ئەوە زۆر گرینگ بوو. من پێشتر کەسێکی زۆر گۆشەگیر بووم و زۆر زیاتر پێم خۆش بوو سەرم لەنێوان کتێبان دا بێ تا لەگەڵ خەڵک دانیشم و هەڵس و کەوت بکەم. کاتێک ئەمن لێکۆڵینەوەم دەکرد، ئەوە کارێک بوو کە دەبوو ئەمن بیکەم؛ ئەمن دەبوو فێر بم چۆن لەگەڵ خەڵک هەستم و دانیشم. ***ئەمن پێم وایە ئەوە کوردەکان بوون کە ئەمنیان کرد بە ئینسان.*** جا بۆیە ئەمن هەستی پێناوداریم هەیە بەرانبەریان؛ دەمەوێ بڵێم کوردەکان بۆ من زۆر گرینگ بوون.

**پرسیار: ئەتۆ کەنگێ و بۆچی ئەندۆنێزیات هەڵبژارد وەکوو مەیدانێکی دیکەی لێکۆڵینەوە؟**

**مارتین ڤان بڕاوئێسن**: قەت بە هەڵبژاردن هەڵمنەبژارد لە ئەندۆنێزیا کار بکەم لە ساڵی 1980 کودەتایەکی دیکە کرا لە تورکییە. ئەمن بیستم نێوم لە لیستی نێوی ئەو کەسانە دایە کە ڕێگەیان نادرێ بچنە تورکییە. بەڵام ئەوە مانایەکی ئەوتۆی نەبوو چونکوو مرۆ دەیتوانی زۆر بە هاسانی بچیتە ئەوێ ئەگەر بە فڕۆکە نەچووبا.ئەوان تەنێ لە ئانکارا و ئەستەنبوڵ تێرمیناڵی کامپیوتێریان هەبوو. ئەمن دەمتوانی بە ڕێگەی سوورییە یان کوشاداسی دا بچمە نێو تورکییە بێ ئەوەی پێم بزانن. بەڵام، لەجێدا، بۆ ماوەیەک ئەمن کەسێکی بەخێرنەهاتوو بووم. لەجەنگەی شۆڕش و دوای شۆڕش، لە ئێران بووم و دوای ئەوە چیدیکە ویزای ئێرانیان نەدامێ. پێم وایە لەوانەیە لەوێش خرابوومە لیستی ڕەشەوە. لە ساڵی 1978 یا 1979 بوو دیسان چوومەوە عێراق. ئەوە ئاخرجار بوو کە توانیم بچمە ئەوێ. کەسێک کە لە سەفارەتخانەی عێراق لە هولەند کاری دەکرد _ کە ئەوێی بەجێ هێشت دوای ئەوەی دەرکەوت لەبنەوە کار بۆ تاڵەبانی دەکا _ پێی گوتم لە عێراق خراوەتە لیستی ڕەش و بەسیخوڕێکی زۆر بە مەترسی سەهیونیست دادەندرێم! ئەمن دەمزانی کە چیر ئیدی مۆڵەتم نادرێتە بچمە ئەوێ. وەک دەردەکەوت ئەمن لەهیچ کام لەو وڵاتانە بەخێر نەدەهێندرام، جا بۆیە بیرم کردەوە بەڵکوو شوێنم بگۆڕم.هیوام بەستبوو بەوەی بەڵکوو بکرێ لە سەر ئەفغانستان کار بکەم. تەنانەت هێندێک لێکۆڵینەوەم لە ئەفغانستانیش کردبوو. دوایە ڕووسەکان هێرشیان هێنا سەر ئەو وڵاتە و ئەمن چیتر نەمدەتوانی بچمە ئەوێ.و ئیدی بێکار بووم. لە هولەند مرۆ بەمەرجێک یارمەتی بێکاری وەردەگرێ ئەگەر بە بەردەوامی داوای کار بکا. ئەمن خەریکی نووسینی پێشنیاری لێکۆڵینەوەیەک بووم کە ئەویش هەر لە سەر کوردان بوو. بەڵام دەبوو داوای کار بکەم.کارێکیان پێ پێشنیار کردم بەڵام وەدوایەم داوە؛کارێکی دیکە هەبوو،ئەوان قبووڵیان کرد بیکەم بەڵام ئەمن دیسان وەدوایەم داوە. مرۆ زیاتر لە دووجار ناتوانێ پێشنیاری کار وەدوایە داتەوە، ئیعلانێکم دی دەیگوت پێویستیان بە پی ئیچ دی یەک هەیە لە ئەندۆنێزیا کار بکا. من پێم گوتن پی ئیچ دی م هەیە، من قەت هیچم لە سەرئەندۆنێزیا نەخوێندبووەوە بەڵام کارەکەم پێ باش بوو. و ئەوان گوتیان:"باشە، فەرموو با بۆ تۆ بێ"؛ کارەکەیان دامێ.جا، دەبوو بڕیار بدەم دیسان بەربەرچی بدەمەوە یان نا. جابۆیە ئەوە بە هەڵبژاردنی خۆم نەبوو بەهەڵکەوت ڕێگەم کەوتە ئەندۆنێزیا.لە سەرەتاوە،پێم وابوو لەوێ تەنێ ماوەیەکی کورتی ساڵێک یان دووساڵم پێ دەچێ. بەڵام ئێستا ئەمە دەساڵە بە لێکۆڵینەوەوە لەوێ خەریکم.ئێستاش نێوە نێوە دەچمە ئەوێ.

**پرسیار: ئەتۆ دەتوانی کارێکی ئەوتۆ بکەی کە ئەو دوو کارە مەیدانییانە ـ کوردستان و ئەندۆنێزیا – بە شێوەیەک لە شێوان وەیەکتری بچن؟**

**مارتین ڤان بڕاوئێسن**: ئەوان زۆر لە یەک جیاوازن. یەکەم، من لە ئەندۆنێزیا، مۆڵەتی کارکردن و لێکۆڵینەوەم هەبوو، کە ئەوە هێندێک هەستی ناخۆشی تێدا دەورووژاندم. چونکوو مرۆ ئەگەر مۆڵەتی کارکردن و لێکۆڵینەوەی پێ بدرێ ،تا ڕادەیەک، مانای ئەوەیە بە کەسێکی جێی مەترسی دانانرێ. و، لەلایەکی دیکەشەوە، وا هەست دەکرێ مرۆ ڕازی بێ لە ڕێژیم و من هەمیشە سەبارەت بەوە هەستێکی خراپم هەبوو. چونکوو ڕێژیمی ئەندۆنێزیا ڕێژیمێکی خراپ بوو! بەڵام ئەوان ڕێگەیان بە من دا کاری مەیدانی بکەم و ئەمن بۆ ماوەی ساڵێک لە گەڕەکێکی هەژارنشین دەژیام.

نێوەرۆکی فەرمی کارەکەی من ئەوەبوو ، بىم بە پسپۆڕێکی ئیسلامی ئەندۆنێزیا. ئەمن دەمەویست ئەوە بەجۆرێک بلکێنم بەو پێشوەچوونانەی لە تورکییە و ئێران بە بەرچاوم دا ڕابرابوون. جابۆیە ئەو پرسیارەی لەخۆم دەکرد ئاوابوو: گەلۆ شتێکی وەکوو شۆڕشی ئێران یان هەستانی وەکوو ئێم ئێس پێ ( میللی سەلامەت پارتیسی ، 1981- 1972 ) لە تورکییە یان گرووپە ئیسلامییەکان لە میسر لە ئەندۆنێزیا دەلوێ؟ و گەلۆ ئەوە هیچ پێوەندییەکی هەیە بە کۆچ کردنی توێژە خوارەوەکانی چینی نێوەڕاست و خەڵکی هەژار لە شارۆچکە پچووکەکانەوە بۆ شارە سەرەکییە گەورەکان، کە زۆر خەڵک پێیان وابوو ڕەوتێکی ئەوتۆ ئەو ڕووداوانە شی دەکاتەوە. زۆرێک لەو شیکردنەوانەی سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێن بە شێوەیەک لە سەر چەشنێک لە تێۆری بێ بەشی ڕێژەیی دادەندرێن. چەمکی بێ بەشی ڕێژەیی منی بەرەولای خۆی ڕاکێشا بەڵام بیرم لێکردەوە کە ئەوە زۆر بە هاسانی بۆ شیکرنەوەی زۆر دەکاردەهێندرێ. کاتێک مرۆ لە گەڵ گرووپێک لە ڕادیکاڵان بەرەو ڕوو دێ هەمیشە دەرەتانی ئەوە هەیە مرۆ هێندێک بێ بەشی ڕێژەیی لە مێژووی شەخسییان دا بدۆزێتەوە. جا بۆیە ئەمن بەخۆم گوت، بۆچی لەو جۆرە خەڵکەوە دەست پێنەکەین کە دەبێ بێ بەشی ڕێژەیی هەرە توندیان تەجروبە کردبێ و با بزانین ئەوان لە باری دینییەوە چۆن وڵام دەدەنەوە. من هەرتەماشای شارێکم کرد ، هەر گەڕەکێکی هەژارنشین، بەڵام هەژماریش لە بەردەست دابوو کە من دەمتوانی بەکاری بهێنم . زۆر ڕوونتر چاوم بە خەڵکی ئەوتۆ کەوت کە لە ناوچەکانی دەوڵەمەندترەوە گواستبوویانەوە بۆ ئەو گەڕەکە، گەڕەکی هەرە هەژار. جا بۆیە بۆ ماوەی ساڵێک لە نێو خەڵکی بەڕێژە بێ بەش دا ژیام؛ و دیسان لێرەش زۆرم چێژ لە کاری مەیدانی وەرگرت،ئەمن پێی شاد بووم. ئەگەرچی تووشی نەخۆشی زۆر خراپ بووم، هەر وەک دراوسێکانم.جارجار لەوێ ژیان سەخت بوو. و هەڵبەت وا دەرکەوت کە ئەوان ڕادیکاڵ نەبوون. خەڵکی هەژار ناتوانن ڕادیکاڵ بن. ئەوە خەڵکی خوداپێداون کە ڕادیکاڵ دەبن، خەڵکی خوداپێداوی وەکوو ئێمە.

**پرسیار : ئەی ڕەهەندی بەراوەردی ئەو لێکۆڵینەوە یە ئێران و تورکییەش وەبەر دەگرێ؟**

مارتین ڤان پراونێسن: لە سەرەتاوە ئەمن پێم وابوو ئەوە دەکرێ ، بەڵام دوایە دەرکەوت، نا. زۆر شتی شیاوی بەراوەرد کردن و بەیەک ڕانان هەن بەڵام لەبەریەک ڕانانی کۆمەڵناسانە لەبار نییە.ئەمن قەت نەمتوانی هەمان شێوە لێکۆڵینەوە لە تورکییە بکەم کە لە ئەندۆنێزیا کردم. ئێستا شاگردێکم هەیە کە خەریکی کاری مەیدانییە دەناو کۆچبەری زۆرەملێ لە گەڕەکێکی هەژارنشینی ئەستەنبووڵ . بەڵام دیسان ئەوەش جیاوازە. ئەمن لە ئەندۆنێزیا حەولم دا ڕەهەندی ئێتنیکیش لە کارەکەم دا لەبەرچاو بگرم. ڕەنگە لەبەر ئەو ویستەی کە بتوانم بەراوەرد بکەم، هەرێمێکم هەڵبژارد کە گرووپی دوویەمی هەرەگەورەی ئێتنیکی ئەندۆنێزیای لێ بوو. لە گەڕەکەکەم دا، زۆربەی دانیشتووان سەر بەو گرووپە بوون و ژمارەیەکی کەمتریش سەر بە گەورەترین گرووپی ئێتنیکی بوون، و هێندێک گرووپی پچووکتریش پاشخانی ئێتنیکی دیکەیان هەبوو. بەڵام لەوێ ئیتنیسیتی یان هەرێمایەتی زۆر گرینگ نەبوون. ئەوە هۆکارێکە بەڵام لە ئەندۆنێزیا بەڕێگەیەکی زۆر جیاواز دا هەڵدەسووڕێ. دیتنێکی دیکەی بەراوەردی ئەوەیە ، کەمن لەوێش دەستم کرد بە چاولێکردنی چلۆنایەتی هەڵسوورانی تەریقەتە سۆفییەکان لە ئەندۆنێزیا و دەوری سیاسییان. لەوەش زیاتر بۆم دەرکەوت کە کارتێکەرییەکی ناڕاستەوخۆی کوردی لە سەر ئیسلامی ئەندۆنێزیا هەیە، بەتایبەتی لە سەر سۆفیگەری، ئەگەرچی هیچ کوردێک قەت ڕێگەی نەکەوتووەتە وێندەرێ.ئەندۆنێزیایەکان و کوردەکان لە مەککە یان مەدینە چاویان بەیەک کەوت و تێکەڵاوییان پەیدا کرد.لە ڕابردوو دا ،زۆر لە ئەندۆنێزیاییان لەمەدینە لەلای مامۆستایانی کورد دەیان خوێند. ئەندۆنێزیاییەکان کوردان بە ئیسلامەوە دەناسن؛ ئێستا کوردی نێوێکی شەخسی بیە کە لە بنەماڵەی ئیماندار دا لە پیاوانی دەنێن.

**پرسیار: با بێینەوە سەر کارەکانت سەبارەت بە کوردان. لە تورکییە ، یەکەم جار ئێوە لە ئویزگویر گەلەجەک دا شتتان بڵاو کردەوە ، گۆڤاری محەمەد بایراک . چۆن بوو لەو گۆڤارە دا شتت بڵاو کردەوە؟**

**مارتین ڤان براونێسن**: ئەو چەند بەش لە کتێبەکەمی وابزانم لە ساڵی 1988، لەگۆڤارەکەی دا بڵاو کردەوە. بەر لەوەی لە گەڵ یەکتری ناسیاوی پەیدا کەین. ئەو لە سەر ئەوە بانگ کرا بەردەم دادگە. ئەمن دوای ئەوە چاوم پێی کەوت، لەوکاتەی دا کە خەریک بوو هەموو کتێبەکە بڵاو بکاتەوە. ئەوە وەرگێڕانێکی باش نەبوو و ئەمن پێم وابوو دەبێ دەست ڕاگرێ و وەرگێڕانێکی باشتر لە کتێبەکە بکرێ بەڵام ئەو لە سەر کارەکەی بەردەوام بوو چونکوو بۆ وی چاپکردنی کتێبەکە دەرپرینێکی سیاسی بوو.ئەمن وەنەبوو ئەو کارەم زۆر پێ خۆشبێ چونکوو زۆر برگەی کتێبەکە بە هەڵە وەرگێردرابوو و تورکییەکەی چەوت و چەوێل بوو. وەرگێڕەکە خوێندکارێکی مەردمناسی بوو بەڵام نەی وێرا ئیزن

وەربگرێ بۆ وەرگێرانی کتێبەکە. ئەو خانمە بەداخەوە کتێبەکەی وشە بە وشە وەرگێرابوو. بەڵام بایراک لەوە دا حەقدار بوو کەبڵێ بە کاتی خۆیەتی کتێبێکی ئەوتۆ بڵاو بکرێتەوە.سەروبەندێکی هەتا بڵێی سەیر بوو، ساڵانی کۆتایی سەردەمی ئۆیزاڵ، کاتێک کە ئەو بابەتانەی بۆ ماوەی درێژ بقە بوون لە پڕ دەکرا بە ئاشکرایی قسەیان لەسەر بکرێ... ئەمن پێم وابوو لە ژیانم دا تازە قەت ناتوانم بە فەرمی بچمەوە تورکییە. زۆر خۆشحاڵ بووم کە کتێبەکەم بە چاپکراوی ببینم، و سپاس بۆ محەمەد بایراک ئەمن دەستم بەوەکردبوو لە تورکییە هەبوونم هەبێ. ڕەنگە ئەوە یەکەم کتێب بووبێ لە تورکییە کە نێوی کوردستانی لە تایتڵەکەی دا هەیە. بەشێوەیەک ئەوە ڕێگەدەرکردنێک بوو. ئەمن زۆر شانازی بەوە دەکەم کە ناڕاستەوخۆ ئامرازی محەمەد بایراک بووم بۆ دامەزراندنی کوردان لە چاپ دا.

**پرسیار: ئەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نا- ئاکادیمی لە سەر پرسی کورد؟ دەوری ڕۆژنامەنووسان و "نووسەر _ لێکۆلەرەوان" ( ئاراشترماجی _ یازار ) بە تایبەتی،زۆر جار کوردەکان خۆیان ، هۆکاری بڕیاردەر بوون لەو بەرهەمهێنانەی زانست دا. ئەتۆ چ جۆرە کەلکێکت لەوچەشنە سەرچاوانە وەرگرت؟**

**مارتین ڤان بڕاونێسن**: ئەمن نازانم مەبەستت لە کێیە کاتێک دەڵێی ئاراشترماجی _ یازار. هێندێک لەوان ئیدێئۆلۆگی سیاسین، کە ڕاستی لەمەڕ خۆیان دادەهێنن، یا بە لایەنگری و یان لە دژی کورد. بەڵام زۆر کەسی دیکە هەن کە کاری زۆر بەنرخیان کردووە. مێژوونووسی ناوچەیی هەن وەکوو شەوکەت بەیسانئۆغلوو، کە زۆر کتێبی لە سەر دیاربەکر نووسیوە. نێوی "کورد" بۆ ماوەی درێژ لە کتێبەکانی دا نەبوو. بەڵام ئەو جاروبار باسی ئەرمەنییان دەکا. ئەمن مەبەستم ئەوەیە مرۆ ئەگەر زۆر بە وردی کتێبەکانی بخوێنێتەوە، دەبینێ ئەو وێراویە لە بەرایی ساڵانی 1960 کاندا بەو بابەتەوە خەریک بێ. ئەو شی دەکاتەوە و دەڵێ دوای نەمانی ئەرمەنییەکان، ئابووری هێندێک هەرێمان هەڵوەشا، چونکوو هێندێک پیشە بزر بوون و نەمان.ئەو باسی بزر بوونی ئەرمەنییەکان و خەساری ئابووری دەکا _ بەڵام ئەو ناڵێ ئەرمەنییەکان چۆن سەریان تێداچوو.وەکوو دیاربەکرییەکی تورکزمان ئەو دەبێ هەستێکی لێلی هەبێ سەبارەت بە ناسێنەی کورد، وەکوو گۆیکئاڵپ کە ئەو زۆر پەسنی دەدا و لایەنگری لێدەکا. گۆیکئاڵپ خۆشی تێکەڵاوێکی پتەوی لە گەڵ ناسێنەی کوردی هەبوو ئەگەرچی ئەو بڕیاری دا کوردێک نەبێ و تورکێک بێ. ئەو بەتایبەتی تورکییەیی و دیاربەکرییەیی بوو. زۆر درەنگ لە کۆتاییەکانی ژیانی دا، کاتێک بارودۆخی سیاسی لە تورکییە گۆردرا، بەیسانئۆغلوو دەستی کرد بەوەی نیشانەی ئەوە بەدەستەوە بدا کە ئەو لە ڕاستیدا کوردە. پێم وایە خەڵکی وەک وی، لە ڕوانگەی مێژوویی و تەنانەت لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە شتی زۆر گرینگیان نووسیوە، ئەگەرچی ئەوان کۆمەڵناس نین ، و لە هیچ بوارێکی ئاکادێمیک دا پەروەردەیان نەدیتووە.

**پرسیار: زۆر کورد هەن کە لەباری سیاسییەوە بەرعۆدەییان هەیە ، و هەر لەبەر ئەو بەرعۆدەییە سیاسییە سەبارەت بە مێژووی کورد یان کۆمەڵگەی کورد دەنووسن. هێندێک لەوان شتی زۆر قۆڕ دەنووسن و هێندێکیشیان بەڕاستی شتی زۆر چاک دەنووسن. ئەوانی هەرە باشیان ، ڕۆهات ئالاکۆم و مالمسانجن. ئەوان کتێبی زۆر باشیان نووسیوە کە بە هاسانی دەتوانن شان لە شانی نووسینی ئاکادێمیک بدەن. ئەوان پەنابەری سیاسی بوون لە سوێد، و لەوێندەرێ توانیویانە لە باری ڕووناکبیرییەوە پێش بکەون.بەڵام مرۆ کەسی ئەوتۆش دەبینێ کەڤەت لە تورکییە دەرنەکەوتوون بەڵام کتێبی زۆر چاکیان لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی باش بڵاو کردووەتەوە ، وەکوو کتێبی موحسین قزڵ کایا سەبارەت بە جەردەیی کۆمەڵایەتی ( قزڵ کایا 1991) یان کتێبی موسلیم یوجەل سەبارەت بە مردن ، خۆکوژی و هێرشە خۆکوژییەکان ( یوجەل 2003) یان مێژوونووسی گەنجی خۆ پەروەردەکردوو گورداڵ ئاکسۆی ، کە بەشێوەیەکی زۆر ڕەخنەگرانە شانی داوەتە بەر لێدوان سەبارەت بە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی کوردی.**

**مارتین ڤان بڕاونێسن**: ئاراشترماجی _ یازار ەکان بەتایبەتی دەورێکی زۆریان بووە لە سازکردنی دمەتەقە و لێدوان سەبارەت بە ناسێنەی ئێتنیکی و بن _ ئێتنیکی کە لە ساڵانی 1990 کاندا زۆر قسەی لێوە دەکرا:
گەلۆ زازاکان کوردن یان گەلێکی جیاوازن، گەلۆ عەلەوییایەتی کوردی جیاوازە لە عەلەوییایەتی تورکی ، و لەو بابەتانە.

**پرسیار: کاردانەوەی ئەو نووسەرانە لە سەر بیروڕای گشتی سەبارەت بە پرسی کورد چۆن بووە؟**

**مارتین ڤان براونێسن**: حەوزەی گشتی لە تورکییە لەتوکوت و پارچەپارچەیە؛ تەنێ هەر حەوزەیەکی گشتی نییە.وەشانگەری ئەوتۆ هەن کە کتێبەکانیان بۆ هێندێک خوێنەرەوەی تایبەتی بڵاو دەکەنەوە و هیچ کەسی دیکە کتێبەکانی ئەوان ناکڕێ.تەنانەت ئەمڕۆش، کە زۆر زیاتر قبووڵ دەکرێ باسی عەلەوییان و کوردان و لەو جۆرە بابەتانە بکرێ، بەڵام هێشتا وەشانگەری ئەوتۆ هەن کە بەتایبەتی کتێب بۆ خوێنەرەوەی عەلەوی بڵاو دەکەنەوە و کەسی دیکە کتێبەکانی ئەوان ناکڕێ. وەشانگەری ئەوتۆ هەن کە بەتایبەتی بۆ خوێنەرەوەی کورد کتێب بڵاو دەکەنەوە. ئاڤێستا کتێبی زۆر چاک بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ، بەداخەوە ئەمن پێم وایە زۆر لە تورکان تەنانەت نازانن وەشانخانەیەکی ئەوتۆ هەشە. ئەمن زۆر بەختەوەرم کە موراد بەلگە و عومەر لاچینەرم ناسی، ئەوکەسانەی کە ئیلەتیشیم یان دامەزراند،وەشانخانەیەکی سەرەکی کە ئەو کتێبانەی چاپیان دەکا لەلایەن بەشێکی بەربڵاو لە خوێنەرەوەی خوێندەواری جۆربەجۆرەوە دەخوێندرێتەوە.ئەوکاتەی ئەوان هەستیان پێکرد هەڵدەسوورێ ، بڕیاریان دا هێندێک لە نووسینەکانی من بە تورکی بڵاوبکەنەوە. و ئەمن پێم وایە ئەوە زۆر گرینگ بوو بۆ من بە شەخسە وەکوو ڕێ دەرکردنێک.یەکەم کتێبم کۆکراوەیەکە لە وتارەکانم و نێویان ناوە کوردیستان ئوزەرینە یازلار ( نووسین سەبارەت بە کوردستان) (ڤان براونێسن 1992). ئەمن پێم وایە ئەوە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئاکادێمی بوو سەبارەت بە کوردان کە لەلایەن زۆر لە تورکانەوە خوێندراوە کە نووسینەکانی خەڵکی دیکەیان نەدەخوێندەوە.دواتر ئەوان 3 کتێبی دیکەی منیان بڵاو کردوە کە ئەوانیش زۆر باش فرۆشران.، ئەوانە بریتی بوون لە وەرگێرانێکی نوێ و زۆر باشتری ئاغا، شێخ و دەوڵەت. جا بۆیە ئەمن پێم وایە دوستایەتیم لە گەڵ موراد بەڵگە و عومەر لاچینەر بە جۆرێک منیان پێشکێش کرد کە شیاوی قبووڵ کردن بێ.هەڵبەت لەهەمان کاتدا، زۆر کەسی دیکە خەریکی نووسینی ئاکادێمی بوون کە کارەکانیان وەرگێردراون و لەوانەیە بخوێندرێنەوە وەکوو نووسینی ڕۆبێرت ئولسۆن (1993) . ئەمن پێشنیارم کرد بە ئیلەتیشیم کۆکراوەیەک لە نووسینەکانی حەمید بۆزئەرسلان بڵاو بکاتەوە. حەمید لێکۆڵەرەوەیەکی زۆر باشە بەڵام بەداخەوە لە تورکییە هێشتا زۆر چاک نەناسراوە. لەبەر هێندێک هۆیان ، ئەوان هیچ کتێبێکی حەمیدیان بڵاو نەکردەوە، ئەوە ڕەنگە لەبەر تەجروبەیان لەگەڵ کتێبێکی گرینگی دیکە. لەساڵی 1999 بێ . ئەوان ئەو کتێبەیان بڵاو کردەوە کە وەدیع جووەیدە لە سەر کوردانی نووسیوە، تێزێکی دوکتورا ئی ساڵی 1960 کە قەت بە شێوەیەکی لەبار بڵاو نەبووەوە بەڵام وەکوو شوێنەوارێکی کلاسیک مابووەوە سەبارەت بە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد.( تەنێ ئەمساڵ بە زمانی ئینگلیسی، لە لایەن وەشانی زانکۆی سیراکس بڵاو کراوە.) من قەت جووەیدەم نەدیبوو بەڵام ئەو بە یەک لە مامۆستاکانی خۆم دەزانم چونکوو زۆر لە کتێبەکەی وی فێربووم. ئەو عێراقییەکی عەرەبزمانی عیسایی بوو.کلدانییەک بوو و لە باشووری عێراق چاوی بە دنیا هەڵهێنابوو ، وەکوو مەئموورێکی دەوڵەت زۆر بە باکووری عێراق دا گەڕابوو.ئەو لەگەڵ گشت ئاغا سەرەکییەکان ناسیاوی پەیدا کردبوو و دەیزانی ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە. و دوایە لە ئارشیڤەکانی بریتانیای کۆڵیبووەوە. ئەو مێژوویەکی زۆر جوانی نووسی سەبارەت بە پەیدا بوونی ناسیونالیزمی کورد لە ساڵی 1960. هەموو لێکۆڵینەوەکانی دواتر قەرزداری ئەون، جا بۆیە بیرێکی باش بوو بۆ ئیلەتیشیم کە بە تورکی بڵاوی بکاتەوە.بەڵام کتێبەکە لە کاتێکی هەڵە و نالەبار دا دەرکەوت و دەستبەجێ قەدەغە کرا. پێم وایە ئێستا قەدەغەیان لە سەر لابردووە، بەڵام ئەوان کتێبەکەیان چاپ نەکردووەتەوە.و پێم وایە لەبەر ئەوە هێندێک نابەدڵن بۆ ئەوەی کتێبی دیکەی زیاتر سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کورد وەرگێرن. ئەمن شانسم هەبوو لە کاتێک دا لێکۆڵینەوە بکەم کە هاتووچوو و سەفەر بەڕێژە ئازاد بوو، و دیسان شانسم هەبوو کە کتێبەکانم لە تورکییە لە کاتێکدا دەرکەوتن کە کرانەوەیەک هەبوو؛ کرانی زۆر شت دەلوا و زۆر لە خەڵک بەپرسیار بوون. جا بۆیە لە تورکییە نێوبانگم بڵاو بووەوە چونکوو وا هەڵکەوت کتێبەکانم لە کاتێکی ئەوتۆ دا دەرکەون کە داوخوازییان بۆ هەبوو. پێم وایە ئیلەتیشم کتێبەکەی حەمیدی وەلانا دوای قەدەغە لە سەرکتێبەکەی وەدیع جووەیدە. دەنا هیچ هۆیەک نییە بۆ بڵاونەکردنەوەی نووسینەکانی حەمید. پێم وایە بە لێبڕاوی نووسینەکانی وی لە تورکییە قبووڵ دەکرێن ، و ئەوان زۆر باشن. ئەوە گرینگەکەچ وەشانگەرێک کتێبێک چاپ دەکا. بۆ نموونە کتێبێکی زۆر باش هەبوو لە سەر کوردان کە فیلیپ کرەیەنبرووک و ستێفان سپێرل ئیدیتیان کردووە ( 1992) کە بەزمانی تورکی دەرکەوت و وەشانگەرێکی دیکە بڵاوی کردەوە کەسێکی ئەوتۆ پێی نەزانی ، تەنەنات هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت قەدەغە کرا. جا بۆیە ئەوەی کە کتێبەکە لە لایەن کێوە بڵاو کراوەتەوە هەتابڵێی گرینگە کە پێشوازی لێبکرێ یان نا.

**پرسیار: چ جۆرە کاردانەوەیەکت بیستەوە دوای بڵاو بوونەوە و وەرگێڕانی کتێبەکەی یەکەمت ئاغا، شێخ و دەوڵەتسەبارەت بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان؟**

**مارتین ڤان براونێسن**: ئەمن لە ساڵی 1978 تێزەکەم پێشکێش کرد و بە تایبەتیش نزیکەی 800 کۆپیم لێ چاپ کرد کەبە شێوەیەک لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا بڵاو بووەوە.بۆیە زۆر لە کوردان بە کتێبەکەیان دەزانی و ئینسان کوردی

بەساڵداچووتر دەبینێ کە هێشتا ئەو کتێبەیان لە ماڵێ دا هەیە.جارجار خوێندکارێک بەیەک لەو کتێبانەوە دێتە لام و دەڵێ: " ئەو کۆپییەم دۆزییەوە، دەتوانی بۆم واژۆ بکەی؟" و، لەبەر ئەوەی ئەمن ژیانێکی تەکووزم نەبوو و زۆر سەفەرم دەکرد، نەمتوانی تا ماوەیەکی درێژی دواتر وەشانگەرێک بدۆزمەوە. کتێبەکە لە ساڵی 1992، بە ئاڵوگۆڕێکی کەمەوە لە گەڵ دەقی ماک و لە چاپێکی جۆان دا لەلایەن زێد بووکس چاپ کرا. ئەمن لەبەردەست دا نەبووم .هەموو ئەو زاراوانەیان ڕاست کردبووەوە کە من بە کوردی نووسیبووم.ئەوان کەسێکیان هەبوو کە عەرەبی دەزانی و پێیان وابوو کوردی جۆرەیەک عەرەبی یە و زۆر شتیان " ڕاست" کردبووەوە. ئەمن دەبوو ئەوان نا_ ڕاست کەمەوە، تەنانەت نێوی خەڵکیش. لە ئاڵمان دۆستم هەبوون کە، کاتێک لە ئەندۆنێزیا بووم ، کتێبەکەیان وەرگێرابووە سەر زمانی ئاڵمانی. ئەوەش دیسان وەرگێرانێکی زۆر باش نەبوو بەڵام بووە هۆی بەنێوبانگ بوونی من لە ئاڵمان ( دەقێکی دیکەی زۆر باشتر لە ساڵی 2003 دا بڵاو بووەوە) ئاڵمان کۆمەڵگەیەکی زۆر گەورەی کوردی لێیە، زۆر خوێندکار لەوێ هەن. بۆیە کاتێک لە دەوروبەری ساڵی 1990 ، لە ئەندۆنێزیا ڕا هاتمەوە، زانیم کە وەرگێرانی ئاڵمانی کتێبەکە بە دەستانەوە دەگەڕێ. دواتر لە بێرلین کارێکیان پێ پێشنیار کردم ، ناڕاستەوخۆ لەبەر ئەو وەرگێرانە ئاڵمانییە.بۆ ماوەی ساڵێک ( 97-1996) لە زانکۆی ئازادی بێرلین پرۆفێسۆری میوان بووم سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردی و پێم وایە ئەوە بە شێوەی سەرەکی لە بەر ئەو کتێبە بوو کە لە ئاڵمان ناسرابوو. بەڵام ئەتۆ لەمەڕ کاردانەوەی خوێنەرەوان پرسیارت لێکردم... دەزانی، جارجار کوردەکان نامەم لێ دەنووسن یان تەلەفونم لێ دەکەن یان ئی _ مەیلم بۆ دەنێرن و دەڵێن ئەوان خزمەکانیان لە کتێبەکە دا دەناسنەوە، جار جار هەڵەم بۆ هەڵدەوەژێرن یان زانیاری زیاترم دەدەنێ. ئەمن زۆر جار لەلایەن کۆمەڵەی کوردییەوە بانگ دەکرێم بچم قسە بکەم. ئاسایی وایە کاتێک لە لایەن کوردەکانەوە بانگهێشتن دەکرێم، بە ئەرێ وڵام دەدەمەوە، جا بۆیە من زۆر لێدوانم بووە و هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیرەکانم لەگەڵ خەڵک شت فێربووم. جارجار پێیان گوتووم ،" سەبارەت بە بزووتنەوەی سیاسی کورد کتێب زۆرن بەڵام کتێبەکەی تۆ یەک لەوچەند کتێبە کەمانەیە کە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێمە هەیە." بەگشتی کاردانەوەی کوردەکان لە ئاست ئەو کتێبە زۆر پۆزیتیف بووە، تەنانەت ئەوکاتەش کە ڕەخنە لە ڕێبەرانیان دەگرم.ئەمن زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم کە کتێبەکەم وەرگێردرا سەر زمانی تورکی چونکوو زۆر لە کوردەکان لە تورکییە دەتوانن بیخوێننەوە. وەرگێرانی عێراقی ، وەرگێرانێکی خراپ بوو بە سۆرانی، بەڵام وەرگێرانێک لە بەر دەست دایە و خەڵک دەتوانن بیخوێننەوە. ئێستا کتێبەکە بە فارسییەکی زۆر باش وەرگێردراوە، باشتر لە دەقی ماکەکەی. و چاپێکی نوێی عەرەبی ئێستا لە عێراق دەردەکەوێ. ئەوە زۆر گرینگە ئەوخەڵکەی ئەتۆ لە سەرت کۆڵیونەتەوە بتوانن ئەوە بخوێننەوە کە مرۆ لە سەری نووسیون ورەخنەت لێبگرن ، لەگەڵت بکەونە دمەتەقە و گەنگەشە. ئەمن لەوشتانە زۆر فێر دەبم.

**پرسیار: پێت واهەیە لە تورکییە بڵاوبوونەوەی زانستی ئاکادێمی سەبارەت بە کوردەکان دەبێ بە مێدیای نائاکادێمی دا بڕوا؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** بەڵێ بە گردیری. لە کەیسی کوردەکان و گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە دا لە تورکییە ، ناسینیان و مافی کولتووریان بە شێوەی ئۆتۆماتیک و لەخۆوە مەیسەر نابێ. هەر لەبەر ئەوەی بیروڕای گشتی ناچار بوو هەبوونی کوردەکان وەکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بپەژرێنێ دەوڵەتیش ناچار بوو کە دەست لە نکووڵی لێکردنی فەرمی خۆی هەڵگرێ.ئێمە هەمان شت لە کەیسی پرسی ئەرمەنی دا دەبینین: لە پێشدا مەرجەکانی دمەتەقەی گشتی دەگۆڕدرێن ، و دوایە سیاسەت وەخۆ دەکرێن.جا بۆیە ئەوە دەبێ بە کارێکی گرینگ بۆ زانایان کە لە سەر ئەو پرسە ناسکانە کاردەکەن لە بورجی عاج بێنە دەرەوە. هەر کارێکی ئاکادێمیک لەو بوارە دا ئاوێتەی سیاسی هەیە و بە توانایەکی واتایەکی سیاسی داپۆشراوی هەیە,ڕەنگە بەخۆ فشین بێ، مرۆ بڵێ لە وشیاربوون دا بەشداری دەکا بەڵام تورکییە بەلانی کەمەوە پێداویستی بە دمەتەقەی گشتی هەیە و ئەمن پێم وایە ئاکادێمیکان ئەرکێکی گەورەیان لەسەر ئەستۆیە بیگێرن بۆ وروژاندنی دمەتەقەیەکی ئەوتۆ، و بۆ هێنانە گۆڕی قسەی بە ئاوەز.هەڵبەت دیارە کەسی ئەوتۆش هەن کە ڕوانگەی سیاسی وشک و نەگۆڕو ئامانجی سیاسییان هەیە و کەسی ئەوتۆن کە دەیانەوێ تەنێ لایەنێکی تایبەتی لە ڕاستییەکانیان وەڕووخەن.ئەمن پێم وایە ئێمە وەکوو کەسانی ئاکادێمیک هەر تەنێ نابێ ئەوەی ئێمە بە " حەقیقەت"ی دەزانین وەڕووی خەین بەڵکوو دەبێ ڕیوایەتە فەرمییەکانیش وەکوو بەدیلی ئەوان بەرینە ژێر پرسیارەوە، قسەی چاک بکەین ، و بەتایبەتی ئاماژە بکەین بەو ڕاستییانەی بەدڵ نینە، و بە ئانقەستە بێ یان وەکوو دی، کەمتەرخەمییان لێ دەکرێ.

**پرسیار: شوێنی پسپۆڕی زانستی لە نێو سیاسەتەکانی سەبارەت پرسی کورد چ بووە و ئەمڕۆ چۆنە؟**

**مارتین ڤان براوئنێسن:** هەموو حکوومەتەکان بەرژەوەندییەکیان هەیە لە کاری ئاکادێمیک دا، بە تایبەتی ئەگەر ئەوان بتوانن دەکاری بهێنن بۆ ڕەوایی پێدان بە سیاسەتی خۆیان یان ئەگەر ئەوکارە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانە بەکەلک بێ. ئەو کارە ئاکادێمییەی کە حەول دەدا وێژیاکی گشتی بگۆڕێ کە دواجار شکڵ دەدا بە سیاسەتان لە هەڵوێستێکی زۆر دژوارتر دایە. گۆڕانی سەرەکی سیاسی بە ئاسایی دەبێ بە زۆرهێنان بۆ گۆڕانێک لە دمەتەقەی گشتی دا بێتە ئاراوە. و ئەمە ئەوشتەیە کە مرۆ دەیبینێ ڕوودەدا. ئەوە سیاسەتمەدارەکان نەبوون بڕیاریان دا پرسی کورد دەکرێ بەگشتی و بە ڕاشکاوی قسەی لێوەبکرێ.
هەڵبەت گۆڕانی تێکنۆلۆژی و بە تایبەتی کردن ئەوەی کرد، تێلێڤیزیۆنی مانگیلە پەیدا بوون و کاناڵی خوسووسی تێلێڤیزیۆنی لە تورکییە سەریان وەدەرنا.کوردەکان بە ئاشکرایی و گشتی بوونە شیاوی دیتن لە تورکییە لە سایەی سەری تێلێڤیزیۆنی خوسووسی یەوە، و دیسان لە سایەی سەری ئۆێزالەوە. بەرنامەیەکی تێلێڤیزیۆنی هەبوو ، بە نێوی سیاسەت مەیدانی (مەیدانی سیاسەت)، بەرنامەیەکی زۆر گرینگ لەو سەروبەندی دا وچەندین دمەتەقە و گەنگەشە لەو بەرنامەیە دا یارمەتی کرد بە گۆڕینی دمەتەقەی گشتی لە تورکییە. ڕووداوێکی سەرەکی دیکە قەوما: محەمەد عەلی بیراند _ کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامان بوو، ئێستا بۆ سی ئێن ئێن تورک کار دەکا _ چووە سەردانی ئۆێجالان. نووسراوەکەی لە ڕۆژنامەی میلییەت ( 15ی ژووەنی 1988 ) دا چاپ کرا. لەلاپەرەی پێشەوە ، ئۆێجالان دەبینی کە فوتباڵ دەکا و دەڵێ لایەنگری تیمی گالاتاسەرای یە. لەپڕ ڕا ئەو پیاوەی بە شەیتان دادەندرا بوو بە ئینسانێکی وەکوو ئێمە. شتی ئاوا بە ڕاستی کاردانەوەی گەورەی هەبوو لە سەر سیاسەت بەڵام ئەوە بەڕێگەی حەوزەی گشتی دا هەڵدەسوورێ.

**پرسیار: لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردان لە هولەند چۆنە؟ ئەتۆ لە گەڵ کێ کارت کردووە و ئێستا لەگەڵ کێ کار دەکەی لەوبارەیەوە؟**

**مارتین ڤان براوئنێسن:** ئەمن پێم وایە یەکەم ئاکادێمیک بووم لە هولەندێ لە سەر کوردانی کۆڵیبێتەوە. ئەو دەمی کۆمیتەیەکی پچووکی هاوپێوەندی هەبوو، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کوردستان، بەرلەوەی ئەمن دەست بە لێکۆڵینەوە بکەم.ئەو کۆمەڵەیە کاری پیاوێک بوو بە تەنێ، چەند هاوکارێکی هەبوو، کە مەیلیان سەبارەت بە کوردان تێدا پێک هاتبوو. ئەو کەسە مرخی لە ناسیۆنالیزمی کورد خۆش کردبوو و پێم وایە پێشینەیەکی سەیری هەبوو، دەی هەرچۆنێک بێ.ئەو کۆکراوەیەکی مەزنی کتێب و بەڵگەی لە سەر کوردان هەبوو، و خەبەرنامەیەکی لە سەر کوردان بڵاو دەکردەوە. کاتێک مەیلم تێدا پێک هات، پێوەندیم لە گەڵ ئەو پیاوە گرت و زۆر شتی لێ فێر بووم سەبارەت بە کوردان.ئەمن ئەو دەمی لە ڕۆژهەڵاتناسیم نەدەکۆڵییەوە یان چ زمانێکی پێوەندیدارم بە فەرمی نەدەخوێند؛ بەڵام بە خۆشییەوە بۆخۆم بە هاسانی زمانان فێردەبم. ئەمن تەنانەت لە گەڵ هیچ کەس لە پێوەندی دا نەبووم کە لە سەر ئەو بابەتە کار بکا؛ تەنانەت ئەودەمی نەشم دەزانی کە خەڵک هەبن لە هۆلەند لە سەر ڕۆژهەڵاتناسی بکۆڵنەوە، پاشخانی ئاکادێمیکی من ماتێماتیکس و فیزیک بوو و بڕێکی کەمیش مەردمناسی.و ئەو مەردمناسانەی کارم لەگەڵ دەکردن لێکۆڵینەوەی خۆیان لە سەر بەشەکانی زۆر جیاوازی دنیا دەکرد. جا بۆیە ئەمن لە پاشخانێکی زانابییەوە سەبارەت بە هەرێم دەستم پێنەکرد'، دەبوو لە بناوانەوە دەست پێبکەم.هەڵبەت ئەوانە گشتیان گۆڕان کاتێک، لە ساڵی 1975، یەکەم دەستەی پەنابەری سیاسی کوردی عێراقێ هاتن ، و دوایە لە کۆتاییەکانی 1970کاندا پەنابەران دەستیان پێکرد لە تورکییەوە بێن.ساڵانی1980کان شاهێدی هاتنی شەپۆلی گەورەی پەنابەران بوو، کە دەناو ئەواندا زۆریان کورد بوون. لەبەر ئەوەی کوردێکی زۆر لە هولەند هەن، هولەندییەکی زیاتر مەیلیان سەبارەت بە ئەوان تێدا پێک هات.

تا نێوەڕاستی ساڵانی 1980کان،مرۆ دەیدی زۆر خەڵک پێیان خۆشە زیاتر سەبارەت بە کوردەکان بزانن و دەیانەویست فێری زمانی کوردی بن: کارگێرانی کۆمەڵایەتی، پارێزەران، تێکۆشەرانی مافی مرۆ، کەسی ئەوتۆ کە پێوەندی دۆستایەتی یان هەودای ئەوینی لە گەڵ ئەو کوردانەی لێرە دەژین گرێ دابوو. لە ساڵی 1985 ئەمن بۆ ساڵێک هاتمەوە ئێرە بۆ توترێخت و لێرە لە زانکۆ دەورەیەکی فێرکردنی زمانی کوردیم کردەوە ( لە بەشی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی) ، ئەمن واقم ورما بەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەو دەورەیەدا خوێندیان.
فیلیپ کرەیبەنبرووک ، کە ئەو دەمی لێرە دەرسی فارسی دەگوتەوە، مەیلی تێدا پێک هات بۆ کوردی و دوای دەورەکەی من ئەو دەستی کرد بە گوتنەوەی کوردی . ئەو ئێستا پرۆفێسۆرێکە لە گۆیتینگێن و زانایەکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی کوردییە لە ئاڵمان. ئەو ماوەیەک لە سواس ( خوێندنگەی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئافریکا لە لەندەن) دەرسی دەگوتەوە و یەکێک لە شاگردەکانی لەوێ، کریستین ئالیسۆن، ئێستا لە ئینالکۆ

( ئەنیستیتووی نەتەوەیی زمانان و شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات _ پاریس) دەرسی کوردی دەڵێتەوە.
خوێندکارێکی دیکەی ڕۆژە بەراییەکان لێرە لە ئوترێخت، مارگریت دۆرلەیژن، تێزێکی زۆر چاکی نووسی سەبارەت بە زمانناسی کوردی، و بۆ ماوەیەک لە زانکۆی ئامستردام دەرسی تورکی و کوردی دەگوتەوە. جا کەوابوو وردە وردە شەبەکەیەکی تەواو سەری وەدەرنا. لێرە لە هولەند ئێمە چەندین کۆمیتەی هاوپێوەندیمان هەبووە، وچەندین کەس لە ئەندامانی وان بەردەوام بوون لە سەر کاری ئاکادێمی سەبارەت بە بابەتەکانی کوردی.یەک لە شاگردەکانی من، یووست یۆنگردن، وەک پسپۆری ترکییە بۆ ئەمنستی ئینترنەشناڵ دەستی پێکرد و سەفەرێکی زۆری کرد بۆ کوردستان.لە سەرەتای ئەمساڵ دا ، ئەو تێزەکەی خۆی تەواو کرد سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ لادێ. ئەو هەر وەها چەندین وتاری نووسیوە لە سەر ئەو بابەتە و لەگەڵ پاول وایت کتێبێکی ئێدیت کردووە سەبارەت بە عەلەوییان.
هاوکارێکی گەنجتر کە من کارم لەگەڵ کردووە میخێل لیزنبێرگە، کە فەیلەسووف و زمانناسە، و چەند کارێ زۆر باشی لە سەر کوردستانی عێراق نووسیوە.
ئێمە چەندین کۆمیتەی هاوپێوەندی کوردستان مان لێرە هەبووە. یەک لەوان لە ساڵانی 1970کان و یەک یان دووکەس لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بوون بە ڕۆژنامەنووس کە جاروبار سەبارەت بە کوردان دەنووسن و هێشتا مەیلی خۆیان سەبارەت بە کوردان پاراستووە. دواتر کۆمیتەیەکی زۆر سیاسی تر و چەپ دامەزرا. بەڵام وەکوو کوردەکان خۆیان ، ئەو کۆمیتانەی هاوپێوەندی قەت بە تەواوی یەکیان نەگرت. ئەوان لە بەر یەک هەڵوەشان،شەڕە دندووکەیان بوو و ئاوا، بەڵام هەمیشە شتێکیان لێ دەمێنێتەوە.چەندین گۆڤار دەرکەوتوون. لە بەراییەکانی ساڵانی 1980کاندا، لە هولەند گۆڤارێک هەبوو بە نێوی " تورکییە و کوردستان". کاتێک خەڵکی سەر بە پ.ک.ک زیاتر خۆیان ڕێک خست، هەڵبەت ئەوان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکانی لەمەڕ خۆیان. ئەوان هێندێک خەڵکی هولەندییان دۆزییەوە کە دەیانەویست کاریان لەگەڵ بکەن.
بەڵام کۆمەڵگەی لایەنگری لە کورد لێرە زۆر لەتوکوت و پارچەپارچەیە.کوردەکان خۆیان دەورێکی زۆر گرینگ لە بڵاوکردنەوە دا ناگێڕن. لێرە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان هەن، هەر وەها پ.ک.ک و کۆمەڵەکانی هاوپەیمانی پ.ک.ک.دوایین کۆمەڵەی کوردستان کە من تێیدا ئەندام بووم لەبەر ئەوەی ئێمە کاتمان نەبوو یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە ئێمە ڕوانگەیەکی هاوبەشمان نەبوو، لە بەریەک هەڵوەشا. لە گەڵ چەند کەسێکی کە لە کۆمیتەکە دابوون هێشتا پێوەندی بەردەوامم هەیە و جارجار بەیەکەوە شتێک دەکەین.
سەبارەت بە زانکۆ زۆر ڕوونتر، ئەمن دواجار ساڵی 1994 لە ئەندۆنێزیاوە هاتمەوە و لە هولەند دامەزرامەوە.
نێو بە نێو، دەهاتمەوە ئێرە و دەچوومەوە، بەڵام لە جێدا لە ئەندۆنێزیا دەژیام. لێرە کارێکم دەست کەوت وەکوو وانەبێژی لێکۆڵینەوەکانی تورکی و کوردی لە دیپارتمانی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی کەمن تێیدا یەکەم دەرسگوتنەوەی کوردیم هەبوو لە نێوەراستی ساڵانی 1980کاندا. لەوێ فێری تورکی عوسمانیش بووم و لەگەڵ هاوکاران دەستمان کرد بە کارکردن لە سەر ئەولیای چەلەبی و سەرچاوەکانی دیکەی عوسمانی لەمەڕ کوردان ( ڤان براونێسن و بۆشۆتن، 1988). بۆ چەند ساڵان زمانی کوردی و مێژووی کوردم بەدەرس دەگوتەوە بە تەنیشت مێژووی عوسمانی و مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.بەڵام وردە وردە زیاتر بەرەو لێکۆڵینەوەی ئیسلامی چووم، لە بەر داوخوازی خوێندکاران و سیاسەتی زانکۆ. هەنووکە ئێتر چیر بە فەرمی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆکانی هولەند دا نییە.ئەمن چاوەدێری دەکەم بە سەر لێکۆڵینەوەی چەند خوێندکارێکەوە کە لە سەر کوردان کار دەکەن.بەڵام ئەوان ئەو لێکۆڵینەوانە لە چوارچێوەی دیسیپلینی وەکوو مەردمناسی یان مێژوو دا دادەکەن ، نەک لە بەستێنی زمان و کولتووری ڕۆژهەڵات دا؛ ئەوان بڕیاریان داوە نێز لە چوارچێوەی مەردمناسی دا بنووسن ، کە بە هەڵکەوت سەبارەت بە کوردان دەبێ.

**پرسیار: ئەو بوارانەی ئەو خوێندکارانە سەبارەت بە کوردان کاریان لە سەر دەکەن چنە لەچ چوارچێوەیەکی تیۆری دا کار دەکەن؟**

**مارتین ڤان براونێسن**: ئەمن چەند شاگردێکی زۆر کەمم هەیە کە لە سەر کوردان کار دەکەن.یووست یۆنگردن یەک لەوانە کە دوکتورای خۆی لە سەر گەڕانەوە بۆ دێیەکان نووسی دوای پێ چۆلکردنی زۆرەملێی ساڵانی 1990 کان. لە هەمان کاتدا ، ئەمن شاگردێکی دیکەم هەبوو، میریام گیرسێ، کە سەبارەت بە پەنابەران و خەڵکی لە جێی خۆ هەڵکەندراو لە ئەستەنبوڵ کاری دەکرد. شاگردێکی تورکم هەیە، بە نێوی سەدا ئاڵتوغ، کە لە سەر بیرەوەرییەکانی کێشانی سنووری نێوان سووریە _ تورکییە کار دەکا لە نێو کۆمەڵگەی جیاوازی ئێتنیکی دا کە لێرە دەژین.ئەو زیاتر هاوپرسەکی و وتووێژی لەگەڵ ئەرمەنییەکان، سوریانییەکان و کوردەکان لە سووریا و هەر وەها لە بەشی تورکییە کردووە.ئەودەیەوێ بیرەوەری بخاتە نێو چوارچێوەیەکی مێژوویی. ئەو جەخت دەکا لەسەر ڕێوایەتەکانی ناسێنەیی کە

بەرەوپێش دەچن بۆ یارمەتی بە خەڵک بۆ ئەوەی خۆیان پێناسە بکەن بە وەبیرهێنانەوەی هێندێک لە شتەکان و لەبیربردنەوەی هێندێک شتی دیکە.شاگردێکی دیکەی تورکم هەیە، ئوموت ئازاک، ئەویش لە سەر بەرهەمهێنان و دەکارهێنانی بیرەوەری کار دەکا لە سکولاریزمی تورکی دا.ئەو لە شاسیمای وەکوو سەعید نوورسی، ڕوودانی مەنەمەن دەکۆڵێتەوە کە بەکاردەهێندرێن بۆ سەلماندنی هەڕەشەی زیندوو لە سەر لائیسیزمی تورکی. و هەر وەها عەلەوییایەتی وەکوو ڕەمزی ئیسلامی "چاک". کوردەکان دەورێکیان هەیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەڵام تاڕادەیەک پەراوێزن.و شاگردێکی هولەندی ، ئێڤێلین هێندریکس بەودواییانە دەستی بە پرۆژەیەک کردووە کە نێوی لێناوە "جێندر@کوردستان" ؛ لە بەکارهێنانی ئینترنێت لە کوردستانی ئێران دەکۆڵێتەوە و بۆچوونەکانی لەمەڕ لێکۆڵینەوەی مێدیا و لێکۆڵینەوە جێندر ( جینسی کۆمەڵایەتی) لێک دەبەستێ لە گەڵ کاری مەیدانی جیدی مەردمناسانە.
و شاگردی دیکەشم هەن کە زۆر شتی جیاواز دەکەن. زۆربەی شاگردەکانم لە دەورەی پی ئیچ دی دا لە ڕاستیدا لە سەر بابەتی دیکە کار دەکەن نەک کوردەکان.

**پرسیار: گەلۆ ئەتۆ هیچ ئاڵوگۆڕ وپێشوەچوونێک دەبینی لەو بۆچوونانەی دا کە بۆ "پرسی کورد" هەبوون و ئەو پرسیارانەی کراون؟ چ قەوماوە لەوەتا ئەتۆ ئەو پرسەت لەخۆت کردووە؟ بۆچوونی خۆت سەبارەت بەو بابەتە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەرهاتووە، ئەگەر ئاڵوگۆڕێک بووبێ؟**

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** بەگشتی گۆڕانی گەورە کراون.بۆچوونی کەونارای ئامال ئابووری سیاسی هەنووکە ئیدی باویان نەماوە. لێکۆڵینەوەی کولتووری لە توێژینەوەکانی لەمەڕ تورکییە دا هەمیشە خۆیان دەردەخەن.بەشێک لەبەر ئەوەی کە لە بۆغازیچی، مەرمەرە و لە زانکۆ باشەکانی دیکەی ئەستەنبوڵ زۆر لێکۆلەرەوەی گەنج هەن کە دەیانەوێ لە کۆمەڵگەی کورد و شتەکانی دیکە بکۆڵنەوە کەگرێدراوییەکی گەورەیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەو لێکۆڵینەوانە لە ڕێوەری ئەوتۆ دابکەن کە هەم باون و هەم هەڕەشاوی نین، جا بۆیە لێکۆڵینەوەی کولتووری باوە.لەنێو ئەو ئورووپاییانەدا کە لە کوردان دەکۆڵنەوە، زۆر لەوان لە سەر پێشینەی تێکەڵاوی لەگەڵ بزووتنەوەی چالاکییەتی و هاوپێوەندی دا بەرەو ئەو لێکۆڵینەوانە هاتوون.لە ئاڵمان ئەوە زۆر بەهێزە؛ ئەوان دۆستی کورد یان دۆستی تورکیان هەبووە لە ئەڵمان و زۆر چالاک بوون لە بزووتنەوەکانی مافی مرۆ یان هاوپێوەندی سیاسی دا. جا بۆیە زۆر سەرنج دەدرێتە سەر هێندێک لایەنی وەکوو کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی مرۆ، و مافی ژنان.
شەهرزاد موجاب ، کە کەسێکی نێوەندی یە لە تۆڕی لێکۆڵینەوە لە سەر بارودۆخی ژنانی کورد، جارێک ڕایەکی لە سەر کتێبەکەی یەکەمی من دەربڕی و بە کتێبێکی تەواو نا_ جێندر( کتێبێک کە چ باسی ژنی تێدانییە _ تێبینی وەرگێر) دانا. بە لێبراوی ئەو ڕاست دەکا و ڕەخنەکەی بە ڕەخنەیەکی بەجێ دەزانم. نووسینی فێمینیستی ئێمەی وشیارکردووەتەوە سەبارەت بە لایەنگرێتی لە جینسێکی کۆمەڵایەتی لە زۆر کاری مەردمناسانەدا، لەوانە کاری منیش. ئەمن ئێستا ناتوانم هەمان کتێب بنووسم کە لەساڵی 1978 نووسیم. ڕەنگە شەرتومەرجی لێکۆڵینەوە لە زۆر ڕووەوە ڕێگەی نەدابم ژنان ببینم و هێندێک پرسیاری پێوەندیداریان لێبکەم، هەرچۆنێک بێ من ئێستا لەوبارەیە جیاواز لە ڕابردوو دەنووسم.

**پرسیار: دەکرێ زۆر ڕوونتر ڕەچەڵەک و هەلومەرجی پەیدابوونی "لێکۆڵینەوەی کورد" ی مان لە بواری ئاکادێمی تورک دا بۆ شی کەیەوە؟ گەلۆ لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو دا چ نوختە وەرچەرخان یان دەمی تایبەتی لەو بوارە دا دەبینی؟**

**مارتین ڤان بڕاونێسن:** لەوەتا کوردەکان بوون بە بابەتێک کە مرۆ بتوانێ بە ئاشکرایی لەسەریان بدوێ، ژمارەیەک ماستر و پی ئیچ دی تازە لە تورکییە کراون کە جەخت لە سەر کوردەکان دەکەن.هێندێک لەو خوێندکارانە تێزەکانی خۆیان بۆمن ناردووە، ئەوان هەموو وەکوو یەک باش نین بەڵام هەر ئەو ڕاستییەی کە ئەوان هەن دەی سەلمێنێ کە بابەتەکە ڕێی دەرکردووە بۆ نێو ڕەوتی گشتی ژیانی ئاکادێمی.هێندێک لە زانایانی گەنجی تورک لەوە دا سەرکەوتوو بوون کە کارەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەیش دا بناسێنن بە ڕێگەی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری وەکوو میدل ئیست ستادیز دا؛ ئەو جۆرە تەبلیغە نێونەتەوەیی یە وێدەچێ بۆ خەڵک لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی دا زۆر دژوارتر بێ.( مەسعوود یەگەن ، کە لە لەندەن خوێندوویە، یەک لە ڕێزپەڕەکانە، هەروەها وتارێکی چاوراکێشیش هەیە کە فولا ئاتاجان نووسیویە). ئەوانە بەئاسایی ئەو کەسانەن کە لە زانکۆی بۆغازیچی دەخوێنن ، و مامۆستا چاوەدێرەکانیان ڕەنگە پێوەندییان هەبێ یان ڕایان دەسپێرن کورتەیەک لە تێزەکانیان بۆ ئەو گۆڤارە بنێرن. واوێدەچێ ئەو کەسانەی سەر بە

بازنەی سەردەستن لەو بوارە دا زاڵ بن.ئەوان ڕەنگە دەرەتانێکی گەورەتریان هەبێ بۆ نووسین؛ ئەوان دەتوانن بە شێوازێکی تایبەتی بنووسن کە بەهاسانی لەلایەن ئەوکەسانەی خەڵکی شارێکی پچکۆلە بوون ڕکەبەریان لەگەڵ ناکرێ. ئەوان خوویەکی ئاکادێمییان هەیە.ئەو جۆرە جیاوازییەی ستاتوس بەگشتی لە ژیانی ئاکادێمی تورکییە دا زۆر لەبەرچاوە.هێندێک خەڵکی کە نێوبانگێکی زۆریان پەیدا کردووە و کتێبی زۆریان بڵاو کردووتەوە.ئەگەر ئینسان لە جەوهەریان قووڵ بێتەوە، شتێکی زۆر تایبەتییان تێدا نییە، بەڵام هێندێک ڕێگەیان هەیە بۆ نیشان دان وپێشکێش کردنی؛ ئەوان بە بەراوەرد لەگەڵ خەڵکی دیکە زۆر زیاتر دەناسرێن ، خەڵکی ئەوتۆی کە کاری زۆر باشیان کردووە بەڵام نەیان توانیوە بڵاویان کەنەوە.هەر وەها لە بەر ئەوەش کە ئەوان دەبێ کارەکانیان لە شێوازێکی ئاوا دا پێشکێش بکەن کە شیاوی قبووڵ کردن بێ. دنیای ئاکادێمی نێونەتەوەیی داوخوازی ئەوەیە ئینسان بە شێوازێکی تایبەتی بنووسێ، نووسینەکە دەبێ لە چوارچێوەی هێندێک پێوەر دابێ.

**پرسیار: سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردی لە عێراق دەڵێی چی؟**

**مارتین ڤان براوئێسن:** سۆرانییەکەم لەوەتا ساڵانی 1970کان کە کارەکەم کرد پێش نەکەوتووە، بۆم زەحمەتە سۆرانی بخوێنمەوە. دەزانم کە کتێب و بڵاوکراوەی چاوراکێش بە سۆرانی دەردەکەون بەڵام من شوێنگێرییان ناکەم. بە ئینگلیسی، ئەمن ئاگام لەوە نییە کە شتی تازەی نوێی گرینگ لە عێراق دەرکەوتبن. چەند بێگانەیەک هەنە کە سەبارەت بە بارودۆخی هەنووکەی سیاسی لە عێراق نووسیویانە، کە خۆیان لەوێ بوون، چونکوو بەرێژە لەوێ کارکردن ئازادە. کەسانی وەکوو ئاندریا فیشر _ تاهیر و کارین ملۆدۆخ کاری ئاکادێمیک و چالاکی ئێن جی ئۆیی ڕێکخراوەی نا- حکوومەتی) یان لە کوردستانی عێراق لێک بەستووە، و هێندێک کەسانی ئاکادێمی بێگانەی دیکە هەن کە لە ڕێبەرایەتی کورد نزیکن و وێدەچێ بۆ زانیارییەکانیان خۆیان بە قسەی ئەوان ببەستنەوە.
زۆر چاوراکێشتر ڕەنگە ئەوەی بێ لە ئێران ڕوودەدا. هەر جارەی کە ئەمن لە شوێنێک بابەتێک سەبارەت بە کوردان پێشکێش دەکەم ، قسەیەکی زۆرم پێیە سەبارەت بە بارودۆخی تورکییە باسی بکەم، لە بارودۆخ لە عێراق دەدوێم ، لەنێو گوێگران دا ، کەسێک ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ: " ئەتۆ بۆ هیچ باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ت نەکرد. ئەمن حەول دەدەم، بەڵام زۆر زەحمەتە ئینسان بزانێ ئەوەی ئێستا ڕوودەدا چییە. ئەمن ماوەیەکی درێژە نەچوومەتە ئەوێ. بۆ ماوەیەکی درێژ قەدەغەی چوونم بۆ ئێران لە سەر داندرابوو؛ چەند ساڵ لەمەوبەر توانیم بچمە تارانێ بەڵام دەرفەتی ئەوەم نەبوو سەرلە کوردستان بدەم.لەوێ بۆم دەرکەوت لەتاران کۆمەڵگەیەکی کوردی زۆر هەڵسووراو و چالاک هەیە. لە ئێران زۆر کتێب دەردەکەون.ئێران هەمیشە تەواو باریک بین و مووقەڵێش بووە. زۆر کتێب و گۆڤاری چاوراکێش لە ئێران دەردەکەون چەند کەسێک کاری ئاکادێمیک لە سەر کوردان دەکەن.ئەوان خۆیان کوردن و تێزی مێژوویی یان جوگرافیایی دەنووسن، تێزێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی پێشوەچوون؛ئەوانە ئەونموونانەن کە بەرچاوم کەوتوون. ئەو جۆرە تێزانە زیاتر لە سەر هەرێمی خۆیان جەخت دەکەن. لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵەی کورد لە ئێران هەمیشە زیاتر یەکانگیرکراوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی گشتی سەبارەت بە هەرێمە جیاوازەکان لە ئێران. ئەمن پێم وایە کوردەکانی ئێران، بە مانایەک ، زۆر ئێرانیترن لەوەی کە کوردەکانی عێراق عێراقی بن. بەڵام هەروەها بۆ ئەوان زۆردژوارترە کە خۆیان ئاوا بناسێنن، و شتێک بکەن وەکوو " لێکۆڵینەوەی کوردی". ئەمن ئاگام لە هیچ لێکۆڵینەوەیەک نییە سەبارەت بە ناسێنەی کوردی یان بزووتنەوە کوردییەکان، جگە لە بواری مێژوو ، یان بیرەوەری نووسین دا نەبێ. سەبارەت بە کوردستانی عێراق، ڕەنگە لەوێش ئەو بیرەوەرییانەی لە لایەن کەسایەتییە کوردە عێراقییەکان کە لەماوەی دە/پازدە ساڵی ڕابردوو دا نووسراون زۆر گرینگ بن. سەبارەت بە قۆناخە بەراییەکانی بزووتنەوە کوردییەکان، وەکوو کاری محەمەد ڕەسووڵ هاوار سەبارەت بە شێخ مەحموود و سەبارەت بە سمکۆ، یان لە سەروبەندی زۆر دواتر دا بیرەوەرییەکانی نەوشیرەوان ( نەوشیرەوان مستەفا، ئا 1997 ، بێ 1997). ئەو یەک لە ڕێبەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، کە لەو دواییانە دا لە ینک جوێ بووەوە و ڕەخنەی لە تاڵەبانی هەیە. نەوشیرەوان یەک لە ڕێبەرە سەرەکییەکانی گرووپی مارکسیستی بوو لە نێو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دا. ئەو لە ئورووپا خوێندوویە و لەوێ لە سیاسەتەوە گلا و لە ساڵی 1977 یان ئاوا لە گەڵ پێشمەرگە کەوت لە کوردستانی عێراق. ئەمن لە ساڵی 1979 لەوێ چاوم پێی کەوت و لەبیرمە زۆر مرخی لێ بوو باسی زێهنییەتی عەشیرەتی بکا.وەکوو سەرکردەیەکی پێشمەرگە ئەو دەبوو سەروکاری هەبێ لە گەڵ گرووپە عەشیرەتییەکان کە ڕۆژێک پشتیوانییان لە پێشمەرگە دەکرد ورۆژی دواتر دەکرا لە گەڵ حکوومەت ڕێک کەون و بە دژی وی دەست بدەنە چەک، نەوشیرەوان دڵپاکانە دەیەویست لەو دیاردەیە تێبگا ، نەک هەر ئەوەی مەحکوومی کا. بەوەی کە لە بیرەوەرییەکانی ئەوم خوێندووەتەوە، ئەوان تێرامانی چاوراکێشن سەبارەت بە ئەزموونەکانی ژیانێکی چاوراکێش.زۆر لە نووسینی کوردە عێراقییەکان لە لەندەن چاپ بوون. عێراق نەریتێکی درێژی پێوەندی لە گەڵ بریتانیای هەیە، [لەنێو خوێندەواران دا _ تێبینی وەرگێڕ] بەشێک

لەپەروەردەیان بریتانیایی یە، و زۆر کەس لە تاراوگەی لەندەن ژیاون. لە نێو ڕووناکبیرانی کوردی عێراق دا، ئینسان زۆر کەسان دەبینێ کە لەبەر ئەو پێشینەیە زۆر وەکوو ڕووناکبیرانی ئورووپایی بیر دەکەنەوە. و ئەو ڕووناکبیرانە هەستیان دەکرد کە چوونەوەیان بۆ ئەوەی لە کوردستان بژین پێویستی بە لەخۆبوردوویی هەیە، چونکوو ئەوان لەکوردستان ئەم مافە لێبێرال و ئازادییانەیان نابێ. ئەوان دەبێ دەست لە زۆر شت هەڵگرن ئەگەر بیانەوێ لەوێ درێژە بە ژیان بدەن. ژیان لە ژێر دەستەڵاتی دیکتاتۆرییەکی کوردی یان دیکتاتۆری بەعسی سەدام حوسێن جیاوازە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئینسان لەوێ بژی ، لەوانەیە دەبێ زۆر ورد بێتەوە لەوەی کە دەینووسێ.

**پرسیار: ئەم پرۆژانەی ئێستا بەدەستتەوەیە کامانەن؟ چ بەکۆمەڵ و چ بۆخۆت بە تەنێ؟**

**مارتین ڤان براونێسن**: ئەمن زۆر سەرم قاڵە بە ئەرکەکانی ئیدارییەوە تا ئەوەی پرۆژەی نوێی سەرەکیم هەبن! بەڵێنی کتێبێکم دا بە وەشانگەرێک سەبارەت بە خەبات لەپێناو ناسێنە، زیاتر لە تورکییە بەڵام لە عێراقیش لە ماوەی ساڵانی 1980کاندا. بەڵام هێشتا کاتم نەبووە ئەو کتێبە تەواو کەم.من زنجیرەیەک وتارم نووسیوە سەبارەت بەو بابەتە و دەمەویست هێندێکی لێ زیاد کەم و بیکەمە کتێبێک. خەڵک زۆر چالاکانە تێوەگلاون لە پرسی ناسێنەی خۆیان ، و ئەوەی کە دەبێ سەر بەکوێ بن.بەتایبەتی ئەوجۆرە خەڵکانەی کە سەر بە "مۆرغە پشتی" ئێتنیکی دانیشتوانی تورک یان کورد نین، بابڵێین عەلەوییەکی کە لە ئەستەنبوڵ لە دایک بووە و باپیرانی خەڵکی ئەرزەرومن و بە دیالێکتی زازا قسە دەکا، خەڵکی ئاوا زۆر جار سەریان لەو پرسیارە سواوە "بەڕاستی" ئەوان چن. جگە لە هەبوونی پاسپۆرتی تورکی، لایەنی دیکەی ناسێنەی ئەوانیش هەیە کە بە ڕوونی تورکینە، و باشە ئەو لایەنانە کامانەن؟ هەرێمی ماک چەندە گرینگە؟
بۆ وێنە ، خەڵکی مالاتییا، هەرچەند بە زمانانی جیاواز قسەبکەن و دینی جیاوازیان هەبێ ( کوردی _ تورکی ، سونی _ عەلەوی) ،زۆرجار پشتیوانییەکی دوولایەنی پتەو لە ئاست یەک نیشان دەدەن کاتێک لە شوێنێکی دیکە دەژین. جا بۆیە لێرە دا گەلۆ ناکرێ هەمشەهریلیک ( هاوشاری بوون) گرێدانێکی بەهێزتر بێ لە بەسترانەوەی ئێتنیکی یان دینی؟عەلەوییەکان دمەتەقە و گەنگەشەیان لەسەر ئەوە کردووە کە عەلەوییایەتی چ جۆرە ناسێنەیەکە: گەلۆ دینی یە، کولتووری یە، سیاسی یە؟ یان لەوانەیە ناسێنەیەکی ئێتنیکی بێ؟ هەر وەکوو کوردان، ئێزیدییان و کەمایەتییەکانی دیکە لە کوردستان، گەلۆ تورکەکانی هەرێمێ، بەڕاستی تورکن؟ هەرچۆنێک بێ ئوێزاڵ چ بوو؟ ئەو خەڵکی مالاتییا بوو، نەنکی کورد بوو وبنەماڵەکەی پێوەندی نەخشبەندی هەبوو.لە ڕوانگەی زۆر لە تورکەکانی "ڕۆژئاوا" ئەوەندە بەس بوو کە ئەو بە کورد دابندرێ.لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، کاتێک کە ئەو سەرۆک کۆمار بوو و لە ڕێیەک دەگەڕا لە گەڵ کوردەکان ڕێک بێ، ئەو کەسانەی لێی ناڕازی بوون گازندەیان لێ دەکرد و دەیانگوت: "کوردەکان کۆشکی چانکایایان داگیر کردووە!"
بەسەرهاتی ژیان هەنە: کەسێک ژیانی وەک تورکێک دەست پێدەکا، دوایە بۆی دەردەکەوێ کوردە، لە کوردێکەوە دەبێ بە زازا، لە زازایەکەوە دەبێتەوە کورمانج، کێ چووزانێ ئەو سبەینێ دەبێ بە چی؟
و گرینگی لە زێدەی ئیسلام وەکوو ناسێنەیەک، و بەتایبەتی ئەوەی خەڵک دەیکەن دینی یە، ئەمن مەبەستم ئەو داب و شوێنانەیە کە پەیڕەی وان خەڵک خۆ ناساندنی دینیان دەردەخەن، وەک لە کەیسی تەریقەتە سۆفییەکاندا ، یان سازدانەوەی داب و شوێنی عەلەوییەکان لە شار دا.ئەو دیاردەیانە زۆر فرووسماوین! عەلەوییایەتی لە ڕابردوو دا لەجێدا دینی لادێ بوو؛ مەبەستم ئەوەیە ئینسان تەنێ ئەوکاتە دەکرا عەلەوییەک بێ کە لە دێیەکەی با. دێ کۆمەڵگەی دینی بوو و جەم داب و شوێنێکی لادێیی بوو، و شوێنە پیرۆزەکان، شوێنە پیرۆزەکانی لادێ بوون. بۆ ماوەیەکی درێژ کاتێک خەڵک گواستییانەوە بۆ شار، عەلەوییایەتییەکەشیان بزر بوو چونکوو چ چوارچیوەیەکی نەبوو تێیدا بژی.بەڵام لە ساڵانی 1980کاندا، خەڵک دەستیان کرد بە داهێنانی عەلەوییایەتی شارستانی.هەمان شت لەمەڕ ئێزیدییان کە بۆ ماوەیەکی درێژ حەولیان دا خۆیان دەرنەخەن بەڵام ئێستا دیسان دینەکەیان لە ئاڵمان و باکووری عێراق دادەهێننەوە. هەرهەمان جۆرە داهێنانەوە لە نێو کۆمەڵگە عیسایییەکانی هەرێمیش دا درێژەی هەیە.

**پرسیار: ئەتۆ کاتت دەبێ بچییەوە هەرێمەکە؟**

**مارتین ڤان براونێسن**:نەک ئەوەندەی خۆم دەمەوێ. کاتێک ئینسان پیرتر دەبێ ،بەرپرسیارەتیشی زیاتر دەکا، ئینسان شاگردی هەن کە تاڕادەیەک پێیەوە بەستراونەتەوە، هەروەها کاری ئیداری هەیە کە ناتوانی وەدوایان داتەوە. ئەمن لە دامەزراندنی ئەنیستیتوویەکی لێکۆڵینەوە دا بەشداریم کرد ، کە ئەوە ژیانی منی زۆر سەرنجڕاکێشتر لێکرد بەڵام پێویستییەکی زۆریشی بە کاتی من هەیە ( ئەنیستیتووی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلام لە دنیای مۆدێرن دا،

ئای ئێس ئای ئێم). ئەمن زۆربەی کاتم بۆ ئەوشتانە بەخت دەکەم کە ئەمن نەمدەکرد ئەگەر لێکۆلەرەوەیەکی سەربەخۆ بام، کە ئەمن بەڕاستی چێژی لێوەرناگرم کە دەیکەم، وەکوو حەولدان بۆ پەیدا کردنی دراو بۆ ئەنیستیتووەکە دیارە ئەوە بە ڕاشکاوی پێویستە بۆ ئەوەی چەرخی کاری بگەڕێ. جا نا، ئەمن کاتی کافیم نییە بۆ سەفەر. ئەمن ساڵانە چەند جارێک دەچمەوە بۆ ئەندۆنێزیا چونکوو لەوێ هێندێک لێکۆڵینەوەم هەیە کە جارێ بەردەوامە، وئەمن لێکۆڵینەوەی چەند قۆلی لەگەڵ لێکۆلەرەوەی گەنجی ئەندۆنێزیایی ساز دەدەم. ئەمن حەول دەدەم بەلانی کەمەوە هەموو ساڵێک بچم بۆ تورکییە. ئەمن وام دانابوو بۆ ماوەیەکی درێژ بچم بۆ کوردستانی عێراق بەڵام جارێ هێشتا نەچووم. ئینشاڵلا ئەمساڵ دەچم. و ئێران _ ئەوە شوێنی هەرە کەمتر لێکۆڵینەوە لەسەرکراوی کوردستانە. ئەمن پێم وایە ئەگەر لێکۆلەرەوەیەکی گەنج بییەوێ لە سەر کوردەکان بکۆڵێتەوە، ئامۆژگاریم بۆ وی ئەوەیە بچێتە ئێرانێ. هەرچییەکی لەوێ بیکا تازەیە چونکوو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تازە لە سەر ئێران بەدەستەوە نییە. ئێران هەڵنەکۆڵدراوە. لەوێ کورد تەنێ لە کوردستان نین، خۆراسانیش کۆمەڵگەیەکی گەورەی کوردی کورمانجی ئاخێوەری هەیە. کولتوورێکی زۆر چاوراکێشیان هەیە. هێشتا پێوەندی لە گەڵ هەرێمی تونجەلی لە تورکییەی پێوە دیارە.لە سەر ئەوێش هێندێک شت بڵاوکراوەتەوە بەڵام زۆر نییە. زۆر لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێش ماوە دەبێ بکرێ ....

تێبینی وەرگێر: سەر دێری ئەم وەرگێرانە " کوردەکان کردیانم بە ئینسان " لە وڵامێکی ئەم وتووێژەی مامۆستا مارتین ڤان پراونێسن لە لایەن وەرگێرەوە بۆ دەقی کوردی داندراوە. لە کۆتایی ئەم وتووێژەدا یای ماری لۆ ڕای کتێبنامەیەکی تێروتەسەلی کارەکانی مامۆستا مارتین ڤان پراونێسنی بڵاو کردووەتەوە کە لێرە دا وەرنەگێردراوە. ئەو خوێنەرەوانەی پێیان خۆشە ئەم دەقە بە زمانی ماک ببینن دەکرێ سەری ئەم نێو نیشانەی خوارەوە بدەن:

http://www.ejts.org/document775.html

# (١٢)

# دەوڵەتێکی کوردی

لە 25ی ئووتی 1941، بریتانیاییەکان و ڕووسەکان هاوکات پەلاماری ئێران یان دا و ڕەزا شایان، کە پشتیوانی زۆر ئاشکرای لە ئاڵمان لە خۆیە نیشان دا بوو،ناچار کرد لە سەر تەختی شایەتی لاچێ و جێگای بدا بە کورەکەی محەمەد ڕەزا. لە گشت ئەو ماوەیەی دا کە شەڕ بەردەوام بوو، بەشە باکوورییەکانی ئێران بە دەست سەربازانی ڕوسییە و بەشە باشوورییەکانی بە دەست بریتانیا داگیر کرابوون و ناوچەی ناوەندیی ئێرانیش بەناوچەی بێلایەن ڕاگەیێندرا بوو.لە هەمان کات دا کۆنترۆڵی دەوڵەتی تاران بە سەر ئەو ناوچە ناوەندییە دا ، کە زۆربەی کوردستانی وەبەر دەگرت،تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لاواز ببوو. سەرۆک عەشیرەت و خاوەنموڵکە گەورەکان ، کە لە زەمانی حوکمی ڕەزا شا دا لە هەرێم دوورخرابوونەوە، ڕێگایان پێدرا بچنەوە زێدی خۆیان لە کوردستان و، حەولیان دا دەستەڵاتی خۆیان وەدەست بهێننەوە. لە هەمان کات دا، لاوانی کوردی خوێندەواری شارستانی لە مەهاباد، کە لە گەڵ کوردە ناسیۆنالیستەکان لە عێراق لە پێوەندی دا بوون، کۆمەڵەیەکی نهێنی یان دامەزراند بە نێوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کە بە کورتی پێی دەگوترێ ژ.ک.) [ تێبینی وەرگێر ناوی ئەو کۆمەڵەیە بە تەواوی ساخ کراوەتەوە کە کۆمەڵەی ژیانی کورد بووە]، کە هەم ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیست بوو و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕادیکاڵ بوو.پارسەنگی نێوان هێزەکان لە لایەن کەسایەتییە ناسراوە شارستانییەکان ڕادەگیرا وەکوو بنەماڵەی قازی لە مەهاباد، کە زۆر بە ووشیاری و ووردییەوە پێوەندی خۆیان هەم لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی ئێران و هەم لە گەڵ ڕووسەکان لە ئازەربایجان پاراست و، بەکردەوە زۆر لە ئەرکەکانی حکوومەتی ناوچەییان بەڕێوە دەبرد

بە کۆتایی هاتنی شەڕ پێشوەچوونەکان خێراتر بوون.. ڕووسەکان کە بۆ ماوەیەک بێ مەیل بون بۆ چۆڵ کردنی باکووری ئێران، پشتیوانیان کرد لە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان، کە پارتییەکی چەپ بوو، کاتێک ئەو پارتییە دەستەڵاتی ئەو ئەیالەتەی باکووری ڕۆژئاوای بەدەستەوە گرت و لە مانگی دیسامبری ساڵی 1945 لەوێ حکوومەتێکی خودموختاری دامەزراند. کۆمەڵە پێمل کرا بوو سەرۆکایەتی قازیی محەمەد قەبووڵ بکا، کە کەسایەتی هەرە بەتوانا و بەدەستەڵاتی مەهاباد بوو و، ببێ بە ڕێکخراوەیەکی زۆر کراوەتر و هەراوتری جەماوەری واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. لە 22ی ژانڤیەی 1946 (2ی ڕێبەندانی 1324ی هەتاوی) قازیی محەمەد جمهووری کوردستانی ڕاگەیاند، کوردی وەک زمانی ڕەسمی جێی فارسی گرتەوە

جمهووری کوردستان هەر بریتی بوو لە بەشەکانی باکووری کوردستانی ئێران، واتە هەرێمی بەربڵاوتری مەهاباد؛ ناوچە و مەڵبەندەکانی بەر بە باشوور هەر لە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی تاران دا بوون. ئەڕتەشی جمهووری کوردستان کە لە تاکوتەرای عەشیرەتی ناوچە پێک هاتبوو، بە هاتنی چەندین هەزار جەنگاوەری بە ئەزموون لە عێراقەوە لە ژێر سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و برایەکەی شێخ ئەحمەد دا بەهێزتر کرا. ئەوان لە سێپتامبری 1945 دا پەنایان هێنا بۆ ئێران دوای دامرکاندنەوەی دوایین ڕاپەڕینیان.مەلا مستەفا کە لە زێدی خۆی دوورخرابووەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو پاتراو بوونە ناوخۆییە، لە ساڵی 1943 دا لە سلێمانی یەوە گەڕاوە بارزان و ئەو یەکەیانەی ئەڕتەشی شکاند کە بۆ گرتنی ناردرابوون، هێزی بارزانی کە نێوە نێوە بە وتووێژ و بە شەڕکردنەوە خەریک بوو، تا دوایی شەڕ خۆیان ڕاگرت، بەڵام پەلامارێکی نوێی حکوومەت ئەوانی لە شوێنە سەرەکییەکانیان دەرپەڕاند.جگە لە بارزانییەکان، کوردی دیکەی عێراقیش لە گەڵ وان لە سنوور پەڕینەوە و لە جمهووری دا دەوری پچووکیان هەبوو.ئەوانە بریتی بوون لە هێندێک دەستەی پچووکتری عەشیرەتان و لە وان زۆر گرینگتر، چەندین ئەفسەری کوردی ئەڕتەشی عێراق ، کە پێشتر وەک ناوبژیوان دەنێو بارزانییەکان و حکوومەت دا هەڵسوورابوون و هێندێکیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ناسیونالیستی دا چالاکییان هەببوو. ئەو ئەزموونە سیاسی و نیزامییە دەستەڵاتێکی بەرچاوی بۆ مسۆگەر کردبوون لە مەهابادێ

لە مانگی ئاوریلی 1946، دوای ئەوەی یەکێتی شووڕەوی بەڵێنی ئیمتیازی زۆر گرینگی نەوتی وەرگرت، سەربازانی ڕووسی دەستیان کرد بە چۆلکردنی ئێران. ڕاوێژکارانی سۆڤیەتی داوایان لە حکوومەتی ئازەربایجان و جمهووری کوردستان کرد بە جۆرێک چارەسەرییەک بۆ داوخوازەکانیان ببینەوە و لەگەڵ حکوومەتی تاران پێک بێن.لە هەمان کات دا هێزی نیزامی خۆشیان بە چاو حکوومەت دا بدەنەوە.قازیی محەمەد تێکۆشا دەرەجەیەک لە خودموختاری بۆ هەموو

هەرێمی کوردستان وەدەست بهێنێ. ئەوحەولانە بە مانگان درێژ بوونەوە، بەڵام هیچیان لێ شین نەبوو. لە هەمان کات دا، جمهووری لە بەر کێشەیەکی سنووری لە گەڵ ئازەربایجان و زێدە بوونی دژایەتی نێوخۆیی لاواز ببوو. ناسیۆنالیستە شارستانییەکان کە لە رێبەرایەتی سیاسی جمهووری دا دەستیان زۆر دەڕۆیشت، سەرۆک عەشیرەتەکانیان خۆش نەدەویست و بە قووڵی لێیان دڕدۆنگ بوون، بەڵام بەرگری لە جمهووری بەسترابووەوە بە هێزە عەشیرەتییەکان، بەرەو کۆتاییەکانی وەرزی هاوین، چەندین کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکان یان بە تەواوی ڕۆیشتن و ریزەکانی جمهووریان بە جێ هێشت یان سەربەخۆ دەستیان کرد بە وتووێژی تایبەتی لەگەڵ حکوومەت بۆ ئەوەی لە گەڵی پێک بێنەوە.کاتێک دواجار لە مانگی دیسامبر [1946] ئەرتەشی ئێران بەرەو مەهاباد هات، بە بێ ئەوەی دەستی لە بەرانبەر دا بکرێتەوە ، ئەو شارەی گرتەوە. قازیی محەمەد و دوو لە خزمەکانی، کە خۆیان ڕادەست کردبوو، لە دادگەی نیزامی دا بە ئێعدام حوکم دران و لە سێدارە دران. مەلا مستەفای بارزانی و هێزەکانی گەڕانەوە عێراق،لەوێوە بە شەڕ بە نێو تورکییە و باکووری ئێران دا خۆیان گەیاندە یەکێتی شوورەوی و وەک پەنابەر زیاتر لە دە ساڵ لەوێ ژیان. کولتووری کوردی کە بۆ ماوەیەک لە مەهاباد ژیابووەوە، جارێکی دیکە لە ئێران کپ و سەرکوت کرا

سەرچاوە

Susan Meiselas & Martin van Bruinessen, Kurdistan In the Shadow of History,The University of Chicago Press, Second Edition, 2008.P, 176

# (١٣)

## دەستپێشخەرییەکانی تورکییە سەبارەت بە کوردان و عەلەوییان

[ ئەم باسە لە سیمپۆزیۆمی نێونەتەوەیی " ئەویدی بوون و بەولاوەتر: دینامیزی دەستە پێک هاتن و ناسێنە لە کۆمەڵە ئیسلامییە مۆدێرنەکاندا" پێشکێش کراوە لە ئەنیستیتووی توێژینەوەی زمانان و کولتوورانی ئاسیا و ئەفریقا، زانکۆی تۆکیۆی لێکۆڵینەوەکانی بێگانە، تۆکیۆ، 5 ی دیسامبری 2009]

### ئونور ئوێیمەن و دەرسیم

چەند حەوتوو لەمەوپێش ( لە 10ی نۆڤامبری 2009)، لە دمەتەقەیەکی پارلمانی دا دوای ئەوەی حکوومەت ڕاگەیاند نەخشەیەکی هەموولایەنەی بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی چەکداری بەدەستەوەیە و ئیمتیازی گرینگ بۆ داوخوازە کولتووری و سیاسییەکانی کوردان لەبەرچاو دەگرێ، سیاسەتمەداری پارتیی CHP، ئۆنور ئوێیمەن زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە حکوومەت گرت و قسەیەکی کرد لەوانەیە تەئسیرێکی بڕیادەری هەبێ لە سەر گۆڕانی سیاسی و خۆ سازدانەوەی تورکییە دا. ناوبراو بە ئاماژە کردن بە بانگەوازی AKP بۆ ئەوەی  خوێنڕێژی دوولایەنە ڕابگیرێ " با چی دیکە دایکان بۆ کوڕە شەهیدەکانیان فرمێسک نەڕێژن گوتی:" ئەو جۆرە چۆکدادانە لە وڵاتی ئاتاتورک ناوەشێتەوە.لە سەرهەڵدانەکانی شێخ سەعید و دەرسیمیش دا ، دایکان دەگریان، " بەڵام ئاتاتورک ئەوەی کرد کە دەبوو بیکا" ئوێیمەن بە بێ ئەوەی مەبەستی بێ – کە بۆ ماوەی درێژ بە یەکێک لە کەماڵیستەکانی زۆر " بە شارستانیتر" و میانەڕۆتری پارتییەکەی داندراوە - توندوتێژی ژێنۆسایدانەی بەتایبەتی لە بەربەرکانی بەدژی دەرسیم دا جارێکی هێناوە نێو بیروڕای گشتی. کە پێشتر ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی پارێزەری مافی مرۆ حەوڵێکی زۆریان دابوو بۆ ئەوەی سرنجی بیر و ڕای گشتی بەرەو ئەو ڕووداوە ڕاکێشن و تێیدا سەرنەکەوتبوون، ئەو قەتڵی عامەی کە لە ژێر پەردەی پێشکەوتن دا کرا، ئەو قسانەی ئوێیمەن بابەتەکەی کردە سەردێری ڕۆژنامەکان. عەلەوییەکانی دەرسیم بە دژی ئەو قسانە ڕاسان و شەرمەزاریان کرد و داوایان کرد CHP بە ڕەسمی داوای لێبوردن بکا؛ پۆستێری ئوێیمەن بە سمێڵ و شێوەی قژی سەری هیتلێر بڵاو کرانەوە. ڕۆژنامەکان دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی چیرۆکی ڕووداوەکانی دەرسیم لە ساڵی 1938 ، بە گێرانەوە و باس کردنی وشەی وەک " جڕ و جانەوەر" و " جرجەمشک" کە لەو سەروبەندی دا ئاماژەیەک بووە بە خەڵکی ئەو ناوچەیەی سەری هەڵدابوو، و قسەی ئیحسان سەبری چاگلایانگیل یان باس کرد سەبارەت بە بەکارهێنانی گازی ژاراوی بە دژی دەرسیم. CHP هەمیشە ئەو پارتییە سیاسییە بووە کە عەلەوییەکان بە پانەوە دەنگیان پێداوە - ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەی کە هیچ پارتییەک لە ئارا دا نەبووە لەوی باشتر بووبێ. بەڵام ئەمجارە واوێدەچێ  هاوپەیمانی بەهێزی مێژوویی نێوان CHP و عەلەوییان زۆر بەجیدی کەوتبێتە بەر هەڕەشە. ئەو پارتییە، کە پێشتر زۆربەی دەنگدەرانی چەپی پۆپۆلیستی خۆی لە کیس دابوو، دەبوو زیاتر و زیاتر پشت بە دەنگی عەلەوییان ببەستێ وەک دوایین هێزی پاڵپشت و بەهێزی خۆی. ئەو دوایین پێگەیەش ئێستا درزی تێکەتووە.

### دوو شێوەی ناسیۆنالیزمی تورک و بۆچوونیان سەبارەت بە پلورالیزمی ئێتنیکی و دینی

کەمالیزمی کلاسیکی بە زانایی حەولی داوە  وەک پرینسیپێکی یەکگرتوویی جێی ئیسلام بە نەتەوە پڕ بکاتەوە.تا ساڵی 1923ش،مستەفا کەماڵ هێشتا هەر باسی هاوپەیمانی کوردان و تورکانی دەکرد، بەڵام دوای ئەو ساڵە، ئیدی نەتەوە تەنێ بوو بە تورک - لە سەرەتاوە ئینسان دەیتوانی هێشتا لە رووی ئێتنیکییەوە کورد بێ و لە ڕووی نەتەوەییەوە تورک، بەڵام لە سالانی 1930 یەکانەوە ئەو فکرە ورووژا کە گشت کوردەکان ( و هەر وەها دەستە ئێتنیکییە موسوڵمانەکانی دیکەی تورکییە) لە رووی ئێتنیکیشەوە تورکن و لە تۆرەمەی عەشیرەتە تورکەکانی ئاسیای نێوەندین.تەنیا پەڵەیەکی کە بە نێوچاوانی نەتەوەوە نووسابوو نا- موسوڵمانەکان بوون، کە دەبوو تورکییە بیانناسێ و بە پێی پەیمانی لۆزان هێندێک مافیان بۆ بسەلمێنێ. بە پێی قانوونی بنچینەیی تورکییە، هەرکەس کە شارۆمەندی تورک بێ ، تورکە، بەڵام بە کردەوە ئەوە سەبارەت بە مەسیحییەکان و جوولەکەکان ناگونجێ، تەنانەت هەربوونی

کەمایەتییەکانیش وەک شتێکی کە ئیمپریالیستەکان دای دەسەپێنن نەفرەتی لێدەکرا. لائیسیزمی ڕەسمی تورکییە قەت بە مانای مافی یەکسان بۆ هەموو دینەکان نەبووە - تەنێ موسوڵمانان مافی تەواویان بووە بەو مەرجەی زۆر دینی نەبن.
بۆچوون وتێروانینی کەمالیزم لە ئاست ئیسلام هەمیشە ڕاڕایی بووە: تورکێکی باش دەبێ موسوڵمان بێ، بەڵام لە هەمان کات دا ئەوانەی واجباتی ئیسلامیان بە وردی بە جێ هێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەرە ئیسلامییەکانیان خستووەتە پێش قانوون و ڕێسای لائیسیزم هەمیشە "ئەویدیکەی" هەمبەری هەرە گرینگی کەماڵیزم بوون.
بنچینەگریی ئیسلامی کە بە "ئیرتیجاع" " کاردانەوە" پێناسە کراوە بە مەترسییەکی هەمیشەیی داندراوە.
عەلەوییەکان بە هاوپەیمانێکی تەبیعی دادەندران بۆ خەبات بە دژی "ئیرتیجاع"، و هەر لە بەر ئەوەش مەراییان لە بەر دەکرا و دەلاوێندرانەوە. هەر ئاوا عەلەوییەکانیش زۆر جار لە کەمالیزم نزیک کەوتوونەتەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دراوسێ سوننییەکانیاندا بیانپارێزێ. لە سەرتاسەری مێژووی کۆمار دا کێشەی نێوان سوننی – عەلەوییان قەوماوە، ئی هەرە توندوتیژ و بەزەبرو زەنگیان لە ساڵانی 1970 کاندا، کاتێک ئەوان بەشێک بوون لەو جەمسەربەندییە سیاسییەی کە لە گۆڕێ دا بوو – عەلەوییەکان هاوپەیمانی چەپەکان بوون ( و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکانی بزووتنەوە چەپییەکان لەوان پێک هاتبوو) و زۆر لە سوننیەکانیش لە گەڵ ناسیونالیستی ڕاست ئاژۆ ڕێک کەوتبوون (پارتیی تورکەش، میللیەتچی حەرەکەت پارتیسی).
AKP (پارتیی داد و گەشەپێدان) لە زۆر ڕووەوە جێنشینی ئەو پارتییە ئیسلامییانەیە کە ئەربەکان لە ساڵانی 1970 کاندا دایمەزراندن و، ئەویش تا ڕادەیەک لە جەمسەر بەندییەکە دا دەستی هەبوو و هەڵوێستی زۆر توندی دژی عەلەوی گرت. لە هێندێک لە هەرا و هێرشکارییەکانی دژی عەلەوییەکاندا، کەسانی ئەوتۆ بەشدارییان هەبوو کە بەردەوام بوون لە دەور گێرانی سیاسی لە پارتیی ئەربەکان و تەنانەت ئێستا لە AKP ش دا. عەلەوییەکان هەتا بڵێی لە AKP دڕدۆنگ و بە گومانن، چونکە پێیان وایە لە سەرکوتکردنی کۆمەڵگە عەلەوییەکاندا دەستی هەبووە و ئەوان هەمیشە لە دەست دراوسێ سوننیەکان و هەر وەها دەوڵەت ڕەنج و کوێرەوەرییان چێشتووە.
هەر ئاواش، بۆچوون و تێروانینی باوی کۆڕوکۆمەڵی AKP لە ئاست عەلەوییەکان هەمیشە بە توندی ناڕەزایەتی پێوە دیار بووە: عەلەوییەکان بە پێشێل کردنی گشت قانوونەکانی ئیسلام، خواردنەوەی ئەلکۆل و بێ بەندوباری جینسی و هەر وەها کۆمۆنیزم تاوانبار دەکرێن.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە AKP یە، وەک یەکەم پارتیی سەرەکی لە مێژووی تورکییە دا، کە بە ئاشکرایی خۆی لە ناسیۆنالیزمی کەمالیستی دوور خستووەتەوە بە پێچەوانە گشت پارتییەکانی کە جێی ئەوانی گرتووەتەوە - ڕەنگە بکرێ ترگوت ئوێزاڵ وەک پێشەنگێک ببیندرێ، بەڵام AKP بە کردەوە ئەوەی کرد کە ئوێزاڵ تەنێ باسی لێوە دەکرد. تێگەیشتن و بۆچوونی AKP سەبارەت بە چەمکی نەتەوە لە دنیابینینی نوێ – عوسمانییەوە دێ، کە بەپێی وی ئەوە زمان و ئێتنیسیتی نییە کە دەبێ ببیتە بناخەی یەکگرتوویی و سەقامگرتوویی بەڵکوو دین دەتوانێ ئەو دەورە بگێڕێ. لە ڕوانگەی AKP وە جۆراوجۆری ئێتنیکی چ گرفتێک نییە؛ کوردەکان و تورکەکان بە شیوەی تەبیعی لە بەر ئەو ڕاستییەی کە موسوڵمانن یەکگرتوون. ئیمپراتۆری عوسمانی دەرەجەیەکی زۆری خۆموختاری هەبوو بۆ کۆمەڵەگە نا- موسوڵمانەکان (میللەت): یۆنانییە ئۆرتۆدۆکسەکان وهەرمەنییە مەسیحییەکان و جوولەکەکان، کە دواتر ئەوانە کلیسای دیکەشیان لێ زیاد بوو وەک عەینی میللەتان [ سرنج بدەن لێرە دا نووسەر مانای میللەتی لە زەمانی ئیمپراتۆری عوسمانی دا بەکار هێناوە، تێبینی وەرگێڕ]. جا بۆیە ئەوە سەیر نییە کە ئەوندە مەسیحییەی کە ئێستا لە تورکییە دا ماونەتەوە هەست بکەن لە ژێر حوکمی AKP دا باشتریان ڕەفتار لەگەڵ دەکرێ لە چاو حکوومەتە لائیکەکانی پێشوو.( ئەو زنجیرە هێرشانەی ئەو دواییانە بۆ سەر کەسایەتی و داودەزگا مەسیحییەکان لە لایەن بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە نەکراون بەڵکوو لەبن سەری تۆڕێکی تیژپەڕی ناسیونالیستی، Ergenekon دا بووە.
ددان پێداهێنان و ناسینی کولتووریی کوردان و دەستە ئێتنیکییەکانی دیکەی وەک چەرکەسەکان و لازەکان قەت بۆ AKP گرفتێکی ئەوتۆ نەبووە( کە بە هەڵکەوت، چەند ئەندامی پایەبەرزی کوردی هەیە). و تەنانەت ڕیگا دان بە سازبوونی پارتیی سیاسی لە سەر بنەمای ئێتنیکیش شتێک نییە کە بە بیر دانەیە، ئەگەرچی ئەو پارتییە دەیەوێ خۆی وا ببینێ کە زۆر ڕەوایی هەیە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کوردانیش بکا،ئەگەر ئینسان باشی لێ تێگەیشتبێ. هەر وەک CHP، AKP ش حەول دەدا دۆزی کورد دابشکێنێ بۆ ڕەهەندی ئابووری – کۆمەڵایەتی و، پێی وایە ئەو ڕێگا چارەسەری کە ئەو دەیهێنێتە گۆڕێ لە ئی هەموان باشترە. بەڕاستیش پێی وابوو دەتوانێ  مەکۆی پشتیوانی دەنگدەرانی پارتیی لایەنگری کوردی DTP داگیر بکا تەنێ بە ڕیگای خزمەتی باشتر لە هەرێمە کەدا.
"سێرویس" "هیزمەت" یەکێک لە وێژیاکە کلیلییەکانی AKP یە، هەر ئەو جۆرەی کە بزووتنەوەی Gulen باس لە پێشکێش کردنی خزمەت دەکا.
خزمەت کردن وەک ئەرکێکی دینی دەبیندرێ بەڵام هەر وەها وەک باشترین ڕێگاش بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن. ئەردۆغان

وەک شارداری ئەستەنبوول نێوبانگی دەرکرد بە پێشکێش کردنی خزمەت بە گەڕەکە هەژار نشینەکان و، دواتر ئەو دەنگی ئەو جۆرە شوێنانەی بردەوە ، کە لە کۆنەوە CHP بە مەکۆی تەبیعی خۆی دەزانین و بەوشێوەیە لە سەرتاسەری وڵات دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.
دۆزی کورد سەلماندی زۆر لەوە ئاڵۆزتر و پێچەڵپێچترە کە تەنێ هەربە پێشوەچوونی ئابووری چارەسەر بکرێ و، واوێدەچێ ئێستا AKP بییەوێ بە پێی ویستی کوردان هەلس وکەوتیان لەگەڵ بکا – ئەوە یەکەم جارە کە چ حکوومەتێکی تورکییە ئەئاوا بە جیدی لە گەڵ کوردەکان بجوڵێتەوە. دوای کێشەو هەرایەکی دوورودرێژ لە گەڵ ئەرتەش سەبارەت بە ئەوەی کە دان و ستاندنیان لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراق چلۆن بێ،وا وێدەچێ AKP ستادی ئەرتەشی تورکییەی بەرەو بیری خۆی ڕاکێشابێ کە مەسەلەکە بە ڕێگای غەیرە نیزامی ڕا چارەسەر بکرێ. لەهەمان کات دا AKP ، دەستی [دۆستانەی] بەرەو عەلەوییەکانیش درێژ کردووە. لە ڕووی زەینییەوە کرانەوە و دەستپێشخەری بەرەو عەلەوییەکان بۆ AKP زۆر دژوارترە لە کرانەوە بەرەو کوردان. لە جیهانبینی و بیری بیرداڕێژانی AKP دا گونجاندنی کوردەکان بە باشی دەلوێ: ئەوان " کاڤیم" ( قەوم)ن، گەلێکی موسوڵمان بە هەبوونی ناسێنەیەکی یەکپارچە لە سەر بنەمای زمان و قەوارەی عەشیرەتی. بەڵام عەلەوییەکان بەو جۆرەی AKP دنیای لە جیهانبینی خۆی دا دابەش کردووە دەی شەمزێنن و پێشێلی دەکەن. ئەوان نە سەر بە دینێکی نا- موسلمانن ( کە بکرێ مافی کەمایەتی و هێندێک ئیمتیازی دەوڵەتییان بدرێتێ بۆ شوێنی نزا و پارانەوەیان ) و نە لە ڕووی زمانی و عەشیرەتییەوە "کاڤیم" ێکی جیان. عوسمانییەکان کۆمەڵگەکانی ئامال عەلەوییانیان بە موسوڵمان دادەنا، وەک موسوڵمان ماڵیاتیان لێ دەئەستاندن و جار وباریش لە بەر ئەوەی موسوڵمانی سەربزێو بوون تەنبێیان دەکردن. ڕەنگە AKP ش بییەوێ بە موسڵمانیان دابنێ و ئاوایان لە گەڵ بجووڵێتەوە ( هەر وەک دە ڕاستیشدا دەوڵەت دەیکا، بە دروست کردنی مزگەوت لە گوندە عەلەوییەکان و، ناردنی منداڵەکانیان بۆ پۆلی تۆیزی دینی سوننی ) جا چەقی مەسەلەکە لێرە دایە: زۆربەی عەلەوییەکان دەیانەوێ بە موسوڵمان دابندرێن، بەڵام جۆرە موسوڵمانێکی جیاواز و، نایانەوێ منداڵەکانیان بە تۆیزی دەرسی ئیسلامی سوننی دابدرێن،بەڵکوو شێوەی خۆیانیان دەوێ. سیاسەتمەدارانی موسوڵمان پەیتا پەیتا ئەو دەرپرینە بەنێوبانگە بە گوێی عەلەوییەکان هەڵدێنن و دووپاتەی دەکەنەوە" ئەگەر عەلەوییایەتی بە مانای خۆشویستنی عەلییە، ئەمن باشترینی عەلەوییەکانم، ئەویش لەبەر خۆشەویستنی عەلی. بەڵام عەلی پێڕۆیی لە پێغەمبەر کرد و ڕۆژێ پێنج جار نوێژی دەکرد و لە مانگی ڕەمەزان دا ڕۆژووی دەگرت، بەڵام ئێوە نایکەن."

**ئەرگەنەکۆن**

ئەوشتانەی لە سەر ئەرگەنەکۆن ئاشکرا بوون ورەی ئەخلاقی حکوومەتی بەهێز کردووە. بەر لە ئەرگەنەکۆنیش زۆر ڕێکخراوەی ئەوتۆ هەبوون – ڕچە و ڕێبازێکی درێژی چالاکییەکانی " دەوڵەتی قوول و شاراوە" لە [مێژووی] ترکییە دا هەیە، لە تەشکیلاتی مەهسووسە(تەشکیلاتی تایبەتی) بەم لایەوە، کە لە سەردەمی شەڕی سارد دا ناتۆ پشتی گرت وەکوو هێزێکی بەرگری مەدەنی بۆ شەر بەدژی دەستەڵات بەدەستەوەگرتنی کۆمۆنیستی، ئەم ئەرگەنۆکەنەی ئێستا زیاتر نوێنەرایەتی پەراوێزێکی سەرلێشێواوی نوخبەی کەمالیستی لائیک دەکا کە گەشە کردن و گەورەبوونەوەی ئیرتیجاع بەڕێگای هەڵبژاردنەوە بە هەڕەشەیەک بۆ سەر هەڵوێستی خۆی دەزانێ. ئەو پارێزەرە خۆ بەناو کردووانەی تورکییەی ناسیونالیستی لائیک ئەوەی خراپەیە کردوویانە: کردەوەی دنەدەرانەی وەک کوشتنی هرانت دینک، تەقە کردن لە دادگەی بەرز، تێرۆر و بۆمب هاویشتن و، بەتەنیشتەوە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری.
لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکانی دۆسییەی ئەرگەنەکۆن، لەوانەیە ئەو کاکە و برالە و پیلانەی لە بن سەریان دابووە زۆر هەمولایەنەتر و بەتەکووزتر لەوەی کە تا ئێستا ئاشکرا بووە وەڕوو بخا. دەستەی جۆربەجۆر بە بەردەوامی یەکتریان دەدی و جاروبار هاوکاری یەکتریان دەکرد، بەڵام دەکرێ هەمووشیان بەشێک نەبووبن لە نەخشەیەکی گەورەی تاقانە.
ئاشکرابوونی نەخشەی تێرۆر و کوشتن – بە دژی مەسیحیان، ڕێبەرانی عەلەوی، نووسەران – مرۆ دەهەژێنێ و وا وێدەچێ بە بەڵگەوە بسەلمێندرێ. ( لە ئینترنێت دا سەرچاوەیەکی زانیاری سەبارەت بە دادگاییەکانی ئەرگەنەکۆن و ئەوشتانەی تا ئێستا ئاشکرابوون و دۆسییەکانی ئەرگەنەکۆن هەیە کە بە هاسانی دەست پێی ڕادەگا و بە بەردەوامی تازە دەکرێتەوە،www.todayszaman.com/ ، ئەو ماڵپەڕە ئی ڕۆژنامەی ئینگلیسی زمانی Zaman ی لایەنگری حکوومەتە). ئەو ئاشکرابوونانە کەشوهەوایەکی ساز کرد کە تێیدا حکوومەت زۆر هاسانتر دەتوانێ ئیدیعا بکا کە پێی لەسەر زەوییەکی بەرزی ئەخلاقی قایمە.

## کرانەوە و دەستپێشخەری بەڕووی کوردان و عەلەوییان دا

نێوەرۆکی ئەو دەستپێشخەرییە زۆر ڕوون نییە: حکوومەت هەر وەک ڕابردوو بەهیچجۆر مل نادا لە گەڵ PKK قسە بکا و تەنانەت سەبارەت بە ئەگەری لێبوردنێکیش متەقی لێوە نایە - بەڵام بە ڕواڵەت دیداری نهێنی بەردەوامن. بەڵێنی دانی ئیمتیازی کولتووری،TRT6 ( کە دیارە PKK بە خۆ فرۆشتن بە دوژمنی دادەنێ و بایکۆتی کردووە). لێنانەوەی نێوە ئەسڵییەکان لە گوندەکان (ئەوە ئێستا دەستی پێکراوە)، خوێندن و پەروەردە بە کوردی بە دڵنیاییەوە یەکێک لەو بابەتانەیە کە لەو دەستپێشخەرییە دایە.
هێشتا تەواو ڕوون نییە کە بەوردی " کرانەوە بەرەو کورد" لە چی پێک دێ و، ئێستا زۆر کەس خەریکن لێی دردۆدنگ دەبن، بەڵام واوێدەچێ حکوومەت ئەوجار شێلگیر بێ بۆ بەردەوام بوون لەو ڕێبازە دا. دەگوترێ کە ئەردۆغان، دەستەڵاتی تەواوی داوە بە وەزیری نێوخۆ بەشیر ئاتالای کە ئەو دەستپێشخەرییە درێژە پێبدا بە بێ ئەوەی لە گەڵ باڵەکانی دیکەی نێو AKP بێتە ڕەدایێ. ئاتالای لەگەڵ سیاسەتمەداران، ڕووناکبیران، پارێزەران دانیشتووە بۆ ئەوەی گوێ لە بیرو ڕایان بگرێ کە چلۆن بەردەوامی بە کارەکە بدا.
ئەوە ئاشکرایە حکوومەت کاتی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵک لە گەڵ بیری قسەکردن لە گەڵ کوردەکان ڕابهێنێ دوای سەروبەندێکی جەمسەربەندیی لە زێدە کە تێیدا کێشە لە نێوان لایەنێکی سەرهەلداو و ئەڕتەش بەرە بەرە بوو بەکێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی کوردان و تورکان، کە تێیدا دەمارگرژی دوولایەنە بەهێزتر بوو و باوەری بەیەکتری پێخوست کرا، ئەوە سەیر نییە کە دژبەرانی هەرە کەلەڕەق و بەهێزی ئەو پێواژۆیە CHP و MHP ن – بەڵام لەوانەیە MHP دوای کۆنگرەکەی ڕاوێژی دەمی بگۆرێ، کاتێک باخچەلی زیاتر لەوە دڵنیا بێ کە بۆ خوڵێکی دیکەش لە جێی خۆی دەمێنێتەوە.
زۆر لەوە جیدیتر، هەم لە داوودەستگای دەوڵەت و هەم لە PKK دا تاکوتەرای ئاوا هەن کە لایەنگری تێکشکانی ئەو بەرنامەین و حەولی تێکدانی دەدەن. وێدەچێ زۆر کەند و کلۆ بێنە سەر ڕێ؛ کە زۆر جار دیتراوە، تورکییە بەرەو پێشەوە دەچێ بەو شێوەیەی کە یێنی چێرییەکان (عەسکەری عوسمانی) کردیان: دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە، هەنگاوێک بۆ دواوە.
سستی (بە ئانقەستەی؟) حکوومەت بۆ دیاریکردنی نێوە ڕۆکی دەستپێشخەری و کرانەوە بەڕووی کوردان دا، هەلی ئەوەی بۆ PKK ڕەخساندووە کە دەستپێخەری بکا. ئوێجاڵان نەخشەی ڕێگای خۆی ڕاگەیاند و بڵاوی کردەوە.
"میسیۆنی ئاشتی" کە لە گریلاکانی PKK پێک هاتبوون لە عێراقەوە بە پەیامی ئاشتییەوە هاتنەوە و خۆیان ڕادەست کرد – ئەوان بە خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەری و بە چالاکی جێژن و شایی لە هەرێمی کوردی پێشوازییان لێ کرا و، ئەوە حکوومەتی برد لە خەیاڵاتەوە و نیگەرانی کرد.
لە کۆنفڕانسێکی چاپەمەنی دا، ئاتاڵای ڕوونی کردەوە کە جارێ حکوومەت ڕاگەیاندنی لێخۆشبوون لە ئەندامانی PKK ی دە بەرنامە دا نییە و ئەوەی کە زمانی پەروەردە و خوێندنی نەتەوە تورکی یە و هەر تورکی دەبێ و، دواجار، گۆڕین و هەموار کردنی قانوون ئێستا لە ڕۆژەڤی کار دا نییە- و ئەوەش بووە هۆی نائومیدی و دڵساردبوونەوەیەکی زۆری ئەوانەی کە هیوایان بەو دەستپێشخەرییە هەبوو و بە هەنگاوێکی باشیان دەزانی.
کرانەوە و دەستپێشخەری بەڕووی عەلەوییان دا بە زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لە گەڵ دەدەکان، ڕووناکبیران و زانایان ( ئەو جۆرە کەسانەی کە پاشخانی خوێندنی ئیلاهیاتیان هەبوو)، ڕۆژنامەنووسان و ڕێبەرانی سەندیکا کرێکارییەکان دەستی پێکرد، لەو جۆرە کۆبوونەوانە دا نوێنەرانی حکوومەت هەر گوێگر بوون.هیچ دیالۆگێکی ڕاستەقینە لە گۆڕێ دانەبووە، بەڵام دە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جار بوو حکوومەت گوێی لە گلەیی و گازندە دەگرت و وێدەچوو عەلەوییەکان بە جیدی بگرێ. بەڵام هەتا ئێستا بە کردەوە هیچ نەکراوە- و هەتا دێ عەلەوییەکی زۆرتر گۆمانیان تێدا پێک دێ داخودا حکوومەت لە گلەیی و گازندە و داوخوازەکانیان تێدەگا یان تەنانەت حەول دەدا تێبگا یان نا. (واتە بە ڕەسمی ناسینی جەمەیی [جەمخانەکان] وەک شوێنی نزا و پاڕانەوە و، ددان پێدا هێنان بە دەدەکان دا وەک ئەرکدارانی دینی، هەڵوەشاندنەوەی وانەو دەرسی تۆبزی دینی سوننی، هتد.)

## کوردەکان و عەلەوییەکان: ناسێنەی جێی مشتومڕ

ئەگەرچی زۆر لە کوردەکان و عەلەوییەکان ناسێنەی کوردی یان عەلەوی بە ناسێنەی یەکەم و هەرە "تەبیعی" خۆیان دادەنێن، لە ڕاستیدا هەردووکییان ناسێنەی پان و بەرینن کە بەڕێژە لەو دواییانە دا جەختیان لە سەر کراوە، لە ژێر تاوی تێکۆشانی ناسیۆنالیستی کوردی و شێوەژیانی هاوبەشی عەلەوییەکاندا و، لە کێبەرکێ و ڕقەبەری لە گەڵ ناسیۆنالیزمی تورک دا. هەم کورەدەکان و هەم عەلەوییەکان لە بوونەی ئاڵۆز و وەیەکنەچوو پێک هاتوون ، بە سنووری

لێڵ و نادیارەوە و بە هەبوونی جۆراوجۆرییەکی کولتووریی بەرچاو لەنێو خۆیان دا. لەوەش زیاتر ناوچەیەکی گەورەی کە یەکتری دادەپۆشێ لە نێوان کوردان و عەلەوییان دا هەیە. ناسێنەی عەشیرەتی و ناسێنەی گوندێتی بۆ ماوەی درێژ زۆر لە ناسێنەیەکی پان و بەرینی هەمموو گرەوە گرینگتر بووە و، بەسترانەوە و گرێدراوی دینیش بە دەم سەدە و ساڵانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. بەر لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 هەم زاراوەی "عەلەوی"بە دەگمەن دەکار دەکرا. کورد بوون ئاست و دەرەجەی زۆر وزەوەندی هەیە؛ ناسێنەی کورد بە شێوەیەکی هەرە لێبراوانە و بێ ئەملاو ئەولا ئەو کوردانە خۆی پێ دەناسێنن کە ئاخێوی لەهجەی سەرەکی، کورمانجین، کە موسوڵمانی سوننین، و لە ڕووی عەشیرەتییەوە ڕێک خراون. ئەو جۆرە کوردانە، دەبێ جەخت بکرێتەوە، لە ڕووی مێژووییەوە "ئەوانیدی" هەرە گرینگی کوردە عەلەوییەکان بوون، دوژمنی هەرە نزیک و چەوسێنەر. ئەوانەی کە بە لەهجەیەکی زازا قسە دەکەن، سوننی نین بەڵکوو عەلەوی یان ئێزەدین ( و ڕەنگە عیسابییش بن)، یان سەربەو دەستە وەرزێرانەن کە لە ڕووی عەشیرەتییەوە ڕێک نەخراون و کەمتر کوردن و – وەک بەڵگەی مێژوویی پێمان دەڵێن و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک بە توندی لە سەر ئەو باوەڕە بوون - زۆر زیاتر ئامادەی توانەوە بوون. وەکوو دی کۆمەڵگەو تاکوتەرای جۆر بەجۆری کەم تا زۆر تواوە هەن کە کەم تا زۆر خۆیان وەک کورد دەناسن یان ئەوەی خەریکن جارێکی دیکە ناسێنەی کوردی خۆیان دەدۆزنەوە.

کۆمەڵگە عەلەوییەکان دەکرێ لە شوێنێکەوە تا شوێنێکی دی زۆر جیاوازی بەرچاوی باوەڕی و کردەوەیان دە نێوان دا بێ، ئەگەرچی پسپۆرە گەڕۆکە دینییەکانیان (دەدەکان) دەورێکی یەکدەست کردنیان لە نێو دا گێراون. کۆمەڵگەی تورک زمان، کورد زمان و زازا زمانی عەلەوی هەن. جگە لەوانە، کۆمەڵگەی عەرەبی زمان و ئازەری زمانی عەلەوی هەن، بەڵام ئەوانە سەر بە نەریتێکی تا ڕادەیەک جیاوزای دینین ( نوسەیری و شیعەی دوازدە ئیمامی) و لێرە دا زیاتر باسیان ناکەم. عەلەوییەکان بۆخۆیان جارجار دوو کۆمەڵگەی کۆنتر لە یەک جیا دەکەنەوە کە زەمانی زوو بەیەکەوە کۆ کراونەتەوە لە ژێر نێوی عەلەوی دا: واتە قزڵباش و بەکتاشی. هەر دووک نێوەکان لە ڕووی میژووییەوە بەبەڵگەوە ئاستە کراون. کوردە عەلەوییەکانی ئێستا زۆر جار خۆیان وەک قزڵباش دەناسێنن و بە تورکە عەلەوییەکان دەڵێن بەکتاشی، و ئەو دوو زاراوانە دەکەنە هاو سنوور لە گەڵ بن ناسێنە ئێتنیکی - زمانییەکان. جا بە پێی ئەو ڕوانگەیە بەکتاشییەکان بە وەفادار و گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی کۆماری دەناسێندرێن و، قزڵباشەکان وەک لایەنێکی کە لە سەرهەڵدان و سەروەبەر نەهێنانی بەردەوام دا بوون. ئەمن لەو باوەڕە دام ئەوە ئەو پەڕی سادەکردنەوەی ئەو ڕاستییانەن کە لە زەوی واقیع دا هەن، بەڵام وەک ئیماژ و سیمایەکی خۆیی تۆوێکی گرینگن بۆ ڕەنگ دانەوەی ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە گۆڕێ دایە.

ناسیونالیستە تورکەکان و ناسیونالیستە کوردەکان حەولیان داوە ئەو کۆمەڵگەیانە دنە بدەن  ئەوان یان ئەم بن یان ئەو و، بۆ هەر دووک لایان عەلەوییەکان زۆر جێی سەرئێشە و گرفت بوون. زمانی نزا و پاڕانەوە، تەنانەت لە نێو عەلەوییە کورد زمان و زازا زمانەکانیشدا تورکی یە،کە ئەوە وێدەچێ دەستەچیلەیەک بێ بۆ گەشاندنەوەی ئاوری پرۆپاگاندای ناسیونالیستی تورک. کە وابوو لە ڕوانگەیەوە ڕیوایەت و گێرانەوەی سەرەکی لەمەر عەلەوییەکان ئەوەیە کە ئەوان لە عەشیرەتەکانی ڕەسەنی ئاسیای نێوەندین و دینەکەیان ئاوێنەی دینی بەر لە ئیسلامی ئاسیای نێوەندییە. بەڵام ئەوە بەتەواوی زەحمەتە شی بکرێتەوە کە ئەو عەشیرەتە تورکانە چلۆن و بۆچی دەستیان کرد بە کوردی قسە کردن، مەگەر ئەوەی ئەوان هاتبنە شوێنێک بژین کە موحیتێک بووە کە زۆربە بە کوردی قسەیان کردووە. (لە ڕاستیدا ، زۆر لە کوردەعەلەوییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بە زازایی قسە دەکەن تێزی ناسیونالیستی تورکیان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئاسیای نێوەندی و ڕیشەی تورکی خۆیان قبووڵ کردووە،کە ئەو بۆچوونە تەنێ لە ساڵانی 1980 کان بەملایەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن کوردە ناسیونالیستەکانەوە خراوەتە ژێر پرسیار و بەرپەرچ دراوەتەوە.)ڕاستییەکی ڕووشکێنی دیکە ئەوەیە کە عەلەوییە تورک زمانەکان لە ویلایەتی سیواس تەنێ ئاماژە بە دراوسێ سوننیەکانیان وەک تورک دەکەن و بە خۆیان ناڵێن "تورک" – هەروەک بۆ عەلەوییە کورد زمانەکان کە "کورد": بۆ ئەوان زۆر جار مانای سوننی یە. کە وابوو تەنانەت عەلەوییە تورکەکانیش بە شێوەی تەبیعی خۆیان وەک تورک پێناسە ناکەن. ئەوە ئەو ڕاستییە دەدرکێنی کە هەم "تورک" و " هەم "کورد" تەنێ لەو دوایانە دا مانایەکی پۆزیتیڤی کاریگەریان تێ دەخوێندرێتەوە.

**قەتڵی عامی دەرسیم**

داخودا مرۆ قەتڵی عامی حەشیمەتی دەرسیم چۆن پێناسە بکا: سەرکوتکردنی جەردە و ئاژاوەگێران، دامرکاندنەوەی کوردان لەحەوڵێک دا بۆ ئەوەی بۆ یەک جار و هەمیشە ناسیونالیزمی کوردی خاشە ڕ بکرێ، یان دوایین قەتڵی عامی عەلەوییەکان لە زنجیرەیەکی بێ پسانەوەی کوشتوبڕی ئەوان بەدەستی دەوڵەت دا؟ زۆربەی منداڵانی

عەلەوی کوشتاری بە کۆمەڵی 40000 عەلەوی بە دەستی سوڵتانی سوننی عوسمانی، سوڵتان سەلیم،یان بیستووە و بەو وشیارییەوە گەورە بوون. کوردەکان لەوە ئاگادارن کە حەربی شێخ سەعید، ڕاپەڕینی ئاگری و دەرسیم سێ سەرهەلدانی گەورەی کوردان بوون کە بەدەست دەوڵەتێک کە هەتا دەهات لە زێدە بەرەو دەستەڵاتێکی ملهوری ڕەگەزپەرست دەچوو، شەلاڵی خوێن کران. نووسەرانی کەماڵیست ئەو ڕووداوانەیان وەک خەسار و زیانی لاوەکی لە ڕێبازی پێشکەوتن و شارستانییەت دا پەسن داوە.
زنجیرەیەک بیرەوەری سیاسەتمەداران و ئەفسەرانی نیزامی کە دەستیان لەو ڕووداوانە دا هەبووە و، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە لایەن زانستکارانی تورک و کوردەوە ( لە نێو هەموویان دا دەبێ ئیسماعیل بەشیکچی بە حورمەتەوە ئاماژەی پێ بکرێ چونکە کاتێک سەبارەت بەو ڕووداوانەی نووسی کە مەترسی شەخسی بۆ ساز دەکرد)، زانیارییەکی زیاتری سەبارەت بە ئەوەی ڕوویدا هێناوەتە نێو مەڵبەندی گشتییەوە. دەنگی ئاستەکراوی Ihsan Sabri caglayangil کە برگەیەکی تێدایە و باسی بەکار هێنانی گازی ژاراوی دەکا و لە چاپی بیرەوەرییەکانی دەرهاوێژراوە، ئێستا ئەوە لە تورکییە بەدەست خەڵکەوەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گەنگەشە و باسانەی لەمەڕ ژێنۆسیدی هەرمەنییەکان کراوە، بەلانی کەمەوە بەشێک لە بیروڕای گشتی لە تورکییە زۆر زیاتر خووی گرتووە بە بیستن و تێگەیشتن لە هەمان جۆر کردەوەی بە زەبر وزەنگ کە لە مێژووی تورکییە دا کراوە.
وڵام و کاردانەوە لە ئاست زەلە و گافی گەورەی ئونور ئوێیمەن بە دەرەجەی یەکەم لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە بوو کە خۆیان وەک عەلەوی پێناسە دەکەن، نەک کورد – ئەگەرچی ئەو قسانەی کە هاتنە گۆڕێ لە پێوەندی دابوون لە گەڵ کرانەوە و دەستپێشخەری بەرەو کوردان. بەڵام لێکدەرەوەکانی CHP ڕەنگە لەوە دا ڕاست بن کە ئەوەیان بە کردەوەیەکی ڕێک خراوی گشتی بە دژی پارتییەکەیان دانا، حەولێک بۆ دوورخستنەوەی عەلەوییەکان لێیان، کە بە لە دەست دانیان پارتییەکەیان دوایین پێگەی گرینگی دەنگدەارنی خۆی لە کیس دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی گەورە هەبوو لە نێوان وڵام و کاردانەوەی عەلەوییە کورد و تورکەکان دا، ئەوەش دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی کەلەبەری نیوخۆیی عەلەوییەکان لەنێوان ئەوانەی دا کە لە بناوانەوە دژی نەزمی ئێستای سیاسی کۆمەڵایەتین( زۆربەیان بەڵام نەک هەموویان کوردن)، و لایەنگران و هەواخوای ئەو نەزمە، کە ئی هەرە بەرچاویان Cem Vakfi ( مەوقووفەی جەم) یە، کە وەک هەمیشە وەک کەماڵیست ماوەتەوە.

**بە دوا دا نووسین (22ی دیسامبری 2009)**

گورزێکی سەرەکی دیکە کە وە پێواژۆی سازانی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی تورک کەوت لە 11ی دیسامبری 2009 ڕوویدا،کاتێک دادگەی قانوونی بنچینەیی حوکمی دا دەبێ DTP (پارتیی کۆمەڵەی دێمۆکراتی) دابخرێ و 29 کەس لە سیاسەتمەدارە سەرەکییەکانی- لەوانە ئەحمەد تورک و ئایسەل تۆغلوک، کە سەرۆکایەتی نوێنەرانی پارتییەکەیان لە پارلمان دەکرد- قەدەغەی چالاکی سیاسییان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە سەر داندرا. وەک زۆربەی دەزگاکانی بەشی قەزایی تورکییە، دادگای قانوونی بنچینەیش پڕە لە کەماڵیستی دەمارگرژ و،دادوەران بە کۆی دەنگ ئەو حوکمەیان دا.کەیفەرخواست بە دژی DTP، کە بەپێی وی دادئەستێن حەولی دابوو بیسەلمێنێ DTP بەرەیەکی PKK یە و هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی وڵات دەکا، دوو ساڵ لەمەوپێش بەرز کرابووەوە.حوکمی ئەو دادگایە بە بەربڵاوی وەکوو وشدار و چاولێخوردکرنەوەیەک دەبیندرێ لە لایەن داو ودەستگای قەزایی لە ئاست AKP، کە خۆ لە ڕێککەوتن و چارەسەرییەک بە پێی دوان و سەلماندن لەگەڵ PKK ببوێرێ و حەولی وا نەدا.سەیر ئەوەیە کە ئەوە ڕێبەرانی زۆر نەرمتر و قسەلەگەڵ هاتووتری DTP ن کە سیاسەتیان لێ قەدەغە دەکرێ، لە کاتێکدا هێندێک لەوانەی کە مل نادەن بۆ سازان لە پارلمان دا دەمێننەوە. ئەو بەشانە لە داو ودەستگای دەوڵەت کە دژی دانی هەموو جۆرە ئیمتیازێکن بە کوردان بە ئاشکرایی زۆریان بەڵاوە خۆشترە لەگەڵ قسەبێژی ئەوتۆی کورد سەروکاریان بێ کە دەست لەسازان و هاتنە ڕەدایێ دەگێڕنەوە.
ڕێبەرایەتی AKP ( بەتایبەتی سەرۆککۆمار عەبدوڵا گویل و وەزیری نێوخۆ بەشیر ئاتاڵای) بەئاشکرایی ڕایانگەیاند ئەوان ئەو بڕیارەیان پێ خۆش نییە، بەڵام خەتایان نەخستە سەر دادوەرەکان و لەجیاتیان ڕەخنەیان لەو قانوون نادێمۆکڕاتییەی گرت کە ئێستا کاری پێدەکرێ ( قانوونێک کە لە زەمانی کودەتای نیزامی ساڵی 1980 وە هەر بڕ دەکا). وا وێدەچێ AKP ڕیفۆرمە قانوونییەکان خێراتر بکا- بەڵام زۆر لە کوردەکان لە نێوەرۆکی بەتاڵی " دەستپێشخەری و کرانەوە بەرەو کوردی" حکومەت نائومێد بوون وهەتا دێ زیاتر لە ئاست مەبەستەکانی حکوومەت بە گومان دەبن و لێیان دڕدۆدنگن.

پرۆفسۆر.دوکتور مارتین ڤان بڕاوێسن سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی بەراوەردکارانەیە سەبارەت بەتوێژینەوەی

هاوچەرخی ئیسلامی لەزانکۆی ئوترێخت لە هۆلەند. ئێستا سەرمامۆستای لێکۆلەری میوانە لە زانکۆی تێکنۆلۆژی نان یانگ لە سینگاپوور و تا نێوەڕاست مانگی ژانفییەی ساڵی 2010 لەوێ دەمێنێتەوە. پرۆفسۆر مارتین ڤان پراونێسن بە کتێبە بەنرخەکەی " شێخ، ئاغا ودەولەت، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کوردستان" و کار ولێکۆڵینەوەکانی دیکەی لەمەڕ کوردستان و ئەندۆنێزی لە ئاستی جیهانی دا بە زانستکارێکی ئۆبژێکتیڤ ناسراوە.

## (١٤)

## چەند تێبینی سەبارەت بە میدیات و تۆر عابدین ، قسەکانم بۆ کردنەوەی سیمپۆزیۆمی میدیات، میدیات ٦-٨ ی ئۆکتۆبری ٢٠١١

ئەمن زۆری پێ خۆشحاڵم کە بانگ کراوم بۆ ئەم سیمپۆزیۆمە و ئەوە شانازیەکە بۆ من کە قسەکانی سەرەتای کردنەوەی ئەم سێمپۆزییەمە بکەم و یەکەم پانێل بەڕێوە بەرم. تا ماوەیەکی نیزیک تا ئەو دواییانەش، ئەمن پێم وابوو ، ناکرێ دەرفەت بدرێ سیمپۆزییۆمێکی ئاوا لە ترکییە بەڕێوە بچێ کە جەخت لە سەر فرە چەشنی ئێتنیکی و دینی ئەم شارە و ناوچەی میدیات دەکا و، ئێستا ئەمن خوشحاڵم کە شاهیدی گۆڕانی گەورەم لە وێژمانی گشتی لە ترکییە، وێژمانێک بە دوور لە قسەی نێوبەتاڵی بوونی نەتەوەیەکی یەکدەست و بەرەو ناسینی فرە چەشنی وەکوو سەرچاوی فەخر و شانازی.

ئەگەر ڕێگام بدەن پێمخۆشە بە کورتیش بێ باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە چۆن میدیات یارمەتی کردم بۆ دیسان بیر لێکردنەوەی ئەو تەسەورەی من هەمبوو سەبارەت بە ناسێنەی خەڵکی ئەم هەرێمە. هێندێک لە ئێوە ڕەنگە ئەمن لەبەر نووسینەکانم سەبارەت بە کۆمەڵ و مێژووی کورد بناسن،من لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٧٠کانەوە دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لەو بوارانە دا.چەند سەردانێکی کە ئەو زەمانی لە میدیاتم کرد یارمەتی کردم ئەو چوارچێوەیەی کە دەبوو تێیدا لە دینامیکی کۆمەڵایەتی و کولتووری گشت هەرێمی ترکییە و دراوسییەکانی پروانم دیاری بکەم. ئەو دەمی، زۆر کەس لە ترکییە هەڵگری ئەو خەیاڵە خاوە بوون کە هەر کەس لە ترکییە بێ ترکە، لەنێو ئەوانە دا هێندێک لەو کوردانەش کە من ئەو دەمی چاوم پێیان کەوت.دیارە دەمزانی ئەو خەیاڵە خاوە لە لایەن بزووتنەوەیەکی کوردی یەوە کە خەریک بوو سەرهەڵێنێ دەڕەوێتەوە و دەخرێتە ژێر پرسیار.بەڵام لە هەمان کات دا،من بۆخۆشم بۆچوونێکی زۆر ساویلکانەم هەبوو سەبارەت بە ناسێنەی ئێتنیکی ڕۆژهەڵاتی ترکییە و، پێموابوو بەشێوەی سەرەکی دوو گەل، واتە ترکەکان و کوردەکان لە وڵات دا هەن و، تەنێ چەند کۆمەڵگەیەکی کەمی مەسیحی لە وڵات دا ماونەتەوە. لە میدیات و تۆرعابدین بە گشتی،من تێگەیشتم کە چلۆنایەتی ئێتنیکی لەوێ زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە من دەمزانی و، کۆمەڵگەی ئاوای موسوڵمانی عەڕەبزمانی محەلەمی و، کۆمەڵگەی مەسیحی کوردزمان و عەڕەبزمان بەتەنیشت سوریانی ئارامی زمان و، ئێزیدی و هەر وەها کوردانی سوننی لە ناوچەکە دا دەژین. لەوەش زیاتر،زۆربەی کۆمەڵگەکان ئەو بیرەوەرییانەیان هەر پاراستبوو کە لە ڕابردوو دا سەر بە دینێکی دیکە جیا لەو دینەی بوون کە ئێستا هەیانە: مەسیحییەکان بە شانازییەوە ئاماژەیان دەکرد بەمانەوەی پاشماوەی پەرستنی ئاور و هەتاوی کەونارا و، محەلەمییەکانیش بەوەیان دەزانی کە دەنێو باب و باپیرانیان دا مەسیحیش هەبوون.ئەمن چەند کەسم دی کە بۆچون و تیۆری لە مەڕ خۆیان هەبوو سەبارەت بە کۆمەڵگە جۆر بە جۆرەکان و،ووشیارییەکیان لە خۆیانەوە نیشان دەدا کە دەزانن دین گۆڕین و زمان گۆڕان و گۆڕینی ناسێنەی ئێتنیکی لە هەرێمەکە دا باو بووە.

شتی هەرەگرینگی کە من لێی تێگەیشتم و بۆ ئەوە قەرزداری ئەم هەرێمەم ئەوەیە کە ناکرێ بە باشی لە بارودۆخی هیچ کۆمەڵگەیەکی ئێتنیکی یان دینی بەسەری خۆی و بە جیا لە ئەوانیدی بکۆڵدرێتەوە. مێژووی هەرێم – و ئەوە لە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وایە – بریتی یە لە مێژووی بە یەکگەیشتنەوەی کولتووران؛ هەر کۆمەڵگەیەی لە کەلەپووری کولتووری خۆی دا بیرەوەرییەکی پاراستووە کە لە بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ کولتوورەکانی دی،دینەکانی دی و زمانەکانی دیکەوە هاتووە. ئەو بەیەکگەیشتنەوە کولتوورییانە پێویست ناکا دۆستانە بووبن؛ گرژی و کێشەش بەشێکی زاتین لە بەیەکگەیشتنەوەی کولتووری. هەموو کۆمەڵگەیەک بیرەوەری کێشەی لە گەڵ دراوسێیەکانی خۆی هەیە؛ ڕووداو نامەی نووسراو و نەریتی زارەکی پڕن لە چیرۆکی شەڕ، تاڵان، خوێنڕێژی و ڕاوەدوونان. بەڵام هەمان ئەو کۆمەڵگەیانەی تێک هەڵدەچوون لە هەمان کاتدا لە یەکدی شتیش فێر دەبوون و شتیشیان قەرز دەکرد؛ ئەوان کەلوپەل و بەرهەمیان دەگۆڕییەوە. هاوپەیمانێتی سیاسی زۆر جار لە چوارچێوەی سنووری ئێتنیکی تێدەپەڕاند و، هەر وەها ژن و ژنخوازیش، هەر نەبێ جار و بار.لە بەرایی سەدەی بیستەم دا، ئێمە هێندێک کورد و هێندێک سوریانی دەبینین ( بەتایبەتی ئێستا من چیرۆکی هاو پەیمانی و دۆستایەتی نێوان ڕێبەری مەسیحی شەمعوون حەننا حەیدۆ و عەلیکێ باتێ م وەبیر دێتەوە، کە هەر دووکیان جەردەی زۆر بە نێوبانگ بوون و پێوەندی زۆر نیزیکیان زۆر

جار دەبووە هۆی ئەوەی بە گژ کورد و هەر وەها سوریانی دیکە دا بێن.) ئەو هاوپەیمانییانە تەنێ بە ڕێگای پیاوی ئازا و شەڕکەر نەدەکران؛ ژنانیش پردێکیان لە نێوان کۆمەڵگەکان دا ڕایەڵ کرد بوو. ئەوە ڕاستە کە هیچ کام لە کۆمەڵگەکانی هەرێم ئەوە پەسند ناکا کچان لە دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیان مێرد بکەن، بەڵام ژنووشوویی ئاوا هەبووە و ئێستاش هەیە، چ دڵخوازانە یان ڕەنگە، زۆر جاریش دڵنەخوازنە ( بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی ژنانی جێی باس و بنەماڵەکانیان) و؛ ڕەنگە لە بەر ئەوەی ئەوە دایکەکانن کە منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن،نەک باوکەکانیان، ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییەی نێوان گرووپان کاناڵی زۆر کاریگەربووبن بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری.
نەریتی کریڤایەتی یان ڕێورەسمی هاو دایکوباوکایەتی نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە کێشە و پێوەندیی نێوان گرووپی زۆر لە نیزیکەوە بە یەکتری بەستراونەتەوە.کریڤ بریتی یە لە پیاوێک، کە لە ڕێورەسمی خەتەنەی کوڕێکی موسوڵمان یان ئێزیدی دا، منداڵەکە لە سەر کۆشی ڕادەگرێ لەکاتی عەمەلییایەتەکەدا. پێوەندی نێوان پیاویک و کریڤەکەی، کە دایکوباوکایەتی خودا لە کولتوورە مەسیحییەکان دا وەبیر دەهێنێتەوە،ڕایەڵ کردنی پێوەندییەکی خزمایەتی هەڵبژێردراوە کە خەڵک زۆر پتەوتر لە هەر جۆرە پێوەندییەکی خوێنی بە یەکتری دەبەستێتەوە. هەر بۆیە، دایکوباوکان هەبوونی پیاوانی دەستڕۆیشتوو و جێی ڕێزیان وەک کریڤی کورەکانیان بەلاوە پەسندە،کە تەنانەت لە ڕووی توانایەکییەوە دەش کرێ سەر بە گرووپە نەیارەکان بن. زۆر لە باوکانی موسوڵمان کریڤی ئێزیدی یان مەسیحییان هەڵبژاردووە و، باوکانی ئێزیدیش کریڤی مەسیحی یان موسوڵمان و، ئەو ڕەسمە بووتە هۆی ساز بوونی پردی هاوپێوەندی لە دەرەوەی سنوورە ئێتنیکی و دینییەکان. [٢] لە بەسەرهاتەکانی توندوتیژی بە کۆمەڵ دا، وەکوو کوشتاری بە کۆمەڵی ساڵی ١٩١٥، زۆر نموونەی ڕزگار کردن و پاراستنی خێزانە مەسیحییەکان هەن لە لایەن کوردی موسوڵمانەوە کە پێوەندی کریڤایەتییان لە نێو دا هەبووە.

### فرە چەشنی دینی و ئێتنیکی

تۆرعابدین یەک لە نێوەندە هەرە کۆنەکانی شارستانییەتی مەسیحییە لە ناوچەیەکی بەربڵاوتر دا- سەبارەت بەوە لە پانێلەکانی دیکەی ئەم سیمپۆزیۆمە دا زیاتر دەبیسین - و خەڵکی ئارامی زمان ڕەنگە سێ هەزار ساڵ بێ کە لەو ناوچەیە دا ژیاون.[٣] بەر لە مەسیحایەتی و ئیسلام، دینی دیکەش لێرە هەبوون و وەک خەڵکی خۆجێیی بە خۆشحاڵییەوە ئاماژەی پێ دەکەن ئەو دینانە ڕچەیەکی مادییان لە پاش بە جێماوە: چەندین دەیر و کلیسا لە سەر وێرانەی پەرستگەی کە تەرخان بوون بۆ پەرستنی ئاور یان هەتاو دروست کراون. ڕچەی کەمتر ئاشکرای دینەکانی پێشوو بێ گومان لە فۆلکلۆر و باوەڕی فۆلکلۆری دا ماوەتەوە. بە درێژایی مێژوو، ئێمە دەبیسین خەڵک دەستیان لە دینی خۆیان هەڵگرتووە و دینێکی دیکەیان وەرگرتووە.
لە بەراییەکانی سەدەی شازدەهەم و لە سەردەمی زاڵبوونی عوسمانییەکان دا، میدیات شاری سەرەکی ناحییەی تۆر بوو و دانیشتوانی بریتی بوون لە وەرزێرانی مەسیحی و عەشیرەتی کۆچەر یان نیوە کۆچەر، کە زۆربەیان ڕەنگە ئێزیدی بووبن. شی کردنەوەی یەکەم بەڵگەکانی باجی عوسمانییەکان لە هەرێمی بەربڵاوتر دا،لەلایەن نەجات گۆیێونچ و وۆلفگانگ هێوترووت، دەیسەلمێنێ کە ئەو ناحییەیە لە زۆر ڕووەوە جیاواز بووە- لە ڕووی دانیشتوو و شێوەی کشتوکاڵ – لە ناوچەکانی دراوسێی خۆی.
[٤] دانیشتووەکانی لە چاو ناوچەکانی دی زۆر دامەزراوتر بوون و، زۆربەی حاسڵاتیان بەرهەمی زۆری گەنم و جۆ بووە و ناوچەکە بەتایبەتی بە نێوبانگ بووە بۆ ساز کردنی شەڕاب. ئەو ناوچەیە داهاتێکی زۆر زیاتری داوە بە دەوڵەت لە چاو ناوچە دراوسێکانی.دانیشتووانی کۆچەر یان نیوەکۆچەر بە سەر سێ لق و پۆپی عەشیرەتی دا دابەش دەکران، کە دوو لەوانە بەڵگەی باج نێویان دەنێ چاڵکی (جەماعەتی چاڵکی) و ئەوی سێیەمیان شقاقی. گۆیێونچ و هێوترووت ناوی چالکی ( بە ئارامی چاڵکۆیۆ) وا لێک دەدەنەوە کە ئاماژە بێ بە ئێزیدییەکان؛ بەڵام سەرنجڕاکێشە باس بکرێ کە یەکێک لە لق و پۆپە چاڵکی یەکان چەندین عەشیرەتی چکۆڵەتر لە خۆ دەگرێ کە محەلەمی ن.[٥] بەڵگە باجییەکان هیچ باسی ئەوە ناکەن کە ئەو گرووپە عەشیرەتییانە بە چ زمانێک قسەیان کردووە یان دینیان چ بووە. ئەوان باجی ئیسپەنجە و باجی جزیەیان نەداوە کە لە هەموو مەسیحییەکان وەردەگیرا، بەڵام لە بواری باج لێوەرگرتن دا دەوڵەتی عوسمانی جیاوازی نەدەخستە نێوان موسوڵمانانی سوننی و ئێزیدەکان یان فرقەکانی دیکە.
شەڕەفنامەش کە مێژووی بنەماڵە کوردە فەرمانڕەواکانە و بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی شانزدەهەم نووسراوە، زانیارییەکی زۆر و بەکەلکمان لەمەڕ دانیشتووانی میدیات لە بەر دەست نانێ. شەرەفخان باسی تۆر وەکوو یەکێک لە ناوچەکانی میرنشینی حسن کەیفە دەکا و نێوی سێزدە عەشیرەتی ئەو میرنشینە ڕیز دەکا، کە دە نێویان دا شقاقی و چاڵکی دەبیندرین، بەڵام باسێکی زۆری ئەو عەشیرەتانەمان بۆ ناکا، جگە لەوەی نەبێ کە شقاقییەکان لە بەرەو ڕۆژهەڵاتیش هەن، لە بەشی فینیکی میرنشینی جزیرە.[٦] شەڕەفخان، نووسەری شەڕەفنامە، پێکێشی دەکا کە

زۆربەی کوردەکان موسوڵمانی سوننی قورس و هاوپەیمانی وەفاداری دەوڵەتی عوسمانی بوون و، جا دەکرێ ئەو بە ئانقەستە ژمارەی ئێزیدییەکانی دە نێو عەشیرەتە کوردەکان دا کەم کردبێتەوە.( بەو شێوەیەی کە دەکرێ ئێمە لە نووسینی نووسەرانی دواتر وەکوو ئەولیای چەلەبی تێبخوێنینەوە، دەوڵەتی عوسمانی لە ئێزیدییەکان و فرقەکانی دیکە بە گومان و لێیان دڕدۆنگ بوو).
بۆ ئاگاداری زیاتر لە سەر دین و کولتووری گەلەکانی ئەم هەرێمە، ئێمە دەبێ پشت ببەستین بە زانیاریی ڕێبواری دواتر، کە پشتڕاستی دەکەنەوە تۆرعابدین لە ڕاستیدا مووزەخانەی نەریتە زیندووەکانی دینی بووە. ڕێبواری هەرمەنی پۆلۆنیالی سیموەن، کە لە دەور و بەری ساڵی ١٦٠٠ی زایینی دا سەری لە دیاربەکرەکەی داوە، هێندێک زانیاری دەدا سەبارەت بە فرقەیەکی نهێنی بە ناوی شەمسی، کە نە موسوڵمان بوون و نە مەسیحی و ناوەکەیان دەگەڕێنێ کە ئەوان هەتاویان پەرستووە. دوای ئەوەی حاکمێک ویستوویە بە زۆری بیانکا بە مەسیحی یان موسوڵمان زۆریان خۆیان وەک هەرمەنی ناساندووە و هێندێکێشیان داڵدەیان بردووە بۆ وڵاتی سوریانییەکان، کە ڕەنگە مەبەست لە تۆرعابدین بووبێ.[٧] ڕێبواری جۆر بە جۆری سەردەمی دواتریش باسی شەمسییەکانیان کردووە، کە قسەکانیان بەشێکی یەکتر ناگرێتەوە بەڵام دەیسەلمێنێ ئەوان بۆ ماوەی درێژ وەکوو کۆمەڵگەیەکی جوێ لە هەرێمەکە دا ماونەتەوە.شەمسی زۆر بە ووردی باوەڕ و ڕێورەسمەکانی خۆیان لە خەڵکی لاوەیی دەشاردەوە؛ هێندێکیان لە گەڵ کلیسای ئۆرتۆدۆکسی سوریانی کەوتن یان (دواتر) لە گەڵ کلیسای کاتۆلیکی سوریانی و، وا وێدەچێ ئەوانی دیکەن دەنێو ئێزیدیان دا تواینتنەوە.[٨]

## تێکەڵاوێتی ئێتنیکی و دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن

لە سەدەی ١٩هەمدا، بیری دەوڵەت نەتەوەی یەکدەست وەکوو شێوەی هەرە مۆدێرنی ڕێکخراوی سیاسی لە ئورووپای ڕۆژئاواوە بە بەشەکانی دیکەی دنیا دا بڵاو بووەوە. موزاییکی ڕەنگاورەنگی کۆمەڵگەی زۆر وزەوەندی جیاوازی ئێتنیکی و دینی کە بە تەنیشت یەکترییەوە دەژیان دەکرا لە لایەن ئیمپراتۆرە بەراییەکان کە هەرێمەکە بەشێک بوو لێیان، جێیان بکرێتەوە و وەخۆ بکرین. ئیمپراتۆری عوسمانی ڕێوشوێنێکی ئاوای بۆ کۆمەڵگەی مەسیحییەکان ڕەچاو کرد بوو کە لە شێوەی میلەتی خۆسەر و خۆ بەڕێوەبەر دا ڕێک بخرێن ( ئەگەرچی لە ڕووی سیاسییەوە بەسترابوونەوە)، کە قەوارەی دەستەڵاتی نێوخۆییان هەبوو و، هەر وەها لە گەڵ گرووپە عەشیرەتییەکانیش بە کۆمەڵ دەجووڵایەوە. لە هەر دوو نموونە دا، زۆربەی کات شێوەی فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆ لە گۆڕێ دابوو، ئەگەرچی قزڵباش (عەلەوییەکان) و یەزیدییەکان زۆر جار ڕاو دەنران، ئەوەش بە ئاسایی بۆ ووڵامدانەوەی ئەگەری 'سەرهەڵدان ' ی ئەوان و دەستگێرانەوەیان لە دانی ماڵییات بوو ؛ هێندێک جاریش، دەوڵەوت وەک موسوڵمانەکان لە گەڵیان دەجووڵاوە( و هەرە بەرچاو ئەوە بوو، خاوەی لێ دەئەستاندن) و حەولی نەدەدا بیانتوێنێتەوە یان دینیان پێ بگۆڕێ.
نوخبەکانی مۆدێرنکار دەیانەویست ترکییە بکەن بە دەوڵەت نەتەوەیەکی مۆدێرن ، ئەگەرچی، هیچ لە گەڵ جیاوازی و تێکەڵاوێتی دەریان نەدەبرد و دانوویان نە دەکولا. نەتەوە ساز کردن، وەکوو جێگای دیکە لە سەر بنەمای نکووڵی کردن لە جیاوازی و بەربەرەکانی بۆ بانگەشەی بیری ڕەچەڵەکی هاوبەش هەڵنرا بوو.هەر وەک بیرمەندی فەڕانسەیی ئێرنێست ڕێنان لە ووتارە بەنێوبانگەی دا ' نەتەوە چییە ' دا گوتی، گرووپێک لە خەڵک نەتەوەیەک پێک دەهێنن چونکە ئەوان دەیانەوێ ببنە یەک و، بیرەوەری هاوبەش یارمەتی دەکا بە شکڵ پێدانی ووشیارییەکی نەتەوەیی هاوبەش؛ بەڵام ڕێنان لێی زیاد کرد تەنانەت گرینگتر لە بیرەوەری هاوبەش، ئەوەیە کە ئەوان بڕیار بدەن کە هێندێک شت لە بیر بەرنەوە. [٩] لە بیربردنەوەی کێشە توندو تیژەکان و بێزاری و نەفرەتی ڕابردوو پێششەرتێکە بۆ وێنا کردنی نەتەوەیەکی خالیس و یەکدەست.
مۆدێرنکارانی ترکی سەرەوبەندی ترکانی گەنج و کەمالیستی بە هەموو ڕێگایەک حەولیان دا نکووڵی لە فرە چەشنی بکەن.دەرپەڕاندنی گرووپی هەرەئاشکرای جیاواز، هەرمەنییەکان، لە ئانادۆڵی،بە ڕێگای دوورخستنەوە(تهجیر) و کوشتاری بە کۆمەڵ،فکری ساز کردنی دەوڵەت نەتەوەیەکی یەک دەستی ترکی ڕەخساند. [١٠] گرووپێکی دیکە کە مەترسییەکی توانایەکی بوو لە سەریەکێتی نەتەوەیی،کوردەکان، کران بە نیشانەی سێرەی تواندنەوە و ئەوە گەیشتە لە نێو بردن و نەهێشتنی خۆسەری و جوێیەتی کولتووریان. چەندێک لە چاکسازییە بەراییەکانی سەردەمی کۆمار خەسڵەتی هەنگاوی بە پلانیان هەبوو بۆ لەبیربردنەوە: قانوونی یەکخستنەوی پەروەردە ( تەوهیدی تەدریسات کانونو) کۆتایی دا بە نەریتی فێر کردنی حوجرەو مەدرەسەکان و بەشێکی گەورەی لە زانستی نەریتی وەلانا و،لە بیرەوەری گشتی کۆمەڵی دەر هاویشت ، هەر وەها زمانە ناترکی یەکان وەلا نران کە ئەو جۆرە پەروەردەیە بەو زمانانە دەکران. چاکسازی ئەلفوبێتکە، کە گشت نووسینەکانی سەردەمی عوسمانی بۆ وەچەی نوێ کردە شتێکی دەست پێڕانەگەیشتوو، ڕەنگە هەنگاوی هەرە گەورەی لەبیربردنەوەی ڕێک خراو بێ کە شانی وەبەر درابێ و لە هیچ کوێی

دیکەی جیهان نموونەی نەبووە. بە پاک کردنەوە و ئەسترینەوەی بیرەوەرییەکان، تیۆرییە ناسیۆنالیستیەکانی مێژوو و زمان دەکرا زۆر بە هاسانتر وەگەڕ بخرێن بۆ ساز کردنی بیرەوەری هاوبەشی تازە، لە سەر بنەمای بنەچەکەیەکی هاوبەشی خەیاڵی ئاسیای نێوەندی.
لەوەتا نەمانی نەتەوە سازی کەماڵیستی، ئەو بیرەوەریانەی کە لە مێژبوو سەرکوت کرابوون جارێکی دیکە لە ووشیاریی گشتی دا سەرهەڵدێننەوە.موسوڵمانانی خۆپارێز، عەلەوییەکان، کوردەکان و گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە، لەوانە کەمایەتییە نا موسوڵمانەکان، گشتیان خەریکی دیسان دۆزینەوەی مێژووەکانیان و نیشان دانی ناسێنەی گرووپی خۆیان و پێوەندییەکانیان لە گەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەن. پرۆسەی دیسان دۆزینەوە و لە خاک دەرهێنانی ڕابردووی سەرکوتکراو هەر وەها بیری کۆنیشی تەشەنا کردووەوەتەوە و خەسارەکانیشی هێناوەتەوە ڕوو؛هەموو کۆمەڵگەکان ڕەنجیان کێشاوە،ئەگەرچی بە شێوەی جیاواز و، هەموویان داوخوازی ئەوە دەکەن ڕەنجەکانیان ددانی پێدا بهێندرێ. دمەتەقەی سەبارەت بە جێنۆسایدی هەرمەنیان هەم بۆ ترکەکان و هەم بۆ هەرمەنییەکان بە کول و ژانە؛ زۆرکەس بۆیان ئاستەمە لە گەڵ ڕاستی ڕووبەڕوو بن، بەڵام کۆمەڵ وورده وورده خەریکە ئامادە دەبێ بە کراوەیی ئەو ڕاستەقینانە باس بکا. لە تۆرعابدین هەرمەنی زۆر کەم بوون جگە لەوانەی نەبێ کە لە شوێنی دیکەوە ڕایان کرد بوو بۆ ڕزگار بوون لە کوشتار، بەڵام سوریانییەکانیش بوونە قوربانی ئەو زەبر وزەنگەی کە لە ماوەی ساڵانی شەڕ دا بەدژی کۆمەڵگەکەیان کرا.بەرفرەوانی ڕاستەقینەی سەیفۆ، ئەو ناوەی کە سوریانییەکان لەو زەبر وزەنگەیان ناوە کە دژی کۆمەڵگەکەیان کراوە،بیرورای گشتی بە هەراوی هێشتا پێی نازانێ و جێی مشتومڕە لە نێو پسپۆڕان دا و،بێگومان زانیاری سەبارەت بەوە لە ساڵانی دادێ دا زیاتر وە ڕوو دەکەوێ.[١١]
بیرەوەرییەکانی کەمتر بە کول و ژان ئێستا زۆر هاسانتر قسەیان لێوە دەکرێ و، ئەوە جێگای هۆمێدە کە دەبینن چلۆن هەم ئیدارەی ئاکەپە و هەم ئەو شارداریانەی لە ژێر کۆنترۆڵی بەدەپە دان حەولیان داوە نیشان بدەن کە کەمایەتییە نا موسوڵمانەکان جێگایەکی مەشرووعیان هەیە لەو موزاییکە کولتوورییە دا. بێگومان وتووێژەکانی ترکییە بۆ ئەندامەتی لە یەکێتی ئورووپا دا و بەڵێنی داهات بە ڕێگای توریسمەوە دەوری خۆیان بووە بۆ ئەو حورمەتەی کە ئێستا سەبارەت بە کەلەپووری مەسیحی لە ڕۆژهەڵات و لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی نیشان دەدرێ. بەڵام ئەوە نەدەکرا بە بێ ئەو گۆڕانە گرینگانەی کە لە ووشیاری گشتی ترکییە دا ڕوویان داوە،قەبووڵ کردنی لە زێدەی فرەچەشنی و تێگەیشتن لەوەی کە تێکەڵاوییەتی سەرچاوەی لاوازی نییە،بەڵکوو، بە پێچەوانە، ئاوێنەیەکە لە دەوڵەمەندیی کولتووری ڕابردوو و سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ پێشە ڕۆژ.

### کۆچ کردن لە تۆر عابدینەوە، هەندەران و، مانەوەی کولتوورەکان

کۆچ کردن لەتۆرعابدینەوە لایەنێکی گرینگی مێژووی ئێرەیە بە درێژایی سەدەی بیستەم . گشت ئەو کۆمەڵگەیانەی ئێستا لێرە دەژین ڕۆیشتنی زۆر لە ئەندامانی خۆیان لێرە دیتووە، کە ئەوە لاوازی کردوون، بەڵام ئێستا لە هەندەران دەستەی زۆر باش ڕێکخراوی ئەو پاتراوانە هەن کە لەوانەیە یاریدەی ژیانیان بدەن.
یەکەم شەپۆلی کۆچ کردن لە ئاکامی شەڕی هەوەلی جیهانی دا قەوما، دوای ڕێکەوتن لە سەر سنووری نێوان ترکییە – سووریە و ئەو کاتەی فەڕانسە دەستەڵاتی خۆی لە ناوچەی جزیرێی سووریە دامەزراند.مەسیحییەکانی سەر بە کلیسای جیاواز تەمایان گرت لەو بەری سنوور لە ژێر فەرمانڕەوایی فەرانسە دا بژین. لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٢٠دا، سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە ترکییە بوو بە هۆی ڕاکردنی عەشیرەتە کوردەکان بۆ ئەو بەری سنوور ( لە وانە تەنانەت ئەو عەشیرەتانەش کە گوێڕایەڵییان لە حکوومەت کرد بوو بۆ دژایەتی ئەو هەستانەوەیە). قامیشلۆ و گوندەکانی دەور و بەری بوون بە ئاوێنەیەک لە دیمەنی تۆرعابدین: ئێمە کۆمەڵگەی وەک یەک لە هەر دوو بەری سنوور دەبینین، بەڵام دوای هەشتا ساڵ یان زیاتر لە ژیانی لە یەک جیا، ئەو کۆمەڵگەیانە تا ڕادەیەک لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە و بێرەوەرییەکانیان سەبارەت بە ڕابردووی هاوبەش جیاوازە. [١٢]
لە دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابی فەڕانسە، لووزەوی کۆچبەران لە تۆرعابدینەوە بەرەو بەیرووت گۆڕا، پێشوەچوونی ئابووری و دەرفەت خەڵکی بەرەو لوبنان ڕادەکێشا. ڕەنگە لە پێشدا ئەوە سوریانییەکان بووبن کە بە هەژمارێکی زۆر چوونە وێندرێ،لەبەر ئەوەش بەرەو ئەوێ ڕادەکێشران چونکە لوبنان وەک دەوڵەتێک مەسیحییەکان تێیدا باڵا دەست بوون، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوان کوردەکان و محەلەمییەکانیش لە تۆرعابدینەوە بە دوایان دا چوون. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە تۆرعابدین بە تەنیشت یەکترەوە ژیا بوون لە لوبنان لەیەک جیاواز بوون و هەر کامەیان چوونە نێو بەشی جیاوازی بازاری کار لە لوبنان. سەرنجڕاکێشە، لەو دەوروبەرە عەڕەبزمانە دا، محەلەمییەکان زۆر جار بە کورد داندراون و، ئێستا، کوردە لوبنانییەکانی دیکەش، محەلەمییەکان بە بەشێک لە گرووپی خۆیان دەزانن ئەگەرچی ئەوان بە جیاواز خۆیان ڕێک خستووە. [١٣]( لە جێگای دیکە لە هەندەران،محەلەمییەکان پێداگری دەکەن لە سەر ناسێنەی

عەرەبی خۆیان و خۆیان لە کوردەکان جیا دەکەنەوە.)
لە ساڵانی ١٩٦٠، کۆچ کردنی هێزی کار بۆ ئەڵمان زۆر گرینگی پەیدا کرد. دیسان، سوریانییەکانی خەڵکی تۆرعابدین بەڕێژە خیرا بوون بۆ کەلک وەرگرتن لەو دەرفەتە، بە بەراورد کردن لە گەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵی.هەرکە یەکەم دەستە لە کۆچبەران جێ پێی خۆیان لە ئەڵمان قایم کرد،ئەوان دەستیان کرد بە یارمەتیکردنی دۆست و خزمەکانی خۆیان بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە لایان و، ئاکامی ئەو پرۆسەیەی زنجیرەی کۆچ کردنە گەیشتە ئەوەی ژمارەیەکی گەورە لە سوریانییەکان لە ئوروپای ڕۆژئاوا ماڵیان دانا و دامەزران. زۆر خەڵکی دیکە لە تۆرعابدینەوە چوونە ئەستەنبووڵ. ڕۆیشتنی ئەو هەمووو خەڵکە کۆمەڵگەکەیانی لە وولاتی بنەجێی خۆیان لاواز کرد.لەنێوەڕاست ساڵانی ١٩٧٠ کاتێک من سەری هەرێمەکەم دا،باسی زۆر کێشەم بیستن سەبارەت بە زەوی، سەبارەت بە کچی سوریانی کە ڕفێندرابوون و لە پیاوی موسوڵمان مارە کرابوون،لەمەڕ دەست بەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و،لەمەڕ چاولێهەڵبواردنی پۆلیس. ئیدی لە زۆربەی وولاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا دەبەر کارنانی هێزی کار ڕاگیرا بوو و، بۆیە خێزانە سوریانییەکان دەستیان کرد بە داوای پەنابەری و هۆی ئەوەشیان بە خراپ بوونی بارودۆخی هێمنایەتی دەبەستەوە. تەنانەت لە ساڵانی ١٩٨٠ کان و ١٩٩٠ کاندا زۆر خراپتر بوو، کاتێک کە کێشەی نێوان پ.ک.ک و دەوڵەت زۆر لە گوندنشینانی ناچارکرد گوندەکانیان بەجێ بێڵن.[١٤]
ئەمن بەر لە ساڵی ١٩٨٠ش، بە تەواوی لەو باوەڕە دابووم کە کۆمەڵگەی سوریانی بریاری داوە کە چ داهاتوویەکی لە تۆرعابدین نییە و جگە لە خەڵکی پیر نەبێ،هەمووو کەس دە فکری ئەوە دا بوو بە جۆرێک خۆی بگەیێنێتە ئوروپای ڕۆژئاوا و لەوێ دامەزرێ.گەلۆ دوای ژیانێکی بەلانی کەمەوە سێ هەزارساڵە،ئیدی سۆریانی لە تۆرعابدین بزر دەبن هەر وەک چۆن شەمسی پێشتر بزر ببوون؟ ژمارەی کۆچبەرانی سوریانی لە سوێد، هۆلەند،ئەڵمان و سویس بەخێرایی زیادی دەکرد و ئەوان کۆمەڵگەی شیاوی دەوام هێنانیان ڕێک دەخست و بە ووردی لە بیری پاراستنی نەریتە دینی و کولتوورییەکانیان دا بوون. بە هەبوونی کلیسا و قەشە بە کردەوە لە گشت ئەو گەڕەکانەی کە خەڵکەکەیانی لێ دامەزراوە، هەبوونی دەیر لە هۆلەند،ئەڵمان و سویس،هەبوونی
کۆمەڵەکان، زنجیرەیەک چاپەمەنی چاپکراو و لە سەر تۆری ئینترنێت و وێستگەیەکی تێلێڤیزیۆنی مانگیلە، وا وەبەرچاو دێ کە مانەوە و ژیانی سوریانییەکان وەک کۆمەڵگەیەکی دینی-ئێتنیکی دەستەبەر کرابێ.[١٥] ژمارەی هەرە زۆری سوریانییەکانی تۆرعابدین ئێستا یان لە ئەستەنبووڵ یان لە هەندەران دەژین،بەڵام بە ووردی هەر لە بەر بوونی دیاسپۆرایەکی بەهێز، بەئێروو و یەکپارچەیە کە ڕەنگە بکرێ ئامادەییەکی بەردەوامی سوریانییەکان لە تۆرعابدین هەڵبسووری. ئێستا کە ئاشتی گەڕاوەتەوە هەرێمەکە و، بە پشتیوانی سیاسەتەکانی حکوومەت کە ئێستا زۆر زیاتر لە بەرژەوەندی ناموسوڵمانەکان دایە تا ڕابردوو،خەڵک دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ گوندە بنەجێیەکانی خۆیان- لە زۆر نموونە دا بۆ پشووی هاوین و بۆ زۆر کەسی دیکەش بۆ هەمیشە. کۆمەڵگەی پچووکی دێیەکان لە ڕووی ئابوورییەوە ناتوانن لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن،بە تایبەتی کاتێک کە دەبێ پەروەردەی مۆدێرن و خزمەتی لەشساخی ڕێک بخرێ، بەڵام ئەوەش بە ووردی ئەو بوارەیە کە دیاسپۆرا دەتوانێ خۆی تێوەردا و پشتیوانی بکا لە ژیانی سوریانییان لە گوند.
ئاسۆگی دڵنیایی لە مانەوە و ژیانی کولتووری ئێزیدی لە تۆرعابدین زۆر لێڵترە.ئێزیدییەکان کە نە موسوڵمانن و نە مەسیحی، تەنانەت زیاتر لە کەمایەتییەکانی دیکە لە ژێر چەوسانەوە و زۆرداری دا بوون،لەوانە گوشاری توند بۆ ئەوەی لە دینی خۆیان دەست هەڵگرن و ببن بە موسوڵمان یان مەسیحی. زۆر لەوان لە بەر ئەو گوشارانە گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشت و حەولیان دا ناسێنەی دینی خۆیان بشارنەوە لەو شارانەی دا کە لێیان دامەزران.زۆر لە ئێزیدییەکان کە باوەڕیان بەوە نەمابوو ئیدی چیر لە ترکییە دا داهاتوویەکیان هەبێ،حەولیان دا بۆ کۆچ کردن بۆ ئوروپای ڕۆژئاوا و، لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێزیدەییەکان لە ئەڵمان داوخوازی پەنابەریان کرد، کە هێندێکیان خەڵکی تۆرعابدین بوون. [١٦]کۆبوونەوەی کۆچبەرانی ئێزیدی تەنێ لە چەند شارێکی ئەڵمان و، هاتنی ژمارەیەک لە دەستەڵاتدارە دینیە زاناکانی ئێزیدی بۆ ناویان لە عێراقەوە بە دوای ساڵی ١٩٩١ دا بووە هۆی زیندووبوونەوە و ژیانەوەی کولتووری ئێزیدی و یەکەم حەولدان بەرەو بە سیستەم کردنی سیستەمی باوەڕی ئێزیدی لە هەندەران، وا وێدەچێ ئەوە لەمەڕ ئێزیدییەکان زۆر لە سوریانییەکان ڕاستتر بێ،کە هەبوونی دیاسپۆرا نەک هەر بووە هۆی مانەوە بەڵکوو بووە هۆی مۆدێرن کردنی دینەکەشیان.[١٧] لە سایەی هەبوونی دیاسپۆرای ئێزیدی دا مرخ و سەرنجی نێونەتەوەیش لە مەڕ وان و حەولدان بۆ پاراستنی مافەکانیان وەکوو کەمایەتییەکی دینی زیادی کردووە، کە ئەوەش ڕەنگە بتوانێ یارمەتی بکا بە باشتر بوونی وەزعیان لە ترکییە.گوندێکی ئێزیدی کە پێشتر بە دانیشتووانی چۆل کرابوو و کوروجوەکان لە ساڵانی ١٩٩٠ کاندا لێیان داگیر کرد بوون ئێستا بە ڕەسمی دراوەتەوە بە خاوەنە قانوونییەکانی،کە لەوان چەند کەسێکیان لە ئەڵمانەوە گەڕاونەتەوە گوندەکە. [١٨] وا وێدەچێ هەر نیشانەیەکی زۆر کەمی ئێزیدییەکان لە هەرێمەکە دا مابێ و، تەنانەت ئەوەندە کەمەش بە تەواوی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەی ئێزیدی

لە هەندەران.

**ئاسۆگی داهاتوو**

زۆر زووە بۆ ئەوەی مرۆ بگاتە ئەنجام لێ دەرخستنێک، بەڵام هەلومەرجی گۆڕاو لە ترکییە، کە لە بەر سێبەری دا گرووپە جیاوازە ئێتنیکی و دینییەکان نەک هەر ئازادن بۆ نیشان دان و پێداگری لە سەر هەبوونی خۆیان و شایی پێکردن بە کولتوورەکانیانەوە، بەڵکوو ڕەخسانی ئەو دەرفەتەش کە بە ئاشکرا باسی ڕووداوە بە کول و ئێشەکانی ڕابردوو بکرێ کە بەساڵان بێدەنگەیان لێ کرابوو،هۆن بۆ گەشبینی. بێگومان لەو پێواژۆیە دا جارجار باش دەدرێتەوە سەر بۆچوونە ملهوڕانەکانی پێشوو و،چەوساندنەوە و زۆرداری لە کەمایەتییەکان بۆ هەمیشە کۆتایی پێ نایە.
بەڵام تا ئێستا بە ناسین و سەرنجدانە سەر فرەچەشنی دەوڵەمەندیی کولتوورەکان لە ترکییە دەستکەوت زۆر بووە؛هۆیەکی دیکە بۆ خۆشبینی ئەوەیە کە خەڵک نەک هەر سەرنج دەدەنە سەر کولتووری خۆیان و پاشخانی بنەماڵەی خۆیان بەڵکوو سەرنجێکی ڕاستەقینەشیان داوەتە سەر کولتوورەکانی دیکەش. وەک نموونەیەک ئەمن دەمەوێ باسی کتێبێک بکەم کە لە لایەن ووتارخوێنەرەوەی دوای من لەم پانێلە دا نووسراوە، ئەویش سیاسەتمەداری کورد ئاڵتان تان ە.[١٩] ئەو کتێبە تێڕوانینێکی گشتی بەکەلکە سەبارەت بە مێژووی هەرێم و عەشیرەتە کوردەکانی تۆرعابدین و ناوچە دراوسێیەکانی،بەڵام سەرنج دەداتە سەر حەشیمەتی مەسیحیش، سەر محەلەمی و ئێزیدییەکانیش و هەر وەها کوردە سوننییەکانیش. هەمان مرخ و سەرنجدانی بەربڵاویش سەبارەت بە هەموو گرووپە دینی و ئێتنیکییەکانی هەرێم بە بەڵگەوە لە چاپەمەنییەکانی شارداریيەکان لە هەرێم دا دەبیندرێن.
ئەوە هیوا دەدا سەبارەت بە داهاتوویەک کە تێیدا هیچ تاقە گرووپێک لافی مەزنێتی و سەردەستی بە سەر ئەوانیدی دی دا لێ نەدا و، تێیدا هەرێمەکە و کەلەپووری دەوڵەمەندەکەی بە موڵکی هاوبەش و بە بەرپرسیارەتی هاوبەش دابندرێ.

[١] ئەمن پێم خۆشە سپاسی ئاندروو پالمر،هێلێن مور ڤان در بێرگ و نەورەس ئاتتۆ بکەم بۆ ڕادەربڕینیان سەبارەت بە نوسخەیەکی پێشووتری ئەم ووتارە. بەڵام بەرپرسیارەتی ئەم دەقە بەم جۆرەی لە سەرەوە دا پێشکێش کراوە بە تەواوی لە سەر شانی منە.

[٢] سەبارەت بەو ڕێورەسمە بڕوانە:
Ayşe Kudat, 'Ritual kinship in Eastern Anatolia', Anthropological Quarterly 44, 1971, 37-50; Ayşe Kudat Sertel, Kirvelik, Ankara: Ayyıldız Matbaası, 1974.
ئەو ڕاستییەی کە لە هێندێک هەرێمان 'کریڤۆ' ناوێکی باوە بۆ هەرمەنیان یان ئێزیدییان دەیسەلمێنێ کە ئەو جۆرە پێوەندییە بە تێپەڕاندنی سنوورە دینییەکان چەندە باو بووە.

[٣] Andrew Palmer, Monk and mason on the Tigris frontier: the early history of Tur `Abdin, Cambridge: Cambridge University Press, 1990.

[٤] Nejat Göyünç and Wolf-Dieter Hütteroth, Land an der Grenze: Osmanische Verwaltung im heutigen türkisch-syrisch-irakischen Grenzgebiet im 16. Jahrhundert, Istanbul: Eren, 1997.
بەداخەوە ئەو نەخشە ووردانەی لەگەڵ ئەوکتێبە خراون، لە ترکییە لە بەر دەست دانین. ئەوانە بە جوانی خەسڵەتی تایبەتی مێدیات نیشان دەدەن.

[٥] Göyünç and Hütteroth, op.cit., pp. 212-4.
چالکی یان چێلکان ئێستا کۆنفێدراسیۆنێکی گەورەی عەشیرەتین، کە گشت ئێزیدییەکانی خەڵکی تۆرعابدین و زۆر لەوانەی لە جزیرەی سوورییە دەژین سەر بەو کۆنفێدراسیۆنەن – بەڵام کۆنفێدراسیۆنی عەشیرەتی دیکەی ئێزیدیش هەیە کە ناوی دیکەیان هەیە. ئەو بەڵگانەی گۆیەنچ و هوێترووت لێیان کۆڵیوەتەوە باسی ئەوە دەکەن کە لە سەدەی ١٦هەمدا کۆنفێدراسیۆنی چاڵکی دەکرێ گرووپی نا ئێزیدیشی تێدا بووبێ،

[6] Sharaf Khan Bidlisi, Sharafnameh, ed. M. `Abbasi, Tehran 1343/1964, pp. 196, 201 [in the Turkish

[translation: Şeref Han, Şerefname, trl M. Emin Bozarslan, Istanbul: Yöntem, 1975, pp. 190, 194].
یەکێک لە عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەی حسن کەیفە کە شەرەفخان باسیان لێوە دەکا موحەلەبی یە، ڕەنگە ئەوە هەڵەیەکی خوێندنەوە بووبێ و ووشەکە محەلەمی بووبێ و ئەوەش لە نهێنی ڕەچەڵەکی ئێتنیکی ئەو عەشیرەتە زیاد دەکا.

[٧] Hrant D. Andreasyan, Polonyalı Simeon’un seyahatnamesi (1608-1619), Istanbul: İ.Ü.Ed.Fak. yayınları, 1964, p. 100.

[٨] ڕاپۆرتی ڕێبواران سەبارەت بە شەمسی بەشێوەیەکی بەکەلک لە لایەن ڕاشۆ دۆنێف لە سەری نووسراوە و لە ئینترنێت دا هەیە:
Racho Donef, 'The Shemsi and the Assyrians', Sydney: 2010; available online at http://www.atour.com/bn/authors/pdf/DrRachoDonef-TheShemsiAndTheAssyrians-Shamsia.pdf.

[٩] ووتاری ڕینان لە ساڵی ١٨٨٢ لە سۆربۆن پێشکێش کرا و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو دەناو لێکۆلەرەوانی ناسیونالیسم و دەناو ناسیونالیستان دا. بۆ وەرگێرانێکی تازەی ئینگلیسی بڕوانە:
Ernest Renan, 'What is a nation? [trl by Martin Thom]', in: Homi K Bhabha (ed.), Nation and narration, London: Routledge, 1990, pp. 8-22.
تێبینی وەرگێری کوردی: ئەم نووسینەی ئێرنست ڕێنان لە لایەن ئەم وەرگێرەوە کراوەتە کوردی و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆواری 'ڕەهەند' دا چاپ کراوە

[١٠] The role of the ‘Armenian question’ in the emergence of a Turkish national awareness is emphasized in a study by Taner Akçam, Türk ulusal kimliği ve Ermeni sorunu, Istanbul: İletişim, 1992.

[١١] یەکەم لێکۆڵینەوە سەرەکییەکان لەمەڕ سەیفۆ بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن نووسەری ئاواوە کراوە کە بە توندی پشتی کۆمەڵگە مەسیحییەکان دەگرن بڕوانە:
Sébastien de Courtois, The forgotten genocide: Eastern Christians, the last Aramaean Piscataway, NJ: Gorgias Press, 2004, and David Gaunt, Massacres, resistance, protectors: Muslim-Christian relations in Eastern Anatolia during World War I, Piscataway, NJ: Gorgias, 2006. Earlier overviews include Yves Ternon, Mardin 1915: anatomie pathologique d'une destruction, Paris: Centre d'histoire arménienne contemporaine, 2002, pp. 167-78. See also the extract from a still untranslated book about the events of 1915 by the last Chaldean bishop of Mardin in Andrew Palmer’s contribution to the present volume.

[١٢] لە لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی سەرچاوەی ئارشیوی و نەریتی زارەکی سەدا ئالتوغ نیشانی داوە کە چۆن کۆمەڵگە جۆر بە جۆرە ئێتنیکی و دینییەکانی جزیرەی سووریە - جەختی لێکۆڵینەوەکەی لە سەر هەرمەنییەکان،سوریانییەکان و کوردەکان بووە – ڕووداوە گرینگەکانی سەروبەندی ١٩٤٠- ١٩١٥ یان بە جیاواز دەبیر دا ماوە و وێدەچێ هێندێک لە ڕووداوەکانیان لە بیرەوەری خۆیان پاک کردبێتەوە، بڕوانە:
Seda Altuğ, 'Sectarianism in the Syrian Jazira: Community, land and violence in the memories of World War I and the French mandate (1915-1939)', Ph.D. dissertation, Utrecht University, 2011.

[١٣] Farah W. Kawtharani and Lokman I. Meho, 'The Kurdish community in Lebanon', The International Journal of Kurdish Studies 19/1-2, 2005, 137-160; Ahmad Muhammad Ahmad, Akrâd Lubnân wa

.tanzîmhum al-ijtimâ`î wa'l-siyâsî, Bayrut: Maktabat al-Faqîh, 1995

[١٤] سەبارەت بەو هۆکارانەی بوونە سۆنگەی کۆچ کردن لە تۆرعابدینەوە پروانە:

Yakup Bilge, Süryanilerin kökeni ve Türkiyeli Süryaniler, Istanbul: privately published, 1991, pp. 128-35; Sabri Atman, Asurlar, Süryaniler, Istanbul: Kaynak, 1997; Naures Atto, 'Hostages in the homeland, orphans in the diaspora. Identity discourses among the Assyrian/Syriac elites in the European diaspora', .Leiden: Leiden University, 2011, Chapter 4

[١٥] Tuma Bar Şawme, Avrupa'da Süryaniler I (İsviçre); Avrupa'da Süryaniler II (Almanya), Södertälje: Nsibin Yayınları, 1992-1994; Heidi Armbruster, 'Homes in crisis: Syrian Orthodox Christians in Turkey and Germany', in: Nadje Al-Ali and Khalid Koser (eds), New approaches to migration? Transnational communities and the transformation of home, London: Routledge, 2002, pp. 17-33; Jan Schukkink, 'De Suryoye, een verborgen gemeenschap. Een historisch-antropologische studie van een Enschedese vluchtelingengemeenschap afkomstig uit het Midden-Oosten' [The Suryoye, a hidden community. A historical-anthropological study of a refugee community in Enschede originating from the Middle East], PhD dissertation, Amsterdam: Vrije Universiteit, 2003; Atto, 'Hostages in the homeland, orphans in the . '.diaspora

[١٦] Robin Schneider (ed.), Die kurdischen Yezidi: ein Volk auf dem Weg in den Untergang [The Kurdish Yezidis: a people on the road to annihilation], Göttingen: Gesellschaft für Bedrohte Völker, 1984; Johannes Düchting and Nuh Ates, Stirbt der Engel Pfau? Geschichte, Religion und Zukunft der Yezidi-Kurden [Is the Peacock Angel dying? History, religion and future of the Yezidi Kurds], Köln: Komkar, .1992

[١٧] Banu Yalkut-Breddermann, 'Der Wandel der yezidischen Religion in der Diaspora' [The transformation of Yezidi religion in the diaspora], in: Gerdien Jonker (ed.), Kern und Rand: religiöse Minderheiten aus der Türkei in Deutschland, Berlin: Das Arabische Buch, 1999, pp. 51-64; Philip Kreyenbroek, 'Religious minorities in the Middle East and transformation of rituals in the context of migration', in: Robert Langer, Raoul Motika and Michael Ursinus (eds), Migration und Ritualtransfer: religiöse Praxis der Aleviten, Jesiden und Nusairier zwischen Vorderem Orient und Westeuropa, Frankfurt am Main: Peter Lang, 2005, pp. 35-50; Robert Langer, 'Yezidism between scholarly literature and actual practice: from 'heterodox' Islam and 'syncretism' to the formation of a transnational Yezidi "orthodoxy"', British Journal of Middle Eastern Studies 37(3), 2010, 393-403; Philip Kreyenbroek (in collaboration with Z. Kartal, Kh. Omarkhali, and Kh. Jindy Rashow), Yezidism in Europe: Different Generations Speak about .their Religion, Wiesbaden: Harrassowitz, 2009

[١٨] Johannes Düchting, 'Die Yezidi und ihre Asylrechtliche Behandlung in Deutschland', undated paper .(2006?), pp. 8-9. Online at www.yeziden-colloquium.de

[١٩] .Altan Tan, Turabidin'den Berriyê'ye: aşiretler, dinler, diller, kültürler, Istanbul: Nûbihar, 2011

publications of the Kurdish Acad

بۆ من شانازییەکی گەورەیە ببینم، کە کۆکراوەیەک لە وەرگێڕانە کوردییەکانی حەسەن لە کارەکانی من لە کوردستاندا بڵاودەبێتەوە . وەکوو لێکۆڵەرەوەیەکی بێگانە، ئەمن هەمیشە بە بەرعۆدەیی ئەخلاقیم زانیوە کارەکانم لەبەردەست ئەو خەڵکەی دا بێ کە لە سەریان دەنووسم، بەو زمانانەی کە ئەوان لێیان تێ دەگەن. ئەمن لە قووڵایی دڵەوە پێزانینی خۆم لە ئاست حەسەن قازی دەردەبڕم بۆ ئەوەی ئەو هەلەی ڕەخساندووە خوێنەرەوان لە کوردستانی عێراق لەگەڵ هێندێک لە کارەکانی مندا ناسیاوی پەیدا بکەن.

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠١٧